THE ROAD TO MECCA

ڕێگەی مەکە

٧

لیۆپۆڵد ڤایس
موحەممەد ئەسەد

لە ئینگلیزییەوە
بنار جەبار

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

منتدى إقرأ الثقافي

ڕێگەی مەککە

ڕێگەی مەککە

نووسینی: لیۆپۆڵد ڤایس(موحەممەد ئەسەد)

وەرگێڕانی: محمد نجات

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسینگەی تەفسیر پارێزراوە

چاپی یەکەم ٢٠٢٥ز-١٤٤٦ك

نووسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەلیشت منارەی چۆنی

+964 750 818 08 65

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice \

نامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر

لیۆپۆڵد ڤایس، (موحەممەد ئەسەد)

ڕێگەی مەککە لیۆپۆڵد ڤایس(موحەممەد ئەسەد)(نووسەر)، محمد نجات، (وەرگێڕ)

٥١٢ لاپەڕە

٢٤ °٩١٧ سم

بابەت: گەشتنامە

ISBN: 978-9922-748-26-9

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (١٩٣)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێت"

دیزاین: نووسینگەی تەفسیر

ڕێگەی مەکە

لیۆپۆڵد ڤایس

موحەممەد ئەسەد

لە ئینگلیزییەوە

بنار جەبار

پێشەکی وەرگێڕ

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، درود و سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئازیز و خانەوادە و یار و یاوەرانی. ئەم کتێبەی بەردەستت گەشتێکی مەعنەوی و هزریی تاقانەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانێکی دەوڵەمەند و بیرێکی تیژە. لەم کتێبەدا، موحەممەد ئەسەد (لیۆپۆڵد ڤایس) وردو درشتی گەشتە مەعنەوی و هزرییەکەی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگێڕێتەوە، ئەو گەشتەی دوو ڕەهەندی کۆ کردووەتەوە کە بە دەگمەن لە گەشتنامەکاندا کۆ دەبنەوە: سەرکێشی و قوولبوونەوەی هزری. زۆرێک لە گەشتنامەکان پڕن لە سەرکێشی، لە خاڵێکی سەلامەتەوە دەست پێ دەکەن، بەڵام وردەوردە پاڵەوانەکە بە ئەژدیهاکان و درندەکان ئاشنا دەبێت و ناچارە بەسەر کۆسپە سەختەکاندا زاڵ ببێت. ئەم گەشتانە خەیاڵی بن یان ڕاستی هێشتا چێژبەخشن، بەڵام زۆرینەی کات لە قوولبوونەوەی هزری و مەعنەوی خاڵین. لە بەرانبەریشدا گەشتی ژیانی زۆرێک لە بیرمەندانمان هەیە، کە لێوانلێون لە سەرنجی قوولی هزری و شیکارکردنی زانستی، بەڵام لەسەر هێڵێکی ڕاستی بێ مەترسی و بێ وروژان دەڕۆن، بۆیە لەگەڵ بەدیهێنانی ڕەهەندی قوولبوونەوەی هزریدا لە لایەنی سەرکێشی و وروژان بێبەش دەبن.

گەشتنامەکەی موحەممەد ئەسەد بە شێوەیەکی پڕ هەردوو ڕەهەندەکە لەخۆ دەگرێت. پڕە لە قوولبوونەوەی هزری و مەعنەوی، هەر دەبێت وایش بێت، چونکە ئەو بە هزرە دیارەکانی سەردەمی خۆی ئاشنا بووە: سەرەتا لەگەڵ دەروونشیکارانی ئەوروپادا تێکەڵ بووە، پاشان خایم ویزمانی (یەکەم سەرۆکی ئیسرائیل) ناسیوە و لەگەڵیدا دواوە، عەلامە ئیقبااڵ لاهوریی (فەیلەسوف و شاعیر و باوکی ڕۆحیی پاکستان) ناسیوە و گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی شل کردووە،لە ئەزهەر وانەی خوێندووە و گوێی بۆ وانەکانی شێخ مستەفا مەراغی شل کردووە، سااڵنێک لەگەڵ عەبدولعەزیز بن سعوددا (دامەزرێنەری سعودییە)

ژیاوە، هەروەها لەگەڵ ڕەزا شای ئێران و دەیان سیاسی و بیرمەندی تری دیاری سەردەمی خۆیدا هەڵسان و دانیشتنی هەبووە.

هەرچی لایەنی سەرکێشی و بزواندنە، بەهۆی تێکەڵبوونیەوە لەگەڵ ژیانی چاوەڕواننەکراوی دەشتەکییەکاندا تووشی دەیان ڕووداوی سەرنجڕاکێش هاتووە، هەروەها بەهۆی سروشتیی ڕۆژنامەنووسییەوە زیاد لە جارێک لە ناوچەی جەنگدا لێکۆڵینەوەی کردووە، لە سەرووی هەموویشەوە، چووەتە ناو دڵی جیهادی عومەر موختار و سەننوسییەکانەوە دژ بە ئیتاڵییەکان.

ئەم ئاوێتەبوونە دەگمەنە، شانبەشانی گێڕانەوە ئەدەبییەکەی ئەسەد، ئەم کتێبە لە گەشتنامەکانی تر جیا دەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، ئەوەی ڕێگەی مەککەی موحەممەد ئەسەد دەگات بە ڕێگەی مەککە هیچ یەکێک لەمانە نییە، بەڵکو ئیمان و گەڕانی بیرمەندێکە بۆ ئیمان، ئیمانێک کە هەم دڵ پڕ بکات، هەم هزر.

ئومێد وایە ئەم وەرگێڕانە لە ئاستی ئەم دەقە بەرزەدا بێت و لە بەهاکانی ئەدەبییەکەی نەدابێت. لەو جێگەیەدا پێویستی بە سەرنجێک یان ناساندنێک کردبێت، پەراوێزم نووسیوە تاکو خوێنەر بە تەواوەتی لە باسەکان تێبگات. پاش ڕەچاوکردنی کوردانەدن و تاموبۆی ئەدەبی، هەوڵم داوە تا بکرێت لە دەقە ڕەسەنەکە دوور نەکەومەوە، تاکو هیچ مانایەک لەو نێوەندەدا ون نەبێت.

لە کۆتاییدا، سەلامەتیی دایک و باوک و خانەوادەکەم، سەرکەتوبوونی نووسینگەی تەفسیر، سەرفرازبوونی ئوممەتی ئیسلامی لە خودا داوا دەکەم.

٢٠٢٤/٢٠/١٢

بەسەرهاتی بەسەرهاتێک

ئەو بەسەرهاتەی لەم کتێبەدا دەیگێڕمەوە، ژیاننامەی خودیی[1] پیاوێک نییە بەهۆی کاروبارە گشتییەکانیەوە ناسرابێت؛ گێڕانەوەی سەرکێشی نییە، چونکە گەرچی سەرکێشیی زۆرم کردووە، سەرکێشییەکان تەنها هاوڕێیەکی دەرەکیی ئەوە بوون کە لە ناخمدا ڕوویدەدا؛ بەسەرهاتی گەڕانیش نییە بۆ ئیمان، چونکە ئەوە ئیمان بوو لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا، بەبێ کۆششێکی ئەوتۆ لە لایەنی منەوە، منی دۆزییەوە. بەسەرهاتی من بەسەرهاتی دۆزینەوەی ئیسلامە لە لایەن ئەوروپییەکەوە، هەروەها گێڕانەوەی ئاوێتەبوونیەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی موسوڵماندا.

هەرگیز بیرم لە نووسینی نەکردبوویەوە، چونکە پێم وا نەبوو ژیانی من بۆ کەسێکی تر گرنگ بێت. بەڵام کاتێک، پاش ٢٥ ساڵ دووری لە ڕۆژئاوا، لە ساڵی ١٩٥٢دا هاتم بۆ پاریس و پاشانیش بۆ نیوێورک، ناچار بووم بۆچوونم بگۆڕم. بەو پێیەی وەکو وەزیری کاربەدەستی پاکستان لە ئەمریکا کارم دەکرد، زۆرینەی کات لەبەرچاو بووم و هاوڕێ و هاوکارە ئەوروپی ئەمریکییەکانم کنجکۆڵ[2] کردبوو. سەرەتا وایانزانی تەنها "شارەزایەکی" ئەوروپیم کە لە لایەن حکومەتێکی ئەوروپییەوە لەبەر ئامانجێکی دیاریکراو دامەزرێندراوم، هەروەها لەبەر پێویستی خۆم لەگەڵ دابونەریت و شێوازی ژیانی ئەو گەلەدا گونجاندووە کە خزمەتی دەکەم؛ بەڵام دواتر چالاکییەکانم لە ئەمریکا ڕوونیان کردەوە من تەنها لە ڕووی کاروبارەوە نا، بەڵکو لە ڕووی هەست و فکریشەوە

---

[1] ژیاننامەی خودی (Autobiography): ژیاننامەی کەسێکە، بەو مەرجەی لە لایەن خۆیەوە نووسرابێت (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد).

[2] کنجکۆڵی (curiosity) (فضول): حەزێکی بەهێز بۆ زانینی شتێک (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد).

لەگەڵ ئامانجە سیاسی و کلتوورییەکانی جیهانی ئیسلامیدام. کاتێک ئەمەیان زانی، سەریان سوڕما. تا دەهات، زیاتر و زیاتر سەبارەت بە ئەزموونەکانی ڕابردووم پرسیاریان لێ دەکردم. بۆیان دەرکەوت لە سەرەتاکانی لاویمەوە وەکو نووسەرێکی بێگانە دەستم بە نووسین بۆ ڕۆژنامە کیشوەرییەکان کردووە، پاش چەند ساڵێکیش لە گەشتی بەردەوام بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، لە ساڵی ١٩٢٦دا موسوڵمان بووم؛ تێگەیشتن دوای موسوڵمانبوونم، بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە عەرەبستان ژیاوم و چێژم لە هاوڕێیەتیی پاشا عەبدولعەزیز ئالسعود[1] وەرگرتووە؛ هەروەها زانییان پاش جێهێشتنی عەرەبستانی سعودییە، چووم بۆ هندستان و ئاشنای بەرزەشاعیر و فەیلەسوف و باوکیی ڕۆحی پاکستان بووم، مەبەستیشم لە هەموو ئەمانە موحەممەد ئیقبالە.[2] ئەوە ئیقباڵ بوو قەناعەتی پێ کردم واز لە بەرنامەی گەشتکردن بۆ تورکستانی ڕۆژهەلات، چین، هەروەها ئیندۆنیسیا بهێنم، لەبری ئەوانەیش لە هندستان بمێنمەوە، تاکو لە ڕوونکردنەوەی بناغە فکرییەکانی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا ڕۆڵم هەبێت، دەوڵەتێک کە لە دەریای ڕۆشن و قوولی هزری ئیقبالدا وەکو خەونێک دەهات و دەچوو. بۆ منیش و بۆ ئیقبالیش، ئەم خەونە ڕێگەیەک بوو، نەخێر ڕێگەیەک نەبوو، بەڵکو تاکە ڕێگە بوو بۆ زیندووکردنەوەی هەموو ئومێدە نوستووەکانی ئیسلام، بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی کە گەلێکی هاوباوەڕ، نەک هاوڕەچەڵەک، پێکەوە ببەستێتەوە. ساڵانێکی زۆرم پێشکەشی ئەم خەونە کرد: تۆێژینەوەم دەکرد، دەمنووسی، وانەم دەگوتەوە، بە تێپەڕینی کاتیش وەکو ڕاڤەکارێکی کلتور و

---

[1] عەبدولعەزیز ئالسعود (١٨٧٥-١٩٥٣): یەکەمین پاشا و دامەزرێنەری عەرەبستانی سعودییە. لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتەکەدا (١٩٣٢) بوو بە پاشا و تا ساڵی ١٩٥٣، واتە تا ڕۆژی مەرگی، وەکو پاشا مایەوە.

[2] ئیقبالّ لاهوری (١٨٧٧-١٩٣٨): ناسراو بە عەللامە ئیقبالّ؛ نووسەر، شاعیر، فەیلەسوف، چالاکەوان، سیاسەتمەدار، بیرمەندی هندستانی بوو، بەرهەمی سەرەکیی بە زمانی ئینگلیزی، فارسی، هەروەها ئوردو هەبوو؛ ناوبراو یەکێک بوو لە کاریگەرترین بیرمەندە موسوڵمانەکانی سەدەی بیست.

شەریعەی ئیسلامی ناوم دەرکرد. کاتێک پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧دا دامەزرێندرا، حکومەت داوای لە من کرد بەڕێوبەرایەتییەک بۆ بونیادنانەوەی ئیسلامی دابمەزرێنم و بەڕێوەی ببەم. ئامانجی بەڕێوبەرایەتییەکە ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکە ئایدیۆلۆجی و ئیسلامییانەی دەوڵەتداری و کۆمەڵگە (ئوممەت) بوو کە دەبوو دامەزراوە نوێیە سیاسییەکە پشتیان پێ ببەستێت. پاش دوو ساڵ لەم چالاکییە وروژێنەر و جوڵێنەرە، چوومە ناو خزمەتگوزاریی دەرەکیی پاکستانەوە و کرام بە سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە. لەم پێگە نوێیەمدا، هەوڵ و کۆششم بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان پاکستان و وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامی بوو؛ بە تێپەڕینی کاتیش، وەکو نوێنەرێکی پاکستان خۆمم لە نیویۆرکی ئەمریکا بینییەوە.

ئەمانە ئاماژە بوون بۆ ئەوەی ئاوێتەبوونێکە ئاوێتەبوونێکی ڕواڵەتی نەبوو لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا، بەڵکو گواستنەوەیەکی هۆشیارانە و دڵخواز بوو لە ژینگەیەکی کلتووریی‌ەوە بۆ یەکێکی تر. زۆرێک لە هاوڕێ ڕۆژئاواییەکانم ئەمەیان لا سەیر بوو. نەیاندەتوانی وێنای پیاوێک بکەن لە ڕۆژئاوا لەدایک بووبێت و گەورە بووبێت، کەچی ئاوا خۆی وەکو بەشێک لە جیهانی ئیسلامی ببینێت؛ ئاخر چۆن دەکرێت میراتی کلتووریی ڕۆژئاوا بە میراتی ئیسلامی بگۆڕێتەوە؟ چی وای لێ کردووە ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی قبووڵ بکات، کە – لە ڕوانگەی ئەوانەوە – بەرانبەر چەمکە ڕۆژئاواییەکان ناچیز و بچووکە؟

ئەمجارەیان من لە خۆمم پرسی: بۆچی هاوڕێ ڕۆژئاواییەکانم ئاوا بیر دەکەنەوە؟ ئەرێ کەسیان لە نزیکەوە سەرنجی ئیسلامیان داوە؟ یان نەخێر، بناغەی بۆچوونەکانی ئەوان کۆمەڵێک پێشداوەریکردنی نەوەکانی پێشتر بوون؟ تۆ بڵێیت هۆکارەکە شێوازی بیرکردنەوەی دێرینی یۆنانی-ڕۆمانی بووبێت؟ چونکە ئەو بیرکردنەوەیە جیهان دەکات بە دوو بەشەوە، لە لایەکەوە ڕۆمانی و یۆنانییەکان هەن، لە لاکەی تریشەوە بەربەڕی و درندەکان، لە

ئەنجامیشدا دەکرێت خاوەنی بیرکردنەوەکە هەمووشتەکانی دەرەوەی ناوچە کلتوریییەکەی خۆی بە بێبەها بزانێت.

هەر لە ڕۆژگاری یۆنانی و ڕۆمانییەکانەوە، بیرمەند و مێژوونووسە ئەوروپییەکان مێژووی جیهانیان لە ڕوانگە و بەپێی ئەزموونە کلتوریییەکانی مێژووی ئەوروپا و ڕۆژئاوا پێناسە کردووە. ئەگەر شارستانیەتە ناڕۆژئاواییەکان لە جێگەیەکدا باس بکرێن، گومانت نەبێت خۆیان جۆلەیەکی ناویان کاریگەریی لەسەر مرۆڤی ڕۆژئاوایی هەبووە؛ کەوایە، لە چاویلکەی ڕۆژئاواییەوە، مێژووی جیهان و کلتورە جیهانییەکان لە مێژووی ڕۆژئاوادا کورت دەبنەوە.

ئاشکرایە، گۆشەنیگایەکی وەها تەسک وێنەیەکی شێواو بەرهەم دەهێنێت. وەختێک مرۆڤی ئەوروپی یان ئەمریکی کتێبە ڕۆژئاواییەکان دەخوێنێتەوە، کلتور و کێشەکانی شارستانیەتەکەی خۆی بە وردی و بە ڕەنگاوڕەنگی دەبینێت، جارجاریش بە شێوەیەکی سەرپێیی چاوی بەر باسی شارستانیەتەکانی تر دەکەوێت، بۆیە ئەگەری زۆرە فریو بخوات و وا بزانێت ئەزموونە کلتوریییەکانی ڕۆژئاوا لە هەموو ئەزموونەکانی تر بەرزترن؛ لە ئەنجامیشدا وا تێدەگات شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی دۆخە ئاساییەکەیە، هەر دامەزراوەیەکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتییش لەگەڵ شێوازە ڕۆژئاواییەکەدا نەگونجا لە ئاستێکی نزمترایە. هەروەکو یۆنانی و ڕۆمانییە دێرینەکان، بابای ڕۆژئاواییش حەزی لێیە وا بیر بکاتەوە هەموو شارستانیەتەکانی "تر" بەربەستێکن، یان بەربەستێک بوون، لە بەردەم ئەو پێشکەوتنەی ڕۆژئاوا ماندوونەناسانە کۆششی بۆ کردووە؛ یان دەکرێت تۆزێک ئەرێنیتر بیر بکەنەوە و بڵێن شارستانیەتەکانی تر قۆناغی یەکلەدواییەکی هەمان کتێب بوون و شارستانیەتی ڕۆژئاوایش دواهەمین قۆناغە.

کاتێک ئەم ڕوانینەم بۆ هاوڕێیەکی ئەمریکیم – کە هەم خاوەنفکر بوو، هەم هزرێکی لێکۆڵەرانەیشی هەبوو – باس کرد، لە سەرەتادا گومانی هەبوو.

ئەو گوتی، "قسەکەت سەبارەت بە یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان دروستە، چونکە ڕوانینی ئەوان بۆ شارستانیەتە بێگانەکان سنووردار بوو: بەڵام مەگەر ئەم سنووردارییە زادەی سەختییەکانی گفتوگۆ و پەیوەندیی نێوان ئەوان و شوێنەکانی تر نەبوو؟ جیا لەوە، مەگەر لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم سەختییەمان نەبەزاندووە؟ ئەگەر ڕابمێنیت، دەبینیت ئێمەی ڕۆژئاوایی گرنگی بە دەرەوەی خولگە کلتوورییەکەی خۆمان دەدەین. مەگەر یادت نییە لە چارەکەسەدەی ڕابردوودا چەندین کتێب لە ئەوروپا و ئەمریکا سەبارەت بە هونەر و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی، سەبارەت بەو بیرۆکە سیاسییانەی هزری ڕۆژهەڵاتییەکانیان داگیر کردووە، بەڵاو کراونەتەوە؟ لەبەرچاونەگرتنی ئەم ئارەزووەی تاکی ڕۆژئاوایی بۆ تێگەیشتن لە کلتورەکانی تر ستەمێکی ڕوونە."

لە وەڵامدا گوتم، "تا ڕادەیەک ڕاست دەکەیت. بێگومان چیتر ڕوانگە سەرەتاییە ڕۆمانییە یۆنانییەکە بە تەواوەتی کارا نییە. ڕەقییەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو لاچووە، چونکە بیرمەندە پێگەیشتووە ڕۆژئاواییەکان فریوەکانیان ناسیوەتەوە و لە زۆر ڕەهەندی شارستانیەتەکەیان کەوتوونەتە گومانەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی ئیلهام ڕوو لە شارستانیەتەکانی تریش دەکەن. وا خەریکە بۆ هەندێکیان دەردەکەوێت ڕەنگە یەک کتێب و یەک بەسەرهاتی پێشکەوتنی مرۆڤ لە ئارادا نەبێت، بەڵکو زیاد لە دانەیەک هەبێت: چونکە مرۆڤایەتی لە ڕوانگە مێژوورییەکەوە قەوارەیەکی یەکڕەنگ نییە، بەڵکو چەندین کۆمەڵەی هەمەجۆرە و هەریەکێکیان بیرۆکەی خۆیان سەبارەت بە ئامانج و مانای ژیانی مرۆڤ هەیە. هێشتایش وا نازانم بیری ڕۆژئاوا بەرانبەر کلتورە بێگانەکان لە بیری یۆنانی و ڕۆمانییە دێرینەکان والاتر بێت، بەڵکو باشتر بڵێین سینەی تۆزێک فراوانتر بووە. سینەفراوانبوونەکەیشی بەرانبەر بە ئیسلام نییە، بەڵکو بەرانبەر هەندێک کلتوری ڕۆژهەڵاتییە، کە سەرنجڕاکێشییەکی ڕۆحییان بۆ ڕۆحتینوانی ڕۆژئاوا تیادایە، هێندەیش لە جیهانبینیی ڕۆژئاوا دوورن هیچ بەرەنگارییەکی ڕاستەقینەی بەهاکانی ناکەن."

"مەبەستت چییە؟"

"کاتێک ڕۆژئاوایيەک باسی هيندويزم يان بوديزم دەکات، هەميشە ئاگاداری جياوازييە بنەڕەتييەکانی ئەو ئايديۆلۆجيايانە و ئايدۆلۆجياکەی خۆيەتی. ڕەنگە هەندێک بيرۆکەی ئەو ئايدۆلۆجيايانەی لا جوان بێت، بەڵام هەرگيز ئامادە نييە لە پێناو ئەواندا واز لە ئايديۆلۆجياکەی خۆی بهێنێت. هۆی ئەمە ڕوونە. لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە خۆی يەکلا کردووەتەوە واز لە ئايدۆلۆجياکەی خۆی نەهێنێت، دەتوانێت بە ئارامی و بگرە بە هاوسۆزييەوە سەرنجی ئەو کلتورە بێگانانە بدات. بەڵام کاتێک بابەتەکە ئيسلامە – کە وەکو فەلسەفەی هيندو يان بودی بێگانە نييە بە بەها ڕۆژئاوايەکان – لايەنگيرييەکی هەستی ئەو ئارامييە دەشێوێنێت. هەندێکجار دەڵێم ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت بەهاکانی ئيسلام ئەوەندە لە بەهاکانی ڕۆژئاوا نزيکن، دەتوانن بەرەنگاريی زۆرێک لە چەمکە ڕۆژئاوايەکان سەبارەت بە ژيانی کۆمەڵايەتی و مەعنەوی بکەن."

پاش ئەوە، باسی بيردۆزێکم بۆ کرد کە چەند ساڵێک لەوەوبەر لام گەڵاڵە بووبوو – بيردۆزێک، لام وابوو ڕوونی دەکردەوە ئەو پێشداوەرييە قوڵەی لە ئەدەبيات و هزری سياسيی هاوچەرخيی ڕۆژئاوايیدا بەرانبەر ئيسلام هەيە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.

گوتم، "بۆ ئەوەی دەستنيشان بە ڕوونکردنەوەيەکی قەناعەتپێکەری ئەم پێشداوەرييە بگات، دەبێت بۆ ڕابردووی دوور بگەڕێينەوە و هەوڵ بدەين لە پاشخانی دەروونيی يەکەمين بەرکەوتنەکانی نێوان جيهانی ڕۆژئاوا و جيهانی موسوڵمان تێبگەين. ڕيشەی تێگەيشتنی ڕۆژئاوايیە هاوچەرخەکان سەبارەت بە ئيسلام زادەی ڕۆژگاری هێرشی خاچپەرستەکانە[1]."

هاوڕێکەم هاواری کرد، "خاچپەرستان! ناشی بڵێيت ئەوەی نزيکەی هەزار

---

[1] جەنگی خاچپەرستان (Crusades): زنجيرە هەڵمەتێکی سەربازيی مەسيحييە ڕۆژئاوايیە ئەوروپييەکان بوو وەکو وەڵامێک بۆ فتوحاتی ئيسلامی. سەرەتای هێرشەکان سەدەی ١١ بوو. ئامانجی هەڵمەتەکان لاوازکردنی ئيسلام و وەرگرتنەوەی خاکی پيرۆز (فەڵەستين) و ناوچە بتپەرستەکان بوو (بريتانيکا).

ساڵێک لەمەوبەر ڕوویداوە کاریگەریی لەسەر خەڵکی سەدەی بیست هەیە؟"

"چۆن نیەتی؟ دەزانم باوەڕپێنەکراو دیارە؛ بەڵام بیرت نییە کاتێک دەروونشیکارەکان ویستیان ڕوونی بکەنەوە بەشێکی فراوانی جیهانی هەستیی کەسێکی پێگەیشتوو – هەروەها زۆرێک لە مەیل و حەز و پێشداوەرییە لێنەپرسراوەکان – زادەی ئەزموونەکانی منداڵییە، خەڵکی باوەڕیان نەدەکرد؟ دەی نەتەوە و شارستانیەتەکانیش هەر لە کۆمەڵێک تاک پێک هاتوون. گەشەکردنی ئەوانیش بە ئەزموونەکانی منداڵییانەوە بەستراوەتەوە. دەکرێت ئەو ئەزموونە منداڵییانە شیرین یان تاڵ بووبێتن؛ ڕەنگە ئاقلانە بووبێتن، یان زادەی لێکدانەوەی ساویلکانەی منداڵ بووبێتن بۆ ڕووداوێک: کاریگەریی *شۆێندیاریکەری* ئەو ڕووداوانە بەندە بەوەی لە بنەڕەتدا چەندێک بەهێز بوون. دەتوانین سەدەی پێش جەنگی خاچپەرستان، واتە کۆتایی هەزارەی یەکەمی زایینی، وەکو سەردەمی منداڵیی شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەقەڵەم بدەین."

بیری هاوڕێکەمم هێنایەوە –خۆی مێژوونووس بوو- لەو سەردەمەدا، بۆ جاری یەکەم پاش سەدە تاریکەکانی دوای داڕمانی ڕۆما، ئەوروپا شێواز و ڕێگەی کلتووریی خۆی بەدی کرد. بە سەربەخۆیی لە میراتی نزیک لە لەبیرکراوی ڕۆمانی، ئەدەبیاتی نوێ بە زمانە ئەورووپییەکان چەکەرەیان کرد؛ هونەرە جوانەکان ئیلهامیان لە شارەزایی ئایینیی مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی وەرگرت و لە خەوی قووڵی کۆچکردنە توند و جەنگاوییەکانی گۆت، هون، هەروەها ئاڤارەکانەوە[1] بێدار بوونەوە؛ لە ناخی هەلومەرجە سەختەکانی

---

[1] گۆتەکان: گەلێکی جێرمانی بوون و فشاری زۆریان دەخستە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و لە ڕماندنیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو(بریتانیکا).
هەنەکان: خەڵکێکی خێوەتنشینی شوانکارە بوون؛ لە دەوروبەری ۳۷۰ی زایینیدا باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایان گرت و ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان لەوێ و ئەورووپای ناوەڕاست دامەزراند (بریتانیکا).
ئاڤارەکان: خەڵکێکی خێوەتنشینی ناوەڕاستی ئاسیا بوون و لە سەدەی شەشدا شانشینێکی گەورەیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دروست کرد (ئۆکسفۆرد ڕیفرێنس)؛ جێی باسە، ←

سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کازیەوەی جیهانێکی نوێی کلتوری دەرکەوت. ئەوروپا، لەم ساتە هەستیارەدا، لە بەرگی خاچپەرستاندا ئەزموونی گەورەترین شۆکی – یان بە زمانی هاوچەرخ تراوما – کرد.

جەنگەکانی خاچپەرستان گەورەترین کاریگەرییان لەسەر ئەو شارستانیەتە هەبوو کە لە ناسینی خۆیدا ساوا بوو. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەم جەنگانە یەکەمین هەوڵی ئەوروپا بوون بۆ سەیرکردنی خۆی وەکو یەکێتییەکی کلتوری، بە تەواوەتیش سەرکەوتوو بوون. ئەو جۆش و خرۆشەی یەکەمین جەنگی خاچپەرستان لە ناخی ئەوروپادا وروژاندی، لەوەوپێش لە ئەزموونی ئەوروپیدا بەدی نەکرابوو، دواتریش ئەزموون نەکرایەوە. شەپۆلی مەستی کیشوەرەکەی گرت، شادییەک هەڵقوڵا بۆ یەکەمینجار سنووری دەوڵەت و هۆز و چینەکانی ئەوروپای بڕی. پێش ئەوە، فرانکەکەکان و ساکسۆنەکان و جێرمانەکان، بێرگندییەکان و سڵاڤییەکان، هەروەها نۆرمانەکان و لۆمبارەدەکان هەبوون؛ ئەمانەیش کۆمەڵێک هۆز و نەژاد بوون هیچشتێک کۆی نەدەکردنەوە، مەگەر ئەوەی شانشینە دەرەبەگایەتییەکانیان پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوون و هەمووشیان مەسیحی بوون. بەڵام لە ماوە و لە ڕێگەی جەنگەکانی خاچپەرستییەوە، پەیوەندییە ئایینییەکە چووە سەرەوە و وەکو ئامانجێکی هەموو ئەوروپییەکان – چەمکی سیاسیی ئایینیی کریستندم[1] - خۆی نواند و لێرەوە چەمکی کلتوریی "ئەوروپا" سەری هەڵدا. کاتێک پاپا ئوربنی دووەم، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لە کلێرمۆنت (مانگی یازدەی ١٠٩٥)، هانی مەسیحییەکانی دا جەنگ دژی ئەو "نەژادە خراپە" (موسوڵمانان) بەرپا بکەن کە خاکی پیرۆزیان

ئاڤارەکان لە سەدەی ١٣ەوە موسوڵمان بوون و تا ئێستەیش موسوڵمانی سوننەن.

[1] کریستندم: سەرجەنی کۆمەڵگە مەسیحییەکان؛ وشەکە لە دوو بەش پێک هاتووە: کریستیان (مەسیحی) + دۆم (دۆمەین، ناوچە) (ئۆکسفۆرد ڕیفرێنس). دەکرێت وەکو بەرانبەرێکی چەمکی دارول ئیسلام سەیری بکەین. من زاراوەی جیهانی مەسیحیی بۆ بەکار دەهێنم.

گرتووە، دەستوور یان بناغەی تیۆریی شارستانیەتی ڕۆژئاوای ڕاگەیاند – بەڵام ڕەنگە بە خۆیی نەزانیبێت.

ئەزمونی سەخت و پڕ لە تراومای جەنگەکانی خاچپەرستی هۆشیاری و یەکێتیی کلتووریی بە ئەورووپا دا؛ بەڵام ئەم ئەزموونە وێنەی ئیسلامی بە ڕەنگێکی هەڵە لە چاوی ڕۆژئاواییەکاندا کێشا. هۆکارەکە جەنگاوێبوون و خوێناوێبوونی هەڵمەتەکانی خاچپەرستی نەبوو. چەندین جەنگ لە نێوان نەتەوەکاندا ڕووياندا و لەبیرکراون، لە کۆتاییشدا بە ئاشتبوونەوە و دۆستایەتی کۆتاییان هاتووە. ئەو زەبرەی بەهۆی هەڵمەتەکانی خاچپەرستییەوە ئەزموون کرا تەنها زادەی جەنگی شیر و تیر نەبوو: پێش هەموشتێک، زەبرێکی فکری بوو؛ ژەهراویکردنی هزری تاکی ڕۆژئاوایی بوو دژی جیهانی ئیسلامی لە ڕێگەی شێواندنی پەیام و بەهاکانی ئیسلامەوە. دەی ئاخر ڕەوایەتیی هەڵمەتەکانی خاچپەرستی بەوەوە بەند بوو پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) وەکو دەجال پیشان بدرێت، ئایینەکەیشی وەکو چڵکاوی بێرەوشتی و لادان بناسێندرێت. ئەوە لە سەردەمی خاچپەرستاندا بوو بیرۆکە بێهاناکە سەبارەت بە ئیسلام خزایە ناو هزری تاکی ڕۆژئاواییەوە و تیایدا چەقی؛ ئەو بیرۆکەیەی گوایە ئیسلام ئایینی چێژپەرستی و تونددوتیژییە، تەنها خەیاڵی لای سروتە ڕواڵەتییەکانەوە و هیچ گرنگییەک بە پاککردنەوەی دڵ و دەروون نادات؛ هەر لەو سەردەمەدا بوو ئەورووپییەکان بە ڕقەوە ناوی پێغەمبەر موحەممەدیان (ﷺ) – ئەو موحەممەدەی شوێنکەوتوانی خۆی فێر کردبوو ڕێز لە پێغەمبەری ئایینەکانی تر بگرن – کرد بە "مەهاوند."[1] سەردەمی سەرهەڵبڕینی گەڕانی ئازاد هێشتا لە ئەروپا دوور بوو؛ دەسەڵاتەکانی ئەوکات زۆر بە ئاسانی بەرە تاریکەکانی ڕقیان بەرانبەر بە ئایین و شارستانیەتێکی جیاواز لە ئایین و شارستانیەتی ڕۆژئاوایان دەچنییەوە. بۆیە ڕێکەوت نەبوو هۆنراوەی بەجۆشی *چانسن دێ ڕۆلاند* (گۆرانیی ڕۆلاند)، کە باسی سەرکەوتنی خەیاڵی و ئەفسانیی

[1] بە مانای شەیتانێک یان خودایەکی بتپەرستان.

جیهـانی مەسـیحی بەسـەر موسـوڵمانانی "بتپەرسـتدا" لە باشـووری فەڕەنسـا دەکـات، هەروەهـا کە لەو سـەردەمەدا نەنووسـرابوو بەڵکـو سـێ سـەدە دواتـر و کەمێک پێش یەکەم هەڵمەتی خاچپەرستی نووسرابوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان بـوو بە "سرودی نەتەوەیی" ئەوروپا؛ دیسانەوە ڕێکەوت نییـە کە ئەم هەڵبەستە جەنگـاوەرانەیە خـاڵی سـەرەتای ئەدەبیـاتی ئەوروپیـیە و، لە ئەدەبیـاتە کـۆنتر و ناوخۆییەکـان جیـاوازە: ئـاخر ڕق و دوژمنـایەتیی ئیسـلام لە بانسـەری بێشـکەی شارستانیەتی ڕۆژئاواییەوە بوو.

ڕەنگە هەندێک کەس گاڵتەیان بەوە بێت ڕقێکی کۆنی ڕۆژئاوایی بەرانبەر بە ئیسـلام لە نیمچەهۆشـیاری تـاکی ڕۆژئاواییـدا مـابێتەوە، چـونکە ئەو ڕقە لە بنەڕەتدا ئایینی بووە و خەیاڵی تاکی ڕۆژئاواییش چیتر لە بندەستی ئایینداا نییە. بەڵام ئەمە ئەوەندەیش سەرسامکەر نییە. ئێمە دەزانین دەکرێت کەسێک هەموو بیروبـاوەڕە ئایینییەکـانی سـەردەمی منـدااڵیی خـۆی فڕێـدابێت، کەچـی هەنـدێک هەسـتی پەیوەسـت بەو بـاوەڕانەوە، بە شـێوەیەکی نائـاقاڵانە، لەگەڵ کەسـەکەدا بمێننەوە.

لە کۆتاییدا گوتم، "ئەمە بەسەر کەسایەتیی گشتیی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا ڕوویـدا. هەوری خاچپەرسـتان تـا ئەمـڕۆیش بەسـەر ڕۆژئـاواوەیە؛ هەمـوو کاردانەوەکانیشـی بەرانـبەر بە ئیسـلام و جیهـانی موسـوڵمان لە هەنـاوی ئەو تارماییە تەمەندرێژەوە دەردەچن..."

هـاوڕێکەم بـۆ مـاوەیەکی درێـژ بێـدەنگ مـایەوە. هێشـتا لەبەرچـاومە بە بـاڵا بەرز و لاوازەکەیەوە بە ژووورەکەدا دەهـات و دەچـوو، دەسـتەکانی خسـتبوویە گیرفانیەوە و سەری بادەدا، تا لە کۆتاییدا گوتی:

"ڕەنـگە قسـەکەت حەقیقەتێکـی تیـادا بێـت... ڕەنـگە، بەڵام مـن نـاتوانم ئـاوا دەستبەجێ داوەری لەسـەر 'بیردۆزەکەت' بکەم... بەڵام هەرچۆنێـک بێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەوەدا کە گوتت، هەست ناکەیت ژیـانی تۆ، کە لای خۆت زۆر سـادە دەردەکەوێـت، بـۆ ڕۆژئاواییەکـان نائاسـایی و سـەیرە؟ باشـتر نیـیە هەنـدێک لە

ئەزموونەکانت لەگەڵ ئەواندا بەش بکەیت؟ بۆچی ژیاننامەیەکی خودی نانووسیت؟ دڵنیام کتێبێکی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت!"

بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە: "ڕەنگە ڕێگە بدەم قەناعەتم پێ بکرێت واز لە کارە سیاسییەکەم بهێنم و کتێبێکی ئاوا بنووسم. هەرچۆنێک بێت، کاری ڕاستەقینەی من نووسینە..."

لە حەفتە و مانگەکانی داهاتوودا، ئەو نوکتەیە بوو بە ڕاستی. وردەوردە کەوتمە بیری نووسینەوەی چیرۆکی ژیانم و ئەنجامدانی کارێک بۆ تەنککردنی ئەو پەردە ئەستوورەی لە نێوان ئیسلام و کلتوری ئیسلامی و هزری ڕۆژئاواییدا هەبوو. ڕێگەی من بەرەو ئیسلام لە زۆر ڕووەوە تاقانە بوو: من پاش ماوەیەکی زۆر لە ژیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا نەبووم بە موسوڵمان؛ بە پێچەوانەوە، بڕیارم دا لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بژیم، چونکە موسوڵمان بووبووم. ئایە ئەگەر بمەوێت تێگەیشتنێکی دوولایەنە لە نێوان جیهانی ئیسلامی و ڕۆژئاوادا دروست بکەم، باسکردنی ئەزموونە کەسییەکانی خۆم بۆ خوێنەرانی ڕۆژئاوایی لە مانەوەم لە پێگەیەکی دیپلۆماسیدا باشتر نییە؟ هەرچۆنێک بێت، هەر کەسێکی زیرەک بهێنیت دەتوانێت ببێت بە وەزیری پاکستان لە ئەمریکا، بەڵام چەند کەسی تر هەن بتوانن وەکو من سەبارەت بە ئیسلام قسە بۆ ڕۆژئاواییەکان بکەم؟ من موسوڵمان بووم، ڕۆژئاواییش بووم، بۆیە دەمتوانی بە زمانی فکریی ئیسلام و ڕۆژئاوایش بدوێم...

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٢دا، وازم لە وەزارەتی دەرەوەی پاکستان هێنا و دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد. ئەوەی ئایە کتێبەکە، وەکو ئەوەی هاوڕێ ئەمریکییەکەم پێشبینیی کرد، "سەرنجڕاکێش" دەبێت یان نا، لە دەرەوەی داوەریکردنی منە. بە یارمەتیی هەندێک تێبینیی کۆن، کۆمەڵێک سەرنج لەسەر پەڕاوی یادەوەری، هەروەها کۆمەڵێک وتاری ڕۆژنامە کە کاتی خۆی نووسیومن، دەستم خستووەتە ناو سندوقی یادگەمەوە تاکو هێڵەکانی

گەشەکردنی گەشتەکەم بکێشم، ئەو گەشتەی لە ڕووی کاتەوە سااڵنێکی خایاند، لە ڕووی جوگرافیایشەوە زەمینگەلێکی فراوانی داپۆشی.

ئەمەی بەردەستت بەسەرهاتی ژیانم نییە، بەڵکو بەسەرهاتی سااڵنی پێش جێهێشتنی عەرەبستانە بۆ هندستان. لە ماوەی ئەو ساڵە بزوێنەرانەدا، پێیەکانم لە خاکی زۆرینەی وڵاتانی نێوان بیابانی لیبیا و لوتکە بەفرینەکانی چیاکانی پامیر خشان، چاوەکانیشم هەموو ناوچەکانی نێوان بۆسفۆر و دەریای عەرەبیم پشکنی. بەسەرهاتەکە لە چوارچێوەدا (سیاق) گێڕدراوەتەوە و لە قااڵبی دواهەمین گەشتمدا لە خوارەوەی عەرەبستانەوە بۆ مەککە، لە ساڵی ١٩٣٢دا، باس کراوە: چونکە لە ماوەی ئەو ٢٣ ڕۆژەدا شکڵ و وێنەی ژیانم بە تەواوەتی بۆ ڕوون بوویەوە.

ئەو عەرەبستانەی لەم الپەڕانەدا باس کراوە چیتر نەماوە. تەنهایی و شکۆمەندییەکەی بوون بە ژێر الفاوی نەوت و ئەو ئااڵتونەی بەهۆی نەوتەوە پەیدا بوو. سادەییە مەزنەکەی نەما، بە نەمانی ئەویش بەشێکی فراوانی ئەوەی لەم خاکەدا مرۆیی بوو بەسەر چوو. کاتێک بیر لە دواهەمین گەشتی درێژی بیابان دەکەمەوە، وەختێک لەگەڵ هاوڕێکەمدا یەکی بەسەر حوشترێکەوە بووین و بە ناو ڕۆشناییە مەلەوانەکانی بیابانەدا دەڕۆیشتین و دەڕۆیشتین، یادەوەریم ئازارم دەدات و پێم دەڵێت ئەو تروسکاییەی سۆزت بۆی دەجوڵێت، کوژاوەتەوە، ئومێدیشت بە داگیرسانەوەی نەبێت.

01
تینوێتی

(١)

دوان بووین، بە سواری حوشترەکان دەڕۆیشتین و دەڕۆیشتین؛ خۆر لەسەر سەرمان دەگەڕا، هەمووشتێک لەبەر ڕۆشنایی مەلەوانی بیابانەکەدا دەدرەوشایەوە. تەپۆڵکە لمینە سور و پرتەقاڵییەکان، تەپۆڵکەی لمین لە دوای تەپۆڵکەی لمین، تەنیایی و بێدەنگیی سوتێنەر، هەروەها دوو پیاو بەسەر دوو حوشترەوە، کە بە جۆرێک دەجوڵان هەستت دەکرد لە جۆلانێدایت و خەو دەیبردیتەوە و، خۆرەکە و ڕۆژەکە و گڕە و ڕێگە دووردرێژەکەت بیر دەچوویەوە. جاروبار گژوگیای زەردت لەسەر سنگی تەپۆڵکە لمینەکان دەبینی، لێرە و لەوێیش دەوەنێ لێکئاڵاوی حەمزت دەبینی وەکو ماری گەورە بەو ناوەدا بڵاو بووبوونەوە. خەوالوویی هەستەکانی مەست کردبوو؛ جوڵەی حوشترەکە بەسەر زینەکەوە ڕایدەژەندیت. جیا لە دەنگی شێلانی لمەکە لەژێر سمی حوشترەکەدا، هەروەها خشەی بەرکەوتنی ئەژنۆت و زینەکە، هەستی بیستن دەنگێکی دیکەی پێ ڕاو نەدەکرا. ڕوخسارت، لەبەر تیشکی خۆر و با، پێچرابوو؛ هەستیشت دەکرد گەرچی حوشترەکە تۆی هەڵگرتووە، تۆیش تەنیایی خۆتت هەڵگرتووە و بەو بارە قورسەوە لە بیرەکانی تەیمە... بەڵێ لە بیرەکانی تەیمە نزیکیت، ئەو بیرانەی چاولەڕێی تینووەکانن و، هەرگیز سینەی تەڕیان لە لێوی تینوان قەدەغە ناکەن.

"... ڕێک له نفوده‌وه بۆ ته‌یمه..." گوێم له ده‌نگێک بوو، به‌ڵام دڵنیا نه‌بووم ئایه ئه‌م ده‌نگه‌یش سه‌رابه، یان ده‌نگی هاوه‌ڵه‌کەم بووه.

"زه‌ید، شتێکت گوت؟"

گوتی، "ده‌مگوت که‌من ئه‌وانه‌ی ته‌نها له‌به‌ر بینینی بیره‌کانی ته‌یمه ده‌چنه ناو نفوده‌وه..."

من و زه‌ید له قه‌سری عه‌سه‌یمینی سنووری نه‌جد و عێراق ده‌گه‌ڕاینه‌وه، که له‌سه‌ر داوای شا ئیبن سعود چووبووم. پاش ته‌واوکردنی ئه‌رکه‌کەم و مانه‌وه‌ی کاتێکی زۆر، بڕیارم دا سه‌ردانی مێرگی دێرین و دووری ته‌یمه بکەم، که بۆ گه‌یشتن پێی ده‌بوو دووسه‌د میلێک به‌ره‌و باشووری ڕۆژئاوا ببڕین: ته‌یمه‌ی پەیانی کۆن[1]، ئه‌و ته‌یمه‌یه‌ی ئایزایه[2] سه‌باره‌تی گوتی، "دانیشتوانی خاکی ته‌یمه ئاویان بۆ ئه‌و که‌سه هێنا که تینووی بوو." به‌ره‌که‌تی ئاوه‌که‌ی ته‌یمه، که بیره قوڵه‌کانی که له عه‌ره‌بستاندا وێنه‌یان نییه، له سه‌رده‌می پێش ئیسلامدا کردبوویان به ناوه‌ندێکی گرنگی بازرگانی و پێگه‌یه‌کی بایه‌خداری کلتوری ساوای عه‌ره‌بی. ده‌مێک بوو ئاره‌زووی دیداری ته‌یمه‌م هه‌بوو، بۆیه ڕێگه‌ی خواروخێچی کاروانه‌کانمان وه‌لا نا و ڕێک له قه‌سری عه‌سه‌یمینه‌وه و چووینه ناو دڵی نفودی مه‌زنه‌وه، ئه‌و بیابانه لمینه سوره‌ی له ناوه‌ڕاستی عه‌ره‌بستانه‌وه و تا بیابانی سوریا به هی خۆی ده‌زانێت. له‌م زه‌مینه فه‌رامۆشکراوه‌دا، نه شوێنپێیه‌ک هه‌یه، نه ڕێگه‌یه‌کی جیاکراوه، نه ڕێڕه‌وێکی دیاریکراو که ئاده‌میزاد به‌سه‌ریدا بڕوات. ده‌ڵێی بایه‌که ڕاسپێردراوه به سڕینه‌وه‌ی شوێنپێی هه‌ر مرۆڤ و ئاژه‌ڵێکی سه‌ر له نه‌رمه‌که، بۆیه هیچ نیشانه‌یه‌ک بۆ ڕێنماییکردنی

---

[1] پەیانی کۆن: بایبڵی عیبری که زۆرێک له مه‌سیحییه‌کان قبووڵیانه و لای جوله‌که‌کانیش به کتێبی هیدایه‌ت و تۆماری میژوویی پەیانی خودا ده‌زانرێت (بریتانیکا).

[2] ئایزایه: ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ی کتێبی ئایزایه‌ی پەیانی کۆنی به ناوه‌وه‌یه (بریتانیکا)؛ هه‌ندێک سه‌رچاوه‌ی ئیسلامی ده‌ڵێن ناوی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره له که‌له‌پوری ئیسلامیدا ئه‌شعیایه.

هەنگاوەکانی ڕێبوار نامێنێتەوە. لەژێر زەبری ڕەشەبادا، تەپۆڵکە لمینەکان بەردەوام دەگۆڕێن و هێواش هێواش لە شکڵێکەوە دەبنە شکڵێکی تر، تەپۆڵکەکان دەبنە شیو و پاشان شیوەکان دەبنەوە تەپۆڵکە؛ لەسەر تەپۆڵکەکانیش گژوگیای ڕەق و مردوو هەن، کە بایەکە بە حاڵ و نەحاڵ دەیانجوڵێنێتەوە و تامیشیان لە خۆڵەمێش، تەنانەت لە زاری حوشتریشدا، تاڵترە.

گەرچی زیاد لە جارێک ئەم بیابانەم بە چەند ئاڕاستەدا بڕیبوو، متمانەم بە خۆم نەبوو بە تاقی تەنیا ڕێگەکە بدۆزمەوە، بۆیە بە هاوەڵیکردنی زەید خۆشحاڵ بووم. ئەمە نیشتیمانی ئەوە: ئەو سەر بە هۆزی شەمەرە، کە دەکەوێتە لێوارەکانی باشوور و ڕۆژهەاڵتی نفودی مەزنەوە، لەو جێگەیەی بارانی لێزمەی زستانان لە چاوتروکانێکدا تەپۆڵکە لمینەکان دەکات بە مێرگ، مێرگەکانیش بە درێژایی چەندین مانگی ساڵەکە دەبن بە لەوەڕگای حوشترەکان. خوێنی زەید و کەشە جیاوازەکانی بیابان ئاوێتە بوون، دڵیشی لەگەڵ ئەواندا لێ دەدات.

ڕەنگە زەید قۆزترین پیاو بێت بە هەموو ژیانم ناسیبێتم: تەوێڵێکی پان، لاشەیەکی باریک، باڵایەکی مامناوەند، ئێسقانی پتەو، هەروەها بەهێز. لە ڕوخسارە گەنمیبە باریکەکەی و گۆنا قاڵبییەکان و لێوە سەرنجڕاکێشەکانیەوە، ئەو سەرنجڕاکێشییە بەدی دەکرێت کە عەرەبە بیابانەنشینەکانی پێ جیا دەکرێتەوە – شکۆ و هێمنی ئاوێزانی شیرینی بوون. ئەو جوانترین تێکەڵەی ژیانی تەواو دەشتەکی و ژیانی شاریی نەجدە؛ لە ناخی خۆیدا دڵنیایی غەریزەیی دەشتەکییەکانی پاراستووە، بەاڵم بەبێ ڕەهەندە سۆزەکییەکە، هەروەها حیکمەتی کردەیی ژیانی شاریشی وەرگرتووە، کەچی پێی لە داوی وردەکارییە دونیاییەکانی گیر نەبووە. ئەویش، هەروەکو من، چێژ لە سەرکێشی دەبینێت، وەلێ بە دوایدا ڕاناکات. هەر لە الوێتییەوە، ژیانی پڕ بووە لە ڕووداو و خرۆشان: لە الوێتیدا سەربازێکی الوی سوپایەکی نائاسایی حوشترسوار بووە، کە حکومەتی تورکیا بۆ کەمپینەکەی لە نیمچەدورگەی سینا لە ماوەی جەنگە

مەزنەکەدا(جولاّندویەتی؛ لە دژی ئیبن سعود بەرگریی لە شەمەری نیشتیمانی کردووە؛ قاچاخچێتیی چەکی لە کەنداوی فارس کردووە؛ دڵدارێکی دڵتەڕی چەندین ئافرەت لە چەندین ناوچەی جیاوازی عەرەبستان بووە (بێگومان هەموویان حەڵاڵی خۆی بوون و هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوون، پاشانیش ئەگەر لێیان جیا بووبێتەوە، بە شێوەیەکی شەرعی لێیان جیابووەتەوە)؛ لە میسڕ بازرگانی ئەسپ بووە؛ لە ئێراق سەربازی بەکرێگیراو بووە؛ لە کۆتاییشدا، بۆ ماوەی ٥ ساڵ یان بڕێک کەمتر، هاوەڵی من بوو لە عەرەبستان.

ئەوا ئێستایش، لەم درەنگانەی هاوینی ١٩٣٢دا، پێکەوە هەروەکو جاران حوشترسوارین، ڕێگە تەنهاکەمان لە نێوانی تەپۆڵکە لمینەکانەوە تەی دەکەین، لای هەندێک لە بیرە دوورلەیەکەکان دەوەستین و لەژێر ئەستێرەکاندا پشوو دەدەین. خشەخشی پێی ئاژەڵەکان لەسەر لمە گەرمەکە وەستانی نییە. جاروبار، لە کاتی حوشترسواریدا، ئاوازی دەنگە نوساوەکەی زەید و تەپەی هەنگاوی حوشترەکان تێکەڵ دەبن. شەوانە خێمە هەڵدەدەین، قاوە ئامادە دەکەین و برنج لێ دەنێین، هەندێکجاریش یارییەکی کێوییانە دەکەین. کاتێکیش شەوان لێ ڕادەکشێین، هەوای فێنکی شنەبای شەوانە لەسەر جەستەمان سەما دەکات، وەختێکیش چاو دەکەینەوە، تیشکی خۆر کەوتووەتە سەر تەپۆڵکە لمینەکان، ئەو تەپۆڵکانەی هێندە سور هەڵگەڕاون دەڵێیت یاری ئاگرینن. هەندێکجاریش، بۆ نموونە وەکو ئەمڕۆ، پەرجووی ژیانەوەی ڕووەکێک دەبینیت کە بە ڕێکەوت ئاو دراوە.

بۆ نوێژی نیوەڕۆ لاماندا. کاتێک دەستەکانم، ڕوخسارم، هەروەها پێیەکانم دەشۆرد، چەند دڵۆپێک ئاو ڕژانە سەر گیایەکی وشکهەڵاتووی نزیکی پێم، گیایەکی داماو و هەژار، زەردهەڵاتوو و ژاکاو و خاڵی لە ژیان لە بەردەم تیشکی بێبەزەیی خۆردا. بەڵام هەر ئەوەندەی تۆزقاڵێک ئاوی بەرکەوت، چڵەکانی گیایەکە پێکەوە لەرینەوە، کەوتنە جوڵە، وەکو لولپێچ خۆیان لوول دا،

پاشـان هێـواش هێـواش، به دوودڵیـیەوە، بە لەرزینێکـی زۆرەوە هەسـتانەوە... هەناسـەی خـۆمم گرتبـوو، تۆزێـک ئـاوی تـرم بەسـەر گیـای نیـوەمردوودا کـرد. ئەمجارەیـان خێراتـر بـوو، بەڵکـو تونـدوتیژتر و هـارتر بـوو، وەکـو ئەوەی هێزێکـی پەنهانکراوی نـاخی لە مـۆتەکەی مەرگ بێداری بکـاتەوە. چڵەکـانی – چەندێـک جـوانە ئەم دیـمەنە! – وەکـو قۆڵەکـانی ئەسـتێرەی دریـا گـرژ بـوون و کـرانەوە؛ وا دەردەکەوت وڕێنەیەکی شـەرمنانە، بەڵام کەپتنەکراو، یـان ئـاهەنگێکی چکـۆڵەی چێژی هەستی، هۆشی گیـایەکەی بردبێت: بەم شێوەیە، ئەوەی ساتێـک لەمەوبەر لە ڕیـزی مردوانـدا بـوو، هـاتە ڕیـزی زینـدوانەوە؛ بەڵکـو ژیـان، لەوپەڕی شکـۆمەندیی خـۆیدا، بەسەریدا زاڵ بوو.

ژیـان لەوپەڕی شـکـۆمەندیدا... هەمیشـە لە بیابانـدا هەسـتی پـێ دەکەیـت. مـانەوە لە بیاباندا گـرانە، بـۆیە ژیـان هەمیشـە وەکـو خەڵاتێـک، گەنجینەیەک، دیـدارێکی چـاوەڕوانەکراو دەردەکەوێـت. بیابـان هەمیشـە چـاوەڕوانەکراو و سەرسامکەرە، تەنانەت ئەگەر دۆستی دێرینیشت بێت. هەندێکجار، کاتێـک لە ڕەقی و بۆشاییەکەی بیاباندا بۆ ژیان دەگەڕێیت، ژیان لە خەوە قوولّەکەی بێدار دەبێتەوە، هەناسـەی خۆیت بـۆ دەنێرێـت – ئەوجـا گیـایەکی ناسـک و سـەوز، لە جێیەکدا کە دوێنێ لە لم و زیـخ بەدەر شتێکی تر نەبـوو، سـەر هەڵدەبڕێت. ئەوا جـارێکی تـریش ژیـان هەناسـەی دایەوە، ئەمجارەیـان لە وێـنەی پۆلێـک مەلـی سـەماکەر لە ئاسـماندا خـۆی نوانـد – ئەمـانە لە کوێـوە هـاتن، بـۆ کـوێ دەچـن؟ - کۆمەڵێـــک مەلـــی لەشناســـکی و باڵبـــاریکی ســـەوزڕەنگ؛ لە هەناســـەی ئەمجارەیـانەوە، حەشـاماتێک کـوللە هەڵەداوان لەسـەر زەویـیەکەوە هەسـتان، ڕەنگیـان ڕەساسـی و تاریـک بـوو، کە تەماشـات دەکـردن، دەتگـوت تاقمێـک جەنگاوەری برسین...

ژیـان لە شـکـۆمەندییەکەیدا: شـکـۆمەندیی پچڕپچـڕی و چـاوەڕوانەکراوی؛ بۆنی بێناوی عەرەبستان و بیابانە هاوشێوەکان لێرەدایە.

هەندێکجار زەمینەکە گڕکانییە، ڕەشە و قڵیشاوە؛ هەندێک تەپۆڵکەی لمینی ناکۆتایە؛ جاری وایە شیوەکە لە نێوان دوو دۆڵی بەردەڵاندا، لێوانلێو لە دەوەنی دڕکاوی کە وەختێک بە لایاندا دەڕۆیت، جاروبار کەروێشکێکی سەرسام لە پشتیانەوە دەردەچێت و دێتە بەردەمت؛ هەندێکجار خۆڵێکی نەرمە، شۆێنپێی ئاسکەکانی لەسەر دیارە، هەروەها چەند بەردێکی ئاگردان بەدی دەکەیت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێبوارە لەبیرکراوەکان خواردنیان لەسەر لێناوە؛ جاری وایە ئەوەی لە چوارچێوەی بینایێتدایە لادێیەکە لە سێبەری دارخورماکاندا، ئا لەوێدایە مۆسیقای چەرخە دارینەکانی سەر بیرەکان ڕاوی خەیاڵت دەکەن و پەیاپەی گۆرانیت بۆ دەڵێن؛ هەندێکجار لە ناوەڕاستی دۆڵێکدا بە بیرێک دەگەیت، ئاژەڵدارە دەشتەکییەکان دەبینیت لێی کۆبوونەتەوە تاکو مەڕ و حوشترە تینووەکانیان ئاو بدەن – لە کاتێکدا ئاوەکە بە سەتڵە چەرمەکان لە بیرەکەوە سەردەخەن، پاشان دەیخەنە ئاخوڕی ئاژەڵەکانەوە و شادیان دەکەن، پێکەوە گۆرانی دەچڕن. دیسانەوە، تیشکی بێڕەحمی خۆر و تەنهایی ئاوێتەی دەشتە فراوانەکە دەبن؛ گیای ڕەق و زەردهەڵاتوو، هەروەها پوش و دەوەنی بەزەمینداخشاو میواندارییی حوشترەکانت دەکەن؛ تاقەدرەختێکی ئەکاسیا لقەکانی بە ئاڕاستەی ئاسمانە شینەکەدا بڵاو دەکاتەوە؛ لە نێوانی بەردەکانەوە جاروبار بوونەوەرێک دەبینیت چاو دەگێڕێت، پاشان وەکو تارماییەک ون دەبێت. ئەوە مارمێلکە ئاڵتونییەکەیە، کە دەڵێن هەرگیز ئاو ناخواتەوە. بە درێژایی دوانیوەڕۆکە، ڕەوە حوشترێک بەرەو ماڵەوە دەبرێنەوە، شوانەکانیش سواری حوشترە بێ کورتانەکان دەبن، وەختێکیش بانگی ئاژەڵەکانیان دەکەن، بێدەنگیی ناوچەکە بەبێ هیچ دەنگدانەوەیەک دەنگیان قوت دەدات.

هەندێکجار لە ئاسۆدا سێبەرێکی درەوشاوە دەبینیت: هەورن؟ نزمن، زووزوو ڕەنگ و شوێن دەگۆڕن، ئەوا ئێستا لە چیای ڕەساسی و قاوەیی دەچن – بەڵام لە هەوادا، لە سەرووی ئاسۆوە – ئێستایش لە درەختی کاجی چەتری دەچن، وەلێ

دیسانەوە لە هەوادا. کاتێکیش دێنە خوارەوە و دەبن بە دەریاچە و ڕووبارگەلێک کە وەکو ئاوێنە وێنەی چیا و کاجە چەترییەکان دەدەنەوە، وەکو ئەوەی هەن دەیانبینیت، واتە حەقیقەتیانت بۆ دەردەکەوێت؛ ئەوەی بینیت فریوی جنەکان بوو، سەرابێک بوو، پێش تۆپش ئومێدی درۆینەی لە دڵی زۆر ڕێبواری تردا چاندبوو، پەیمانی بە زۆری تر دابوو، زۆری بەرەو فەوتان بردبوو: بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەیت، دەستت دەکەوێتە جوڵە و پەلاماری کوندەکەت دەدەیت...

بیابان شەوانی ترسناکیشی تیادایە، کاتێک هۆزەکان لە هەرا و پشێوییەکی جەنگئاسادان و ڕێبواریش بۆ ئەوەی لە دوورەوە نەبینرێت، ئاگر ناکاتەوە، هەروەها لە شەوانی درێژ و تەنهای بیاباندا، نە خۆی، نە برنەکەوەی، چاو لێک نانێن. ڕۆژانی هێمنی و ئاشتییش هەن، کاتێک دوای گەڕانێکی زۆر و تەنها، بە کاروانێک دەگەیت، تاکو دەمەوئێوارە لە دەوری ئاگرێک گوێ بۆ دەمەتەقێی پیاوانێک بگریت کە جێپەنجەی تیشکی خۆر لەسەر ڕوخساریان لانەی کردووە: ئەوان باسی شتە سادە و مەزنەکانی ژیان و مردن دەکەن، سەبارەت بە برسێتی و تینوێتی، شکۆ و خۆشەویستی و کینە، جەستە و شەهوەت، جەنگ، هەروەها باسی دارخورماکانی لادێکانیان دەکەن – هەرگیز گوێت لە قاڵەقاڵی بێکەڵک نابێت، چونکە ناتوانیت لە بیاباندا قاڵەقاڵ بکەیت...

لە ڕۆژانی تینوێتیدا، کاتێک زمانت وەکو پارچە تەختەیەک بە مەلاشوتەوە دەلکێت، کاتێک جگە لە تەپوتۆز و بای ئاگرینی سەموم هیچ هەواڵێکی خۆشت لە ئاسۆوە بۆ نایەت، هەست بە بانگی ژیان دەکەیت. هێشتایش لە ڕۆژە جیاوازەکاندا، لە سەرەتای بەهاردا، وەختێک بەهۆی بەرەکەتی بارانەوە دەشت و تەپۆڵکەکان وەکو باخەکانی بەهەشت سەوز بوون، میوانی خێمەی دەشتەکییەکیت و لە جامی قوڵدا شیرت بۆ دەهێنن – شیری حوشتری قەڵەوی مێینەیە – گوێت لە قاڵە و پێکەنینی ژنەکانە، کاتێک بە خۆشی تۆوە خەریکی برژاندنی مەڕێکن.

وەکو کانزایەکی سور، خۆر لە پشتی گردەکانەوە ون دەبێت؛ لەژێر ئاسمانی ئەستێرەبارانی شەودا، کە هەر دەڵێیت لێرە لە هەموو جێیەک بەرزترە، خەوەکانت قوڵن، خەوەکانت بێ خەونن؛ بەرەبەیانیش لە ڕەنگدا ڕەساسییە، لە هەوایشدا فێنکە. شەوانی زستان ساردن و بایەکیان لەگەڵدایە گاز لە جەستەت دەگرێت، بەوەیشەوە ناوەستێت و شەڕ بەو ئاگرەیش دەفرۆشێت کە تۆ و هاوەڵانت خۆتان لە دەوری گرمۆڵە کردووە؛ ڕۆژانی هاوین گەرم و سوتێنەرن، ئەمجارەیش لە تاو بایەکە ڕوخسارت پێچاوە، هەستەکانت نیوەخەوتوون، ئەگەر سەریشت هەڵبڕیت، بەو گەرمای نیوەڕۆیە باڵندەیەکی ڕاوچی دەبینیت بۆ نێچیر دەگەڕێت...

(٢)

دوانیوەڕۆ هێواش هێواش بە خۆی و تەپۆڵکە لمینییەکانیەوە، بە خۆی و بێدەنگی و تەنهاییەکەوە، بەسەرماندا تێدەپەڕێت.

زۆری پێ ناچێت، کۆمەڵێک دەشتەکی تەنهاییەکەمان دەشکێنن. ئەوان چوار یان پێنج پیاو و دوو ژنن، هان بەسەر حوشتری مێینەوە، ئاژەڵێکی باریشیان لەگەڵە خێمەیەکی قەدکراوی ڕەشی لەسەر شانە، لەگەڵ هەندێک قاپوقاچاخ و کەرەستەی ژیانی دەشتەکی، لە سەرووی ئەوانەیشەوە چەند منداڵێک. کاتێک بە ئێمە دەگەن، ئاژەڵەکانیان لغاو دەکەن.

"سەلامو عەلەیکوم."

وەڵام دەدەینەوە: "وەعەلەیکومە سەلام وە ڕەحمەتوڵا."

"ڕێبوارەکان، مەنزڵتان کوێیە؟"

"ئەگەر خودا بیەوێت، تەیمە."

"لەکوێوە هاتوون؟"

"براکانم، له قەسری عەسەیمینەوە هاتووین." پاشان بێدەنگی حوکمی گفتوگۆکە دەکات. یەکێک لەوان پیاوێکی پشتکوڕ و بەتەمەنە، ڕوخسارێکی ورد و ڕیشێکی ڕەشی تیژی هەیە، ئاشکرایشە سەرۆکیانە؛ نیگاکانیشی ڕەش و تیژن؛ سەرەتا سەیری زەید دەکات، بەڵام چاوی زۆر لەسەر ڕاناگرێت، بەڵام کاتێک بازی نیگای بەسەر منەوە دەنیشێتەوە، گومان لە دوای گومان لە دڵیەوە دەردەچێت و لە نیگاکانیدا دەردەکەوێت: پیاوێکی سپیپێستی بەم شێوە چاوەڕوانەکراوە، لە ناوەڕاستی ناشوێندا، لەم بیابانە بێڕێیەدا چی دەکات؟ ئەم بێگانەیەی کە دەڵێت لە ئارِاستەی ئێراقی بەڕێتانییەوە هاتووە، ڕەنگە کافرێک بێت و بەنیاز بێت بە دزییەوە بچێتە سەرزەمینی عەرەبەکانەوە (هەر دەڵێیت دەتوانم بیرکردنەوەکانی پیاوە ڕوخسارتیژەکە بخوێنمەوە)! وەکو ئەوەی نەزانێت چی بکات، بە دەستەکانی یاری بە نوکی زینی حوشترەکە دەکات. ئەوانی تر لە دەورمان خڕ بوونەتەوە، ئاشکرایە چاوەڕێی قسەی ئەون. پاش چەند ساتێک، چیتر بەرگەی بێدەنگی ناگرێت و دەپرسێت:

"تۆ لە کام عەرەبانەیت؟" – مەبەستی ئەوەیە سەر بە چ هۆز یان ناوچەیەکم. بەڵام پێش ئەوەی بتوانم ئەوەی لە مێشکمدایە بهێنمە سەر زمانم، بە دەم بزەیەکەوە دەمناسێتەوە و ڕوخساری دەکرێتەوە:

"ئەها! ئێستا دەتناسمەوە! تۆم لەگەڵ عەبدولعەزیزدا دیوە! بەڵام ئەوە زۆر لەمێژە – چوار ساڵ لەمەوبەر بوو..."

دەستی درێژ دەکات تاکو تەوقە بکەین، ئەوجا باسی ڕابردوو دەکات، کاتێک من لە کۆشکی شاهانەی ڕیاز دەژیام و ئەویش لەگەڵ گەورەپیاوانی شەمەردا هاتبوو تا سڵاو لە ئیبن سعود بکات، کە دەشتەکییەکان هەمیشە بەبێ هیچ ناونیشانێکی فەرمی بە عەبدولعەزیز بانگیان دەکرد: ئاخر لە مرۆڤایەتییە ئازادەکەی ئەواندا لە بەرگی پاشادا پیاوێک دەبینن، کە بێگومان شایستەی ڕێزلێگرتنە، بەڵام ڕێزێکی زیاتر لەوە نا کە بیابانەنیشینێکیش هەیەتی. تاوێک

باسی ڕابردوو دەکەین، لەم و لەو دەدوێین، باسی ڕیاز دەکەین، سەبارەت بەو هەزاران میوانە ڕۆژانەیە دەدوێین کە لە بەرەکەتی خوانی پاشا دەخۆن، لە کاتی ڕۆیشتنیشدا بەپێی پێگەی خۆیان دیارییان پێ دەدرێت – هەیە مشتێک سکەی زیو وەردەگرێت، هەیە عەبایەک، هەیشە ئاڵتون و ئەسپ یان حوشتر، کە ئەمانە زیاتر بۆ ڕیشسپی و دەمراستی هۆزەکانن.

بەڵام بەخشندەیی پاشا زیاتر لە دڵدایە، نەک لە دەستدا. جێی ئەوین دڵە، ئەندامەکانیش نوێنەرێکی ڕاستگۆی ئەون. ڕەنگە هۆی ئەوەی ئەوانەی لێی نزیک دەبنەوە خۆشیان دەوێت – خۆم لەمە دەرناکەم – ئەو گەرموگوڕییە بێت کە لە نزیکی ئەو هەستی پێ دەکەن.

بە درێژایی سااڵنی ژیانم لە عەرەبستان، دۆستایەتی ئیبن سعود گەرمی بووە بۆم.

ئەو بە "هاوڕێکەم" بانگم دەکات، لە کاتێکدا ئەو پاشایە و منیش ڕۆژنامەنووس. منیش هەر بە "هاوڕێکەم" بانگی دەکەم، بەڵام نەک تەنها لەبەرئەوەی بە درێژایی سااڵنی ژیانم لە شانشینەکەیدا مامەڵەی لەگەڵمدا باش بووە، چونکە مامەڵەی ئەو لەگەڵ زۆرینەدا وایە: من بە هاوڕێی خۆمی دەزانم، چونکە جاروبار، هەروەک چۆن خەزێنەی زێڕ و زیوی خۆی بۆ ئەوانی تر دەکاتەوە، خەزێنەی بیرکردنەوە و ڕازەکانی دڵی بۆ من والا دەکات. پێم خۆشە بە هاوڕێی خۆمی بزانم، بەڵکو ئاسوودەم بەوە، چونکە سەرەڕای هەموو هەڵەکانی – کە ژمارەیان کەم نییە – پیاوێکی چاکە. نااڵێم تەنها خاوەنی دڵێکی میهرەبانە؛ چونکە هەندێکجار دڵمیهرەبانی هەرزانە. دەتوانیت سەبارەت بە ئیبن سعود ئەوە بڵێیت کە لەسەر خەنجەرێکی کۆنی دیمەشقی دەیڵێیت: چەکێکی چاکە، چونکە هەموو ئەو سیفەتانەی تیادایە کە لە چەکێکی وەهادا داوای دەکەیت. لەبەر ئەمەیە ئیبن سعود بە پیاوێکی باش دەزانم. ئەو کەسێکی پێگەیشتووە و لەناو خۆیدایە، هەمیشەیش بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات: زۆری هەڵەکانی هی ئەوەیە هەوڵ نادات کەسی تر بێت، بەڵکو خۆیەتی.

یەکەم دیدارم لەگەڵ پاشا عەبدولعەزیز ئیبن سعوددا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ١٩٢٧ لە مەککە، پاش چەند مانگێک لە موسوڵمانبوونم.

بەهۆی مەرگی لەناکاوی هاوسەرەکەمەوە، کە لەو یەکەمین گەشتەمدا بۆ مەککە هاوسەفەرم بوو، بێتاقەت و گۆشەگیر بووم. هەموو کۆششێکم بۆ دەرچوون بوو لە چاڵی تاریکی و پەژارە. زۆرینەی کاتەکانم لە ژوورەکەمدا بووم؛ بەرکەوتنم لەگەڵ چەند کەسێک زیاتردا نەبوو، تەنانەت بانگی نەریتیی پاشایشم فەرامۆش دەکرد. پاشان ڕۆژێکیان، کاتێک سەردانی میوانێکی بێگانەی ئیبن سعودم دەکرد – میوانەکە حاجی ئاگۆس سالمی ئەندەنوسیا بوو – پێم گوترا بە فەرمانی پاشا ناوی منیش لەگەڵ ناوی میوانەکاندا نووسراوە! وا دەردەکەوێت لە هۆکاری خۆگرییەکەم تێگەیشتبێت و بە بێدەنگی قبووڵی کردبێت. بەم شێوەیە، وەکو میوانێک کە هەرگیز ڕوخساری خانەخوێکەی نەدیوە، پێم خستە ناو خانوویەکی ڕازاوەوە لە باشووری مەککە لە نزیک ئەو تەنگەڵانەی ڕێگەی بەرەو یەمەنی پیادا دەڕوات. لە هەیوانەکەوە زۆربەی شارەکەم لێوە دیار بوو: منارەکانی مزگەوتە گەورەکە، هەزاران ماڵی سپیی شەشپاڵوواییم دەبینی سەقفەکانیان خشتی ڕەنگین بوو، هەروەها گردە مردووەکانم لە بیاباندا دەبینی، کە ئاسمانی درەوشاوە بووبوو بە گومەز بۆیان.

هێشتایش دڵم لەسەر بانگێشتەکەی پاشا نەبوو و حەزم دەکرد نەچم، بەڵام دیداری ئەمیر فەیسەڵ، کوڕی دووەمی پاشا، لە کتێبخانەیەکی خوار مزگەوتە گەورەکە دڵی گۆڕیم. دانیشتن لەو ژوورە درێژ و باریکەدا، کە پڕ بوو لە دەستنووسی کۆنی عەرەبی و فارسی و تورکی، چێژێکی تایبەتی هەبوو؛ هێمنی و تاریکییەکەی ئارامیان کردمەوە. بەڵام ڕۆژێکیان بە هاتنی کۆمەڵێک پیاو و هەندێک پاسەوانی چەکدار بێدەنگییەکە شکا: ئەوە ئەمیر فەیسەڵ و داروودەستەکەی بوون، لەسەر ڕێی کەعبە بوون و لە کتێبخانەکە لایاندابوو. ئەو پیاوێکی باریکەڵە و باڵابەرز بوو، ڕێز و شکۆکەیشی لە سەرووی جەستە ٢٢

سالّەکەی و ڕوخسارە بێڕیشەکەیەوە بوو. سەرەڕای لاوێتییەکەی، پاش ئەوەی باوکی ولّاتەکەی گرت، واتە دوو سالّ لەوەوبەر، پێگەی بەرزی جێگری پاشای لە حیجاز پێدرابوو (بڕا گەورەکەی، شازادەی جێنشین سعود، جێگر بوو لە نەجد، خودی پاشایش شەش مانگێکی لە مەککە، واتە پایتەختی حیجاز، بەڕێ کردبوو و شەش مانگێکیش لە ڕیاز، واتە پایتەختی نەجد).

خاوەنی کتێبخانەکە، کە زانایەکی لاوی مەککەیی بوو و ماوەیەک بوو هاوڕێ بووین، منی بە شازادە ناساند. تەوقەی لەگەڵدا کردم؛ کاتێکیش سەرم بۆ دانەواند، دەستی خستە سەر سەرم و بزەیەکی کرد:

"ئێمەی نەجدی باوەڕمان وایە نابێت مرۆڤ سەر بۆ کەسی تر دابنەوێنێت، سەردانەواندن و خۆنوشتاندنەوە تەنها بۆ خودایە."

لە کەسێکی میهرەبان، خەیاڵپەروەر، هەروەها شەرمن دەچوو – دواتر کە زیاتر لەگەڵیدا ئاشنا بووم، لەمە دڵنیا بوومەوە. هەوای ڕەسەنایەتی لەو کوڕەدا ساختە نەبوو، بەڵکو لە ناخیەوە هەڵدەقوڵا. کە ئەو ڕۆژە لە کتێبخانە ئەوم بینی، ئارەزووی دیداری باوکی لە دڵمدا بەهێز بوو.

ئەمیر فەیسەڵ گوتی، "پاشا بە دیدارت خۆشحاڵ دەبێت، بۆ ڕووی لێ وەردەگێڕیت؟"

ڕۆژی دواتر، سکرتێرەکەی ئەمیر ئۆتۆمبیلی بۆ دابین کردم و بردمی بۆ کۆشکەکەی پاشا. بە شەقامی موعەلادا تێپەڕین، بە ناو قەرەباڵغیی حوشترەکانی ئەوێدا تێپەڕین، دەشتەکی و فرۆشیارەکانمان بینی کە هەموو کەرەستەیەکی دەشتەکییان دەفرۆشت – زینی حوشتر، عەبا، فەرش، کونده، شمشێری زیو، خێمە و قۆریی قاوە – پاشان بە ڕێگەیەکی فراوانتر و بێدەنگتردا تێپەڕین، تا لە کۆتاییدا بەو ماڵە گەورەیەی پاشای تیادا بوو گەیشتین. ژمارەیەکی زۆر حوشتری زیندار لە پێشیەوە بوون، هەروەها ژمارەیەک کۆیلەی

چەکداریش لای قادرمەی چوونەژوورەوە وەستابوون. لە ژوورێکی گەورە و پایەداردا چاوەڕێم کرد، کە فەرشەکانی ناوی هەرزان بوون. دیوانی فراوان و ڕەنگین بەدی دەکران، هەروەها لە پەنجەرەکانەوە گەلاّ سەوزەکان دیار بوون: ئەوانە بەشی پێشەوەی باخێکی گەورە بوون، کە بە سەختییەکی زۆر لە خۆلّی ڕەقی مەککەدا گەورە کرابوو. کۆیلەیەکی ڕەش هات:

"پاشا بانگت دەکات."

چوومە ژوورێکەوە لەوە دەچوو کە خۆمی تیادا بووم، بەلاّم ئەمیان بچووکتر و ڕۆشنتر بوو، لایەکیشی بە تەواوەتی بە ڕووی باخەکەدا کراوە بوو. فەرشی گرانی فارسی زەوییەکەی داپۆشیبوو؛ لای پەنجەرەیەکەوە کە بەسەر باخەکەدا دەڕوانی، پاشا بە چوارمشقی لەسەر دیوانێک دانیشتبوو؛ لای قاچیەوە و لەسەر عەرزەکە، سکرتێرێک فەرمانی وەردەگرت. کاتێک چوومە ژوور، پاشا لەبەرم هەستا و هەردوو دەستی بۆ تەوقە درێژ کرد و گوتی:

"ئەهلەن وە سەهلەن" – "خانەوادە و ئاسانی" – کە بە مانای ئەوە دێت، "هاتوویتەتە ناو خانەوادەی خۆتەوە و ئومێد وایە پێت لەسەر زەمینێکی ئاسان دابنێیت و بە ئاسانی و بەبێ سەختی بیگوزەڕێنیت." ئەمە دێرینترین و گەرموگوڕترین شێوازی بەخێرهاتنی عەرەبییە.

بۆ ساتێک بە بالاّ بلّندەکەی ئیبن سعود سەرسام بووم. کاتێک (ئەوکات شارەزای دابونەریتی نەجد بووم) سەری لووت و ناوچاوی ئەوم ماچ کرد، سەرەڕای ئەوەی بالاّم مەتر و هەشتاودوو سەنتیمەنتر بوو، ناچار بووم لەسەر نوکی پێم ڕابوەستم، ئەویش سەری شۆڕ بکاتەوە. پاشان بە ئاماژەیەکی پۆزشئامێزەوە بەرەو لای سکرتێرەکە، دانیشت و منیشی لای خۆیەوە لەسەر دیوانەکە دانیشتاند.

"یەک خولەک، وا نامەکە خەریکە تەواو دەبێت."

لە کاتێکدا بە دەنگێکی نزم بە سکرتێرەکەی دەگوت چی بنووسێت، گفتوگۆیەکی لەگەڵ منیشدا کردەوە، هەرگیز دوو بابەتەکەیشی تێکەڵ نەکرد. پاش چەند قسەیەکی فەرمی، نامەیەکی پێشەکیم پێشکەش کرد. دەستی بە خوێندنەوەی کرد – واتە سێ کاری لە یەک کاتدا ئەنجام دەدا – پاشان بەبێ وەستان لە باسی نامەکە و باسکردنی حاڵی من، داوای قاوەی کرد.

ئەوکات دەرفەتی زیاترم هەبوو بۆ ئەوەی لێی ڕابمێنم. جەستەی ڕێک بوو، بە جۆرێک تەنها کاتێک هەڵدەستا هەستت بە قەبارە گەورەکەی دەکرد – وا هەست دەکەم مەترێک و نەوەدوهەشت سەنتیمەتر بووبێت. ڕوخساری، لە شکڵی باوی سووروسپیی کوفییەدا بوو و عەگاڵێکی دەزوو ئاڵتونیی لە سەردا بوو، کە زۆر پیاوانە دەردەکەوت. ڕیش و سمێڵی لەسەر ستایلی نەجدی کورت کرابوویەوە؛ تەوێڵی فراوان بوو، لوتیشی پتەو و بازئاسا بوو، دەمیشی لە هەندێکساتدا لە ناسکییەکەیدا ژنانە دەردەکەوت، بەڵام وای نەدەکرد خۆی نەرم دەربکەوێت. کاتێک دەدوا ڕوخساری ئەندامەکانی ڕووی جوڵەیەکی زیندوویان تێدەکەوت، کەچی کۆی ڕوخساری خەمبار دەردەکەوت، هەروەکو ئەوەی لە تەنهاییەکی ناوەکیدا گیری خواردبێت. جوانییە سەرنجڕاکێشەکەی ڕوخساری بەهۆی دەربڕینە ناڕوونەکەی چاوی چەپییەوە تۆزقاڵێک کەم دەبوویەوە، کە تیایدا پەڵەیەکی سپی بەدی دەکرا. دواتر لە هۆکاری ئەو پەڵەیە تێگەیشتم، کە زۆرینەی خەڵک وایاندەزانی هۆکاری سروشتیی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بەهۆی ڕووداوێکی خەمینەوە دروست بووبوو.

چەند ساڵێک لەوەوبەر، لە کازیوەی دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ هۆزی ئیبن ڕەشیددا، یەکێک لە هاوسەرەکانی ژەهری خستە ناو بخوری دەفرێکەوە – جۆرە دەفرێک کە لە مەراسیمەکانی حیجازدا بەکار دەهێنرێت - تاکو بیکوژێت. بەپێی نەریت، یەکەمجار بخورەکە برایە لای پاشا. کاتێک پاشا ئیبن سعود گرتی بە دەستیەوە و بۆنێکی کرد، یەکسەر هەستی کرد شتێکی تیادایە و دەفرەکەی کوتا

به زەمینـدا. بەهـۆی وریـاییەکەوە لە مەرگ قوتـاری بـوو، بەڵام زیـان بە چـاوی چەپی گەیشت و نیوەنابینا بوو. لەبری ئەوەی تۆڵەیش لەو ژنە بێڕەحمە بکاتەوە، کە بێگومـان زۆرێکـی تـر لەو پێگەیەی ئەودا تۆڵەیـان دەکـردەوە، گـوتی ژنەکە کەوتـووەتە ژێـر کـاریگەریی قسـەی خـانەوادەکەیەوە، واتە خـانەوادەی ئیـبن ڕەشـید. ئەوە بـوو تەنهـا لێـی جیـا بـوویەوە و نـاردییەوە بـۆ لای خـانەوادەکەی، هەروەها دیاری و ئاڵتونیشی پێ بەخشی.

پـاش دیـداری یەکەم، زۆربەی ڕۆژەکـان دەینـارد بە دوامـدا. بەیانییەکیـان بە ئومێدی داواکارییەکەوە چووم بۆ لای، بەڵام پێم وانەبوو داواکەم قبووڵ بکات، چـونکە بە گشـتی ڕێـگەی بە بێگانەکـان نەدەدا بەرەو خـوارەوەی وڵات، واتە نەجد، گەشت بـکەن. هەرچۆن بێت، کاتێـک لە هزری خۆمدا دەمهێنـا و دەمبرد چـۆن بـابەتەکە بـکەمەوە، نیگـایەکی تیـژی بەرەو لای مـن کـرد و، بە بـزەیەکەوە هەروەکو ئەوەی بیرکردنەوەکانمی خوێندبێتەوە گوتی:

"مـوحەممەد، بـۆچی لەگەڵـمان نایەیـت بـۆ نەجـد و چەنـد مانگێـک لە ڕیـاز بمێنیتەوە؟"

واقـم وڕمـابوو، ئامـادەبوانی تـریش بە هەمـان شـێوە. ئەو بانگهێشـتە دەستبەجێیەی بێگانەیەک پێشتر نەبینرابوو.

بەردەوام بـوو: "پـێم خۆشـە مـانگی داهـاتوو لەگەڵمدا بە ئۆتۆمبێـل گەشـت بکەین."

هەناسـەیەکی قوڵم دا و گوتم: "خودا تەمەنت درێژ بکات ئـیمام، بەڵام ئەوە چ سـوودێکی بۆ مـن دەبێت؟ چ کەڵکێکی دەبێت بە پێنج شـەش ڕۆژ لە مەککەوە بچـمە ڕیـاز، لە کاتێکـدا هەمـوو ئەوەی لە وڵاتەکەی تـۆ دیـومە تەنهـا بیابـان، تەپۆڵکەی لمین، هەروەها هەندێک مرۆڤ بوون لە ئاسـۆدا، کە ڕەنگە سـەرابیش بووبێتن... ئەگەر گلەییت نەبێت، خوا تەمەندرێژت بکات، گەشتکردن بە حوشتر بۆ من گونجاوترە."

ئیبن سعود پێکەنی: "توانات هەیە چاو لە چاوی دەشتەکییەکانم ببڕیت؟ دەبێت ئاگادارت بکەمەوە: ئەوان کەسانێکی دواکەوتوون، نەجدی نیشتیمانیشم زەمینێکی نەرمونیان نییە، زینی حوشتریش ڕەق و خواردنیش دەگمەن دەبێت – جیا لە برنج و خورما، جاروباریش گۆشت، هیچت دەست ناکەوێت. بەڵام چی تیادایە؟ با وەها بێت. مادام دڵت لەسەر حوشترسواریە، حوشترسوار بە. ئومێد وایە لە ناسینی خەڵکەکەم پەشیمان نەبیتەوە: ئەوان هەژارن، نە هیچ دەزانن، نە خۆشیان هیچن – بەڵام باوەڕ لە دڵیاندا سەرڕێژ دەکات."

پاش چەند حەفتەیەک، کاتێک پاشا حوشتر و کەلوپەل و خێمە و ڕێنیشاندەری بۆ دابین کردم، بەرەو ڕیاز بەڕێ کەوتم و دوای دوو مانگ گەیشتم. ئەوە یەکەمین گەشتم بوو بەرەو خوارەوەی عەرەبستان؛ یەکەم گەشت لەو هەموو گەشتە: چونکە ئەو چەند مانگەی پاشا باسی کردن، بوون بە چەند ساڵ – مانگەکان، چەند ئاسان بوون بە ساڵەکان! بەڵام هەموو کاتەکە لە ڕیاز نەبووم، بەڵکو کونوقوزبنی عەرەبستان گەڕام. چیتر هەستم بە ڕەقی زینیش نەدەکرد...

پیاوە ڕوخسارتیژەکە گوتی، "خودا تەمەنی شا عەبدولعەزیز درێژ بکات. ئەو دەشتەکییەکانی خۆش دەوێت و دەشتەکییەکانیش ئەویان خۆش دەوێت."

لە خۆمم پرسی، "چۆن خۆشیان نەوێت؟" دەستکراوەیی و بەخشندەیی شا بەرانبەر دەشتەکییەکان بووە بە تایبەتمەندییەکی دیاری حکومەتداریی ئەو: تایبەتمەندییەکی زۆر خوازراویش نا، چونکە دیاریەکانی ئیبن سعود بەسەر سەرۆکهۆز و شوێنکەوتەکانیاندا وای لێ کردبوون پشت بەو ببەستن و بە دەستی خۆیان هەوڵی باشترکردنی دۆخی خۆیان نەدەن، بگرە خزابوونە ناو دۆخی دەستپانکردنەوەوە و بە تەمبەڵی و نەزانی خۆیان قایل بووبوون.

بە درێژایی گفتوگۆکەم لەگەڵ پیاوی ڕوخسارتیژ، زەید بێسەبر دەردەکەوت. لە کاتێکدا لەگەڵ یەکێک لەواندا دەدوا، نیگای چاوی لەسەر من لانەدەبرد،

وەکو ئەوەی بڵێت ڕێگە درێژە، تێڕامان و باسی ڕابردوویش حوشترەکان خێرا ناکەن. لە هۆزەکە جیا بووینەوە. دەشتەکییەکانی شەمەر بەرەو ڕۆژهەڵات چوون و هەرزوو لە پشتی تەپۆڵکە لمینەکانەوە ون بوون. لەو شوێنەوە کە ئێمە لێی وەستابووین، دەنگی چریکەی یەکێکیان دەهات، کە گۆرانی بۆ حوشترەکەی دەچڕی تاکو بجوڵێ و تاکئاوازیی گەشتەکەی بشکێنێت؛ من و زەیدیش ڕوومان لە ڕۆژئاوا بوو بەرەو تەیمە، لەگەڵ دوورکەوتنەوەیشماندا دەنگی چریکەکە نەما، بە نەمانی چریکەکەیش بێدەنگییەکە گەڕایەوە.

(٣)

"تەماشا بکە،" دەنگی زەید بێدەنگییەکەی شکاند: "ئەوە کەروێشکێکی کێوییە."

کاتێک ڕووم وەردەگێڕم، وەکو تارماییەک لاشەی ڕەساسیی کەروێشکەکە دەبینم کە دەچێتە پشتی پوش و پەلاشەکەوە، زەیدیش دادەبەزێت و قۆچەقانێکەی، کە بە قەراغی زینی حوشترەکەدا شۆڕ بووەتەوە، دەکاتەوە. شوێنی کەروێشکەکە دەکەوێت و قۆچەقانێکە بادەدات، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا کە دەیەوێت بەردەکە بهاوێت، قاچی لە دەوەنێکی حەمز دەئاڵێت و لەسەر دەم دەکەوێت – کەروێشکەکەیش لەبەرچاو ون دەبێت.

وەختێک زەید هەڵدەستێتەوە و بێتاقەتانە سەیری قۆچەقانێکەی دەکات، پێی دەڵێم، "ژەمێکی خۆشمان لەدەست چوو، بەڵام گوێی مەدەرێ زەید، دیارە ڕزقی ئێمە نەبووە..."

زەید بەبێ گوێپێدان و بە تۆزێک شەلینەوە دەڵێت، "نا، دیارە ڕزقی ئێمە نەبووە."

"زەید، ئازارت گەیشت؟"

"هیچ نییە، پاژنەم وەرگەڕا. تۆزێکی تر چاک دەبێتەوە."

بەڵام چاک نابێتەوە. کاتژمێرێک تێدەپەڕێت و بێتاقەتی و ئازار لە ڕوخساری زەیددا دەبینم؛ کاتێکیش سەیری قاچی دەکەم، دەبینم پاژنەی خراپ بریندار بووە و ئاوساویشە.

"کار وا ناڕوات زەید. با لێرەدا خێمە هەڵبدەین؛ ئەمشەو لێرە پشوو بدەین چاک دەبیتەوە."

بە درێژایی شەوەکە، زەید لە تاو ئازار ئەمدیودیو دەکات. کازیوە زۆری ماوە و زەید بێدار بووەتەوە، جولّە لە ناکاوەکەی منیش لە خەوە نائاسوودەکەم بێدار دەکاتەوە.

زەید دەڵێت، "یەک حوشتر دیارە." کاتێک سەیری چواردەوری خۆمان دەکەین، دەبینین یەکێک لە حوشترەکان – ئەوەکەی زەید – دیار نەماوە. زەید هەوڵ دەدات سواری حوشترەکەی من ببێت و بۆ ئەوەی خۆی بگەڕێت، بەڵام بەهۆی ئازاری قاچیەوە بە زۆریش لەسەر قاچەکانی ڕاناوەستێت، چ بگات بە ڕۆیشتن و سەرکەوتن و دابەزین.

"زەید، تۆ پشوو بدە، من دەڕۆم؛ بە شوێنپێی حوشترەکەمدا دەتوانم ڕێگەی گەڕانەوەم بدۆزمەوە." پێش هەڵهاتنی خۆر، بەڕێ دەکەوم و بە شوێنپێی حوشترە ونبووەکەدا دەڕۆم.

کاتژمێرێک بەبێ وەستان لە جولّەدام؛ دوو کاتژمێر؛ سیان: بەڵام شوێنپێی ئاژەڵە ونبووەکە کۆتایی نایەت، هەر دەڵێیت لە دڵیدا مەنزڵێک هەبووە. کات دەگاتە نزیکی نیوەڕۆ و بۆ پشوویەک دادەبەزم، چەندە خورمایەک و قومێک ئاو لە کوندەکەم دەخۆمەوە. خۆر بەرزە، بەڵام گەرمیەکەی ئەوتۆ نییە. هەورە بۆرەکان، کە دەرکەوتنیان لەم کاتەی سااڵدا نائاساییە، خۆیان بە ئاسماندا هەڵواسیوە؛ هەوایەکی قورس و ئەستور دەوروبەری بیابانەکە دەدات و لێواری تەپۆڵکە لمینەکان نەرم دەکاتەوە.

جولّەیەکی سەیر لەسەر لوتکەی گردە لمینەکەی بەردەوم نیگام ڕادەکێشێت – ئەوە ئـاژەڵە؟ حوشـترە ونبـووەکەیە؟ بەڵام کاتێـک جـوانتر تەماشـا دەکەم، بـۆم دەردەکەوێت جولّەکە لەسەر گردە لمینەکە نییە، بەڵکو لێواری گردە لمینەکەیە: لێوارەکە دەجولّێت، بۆ کوێیش؟ زۆر بە هێواشی بۆ پێشـەوە دەجولّێت – پاشان وەکـو لێواری شـەپۆلێکی هێواش بەرەو لای من دێت. تـاریکییەکی سـورباو لە پشت گردەلمینەکەوە لە ئاسـماندا دەردەکەوێت؛ لەژێر ئەم سورباوییەوە، لێوارەکە تەڵخ دەبێت، وەکو ئەوەی پەردەیەک دادرابێتەوە؛ هەروەها تاریک و ڕوونێکی سورباویش بیابانەکە دەگرێت. هەورێکی لمین بەرەو ڕووم دێت، لە ناکاویشـدا بـایەکە لە هەمـوو لایەکەوە دەگرمێنێـت و لە دۆڵەکـان دەدات. هەرچـی لمـی بەرچاوی بیابانەکەیە دەچێتە پاڵ ئەو جولّە کەمەی لە لوتکەی گردەکەوە دەستی پـێ کـرد. لە مـاوەی چەنـد خولەکێکـدا، ئاسـمان بە ڕەنگێکـی ژەنگـاوی-قـاوەیی تاریک دەبێت و هەوا پڕ لە تەپوتۆز دەبێت و بەری خۆر دەگرێت. گومانی تیادا نییە ئەمە گێژەڵوکەی لمینە.

حوشـترە دانیشـتووەکەم، کە زۆریـش ترسـاوە، دەیەوێـت هەسـتێتەوە. بە لغاوەکەی ڕێگری لێ دەکەم، نایشتوانم خۆم بە ڕێکی لە بەرانبەر گێژەڵوکەکەدا ڕابوەسـتم، بەڵام هەرچۆنێـک بێـت ئەژنـۆی حوشـترەکەم دەنوشـتێنمەوە و جێگیرتـری دەکەم. پاشـان خـۆم بە زەویـیەکەدا دەدەم و عەبـاکەم بەسـەر خۆمـدا دەدەم. ڕوخساری خۆم لە حوشترەکە تونـد دەکەم تـاکو بە تەپوتۆزەکە نەخنکێم. هەست دەکەم حوشترەکەیش قەپۆزی لە شانی من تونـد دەکات، گومانیشم نییە لەبەر هەمـان هۆکـارە. زووزوو تەپوتـۆز لەو درزانەوە دێنە ژووڕەوە کە لاشـەی ئـاژەڵەکەم داینەپۆشـیون، بـۆیە زووزوو ئەمـدیودیو دەکەم تـاکو نەبـم بە ژێـر خۆڵەوە.

زۆر نیگەران نیم، چونکە ئەوەڵین جار نییە لە بیابانـدا تووشی گێژەڵوکە ببم. بۆیە کە ئـاوا لەسـەر زەمینەکە خۆم جێگیـر کردووە و عەبـاکەم لە خۆم پێچـاوە،

تەنها ئەوە دەمێنێت چاوەڕێ بکەم و گوێ لە گفتەی ڕەشەباکە بگرم و هەست بە شەکانەوەی عەباکەم بکەم وەکو ئالآیەک لەبەر بادا – وەکو ئالآی ئەو دەشتەکییانەی لە کاتی جەنگدا بەرز دەکرێتەوە: هەروەکو چۆن پێنج سالّ لەمەوبەر لەناو سوارچاکەکانی نەجددا – هەزاران بوون، منیش یەکێک بووم لەوان - دەشەکانەوە، کاتێک پاش حەج لە عەرەفاتەوە بۆ مەککە دەهاتینەوە. ئەوە دووەم حەجم بوو. سالّێکم لە خوارەوەی نیمچەدورگە بەسەر بردبوو و لە کاتی خۆیدا گەڕابوومەوە بۆ مەککە، تاکو بەشداری لە کۆبوونەوەی حاجیانی کێوی عەرەفاتدا بکەم، کە دەکەوێتە ڕۆژهەلآتی شارە پیرۆزەکەوە؛ کاتێکیش لە عەرەفاتەوە هاتمەوە، خۆمم لەناو نەجدییە دەشتەکییە سپیپۆشەکاندا بینییەوە کە بە سواری حوشترەوە بە تەختاییەکی تەپوتۆزاویدا دەڕۆیشتن – دەریایەک لە پیاوی سپیپۆش لەسەر حوشتری زەردی هەنگوینی، ڕەساسیی ئالّتونی، هەروەها قاوەیی سوورباو. غارغارێن و هەنگاوهەلّهێنانی زەمینلەرزێن و نەڕێنەری ئەو هەزاران حوشترە وەکو شەپۆلێکی بەرپێنەگیراو دەهاتە بەرچاو – ئالآی هۆزەکان لە ئاسماندا دەشەکانەوە و گفتیان دەهات، هاواری هۆزە جیاوازەکانیش، کە بریتی بوون لە ناوهێنانی هۆزەکان و باسی شکۆمەندییەکان، وەکو شەپۆلێک بەرز دەبوونەوە و دەگەڕانەوە: دەی ئاخر لای نەجدییەکان، پیاوانی بەرزاییەکانی ناوەڕاستی عەرەبستان، جەنگ و حەجکردن لە هەمان سەرچاوەوە هەلّدەقوڵێن... حاجییە بێشوومارەکانی وڵاتانی تریش – میسڕ، هندستان، ئەفریقای باکوور و جاڤە – بەو دابونەریتە ڕانەهاتبوون، بۆیە شلّەژان و ڕێگەکەیان چۆڵ کرد: ئاخر ئەو کەسەی لە بەردەم خاوەنماڵی بروسکەئاسادا ڕابوەستێت، چۆن ڕزگاری دەبێت؟ چارەنووسی ئەو کەسەی لە بەردەم ئەو بروسکەیەدا ڕابوەستایە، لە چارەنووسی ئەو سوارچاکە دەچوو کە لە ناوەندی غارغارێنی هەزاران سوارچاکدا لەسەر زینەکەی بکەوێتە خوارەوە و ببێت بە ژێر پێوە.

ئەو سوارچاکییە هەرچەندە شێتانە بووبێت، منیش تیایدا بەشدار بووم، بەڵکو تیایدا دێوانە بووم و خۆم دایە دەست هەڵمەت و هاوار و نەڕاندنەکەوە، کانیاوی شادییش لە هەموو درزێکی دڵیشمەوە هەڵدەقوڵا – ئەو بایەیشی کە بە لای ڕوخسارمدا تێدەپەڕی بە بێدەنگی تێنەدەپەڕی، بەڵکو گۆرانیی بۆ دەگوتم: "تەواو، هەرگیز جارێکی تر ناوی بێگانە بە تۆوە نالکێت... تۆ ئیتر لەناو گەل و مانی خۆتدایت!"

لە کاتێکدا خۆم کردووە بە ژێر عەبا شەکاوەکەمەوە، نەڕەی گێژەڵوکە دەنگ دەداتەوە: "تەواو، هەرگیز جارێکی تر ناوی بێگانە بە تۆوە نالکێت..."

چیتر بێگانە نیم: عەرەبستان بووە بە نیشتیمانی من. ڕابردووە ڕۆژئاواییەکەم لە خەونێکی دوور دوورترە – هێندە نارِاست نییە کە بیر بچێتەوە، هێندەیش ڕاست نییە بەشێک بێت لە ئێستام. بابەتەکە ئەوە نییە ئالودەی خۆشگوزەرانی بووبێتم. نەخێر، بە پێچەوانەوە هەرکاتێک چەند مانگێک لە شارێکدا دەمێنمەوە – بۆ نموونە لە مەدینە، کە لەوێ ژنێکی عەرەب و منداڵێکی ساوا و کتێبخانەیەکم هەیە پڕە لە کتێب سەبارەت بە سەرەتای مێژووی ئیسلام – بێتاقەت دەبم و دڵم داوای جوڵە دەکات، داوای هەوای وشک و تیژی بیابان دەکات، داوای بۆنی حوشترەکان و هەستی بەرکەوتنی زین دەکات. مایەی سەرنجە، ئەو ئارەزووی گەڕانەی بە درێژایی ژیانم ئۆقرەی لێ بڕیوم (ئێستا سیودوو ساڵم) و بەرەو دونیایەک بەرکەوتن و مەترسیم دەبات، زادەی تینوێتی نییە بۆ سەرکێشی، بەڵکو هەڵقوڵاوی ئارەزووی دۆزینەوەی شوێنی ئارامی خۆمە لە دونیادا – گەیشتن بە خاڵێک تیایدا ئەوەی ڕووەدات ببەستمەوە بەوەی کە بیری لێ دەکەمەوە و هەستی پێ دەکەم و ئارەزووی دەکەم. ئەگەر بە ڕاستی لەمە تێبگەم، ئەوە ئەم ئارەزووی دۆزینەوە دەروونی و ناوەکییەیە کە منی بەرەو جیهانێکی جیاواز بردووە، جیهانێکی جیاواز لە ڕواڵەت و بۆچوونداً، جیاواز لە هەموو ئەوەی دەکرا لەدایکبوون و پەروەردە ئەوروپییەکەم بۆمی

ئاماده کردبێت...

کاتێک گێژەڵوکەکە دەڕەوێتەوە، خۆم لەو تەپوتۆزەی لەسەرم کۆبووەتەوە دەتەکێنم. نیوەی لاشەی حوشترەکەم لە لمدایە، بەڵام ئاشکرایە ئەزموونی زۆر لەمە سەختتری کردووە. لە سەرەتادا، وا دەردەکەوێت گێژەڵوکەکە جیا لە پڕکردنی دەم و لوت و گوێم لە لم، هەروەها بردنی پێستی مەڕی زینەکەم، زیانێکی ئەوتۆی نەگەیاندبێت. زۆر ناخایەنێت تێدەگەم لە هەڵەدام.

شکڵی هەموو گردە لمینەکانی دەوروبەرم گۆڕاون. گێژەڵوکەکە ڕێگەکەی خۆم و شوێنپێی حوشترە ونبووەکەیشی شێواندووە. لەسەر زەمینێکی پاکیزە و نوێ ڕاوەستاوم.

ئەوەی ئێستا ماوەتەوە گەڕانەوەیە بۆ لای خێمەکە – یان لانی کەم هەوڵدان بۆ ئەوە – لەمەیشدا دوو یارمەتیدەرم هەیە: خۆر و هەستی ناوەکیم بە ئاڕاستەکان، کە بڕیتییە لە غەریزەی کەسێک کە گەشتی زۆری بە بیابانـدا کردبێت. بەڵام ئەم دوو هاوەڵە بە تەواوەتی پشتپێبەستراو نین، چونکە گردە لمینەکان ناهێڵن لەسەر هێڵێکی ڕاست بڕۆیت و ئەو ئاڕاستەیەی بپارێزیت کە لای خۆت دیاریت کردووە.

گێژەڵووکەکە تینووی کردووم، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەرەتای گەشتەکەمدا وامزانی تەنها چەند کاتژمێرێکم پێ دەچێت، هەرزوو دواهەمین دڵۆپی ناو کونده بچووکەکەمم خواردەوە. هەرچۆن بێت، ناکرێت خێمەکە زۆر دوور بێت؛ ئەگەرچی حوشترەکەیشم دوو ڕۆژ لەمەوبەر، کاتێک لای بیرەکە لاماندا، ئاوی خواردووەتەوە، زیتەڵەیە و متمانەم پێیەتی بمباتەوە. ڕووی لوتی دەکەمە ئەو شوێنەی باوەڕم وایە خێمەکەی لێیە، ئەوجا گورج دەکەوینە جوڵە.

کاتژمێرێک تێپەڕی، دوان، ئەوە بوو بە سێ، کەچی نە شوێنەواری زەید دیارە، نە هی ناوچەی خێمەکەمان. هیچ یەکێک لەم گردە پرتەقاڵییانە ئاشنا

دەرناکەون؛ تەنانەت ئەگەر گێژەڵووکەکەیش نەبوایە، شتێکی وەهایان تیادا نەدەبوو لە یەکتریان جیا بکاتەوە.

لە درەنگانی دوانیوەڕۆدا، ڕێم دەکەوێتە هەندێک بەردی گرانیت، کە لە بیابانەکەدا دەگمەنن، ئەوجا دەستبەجێ دەیاننناسمەوە: دوێنێ نیوەڕۆ، تاوێک پێش هەڵدانی خێمەکە تێیانپەڕاندن. دڵم داسەکی؛ چونکە گەرچی ئاشکرایە ئەو شوێنەم تێپەڕاندووە کە دەبوو بۆی بێم – دیارە بە چەند میلێک لێم ون بووە – وا دەردەکەوێت ئەگەر بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بڕۆم، بە ئاسانی زەید بدۆزمەوە، چونکە دوێنێیش هەر بەو ئاڕاستەیەدا هاتین.

وەکو بیرم دێتەوە، مەودای نێوان بەردەکان و خێمەکەمان سێ کاتژمێرێک بوو؛ بەڵام ئەوە سێ کاتژمێرم بڕی، کەچی نە شوێنەواری زەید دیارە، نە هی خێمەکە. دیسانەوە تێمپەڕاند؟ لە ڕۆیشتن بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بەردەوامم، جوڵەی خۆریشم بە وردی بەهەند وەرگرتووە؛ دوو کاتژمێری تریش تێپەڕی، نە خێمەیش دیارە نە زەید. کاتێک چادری شەو دونیا تاریک دەکات، بڕیار دەدەم بەردەوامبوون بێسوودە؛ باشتر وایە پشوو بدەم و چاوەڕێی ڕۆشنایی بەرەبەیان بم. لە حوشترەکەم دادەبەزم و دەیبەستمەوە، هەوڵ دەدەم چەند خورمایەک بخۆم، بەڵام زۆرم تینووە، بۆیە دەیاندەم بە حوشترەکە و سەرم دەخەمە سەر جەستەی.

دەکەومە ناو وەنەوزی پچڕپچڕەوە: نە بە تەواوەتی خەوتووم، نە بە تەواوەتی بێدار، بەڵکو لە زنجیرەیەکی حاڵەتی خەونیدام. ماندوویەتییەکەم دەمخەوێنێت، زۆر ناخایەنێت تینوێتییەکەم بێدارم دەکاتەوە؛ لە یەکێک لەو جێگەیانەیشدا کە مرۆڤ حەز ناکات تەماشای بکات و خۆی لێ گێل دەکات، پارچەیەک ترس هەیە: چیم لێ بەسەر دێت ئەگەر زەید و کوندەی ئاوەکان نەدۆزمەوە؟ چونکە ئەوەندەی بزانم بۆ گەیشتن بە ئاو و ئاوەدانی، بە هەر لایەکدا بڕۆم هەر چەند ڕۆژێکم پێ دەچێت.

لە کازیوەدا، دەست پێ دەکەمەوە. شەوەکەی حسابم کرد زیاد لە پێویست

بەرەو باشوور هاتووم، بۆیە خێمەکەی زەید دەبێت لە باکوور یان باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بێت. بۆیە بە برسێتی و تینوێتییەوە بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات دەجوڵێین، بەسەر گردە لمینەکاندا پێچاوپێچ دەڕۆین. لە نیوەڕۆدا پشوویەک دەدەین. زمانم بە مەڵاشومەوە نووساوە و لە دەممدا وەکو چەرمێکی کۆن و لۆچ وایە؛ گەرووم ترشە و چاوەکانیشم سور بوونەتەوە. سەرم لەسەر گەدەی حوشترەکەمە و عەباکەم داوە بەسەر خۆمدا، هەوڵ دەدەم تاوێک بنووم، بەڵام ناتوانم. لە دوانیوەڕۆدا دەکەوینەوە جوڵە، بەڵام ئەمجارەیان مەیلەکە زیاتر بە لای ڕۆژهەڵاتدا دەکەوێت – چونکە دەزانم زیاد لە پێویست بەرەو ڕۆژئاوا هاتووین – بەڵام ئاوایش هەر خەبەرێک لە زەید و خێمەکە دەست ناکەوێت.

شەوێکی تر دێت. تینوێتی بووەتە ئەشکەنجە، ئارەزووی قومێک ئاویش بە جۆرێک فکرمی داگیر کردووە، ناتوانم بە ڕێکوپێکی بیر لە هیچشتێک بکەمەوە. بەڵام هەرزوو لەگەڵ تاریکوڕوونی ڕۆژێکی نوێدا، سواری حوشترەکەم دەبمەوە و دەکەومە ڕێ: بەیانییەک، نیوەڕۆیەک، دوانیوەڕۆیەکی تریش تێدەپەڕێنم. گەرمی و گردە لمینەکان. گردی لمین دوای گردی لمین، بەبێ کۆتایی. یان تۆ بڵێیت ئەمە کۆتایی بێت – کۆتایی هەموو ڕێگەکانم، کۆتایی هەموو گەڕان و دۆزینەوەکانم؟ کۆتایی گەیشتن بەو کەسانەی چیتر لە ناویاندا بێگانە نیم...؟ نزا دەکەم، "خودایە، لێمەگەڕێ بفەوتێم..."

دوانیوەڕۆکەی دەچمە سەر گردێکی بەرزی لمین، بەڵکو باشتر دیمەنەکان ببینم. کاتێک لەپڕێکدا لە ڕۆژهەڵاتەوە خاڵێکی تاریک دەبینم، دەمەوێت لە خۆشیدا بقیژێنم، بەڵام توانام نییە: دیارە ئەو خاڵە ڕەشە خێمەکەی زەیدە، کوندەی ئاوەکانن، بەڵێ دوو کوندە گەورە پڕ لە ئاوەکەن! کاتێک سواری حوشترەکەم دەبمەوە، ئەژنۆم دەلەرزێت. هێواش هێواش، بە وریاییەوە بەرەو خاڵە ڕەشەکە دەچین، کە بێگومان خێمەکەی زەیدە. ئەمجارەیان زۆر بە وریاییەوە دەجوڵێم، تاکو لێم تێک نەچێت: لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕۆم، بەرەو

سەرەوە بۆ سەر گردە لمینەکان، بەرەو خوارەوە بۆ دۆڵەکان، ئەمەیش زۆر زیاتر لە ڕۆیشتنی ئاسایی ماندووکەرە، بەڵام دڵم بەوە خۆشە لە ماوەی دوو کاتژمێرێکدا دەگەم بە ئامانجەکەم. لە کۆتاییدا، پاش تێپەڕاندنی دواهەمین گردی لمین، لە ئامانجەکە نزیک دەبینینەوە، بۆیە ڕادەوەستین و لەو خاڵە ڕەشە ڕادەمێنم کە نیومیل دوورە؛ لێرەدا دڵم خەریکە لە لێدان دەکەوێت: ئاخر ئەوەی لە بەرانبەرمە ئەو بەردە گرانیتانەن کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ زەددا تێپانپەڕاندن و دوو ڕۆژیش لەمەوبەر بە لایاندا تێپەڕیمەوە...

بە درێژایی دوو ڕۆژی تەواو، لە بازنەیەکدا خولاومەتەوە.

(٤)

کاتێک لەسەر زینەکەوە خۆم دەخزێنمە خوارەوە، تەواو ماندوو بووم. ئەوەندە ماندووم حوشترەکەم نابەستمەوە، حوشترەکەیشم زۆر لەوە ماندووترە بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە. دەگریم، بەڵام چاوە ئاوساو و وشکەکانم فرمێسک نارژێنن.

دواهەمین جار کەی بوو گریام... هەموشتێک لە ڕابردوویەکی دووردا نییە؟ هەموشتێک لە ڕابردوودایە و لە ئێستەیشدا هیچ نییە. تەنها تینوێتی هەیە، هەروەها گەرمی و ئازار.

نزیکەی سێ ڕۆژە چۆڕێک ئاوم نەخواردووەتەوە، حوشتەکەیشم پێنج ڕۆژە. ڕەنگە بتوانێت ڕۆژێک، یان دوانی تر هەڵمبگرێت؛ بەڵام ئەویش بتوانێت من ناتوانم ئەوەندە بمێنمەوە. ڕەنگە پێش ئەوەی بمرم شێت ببم، چونکە ئازارەکەی جەستەم فکر و هۆشمی شێواندووە، هەر دەڵێیت ئازارە جەستەیی و هزرییەکەیش شەڕیانە لەسەر ئەوەی یەکتری خراپتر بکەن و وێرانم بکەن...

دەمەوێت پشوو بدەم، بەڵام چاک دەزانم ئەگەر ئێستا پشوو بدەم، هەستانەوەم نابێت. زۆر لە خۆم دەکەم تا بچمەوە سەر زینەکە و بە لێدان و

شەق حوشترەکەم هەڵدەستێنمەوە؛ کاتێکیش حوشترەکەم هەڵدەستێتەوە و لەترێک بەرەو پێشەوە دەدات، نزیکە لەوەی بەر بمەوە، کاتێکیش بە دوادا دەکەوێت بە هەمان شێوە. ئەمجارەیان بە هێواشی و بە ئازارەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەچین: چ گاڵتەجارییەکە! "بەرەو ڕۆژئاوا" لە نێوانی ئەم گردە لمینە فریودەرانەدا چ مانایەکی هەیە؟ هەرچۆنێک بێت، من دەمەوێت بژیم، بۆیە دەڕۆین.

بە درێژایی شەوەکە لە جوڵەدا دەبین. دیارە دەوروبەری بەیانییە، کاتێک لەسەر زینەکەوە دەکەومە خوارەوە. خراپ ناکەوم؛ لەکە نەرمە و لەئامێزم دەگرێت. حوشترەکە تاوێک دەوەستێت، پاشان ئەژنۆکانی دەنوشتێنێتەوە و لە پاڵ مندا لێی دەکەوێت و ملیشی دەخاتە سەر لەکە.

لەبەر سێبەری تەنکی حوشترەکەدا، لێی ڕادەکشێم. عەباکەم لە خۆم دەئاڵێنم، تاکو گەرمیی خۆرەکە بێزارم نەکات، بەڵام هیچم لەگەڵ تینوێتی و ترسی ناخمدا پێ ناکرێت. چیتر ناتوانم بیر بکەمەوە. ناتوانم چاوەکانم بنوقێنم. هەموو جوڵەیەکی پێڵووەکانم وەکو دانانی کانزایەکی گەرمە لەسەر گلێنەکانم. تینوێتی و گەرمی؛ تینوێتی و بێدەنگیی وێرانکەر: بێدەنگییەکی وشک کە بە تەنهایی و نائومێدی گەمارۆت دەدات، هەروەها چریکەی خوێن لە گوێی تۆ و ئاهی جاروباری حوشترەکەدا تۆمار دەکات، وەکو ئەوەی ئەو ئاهانە دواهەمین دەنگی سەر زەوی بن، تۆ و ئاژەڵەکەیشت دواهەمین بوونەوەری نەگبەت و زیندوو بن.

لە سەرووی ئێمەوە، لە ناو گەرمییە مەلەوانەکەدا، داڵاشێک بە هێواشی بە ئاسماندا دەفڕێت و ناوەستێت، وەکو خاڵێکی ڕەش لە ئاسمانێکی بێڕەنگدا دەردەکەوێت.

قوڕگم ئاوساوە، گیراوە، هەروەها هەموو هەناسەیەکیش هەزار دەرزی لەسەر زمان دەجوڵێنێت – ئەو زمانە گەورەیەی نابێت بجوڵێت، بەڵام لە ئازاردا دەتلێتەوە و تاوێک بە دوادا، تاوێک بە پێشدا دەکەوێت، خۆی دەکێشێت بە

لێواره‌كانی زاره‌ وشكهه‌ڵاتووه‌كه‌مدا. هه‌موو گیانم گه‌رمه‌ و له‌ ئازاردایه‌. بۆ تاوێک، ئاسمانه‌ ستیلییه‌كه‌ له‌ به‌رده‌م چاوه‌ كراوه‌كانمدا تاریک ده‌بێت.

ده‌ستم سه‌ربه‌خۆ ده‌جوڵێت و بۆ تفه‌نگه‌ بچووكه‌كه‌ی پشته‌وه‌ی زینه‌كه‌ ده‌گه‌ڕێت. ده‌ستم له‌ تفه‌نگه‌كه‌ توند ده‌بێت، هزریشم بۆ تاوێک ڕۆشن ده‌بینێته‌وه‌ و پێنج فیشه‌ک ده‌بینێت، هه‌روه‌ها وێنای كۆتاییه‌كی خێرا بۆ ئازارێكی هێواش ده‌كات... شتێک له‌ ناخمدا ده‌چرپێنێت: بجوڵێ، خێرا بجوڵێ، تا له‌ پەلوپۆ نه‌كه‌وتوویته‌وه‌ تفه‌نگه‌كه‌ بێنه‌!

هه‌ست ده‌كه‌م لێوم ده‌جوڵێت و كۆمه‌ڵی وشه‌ی بێده‌نگ له‌ قوڵاییه‌كانی هزرمه‌وه‌ ده‌درکێنێت: "تاقیت ده‌كه‌ینه‌وه‌... بێگومان تاقیت ده‌كه‌ینه‌وه‌..." وشه‌ لێڵه‌كان هێواش هێواش ڕۆشن ده‌بنه‌وه‌ و شكڵی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیان وه‌رده‌گرن؛ ده‌رده‌كه‌وێت قسه‌كه‌ دوو ئایه‌تی قورئانن: بێگومان به‌ ترس و برسێتی و كه‌میی مانڵ و به‌روبوم تاقیتان ده‌كه‌ینه‌وه‌. به‌ڵام مژده‌ به‌ خۆڕاگران بده‌؛ ئه‌وانه‌ی ئه‌گه‌ر تووشی موسیبه‌تێک هاتن، ده‌ڵێن ئێمه‌ لای خوداوه‌ هاتووین، بۆ لای ئه‌ویش ده‌گه‌ڕێینه‌وه‌."[1]

هه‌مووشتێک گه‌رم و تاریکه‌؛ به‌ڵام هه‌ست به‌ شنه‌بایه‌كی فێنک و گڤه‌ی هێمنی ده‌كه‌م – گڤه‌ی شنه‌باكه‌ به‌ جۆرێكه‌ ده‌ڵێی له‌ دره‌ختێک ده‌دات له‌ ناو ئاوێكدا، ئاوه‌كه‌یش جۆگه‌یه‌كی ته‌مبه‌ڵ و نه‌جوڵاوی نێوان دوو ڕۆخی سه‌وزدا، له‌ نزیک ئه‌و ماڵه‌ی منداڵێتیم تیایدا به‌سه‌ر برد. من له‌سه‌ر ڕۆخی ئاوه‌كه‌ پاڵ كه‌وتووم، له‌وه‌یه‌ نۆ یان ده‌ ساڵ بم، لاسكی گیایه‌كم به‌ ده‌مه‌وه‌یه‌ و له‌ چاوه‌ گه‌وره‌ و خه‌وناوی و بێگوناهه‌كانمه‌وه‌ ته‌ماشای له‌وه‌ڕینی مانگا سپییه‌كان ده‌كه‌م. له‌ولاتره‌وه‌، خانمانی جوتیار خه‌ریكی كشتوكاڵ و بژارن. یه‌كێكیان

[1] وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٥ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ١٥٦

دەستەسرێکی سوری بە سەریەوە بەستووە و تەنورەیەکی شینی لەبەردایە، کە خەتـی سـوری تیـادایە. لە ڕۆخـی ئـاوەکەدا داربییەکـان بە پێـوە ڕاوەسـتاون، مراوییەکـی سـپییش بە نەرمـی لەسـەر ئـاوەکە دەخزێـت و دەیدرەوشـێنێتەوە. بـایەنی نەرم، وەکـو مشـەی ئاژەڵێـک، بەر ڕوخسـارم دەکەوێـت: بەڵـێ، مشـەی ئـاژەڵێکە؛ مانگـایەکی گەورەی سپی کە پەڵەی قاوەییشـی تیـادایە، لـێم نزیـک بووەتەوە و خۆیم تێدەژەنێت، مشـەی دێت، ئەمنیش هەست بە جوڵەی قاچەکانی لە تەنیشتم دەکەم.

چاوەکـانم دەکەمەوە، گـوێم لە مشـەی حوشـترەکەمە، هەروەهـا هەسـت بە جوڵەی قاچەکانی لە تەنیشتم دەکەم. حوشترەکەم هەستاوەتەوە، مـل و سـەری بەرز کردووەتەوە و کونەلوتەکانی فراوان بووون، وەکو ئەوەی بۆنێکی خۆش و چـاوەڕوانەکراوی لە هەوای نیـوەڕۆوە بـۆ هاتبێت. دیسـانەوە دەقرخێنێت، بـۆیە هەسـت دەکەم وروژانێـک لە ملیـیەوە بەرەو شـانەکانی و دواتـریش جەسـتە گەورەکەی دەچێت. بینیومە حوشتر ئاوا مشـەی بێت و بقرخێنێت کاتێک پاش ڕۆژانێکی زۆر لە گەشتکردن بۆنی ئاو دەکات؛ بەڵام خۆ لێرە ئاوی لێ نییە... یـان، تـۆ بڵێیـت لێـی بێـت؟ سـەرم هەڵـدەبڕم و تەماشـای ئەو شـوێنە دەکەم کە حوشترەکە سەیری دەکات. ئەو شوێنەی نیگاکانمانی تێگیراوە نزیکترین گردی لمینە لێمانەوە، لوتکەیەکی نزم لە بەردەم ئاسمانی فراوان و نەجوڵاو و بێدەنگدا. بەڵام دەنگێک هەیە! دەنگێکی کز دێت، لە لەرینەوەی شمشاڵێکی کۆن دەچێت، زۆر ناسک و زیکنە: دەنگی زیکنی دەشتەکییەک کە لە پێشەوەی کاروانێکدا و لەگەڵ تەپەی پێـی حوشـترەکاندا دەچریکێنێـت – هەر ڕێـک لەودیـو گـردە لمینەکەوە – بەڵام هەرزوو بۆم دەردەکەوێت هەرچەندە نزیک بێت، بۆ من و بۆ گەیشـتنی دەنگـی مـن دوورە. کۆمەڵێـک کەس لەوێ هەن، بەڵام نـاتوانم پێیـان بـگەم. زۆر لەوە لاوازتـرم هەسـتمەوە. هەوڵـی هـاوارکردن دەدەم، بەڵام لە گرمەیەکی گڕ زیـاتر هـیچم لێـوە دەرناچێت. پاشـان دەسـتم سـەربەخۆ دەسـت بە

گەڕان دەکاتەوە و تفەنگەکە دەدۆزێتەوە... بە چاوی هزریش پێنج فیشەک دەبینم.

هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم تاکو چەکەکە لە زینەکە دەربهێنم. میلهێنانەوەکە وەکو بەرزکردنەوەی چیایەک قورسە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەنجامی دەدەم. تفەنگەکە بە ستوونی لەسەر لمەکە ڕادەگرم و فیشەکێک دەتەقێنم. فیشەکەکە بە دەنگێکی باریکەوە بەرەو هەوا دەچێت. دیسانەوە میل دەهێنمەوە و تەقە دەکەم، پاشان گوێ ڕادەگرم. گۆرانیچڕینەکە دەوەستێت. بۆ تاوێک بێدەنگی ئەو ناوە دادەپۆشێت. لەپڕێکدا، سەری پیاوێک، پاشان شانەکانی لە لێوار گردە لمینەکەوە دەردەکەون؛ یەکێکی تریش لەگەڵیدا. بۆ تاوێک سەیری خوارەوە دەکەن، پاشان ئاوڕ دەدەنەوە و هاوارێک بۆ هاوەڵەکانیان دەکەن کە لە منەوە دیار نین، پاشان ئەوەیان کە لە پێشەوەیە خۆی بەرەو لای من دەخزێنێتە خوارەوە.

لە دەورم کۆدەبنەوە: پیاوێک، دوان، بەڵکو سێ پیاو – چ کۆبوونەوەیەکە دوای ئەو هەموو تەنهاییە - هەوڵ دەدەن هەڵمگرن، جوڵەی دەست و قاچیشیان سەیرە... لەسەر لێوەکانم هەست بە تێکەڵەی سوتان و بەستن دەکەم، وەکو ئەوەی ئاگر و سەهۆڵی لەسەر بێت، هەروەها ڕوخساری نوشتاوەی دەشتەکییەکی ڕیشن لە نزیک خۆمەوە دەبینم، کە پەڕۆیەکی تەڕ و پیس دەخاتە سەر دەمم. لە دەستەکەی تری پیاوەکەدا کوندەیەکی کراوەی ئاو هەیە. بە شێوەیەکی غەریزەیی دەستم بەرەو لای کوندەی ئاوەکە دەچێت، بەڵام دەشتەکییەکە بە نەرمی دەستم دەگەڕێنێتەوە، ئەوجا پەڕۆکە تەڕ دەکات و چەند دڵۆپێک دەخاتە سەر لێوەکانم. بۆ ئەوەی نەهێڵم ئاوەکە قوڕگم بسوتێنێت، ناچارم دانەکانم لە یەکتری گیر بکەم؛ بەڵام دەشتەکییەکە بە زۆر دانەکانم لە یەکتری جیا دەکاتەوە و چەند دڵۆپێکی تر دەکات بە قوڕگما. ئاو نییە ئەوە، قوڕقوشمی تواوەیە. بۆچی وام لێ دەکەیت؟ دەمەوێت لەو ئەشکەنجەیە ڕابکەم،

بەڵام ئەو شەیتانانە ناهێڵن... پێستم دەسوتێت، هەموو گیانم لەسەر ئاگرە. دەڵێی بە نیازن بمکوژن؟ ئای ئەگەر هێزم تیادا دەبوو تفەنگەکەم هەڵبگرم و بەرگری لە خۆم بکەم! بەڵام ناهێڵن هەڵبسمەوە: لەسەر پشت تەختم دەکەن و ناهێڵم دەمم دابخەم، ئینجا چەند دڵۆپێک ئاو دەکەنە دەممەوە و ناچاریشم قوتیان بدەم – مایەی سەرسامییە، ئەمجارەیان وەکو جاری پێشوو سوتێنەر نییە، پەڕۆ تەپڕەکەیش لەسەر سەرم هەستێکی خۆشی هەیە، کاتێکیش ئاو بە جەستەمدا دەکەن، بەرکەوتنی جلە تەپڕەکان و جەستەم خەنیم دەکات...

دیسانەوە تاریکایی، وا دەکەوم، دەکەومە ناو بیرێکی قووڵەوە، خێرایی کەوتنەکەیشم وا لە هەواکە دەکات بە خێرایی بە لای گوێمدا تێپەڕێت، تێپەڕینەکە دەبێت بە نەڕەیەک، نەڕەیەکی تاریک، تاریکم تاریک...

(٥)

...تاریک، تاریک، تاریکییەکی نەرم و بێدەنگ، تاریکییەکی باش کە وەکو بەتانییەکی گەرم لەئامێزت دەگرێت، هەروەها وات لێ دەکات ئارەزوو بکەیت هەمیشە ئاوا لەم ماندوویی و تەمبەڵی و خەوالوییەدا لەژێر ئەم بەتانییەدا بمێنیتەوە؛ پاشان چیتر پێویست ناکات چاوەکانت بکەیتەوە، یان قۆڵەکانت بجوڵێنیت؛ بەڵام قۆڵەکانت دەجوڵێنیت و چاوەکانت دەکەیتەوە: تەنها بۆ ئەوەی تاریکی لە سەرووی خۆتەوە ببینیت، تاریکیی خوریی خێمەی دەشتەکییەک کە لە مووی بزن دروست کراوە، لە بەشی پێشەوەیشی درزێک هەیە پارچەیەکی ئاسمانی ئەستێرەبارانی لێوە دیارە، هەروەها لوتکەی گردێکی لمینیش کە لەژێر ڕۆشنایی ئەستێرەکاندا دەدرەوشێتەوە... پاشان دەروازەی خێمەکە بەهۆی هاتنەژوورەوەی پیاوێکەوە تاریک دەبێت، لێواری عەباکەیشی بە جوانی بەرانبەر ئاسمان دیارە، ئەوجا گوێم لە هاواری زەید دەبێت: "بێدارە، بێدارە!" – ڕووخسارە مڕومۆچەکەی لە ڕوخسارم نزیک دەکاتەوە و شانم دەگرێت.

پیاوێکی تریش دێته ناو خێمه‌که‌وه؛ ناتوانم ببینم، به‌ڵام هەر ئەوەندەی گوێم له دەنگە هێمن و ترسێنەرەکەی دەبێت، دەزانم دەشتەکییەکی شەمەرە.

دیسانەوە هەست به تینوێتییەکی گەرم دەکەم، بۆیە ئەو جامە شیرە وەردەگرم که زەید بۆی ڕاگرتووم؛ به‌ڵام چیتر له کاتی قوتداندا هەست به ئازار ناکەم. زەید دەکەوێته باسی ئەوەی له کاتی گێژەڵوکەکەدا ئەم چەند دەشتەکییە له نزیکی ئەو خێمەیان هەڵداوە، هەروەها کاتێک حوشترە دەرچووەکە هەمان شەو گەڕاوەتەوە، نیگەرانی من بوون و هەموویان دەستیان به گەڕان بۆ من کردووە؛ هەروەها دەڵێت سێ ڕۆژ بۆم گەڕاون و ڕێک ئەوکاتەی خەریک بووە نائومێد ببن، لەودیو گردە لمینەکەوە گوێیان له دەنگی تەقەی تفەنگەکە بووە...

ئێستا خێمەیەکیان بەسەرمدا بەرز کردووەتەوە و فەرمانیشم پێ کراوە ئەمڕۆ و سبەی تیایدا ڕابکشێم. دۆستە دەشتەکییەکانمان پەلەیان نییە؛ کوندەی ئاوەکانیان پڕە؛ سێ سەتڵ ئاویان به حوشترەکەم داوە: چونکە دەزانن ڕۆژەڕێیەک بەرەو باشوور دەمانگەیەنێت به مێرگێک که بیرێکی تیادایە. له هەمانکاتدا، حوشترەکان حەمزی باشیان بۆ خواردن دەست کەوتووە.

پاش تاوێک، زەید یارمەتیم دەدات بچمە دەرەوەی خێمەکە، بەتانییەک لەسەر لمەکە دادەخات و منیش لەژێر ئاسمانی ئەستێرەباراندا ڕادەکشێم.

پاش چەند کاتژمێرێک، له تەقەی کتریی قاوەکەی زەید خەبەرم بوویەوە؛ بۆنی قاوەی گەرم له بۆنی ئامێزی ژن دەچێت.

هاوار دەکەم، "زەید، قاوەیەکم بۆ تێدەکەیت؟" لەگەڵ بانگکردنەکەدا خەنی دەبم بەوەی دەنگم، گەرچی هێشتا ماندووە، گڕی و گیراوییەکەی نەماوە.

زەید وەڵام دەداتەوە، "ان شاء الله مامە گیان!" که دەڵێ مامە له ڕووی ڕێزەوەیە، چونکە له نەریتی دێرینی عەرەبدا گەر بتەوێت ڕێز پیشانی کەسێک بدەیت، جا له خۆت گەورەتر بێت یان بچووکتر، به مامە بانگی دەکەیت (جێی

باسه من چەند ساڵێک لە زەید بچووکترم). "چەندت حەز لێ بێت قاوەت بۆ تێدەکەم!"

قاوەکەم دەخۆمەوە و بە شادییەکەی زەید شاد دەبم و دەتریقێمەوە: "باشە زەید، بۆچی ئێمە و مانان لەبری ئەوەی وەکو ئەو خەڵکە هۆشیارە لە مااڵی خۆماندا پێی لێ ڕابکێشین، ئاوا دەدەینە دەشتودەر و خۆمان تووشی هەزارویەک شت دەکەین؟"

زەید بزەم بۆ دەکاتەوە، "چونکە بۆ کەسانی وەکو من و تۆ نەهاتووە لە ماڵەوە پێی لێ ڕابکێشین تا کاتێک قاچ و قولمان لاواز دەبێت و پیری بەرۆکمان دەگرێت. جیا لەوەیش، مەگەر خەڵکی لە ماڵەکانیشیاندا نامرن؟ مەگەر مرۆڤ لە هەرجێیەک بێت، قیسمەتەکەی (چارەنووسی) بە ملیەوە نییە؟"

ئەو وشەیەی زەید بۆ چارەنووس بەکاری دەهێنێت بریتییە لە قیسمەت – ئەوەی دابەشکراوە – کە لە ڕۆژئاوا بە دەربڕینە تورکییەکەی زیاتر ناسراوە: *کیسمەت*. لە کاتێکدا قومێکی تر لە قاوەکەم دەدەم، دێتە خەیاڵم ئەم زاراوە عەرەبییە مانایەکی قوواڵتریشی هەیە: "ئەوەی مرۆڤ بەشێکی تیایدا هەیە."

ئەوەی مرۆڤ بەشێکی تیایدا هەیە...

ئەو وشانە لە تاڵێکی نەگیراوی یادگەم دەدەن... لەگەڵ ئەو وشانەدا بزەیەک هەبوو... بزەی کێ؟ بزەیەک لە پشتی دوکەڵێکەوە، دوکەڵێکی تیژ، هەروەکو هی حەشیش: بەڵێ – دوکەڵی حەشیش بوو، بزەکەیش هی یەکێک بوو لە سەیرترینی ئەو پیاوانەی بینیبوومن – هەروەها لە دوای یەکێک لە سەیرترین ئەزموونەکانی ژیانم بینیم: کاتێک هەوڵم دەدا لە مەترسییەک ڕابکەم کە وا دەردەکەوت – تەنها وا دەردەکەوت – هەڕەشەیەکی کوشندە بێت؛ ڕامدەکرد، بەبێ ئەوەی بزانم بەرەو مەترسییەکی جددیتر و گەورەتر لەوەی دەمەوێت خۆمی لێ لابدەم دەچم: مەترسییە ڕواڵەتییەکەوە و ڕاستییەکەیش ڕێگەیان بۆ ڕاکردنێکی تر خۆش کرد...

نزیکی هەشت ساڵێک لەمەوبەر ڕوویدا، کاتێک بە سواری ئەسپ، هاوشانی خزمەتکارە تەتارییەکەم بە ناوی ئیبراهیم، لە شیرازەوە دەهاتم بۆ کرمانی باشووری ئێران – شوێنێکی چۆڵ و بێڕێگە بە دانیشتوانێکی کەمەوە لە نزیکی دەریاچەی نیریز. ئێستا، لە زستاندا، تەختاییەکی قوڕاوی و تەڕ بوو و هیچ لادێیەکیش لەو نزیکانە دیار نەبوو، وەپاڵ کێوی گوشنەگانەوە بوو؛ لە باکوورەوە تێکەڵ بە زەلکاوەکانی سنووری دەریاچەکە دەبوو. لە دوانیوەڕۆدا، کاتێک بە دەوری گردە تاقانەکەدا سوڕاینەوە، دەریاچەکە کەوتە بەرچاومان: ڕوویەکی بێجوڵەی سەوز بەبێ هەناسەیەک و بەبێ دەنگێک و بەبێ ژیان، چونکە ئاوەکە ئەوەندە سوێر بوو هیچ ماسییەک نەیدەتوانی تیایدا بژی. جیا لە هەندێک درەختی کووڕ و هەندێک دەوەنی بیابان، ئاوە سوێرەکەی نزیکی کەنارەکە ڕێگەی بە سەوزبوونی هیچ ڕووەکێک نەدەدا. زەمینەکە بە تەنکی بە بەفرێکی قوڕاوی داپۆشرابوو، لە دووریی سەدوهەشتا مەترێکیشەوە، ڕێگەیەکی باریک هەبوو.

ئێوارە داهات و کاروانسەرای خانی خەت – ئامانجی ئێمە بۆ شەوەکە – نزیک نەبوو. بەڵام دەبوو هەرچۆنێک بووە پێی بگەین؛ لە هیچ لایەکەوە شوێنی تری نیشتەجێبوون نەبوو، نزیکبوونیش لە زەلکاوەکەوە وای دەکرد جوڵە لە تاریکیدا مەترسیدار بێت. لە ڕاستیدا، بەیانییەکەی پێیان گوترابوو بە تەنها لەوێوە نەڕۆین، چونکە دەکرێت مەرگ کۆتایی هەنگاوێکی هەڵە بێت. جیا لەوە، ئەسپەکانمان لە تەیکردنی ڕۆژەڕێیەک بەسەر زەمینی نەمر و تەڕدا ماندوو بووبوون و دەبوو تێر بکرێن و پشوو بدەن.

لەگەڵ داهاتنی شەودا بارانێکی لێزمەیش دایکرد. بەردەوام بووین، بە تەڕی و بێدەنگی و بێتاقەتییەوە بەردەوام بووین، زیاتریش پشتمان بە غەریزەی ئەسپەکانمان دەبەست تاکو چاوە بێکەڵکەکانی خۆمان. چەند کاتژمێرێک تێپەڕی و کاروانسەرا دەرنەکەوت. ڕەنگە لە تاریکیدا تێپانەپڕاندبێت و ئێستا

ناچار بین شەوەکەی لە بەردەم ئەم بارانە بە لێزمەیەدا بەسەر بەرین کە تا دێت قایمتر دەبێت... سمی ئەسپەکانمان شڵپەی ئاوی دروست دەکرد، جلە خوساوەکانیشمان بە جەستەمانەوە نووسابوون. خێمەی شەو بەسەر ئاوەکەوە تاریک و لێڵ و لیخن بوو؛ لە سەرماندا وەکو تەختە ڕەق بووبوون؛ بەڵام زانینی ئەوەی زەلکاوەکان نزیکن ساردتر بوو. بەرەبەیان پێیان گوترابوو ئەگەر ئەسپەکان لە جێیەکدا پێ خوار دابنێن و پێیان نەکەوێتە سەر زەمینێکی پتەو، ئەوا "خودا لێتان خۆش بێت."

من لە پێشتر بووم، ئیبراهیمیش دە هەنگاوێک لە دواوە بوو. دیسانەوە و دیسانەوە بیرکردنەوە مەترسیدارەکە هاتەوە: ئایا لە تاریکیدا کاروانسەراکەمان بەجێ هێشتووە و نەمانبینیوە؟ چ وێنەیەکی خراپە، شەوێکی درێژ لەژێر سەرما و بارانێکی وەهادا بەسەر ببەیت؛ بەڵام ئەی ئەگەر زیاتر بڕۆین – چی سەبارەت بە زەلکاوەکان؟

لەپڕێکدا دەنگێکی نەرم و تەڕ لەژێر سمی ئەسپەکەمەوە هات؛ هەستم کرد ئەسپەکەم تۆزێک چەقی، قاچێکیان بە شپرزەیی بەرز کردەوە و خزایەوە – لەوێدا بیرکردنەوەیەک هاتە هزرمەوە: زەلکاوەکە! هەوسارەکەم بە تۆندی ڕاکێشا و پاژنەی پێمم لە کەللەکەی ئەسپەکەم توند کرد. سەری بەرز کردەوە و بە تۆندی قاچەکانی جوڵاند. ئارەقەکردنەوەیەکی سارد پێستمی هەڵدەدڕی. شەوەکە هێندە تاریک بوو دەستەکانی خۆمم پێ جیا نەدەکرایەوە، بەس لە جوڵەی شپرزەی لاشەی ئەسپەکەوە بۆم دەرکەوت لە هەوڵێکی داماوانەدایە بەرانبەر بە زەلکاوەکە. بەبێ ئەوەی بیر بکەمەوە، قامچییە بەکارنەهێناوەکەم دەرهێنا و بە هەموو هێزم دام لە سمتی ئەسپەکە، بەو ئومێدەی هەموو هەوڵێکی خۆی بدات – چونکە ئەگەر تا ئێستایش خۆی ڕاگرتبوایە، بە زووبی نوقم دەبوو، منیش لەگەڵیدا نوقم دەبووم... ئاژەڵە هەژارەکە – ئەسپێکی قەشقایی بەهێز و خێرا – بەو شەڵاقە تونداندە ڕانەهاتبوو، بۆیە لەسەر پێیە نوشتاوەکانییەوە

هەستایەوە و دیسانەوە دژی قوڕاوەکە کۆششی کرد، بازی دا، خزا، دیسانەوە بەرەوپێش چوو، دیسانەوە خزایەوە – هەموو جارێک سمەکانی دەکەوتنەوە سەر لێتەیەکی نەرم...

تەنێکی سەیر و نەناسراو بەسەر سەرمدا ڕۆیشت... دەستم هەڵبڕی و گورزێکی بەهێز و نەناسراوی بەرکەوت... ئەوە چی بوو؟ کات و بیرکردنەوە بەسەر یەکدا کەوتن و سەرم لێ شێوا... هەر چرکەیەک وەکو کاتژمێرێک دەڕۆیشت، لە شڵپەی بارانەکە و هەناسەبڕکێی ئەسپەکەیشمەوە، گوێم لە دەنگی نوقمکەری زەلکاوەکە بوو... دەبێت کۆتایی نزیک بێت. قاچەکانم لە ئاوزەنگی ئەسپەکەم شل کردەوە و خۆم ئامادە کرد باز بدەم و بەختی خۆم تاقی بکەمەوە – ڕەنگە ئەگەر بکەومە سەر زەمینێکی تەخت و ڕەق ڕزگارم ببێت – بەڵام لەپڕێکدا، بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو، سمەکانی ئەسپەکەم لەسەر زەمینێکی ڕەق جێگیر دەبن، ئەمنیش بە دەم هەناسەیەکی ئاسوودەییەوە، هەوسارەکەی ڕادەکێشم و ئەسپە لەرزیوەکەم ڕادەوەستێنم. ڕزگارمان بوو...

ئێستا هاوەڵەکەمم بیر دەکەوێتەوە و بەوپەڕی ترس و تۆقینەوە هاوار دەکەم، "ئیبراهیم!" وەڵام نییە. دڵم سارد دەبێتەوە.

"ئیبراهیم...!" بەڵام هەموو ئەوەی هەیە باران و شەوە تاریکەکەیە. تۆ بڵێیت نەیتوانیبێت خۆی ڕزگار بکات؟ جارێکی تریش بە دەنگێکی گیراوەوە هاوار دەکەم، "ئیبراهیم!"

پاشان، بە شێوەیەکی چاوەڕوانەکراو، لە مەودایەکی دوورەوە هاوارێک دێت: "لێرەم... لێرەم!" ئێستا کاتی جێگیربوونی هزرم بوو: چۆن ئەوەندە لە یەکتری دوور کەوتوویەنەتەوە؟

"ئیبراهیم!"

"لێرەوە... لێرەوە!" شوێنی دەنگەکە دەکەوم و خۆم لە پێش ئەسپەکەمەوە

دەڕۆم و بە پێیەکانی خۆم هەموو هەنگاوێک دەپشکنم، هەروەها زۆر هێواش بەرەو دەنگە دوورەکە دەڕۆم: ئەوە ئیبراهیمە، بە هێمنی لەسەر زینی ئەسپەکە دانیستووە.

"ئیبراهیم، چیت لێ بەسەر هات؟ تۆیش نەکەوتیتە ناو زەلکاوەکەوە؟"

"زەلکاو...؟ نا، زەلکاوی چی؟ کاتێک تۆ لەپڕێکدا بە غاردان بۆی دەرچووی، من وەستام."

غاردان... مەتەڵەکە حەل بوو. کۆشش بۆ دەرچوون لە زەلکاوەکە وەهم بوو. دیارە ئەسپەکەم پێی خستووەتە سەر تۆزێک قوڕ، منیش وامزانیوە نوقم دەبین، بۆیە بە قامچییەکەم لێم داوە و ئەویش دەستی بە غاردانێکی ناڕێکوپێک کردووە؛ تاریکی فریوی داوم و ڕۆیشتنی خێرای ئەسپەکەم لێ بووە بە کۆششێکی بێسوود بەرانبەر بە زەلکاوێک، هەروەها بە لای چەندین دەرەختی گرێگرێدا ڕۆیشتووم... مەترسییە ڕاستەقینەکە ئەو دەرەختانە بوون نەک زەلکاوەکە: دەکرا ئەو لقە بچووکەی بەر دەستم کەوت لقێکی گەورەتر بوایە و کەللەسەرمی بشکاندایە، ئەو شوێنەیشی بکردایە بە گۆڕ بۆم و گەشتەکەی لە باشووری ئێران کۆتایی پێ بهێنایە.

لە خۆم تووڕە بووم، چونکە ئێستا ئیتر هەموو هەستێکی ئاڕاستەمان لەدەست دابوو و چیتر ڕێگەکەمان نەدەدۆزییەوە. ئێستا ئیتر دۆزینەوەی کاروانسەراکە بووبوو بە خەون...

بەڵام دیسانەوە هەڵە بووم.

ئیبراهیم لەسەر ئەسپەکەی هاتە خوار تاکو بە دەستەکانی زەمینەکە بپشکنێت، بەو ئومێدەی ڕێگەکە بدۆزێتەوە؛ کاتێک لەسەر هەر چوار پەلی دەڕۆیشت، سەری بەر دیوارێک کەوت – دیواری تاریکی کاروانسەرای خانی خەت!

ئەگەر زەلکاوەکەی خەیاڵی من نەبوایە، کاروانسەراکەمان تێدەپەڕاند و هەر

بە ڕاستی دەکەوتینە ناو زەلکاوەکانەوە، چونکە دواتر پێیان گوترا دووسەد مەترێک ئەولاتر زەلکاوە.

کاروانسەراکە یەکێک بوو لە پاشماوەکانی سەردەمی شا عەباسی مەزن – قوڕکاریی زەخم و ڕێڕەوی کەوانەیی، دەروازەی فراوان و ئاگردانی کۆن. لێرە و لەوێ هەڵکۆڵراوت لەسەر سەردەرگا و سەرپەنجە و کاشییە زەخرەفاوییە شکاوەکان دەبینی؛ هەندێک ژووری بێکەڵک پڕ بوون لە کا و پیسایی ئەسپ. کاتێک من و ئیبراهیم چووینە ناو هۆڵە سەرەکییەکەوە، بینیمان چاودێری کاروانسەراکە لەسەر زەوییە ڕووتەکە لای ئاگرێکدا دانیشتووە. لە تەنیشت ئەودا، پیاوێکی بچووکی پێپەتی بە خۆی عەبا کۆنەکەیەوە دانیشتبوو. کە ئێمەیان بینی، هەردووکیان هەستان و کابرا بچووکەکە، وەکو ئەوەی لە شانۆیەکدا بێت، دەستی لەسەر دڵی دانا و خۆی نوشتاندەوە. عەباکەی هەزار پینەوپەڕۆی ڕەنگاوڕەنگی پێوە بوو؛ خۆی پیسوپۆخڵ و شێواو بوو؛ بەڵام چاوەکانی دەدرەوشانەوە و ڕووخساریشی ئارام بوو.

چاودێرەکە ژوورەکەی بەجێ هێشت تاکو بە ئەسپەکانمان ڕابگات. من عەباکەی خۆمم لابرد و ئیبراهیمیش یەکسەر بۆ لێنانی چا چووە لای ئاگرەکەوە. پیاوە بچووکەکە، وەکو گەورەپیاوێک کە بۆ ئەوەی شکۆی نەشکێت تێکەڵی نزمەکان نابێت، ئەو کوپە چایەی قبوڵ کرد کە ئیبراهیم بۆی ڕاگرتبوو.

بەبێ هیچ کنجکۆڵییەک، لە منی پرسی: «جەناب عالی، تۆ ئینگلیزیت؟»

«نەخێر، نەمساییم.»

«نەگونجاو نییە لێت بپرسم چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟»

«من نووسەرم و بۆ ڕۆژنامە دەنووسم. بە وڵاتەکەتدا دەگەڕێم و بۆ گەلەکەی خۆمی باس دەکەم. ئەوان حەزیان لەوەیە بزانن خەڵکانی تر چۆن دەژین و چۆن بیر دەکەنەوە.»

به بزەیەکی قبووڵکەرانەوە سەری بۆ ڕاوەشاندنم و بێدەنگ بوو. پاش کەمێک، سەبیلێکی بچووکی قوڕیی ئاویی و شوڵێکی بامبوی لە عەباکەی دەرهێنا؛ شوڵەکەی کرد بە سەبیلەکەوە؛ پاشان شتێکی تۆباکۆئاسای لە نێوانی دەستەکانیدا شێلا و زۆر بە گرنگییپێدانەوە، وەکو ئەوەی ئاڵتون بێت، خستیە سەر لولەی سەبیلەکە و خەڵوزی خستە سەری. هەوڵێکی باشی دا تاکو دوکەڵەکە بە بامبووەکەدا ڕابکێشێت، تۆزێک کۆکی و قوڕگی پاک کردەوە. ئاوی ناو سەبیلە قوڕینەکە بڵقەی دا و بۆنێکی تیژ بە ژوورەکەدا بڵاو بوویەوە. پاشان ناسیمەوە: ئەوە بەنگی هندی بوو، واتە حەشیش بوو. ئینجا لە ڕەفتاری سەیری پیاوەکە تێگەیشتم: حەشیشی بوو، واتە ئالوودە بوو. چاوەکانی وەکو ئەفیونییەکان تاریک نەبوو، بەڵکو دەدرەوشانەوە و تیژ بوون، لەسەر مەودایەکی دوور جێگیر دەبوون و گرنگییان بە چواردەور نەدەدا.

بە بێدەنگی تەماشام کرد. پارچە بامبووەکە تەواو بوو، بە منی گوت:

"ناکێشیت؟"

سوپاسم کرد و ڕەتم کردەوە؛ یەک دوو جار ئەفیونم تاقی کردبوویەوە و هیچ چێژم لێ وەرنەگرتبوو، بەڵام ئەم حەشیشە ماندووکەر و بێتام دیار بوو. کابرای حەشیشی بە بێدەنگی پێکەنی، بە چاوە وردکراوەکانی منی پشکنی و بە ڕابواردنێکەوە گوتی:

"دۆستی بەڕێزم، دەزانم چۆن بیر دەکەیتەوە: وا دەزانیت حەشیش کاری شەیتانە و لێی دەترسیت. قسەی قۆڕ. حەشیش خەڵاتی خودایە. زۆریش چاکە، بە تایبەتی بۆ مێشک. حەزرەت گیان تەماشای ئێرە بکە، با بۆت ڕوون بکەمەوە. ئەفیون خراپە، کەس گومانی لەمە نییە، چونکە وا لە مرۆڤ دەخات ئارەزووی شتە بەدەستنەهێنراوەکان بکات. بەڵام حەشیش چڵێسی دەخەوێنێت و وا لە مرۆڤ دەکات گرنگی بە دونیا و ئەوەی تیایدایە نەدات. مرۆڤ ئاسوودە دەکات. فەرموو، کێوێک ئاڵتوون بخەرە بەردەم کابرایەکی حەشیشی – نەک

تەنها لە کاتی کێشاندا، بەڵکو هەرکاتێک – ئەو پەنجەی بۆ نابات. ئەفیون مرۆڤ لاواز و ترسنۆک دەکات، بەڵام حەشیش هەموو ترسێک دەکوژێت و مرۆڤ وەکو شێر ئازا دەکات. ئەگەر بە حەشیشییەک بڵێیت لە چلەی زستاندا خۆی فڕێ بداتە ناو سەهۆڵاوێکەوە، بە دەم پێکەنینەوە خۆی فڕێ دەدات... چونکە فێر بووە بێتەماعی واتە نەبوونی ترس، هەر مرۆڤێکیش ترس تێبپەڕێنێت مەترسی ناناسێت، چون دەزانێت هەر شتێکی بەسەردا بێت، بەشی ئەوە لە هەموو ئەوەدا کە ڕووەدات..."

پاشان پێکەنینە بێدەنگ و کورت و لەرزیوەکەی، لە نێوان گاڵتە و دڵباشیدا دەرکەوتەوە؛ پاشان لە پێکەنین وەستا و لە پشتی دوکەڵەکەوە بزەیەکی کرد، چاوە درەوشاوەکانی لەسەر ئاسۆیەکی دوور جێگیر کرد.

"بەشی من لە هەموو ئەوەدا کە ڕووەدات..." لەژێر ئاسمانی ئەستێرەبارانی عەرەبستاندا بیر لەوە دەکەمەوە. "من – ئەم گۆشت و ئێسقانە، لەگەڵ تێکەڵەی هەست و ڕوانین – خراومەتە سەر خولگەی بوون، لە هەموو ئەوەیشدام کە ڕووەدات... 'مەترسی' وەهمە: هەرگیز ناتوانێت بەسەرمندا زاڵ ببێت، چونکە هەموو ئەوەی ڕووەدات بەشێکە لەو تەوژمە سەراپاگیرەی خۆیشم بەشێکم لێی. تۆ بڵێیت مەترسی و سەلامەتی، مەرگ و شادی، چارەنووس و قایلبوون هەموویان ڕەهەندی جیاوازی ئەم ئاوێتە بچووک و شکۆدارە بن کە بریتییە لە 'من؟' خودایە، چ ئازادییەکی بێسنوورت بە مرۆڤ داوە..."

دەبێت چاوەکانم بنوقێنم، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە شادم دەکات، بەڵام شادییەکی بەئازار؛ باڵەکانی ئازادییش بە بێدەنگی لە دووڕەوە، لەو شنەبایەدا کە بەر ڕوخسارم دەکەوێت، فێنکم دەکەنەوە.

(٦)

ئێستا بایەی ئەوەی دابنیشم هەست بە هێز دەکەم، زەیدیش زینێکم بۆ دەهێنێت پاڵی پێوە بدەمەوە: "ئاسوودە بە مامە گیان. ئەگەر دەزانیت چەندە دڵم بە دیتنت خۆشە پاش ئەوەی وامزانی مردوویت و فرمێسکم بۆ ڕشتیت."

"زەید، تۆ هاوڕێیەکی زۆر باش بوویت بۆ من. ئەگەر بە دەم بانگەکەمەوە نەهاتیتایە و هاوڕێم نەبوویتایە، ئەو هەموو ساڵە چیم بکردایە؟"

"هەرگیز لە ساڵانی پێکەوەبوونمان پەشیمان نیم مامە گیان. هێشتا ئەو ڕۆژەم بیرە کە نامەکەتم بۆ هات و بانگت کردم بۆ مەککە، پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو... بیرکردنەوە لە دیداری دووبارەت لای من ئازیز بوو، بە تایبەتی کاتێک زانیم نیعمەتی ئیسلامت بەسەردا ڕژێنراوە. بەڵام ئەوکات تازە هاوسەرگیریم لەگەڵ کچێکی مونتەفیقیدا کردبوو، پاکیزە بوو، لە ئەوینیشدا نوقمی شادی بووبووم. مامە گیان، ئای لە دەست کچانی عێراقی، کەمەریان باریکە و سینەیان ڕەق، هەروەکو ئەمە" – لێرەدا سینەی کۆنەیار کەوتەوە یادی و بزەیەک گرتی، هەروەها پەنجەی خستە سەر قوڵفی ڕەقی ئەو زینەی من پاڵم پێوە دابوویەوە – "جێهێشتنی ئامێزیشیان گرانە... بۆیە بە خۆمم گوت، 'دەڕۆم، بەڵام جارێکە نا، بەڵکو چەند حەفتەیەکی تر.' بەڵام حەفتەکان و مانگەکان تێپەڕین و جوڵەم نەکرد، گەرچی هەر زوویش لەو ژنە جیا بوومەوە – ئەو کچی سەگە حەزی لە ئامۆزاکەی بوو – نەمتوانی واز لە کارەکەم بهێنم لەگەڵ عەقیلی عێراق، هەروەها نەمدەتوانی دەستبەرداری هاوڕێکانم و خۆشییەکان و بەغداد و بەسرە ببم، بۆیە بەردەوام بە خۆمم دەگوت، 'دەچم بۆ مەککە، بەڵام جارێ نا...' هەتا ڕۆژێکیان، وەختێ تازە مووچەم وەرگرتبوو، لە کەمپەکەمان دوور دەکەوتمەوە و بیرم لەوە دەکردەوە شەوەکەی لا هاوڕێیەکم بم، لەپڕێکدا تۆ هاتیتە خەیاڵم،

هەروەها هاتەوە یادم لە نامەکەتدا پێت گوتم هاوسەرە ئازیزەکەت کۆچی دوایی کردووە – خودا لێی خۆش بێت – ئەوجا بۆم دەرکەوت ئێستا لە دووریی ئەو فرە تەنهایت؛ ئا لەوێدا بوو گوتم دەبێت بێم بۆ لات. لەوێدا دەستبەجێ ئەستێرەکەی ئێراقم لە عەگاڵەکەم کردەوە و فڕێم دا؛ پاشان، بەبێ ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵەوە تا جلەکانم کۆبکەمەوە، ڕووی حوشترەکەمم کردە نفود، بەرەو نەجد، ئەوجا بەڕێ کەوتم لە دێیەک بۆ کڕینی کوندەی ئاو و هەندێک کەرەستەی تر وەستام، پاشان بەردەوام بووم تاکو پاش چوار حەفتە، لە مەککە بە تۆ گەیشتم..."

"دێتەوە یادت زەید، ئەوەڵین گەشتمان بۆ خوارەوەی عەرەبستان، بەرەو باشووری بێستانەکانی دارخورما و کێڵگەکانی گەنم لە شیوی بیشە، پاشان بە لای بیابانەکانی ڕەنیە، کە هەرگیز لەوەوبەر کەسێکی ناعەرەب پیایاندا تێنەپەڕیبوو؟"

"چۆن لە یادم دەچێت مامە گیان؟ تۆ زۆر پەرۆش بوویت *ڕوبعی خاڵی*[1] ببینیت، ئەو جێیەی لەکانی لەژێر تیشکی خۆردا، بە ئاوازی جنەکان، سەما دەکەن... ئەی چی دەربارەی ئەو دەشتەکییانەی لە قەراغەکەیدا دەژیان و هەرگیز شوشەیان نەبینیبوو، بۆیە وایاندەزانی چاویلکەکەت لە ئاوی بەستوو دروست کراوە؟ ئەوانە هەر لە جن دەچوون؛ هەروەکو چۆن کەسێکی خوێندەوار کتێبێک دەخوێنێتەوە، ئەوان هێڵەکانی بیابانیان دەخوێندەوە، هەروەها کاتێک کتێبی ئاسمان و هەوایان دەکردەوە، دەیانزانی پاش چەند کاتژمێری تر گێژەڵوکەیەکی لمین بەڕێوەیە... مامە گیان، ئەو دەشتەکییەت بیرە کە لە ڕەنییە

---

[1] الربع الخالي (چارەکی خاڵی): بیابانێکی لمینی فراوان و چۆڵە، یەک لەسەر چواری نیمچەدورگەی عەرەبییە.

بەکرێیان گرت – ئەو شەیتانەی ویستت بیکوژیت، کاتێک خەریک بوو لە ناوەڕاستی بیابانداو بەجێیان بهێڵێت؟ ئای چەندە لەو ئامێرە تورە بوو کە تۆ وێنەت پێ دەگرت!"

هەردووکیان بەو سەرکێشییە پێدەکەنین کە دەمێکە تێپەڕیوە. بەڵام لە کاتی سەرکێشییەکەدا پێنەدەکەنین. شەش یان حەوت ڕۆژێک بوو لە گەشتدا بووین و ئێستا لە باشووری ڕیاز بووین، بەڵام ئەوەندەم زانی ڕێنیشاندەرەکەمان، کە دەشتەکییەکی شێتۆکە بوو لە خێمەی ئیخوانی ڕەین، ئەقڵی لەدەست دا، چونکە باسی کامێراکەمم بۆ کردبوو. ئەو ویستی لەوێ جێیان بهێڵێت، چونکە گوایە ئەو ئامێرە شەیتانییە وێنەسازە زیان لە ڕۆح دەدات. لام ئاسایی بوو بڕوات، بەڵام لە جێیەکدا بووین نە من شارەزای بووم نە زەید، بۆیە ئەگەر بە تەنها بمانایەتەوە لە تینواندا دەخنکاین. سەرەتا ویستم بە قسەی خۆش قەناعەت بەو "دەشتەکییە شەیتانە" بکەم، بەڵام کەڵکی نەبوو؛ لەسەر قسەی خۆی سور بوو و پشتی تێکردین و بە سواری حوشترەکەیەوە بەرەو ڕەنیە بەڕێ کەوت. پێیم گوت ئەگەر ئاوا لەگەڵ مەرگدا جێیان بهێڵێت، بێگومان دەیکوژم. کاتێک سەرەڕای ئاگادارییەکەم حوشترەکەی نەوەستاند، لولەی تفەنگەکەم کردە ئەو و هەڕەشەی تەقەکردنم لێ کرد – نیازیشم هەبوو بیتەقێنم: ئەم هەڕەشەیەی کۆتایی بەسەر خەمی هاوڕێکەماندا بۆ ڕۆحی زاڵ بوو و گەڕایەوە. پاش هەندێک مینجەمینج، قایل بوو تا خێمەی دواتر بمانبات، کە سێ ڕۆژ ڕێگە بوو و دەمانتوانی لەوێ بچینە لای قازییەک تا حوکمان بکات. من و زەید ئەومان چەک کرد و شەوانیش بە نۆرە چاودێریمان دەکرد تاکو ڕانەکات. قازییەکەی قوەیعییە، کە پاش چەند ڕۆژێک داواکەمان خستە بەردەمی، لە سەرەتادا لە بەرژەوەندیی ئەو قسەی کرد، "گرتنی وێنەی بوونەوەری زیندوو نادروستە"

(بنەمای قسەکەی لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو بۆ فەرمووەیەکی پێغەمبەر - درودی خودای لەسەر - : هەرچۆنێک بێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو باوەڕە ئێستا لای زۆرێک لە موسوڵمانان باوە، شەریعەتی ئیسلامی حوکمێکی لەو جۆرەی تیادا نییە). لەوێدا نامەیەکی پاشام پیشانی قازییەکەدا: "بۆ هەموو ئەمیرەکان و هەرکەسێک ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە،" دەمی قازییەکە لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا زیاتر و زیاتر دەکرایەوە: "موحەممەد ئەسەد میوان و دۆستی ئێمەیە، لە دڵماندا خۆشەویستە، هەرکەسێکیش لەگەڵیدا باش بێت، لەگەڵ ئێمەدا باش بووە، هەرکەسێکیش دژی ڕابوەستێت، دژی ئێمە ڕاوەستاوە..." قسەکانی ئیبن سعود و مۆری پاشایەتی کاریگەریی دەستبەجێیان لەسەر قازییە تونەکە دانا و دەستبەجێ گوتی ڕەنگە "لە هەندێک بارودۆخ"دا وێنەکردن ئاسایی بیت... هەرچۆنێک بێت، ئێمە ڕێگەمان دا ڕێنیشاندەرەکە بڕوات و یەکێکی ترمان بەکرێ گرت تا بمانبات بۆ ڕیاز.

"ئەدی مامە، ڕۆژانی ڕیازت بیرە، کاتێک میوانی شا بووین و تۆش بێتاقەت بوویت، چونکە ئاخوڕی ئەسپەکان پڕ کرابوو لە ئۆتۆمبێلی نوێ؟ هەروەها میهرەبانیی شا لەگەڵ تۆدا..."

"ئەی زەید تۆ بیرتە پاشا ناردینی تا بزانین ڕازی پشت یاخیبوونی دەشتەکییەکان چییە؛ ئێمە چەندین شەومان تەی کرد، دزەمان کردە ناو کوەیتەوە، هەروەها لە کۆتاییدا حەقیقەتی *ڕیاڵە* نوێیەکان و ئەو تفەنگانەمان بۆ دەرکەوت کە یاخیبوان لە ڕێگەی دەریاییەوە دەیانهێنان...؟"

"ئەی مامە گیان ئەو ئەرکەی کە سەید ئەحمەد، خودا تەمەنی درێژ بکات، تۆی نارد بۆ بورقە (سیرینیکا) – هەروەها ئەوەی ئێمە بە بەڵەم لە ڕێی

دەریاییەوە بە دزیـیەوە چـووینە نـاو میسرەوە – و دواتـر گەڕاینـەوە بـۆ جەبەل ئەخـزەر و پاسـەوان و سـەربازە ئیتاڵییەکانمـان فریـو دا، خـوا لەناویـان بەرێـت، ئەوجـا چـووینە ڕیـزی موجاهیـدەکانی ژێردەسـتی عـومەر موختـارەوە[1]؟ چ ڕۆژانێکی بزوێنەر بوون!"

بەم شێوەیە ڕۆژانـی ڕابردوومـان دەخەینەوە یـادی یەکتر، هەروەها بەشێکی زۆری شەوەکەمان بە "تۆ لەبیرتە؟ ئەی تۆ لەبیرتە؟" تەی دەکەین، تا ئەو کاتەی ئاگرەکەمـان بەرەو کـزی دەچێـت، وای لـێ دێـت تەنهـا چەنـد پـارچە تەختەیەک دەگـڕێن، هەروەهـا ڕوخسـاری زەیـدیش وردەوردە لە سـێبەرەکەدا ون دەبێـت و لەبەر چاوە قورسەکانمدا وەکو یادەوەرییەکیان لێ دێت.

لە بێـدەنگییە ئەسـتێرەییەکەی بیابانـدا، لەگەڵ خلیسـکانی بـایەکی شـلەتێن لەسـەر لەکان، وێنەکانی ڕابردوو و ئێستا ئاوێتە دەبن، پاشان جیا دەبنەوە و بە دەنگێکی سەرسوڕهێنەر یەکتری بانگ دەکەن، ئەوجا دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سـاڵانی ژیـانم لە عەرەبسـتان، یەکەم حەجـم لە مەکـکە و ئەو تـاریکییەی ئەو ڕۆژانەی سـەرەتای داپۆشـیبوو: بـۆ لای مەرگـی ئەو ژنەی خۆشـم دەویسـت و پاشی ئەویش خۆشەویستی هیچ ژنێـک لە دڵمدا جێی نەگرت، ئەو ژنەی ئێستا لەژێر خاکی مەککەدا، لەناو گۆڕێکدا نوستووە کە کێڵێکـی بچووکی هەیە و هیچـی لەسـەر نەنووسـراوە؛ ئەوێ کۆتـایی گەشـتەکەی ئەوە، بەڵام سـەرەتای گەشتێکی نوێیە بۆ من: سەرەتایەک و کۆتاییەک، بانگ و دەنگدانەوەیەک، بە

---

[1] عومەر موختار (شێری بیابان): لە ساڵی ١٨٥٨ لەدایک بوو و لە ساڵی ١٩٣١دا شەهید کرا. ئیمامی جیهادی سەنوسییەکانی سیرینیکا (ڕۆژهەڵاتی لیبیا) بوو دژی ئیستیعماری ئیتاڵی لە لیبیا. نووسەر لە بەشەکانی دواتردا باس لە وردەکارییەکانی جیهاد و کۆششەکانی عومەر موختار دەکات.

شێوەیەکی سەیر لە دۆڵە بەردینەکەی مەککەدا ئاوێتە بوون.

"زەید، قاوە ماوە؟"

"لە خزمەتتدام مامە." خێرا هەڵدەستێت و کتریەکی درێژی قاوە لە دەستی چەپیدایە و دوو کوپی بێدەسکیش لە دەستی ڕاستیدان – یەکیان بۆ من و یەکیان بۆ خۆی. تۆزێک قاوە دەکاتە یەکێک لە کوپەکانەوە و دەیدات بە من. لەژێر سێبەری کوفییە سور و سپییەکەیدا، چاوەکانی بە وردییەکی سامناکەوە تێمدەڕوانن، هەروەکو ئەوەی بابەتەکە زۆر لە بابەتی کوپێک قاوە جددیتر بێت. ئەو چاوانە – قوولّ و برژانگدرێژ، تیژ و خەمناک لە کاتی ئارامیدا، بەڵام هەمیشەیش ئامادە بۆ پیشاندانی شادییەکی لەناکاو – باسی ژیانی سەدان نەوە دەکەن لە دەشتەکان و ئازادیدا: چاوەکانی مرۆڤێک کە پێشینانی هەرگیز نەیانهێشتووە ستەمیان لێ بکرێت، ستەمیشیان نەکردووە. بەڵام لە هەمووشتێکی جوانتر، جوڵەکانیەتی: هێمن و ئارام، هۆشیار لە ڕیتمی خۆی، هەرگیز نە پەلەپەلیەتی و نە خاوخلیچکیشە؛ ئەم وردی و هاوسەنگییە وێنە و ئاوازی ئامێرەکانی ناو ئۆکستراکەت دەهێنێتەوە یاد. زۆرجار لە جوڵەی دەشتەکییەکاندا هەست بە پچڕپچڕیی بیابان دەکەیت. هەرچۆن بێت، هەندێک شار و لادێی کەمی لێ دەربچێت، ژیانی عەرەبستان دەستی مرۆڤی زۆر بەرنەکەوتووە، بۆیە سروشت بە تیژییەکەی خۆیەوە ناچاری کردوون خۆیان لە پەرشوبلاّویی ڕەفتار لابدەن، هەروەها هەموو ئەو کردارانەی بە ویستی ئەون یان پێویستییەکی دەرەکی خستووەتە ناو چوارچێوەی کۆمەڵێک شکڵی سەرەتایی و سنووردارەوە، کە بۆ چەندین نەوە ماونەتەوە و بە تێپەڕینی کات وەکو کریستاڵ تیژ بوون: ئەم سادەییە میراتییە تا ئێستایش لە جوڵەی عەرەبە ڕەسەنەکان و ڕوانینیاندا بۆ ژیان بەدی دەکرێت.

"زەید، پێم بڵێ سبەی بەرەو کوێ دەچین؟"

"بۆچی مامە؟ بێگومان بەرەو تەیمە..."

"نا براکەم، دەمویست بچم بۆ تەیمە، بەڵام چیتر ئەوەم ناوێت. دەچین بۆ مەککە..."

02
سەرەتای ڕێگەکە

(١)

دەمەوێوارەیە، چەند ڕۆژێک پاش تینوێتییەکەیە و، من زەید دەگەین بە مێرگێکی بچووک و جێیاو، بڕیار دەدەین ئەو شەوە لەوێ بمێنینەوە. گردە لمینەکانی ڕۆژهەڵات، لەژێر تیشکەکانی خۆری کاتی ئاوابووندا، وەکو تۆپەڵە بەردێکی زیوەری دەدرەوشێنێەوە و سات بە ساتیش سێبەر و وێنەدانەوەکان لە گۆڕاندان و، ڕەنگێکی هێندە ناسک دروست دەکەن، هەست دەکەیت چاوەکانیش، کاتێک تەماشای شکانەوەی شەپۆلی سێبەرەکان دەکەن بەسەر ڕەنگی خۆڵەمێشیی خۆرئاوابووندا، ستەم لە دیمەنەکە دەکەن. هێشتا بە ڕوونی تاجی پەلداری دارخورماکان دەبینیت، کە لە پشتیانەوە ماڵی بچووک و قوڕین و ڕەساسی و دیواری باخچەکان خۆیان حەشار داوە؛ هەروەها چەرخی دارینی سەر بیرەکانیش هێشتا لە گۆرانیچڕیندان.

حوشترەکان لە دووری لادێکە و لە خوارەوەی بێستانی خورماکەدا دەبەستینەوە، کەلوپەلەکانمان دادەگرین و زینەکان لەسەر پشتی گەرمی حوشترەکانمان بە هەمان شێوە. کۆمەڵێک کوڕ لە دەوری ئێمەی بێگانە خڕ دەبنەوە و یەکێکیان، کە چاوەکانی گەورەن و بەرگێگی پینەکراوی لەبەردایە، زەید دەبات بۆ شوێنێک داری ئاگرکردنەوەی لێ بدۆزێتەوە؛ کاتێک ئەو دووە پێکەوە دەڕۆن، من حوشترەکان بۆ لای بیرەکە دەبەم. کاتێک سەتڵە چەرمەکەم شۆڕ دەکەمەوە و بە پڕی دەریدەهێنمەوە، کۆمەڵێک ژن لە لادێکەوە دێن تاکو بە تەشتی ستیل و گۆزەی گڵین ئاو ببەنەوە، کە لەسەر سەریان هەڵیانگرتوون و

دەستەکانیشیان لە تەنیشتەوە بلاّو کردووەتەوە و ڕوویان لە سەرەوەیە – تاکو باشتر ئەوە هاوسەنگ بکەن کە هەڵیانگرتووە – لێواری عەباکانیشیان بە دەستە بەرزکراوەکانیان گرتووە.

دەڵێن، "سەلامت لێ بێت ئەی ڕێبوار."

وەڵام دەدەمەوە، "سەلام و ڕەحمەتی خودا لە ئێوەیش."

جلەکانیان ڕەشە، ڕوخساریشیان – وەکو حاڵەتی هەمیشەی ژنانی دەشتەکی و لادێیی ئەم بەشەی عەرەبستان – دانەپۆشراوە، بۆیە چاوە گەورەکانیان دیارە. گەرچی چەند نەوەیەکە لای ئەم مێرگە نیشتەجێ بوون، هێشتا سیمای ڕەسەنی پێشینانی کۆچەرییان ون نەکردووە. جوڵەکانیان ڕوونە، هەروەها شەرمیش ناکەن لەوەی پەتی سەتڵەکەم لێ وەربگرن و ئاو بۆ حوشترەکانم سەربخەن – هەروەکو ئەو خانمەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ئاوی بۆ خزمەتکارەکەی ئیبراهیم دەرهێنا، کاتێک لە کەنعانەوە هاتبوو تاکو ژنێکی خزم لە *پادان ئارام* بۆ ئیسحاقی کوڕی خاوەنەکەی بدۆزێتەوە:

> دەمەوێ بڵێم، واتە لەو کاتەدا کە ژنان بۆ هێنانی ئاو دەردەچن، حوشترەکانی لای بیرێکی دەرەوەی شارەکە وەستاند.
>
> ئەوجا گوتی، "ئەی خودا و پەروەردگاری گەورەکەم ئیبراهیم، لێت دەپاڕێمەوە خێراییم پێ ببەخشە و ڕەحم بە گەورەیشم ئیبراهیم بکە. ئەوا لێرەدا لای بیرەکەدا وەستاوم؛ کچانی شارەکەیش بۆ ئاوهێنان دەرچوون. با ئەو خانمەی پێی دەڵێم، 'تکایە گۆزەکەت شۆڕ بکەرەوە خاتوون، با کەمێک ئاوی لێ بخۆمەوە' – ئەویش بڵێت، 'بخۆرەوە، ئاو بۆ حوشترەکانیشت دەردەهێنم': با ئەوە ئەو خاتوونە بێت کە بۆ ئیسحاقی بەندەتت داناوە؛ بەم شێوەیە دەزانم کە ڕەحمت بە گەورەم ئیبراهیم کردووە."

پێش ئەوەی لە نزاکردن تەواو ببێت، ڕیبیکا بە گۆزەکەی سەر شانیەوە دەرکەوت... ئەو خانمە جوان بوو، پاکیزە بوو، هەرگیز هیچ پیاوێک ئەوی نەناسیبوو: بەرەو بیرەکە چوو، گۆزەکەی پڕ کرد و گەڕایەوە.

خزمەتکارەکە بەرەو لای ئەو ڕایکرد و گوتی، 'تکایە گۆزەکەت شۆڕ بکەرەوە خاتوون، با کەمێک ئاوی لێ بخۆمەوە.' ئەو گوتی، 'بخۆرەوە گەورەم'؛ خێرا گۆزەکەی شۆڕ کردەوە و ئاوەکەی کرد بە دەستیدا. پاش ئەوەی ئاوی پێدا، گوتی، 'ئاو بۆ حوشترەکانیشت دەردەهێنم.' ئەوجا ئەو ئاوەی لە گۆزەکەدا مابوو کردیە ناو شوێنی ئاوەکەوە، پاشان بەرەو بیرەکە ڕایکرد و ئاوی بۆ حوشترەکان دەرهێنا...

لە کاتێکدا لەگەڵ دوو حوشترەکەمدا لە بەردەم بیری مێرگەکەی ناوەندی نفوسی گەورەدا وەستاوم و چاوم لەسەر ئەو خانمانەیە کە پەتەکەیان لێ وەرگرتم و ئێستا ئاو بۆ حوشترەکان دەردەکەن، بیر لەو چیرۆکە تەوراتییە دەکەمەوە.

هەم لە ولاتی پادان ئارام دووریەن، هەم ڕۆژگاری ئیبراهیمیش دەمێکە تێپەڕیوە: بەڵام ئەم ژنانە بە هێزی یادکردنەوە جوانەوەکانی خۆیانیان پاراستووە، بۆیە مەودای ولات و چوار هەزار ساڵیان لا کردم بە هەنگاوێک و چرکەیەک.

"دەستتان ساغ و سڵامەت بێت خوشکەکانم، خودا بتانپارێزێت."

"خودا ئاگای لە تۆیش بێت، ئەی ڕێبوار."

وەڵام دەدەنەوە و دەچنەوە لای تەشت و گۆزەکانی خۆیان، تا پڕی بکەن و بیبەنەوە ماڵەوە.

کاتێک دەگەڕێمەوە بۆ لای خێمەکەمان، حوشترەکان دەبەستمەوە تاکو شەو

بۆی دەرنەچن. زەید ئاگری کردووەتەوە و خەریکی ئامادەکردنی قاوەیە. ئاو لە قۆریيە مسەکەدا دەکولێت کە لوتێکی چەماوەی هەیە؛ قۆریيەکی هاوشێوە، بەڵام بچووکتر، لای دەستی زەیددا ئامادەیە. کەوچکێکی گەورە و تەختی ئاسنین و کلکدرێک بە دەستی چەپی زەیدەوەیە و، چەند دنکە قاوەیەکی لەسەرە. زەید کەوچکەکەی لەسەر ئاگرە هێواشەکە ڕاگرتووە، چونکە لە عەرەبستان هەموو جارێک قاوە بۆ هەموو قۆریيەک دەبرژێنرێتەوە. هەرئەوەندەی دنکە قاوەکان ڕەنگیان تاریک بوو، دەیانخاتە ناو دەسکەوانەیەکەوە و دەیانشێلێت. دوای ئەوە، هەندێک ئاوی کوڵاو لە قۆریيە گەورەکەوە دەکاتە ناو بچووکەکەوە و قاوەکەی تێدەکات، پاشان قۆریيەکە دەخاتە نزیکی ئاگرەکە تاکو هێواش هێواش بکوڵێت. کاتێک خەریکە ئامادە دەبێت، تۆزێک تۆوی کارامۆنی تێدەکات تاکو قاوەکە لەوەی هەیە تاڵتر بێت، چونکە وەکو لە عەرەبستاندا دەگوترێت، قاوەی چاک دەبێت "وەکو مەرگ تاڵ بێت و وەکو عیشقیش گەرم."

بەڵام هێشتا ئامادە نیم بۆ چێژوەرگرتن لە قاوە. پاش تێپەڕاندنی چەندین کاتژمێری گەرم لەسەر زینەکە، تەواو ماندوو بووم و عارەقم کردووەتەوە، جلوبەرگەکانیشم بە پێستمەوە نووساون، بۆیە ئارەزووی خۆشۆردن دەکەم؛ بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ لای بیرەکە.

دونیا تاریک بووە. کەس لە بێستانەکاندا نەماوە؛ تەنها لە دوورەوە، لای ماڵەکانەوە، دەنگی وەڕینی سەگ دێت. جلەکانم دادەکەنم و دەچمە ناو بیرەکەوە، دەست و قاچم لە لێوارەکان گیر دەکەم و بە پەتەکەیش خۆم قایم دەکەم، تا لە کۆتاییدا دەگەمە ئاوە تاریکەکە و دەچمە ناوی. ئاوەکە سارد و تا سنگم دێت. لە تاریکییەکەدا، ئەوەی لە تەنیشتمدا هەستی پێ دەکەم پەتەکەیە، کە زۆر بە ڕێکی وەستاوە چونکە ئەو سەتڵ و کوندانەی پێوەیە کە لە رۆژی دواتردا بۆ ئاودان بەکار دەهێنرێن. لەژێر پێمەوە هەست بە سەرکەوتنی هێواشی

ئاوەکە لە ژێرزەمینەوە دەکەم، کە لە نوێبوونەوەیەکی هێواش، بەڵام نەمردایە.

گڤەی با لە سەرووی بیرەکەوە دێت و کە دێتە ژوورەوە دەنگەکەی وەکو هی گوێچکەماسییەک وایە کاتێک لە گوێت نزیکی دەکەیتەوە – گوێچکەماسییەکی گەورە و ویزەوێزکەر، وەکو ئەوەی سالانێک لەمەوبەر، کاتێک منداڵ بووم و بە حاڵ سەرم بە مێزەکە دەگەیشت، لە ماڵی باوکم گوێم لێ دەگرت. گوێچکەماسییەکەم دەنا بە گوێمەوە و دەمپرسی ئایا هەمیشە ئەو دەنگەی هەیە، یان تەنها ئەوکات وایە کە من دەینێم بە گوێمەوە. لە من سەربەخۆیە، یان گوێگرتنی من گۆیای دەکات؟ زۆرجار هەوڵم دەدا فێڵ لە گوێچکەماسییەکە بکەم، لە خۆمم دوور دەخستەوە، تا ئەوکاتەی دەنگەکە نەدەما، پاشان خێرا دەمنایەوە بە گوێمەوە: بەڵام دەنگەکە دەهاتەوە – هەرگیزیش نەمزانی کاتێک من گوێی لێ ناگرم، چی دەکات و چی دەگوزەرێت.

ئەوکات نەمدەزانی ئەو پرسیارەی منی سەرقاڵ کردووە، بە درێژایی مێژوو هزری زۆر مەزنتری سەرقاڵ کردووە: پرسیاری ئەوەی ئایا "حەقیقەت"ێکی سەربەخۆ لە هزری ئێمە هەیە، یان ڕوانینی ئێمە دروستی دەکات. ئەوکات نەمدەزانی، بەڵام ئێستا کە تەماشای ڕابردووی خۆم دەکەمەوە، بۆم دەردەکەوێت ئەم مەتەڵە تەنها منداڵیمی داگیر نەکردبوو، بەڵکو سالانی دواتریشمی پەرێشان کردبوو – ڕەنگە ئەو مەتەڵە لە هزری هەموو مرۆڤێکی تریشدا سەری هەڵدابێت، جا بە شێوەیەکی هۆشیارانە بێت یان ناهۆشیارانە: چونکە حەقیقەتی بابەتی هەرچی بێت، جیهان بەپێی هزری خۆمان خۆی پیشانی هەریەکێکمان دەدا، هەریەکێکیشمان بە ئاوێتەیی لەگەڵ بوونی خۆیدا دەتوانێت لە حەقیقەت تێبگات. ڕەنگە لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو هەبێت بۆ باوەڕی پتەوی مرۆڤ بە ژیانی دوای مەرگ کە هەر ئەوەندەی تەمەنی گەیشتە ئاستی تێگەیشتن لە هزریدا جێگیر دەبێت – ئەم باوەڕە ئەوەندە قووڵە، هێندە بە ناو نەژاد و سەردەمە جیاوازەکاندا بڵاوە، مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بڵێت

"بیرکردنەوەی خۆخەڵەتێنەیە." ڕەنگە گوتنی ئەوەی ئەم باوەڕە هەر لە بنەڕەتدا لە هـزری مرۆڤـدا چەقێـنراوە قسـەیەکی ئاسـایی و چـاوەڕوانکراو بێـت. ڕەنـگە بیرکردنەوە لە نەمان و لەناوچوون بە شێوەیەکی تیۆری و پەتی سەخت نەبێت: بەڵام وێناکردنی ئەستەمە، چونکە وێناکردنی ئەوە یەکسانە بە وێناکردنی نەمان و لەناوچوونی حەقیقەت – بە دەربڕینێکی تر، یەکسانە بە وێناکردنی نەبوون، ئەوەیش لە دەرەوەی توانای هەموو هزرێکە.

ئەوە پێغەمبەر و فەیلەسوفەکان نەبوون کە فێریان کردین باوەڕمان بە ژیانی دوای مردن هەبێت؛ هەموو ئەوەی کردیان بەخشینی فۆرم و ناوەڕۆکی مەعریفی بوو بە ڕوانینێکی غەریزەیی دێرین – دێرین بە ئەندازەی خودی مرۆڤ.

پێدەکەنم، چونکە هەست بە نابەجێی بیرکردنەوە لەو پرسە قوواڵانە دەکەمەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی ئاسایی و دونیایی وەکو شۆردنی پیسی و عارەقی گەشتی ڕۆژێکدا. بەڵام هەر بە ڕاست هێڵێکی هێندە تۆخ لە نێوان بابەتە ئاسایی و دونیاییەکان لەگەڵ بابەتە قووڵەکاندا هەیە؟ بۆ نموونە، شتێکی دونیاییتر و ئاسـاییتر لە گەڕان بـۆ حوشـترێکی ونبـوو هەیە، هەروەهـا شـتێکی قـووڵتر و مەعنەویتر لەوە هەیە بەهۆی تینوێتییەوە تا دەروازەی مەرگ بڕۆیت؟

ڕەنـگە تونـدیی ئەو ئەزمـوونە هەسـت و هۆشـمی بەهێـز کردبێـت و وای لـێ کـردبێتم لە خـۆم بپرسـمەوە، لە ژیـان و ڕێـگەی ژیـانم ڕابمێـنم و تێـبگەم، بە جۆرێـک هەرگیـز لەوەوبەر ئـاوا لێـی ڕانەمـابم. بەڵام پاشـان بیـری خـۆمی دەهێنمەوە، مرۆڤ تا کاتێک زیندووە، چۆن دەتوانێت لە مانای ژیانی تێبگات؟ بێگومـان دەزانـین لێـرە و لەوێ و لە کـاتە جیاوازەکانـدا چیـان بەسـەردا هـاتووە، هەروەها هەندێکجار دەیشزانین بۆ ڕوویداوە، بەڵام چارەنووسمان سرکە، پێشبینی ناکرێـت: چـارەنووس کـۆکراوەی هەمـوو ئەوەیە کە لە ئـێمەدا جـوڵاوە و جوڵانـدومانی، لە ڕابـردوو و ئێسـتادا، بـۆیە تەنهـا لە کۆتـایی ڕێـگەکەدا بە تەواوەتی خۆی دەنوێنێت و پێش ئەو ساتە مرۆڤ یان بە هەڵە لێی تێدەگات، یان بە ناتەواوی لێی حاڵی دەبێت.

منێکی سیودوو ساڵ چۆن دەتوانم بڵێم چارەنووسم چی بووە یا چی دەبێت؟

هەندێکجار کە سەیری ژیانم دەکەم، هەست دەکەم دەتوانم ژیانی دوو پیاو ببینم. بەڵام ئایا ئەو دوو پیاوە، یان ئەو دوو بەشە، لە یەکتری جودان، یان لە پشتی جیاوازییە ڕواڵەتییەکانەوە لە شکڵ و ئاڕاستەدا، هەست و ئامانجێکی هاوبەش بەستوونیەتەوە پێکەوە؟ سەرم هەڵدەبڕم و ئەستێرەکان و ئاسمان دەبینم، کە بەهۆی دەریچەی بیرەکەوە بازنەیی دەردەکەون. بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەپ ڕادەوەستم، لە جوڵەی هێواشی ئەستێرەکان ڕادەمێنم، تاکو زنجیرە ملیۆنان ساڵییەکانیان تەواو بکەن، کە تەواوبوونیان نییە. پاشان بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێت، بیر لەوە دەکەمەوە تێپەڕینی ساڵانێکی کەم چیان بە من کردووە – هەموو ئەو ساڵە لێڵانەی لە ئامێزی سەلامەتی ژووورەکانی منداڵیدا، لە شارۆچکەیەکدا کە هەموو کونوکەلەبەرێکی بۆم ئاشنا بوون، بەسەرم بردن؛ پاشان ژیانی شارەکانی تر، کە لێوانلێو بوون لە جۆش و ئارەزوو و ئومێدی لاوێتی؛ پاشان ژیان لە جیهانێکی نوێ، لەگەڵ کەسانێکدا کە سەرەتا ڕواڵەت و ناخیان نامۆ دیار بوو، بەڵام پاش ماوەیەکی ئاشنایەتی زیادی کرد و هەستم کرد لە نیشتیمانی خۆمم؛ پاشان لە ناوچە بێگانە و بێگانەترەکان، لەو شارانەی لە هزری ئادەمی کۆنتر، لەو دەشتانەی ئاسۆیان نییە، لەو چیایانەی کێویبوونیان دەتخاتەوە یادی کێویبوون و درندەیی دڵی مرۆڤ، هەروەها لە تەنهایی بیابانە گەرمەکان؛ ئەی گەشەکردنی هێواشی حەقیقەتە تازەکان – ئەو حەقیقەتانەی بۆ من نوێ بوون؟ هەروەها ئەو ڕۆژە بەفراوییەی لە چیای هیندوکوش بووم و پاش گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەفغانیدا، هەستایەوە و بە سەرسامییەوە پێی گوتم: "تۆ موسوڵمانیت، بەڵام خۆت بەوەت نەزانیوە...!" ئەی ئەو ڕۆژەی تر، پاش چەند مانگێک، کاتێک خۆیشم بەوەم زانی؛ یەکەمین گەشتی حەجم بۆ مەککە؛ مەرگی هاوسەرەکەم و پەژارەی پاشی؛ هەروەها بێتەوە ئەو هەموو کاتەی لەگەڵ عەرەبەکاندا گوزەراندوومە؛ ساڵانێک لە هاوڕێیەتیی نزیک

لەگەڵ پیاوێکی شاهانەدا کە بە شمشێرێکەی دەوڵەتێکی لە هیچەوە بۆ خۆی دروست کرد، پاشان یەک هەنگاوی مابوو بگات بە مەزنیی ڕاستەقینە، بەڵام نەگەیشت؛ سااڵنێک لە گەڕان بە بیابان و دەشت و تەختاییەکاندا؛ تێکەڵبوونی مەترسیدار لەگەڵ تێکهەڵپژانی نێوان عەرەبە دەشتەکییەکان و جەنگی لیبیا بۆ ئازادی؛ مانەوەی درێژ لە مزگەوتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە مەدینە بۆ کۆکردنەوەی مەعریفە سەبارەت بە ئیسلام؛ سەردانیکردنی تر بۆ مەککە؛ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کچانی دەشتەکی و تەاڵقدانیان؛ پەیوەندیی گەرمی مرۆیی، ڕۆژانی تەنهایی؛ گفتوگۆی قوڵ لەگەڵ موسوڵمانانی خوێندەوار و ڕۆشنبیری بەشە جیاوازەکانی جیهان؛ گەشتکردن بەو ناوچانەدا کە پێی ڕێبوارانیان بەرنەکەوتووە؛ هەموو ئەو ساڵانەی ئاوێتەبوون و نوقمبوون لە جیهانێکدا کە تا بڵێی لە هزر و ئامانجەکانی بوونی ڕۆژئاوایی دوورە.

چ ساڵانێک...

هەموو ئەو ساڵە نوقمبوانە سەرئاو کەوتنەوە، جارێکی تریش ڕوخساری خۆیانیان پیشان دایەوە و بە چەندین ئاواز بانگیان کردم: لەپڕێکیشدا، بە دەم جوڵەیەکی خێرای دڵمەوە، تێدەگەم ڕێگاکەم چەند درێژ و ناکۆتا بووە. بە خۆمم گوت، "هەمیشە هەر لە ڕۆیشتندا بوویت، هێشتا لە ژیانت شتێکت دروست نەکردووە مرۆڤ بتوانێت دەستی لێ بدات و لێی تێبگات، هەرگیزیش وەاڵمێکت بۆ پرسیاری 'بۆ کوێ؟' دەست نەکەوتووە... هەردەم لە ڕۆیشتندا بوویت، لەم خاک و سەرزەمین بۆ ئەو خاک و سەرزەمین، لە زۆر دڵدا میوان بوویت، بەاڵم تاسە و شەوقەکەت هەرگیز دانەسەکیون، ڕاستە چیتر بێگانە نیت، بەاڵم هیچ ڕیشەیەکیشت نییە."

بۆچی سەرەڕای دۆزینەوەی شوێنی خۆم لای کەسانێک کە باوەڕیان بەو شتانە هەیە کە منیش باوەڕم پێیانە، هێشتا ڕەگم دانەکوتیوە؟

دوو ساڵ لەمەوبەر، کاتێک ژنێکی عەرەبم لە مەدینە هێنا، ویستم کوڕێکم

لێی هەبێت. بەهۆی تەڵاڵەوە،[1] کوڕەکەم کە چەند مانگێک لەمەوبەر لەدایک بوو، وردەوردە هەستم کرد عەرەب هەم خزم و کەسی منن، هەم لە ئیسلامیشدا برامن. دەمەوێت ڕیشەی لەم خاکەدا قوواڵ بێت و لە میراتی خۆێن و کلتوری خۆی هۆشیار بێت. ڕەنگە بڵێیت ئەوە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیر لە نیشتەجێبوون بکاتەوە و خانەواده و لانەیەکی ئارام دروست بکات. دەی کەوایە بۆچی گەڕانەکانم تەواو نەبوون و بۆچی هێشتا لە ڕێگەکەم بەردەوامم؟ بۆچی ئەو ژیانەی خۆم هەڵمبژاردووە تێرم ناکات؟ لەم ژینگەیەدا لە چیم کەمە؟ بێگومان وەڵامەکە مەیلە فکرییەکانی ئەوروپا نیە. بیری ئەوانە ناکەم. لە ڕاستیدا ئێستا هێندە لە ئەوروپا و ڕۆحی ئەوروپا دوورم، بۆ نووسین لەو ڕۆژنامە ئەوروپییەدا، کە سەرچاوەی بژێویمە، زۆر لە خۆم دەکەم؛ هەرجارێک کە وتارێک دەنێرم، هەست دەکەم بەردێکم هەڵداوەتە ناو بیرێکی بێبنەوە: بەردەکە دەکەوێتە ناو بۆشاییەوە و تەنانەت دەنگدانەوەیەکیش نابیستم تا بزانم گەیشتووە بە جێگەیەک یان نا...

لە کاتێکدا هێشتا لە نائارامی و سەرلێشێواویدا نوقمی تێڕامانم، نیوەی گیانیشم نوقمی ئاوە تاریکەکانی مێرگێکی عەرەبستانە، لەپڕێکدا دەنگێک لە قووڵایی یادگەمەوە ڕاست دەبێتەوە، دەنگی کوردێکی پیری کۆچەری: *ئاو ئەگەر لە حەوزێکدا بمێنێتەوە و نەجوڵێت، پیس و قوڕاوی دەبێت، بەڵام کاتێک لە جوڵەدایە، پاک دەبێتەوە: گەڕان و جوڵانەکانی مرۆڤیش ئاوان.* ئەوجا لە چاوانێکی دوورەوە تەماشای خۆم دەکەم، هەروەکو چۆن لە لاپەڕەکانی کتێبێکدا چیرۆکێک دەخوێنیتەوە؛ ئەوسا بۆم دەردەکەوێت نەدەکرا ژیانم بە

---

[1] تەڵاڵ ئەسەد: لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بووە و تا ئێستەیش لە ژیاندایە؛ مرۆڤناس و مرۆڤناسی ئایین و کلتورە. کتێبەکانی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بواری مرۆڤناسیی ئایین داناوە. دوان لە دیارترین کتێبەکانی بریتین لە (Formations of the Secular) (Genealogies of Religion)

ئاڕاستە و ڕێیەکی تردا بڕوات. چونکە کاتێک لە خۆم دەپرسم، "کۆی ژیانم یەکسانە بە چی؟" دەنگێک لە ناخمدا پێم دەڵێت، "تۆ جیهانێکت بە جیهانێکی تر گۆڕیوەتەوە – لە پێناو بەدەستهێنانی جیهانێکی نوێدا، کۆنێکت وەلا ناوە کە لە ڕاستیدا هەرگیز هی تۆ نەبووە." لەبەرچاوم ڕۆشن دەبێتەوە ئەمە شتێکی کەم نییە و دەکرێت تەمەنێک بخایەنێت.



(وێنەی زەیدی هاوەڵی موحەممەد ئەسەد - ١٩٢٨)

(مونیره حوسەین شەمەریی هاوسەری موحەممەد ئەسەد و تەلاڵی کوڕیان – ١٩٢٨)

به بیرەکەدا سەردەکەوم و عەبایەکی پاک لەبەر دەکەم، پاشان دەچمەوە بۆ لای ئاگرەکە و زەید و حوشترەکان؛ ئەو قاوە تاڵەی زەید بۆمی ڕادەگرێت دەخۆمەوە؛ تازە و گەرم بوومەتەوە و لای ئاگرەکەدا ڕادەکشێم.

(٢)

دەستەکانم دەخەمە ژێر سەرم و تەماشای ئاسمانی تاریک و ئەستێرەبارانی عەرەبی دەکەم. ئەستێرەیەکی دەڕپەڕیو بە شێوەیەکی چەماوەیی دەردەپەڕێت، پاشان یەکێکی تر، پاشان یەکێکی تر: چەماوەگەلێکی ڕۆشنایی لە دڵی تاریکیدا. ئایا ئەوانە پارچەی هەسارە لێکهەڵوەشاوەکانن، پارچەی کارەساتی گەردوونین و ئێستا سەرگەردانانە بە فراوانیی گەردوونداا دەگەڕێن؟ نەخێر: ئەگەر لە زەید بپرسیت، پێت دەڵێت ئەوانە ڕمی ئاگرینن فریشتەکان ئەو شەیتانانەیان پێ دەردەکەن کە هەندێک شەو بۆ دزینی ڕازەکانی خودا دەردەچن... لەوانەیە ئەوەی گرە بڵێسەدارەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوت خودی ئیبلیس بێت، گەورەی هەموو شەیتانەکان...؟

زیاتر بەو ئەفسانانەی بە ئاسمان و ئەستێرەکانەوە ئاڵێنراون ئاشنام تاکو ماڵی منداڵیم...

مەگەر دەکرێت وا نەبێت؟ لەو کاتەوەی هاتووم بۆ عەرەبستان وەکو عەرەب ژیاوم، هەر پۆشاکی عەرەبیم پۆشیوە، هەر بە عەرەبی دواوم، هەر بە عەرەبییش خەونم بینیوە؛ دابونەریت و وێنە عەرەبییەکان بیرکردنەوەکانمیان دیاری کردووە؛ ئەو بەربەستە هزرییانەی زۆرجار وا دەکەن کەسێکی بێگانە – با لە زمان و ڕەفتاری ولاتەکەیش شارەزا بێت – بە ئەستەم تێکەڵی هەستی خەڵکەکە ببێت و ولاتەکە بە هی خۆی بزانێت، بۆ من نەبوونەتە بەربەست.

لەپڕێکدا قاقایەکی بەرزی بەختەوەری و ئازادی لێ دەدەم – هێندە بەرز کە

زەید بە سەرسامییەوە سەیرم دەکات و حوشترەکەیشم بە هێواشی ڕووم تێدەکات. پێدەکەنم، چونکە بۆم دەردەکەوێت ڕێگەکەم، سەرەڕای مەودا درێژەکەی، زۆر سادە و ڕاست بووە؛ ڕێگەکەم لە جیهانێکەوە دەستی پێ کردووە کە هی من نەبووە، بەرەو جیهانێک کە من هی ئەوم و ئەویش هی منە.

هاتنی من بۆ ئەم سەرزەمینە، لە گەڕانەوەی کەسێک ناچێت بۆ نیشتیمانەکەی؟ گەڕانەوەی دڵێک لە دووری هەزاران ساڵەوە نیشتیمانەکەی کۆنەکەی خۆی بەدی بکات، ئێستایش بە دەم شادییەکی بەئازارەوە ئاسمانەکەی بناسێتەوە، ئاسمانەکەی من؟ دەی ئاخر ئەم ئاسمانە عەرەبییە، کە لە هەموو ئاسمانێکی تر بەرزتر و تاریکتر و شادترە، سێبەری کاروانی پێشینانی من بوو، ئەو جەنگاوەرە ئازاڵدارە کۆچەرییانەی هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە کازیوەی هێزیاندا کەوتنە جوڵە و، بە چڵێسیی خاک و غەنیمەتەوە، بەرەو وڵاتی بەپیتی کلدان و داهاتوویەکی نارۆشن بەڕێ کەوتن: ئەو هۆزە دەشتەکییە بچووکە عیبرییە، پێشینانی ئەو پیاوەی لە شاری ئوری کلدانی لەدایک دەبێت.

ئەو پیاوە، ئیبراهیم، دڵی بە ئورەوە نەبوو و سەر بە ئەوێ نەبوو. هۆزەکەی ئەو یەکێک بوو لەو هەموو هۆزە عەرەبییەی لە کاتێک لە کاتەکاندا بیابانە برسییەکەی نیمچەدرورگەیان بەرەو سەرزەمینی خەونەکان لە باکوور بەجێ هێشتبوو، ئەو سەرزەمینەی دەیانگوت شیر و هەنگوینی لێوە هەڵدەقوڵێت – ناوچە ئاوەدانەکانی مانگی نوێ، سوریا و میزۆپۆتامیا. هەندێکجار هۆزەکان بەسەر نیشتەجێبوانی ئەوێدا سەردەکەوتن و لە جێی ئەوان دەبوون بە فەرمانڕەوا، هەروەها وردەوردە لەگەڵ خەڵکە بەزێندراوەکەدا ئاوێتە دەبوون و نەتەوەیەکی نوێیان دروست دەکرد – هەروەکو ئاشووری و بابلییەکان، کە شانشینەکانی خۆیانیان لەسەر وێرانەکانی شارستانیەتی پێشتری سۆمەرییەکان بونیاد نا، یان کلدانییەکان، کە لە بابل دەسەڵاتیان گرتە دەست، یان عەموورییەکان، کە دواتر لە فەڵەستین بە ناوی کەنعانی و لە لێوارەکانی سوریا

بە نـاوی فینیقییەکـانەوە ناسـران. هەنـدێکجاری تـر کۆچەرییەکـان زۆر لەوە لاوازتر بوون نیشتەجێبووەکان ببەزێنن، بۆیە تیایاندا دەتوانەوە؛ هەندێکجاریش نیشتەجێکان کۆچەرییە هاتووەکانیان ڕاودەنایەوە بۆ بیابان، هەروەها ناچاریان دەکردن بە دوای شوێنی تر و خاکی تر بۆ داگیرکردن بگەڕێن. هۆزەکەی ئیبراهیم – کە بەپێی کتێبی جێنەسیس (تەکوین – بەدیهێنان) ناوی هۆزی ئاب-رام بوو و بە زمـانی عەرەبـی واتە "ئەوەی ئـارەزووی بـاڵای هەیە" – لە هـۆزە لاوازەکـان بوون؛ چیرۆکە تەوراتییەکە سەبارەت بە نیشتەجێبوونیان لە ئور لەسەر لێواری بیابان باسی ئەو کاتە دەکات کە بۆیان دەردەکەوێت ناتوانن لەسەر خاکی دوو ڕووبارەکە لانە بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆیە دەیانەوێت بەرەو باکوور بچن، بۆ لای فوڕات بەرەو حاران و دواتریش سوریا.

"ئەوەی ئـارەزووی بـاڵای هەیە،" ئەو پێشـینە دێـرینەی مـن کە خـودا بەرەو نـاوچە نەناسـراوەکان بـردی تـاکو خـۆی بـدۆزێتەوە، ئەگەر ئێسـتا لێـرە بـوایە تێدەگەیشت بـۆ لێـرەم، چـونکە ئەویـش سـەرزەمینی زۆری بـڕی تـا لە ئەنجامـدا توانی شتێک لە ژیانی دروست بکات مرۆڤ دەستی لێ بدات، هەروەها لە دڵی زۆر بێگانەدا میـوان بوو، تـا لە ئەنجامـدا ڕیشـەی داکوتی. لە سـایەی ئەزموونە سەرسـوڕهێنەرەکەی ئەودا، شـڵەژاوییە بچـووکەکەی مـن مەتەڵ نیـیە. ئەو یەکسەر دەیزانی – چۆن ئێستایش من دەیزانم – مانای هەموو گەڕانەکانم لەژێر ئـارەزوویەکی شـاراوەدا پەنهـان کـراوە بـۆ بینینـی خـۆم، بەڵام لە ڕێـگەی بینینـی جیهـانێکەوە کە جیـاواز لە جیهـانی منـداڵی و لاوێتـیم مـامەڵە لەگەڵ پرسـیارە گەورەکانی ژیان و خودی حەقیقەتیشدا دەکات.

(٣)

له منداڵیمەوە، له ئەوروپای ناوەڕاستەوە، چ ڕێیەکی درێژە تاکو ئێستام له عەرەبستان؛ بەڵام چ ڕێیەکی جوانیشە بۆ لەیادنەکردنی گەشتکردن بەرەو دواوە...

سااڵنی منداڵیمم له شاری پۆڵەندی لەوۆ - ئەوکات بەشێک بوو له نەمسا - له ماڵێکدا بەسەر برد، که هەروەکو ئەو شەقامەی تیایدا بوو بێدەنگ و شکۆمەند بوو: شەقامێکی درێژ، خاوەنی ڕازاوەییەکی تۆزاوی، له لێوارەکانیدا درەختی کەستانە و زەمینەکەیشی به تەختە داپۆشرابوو، بۆیە دەنگی نااڵی ئەسپەکانی کپ دەکرد و هەموو کاتژمێرێکی ڕۆژەکەی وەکو نیوەڕۆ بێدەنگ بوو. به ئاگاییەکی بەرزتر له ئاگایی منداڵیمەوە ئەو شەقامەم خۆش دەویست، بەڵام نەک تەنها لەبەرئەوەی شەقامی ماڵەکەمان بوو: خۆشم دەویست، چونکە کەشێکی شکۆمەندی خاوەندارێتیی خود له هەناوی شادی ئەو شارە شادەوە هەڵدەقوڵا و بەرەو بێدەنگیی دارستانی لێواری شارەکە و گۆڕستانە مەزنەکەی پشت دارستانەکەوە دەچوو. هەندێکجار ئەسپوعەرەبانەی (گالیسکە) جوان لەسەر ڕەوڕەوەی بێدەنگ لەوێوە تێدەپەڕین و دەنگی تەقەی نااڵکانیش دەهات، یان ئەگەر زستان بوایە و بەفر شەقامەکەی داپۆشیبایە، گالیسکە خلیسکاوەکان لەسەری دەخلیسکان و له کەپووی ئەسپەکانیشەوە هەڵم دەردەچوو، زەنگەکانیشیان له هەوا ساردوسڕەکەدا دەزرنگایەوە: خۆ ئەگەر خۆت له ناو گالیسکەیەکی خلیسکاودا بوویتایە و هەوای ساردوسڕ گازی له ڕوومەتەکانت بگرتایە، دەستبەجێ دڵە منداڵەکەت دەیزانی ئەسپە غاردەرەکان شادییەکت پێ دەچێژن نە سەرەتای هەیە، نە کۆتایی.

ئەدی مانگەکانی هاوین له لادێ، که باوکی دایکم، بانکدارێکی دەوڵەمەند، خانوویەکی گەورەی بۆ شادیی خانەوادەکەی کڕیبوو. جۆگەیەکی بچووک و هێواش به تەنیشت دارباییەکانەوە؛ ئاخوڕێکی پڕ له مانگای ئارام، دیمەنێکی

ئاوێته له تاریکی و ڕۆشنایی دووگیان به بۆنی ئاژەڵ و کاو دەنگی پێکەنینی کچانی جوتیاری ڕۆسینی که خەریکی دۆشینی مانگاکانن؛ دەستبەجێ له سەتڵەکەوە له شیرە گەرمە کەفکردووەکە دەخۆیتەوە، نەک لەبەرئەوەی تینووتە، بەڵکو لەبەرئەوەی خواردنەوەی شتێک کە هێشتا له سەرچاوە ئاژەڵییەکەوە نزیک بوو چێژبەخشە... ئەو ڕۆژە گەرمانەی گەلاوێژ له کێڵگەکاندا لەگەڵ جوتیاران له کاتی دووریننەوەی گەنم و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی له لایەن ژنانەوە: ژنانێکی لاو، کە تەماشاکردنیان چێژبەخشە – کەڵەگەت و سینەپڕ، شان و قۆڵی قەوی، هەروەها خاوەنی هێزێک بوون کاتێک کە هەڵیاندەدایتە سەر خەرمانەکە؛ بەڵام بیریشت نەچێ، لەوە منداڵتر بووی بە جۆرێکی تر بیر لەو لەئامێزگرتنە شاد و خەنیهێنانە بکەیتەوە...

جاروباریش لەگەڵ دایک و باوکمدا گەشتم بۆ ڤیەنا، بەرلین، ئالپ، دارستانەکانی شوماڤا، دەریای باکوور و باڵتیک دەکرد: ئەو شوێنانە ئەوەندە دوور بوون دەتگوت جیهانێکی نوێن. هەموو جارێک کە بۆ گەشتێکی ئاوا دەکەوتیتە ڕێ، یەکەم فیکەی شەمەندەفەرەکە و یەکەم تەقەی ویلەکان بۆ چرکەیەک دڵیان دەوەستاندیت، چونکە چاوەڕێی گەیشتنت بەو سەرسوڕهێنەرانە دەکرد کە چاوەڕێت بوون... ئەدی ئەو کچ و کوڕ و خوشک و برا و ئامۆزایانەی یاریت لەگەڵدا دەکردن؛ یەکشەممە شادەکانی ئازادی، پاش حەفتەیەک له ڕەقوتەقی و ناخۆشیی خوێندنگە، بەڵام زۆریش ناخۆش نا، چونکە یادەوەری و ئەزموونی جوانی تیادا بوو: سەردانیکردن و تەیکردنی لادێ، یەکەمین دیدارە نهێنییەکان لەگەڵ کچانی هاوتەمەندا، هەروەها سورهەڵگەڕانی خرۆشانە سەیرەکەی ئەو ئەزموونە، کە تا چەند کاتژمێر دواتریش هەر وازی لێ نەدەهێنای...

منداڵییەکی شاد بوو، تەنانەت کە ئێستایش سەیری دەکەمەوە هەر قایلکەرە. هەلومەرجی دایک و باوکم باش و ئاسوودە بوو، بە گشتییش بۆ منداڵەکانیان

دەژیان. ڕەنگە هێمنی و ئارامییەکەی دایکم کاریگەریی لەسەر ئەو ئاسانییە هەبووبێت کە من لە سااڵنی دواتردا ئەزموون دەکرد، کاتێک خۆم لەگەڵ هەلومەرجە بێگانە و بگرە تونداکانیشدا دەگونجاند؛ لە بەرانبەریشدا، پێم وایە نائارامییە دەروونییەکەی باوکم لە دەروونمدا ڕەنگی دابێتەوە.

ئەگەر باسی باوکم بکەم، دەڵێم ئەو پیاوە خۆشەویستە و باریکەلە و باڵا ئاساییە بۆر بوو، چاوەکانیشی ڕەش و جوان بوون، بەاڵم خودی خۆی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیدا نەیدەهاتەوە. لە سااڵنی الوێتیدا ویستبووی خۆی بۆ زانست یەکالیی بکاتەوە، بە تایبەتی فیزیا، بەاڵم نەیتوانیبوو ئەو خەونە بکات بە ڕاستی و ناچار بوو بە پارێزەری قایل بێت. ئەو لەم پیشەیەدا سەرکەوتوو بوو، دیارە هزرە تیژەکەی وەکو گژنێیەک وەریگرتووە، بەاڵم سەرەڕای ئەوەیش هەرگیز بە تەواوەتی دڵی خۆی پێ نەدا؛ لەوانەیشە ئەو کەشوهەوا تەنهایەی هەمیشە لە دەوری بوو زادەی تێگەیشتنی بووبێت لەوەی کاروان ڕۆیشتووە و ئەو بەجێ ماوە.

باوکی ئەو حاخامێکی ئۆرسۆدۆکس بوو لە زیرنۆویتز، پایتەختی بوکۆڤینا، کە ئەوکات سەر بە نەمسا بوو. هێشتا وێنەیم وەکو پیاوێکی بەتەمەن لەبەرچاوە؛ دەستەکانی نەرم بوون و ڕوخساریشی باریک و درێژ بوو، ڕیشیشی سپی. شانبەشانی حەزی بۆ بیرکاری و گەردوونناسی – لە کاتە بەتاڵەکانیدا خەریکی ئەمانە دەبوو – یەکێک بوو لە باشترین یاریزانانی شەترەنجی ناوچەکەیش. ڕەنگە ئەم شەترەنجزانییەیش هۆکاری هاوڕێیەتیی دێرینی بووبێت لەگەڵ گەورەئوستفی یۆنانیی ئۆرسۆدۆکس، چونکە ئەویش شەترەنجزانێکی نمرە یەک بوو. زۆرجار ئێوارانیان بە یاری شەترەنج بەسەر دەبرد، لە کۆتاییشدا دەمەتەقێی میتافیزیکییان سەبارەت بە ئایینەکانیان دەکرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زانیارییانە، ڕەنگە وا چاوەڕوانکراو بێت باپیرم بە مەیلی باوکم بۆ زانست خەنی بووبێت. بەاڵم وا دەردەکەوێت باوکی هەر لە زووەوە بڕیاری دابێت کوڕە

گەورەکەی لەسەر کەلەپوری حاخامایەتیی تەمەندرێژی خانەوادەکە بڕوات، بۆیە ڕەتی کردبوویەوە هیچ پیشەیەکی تر لە باوکم قبوڵ بکات. ڕەنگە هەبوونی کەڵێنێکی خانەوادەیی لە کەلەپورەکەدا ئەم سوربوونەی باپیرمی تووندتر کردبێت: یادەوەریی مامێکی خۆی – واتە مامی گەورەی گەورەی من – کە بە نائاساییترین شێوە "ناپاکیی" لە کەلەپوری خانەوادەکەی کرد و تەنانەت پشتی لە ئایینی پێشینانیشی کرد.

وا دەردەکەوێت ئەو مامە گەورەیەم، کە وەکو کەسایەتییەکی خەیاڵی دەهاتە بەرچاو و هەرگیز ناوی نەدەهێنرا، لە هەمان ژینگەی ڕەقی خانەوادەییدا گەورە بووبێت. لە تەمەنێکی کەمدا دەبێت بە حاخام و هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا دەکات کە وا دەردەکەوێت دڵی پێوەی نەبووە. لەبەرئەوەی پیشەی حاخامایەتی دەرامەتێکی باشی نەبووە، ناچار بووە لەگەڵیدا بازرگانیی خورییش بکات، بۆیە ناچار بووە هەموو ساڵێک گەشتی لایپزیگ، دڵی بازاڕی خوری لە ئەوروپا، بکات. ڕۆژێکیان، کاتێک بیستوپێنج ساڵ بووە، بە سواری ئەسپوعەرەبانەکەیەوە – باسەکە باسی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیە – کەوتووەتە ڕێ. لە لایپزیگ خورییەکانی فرۆشتووە، بەڵام لەبری ئەوەی بگەڕێتەوە، ئەسپوعەرەبانەکەیشی فرۆشتووە و ڕیش و قەنافسی تاشیوە و ژنە خۆشنەویستراوەکەی لەبیر کردووە، ئەوجا چووە بۆ ئینگلتەرا. ماوەیەکی بە ئیشی خزمەتکاری بەڕێ کردووە، شەوانیش خەریکی خوێندنەوەی گەردوونناسی و بیرکاری بووە. وا دەردەکەوێت کەسێکی پولدار و پاڵپشتیکار درکی بە توانا هزرییەکانی ئەو کردبێت و یارمەتیی دابێت بچێت لە ئۆکسفۆرد بخوێنێت، لە ئەنجامیشدا بووەتە زانایەکی بەتوانا و بوویشە بە مەسیحی. پاش ماوەیەک لە ناردنی نامەی جیابوونەوە بۆ هاوسەرە جولەکەکەی، هاوسەرگیریی لەگەڵ کچێکی "ناجوو"دا کردووە. جیا لەمانە، شتێکی ئەوتۆ لە خانەوادەکەی ئێمەدا سەبارەت بەو نەزانراوە، ئەوە نەبێت کە بووەتە مامۆستای زانکۆ و

گەردوونناسێکی بەتوانا، هەروەها لە کۆتاییەکانی تەمەنیشیدا ناونیشانی ڕێزلێنانی "سوارچاک"ی پێ بەخشراوە.

وا دەردەکەوێت ئەم ئەزموونە ترسێنەرە قەناعەتی بە باپیرەم کردبێت بە هیچ جۆرێک مەیلی باوکم بۆ زانستە "ناجولەکەکان" قبوولّ نەکات. باوکم دەبوو ببێت بە حاخام. هەرچۆن بێت، باوکم نیازی نەبوو بە ئاسانی دەست هەڵگرێت. ئەو بە ڕۆژ تەڵمودی دەخوێند، شەوانیش بە دزییەوە، بەبێ یارمەتیی هیچ مامۆستایەک، مەنهەجی خوێندنگەی جیمناسیەمی دەخوێند. بە تێپەڕینی کات، دایکی خۆیی لەو بابەتە ئاگادار کردەوە. لەوە دەچێت خوێندنی نهێنیی کوڕەکەی ئازاری ویژدانی داپیرەمی دابێت، بەڵام دڵە نەرمەکەی بە ستەمی زانیبوو لە دەرفەتی شوێنکەوتنی ئارەزووی قەدەغەی بکات. باوکم لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا، پاش تەواوکردنی مەنهەجی هەشت ساڵی جیمناسیەم لە چوار ساڵدا، چوو تاقیکردنەوەی بەکەلۆریی دا و دەریشچوو. باوکم ئێستا خاوەنی بڕوانامە بوو، بۆیە لەگەڵ دایکیدا هەواڵەکەیان بە باپیرم گەیاند. دەتوانم وێنای ئەو دیمەنە هەستبزوێن و مشتومڕئامێزە بکەم کە دروست بووە؛ بەڵام هەرچۆن بێت، باپیرم قەناعەتی بەوە کرد باوکم واز لە خوێندنی ئایینی بهێنێت و بچێت بۆ زانکۆ. بەڵام هەلومەرجی مادديی خانەوادەکە ڕێگەی نەدەدا لە بەشە دڵخوازەکەی خۆی، واتە فیزیا، بخوێنێت؛ دەبوو پیشەیەک هەڵبژێرێت پارەی باشتری تیادا بێت – یاسا – و لە ئەنجامدا بوو بە پارێزەر. پاش چەند ساڵێک لە شاری لەوۆ لە ڕۆژهەڵاتی گالیسیا گیرسایەوە و دایکمی هێنا، کە کچی بانکەوانێکی دەوڵەمەند بوو و سێ خوشکی هەبوو. لەوێ، لە هاوینی ١٩٠٠دا، وەکو دووەم منداڵ لە کۆی سیان لەدایک بووم.

ئارەزووە شکاوەکەی باوکم لەوەدا خۆی دەنواند باوکم بابەتی زانستیی زۆر دەخوێندەوە، هەروەها ڕەنگە لەوەیشدا خۆی نواندبێت کە خۆشەویستییەکی زیاتر و تایبەتتر و هێمنی بۆ کوڕی دووەمی – من – هەبوو، چونکە ئەویش

حەزی لەو شتانە نەبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پەیداکردنی پارە و "پیشەیەکی" سەرکەوتووەوە هەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئومێدی ئەو بۆ ئەوەی من ببم زانا بەدی نەهات. من گێل نەبووم، بەڵام خوێندکارێکی گوێپێنەدەر بووم. بیرکاری و زانستە سروشتییەکان وەڕەزیان دەکردم، زیاتر چێژم لە خوێندنەوەی ڕۆمانە مێژوویی ڕۆمانسییەکانی هێنریک سینکیویکز وەردەگرت، هەروەها فەنتازییەکانی جولز ڤێرن، چیرۆکەکانی جەیمس فێنیمۆر و کارڵ مەی لەسەر هندییە سورەکان، هەروەها دواتریش حەزم لە هۆنراوەکانی ڕێنیە ماریا ڕیلکە و ئاوازی زەردەشت وەهای گوتی ڕیچارد سترۆس کرد. مەتەڵەکانی کێشکردن و کارەبا، هەروەکو زمانی لاتینی و ڕێزمانی یۆنانی، منیان نەدەجوڵاند، بۆیە هەمیشە لەو وانانەدا لەسەر پەتەکە بووم و بە حاڵ و نەحاڵ دەردەچووم. ڕەنگە ئەمە باوکمی نائومێد کردبێت، بەڵام لەوەیە بەوە ئاسوودە بووبێت کە مامۆستاکانم دەیانگوت من لە ئەدەبیاتی پۆڵەندی و عەرەبیدا باشم.

بەپێی نەریتی خانەوادەکە، مامۆستای تایبەتم بۆ گیرا و شارەزای کەلەپوری ئایینیی عیبری کرام. وا مەزانە دایک و باوکم زۆر ئایین‌دار بوون بۆیە ئەو خوێندنەیان بۆ من دابین کردووە. ئەوان سەر بە نەوەیەک بوون بە دەم جاروبار ئەو ئایینەیان پشتڕاست دەکردەوە کە شکڵی بە ژیانی پێشینانیان دابوو، بەڵام هەرگیز هەوڵیان نەدەدا بە شێوەیەکی کردەیی پەیڕەوی لە ئایینەکە بکەن، هەروەها گرنگییان بە هزر و ڕەهەندی ئەخلاقیی پەیامەکانی ئایینەکە نەدەدا. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا، چەمکی ئایین لە یەک دوو شتدا بچووک کرابوویەوە: مەراسیم و پەرستشی ڕەقوتەقی ئایینی لای ئەو کەسانەی خوویان بە کەلەپورە ئایینییەکەوە – تەنها خوو، هیچی تر نا – گرتبوو، یان گوێپێنەدانی گاڵتەئامێزی "لیبراڵتەرەکان،" ئەوانەی ئایینیان بە خورافەیەکی بەسەرچوو دەزانی، کە دەکرا تاک جاروبار بە زمانی پشتڕاستی بکاتەوە، بەڵام لە دڵەوە شەرمی لێ دەکرد و بە شتێکی بەرگریلێنەکراوی دەزانی. وا دەردەکەوت دایک و باوکم سەر بە

کۆمەڵەی یەکەم بـن، لەگەڵ ئەوەیشـدا گومـانێکی تەنکـم هەیە بـاوکم مەیلـی دووەمی هەبووبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، بە پێچەوانەی باوکی و خەزوریەوە، ئەو جەختی لەوە دەکردەوە چەندین کاتژمێر لە خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکاندا بەسەر ببەم. بەهۆی ئەم خوێندنە زۆرەوە، لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەمتوانی عیبری بە جوانی بخوێنمەوە و بە ئاسانییش قسەی پێ بکەم، هەروەها شتێکیشم لە ئارامی دەزانـی (ڕەنـگە هەر ئەمەیـش وای کردبێـت دواتـر ئاسـان فێـری عەرەبـی بـبم). پەیمانـی کـۆنم بە زمـانە ڕەسـەنەکەی خوێنـدەوە؛ *میشـنا* و *گـێمارا* – دەقەکە و ڕاڤەکردنەکانی تەلمود – لام ئاشنا بوون؛ دەمتوانی بە متمانەبەخۆبوونێکی زۆرەوە گفتوگـۆ لەسـەر جیاوازییەکـانی تەلـمودی بـابلی و تەلـمودی ئۆرشـەلیمی بـکەم؛ هەروەها خۆم لە وردەکارییەکـانی تەفسیرەکانی کتێبی پیرۆزدا نـوقم کـرد، کە پێیان دەگوترێت *تارگەم*، هەروەکو ئەوەی بۆ بوون بە حاخام خۆم ئامادە بکەم.

سەرەڕای ئەم هەمـوو حیکمەتە ئایینییە، یان ڕەنگە بەهۆیانەوە، وردەوردە لە هەندێک لە بنەماکـانی ئایینی جولەکە سـارد بـوومەوە. کێشـەم لەگەڵ هانـدانی چاکەکاریی ئەخلاقیدا نەبوو کە لە هەمـوو دەقە پیرۆزەکانی جولەکە جەختی لێ کراوەتەوە، هەروەها گرفتم لەگەڵ تەقوای پێغەمبەرانی عیبرییشدا نەبوو – بەڵام وام هەسـت دەکـرد خـودای پەیمانـی کـۆن لە ڕادەبەدەر گرنگـی بەو مەراسـیم و سـروتانە دەدات کە دەبێـت بەنـدەکانی بـۆ پەرستنی پەیڕەوی دەکەن. جیـا لەوە، لەوەیـش تێگەیشـتبووم ئەو خودایە بە شێوەیەکی سەیر و نـامۆ تەنهـا گرنگی بە چارەنووسـی یەک کـۆمەڵ دەدات: عیبرییەکـان. بونیـادی پەیمانـی کـۆن وەکـو مێـژووی نەوەکـانی ئیبراهـیم خـودای وەکـو بەدیهێـنەر و بەڕێـوبەری تەواوی مرۆڤایەتی پیشـان نەدەدا، بەڵکو وەکو خودای هۆزێـک پیشـانی دەدا کە هەمـوو بوونەوەری بەپێی پێداویستییەکانی "خەڵکە هەڵبژێردراوەکە"ی ڕێـک خستبێت: کاتێـک پەیڕەوییـان لە ڕێـگەی ڕاسـت دەکـرد بە سـەرکەوتن خەڵاتیـان دەکـات، کـــاتێکیش لادەدەن دەیانخـــاتە بندەســـتی بێبـــاوەڕان و ئـــازار دەچێـــژن. بە

لەبەرچاوگرتنی ئەم کەموکورتییە بنەڕەتییانە، تەنانەت مەیل و گەرموگوڕیی ئەخلاقیی پێغەمبەرەکانی دواتریش، بۆ نموونە ئایزایە و ئەرمیا، هەروەکو پەیامێکی گەردوونی دەرنەدەکەوت.

ئەگەرچی کاریگەریی خوێندنە سەرەتاییەکانم پێچەوانە بوون – لەبری ئەوەی لە ئایینی پێشینانم نزیکم بکەنەوە، دووریان خستمەوە – زۆرجار روا بیر دەکەمەوە یارمەتییان داوم لە ئامانجی ئایین تێبگەم. هەرچۆن بێت، لەو سەردەمەدا نائومێدبوونم لە ئایینی جولەکە هانی نەدام بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تردا بۆ حەقیقەتە مەعنەوییەکان بگەڕێم. لەڕێر کاریگەریی ژینگە گومانگەراکەدا، وەکو زۆرینەی کوڕانی هاوتەمەنم هەموو ئایینێکی دامەزراوەییم ڕەت کردەوە؛ تا ئەو جێگەیەیش ئایینەکەم بۆ من لە کۆمەڵێک بکە و مەکە زیاتر نەبوو، هەستم بە خراپی نەدەکرد. بیرۆکە عەقیدەیی و فەلسەفییەکان هێشتا لام گەڵاڵە نەبووبوون و گرنگیم پێیان نەدەدا؛ ئەوەی من بۆی دەگەڕام لەوە جودا نەبوو کە زۆرینەی کوڕان بۆی دەگەڕان: جوڵە، سەرکێشی، وروژان.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٤دا، کاتێک شەڕە مەزنەکە دەستی پێ کردبوو، یەکەم هەڵی بەدیهێنانی خەونە کوڕانەکانم دەرکەوت. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە خوێندنگە هەڵهاتم و بە ناوێکی ساختەوە چوومە سوپای نەمساوە. باڵام بەرز بوو و گومان لەوە نەکرا خوار هەژدە ساڵ بم، کە کەمترین تەمەنی قبووڵکراو بوو. پاش چەند حەفتەیەک، باوکە داماوەکەم بە یارمەتیی پۆلیس منیان دۆزییەوە و گەڕێندرامەوە بۆ ڤیەنا، چونکە دایک و باوکم پێش ماوەیەک گواستیانەوە بۆ ئەوێ. دوای چوار ساڵ لە سوپای نەمسادا ناونووس کرام، بەڵام ئەم جارەیان بە شێوەیەکی دروست؛ بەڵام ئەوکات خەونی شکۆی سەربازی لە دڵمدا مردبوو و لە شوێنی تردا بۆ قایلبوون دەگەڕام. هەرچۆنێک بێت، پاش چەند

حەفتەیەک لە ناونووسکرانم، شۆڕش کرا و ئیمپراتۆریەتی نەمسا داڕما، شەڕیش کۆتایی هات.

لە ماوەی دوو ساڵی دوای جەنگە گەورەکەدا، بە شێوەیەکی نادڕێکخراو مێژووی هونەر و فەلسەفەم لە زانکۆی ڤیەننا دەخوێند. دڵم لەسەر ئەو بابەتانە نەبوو. حەزم بە ژیانێکی بێدەنگی ئەکادیمی نەبوو. حەزم لەوە بوو دەستوپەنجەم لەگەڵ خودی ژیاندا نەرم بکەم، دەمویست بەبێ ئەو بەرگرییە جوانسازکراو و دەستکردانەی خەڵکە ئاساییشخوازەکان حەزیان لێ بوو بەر ژیان بکەوم؛ هەروەها دەمویست دەستووری مەعنەویی شتەکان ئاشکرا بکەم. دەیشمزانی دەستوورێکی وەها هەیە، بەڵام نەمدەدۆزییەوە.

قورسە ڕوونی بکەمەوە لەو ڕۆژانەدا مەبەستم لە "دەستووری مەعنەوی" چی بووە؛ بێگومان بە شێوە باوە ئاییننییەکە لە بابەتەکەم نەدەڕوانی، هەر بە گشتییش مامەڵەیەکی ڕێکخراوم نەبوو. جێی باسە، ئەو پەرشوبلاوی و نارووننییە دەستکردی خۆم نەبوو، تەنها یەخەی منیشی نەگرتبوو، بەڵکو یەخەی نەوەیەکی تەواوی گرتبوو.

دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیست نیشانەی بەتاڵییەکی مەعنەوی بوون. هەموو ئەو بەها ئەخلاقییانەی ئەورووپا بۆ چەندین سەدە پێیان ڕاهاتبوو، لە ئەنجامی ئەوەی لە نێوان ١٩١٤ و ١٩١٨دا ڕوویدا داڕمان و چیتر شکڵێکی جێگیریان نەما، هیچ بەهاگەلێکی نوێیش لە ئاسۆوە دیار نەبوون. هەستی شکاوی و نادڵنیایی لە هەموو جێیەک بوو – هەستێک سەبارەت بە شپرزەیی فکری و کۆمەڵایەتییەکان کە وای لە تاک دەکرد گومان لە هەموو جۆرە جێگیرییەک لە هەزر و کۆششەکانی مرۆڤدا بکات. وا دەردەکەوت هەموشتێک کەوتبێتە بەردەم لافاوێکی بێشکڵ، نائاسوودەیی مەعنەویی لاوانیش بۆ ڕیشەیەک دەگەڕا و دەستی نەدەکەوت. لەبەرئەوەی پێوەری پشتپێبەستراوی ئەخلاق نەمابوو، کەس نەیدەتوانی وەڵامی قایلکەری زۆرێک

لە پرسیارەکانمان بداتەوە. زانست دەیگوت، "بەدەستهێنانی زانیاری هەمووشتێکە،" بەڵام بیری دەچوو زانین بەبێ ئامانجی ئەخلاقی بەرەو پەشێوی دەچێت. چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان، شۆڕشگێڕەکان، هەروەها کۆمەنیستەکان – هەموویان دەیانویست جیهانێکی باشتر و شادتر دروست بکەن – تەنها بیریان لە هەلومەرجە دەرەکی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکردەوە؛ بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزەیش، پەرەیان بە "تێگەیشتنی ماددەگەرا بۆ مێژوو" دا و مێتافیزیکێکی دژەمێتافیزکیان لێ دروست کرد. کەسە ئایینداراەکانیش هەر ئەوەیان دەزانی سیفەتگەلێک بدەنە پاڵ خودا کە هەڵقوڵاوی هزری خۆیان بوو، ئەوەیش دەمێک بوو ڕەق و بێمانا بووبوو: کاتێکیش ئێمەی لاو سەرنجی ئەو سیفەتانەی خودامان دەدا کە ئەوان باسیان دەکرد، نەماندەتوانی لەگەڵ ئەوەی بە چاوی خۆمان دەیبینین ئاوێتەی بکەین، بۆیە بە خۆمانمان دەگوت، "ئاشکرایە هێزە جوڵێنەرەکانی چارەنووس لەو سیفەتانە جیاوازن کە دەدرێنە پاڵ خودا؛ کەوایە خودا نییە." تەنها کەمینەیەکمان نەبێت، بە هزری زۆرینەی لاواندا نەدەهات ڕەنگە خەتاکە لەوانە بێت کە خۆیان بە پارێزەری ئایین و "پێناسەکەری" خودا دەزانی، ئەو کەسانەی بەرگی خۆیانیان بە بەری خودادا دەکرد و لە مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ دایاندەبڕی.

ئەم ناجێگیرییە ئەخلاقییە تاکی یان بەرەو سەرگەردانی ئەخلاقی دەبرد، یان وای لێ دەکرد بە دوای مامەڵەیەکی داهێنەرانە و کەسیدا بۆ تێگەیشتن لەوەی ژیانێکی باشتر چییە بگەڕێت.

ئەم تێگەیشتنە غەریزەییەم هۆکاری ناڕاستەوخۆی هەڵبژاردنی مێژووی هونەر بوو وەکو بابەتی سەرەکی لە زانکۆ. پێم وابوو ئەرکی ڕاستەقینەی هونەر وروژاندنی شکڵێکی یەکگرتوو و تەبایە لە پشت ئەو وێنە پارچە پارچانەوە کە لە هزرماندا دروست دەبن، وایشی بۆ دەچووم تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوەی وردەوە پارچەکان بە جوانی پێکەوە بلکێندرێن. هەرچۆنێک بێت، ئەو

کۆرسانەی بەشداریيم تیایاندا کرد تینوێتییان نەشکاندم. پرۆفیسۆرەکانم – هەندێکیان، بۆ وێنە جۆزێف ستزیگۆوسکی و دڤۆراک، کە لە بواری خۆیاندا بلیمەت بوون – زیاتر سەرنجیان لەسەر دۆزینەوەی ئەو یاسا جوانیناسییانە بوو کە لە پشت داهێنانی هونەرییەوە بوون تاکو دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ پاڵنەرە مەعنەوییەکانی هونەردا: بە دەربڕینێکی تر، مامەڵەی ئەوان لەگەڵ هونەردا بەرتەسک بوو، لە سنووری ئەو *فۆرمانە* دەرنەدەچوو کە هونەرەکەی پێ دەردەبڕدرێت.

لە ڕۆژگاری سەرگەردانی لاوێتیدا، بە دەروونشیکاری ئاشنا بووم، بەڵام ئەویش لەبەر هۆکاری جیاواز قایلی نەکردم. گومانی تیادا نییە ئەوکات دەروونشیکاری شۆڕشێکی فکریی بوو، وایشت هەست دەکرد ئەم هەوڵە بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی مەعریفە و زانین کاریگەریی گەورە و بگرە سەراسەرییش لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ سەبارەت بە خۆی و کۆمەڵگە دادەنێت. دۆزینەوەی ئەو ڕۆڵەی مەیلە نائاگاکانی مرۆڤ لە شێوەپێدانی کەسایەتیی مرۆڤدا هەیانە، لە چاو ڕێگە کۆنترەکانی دەروونناسیدا، ڕێگەیەکی باشتر بوو بۆ تێگەیشتن لە خود. دانم بەمەدا دەنا و گرفتم لەگەڵیدا نەبوو. لە ڕاستیدا، بیرۆکە فرۆیدییەکان[1] وەکو شەرابێکی خەست هزرمیان مەست دەکرد، زۆر ئێوارەیشم لە قاوەخانەکانی ڤیەننادا بە دەم گوێگرتن لە گفتوگۆ سەرنجڕاکێشەکانی ڕێبەرانی دەروونشیکارییەوە بەسەر بەرد، بۆ نموونە گفتوگۆکانی ئەلفرێد ئادلەر، هێرمان ستێکڵ، هەروەها ئۆتۆ گرۆس.[2] بەڵام

---

[1] زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩): دەمارناسێکی نەمسایی بوو کە دواتر دەروونشیکاریی دامەزراند. کتێبەکانی ڕێڕەوی دەروونناسییان گۆڕی و سەرنجیان خستە سەر بایەخی ناهۆشیار لەسەر ژیان و کەسایەتی تاک.

[2] ئەلفرێد ئادلەر: ساڵی ١٨٧٠ لەدایک بووە و ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە. دەروونناس و چارەسەرکارێکی دەروونیی نەمسایی بوو، هەروەها دامەزرێنەری خوێندنگەی (ڕێباز) دەروونناسیی کەسی بوو. لە جەختکردنەوەدا لە پەیوەندییەکانی خانەوادە و هەستی ←

گەرچی دانم بە بایەخی بنەما لێکدانەوەییەکانی دەروونشیکاریدا دەنا، لەو خۆبەگەورەزانینە مەعریفییەی هەیبوو بێزار بووم، چونکە دەیویست هەموو ڕازەکانی خودی مرۆڤ لە کۆمەڵێک کاردانەوەی دەمارناسی-بۆماوەییدا کورت بکاتەوە. ئەو دەرئەنجامە فەلسەفییانەی دامەزرێنەران و لایەنگرانی بواڕەکە پێیگەیشتن زۆر لەوە سادە و خۆبەگەورەزان و هەڵەشەتر دەردەکەوتن لە حەقیقەتە ڕەهاکان نزیک ببنەوە؛ جیا لەوەیش، بە هیچ جۆرێک پەنجەیان بۆ ڕێگەیەکی نوێ بەرەو ژیانێکی باش ڕانەدەکێشا.

بەڵام گەرچی ئەو گرفتانە جاروبار مێشکیان داگیر دەکردم، هەرگیز گرفتی ڕاستەقینە نەبوون. هەرگیز گرنگییەکی ئەوتۆم بە خەملاندنی مێتافیزیکی یان هەوڵی هۆشیارانە بۆ دۆزینەوەی "حەقیقەتە" پەتییەکان نەدابوو. مەیل و سەرنجی من زیاتر لەسەر ئەو شتانە بوو کە دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت: خەڵکی، چالاکییەکان، هەروەها پەیوەندییەکان. ڕێک لەو کاتەدا بوو بە شتێک ئاشنا بووم بە ناوی پەیوەندی لەگەڵ ژناندا.

لە پرۆسەی هەڵوەشانەوەی داب و بەها جێگیرە ئەخلاقییەکان پاش جەنگە مەزنەکە، زۆرێک لە بەربەستەکانی نێوان ڕەگەزەکان شل کرانەوە. پێم وایە دۆخەکە شۆڕش نەبوو بەرانبەر بە ئەخلاقیاتی سەدەی نۆزدە، بەڵکو گەڕانەوەیەک بوو لە دۆخێکەوە کە هەندێک پێوەری ئەخلاقی بە جێگیر و پرسیارلێنەکراو لەقەڵەم درابوون بەرەو دۆخێک هەموشتێک تیایدا

نزیکایەتی و هەستی خۆبەکەمزانین و هەندێک بابەتی دیکەی جەوهەریدا، لە فرۆید جیا دەبوویەوە.

ئەگەر مەبەستی ڤێلهلم ستێکڵ بێت: پزیشک و دەروونناسێکی نەمسایی بوو لە ساڵی ١٨٦٨ لەدایک بوو و لە ساڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە ئەوەڵین شوێنکەوتوانی فرۆید.

ئۆتۆ گرۆس: لە ساڵی ١٨٧٧ لەدایک بووە و ١٩٢٠ کۆچی دوایی کردووە. دەروونشیکارێکی نەمسایی بوو و یەکێک بوو لە لایەنگرە سەرەتاییەکانی فرۆید.

پرسیارلەسەرکراو بوو: جۆلانێیەک لە باوەڕی ئاسوودەی دوێنێوە بەوەی مرۆڤ بەرەوپێش دەچێت و لە پێشکەوتندایە، بەرەو لەوەهمدارنینەکەی شپنگلەر، ئەخلاقیاتە ڕێژەییەکەی نیچە، هەروەها بەرەو ئەو مەعنەویەتە هیچگەرایەی دەروونشیکاری بانگەشەی بۆ دەکرد. ئێستا کە بیر سالاّنی پاش جەنگ دەکەمەوە، هەست دەکەم ئەو پیاو و ژنە لاوانەی بە دلّ و بە گیان باسی "ئازادیی جەستەیان" دەکرد، زۆر دوور بوون لەو ڕۆحیەتە ئازاد و شۆڕشگێڕەی پیشانیان دەدا: چێژەکانیان لەوە خودهۆشیارتر بوون پرجۆش بن، زۆر ئاسانتریش بوون لەوەی ناوی شۆڕشگێڕانەیان پێوە بلکێنرێت. پەیوەندییە سێکسییەکانیان شتێکی هەڕەمەکیی تیادا بوو، هەروەها هێندە سەرپێیی بوو زۆرینەی کات بەرەو چێژپەرستی دەچوو.

تەنانەت ئەگەر هەستیشم بکردایە هێشتا لەژێر کاریگەریی شوێنەوارەکانی ئەخلاقیاتە باوەکەدام، هەر نەمدەتوانی خۆم لە شتێک بەدوور بگرم کە بە تەواوەتی بلاّو بووبوویەوە؛ بۆیە منیش وەکو زۆرینەی نەوەکەم شانازیم بەوەوە دەکرد کە پێی دەگوترا "شۆڕش دژی دابونەریتە بەتالّەکان." قسەی دلّداری بە ئاسانی دەگۆڕان بۆ پەیوەندی، پەیوەندییش بۆ نزیکی جەستەیی. سەرەڕای ئەوەیش، پێم وانییە من ئازادیخوازی نائایینی بووبێتم؛ چونکە لە هەموو ئەو ئەوینە لاوانەمدا، جا هەرچەندە کورت و زووگوزەریش بووبێتن، تروسکایی ئومێدێکی کەمم بەوە هەبوو ئاوێتەبوونی ژن و پیاوێک ئەو گۆشەگیرییە ترسناکە لەناو ببات کە مرۆڤ و مرۆڤی لە یەکتری جیا دەکردەوە.

نائارامییەکەم گەشەی کرد و چیتر نەمدەتوانی لە خوێندن بەردەوام بم. لە کۆتاییدا، بڕیارم دا واز لە خوێندن بهێنم و خۆم بە ڕۆژنامەگەرییەوە خەریک بکەم. باوکم، کە بێگومان هۆکاری باشی هەبوو بەلاّم من قبوولّم نەدەکرد، ئەو

بڕیارەمی بەدڵ نەبوو، هەروەها دەیگوت لانی کەم دەبێت بۆ خۆمی بسەلمێنم دەتوانم بنووسم، ئینجا نووسین بکەم بە پیشە؛ لە کۆتایی یەکێک لە گفتوگۆ تونەکانماندا گوتی، "هەرچۆنێک بێت، تاکو ئەم خولەکە بڕوانامەی دکتۆرا ڕێگر نەبووە لەوەی کەسێک ببێت بە نووسەرێکی سەرکەتوو." بەڵگەهێنانەوەکەی دروست بوو، بەڵام من لاو و ئومێدەوار و بێئۆقرە بووم. کاتێک بۆم دەرکەوت ڕای خۆی ناگۆڕێت، هیچم بۆ نەمایەوە جگە لەوەی دەست بە ژیانێکی سەربەخۆ بکەم. بەبێ ئەوەی ئامانجەکانی خۆم بە کەس بڵێم، لە ڕۆژێکی هاوینی ١٩٢٠دا ماڵئاواییم لە ڤیەننا کرد و بلیتی شەمەندەفەرێکی پراگم کڕی.

جیا لە شتە کەسییەکانم، هەموو ئەوەی هەمبوو ئەڵقەیەکی ئەڵماس بوو، ئەویش یادگاریی دایکم بوو کە ساڵێک لەوەوبەر کۆچی دوایی کردبوو. لە دیارترین قاوەخانەی ئەدەبیی پراگدا ئەڵقەکەم فرۆشت. بە ئەگەری زۆر قۆڵیان بڕیم، بەڵام ئەو پارەیەی وەرمگرت بۆ ئەوکاتم بڕێکی باش بوو. پارەکەم خستە گیرفانم و بەرەو بەرلین بەڕێ کەوتم، لەوێیش کۆمەڵێک هاوڕێی ڤیەنناییم منیان بە ئەڵقەی ئەدیبان و هونەرمەندانی قاوەخانەی کۆنی دێس وێستن ناساند.

دەمزانی دەبێت بەبێ یارمەتی ڕێگەکەم ببڕم؛ هەرگیز چاوەڕێی پارە نەبووم لە خانەوادەکەم، بیشهاتایە قبوولّم نەدەکرد. پاش چەند حەفتەیەک، کاتێک تورەییەکەی باوکم ڕەویەوە، نامەیەکی بۆ نووسیم: "جوان لەبەرچاومە لە کۆتاییدا دەکەویتە سەرشەقام"؛ لە وەڵامدا پێیم گوت: "سەرشەقام چارەنووسی من نییە – من دەگەم بە لوتکە." ئەوەی چۆن دەگەیشتم بە لوتکە ڕوون نەبوو، بەڵام لانی کەم دەمزانی دەمەوێت بنووسم و قەناعەتیشم وابوو جیهانی پیت و وشەکان ئامێزیان بۆ کردوومەتەوە.

پاش چەند مانگێک پارەم پێ نەما و دەستم بە گەڕان بۆ کار کرد. بۆ لاوێک کە ئارەزووی ڕۆژنامەگەریی هەبێت، ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان بژاردەیەکی باش و ڕوونن، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو من بژاردەی ئەوان نەبووم. ئەوەم بە جارێک بۆ دەرنەکەوت. لە ماوەی چەند حەفتەیەکدا هەنگاوم لەسەر هەموو شۆستەکانی بەرلین هەڵهێنا – چونکە کرێی سەیارەم پێ نەمابوو – هەروەها بەشداریی چەندین گفتوگۆی کاریم کرد و لە بەرانبەر چەندین سەرنووسەر و چاکسازی هەواڵدا تەریق بوومەوە، ئەوجا بۆم دەرکەوت مەگەر بە موعجیزە، ئەگەرنا هیچ ڕۆژنامەیەک کەسێک قبوڵ ناکات کە تاکە پیتێکی چاپکراوی نەبێت. ڕێم لە هیچ موعجیزەیەک نەکەوت، بەڵکو ڕێم لە برسێتی کەوت و دوو حەفتەی تەواو لەسەر چا و دوو پارچە نانی ڕۆژانە دەژیام کە خاوەنماڵەکەم بەیانییان بۆ دەهێنام. هاوڕێ ئەدەبییەکانی قاوەخانەم نەیاندەتوانی کارێکی وەها بۆ ئەم "لوتکەگرە" بێئەزموونە بکەن؛ جیا لەوەیش، بارودۆخی زۆرینەیان لە هی من باشتر نەبوو، لەسەر نوکی پێیان ڕاوەستابوون و ملیان هەڵخستبوو تاکو لە ئاوەکەدا نەخنکێن. جاری وابوو یەکێکیان بەهۆی وتارێک یان فرۆشتنی وێنەیەکەوە پارەیەکی باشی پەیدا دەکرد، ئەوجا ئاهەنگێکی لە بیرە و سۆسجی فرانکفۆرتەر ساز دەکرد و منیش گەر بەختم هەبوایە بانگ دەکرام؛ یان یەکێک لە دەوڵەمەندە بەپۆزەکان کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرە پاتاڵ و بێگانەکانی ناومانی بانگهێشتی خوانێک دەکرد، هەروەها لێهان ڕادەما کاتێک گەدەی بەتاڵی خۆمانمان بە شەمپانیا و کاناپەی کاڤیار تێر دەکرد، لە بەرانبەر دەستکراوەیی کابرای خاوەنسفرەیشدا باسی ژیانی دۆمیهان دەکرد. بەڵام ئەوانە دەگمەن بوون. زۆرینەی ڕۆژەکانم برسێتیی تەواو بوون، شەوانیش خەونم بە گۆشتی برژاو و سۆسج و پارووی کەرەوە دەبینی. زیاد لە جارێک ویستم نامە بۆ باوکم بنێرم و

داوای یارمەتی بکەم، گومانیشم نییە ڕەتی نەدەکردەوە، بەڵام هەموو جارێک شکۆ و خۆبەگەورەزانیم ڕێیان لێ دەگرتم، بۆیە لە نامەکاندا باسی کارە نایابەکەم و موچە باشەکەمم دەکرد...

لە کۆتاییدا، هەناسەیەکی بەختیارانەم دا. منیان بە فریدریک مورنۆی دەرهێنەر ناساند، کە ئەوکات تازە ناوبانگی وەکو دەرهێنەر دەکردبوو (دوای چەند ساڵێک چوو بۆ هۆڵیود و ئەوەندەی تر بەناوبانگ بوو)؛ مورنۆ، کە بەهۆی کراوەییەکەوە لای هەموو هاوڕێیان خۆشەویست بوو، گرنگیی بەم پیاوە لاوە دا کە بەرانبەر بە سەختی ئومێد لە چاوەکانیدا هەبوو و تەماشای داهاتووی دەکرد. لێی پرسیم کاتم هەیە بۆ فیلمێکی نوێی کاری لەگەڵدا بکەم: کارەکە کاتی بوو، بەڵام من هەستم کرد دەرگاکانی بەهەشتم بۆ کراونەتەوە، بۆیە دەستبەجێ گوتم، "بەڵێ، بەشدار دەبم..."

بۆ ماوەی دوو مانگی تەواو، لە هەموو خەمێکی دارایی ئاسوودە بووم و وەکو یاریدەدەری مورنۆ، کۆمەڵێک ئەزموونی نوێ و نایابم کرد. متمانەبەخۆبوونم زیادی کرد، کاتێکیش خانمەئەکتەری سەرەکیی فیلمەکە – ئەکتەرێکی بەناوبانگ و جوان – قسە و دەمەتەقەی ئەم یاریدەدەرە لاوەی ڕەت نەکردەوە، متمانەبەخۆبوونەکە ئەوەندەی تر زیادی کرد. کاتێک فیلمەکە تەواو بوو و مورنۆ ناچار بوو بۆ کارێکی تر بچێت بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوم بەجێ هێشت و قەناعەتم وابوو ڕۆژە تاریکەکانم تێپەڕیون.

پاش ماوەیەکی کەم، هاوڕێی باشم ئانتۆن کوهـ ڕۆژنامەنووسێکی ڤیەننایی کە تازە وەکو ڕەخنەگرێکی شانۆ ناوبانگی دەرکردبوو – داوای لێ کردم لە نووسینی سیناریۆیەکدا یارمەتیی بدەم. بە خۆشحاڵییەوە بیرۆکەکەم قبووڵ کردم و لەگەڵ پرۆژەکەدا خۆم ماندوو کرد؛ هەرچۆن بێت، ئەو بەرهەمهێنەرەی

داوای کردبوو پارەکەی دا و من و ئانتۆنیش نیوەبەنیوە بەشمان کرد. ویستمان بە بۆنەی یەکەمین هەنگاومان لە جیهانی فیلمدا ئاهەنگ بگێڕین، بۆیە لە یەکێک لە ڕازاوەترین چێشتخانەکانی ئاهەنگێکمان ساز کرد؛ کە کاتی پارەدانیش هات، بۆمان دەرکەوت دەبێت هەموو ئەوەی پەیامان کردووە بیدەین بە حەقی ڕۆبیان و کاڤیار و شەرابی فەڕەنسی. بەڵام بەختمان هەبوو. دەستبەجێ بۆ نووسینی سیناریۆیەکی تر دانیشتین – چیرۆکێکی فەنتازی سەبارەت بە کەسایەتی بەلزاک و ئەزموونێکی خەیاڵی و دروستکراوی ئەو – هەر لەو ڕۆژەیشدا کە تەواومان کرد فرۆشتمان. بەڵام ئەمجارەیان ئاهەنگم نەگێڕا و لەبری ئەوە چەند حەفتەیەک بۆ پشوو چووم بۆ دەریاچەکانی باڤاریا.

پاش ساڵێکی تری پڕ لە سەرکەوتن و کەوتن لە شارە جیاوازەکانی ئەورووپای ناوەڕاست، هەروەها پاش ئەنجامدانی چەندین کاری کورتخایەن، توانیم بچمە ناو جیهانی ڕۆژنامەگەرییەوە.

لە پایزی ١٩٢١دا، پاش ماوەیەک لە باری دارایی خراپ، یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینەم بەرەو جیهانی ڕۆژنامەگەری نا. دوانیوەڕۆیەکیان، کاتێک بە بێتاقەتی و ماندوویی لە قاوەخانەی دێس وێستن دانیشتبووم، هاوڕێیەکم هات و لەسەر مێزەکەم دانیشت. کاتێک باسی کێشەکانی خۆمم بۆ کرد، پێشنیاری کرد:

"ڕەنگە دەرفەتێک بۆ تۆ هەبێت. دامێرت بەنیازە بە هاوکاری لەگەڵ یونایتد پرێسی ئەمریکادا دەزگایەکی هەواڵی دابمەزرێنێت. ناوی دەزگاکە یونایتد تەلەگراف دەبێت. بێگومان پێویستی بە وردەنووسەری زۆر دەبێت. ئەگەر حەز بکەیت، تۆی پێ دەناسێنم."

دکتۆر دامێرت لە ئەڵقە سیاسییەکانی بیستەکانی بەرلیندا کەسایەتییەکی

دیـار بـوو. ئەو لە حیزبـی سـەنتەری کاسـۆلیکیدا پـێگەی هەبـوو و خۆیشـی دەوڵەمەنـد بـوو، بـۆیە ناوبـانگێکی باشـی هەبـوو؛ بیـرۆکەی کـارکردنیش لەژێـر دەستی ئەودا لام پەسەندکراو بوو.

ڕۆژی دواتر هاوڕێکەم بردمی بۆ نووسینگەکەی دکتۆر دامێرت. ئەو کەشخە بوو و چل ساڵێک دەبوو، هەروەها لەگەڵماندا کراوە بوو و دانیشاندین.

"بەڕێز فینگال" (هاوڕێکەی من) "باسی تۆی بۆ کردووم. هەرگیز لەوەوبەر وەکو ڕۆژنامەنووس کارت کردووە؟"

"نەخێـر بەڕێـزم، بەڵام ئەزمـوونم زۆرە. بە جۆرێـک لە جۆرەکـان شـارەزای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چەند زمانێکی ئەو وڵاتانە دەزانم." (لە ڕاستیدا تاکە زمانێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کە دەمزانی پۆڵەندی بوو، شتێکی ئەوتۆیشـم لە بـارودۆخی پۆڵەنـدا نەدەزانـی؛ بەڵام سـور بـووم لەسـەر ئەوەی خۆبەکەمگری دەرفەتەکەم لێ نەشێوێنێت.)

دکتـۆر دامێـرت بە نیـوەبزەیەکەوە گـوتی، "سەرنجڕاکێشـە، ئەمـن کەیفـم بە کەسانی شارەزا دێت. بەڵام بەداخەوە، لە ئێستادا پێویستم بە شارەزای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا نییە."

پێم وابێت نائومێدییەکەی ڕوخسارمی بینی، چونکە یەکسەر گوتی: "لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕەنگە دەرفەتێکم بۆ تۆ هەبێت، هەرچەندە لەوەیە لە خوار ئاست و پێگەی تۆوە بێت..."

بە دەم بیرکردنەوە لە کرێخانووەکەمەوە، پرسیم، "دەرفەتەکە چییە بەڕێزم؟"

"پێویسـتم بە چەنـد تەلەفـونەوانێکە... نـا نـا، نـیگەران مەبە، مەبەسـتم لە تەلەفونەوانی لای سویچبۆرد نییە، بەڵکو تەلەفونەوان بۆ گواستنەوەی هەواڵ بۆ

ڕۆژنامەکانی شار و شارۆچکەکانی تر..."

ڕاستی کرد، زۆر لە خوار چاوەڕوانییەکانمەوە بوو. سەیری دکتۆر دامێرتم کرد و سەیری کردم؛ کاتێک چرچبوونی لێواری چاویم بینی، وەکو ئاماژەیەکی پێشوەختەی بزە، زانیم یارییە ڕاستییەکەم دەستی پێ کردووە.

بە ئاهێک و پێکەنینێکەوە گوتم. "قبوولّی دەکەم بەڕێزم."

حەفتەی دواتر دەستم بە کار کرد. کارەکە وەڕەزکەر بوو، هەروەها تا بڵێیت لەو "ژیانە پیشەیە" ڕۆژنامەنووسییەوە دوور بوو کە لە خەیاڵی خۆمدا وێنەیم کێشابوو. هەموو ئەوەی دەمگرت گواستنەوەی هەواڵ بوو بە تەلەفون لەسەر پەڕەیەکەوە بۆ ئەو ڕۆژنامانەی خزمەتگوزاریی دەزگاکەیان کڕیبوو؛ بەڵام تەلەفونەوانێکی باش بووم و موچەکەیش باش بوو.

مانگێکی ئاوا بەردەوام بووم. لە کۆتایی مانگەکەدا، دەرفەتێکی پێشتربەدینەکراو خۆی بۆ نواندم.

لە ساڵی ١٩٢١دا، برسێتییەکی مەزن و پێشترنەبینراو بەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی گرت. ملیۆنان کەس لە برساندا دەتلانەوە و سەدانهەزاریش دەمردن. تەواوی ڕۆژنامە ئەوروپییەکان باسی دۆخە نالەبارەکەیان دەکرد؛ کۆمەڵێک پڕۆژەی دەرەکیی یارمەتی بەگەڕ خران، یەکێکیان هی هێربەرت هۆڤەر بوو، کە لە ماوەی جەنگە مەزنەکەدا کاری زۆری بۆ ئەوروپای ناوەڕاست کردبوو. مەکسیم گۆرکی[1] ڕێبەرایەتیی بزاڤێکی فراوانی دەکرد لە ناوەوەی ڕوسیا، داواکارییەکانیشی بۆ یارمەتی جیهانی خرۆشاندبوو؛ دەنگۆ بڵاو بوویەوە

[1] مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨-١٩٣٦): نووسەر و بیرمەندی سۆشیالیستی بەناوبانگی ڕووسی و سۆڤیەتی. ژمارەیەکی زۆر ڕۆمان و کورتەچیرۆک و شانۆنامەی هەیە.

هاوسەرەکەی ئەو سەردانی پایتەختی ولاتانی ئەروپای ناوەڕاست و ڕۆژئاوا دەکات، تاکو ڕای گشتی بجوڵێنێت و یارمەتییەکی باشتر بۆ خەڵکە برسییەکە پەیدا بکات.

منێکی تەلەفونەوان بەشداریپەکی ڕاستەوخۆم لە گواستنەوەی ئەو هەواڵە گرنگەدا نەبوو، تا بەهۆی یەکێک لە ناسیاوە کاریپەکانمەوە (ناسیاوی زۆرم لە شوێنی سەیر و سەمەرەدا هەبوو) دەرفەتێکم بۆ ڕێکەوت. ئەو ناسیاوە دەرگاوانی شەوانەی ئوتێلی ئێسپلاندێ بوو، کە یەکێک بوو لە کەشخەترین ئوتێلەکانی بەرلین، پێی گوتم: "ئەو خاتوو گۆرکیپەکە ژنێکی زۆر باشە؛ قەت بۆی ناچیت بۆڵشەوی بێ..."

"ئا ڕاوەستە! خاتوو گۆرکی؟ لەکوێ ئەوت بینیوە؟"

هەواڵهێنەکەم دەنگی کز کرد و بە چرپە گوتی: "لە ئوتێلەکەمان دەمێنێتەوە. دوێنێ هات، بەڵام بە ناوێکی ترەوە خۆی تۆمار کردووە. تەنها بەڕێوبەرەکە دەزانێت ئەو کێیە. ئەو نایەوێت پەیامنێرەکان بێزاری بکەن."

"ئەی کە هەر بەڕێوبەر دەزانێت، تۆ چۆن زانیوتە؟"

بە پێکەنینێکەوە گوتی، "ئێمەی دەرگاوان هەمووشتێک دەزانین. وا دەزانیت دەمانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاری خۆماندا بمێنینەوە، ئەگەر هەمووشت نەزانین؟"

ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ خاتوو گۆرکیدا چ مەزن دەبوو – بە تایبەتی کاتێک لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا باسی هاتنی ئەو بۆ بەرلین نەکرابوو... لەسەر ئاگر بووم.

بە هاوڕێکەمم گوت، "دەتوانیت بە جۆرێک لە جۆرەکان دیدارێکمان بۆ بڕەخسێنیت؟"

"نازانم. ئەو سورە لەسەر ئەوەی خۆی لە پەیامنێرەکان بەدوور بگرێت... بەڵام دەتوانم شتێکی تر بکەم: ئەگەر لە ڕاپەوەکەدا بوەستیت، لەوەیە بتوانم ئەوت پیشان بدەم."

ڕێک کەوتین. خێرا گەڕامەوە بۆ نووسینگەی یونایتد تەلەگراف؛ زۆرینەی زۆریان چووبوونەوە ماڵ، بەڵام خۆشبەختانە سەرنووسەری هەواڵەکان لەوێ بوو. وەکو لەزگە پێوەی نووسام.

"ئەگەر بەڵێنی هێنانەوەی هەواڵێکی نایابت بۆ بهێنمەوە، باجی ڕۆژنامەکەم دەدەیتێ؟"

بە گومانەوە پرسیی، "چ هەواڵێک؟"

"تۆ باجەکەم بدەرێ، منیش هەواڵێکی نایابت بۆ دەهێنمەوە. ئەگەر نەمهێنا، خۆ تۆ باجەکەت هەر وەردەگریتەوە."

لە کۆتاییدا قەناعەتم بە پەیامنێرە بەتەمەنەکە کرد و بە شانازییەوە لە نووسینگەکە دەرچووم، چونکە باجێکم پێ بوو منی وەکو نوێنەری یونایتد تەلەگراف لەقەڵەم دەدا.

چەند کاتژمێری داهاتووم لە ڕاپەوی ئوتێلی ئێسپلاندێدا بەڕێ کرد. کاتژمێر نۆ نۆرەی کاری هاوڕێکەم هات. لای ڕاپەوەکەوە چاوێکی لێ داگرتم و لە پشت مێزی پرسگەوە ون بوو؛ دوای چەند خولەکێک هات و هەواڵی دا خاتوو گۆرکی لە دەرەوەیە.

"ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ لێرە دابنیشیت، بێگومان لە کاتی هاتنەوەیدا دەیبینیت."

دەوروبەری کاتژمیر یازدە، هاوڕێکەم ئاماژەی بۆ کردم. ئەو ئاماژەی بۆ خانمێک دەکرد کە لە دەرگا خولاوەکەوە هاتە ژوورەوە: خانمێکی چکۆلە و ناسک لە ناوەندەکانی چل ساڵیدا، کەوایەکی پۆشیبوو زۆر بە وردی بڕدرابوو، عەبایەکی درێژ و رەشی ئاوریشمیش لەسەر شانیەوە شۆڕ بووبوویەوە و لە زەوی دەخشا. لە بەرگ و پۆشاکدا ئەوەندە ئەرستۆکراتییانە دەردەکەوت، قورس بوو وێنای ئەوە بکەیت ئەمە هاوسەری ئەو پیاوەیە کە بە "شاعیری کرێکاران" ناسراوە، قورستر لەوەیش ئەوە بوو وێنای ئەوە بکەیت ئەمە هاوڵاتییەکی یەکێتی سۆڤیەتە. ڕێگەم لە خاتوو گۆرکی گرت و سەرم بۆ کەچ کرد، ئەوجا بە جوانترین شێوە گوتم: "خاتوو گۆرکی...؟"

بۆ ساتێکی کەم سەرسام بوو، بەڵام دواتر بزەیەک لەسەر ڕوخساری نیشتەجێ بوو و چاوە جوان و ڕەشەکانی ڕۆشن کردەوە، جا بە ئەڵمانییەکەوە کە بە حاڵ شوێنەواری سلاڤیی بەسەرەوە دیار بوو گوتی: "من خاتوو گۆرکی نیم... لێت تێک چووە – من ناوم ئەمە و ئەوەیە" (ناوێکی ڕوسییانەی پێ گوتم کە هەر لەوێدا بیرم چوویەوە).

لەسەر قسەی خۆم سور بووم: "نا خاتوو گۆرکی، چاک دەزانم پێکاومە. دەیشزانم حەز ناکەیت ئێمەی پەیامنێر بێزارت بکەین – بەڵام بۆ من زۆر گرنگە چەند خولەکێک پێکەوە بدوێین. ئەمە یەکەمین هەلە بۆ سەلماندنی خۆم. دڵنیام حەز ناکەیت ئەو هەلەم بسوتێنیت...؟" باجەکەمم پیشان دا و گوتم، "تەنها ئەمڕۆ پێمە و ئەگەر گفتوگۆیەک لەگەڵ تۆدا نەکەم، دەبێت ڕادەستی بکەمەوە."

خاتوونە ئەرستۆکراتییەکە بە بزە ڕازاوەکەیەوە لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو: "ئەی باشە ئەگەر سوێندت بۆ بخۆم من خاتوو گۆرکی نیم، باوەرم پێ دەکەیت؟"

"خاتوونه‌کەم، تۆ سوێند لەسەر هەرچی بخۆیت، من باوەڕی پێ دەکەم."

دایە قاقا و گوتی، "تۆ لە کوڕێکی باش دەچیت." (سەرە نازەنینەکەی بە حاڵ دەگەیشتە لای شانم.) "درۆی ترت لەگەڵدا ناکەم. بردتەوە. بەڵام ناتوانین تەواوی شەوەکە لەم ڕاڕەوەدا بین. خۆشحاڵ دەبم لە ژوورەکەم دابنیشین و چایەک بخۆینەوە."

لەگەڵ خاتوو گۆرکیدا پێکەوە دانیشتین و چامان خواردەوە. کاتژمێرێکی تەواو باسی سەختی و ناڕەحەتییەکانی برسێتییەکەی کرد؛ کاتێکیس نیوەشەو ئەوم بەجێ هێشت، تۆپەڵێک تێبینیم نووسیبوو.

کاتێک لەو کاتە درەنگەدا گەڕامەوە بۆ یونایتد تەلەگراف، پێداچوونەوەکارەکانی ئەوێ سەرسام بوون. بەڵام هیچم بۆ ڕوون نەکردنەوە، چونکە کارم هەبوو. دەستبەجێ گفتوگۆکەم نووسییەوە و بەبێ چاوەڕێکردنی پێداچوونەوە، پەیوەندیم بە هەموو ئەو ڕۆژنامانەوە کرد کە هەواڵەکان بۆ دەناردن.

سبەی بەیانی بۆمبەکە تەقییەوە. لە کاتێکدا هیچ یەکێک لە دەزگا و ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی بەرلین خەبەریان لە هاتنی خاتوو گۆرکی نەبوو، هەموو ئەو ڕۆژنامانەی هەواڵیان لە دەزگاکەی ئێمە وەردەگرت لە پەڕەی پێشەوەدا گفتوگۆی یونایتد تەلەگرافیان لەگەڵ خاتوو گۆرکیدا دانابوو. تەلەفونەوانەکە پێشی هەموو ڕۆژنامە گەورەکانی دابوویەوە.

دوانیوەڕۆ، لە نووسینگەکەی دکتۆر دامێرت کۆبوونەوەی سەرنووسەر و نووسەرەکان بوو. منیان بانگ کرد و وانەیەکیان لەسەر ئەوە پێگوتمەوە کە هەواڵ هەرچەندە گرنگیش بێت، هەر دەبێت پێداچوونەوە بکرێت. پاش ئەوە، پلەم بۆ پەیامنێر بەرز کرایەوە.

لە کۆتاییدا بووم بە ڕۆژنامەنووس.

(٤)

هەنگاوی نەرم لە بیابانەکەدا: زەیدە، لای بیرەکەوە بە کوندەی پڕ لە ئاوەوە دێتەوە. لە نزیک ئاگرەکە دایدەنێ و درێژە بە لێنانی چێشتەکە دەدات: برنج و گۆشتی بەرخێکی بچووک کە دەمەوئێوارە لە لادێکە کڕیی. پاش دواهەمین کەوچکتێرادان و دەرچوونی هەڵمی مەنجەڵەکە، ڕوو دەکاتە من:

"ئێستا نان دەخۆیت مامە؟" – بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم، دەزانێت وەڵامەکەم بەڵێیە و خواردنەکە دەخاتە سەر بەلەمێکی گەورە و لە بەردەم مندا دایدەنێت، ئەوجا دەستم ڕادەگرم و ئەویش ئاوی پیادا دەکات:

"بسم الله، خودا ژیانمان پێ ببەخشێت."

ئەوجا بە چوارمشقی بەرانبەر بە یەک بۆی دادەنیشین و بە دەستی ڕاستمان دەست بە خواردن دەکەین.

بە بێدەنگی نانەکە دەخۆین، کەسمان زۆر ئەهلی قسە نین. جیا لەوەیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان کەوتوومەتە ناو دەریای یادکردنەوەوە، یادی ڕۆژانێک دەکەمەوە عەرەبستانم نەدەناسی، زەیدیشم نەدەناسی؛ بۆیە ناتوانم بەرز بدوێم، تەنها دەتوانم لە ناخی خۆمدا و لەگەڵ خۆمدا بدوێم، لە ڕێگەی جەوە جیاوازەکانی ڕابردووەوە تامی ئێستا بکەم.

پاش نانخواردن، پاڵ بە زینەکەوە دەدەمەوە و بە دەستم یاری بە لمەکە دەکەم، چاویشم شوێنی ئەستێرەکانی ئاسمانی عەرەبی دەکەوێت، ئەوجا بیر دەکەمەوە چەندە خۆش دەبوو ئەگەر کەسێکم لا بوایە باسی ئەو ڕۆژانەی ڕابردووم لەگەڵدا بکردایە. بەڵام کەسم لا نییە، زەید نەبێت. ئەو هاوڕێیەکی باش و پیاوێکی پیاوانەیە، لە زۆر ڕۆژی تەنهاییشدا لەگەڵمدا بووە؛ ئەو وردە و ڕوانینێکی لێزانانەی هەیە و بە باشیش مرۆڤ دەناسێت. بەڵام کاتێک لە

تەنیشتەوە سەیری ڕوخساری دەکەم – ئەم ڕوخسارە کە لێوارەکانی جوان دیارن و ئێستا بەسەر قۆری قاوەکەوە چەماوەتەوە و لە تێڕاماندا نوقم بووە، ئەوجا سەیری حوشترەکان دەکات کە لای ئاگرەکەدا پشووەدەدەن و خەریکی کاوێژن – دەزانم پێویستم بە گوێگرێکی تر‌ە: کەسێک کە نەک تەنها لە سالانی سەرەتامدا بەشی نەبووبێت، بەڵکو بە ڕەنگوبۆی شەو و ڕۆژانی ئێستەیشم بێگانە بێت، کەسێک بتوانم نوکتە بە نوکتە ئەوەی لە یادگەمدایە بۆی هەڵبڕژم، تاکو تەماشایان بکات و منیش بەهۆی ئەوەوە لێیان ڕابمێنمەوە، کەسێک یارمەتیم بدات ژیانم لە نێوانی وشەکاندا بگرم.

بەڵام کەسی لێ نییە زەید نەبێت.

03
بـــا

(١)

دەڕۆیـن و دەڕۆیـن، دوو پیـاو لەسـەر دوو حوشـتر دەڕۆیـن و بەیـانییەکە بەلاماندا دەخزێت.

"زۆر سەیرە، زۆریش سەیرە،" دەنگی زەید بێدەنگییەکە دەشکێنێت.

"چی سەیرە زەید؟"

"مامە گیان، ئەوە سەیر نییە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەرەو تەیمە دەچووین و ئێستایش حوشترەکانمان ڕوویانکردووەتە مەککە؟ دڵنیام خۆیشت پێش ئەو ڕۆژە نەتدەزانی. تۆیش، هەروەها منیش، وەکو دەشتەکی واین. مامە گیان، ئەوە جن بوو کە چوار ساڵ لەمەوبەر لەپڕێکدا قەناعەتی بە من کرد بچم بۆ مەککە، ئێستایش بڕیارەکەی بە تۆ گۆڕی؟ ئایا ئێمە خۆمان داوەتە دەست با، چونکە نازانین چیمان دەوێت؟"

"نا زەید، من و تۆ خۆمان داوەتە دەست با، چونکە دەزانین چیمان دەوێت: دڵمان دەیزانێت، بەڵام هەندێکجار مێشکمان درەنگ تێدەگات، وەلێ هەرچۆن بێت لە کۆتاییدا شوێنی دڵمان دەکەون و ئێمەیش وا دەزانین بڕیارێکمان داوە..."

ڕەنگە دە ساڵیش لەمەوبەر، ئەو ڕۆژەی لەسەر تەختەی پێشەوەی کەشتیی یەکەم گەشتم بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک ڕاوەستابووم و ڕووم لە باشوور بوو بەرەو دەریای ڕەش، کاتێک بە شەوە سپی و تەماوییەکاندا تێدەپەڕین، کاتێک لە

بەرەبەیانە مژاوییەکاندا لە بۆسفۆر نزیک دەبووینەوە، ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژە دڵم زانیبێتی. دەریاکە تار بوو، هەندێکجار تەمەکە کەشتییەکەی دادەپۆشی؛ دەنگی کارکردنی مەکینەکانیش لە دەنگی لێدانی دڵ دەچوون.

لە پێشەوەی کەشتییەکە ڕاوەستابووم و تەماشای ناوەوەی کەشە لێڵەکەم دەکرد. ئەگەر لەوێدا لێت بپرسیمایە بیر لە چی دەکەمەوە، یان چ چاوەڕوانییەکم لەم گەشتە بەرەو ڕۆژهەڵات هەیە، نەمدەتوانی وەڵامێکی ڕوونت بدەمەوە. ڕەنگە بمگوتایە کنجکۆڵی: بەڵام کنجکۆڵییەک کە خۆی جددی وەرنەدەگرت، چونکە نیشانەی لە شتانێک دەگرتەوە گرنگ دەرنەدەکەوتن. تەمی نائاسوودەیی من، کە دەتگوت هاوڕێی تەمی سەر دەریاکەیە، ڕووی لە خاکە بێگانەکان و ئەو خەڵکە نەبوون کە دواتر دەمبینین. وێنەکانی داهاتوویەکی نزیک، شار و ڕوخسارە بێگانەکان، ئەو پۆشاک و ڕەفتارە نوێیانەی بەریان دەکەوتم مێشکیان سەرقاڵ نەدەکردم. ئەم گەشتەم وەکو شتێکی ڕێکەوت دەبینی، وەکو ئەوەی هاتبێتە سەر ڕێگەم و چێژبەخش بێت، بەڵام زۆر گرنگ نەبێت. لەو ساتەدا، بیرکردنەوەکانم لەسەر ئەوە جێگیر و نائاسوودە بوون کە بە ڕابردووم دەزانی.

ڕابردوو؟ ڕابردووم هەبوو؟ ئەوکات بیستودوو ساڵ بووم... بەڵام ڕەنگە نەوەکەی من – ئەو نەوەیەی لە کازیوەی سەدەی بیستدا لەدایک بووبوو – لە هەموو نەوەیەکی تر خێراتر ژیابێت، بۆیە کاتێک سەیری ڕابردووم دەکرد، وەکو کاتێکی درێژ بەرچاو دەکەوت. وێنەی هەموو سەختی و ئەزموونەکانی – هەروەها ژنەکانی - ئەو ساڵانە لەبەر چاوەکانمدا نەخشان... ئەو شەوە ناکۆتایانەی ژێر سەقفی ئاسمانی ئەستێرەباران، وەختێک نەتدەزانی چیت دەوێت و لەگەڵ دۆستێکدا بە شەقامە چۆڵەکاندا پیاسەتان دەکرد، باسی بابەتە گەورەکانتان دەکرد، هەروەها بیرت دەچوویەوە گیرفانەکانت چەندێک چۆڵن و ڕۆژانی داهاتوو چەندە شپرزەن... نائاسوودەییەکی شادت لە هەناوتدا دروست دەبوو، تەنها خۆیشت دەتتوانی هەستی پێ بکەیت، هەروەها ئارەزووی گۆڕینی

جیهان و دروستکردنەوەی لە سەرەتاوە دەخزایە دڵتەوە... بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە مافداری و پڕی بڕژین، دەبێت چۆن کۆمەڵگە بونیاد بنێینەوە؟ دەبێت پەیوەندییەکانیان چۆن ڕێک بخرێن، تاکو ئەو چواردیواری تەنهاییەی دەوری مرۆڤی داوە بڕمێت و، مرۆڤ بۆ ساتێک لە نزیکیدا بژی؟ چی چاکە، ئەدی چی خراپە؟ چارەنووس چییە؟ یان بە زمانێکی تر: مرۆڤ چی بکات تاکو بە ڕاستی، نەک بە نمایش، لەگەڵ ژیانیدا ئاوێتە ببێت و بتوانێت بڵێت "من و چارەنووسم یەکین"؟ ئەو گفتوگۆیانەی کۆتاییان نییە. قاوەخانە ئەدەبییەکانی ڤیەننا و بەرلین، بە خۆیان گفتوگۆ درێژەکانیانەوە سەبارەت بە "فۆرم،" "ستایل،" هەروەها "دەربڕین،" سەبارەت بە مانای ئازادیی سیاسی، دیداری ژن و پیاو... برسێتی بۆ تێگەیشتن، هەندێکجاریش بۆ خواردن... ئەو شەوانەی لە جۆشی لێکئاڵانی جەستەییدا تەی کران: کاتێک جۆشی شەوەکە کۆتایی دەهات، هەروەها جێنوستنی شێواو لە تاریکوڕووندا بەجێ دەما و دونیا وردەوردە ڕەق و ڕەساسی دەبوو؛ بەڵام کاتێک پەردە لەسەر ڕۆشنایی بەیانی لادەدرا، ئیدی خۆڵەمێشی تاریکوڕوونت لەبیر دەکرد و کاتێک پێت بەسەر زەویدا دەنا، هەستت دەکرد شادە و شادیت... چێژی کردنەوەی کتێبێکی نوێ، یان دیتنی ڕوخسارێکی تازە؛ گەڕان و دۆزینەوەی نیوەوەڵامەکان؛ هەروەها ئەو ساتە دەگمەنانەی وا دەردەکەوت زەوی بۆ چەند چرکەیەک بەهۆی تێگەیشتنێکی نوێوە ڕابوەستێت: وەڵامێک بۆ هەموو پرسیارەکان...

ئەو بیست ساڵە لە ئەورووپای ناوەڕاست سااڵنێکی سەیر بوون. کەشی گشتیی نائاسوودەیی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئومێدێکی داماوانەیان بەڵاو کردبوویەوە، ئەمەیش لە ئەزموونە نوێیەکانی مۆسیقا، وێنەکێشان، هەروەها شانۆدا خۆی دەنواند، یان لە دەستبردنە شۆڕشگێڕانەکەدا بۆ شکڵ و پێکهاتەی کلتور؛ بەڵام شانبەشانی ئەم گەشبینییە زۆرەملێیە، ڕۆحیەتی بەتاڵیی مەعنەوی و ڕێژەگەرایی بەهۆی نائومێدی سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤەوە هەبوو.

گەرچی لاو بووم، لێم شاراوە نەبوو پاش کارەساتی جەنگە گەورەکە، شتەکان چیتر لە جیهانی هەڵوەشاو و هەستشکاو و پەرشی ئەوروپادا ڕاست نەبوون. سەرنجم دا چیتر خودای ئەوروپا خودایەکی مەعنەوی نییە، بەڵکو ئاسوودەییە. بێگومان هێشتا کەسانێک هەبوون لە ڕوانگەی ئایینەوە بیریان لە دونیا دەکردەوە و هەوڵی ناکامیان بۆ ئاشتکردنەوەی باوەڕە ئەخلاقییەکان و ڕۆحیەتی شارستانیەتەکەیان دەدا، بەڵام کەمینە بوون. هەموو ئەوروپییەکی ئاسایی – جا دیموکرات بووبێت یان کۆمەنیست، کرێکار بووبێت یان بیرمەند – دەیزانی یەک ئایینی ئەرێنی هەیە: ئایینی پێشکەوتنی ماددی، باوەڕ بەوەی تاکە ئامانجی ژیان ئەوەیە بەردەوام ژیان ئاسانتر بکرێت، یان وەکو ئێستا قسەیەکی باوە، "ژیان لە سروشت سەربەخۆ بکرێت." پەرستگەکانی ئەو ئایینە بریتی بوون لە کارگە گەورەکان، سینەماکان، تاقیگە کیمیاییەکان، هۆڵەکانی سەماکردن، هەروەها کارۆئاوییەکان؛ قەشە و دەمڕاستانی ئایینەکە بریتی بوون لە بانکدارەکان، ئەندیازیارەکان، ئەستێرەکانی سینەما، ئامارزانەکان، ڕێبەرانی پیشەسازی، فڕۆکەوانەکان و ئەفسەرەکان. نائومێدیی ئەخلاقی وەکو ڕۆژ دیار بوو، بە تایبەتی لە نەبوونی ڕێکەوتنێکی گشتیدا سەبارەت بەوەی چی چاکە و چی خراپە، هەروەها لەوەدا کە ملی هەموو پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ حوکمی "بەرژوەندی" کەچ دەکرا – ئەو خانمە ڕەنگکراوەی شەقامەکان، کە هەرکاتێک بوروژێنرێت، ئامادەیە خۆی پێشکەشی هەرکەسێک بکات... تینوێتیی نەشکێندراو بۆ هێز و چێژ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەسەر کۆمەڵێک کۆمەڵەی دوژمندا قاش کرد، کە هەرکاتێک بەرژوەندییەکانیان تێک بگیرایە، ئامادە بوون سنگی یەکتری هەڵدڕن. لە لایەنە کلتوورییەکەیشەوە، دەرئەنجامەکە دروستکردنی مرۆڤێک بوو کە خاوەنی ئەخلاقیاتێک بوو لە سنووری بەرژەوەندی و سوود دەرنەدەچوو، بەرزترین پێوەریشی بۆ چاکە و خراپە بریتی بوو لە پێشکەوتنی ماددی.

تێبینیم کرد ژیانمان چەندە شێواو و خەمناک بووە؛ سەرنجم دا سەرەڕای ئەو هەمـوو جەختکـردنەوەیە لە "یەکێتـی" و "کـۆمەڵگە،" هـیچ پەیوەنـدییەکی ڕاستەقینە لە نێوان خەڵکدا نەماوە؛ بینیم لە غەریزە دروستەکانمان لاماندواوە، هەروەها ڕۆحمان تەسک بووەتەوە و ژەنگیشی هەڵهێناوە. هەموو ئەمانەم بینی، بەڵام هەرگیـز بە خەیاڵمـدا نەهـات – وا دیـارە بە خەیـاڵی چواردەورەکەیشـمدا نەهاتووە – وەڵامێک بۆ هەموو ئەو تەنگژانە، یان لانی کەم کۆمەڵێک وەڵامی پارچەپـارچە، لە دەرەوەی ئەزمـوونە کلتوورییەکـانی ئەوروپـادا بێـت. سـەرەتا و کۆتایی بیرکردنەوەی ئێمە ئەوروپا بوو، تەنانەت ئاشنابوونیشم بە لاوتزە[1] – لە تەمەنی حەڤدە ساڵی یان ئەو دەوروبەرە – لەم ڕووەوە ڕوانگەمی نەگۆڕیبوو.

ئاشنابوون بە لاوتزە دۆزینەوەیەکی ڕاستەقینە بوو. هەرگیز لەوەوبەر گوێم لە نـاوی ئەو نەبووبـوو، هەروەهـا سـەرەواوێک سـەبارەت بە فەلسـەفەکەی ئەو لە مێشکمدا نەبوو، تـاکو ڕۆژێکیـان لە کتێبخانەیەکی ڤیەننادا چاوم کەوتە سـەر وەرگێڕانێکی ئەڵمانی بۆ کتێبی *تائو تی چینگ*. ناونیشـانە سـەیرەکە کنجکۆڵی کـردم. کتێـبەکەم کـردەوە و یەکێـک لە حیکمەتەکـانیم خوێنـدەوە: هەسـتم بە وروژانێکـی لەناکـاو کـرد، وەکـو ئەوەی بە چەقـۆی شـادی لێم بـدرێت، بـۆیە بە سەرسامی لە جێی خۆمدا چەقیم و دەوروبەری خۆم بیر نەمـا. ناحەقم نەبوو، لەوێـدا ژیـانی مـرۆڤم، خـاڵی لە هەمـوو دووبەرەکەی و ئاژاوەکـان، لە هێمنـی و ئارامیـدا بینـی؛ ژیـانم لە شـادییەکی بێدەنگـدا بینـی، شـادییەک هەمیشـە لە بەردەستی دڵی مرۆڤدایە، بەو مەرجەی سوود لە ئازادییەکەی وەربگرێت... ئەوە ڕاسـتی بـوو، دەمزانـی: ڕاسـتییەک کە ،سـەرەڕای لەبیرکرانـی، هەمیشـە ڕاسـت بووە، ڕاستییەک ئێستا من بە شادییەوە دەیناسمەوە، وەکو شادیی کەسێک کە لە دوورەوڵاتەوە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی.

---

[1] لاوتزە (٦ سەدەی پێش زایین): فەیلەسوفی چینی و ڕێبەری ئایینی تائۆیزم.

لەو ساتە بە دواوە، لاوتزە پەنجەرەیەک بوو لێوەی تەماشای ژیانم دەکرد، دوور لە هەموو تەسکی و ترسە دەستکردەکان، ئازاد لە هۆگرییە منداڵانەکان کە ئێمەیان ناچار دەکرد هەمیشە لە ڕێگەی "گەشەی ماددییەوە" بوونی خۆمان مسۆگەر بکەین. ئەوە نەبوو بڵێم گەشەی ماددی خراپ یان ناپێویستە، بە پێچەوانەوە، بە شتێکی باش و پێویستم دەزانی: بەڵام چاکیش دەمزانی تاکو ڕوانگەی مەعنەویمان ئاڕاستە نەکەینەوە و باوەڕمان بە بەها ڕەهاکان نەبێت، پێشکەوتن هەرگیز ئامانجەکەی خۆی – زیادکردنی بەختەوەریی مرۆڤ - بەدی ناهێنێت. بەڵام ئەوەی ئاڕاستەکردنەوەکە چۆن ئەنجام دەدرا و چ جۆرە بەهایەک دەچەسپێندرا بۆم، وەکو نێچیرێکی بزێو لە دەستی شکاری بیرم دەردەچوو. بێگومان ئامۆژگاریکردنی خەڵکی بەوەی ڕێگە و ئامانجیان بگۆڕن سوودی نەدەبوو، وەکو ئەوەی لاوتزە ئامۆژگاریمانی دەکرد لەبری ئەوەی پەلاماری ژیان بدەین، ئامێزی بۆ بکەینەوە. ئامۆژگاریکردنی ڕووت و تێگەیشتنی فکری بە تاقی تەنیا نەیاندەتوانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دروست بکەن؛ ئەوەی پێویست بوو باوەڕێکی نوێ بوو لە دڵدا، لەگەڵ ملکەچکردن بۆ ئەو بەهایانەی ئەگەر و بەڵام قبوولّ ناکەن: بەڵام باوەڕێکی وا لەکوێ پەیدا دەبوو؟

نەدەهات بە مێشکمدا گژنێ شکۆمەندەکەی لاوتزە شتێکی سەرپێیی نەبێت و تەنها ڕووی لە گۆرینی فکر نەبێت، بەڵکو ڕووی لە گۆڕینی ڕیشەییترین چەمکەکانی فکری ڕۆژئاوایی بێت. ئەگەر ئەمەم بزانیبایە، ناچار دەبووم بڵێم ئەوروپا ناتوانێت ئەو ئارامییە مەعنەوییە بەدەست بهێنێت کە لاوتزە باسی دەکرد، مەگەر ئەوەی بوێرێت پرسیاری گەورە لە ڕیشەی مەعنەوی و ئەخلاقییەکانی خۆی بکات. بێگومان ئەوکات زۆر لەوە لاوتر بووم بە شێوەیەکی هۆشیارانە بگەم بەو دەرئەنجامە: زۆر لەوە لاوتر بووم لە گژنێی حەکیمە چینییەکە و دەرئەنجامەکانی تێبگەم. پەیامەکەی منی شڵەقاند؛ ژیانێکی پیشان دام تیایدا مرۆڤ لەگەڵ خۆی و چارەنووسیدا ئاوێتە دەبوو:

بەڵام لەبەرئەوەی نەمدەزانی فەلسەفەیەکی وا چۆن لە تێڕامان دەردەچێت و لە ژیانی ڕاستیدا و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی ژیانی ئەوروپیدا جێبەجێ دەکرێت، وردەوردە گومان لە جێبەجێکراویی فەلسەفەکە بۆ دروست بوو. هێشتا نەگەیشتبووم بەو خاڵەی لە خۆم بپرسم ئایا شێوازی ژیانی ئەوروپی لە بنەڕەتدا تاکە شێوازە یان نا. بە زمانێکی تر، هێشتاکە وەکو زۆرینەی ئەوانەی لە دەوروبەرم بووم، بە تەواوەتی گیرۆدەی ڕوانگە خودسەنتەرە ئەوروپییەکە بووم.

هەروەها، هەرچی دەنگی لاوتزە هەرگیز بێدەنگ نەبوو، وردەوردە لە هزرمدا ڕام کرا و وەکو شعری جوان جێگیر بوو. لە خوێندنەوەی بەردەوام بووم و هەموو جارێکیش خەیاڵە شادەکەی دەیروژاندم، بەڵام وەختێک کتێبەکەم دەخستە لاوە، خەفەتم لەوە دەخوارد ئەوە خەونێکی دوورە و دابڕاوە لە دونیا. منیش، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئەو جیهانە چڵێس و پەشێو و تاڵەدا نەدەگونجام، نەمدەویست بە دابڕاوی لە دونیا بژیم.

ئەو ئامانج و پرۆژانەی لەو سەردەمەدا ئاوێزانی کەشی فکری و ئەدەبیات و هونەر و سیاسەتی ئەوروپا بووبوون، هیچ گەرموگوڕییەکیان بە من نەدەدا، چونکە ئامانج و پرۆژەکان هەرچەندە هەمەجۆر و دژبەیەک بووبێتن، هێشتا هەموویان لە پێشگریمانەیەکی ساویلکەدا هاوبەش بوون: ئەگەر دۆخی دەرەکی – ئابووری یان سیاسی – چاک بکرێت، پەشێوی و نارێکیی ئێستای ژیان نامێنێت. بە تەواوەتی باوەڕم بەوە هەبوو پێشکەوتن خۆی لە خۆیدا هیچی پێ ناکرێت و چارەسەر نییە؛ گەرچی خۆیشم چارەسەرم پێ نەبوو، هەرگیز ئەو جۆش و خرۆشانەم نەبوو کە هاوسەردەمەکانم بۆ "پێشکەوتن" هەیانبوو.

بابەتەکە ئەوە نەبوو خەمگین بم. من هەرگیز دەروونگەرا نەبووم، لەو کاتەیشدا لە کارە سیاسییەکانمدا سەرکەوتوو بووم. لە کاتێکدا گرنگییەکی ئەوتۆم بە بیرۆکەی "ژیانی پیشەیی" نەدەدا، کارەکەم لە یونایتد تەلەگراف –

ئێستا ئیدی بەهۆی زانینی زمانەوە سەرپەرشتیاری خزمەتگوزاریی دابینکردنی هەواڵ بووم بۆ سکەندەناڤیان پرێس – دەرگای زۆری بە ڕووی جیهاندا بۆ کردبوومەوە. قاوەخانەی دێست وێستن و قاوەخانە جێنشینەکەی، قاوەخانەی ڕۆمانیچز – شوێنی دیداری نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و ئەکتەر و بەرهەمهێنەرە سەرکەوتووەکان – وەکو ماڵێکی فکری بوون بۆم. پەیوەندیی دۆستانە و بگرە خانەوەداییم لەگەڵ کەسانێکی بەناوبانگدا هەبوو، خۆیشم – لانی کەم لە ڕواڵەتدا – بە یەکێک لەوان دەزانی. هاوڕێیەتیی قووڵ و ئەوینی تێپەڕیو هاتنە سەر ڕێگەم. ژیان پڕ لە جۆش بوو، پڕ بوو لە ئومێد و ڕەنگ. نەخێر، بێگومان خەمگین نەبووم – ناقایل بووم، نەمدەزانی بە شوێنی چییەوەم، لە هەمانکاتیشدا بە خۆبەگەوەرزانینێکەوە قەناعەتم وابوو ڕۆژێک دەزانم بە شوێنی چییەوەم. لەگەڵ جۆلانەی ئاسوودەیی و پەرێشانیی دڵمدا دەجوڵام، هەروەکو چۆن زۆرێک لە هاوسەردەمەکانم وایان دەکرد: ئاخر گەرچی کەسمان بە ڕاستی خەمگین و خەمۆک نەبووین، کەمێکمان دەمانزانی چۆن بە شێوەیەکی هۆشیارانە شاد بین.

خەمۆک نەبووم، بەڵام بێتوانناییم لە هاوبەشپێکردنی ئومێدە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانم لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرم هەستی بێگانەیی لا دروست کردم، لە ئەنجامیشدا ئارەزووی نیشتیمانێکی لە دڵمدا ڕواند، بەڵام چ نیشتیمانێک؟ ئارەزووی ئەوەی بەشێکم بە لە شتێک، بەڵام چی؟

پاشان ڕۆژێکیان، لە بەهاری ساڵی ١٩٢٢دا، نامەیەکم لە خاڵە دۆریانمەوە پێگەیشت.

دۆریان بچووکترین برای دایکم بوو. پەیوەندیی ئێمە زیاتر پەیوەندییەکی هاوڕێیانە بوو تاکو پەیوەندی خاڵ و خوشکەزا. ئەو دەروونپزیشک بوو – یەکێک لە خوێنکارە کۆنەکانی فرۆید – و لەو کاتەیشدا سەرۆکی نەخۆشخانەیەکی دەروونی بوو لە قودس. ئەو خۆی زایۆنی نەبوو، لەگەڵ

زایۆنییەکانیشدا هاوئامانج نەبوو – هەزی بە عەرەبەکانیش نەبوو – بۆیە هەستی بە تەنهایی و بێگانەیی دەکرد، هەروەها پێی وابوو لە جیهانێکدایە جیا لە کار و مووچەیەک هیچی تری پێ نابەخشێت. ئەو هاوسەریشی نەبوو، بۆیە خوشکەزاکەی وەکو تاکە هاوڕێی کاتی تەنهایی دەبینی. لە نامەکەیدا باسی ئەو ڕۆژە خۆشانەی کرد لە ڤیەننا کە منی بە جیهانی دەروونشیکاری ناساندووە، لە کۆتایی نامەکەیشیدا نووسیبووی: "بۆ نایەیت چەند مانگێک لەگەڵ منداا بمێنیتەوە؟ پارەی هاتن و چوونت دەدەم، هەرکاتێکیش ویستت دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ بەرلین. لە کاتێکیشدا لێرەیت، لە ماڵێکی کۆن و لەبەردڵانی عەرەبیدا دەژیت کە بە بەرد دروست کراوە و لە هاویندا فێنکە (لە زستانیشدا زۆر ساردە). کاتەکەمان پێکەوە بە خۆشی بەسەر دەبەین. کتێبی زۆرم لایە، هەرکاتێکیش لە تەماشاکردنی دیمەنە دانسقەکە ماندوو بوویت، دەتوانیت چەندت دەوێت بخوێنیتەوە..."

وەکو هەموو بڕیارە گەورەکانی ژیانم، ئەمەیشیانم بە خێرایی دا. بۆ سبەی بەیانی بە دکتۆر دامێرتی یونایتد تەلەگرام گوت بەهۆی "کاری گرنگەوە" دەبێت بچم بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، هەروەها لە ماوەی حەفتەیەکدا واز لە یونایتد تەلەگراف دەهێنم...

ئەگەر کەسێک پێی بگوتمایە یەکەم ئاشناییم بە جیهانی ئیسلام لە پشوویەکدا کورت نابێتەوە و بگرە دەبێت بە خاڵی وەرچەرخانی ژیانم، بێگومان گاڵتەم بە قسەکەی دەهات. ئەوە نەبوو بڵێی تەڵیسمی جوانیی ئەو وڵاتانە نامهەژێنن کە لە مێشکمدا – مێشکی زۆرێک لە ئەوروپییەکانیش – بە چیرۆکەکانی *هەزارویەک شەو*ەوە بەستراوونەوە: پێشبینیی ڕەنگی جوان، دابونەریتی سەیر، بەرکەوتنی وێنەییم دەکرد، بەڵام هەرگیز وام نەدەزانی لە جیهانی ڕۆح و مەعنەوییشدا تووشی سەرکێشی دەبم، وایش دەرنەدەکەوت ئەو گەشتە لە ڕووی کەسییەوە پەیانێکی تایبەتی بۆ من هەبێت. لەوەوبەر، بەر

هەر ئەو بیرۆکەیەک بکەوتمایە، بە شێوەیەکی خۆڕسک دەمخستە چوارچێوەی جیهانبینیی ڕۆژئاواوە، هەروەها فراوانبوونی ڕوانینی من لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیەدا بوو کە پێی ئاشنا بووم. دەی خۆ ئەگەر بیریشی لێ بکەیتەوە، چۆن دەکرا هەستێکی جیاواز لەوەم هەبێت؟ من ئەوروپییەکی لاو بووم، لەسەر ئەوە گۆش کرابووم ئیسلام و ئەوەی ئیسلام لە مێژوودا نوێنەرایەتیی دەکات وەکو تولەڕێیەکی ڕۆمانسی وایە و هیچی تر، لە ڕوانگەی مەعنەوی و ئەخلاقییشەوە "ڕێزلێگیراو" نییە، بۆیە نابێت هاوشانی ئەو دوو ئاینە ناوی بهێنرێت کە لە ڕۆژئاوا تەنها ئەوان شایستەی ئەوەن بە شێوەیەکی جددی وەربگیرێن: جولەکە و مەسیحیەت.

بەم لایەنگیریە لێڵ و ئەوروپییەوە دژی ئیسلام (بێگومان دژی ڕواڵەتە بەڕۆمانسیکراوەکەی ژیانی موسوڵمان نا) لە هاوینی ١٩٢٢دا بەرەو ڕۆژهەڵاتی نزیک کەوتمە ڕێ. بۆ ئەوەی ستەمیش لە خۆم نەکەم، جێی خۆیەتی بڵێم بە شێوەیەکی کەسی خۆبەگەورەزان نەبووم، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانم لە ڕوانگە کلتوورییەکەوە خودسەنتەر و خۆبەگەورەزان بووم، بەو خۆبەگەورەزانییەی هەمیشە خاڵی جیاکەرەوەی هزری ڕۆژئاوا بووە.

ئێستا ئیدی لە پێشەوەی کەشتییەک ڕاوەستابووم کە مەنزڵەکەی ڕۆژهەڵات بوو. گەشتێکی ڕاقی منی هێنابوو بۆ کۆنستانزا و ئێستایش لەگەڵ ئەم بەرەبەیانە تەماوییەدا تێکەڵ بووبووم.

چارۆکەیەکی سور لەناو جبەی تەمەکەوە دەرچوو و بە لای کەشتییەکەدا تێپەڕی؛ دەرکەوتنەکەی نیشانەی ئەوە بوو وردەوردە تیشکی خۆر تەمەکە دەبڕێت. چەند تیشکێکی بێڕەنگ و تەنک کەوتنە سەر تەمی دەریاکە. بێڕەنگییەکەیان دەچووەوە سەر ڕەقیی کانزا. لەژێر فشاردا، تەمە قورسەکە لەسەر ڕووی ئاوەکە جێگیر بوو، پاشان نوشتایەوە، لە کۆتاییشدا بە لای ڕاست و چەپی تیشکەکاندا کەوت و وەکو باڵی لێ هات بۆیان.

دەنگێکی قوولّ و پڕ هاتە بەرگوێم، "بەیانیت باش." لام کردەوە و جبەی ڕەشی هاوەڵەکەم و ئەو ڕوخسارە لێوبەخەندەیەم ناسییەوە کە کەمێک بوو ناسیبووم، بەڵام خۆشم لێی هاتبوو. ئەم قەشە عیسایییە (جێسویتی) نیوەپۆڵەندی و نیوەفەرەنسی بوو، هەروەها لە کۆلێجێکی ئەسکەندەرییە وانەی مێژووی دەگووتەوە؛ ئێستا لە پشوویەکەوە بۆ ئەوێ دەهاتەوە. ئێوارەکەی پاش سەرکەوتنەان، گفتوگۆی باشمان کرد. هەرزوو بۆمان دەرکەوتبوو لە زۆر بابەتدا دژەڕایەن، بەڵام خاڵی هاوبەشی زۆریشمان هەبوو، ئەمنیش بایەی ئەوە پێگەیشتبووم بزانم لە بەرانبەر ئەقڵێکی زیرەک و جددیدا، لە هەمانکاتیشدا سوعبەتچی، ڕاوەستاوم.

"بەیانیت باش باوکە فێلیکس؛ بنۆڕە لە دەریا..."

خۆر ڕەنگ و ڕۆشنایی ڕۆژی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. لەژێر بای بەیانیاندا، لەناو سینەی کەشتییەکەدا ڕاوەستابووین. دەمویست جوڵەی ڕەنگ لە شەپۆلەکاندا دیاری بکەم، ئەوەیش لە ئەستەم دەچوو، بۆیە حەزم پێی بوو. شین؟ سەوز؟ ڕەساسی؟ دەکرا شین بێت – بەڵام ئەوەتا پرشنگێکی سوری ئەرخەوانی، وەکو ڕەنگدانەوەی خۆرەکە، لەسەر شەپۆلە لێژەکە دەخلیسکێت، ڕووە چرچەکەیش ڕەنگێکی بەفرین و خۆڵەمێشیی وەرگرتووە. ئەوەی تاوێک لەمەوبەر لە بەرزەشەپۆلێکی جێگیر دەچوو، ئێستا لە جوڵەیەکی شڵەقاودا بوو – کرانەوەی هەزاران گێژاوی بچووک و سەربەخۆ کە تیایاندا سورە ئەرخەوانییەکە بوو بە سەوزێکی تێر؛ پاشان سەوزەکەیش بەرز بوویەوە، بوو بە بنەوشەییەکی لەرزان، کە لە سەرەتادا ڕەنگی سورێکی شەرابی وەردەگرێت، بەڵام دەستبەجێ شین هەڵدەگەڕێت و دەبێت بە تۆڕاڵی شەپۆلەکە، تەنها بۆ ئەوەی دیسانەوە هەڵبوەشێتەوە؛ دیسانەوە کەفە سپییەکە بەسەر دۆڵە ئاوییەکاندا بڵاو دەبێتەوە... یارییە ناکۆتاکە بەردەوام بوو...

بەم یاریی ڕەنگانە و بە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانیان بێتاقەت بووم.

کاتێک بە تیلەچاو تەماشام دەکرد، بۆ چەند چرکەیەک هەستم دەکرد دەتوانم وێنەیەکی گشتی و جێگیرم لێیان دەست بکەوێت؛ بەڵام کاتێک ورد دەبوومەوە، خووی بەستنەوەی چەمکێکی سەربەخۆ بە یەکێکی تر‌ەوە تەنها ڕێگەی بۆ زنجیرەیەک وێنەی دابڕاو و سەربەخۆ خۆش دەکرد. وەلێ لە هەناوی ئەم سەختی و سەرلێشێوانە بێزارکەرەدا، بیرۆکەیەکم بۆ هات لە ئاوی کانییەکی پاک ڕوونتر بوو – ئەوکات وا دەردەکەوت – بۆیە دەستبەجێ گوتم:

"هەرکەسێک بتوانێت بە هەستەکانی لە هەموو ئەمانە بگات، دەتوانێت چارەنووس دەستەمۆ بکات."

باوکە فێلیکس گوتی، "لە مەبەستت دەگەم، بەڵام دەستەمۆکردنی چارەنووس لەبەر چی؟ بۆ ڕاکردن لە ئازارچەشتن؟ ئازادبوون لە چارەنووس باشتر نییە؟"

"وەکو بوددییەک قسە دەکەیت باوکە فێلیکس. ئایا تۆیش نیرڤانا بە ئامانجی هەموو بوون دەزانیت؟"

"نا، بێگومان نەخێر... ئێمەی مەسیحی بۆ لەناوبردنی ژیان و هەست تێناکۆشین – تەنها دەمانەوێت ژیانی شانشینی ماددە و هەست ببەینە شانشینی ڕۆحەوە."

"ئەمە ڕەتکردنەوەی ژیان نییە؟"

"ڕەتکردنەوە نییە دۆستی ئازیز، بەڵکو تاکە ڕێگەیە بۆ ژیانی ڕاستەقیە، بۆ ئارامی..."

بۆسفۆر بە ڕووماندا کرایەوە، ئاوەڕێیەک کە هەردوو لای گردی بەردینە. لێرە و لەوێ کۆشکی پایەدار و باخچەی چین لەسەر چین دەبینیت، هەروەها سەرووی بالاّبەرز، قەلاّی کۆنی یەنیچەرییەکان، بەردی گەورە کە وەکو هێلانەی باڵندەکان سەریان لە ئاوەکەوە دەرهێناوە. گوێم لە بەردەوامبوونی باوکە فێلیکس دەبێت، بەڵام وەکو ئەوەی لە مەودایەکی دوورەوە بدوێت:

"دەزانیت، قوولترین مانای ئارەزووکردن و شەوق هێمای بەهەشتە؛ لە هەموو ئایینەکاندا دەیدۆزیتەوە، بە وێنەی جیاواز، بەڵام بە هەمان مانا – بە مانای ئازادبوون لە چارەنووس. بەهەشتییەکان چارەنووسیان نەبوو، ئەوکات گیرۆدەی چارەنووس بوون کە فریوی جەستەیان خوارد و کەوتنە ناو ئەوەوە کە ئێمە پێی دەڵێین تاوانی ڕەسەن: هەڵکەوتنی ڕۆح لە مەیل و خواستەکانی جەستە، کە بێگومان پاشماوەی ئاژەڵین لە سروشتی مرۆڤدا. بەشە بنەڕەتی و مرۆیی و خوداییەکەی مرۆڤ ڕۆحیەتی. گیان مەیلی ڕۆشنایی هەیە، ڕۆحیش ڕۆشناییە: بەڵام بەهۆی تاوانی ڕەسەنەوە، دیوە ماددی و ناخوداییەکەی جەستە و ئارەزووەکانی، ڕێگەی لێ دەگرن. مەسیحیەت دەیەوێت مرۆڤ خۆی لە ڕەهەندە ئاژەڵی و لاوەکییەکانی ژیانی ئازاد ببێت و بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مەعنەوییەکەی خۆی."

قەڵا دێرین و دوو بورجییەکەی ڕوملی حیسار دەرکەوت؛ یەکێک لە دیوارە شووڕەدارەکانی تا لای لێواری ئاوەکە خزاوە؛ لەسەر کەنارەکە، لەو نیوەبازنەیەدا کە دیوارەکە دروستی کردووە، گۆڕستانێکی بچووکی تورکی هەیە کە زۆرێک لە کێڵەکانی ناوی ڕماون.

"ڕەنگە قسەی تۆ بێت باوکە فێلیکس. بەڵام من هەست دەکەم – هەروەها ئەمە هەستی زۆرێکە لە نەوەکەی من – جیاکردنەوەی دیوە بنەڕەتی و نابنەڕەتییەکەی مرۆڤ کێشەیەکی هەیە، هەست دەکەم هەڵەیەک لە قاشکردنی ڕۆح و جەستەی مرۆڤدا هەیە... بە کورتی، ناتوانم لەگەڵتدا هاوڕا بم کاتێک بەو شێوەیە ڕەهایە هەموو چاکییەک لە مەیلە جەستەییەکان و چارەنووسی زەمینی دادەڕنیت. ئارەزووی من لە جێیەکی تر: دانی پێدا دەنێم هێشتا لام ڕوون نییە، بەڵام من خەون بە شێوازێکی ژیانەوە دەبینم مرۆڤ بە هەموو بەشەکانیەوە، بە ڕۆح و جەستەیەوە، بەرەو قایلبوونێکی قوولتری خودی خۆی دەچێت، بەرەو جێیەگ دەچێت ڕۆح و هەستەکان و هەستەوەرەکان دوژمنی

یەک نین، جێیەک تیایدا مرۆڤ لەگەڵ خۆی و مانای چارەنووسیدا یەکە، بە جۆرێک لە کۆتا ڕۆژەکانیدا دەتوانێت بڵێت: من چارەنووسم."

باوکە فێلیکس وەڵامی دایەوە، "ئەوە خەونە هێلینییەکە بوو. دەرئەنجامی ئەو خەونە چی بوو؟ سەرەتا بۆ مەتەڵ و ئاڵۆزییە ئۆرفیکی و دیۆنیسییەکان، پاشان بۆ ئەفلاتون و ئەفلۆتین (پلۆتینەس)، لە کۆتاییشدا بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕۆح و جەستە دژی یەکن... بۆ ئازادکردنی ڕۆح لە جەستە: ئەمەیە مانای ڕزگاریی مەسیحیەت، ڕزگاری لە خۆقوربانیکردنی گەورەمان بەسەر خاچەوە..." لێرەدا قسەکانی بە خۆی بڕی و بە چاوداگرتنێکەوە گوتی: ئاهـ، هەمیشە ئاوا بانگخوازانە نادوێم... ببورە کە سەبارەت بە باوەڕەکەم بۆت دەدوێم، کە باوەڕی تۆ نییە..."

"بەڵام من هیچ باوەڕێکم نییە."

"بەڵێ، دەزانم. نەبوونی باوەڕ، یان نەتوانینی باوەڕهێنان، ئا ئەمەیە نەخۆشیی سەرەکیی سەردەمی ئێمە. تۆیش وەکو زۆری تر لە وەهمێکدا دەژین تەمەنی هەزاران ساڵە: وەهمی ئەوەی ئەقڵ بە تاقی تەنها دەتوانێت ڕێنمایی مرۆڤ بکات. بەڵام ئەقڵ خۆی لە خۆیدا ناتوانێت بە مەعریفەی مەعنەوی بگات، چونکە لە خەیاڵی بەدەستهێنانی ئامانجە مادییەکانیدا ڕۆچووە؛ ئەوە باوەڕە کە دەتوانێت مرۆڤ لەو ڕۆچوونە ڕزگار بکات."

"باوەڕ؟ دیسانەوە ئەم وشەیەت هێنایەوە. شتێک هەیە لێی تێناگەم: تۆ دەڵێیت بەدەستهێنانی مەعریفە و گەیشتن بە ژیانێکی ڕاست تەنها بە ئەقڵ نابێت، بەڵکو باوەڕیش پێویستە. من بە تەواوەتی هاوڕام. بەڵام کەسێک باوەڕی نەبێت، چۆن باوەڕ بەدەست دەهێنێت؟ ڕێیەکی هەیە؟ مەبەستم ڕێیەکە بە ڕووی ویستی ئێمەدا کراوە بێت؟"

"هاوڕێی ئازیزم، ویست بەس نییە. ڕێگاکە تەنها بە بەرەکەت و ڕەحمی خودا

دەکرێتەوە. بەڵام هەمیشە بە ڕووی ئەو کەسەدا دەکرێتەوە کە لە ناخی دڵیەوە نزای ڕۆشنایی دەکات."

"نزا! بەڵام باوکە فێلیکس، کەسێک نزا دەکات کە باوەڕی هەبێت. بە بازنەیەکدا دەمخولێنیتەوە – ئەو کەسەی نزا دەکات، دەبێت باوەری بە بوونی نزالاکراوەکە هەبێت. چۆن مرۆڤ بەو قەناعەتە دەگات؟ بە ئەقڵی؟ ئەگەر وا بڵێین، ناگەین بەو ئەنجامەی کە دەکرێت باوەڕ لە ڕێگەی ئەقڵەوە بدۆزرێتەوە؟ جیا لەوە، دەکرێت ئەو بەرەکەتەی باسی دەکەیت هەر مانایەکی بۆ هەر کەسێک هەبێت کە هەرگیز ئەزموونی نەکردووە؟"

قەشەکە شانێکی هەڵتەکاند و وا دەردەکەوت پەشیمان بێت: "ئەگەر کەسێک خۆی نەتوانێت ئەزموونی خودا بکات، دەبێت شوێنی ئەزموونی ئەوانە بکەوێت کە ئەزموونیان کردووە..."

پاش چەند ڕۆژێک لە ئەسکەندەرییە دابەزین، هەر لە هەمان دوانیوەڕۆدا بەرەو فەڵەستین بەڕێ کەوتووم.

شەمەندەفەرەکەمان بە درێژایی نیوەڕۆکە و بە نێو دیمەنە نەرم و تەڕەکەی دەلتای نیلدا ڕاست و بەبێ لادان دەڕۆیشت. نۆکەندەکانی نیلمان تێپەڕاند، لە کاتێکدا چارۆکەی بەلەمەکان سێبەریان لەسەر ئاوەکە دروست کردبوو. شارۆچکە بچووکەکان، ماڵە خۆڵەمێشییەکان و مناڕە ڕۆشنتەرەکانمان دەبینی و تێماندەپەڕاندن. بە لای هەندێک لادێدا تێپەڕین کە کوخەکانیان لە شێوەی سندوقدا بوون و لە قوڕ دروست کرابوون. کێڵگەی چندراوەی کەتان؛ قامیشەڵانی پڕ لە قامیشی تازە؛ خورمای پێگەیشتوو شۆڕەوەبوو بەسەر مزگەوتی لادێکەدا؛ گامێشی ڕەش و قەڵەو، کە بەبێ شوان لە حەوزە قوڕاوییەکانەوە، کە لە بەرەبەیانەوە خۆیان تیادا گەوزانبدوو، بەرەو گەورەکانیان دەگەڕێنەوە. لە دوورەوە پیاوانێک دەبینیت پۆشاکی درێژیان لەبەردایە؛ هەوای ژێر ئاسمانی شین هێندە پاک بوو، هەستت دەکرد بەسەر

زەویدا نارۆن و لە هەواکەدا مەلە دەکەن. لە لێواری نۆکەندەکان نەیەکان لەگەڵ بادا سەما دەکەن؛ ژنان بە خۆیان و عەبا ڕەشەکانیانەوە ئاویان دەکردە ناو گۆزە قوڕینەکانەوە: ژنانێکی نایاب، باریکەلە، قول و قۆڵی درێژ؛ وەختێک بە ڕێگەدا دەڕۆن، دەمخەنەوە یادی ئەو ڕووەکە قەدبڵندانەی لەگەڵ بادا دەجوڵێنەوە، بەڵام ڕیشەیشیان قووڵە. کچە لاوەکان و کابانەکانیش بە هەمان شێوە دەڕۆیشتن.

تاریکییەکە گەشەی کرد و وەکو هەناسە بوونەوەرێکی گەورە خزا. کاتێک پیاوە باریکەلەکان لە کێڵگەکانیانەوە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتن، جوڵەکانیان درێژتر دەردەکەوت: هەموو هەنگاوێک بوونێکی سەربەخۆی هەبوو، لە نێوان نەمری و نەمرییشدا یەک هەنگاو هەیە. وا دەردەکەوت هۆی ئەم نەرمی و سوکییە ڕۆشنایی ئێوارانی دەلتای نیل بێت – ڕەنگە حەقی بەوەیشەوە هەبووبێت خۆم بەهۆی بینینی شتی زۆرەوە ماندوو بووبووم – بەڵام هۆکارەکە هەرچیەک بووبێت، لەپڕێکدا هەستم بە قورسایی تەواوی ئەوروپا کرد: قورسایی ئامانجی کردارەکانمان. لە مێشکی خۆمدا گوتم، "گەیشتن بە کەتوار (واقع) چەند قورسە بۆمان... هەمیشە دەمانەوێت بیگرین: بەڵام حەز ناکات بگیرێت. تەنها ئەوکاتەی مرۆڤ ماندوو دەکات، ملی بۆ دەدات."

هەنگاوی کرێکاری کێڵگەکان، کە ئێدی لە دووری و تاریکیدا ون بووبوو، وەکو سرودێک بۆ هەمووشتە بااڵکان جۆاڵنەی دەکرد.

گەیشتین بە نۆکەندی سوێس و بە لای ڕاستدا پێچمان کردەوە، هەروەها تاوێک بە ئاڕاستەی باکوور و بە پاڵ کەناراوە خۆڵەمێشییەکەدا خلۆر بووینەوە. ئەم هێڵە درێژەی نۆکەندی سوێس لە شەودا، دەتگوت ئاوازێکە سەرەتای هەیە و کۆتایی نییە. تریفەی مانگ ئاوەکەی وەکو ڕێگەیەکی ڕاستەقینە دەنواند، بەڵام بە فراوانییەکی خەیاڵی، وەکو بەندێکی تاریک کە لە کانزایەکی درەوشاوە دروست کرابێت. زەویە تێرەکەی دۆڵی نیل بە خێرایی جێگەی بۆ زنجیرەی ئەو تەپۆڵکە لمینانە دەکردەوە کە لە هەموو الیەکەوە، بە

کەمڕەنگی و لێوار ڕووناییەوە،، دەوری نۆکەندەکەیان دابوو. لەودیوەوە، لەسەر کەنارەکەی تر، تارمایی حوشترەوانێک دەرکەوت و نەما – بەحاڵ بینرا و نوقمی تاریکیی شەوەکە بوو... چ ڕەوتێکی مەزن و سادەیە: لە دەریای سورەوە، بە دەریاچە تاڵەکاندا، بۆ ناو دەریای سپی – ڕێک بە دڵی بیاباندا – تاکو ئۆقیانووسی هندی خۆی لە لەنگەرەکانی ئەوروپا بدات...

لە قەنتەڕە، گەشتی شەممەندەفەرەکە تاوێک ڕاوەستا و لۆتکەیەکی تەمبەڵ[1] هێواش گەشتیارەکانی هەڵگرت. کەوتنەڕێی شەممەندەفەرە فەڵەستینییەکە دوای کاتژمێرێک بوو. لە بەردەم وێستگەکەدا دانیشت. هەواکە گەرم و وشک بوو. لە ڕاست و چەپەوە بیابان بوو. جاروبار دەنگی وەڕین دەهات، کە دەکرا چەقەڵ یان سەگ بێت. کابرایەکی دەشتەکی، بە خۆی و زین و جانتای سەر زینەوە کە لە قوماشی قاڵیی ڕەنگ کراوە دروست کرابوون، لە لۆتکەکە و بەرەو لای کۆمەڵێکی دوور چوو. وەختێک ورد بوومەوە، بۆم دەرکەوت کۆمەڵێک پیاوی بێجوڵە و هەندێک حوشتری دانیشتوون، کە زینیان خراوەتە سەر پشت و ئامادەی جوڵەن. وا دەردەکەوت هاتنی کابرا چاوەڕوانکراو بووبێت. زینەکەی خستە سەر پشتی حوشترێک، یەک دوو قسە کرا، هەموو پیاوەکان سەرکەوتن، حوشترەکانیش هەستانەوە – سەرەتا لەسەر دوو قاچی دواوە – پاشان بەڕێ کەوتن و دەنگێکی نەرم و گڤەداریان لێوە دەهات، ئەگەر تەماشایشت بکردنایە، تاکو ماوەیەک ڕەنگی کاڵ و جوڵەی جۆلانەئاسای حوشترەکان و عەبای دەشتەکییەکانت، کە قاوەیی بوون و خەتی سپییان تیادا بوو، دەبینی.

کارمەندێکی هێڵی شەمەندەفەرەکە هات بۆ لام. سەراپا شینی پۆشیبوو و لێیشی نەدەهات. جگەرەکەی بە جگەرەکەی من داگیرسان و پاشان بە فەڕەنسییەکی شڕ لێی پرسیم:

---

[1] لۆتکە: بەلەم، کەڵەک؛ ئامرازێکی دێرینی گواستنەوەی ئاوییە.

"دەچیت بۆ قودس؟" کاتێک گوتم بەڵێ، گوتی، "جاری یەکەمتە؟"

سەرم بۆ لەقاند. خەریک بوو بڕوات، بەڵام لای کردەوە و گوتی: "ئەو کاروانە گەورەیەی بیابانی سینا دەبینیت؟ نایبینیت؟ دەی کەوایە وەرە، با سەرێکیان لێ بدەین. کاتت ماوە."

کاتێک بە ڕێیەکی چاکراودا دەڕۆیشتین کە دەچووەوە سەر تەپۆڵکە لمینەکان، بنی پێڵاوەکانمان لە خاکەکەدا کرتەی دەهات. سەگێک لە تاریکییەکەدا وەڕی. کاتێک زیاتر ڕۆیشتین، ڕێمان کەوتە هەندێک دەوەنی کورتی دڕکاوی، گوێیشم لە هەندێک دەنگی نارێک و شێواو بوو، وەکو ئەوەی کۆمەڵێک کەس قسە بکەن، هەروەها بۆنی تیژ و لە هەمانکاتدا نەرمی جەستەی کۆمەڵێک ئاژەڵی پشوودەر تێکەڵی هەوای وشکی بیابان بووبوو. لەپڕێکدا – هەروەکو ئەوەی دەکرێت لە شەوێکی تەماویی شاردا، لە گۆشەیەکەوە ڕۆشنایی چرایەکی نادیار ببینیت کە تەمەکە ڕۆشن دەکاتەوە – خەتێک ڕۆشنایی لە خوارەوە دەرکەوت، وەکو ئەوەی لە بنزەوییەوە بێت، پاشان لە هەوا تاریکەکدا بەسەر بەرزاییەکەدا سەرکەوت. سەرچاوەی ڕۆشناییەکە ئاگر بوو، لە قوواڵایی نێوان دوو گردی لمینەوە دەهات، قووڵاییەک بە جۆرێک نوقمی دەوەن بووبوو خوارەوەی دیار نەبوو. ئێستا ئیتر گوێم لە دەنگی پیاوەکان بوو، بەڵام هەر نەمدەبینین. گوێم لە دەنگی هەناسەی حوشترەکان بوون، هەروەها گوێم لە خشانیان بوو لە یەکتری لە شوێنە تەنگەکەیاندا. سێبەرێکی گەورە و ڕەشی پیاوێک هاتە بەر ڕۆشناییەکەوە، بەسەر بەرزاییەکەی ئەوبەردا سەرکەوت و ڕایکردەوە خوار. دوای چەند هەنگاوێکی تر، هەموویم بە ڕوونی بینی: ئەڵقەیەکی گەورەی حوشترانی پشوودەر، زین و جانتای لێرە و لەوێ کەوتوو، لە ناوەندیشیاندا کۆمەڵێک پیاو. بۆنی ئاژەڵەکان شیرین و قورس بوو، هەروەکو مەی. هەندێکجار یەکێک لە حوشترەکان دەجوڵا، ئەوەیش لە تاریکییەکەی دەوریدا دەردەکەوت، ئەوجا سەری ملی هەڵدەبڕی و کرخەیەکی

لێوە دەهات، وەکو ئەوەی ئاھ هەڵکێشێت: بۆ یەکەمینجار گوێم لە هەڵکێشانی ئاهی حوشتر بوو. مەڕێک بە نەرمی باڕاندی، سەگێک خۆی گیڤ کردەوە، هەموو جێیەکی دەرەوەی تەنگەڵانەکەیش تاریک بوو، ئاسمانیش بێئەستیرە.

درەنگ بوو، دەبوو بگەڕێمەوە بۆ وێستگەکە. بەڵام زۆر بە هێواشی بەو ڕێیەدا گەڕامەوە کە لێوەی هاتین، چونکە سەرسام و وروژابووم، وەکو ئەوەی ئەزموونێکی نارووون و مەتەڵاوی گۆشەیەکی دڵمی داگیر کردبێت و چۆڵی نەکات.

شەمەندەفەرەکە بیابانی سینای پێ تەی کردم. بێخەو و ماندوو بووم، چونکە شەوانی بیابان زۆر سارد بوون و شەمەندەفەرەکەیش هەڵبەز و دابەزی زۆری دەکرد، چونکە هێڵەکانی شەمەندەفەرەکە لەسەر لمێکی شل بوون. دەشتەکییەکم لە بەرانبەر بوو عەبایەکی قاوەیی گەورەی لەسەر شان بوو. ئەویش سەرمای بوو و دەموچاوی پێچابوو. بە چوارمشقی لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، خەنجەرێکی نوشتاوەیش لەناو کێڵانێکی ڕازێنراوە بە زیودا لەسەر ئەژنۆی بوو. ئەگەر سەیری دەرەوەت بکردایە، بە جوانی لێواری دۆڵە لمینەکان و کاکتەسەکانت دەبینی.

هێشتا کازیوەم بیرە – شکڵی خۆڵەمێشی لێوارەکانیان جیا دەکردەوە – هەروەها بیرمە چۆن کازیوە پەردەی تاریکیی لەسەر گردە لمینەکان هەڵگرت و پێکەوەی لکاندن. هێشتا دونیا تەواو ڕۆشن نەبوو، کاتێک بە لای کۆمەڵێک خێمەدا تێپەڕین، لە نزیکیشیانەوە تۆڕی ڕاوەماسی وەکو پەردەی تەم لە بادا بە شێوەی ستوونی هەڵدرابوون، تاکو وشک ببنەوە: تۆڕی ماسی لە بیاباندا لەگەڵ شنەی بەیانیدا دەهاتن و دەچوون، هەروەکو تارای بۆکێنی تەنک و ڕوون، خەیاڵئاسا، لە نێوان شەو و ڕۆژدا.

لای ڕاست بیابان، لای چەپ دەریا بوو؛ لە کەناری ئاویشدا، حوشترەوانێکی تەنیا بوو. لەوەیە بە درێژایی شەوەکە لە جوڵەدا بووبێت؛ ئێستایش لە نوستوو

دەچـوو، چـون لەسـەر زیـنەکەوە کـوڕ بووبـوویەوە، بە هەمـان ڕیـتم لەگەڵ حوشترەکەیدا هەڵبەز و دابەزی دەکرد. دیسانەوە خێمەی ڕەشی دەشتەکییەکان. کۆمەڵێـک ژن گـۆزەی قوڕینیـان خسـتبوویە سـەریان و بەرەو بیـرەکە دەچوون. لەو تاریکوڕوونەدا کە وردەوردە تاریکەکەی دەڕۆیشت و ڕوونەکەی دەمایەوە، جیهانێکی تەنکپۆش خۆی دەنواند و بە ترپەی نادیار دەجوڵایەوە؛ ئەوە سەرسوڕهێنەرێک بوو لە هەموو ئەو شتانەی سادەن و کۆتایی ناناسن.

تا دەهات خۆر تیشکی زیاتر و زیاتری دەگرتە لەکە و دیمەنە خۆڵەمێشییەکە گۆڕا بۆ پرتەقاڵییەکی ئاڵتوونی. لە مێرگی عەریشدا خێراتر بووین و، لە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکە میهرەجانی دارخورماکان دەستی پێ کرد و هەزران پەلکی دارخورمـا خۆیـان نمـایش دەکـرد، ڕۆشـنایی و سـێبەریش شـکڵێکی هونەرییـان وەرگرتبوو. ژنێکم بینی گـۆزەیەکی پڕ کردبوو و خسـتبوویە سـەر سـەری و، بە هێواشی لەژێر دارخورماکانەوە هەنگاوی هەڵدەگرت. پۆشاکەکەی سور و شین بوو و لە زەمین دەخشا، هەروەها دەتگوت خانمێکی باڵای ناو ئەفسانەیەکە.

بێستانە خورماکانی عەریش هەرزوو ون بوون. ئێستا ئیدی دونیا قاوەییەکی ڕۆشـن بـوو. لە دەرەوە، لەودیـو جامەکـانەوە، هێمنیـیەک هەبـوو هەرگیـز خەیـاڵم نەکردبوو شتی وا هەبیت. هەموو شکڵ و جوڵەکان لە دوێنێ و سبەی خاڵی بوون – تەنها هەبوون و هیچی تر. لە نەرمەکە، کە بایەکە کەڵەکەی کردبوو بۆ گردی نەرمی پرتەقاڵی لەژێر تیشکی خۆردا، هەروەکو کاغەزێکی کەوڵیی کۆن بەڵام نەرمـتر، هەروەهـا تونـدوتۆڵتر لە لێوارەکانـدا، بە تونـدی بەر لـوتکەی گردەکـان دەکەوتـن، لە ناوەنـددا ناسـک بـوون و سـێبەری تەڕی ئـاوپڕەنگیش – مـۆر و بنەوشـــەیی و پەمەیـــی شـــەنگی – دەکەوتە ســـەر قوولاییەکانیـــان. هەورە هەمەڕەنگەکان، کاکتەسەکان لێرە و لەوێ کە هەندێکیان لقیان درێژ بوو، خۆیان دەنواند. جارێـک یـان دوان دەشـتەکیی پێپەتـیم دی لەگەڵ کـاروانی حوشـتر کە پەلکی خورمایان لێ بار کرابوو. هەستم دەکرد دیمەنە مەزنەکە دایپۆشیوم.

چەندجارێک لە وێستگە بچووکەکان ڕاوەستاین، کە بە گشتی بنکەی بچووکی تەختە و قاڵایی بوون. کوڕانی لاوی پێست قاوەیی و جلدڕاو بە خۆیان و سەبەتەکانیانەوە ڕایاندەکرد و هەنجیر، هێلکەی کوڵاو، هەروەها نانی تازەیان دەفرۆشت. دەشتەکییەکەی من بە هێواشی هەستایەوە، قوماشەکەی سەر دەموچاوی لادا و جامەکەی کردەوە. ڕوخساری باریک، قاوەیی، هەروەها تیژ بوو، ڕێک وەکو ئەو ڕوخسارە هەڵوێیانەی بەردەوام سەیری پێشەوە دەکەن. قاشێک کێکی کڕی و گەڕایەوە دابنیشێت، لەوێدا چاوی کەوتە سەر من و بەبێ ئەوەی یەک وشەیش بڵێت، کێکەکەی کرد بە دوو لەتەوە و نیوەی دا بە من. کاتێک هەستی کرد سەرسام بووم و دەست درێژ ناکەم، بزەیەکی کرد – هەروەک چۆن وردییەکەی پێشتر لەگەڵ دەموچاویدا دەگونجا، ئەم بزەیەیش دەگونجا – و وشەیەکی گوت کە ئەوکات ماناکەیم نەدەزانی، بەڵام ئێستا دەیزانم: "تفضل - فەرموو." کێکەکەم لێ وەرگرت و بە سەر سوپاسم کرد. گەشتیارێکی تر کە فێزەکەی[1] سەری نەبێت، سەراپای جلەکانی ئەوروپی بوون، وەکو وەرگێڕێک هاتە نێوانمانەوە. بە ئینگلیزییەکی هێواش و دوودڵەوە گوتی:

"ئەو دەڵێت ئەو گەشتیارە و تۆیش گەشتیار؛ ڕێگەتان یەکە."

ئێستا کە بیر لەو ڕووداوە بچووکە دەکەمەوە، هەست دەکەم هەموو ئەو خۆشەویستییەی لە دڵمدا بەرانبەر کەسایەتی عەرەبی چەکەرەی کرد، لەژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوەدا بووە. دیارە لە ڕەفتاری ئەو دەشتەکییەدا، کە سەرەڕای سنوورەکانی بێگانەیی، لە منێکی گەشتیار و بێگانەدا هاوڕێیەکی بینی و خواردنەکەی خۆی لەگەڵدا بەش کردم، هەستم بە هەناسە و هەنگاوی مرۆڤایەتییەکی بارسووک کردووە.

---

[1] فێز: تەڕبووش، فینە.

پـاش کەمێـک گەیشـتین بە غەززەی بەتەمەن، کە وەکـو قەڵایەکـی لـین، لەسـەر گردێکـی لـین لە نێـوان دیـوارە کاکتەسـییەکاندا سـەرقاڵی ژیـانە لەبیرکـراوەکەی خـۆی بـوو. دۆسـتەکەیەکەم خـۆی و جانتـا زینەکـانی کـۆکردەوە و بە سـەرلەقاندنێک و بـزەیەک مااڵئـاوایی لـێ کـردم و وەختێکـیش دابەزی، عەبـاکەی لە دوای خـۆی لە زەمـین دەخشـا. دوو دەشـتەکی لە دەرەوە چاوەڕێی بوون و هەم تەوقەیان لەگەڵدا کرد، هەم ڕوومەتیان ماچ کرد.

بازرگانە ئینگلیزیزانەکە دەستی خستە سەر قۆڵم: "بێرۆ، شـەمەندەفەرەکە تـا چارەکێکی تر ناکەوێتەوە ڕێ."

لەودیـو وێستگەکەوە کاروانێـک خێمەی هەڵدابوو: بە گـوتەی هـاوەڵەکەم، هەنـدێک دەشـتەکیی بـاکووری حیجـاز بـوون. ڕوخسـاریان قـاوەیی، خـۆاڵوی، هەروەهـا گەرموگـوڕ بـوو. دۆسـتەکەمان لەوان بـوو. وا دەردەکەوت کەسـێکی گرنـگ بێـت، چـونکە بازنەیەکیـان لە دەوری دروسـت کردبـوو و وەاڵمـی پرسـیارەکانی ئەویـان دەدایەوە. بازرگـانەکە لەگەڵیـان دوا و ئەوانـیش بە شێوەیەکی دۆستانە – پێم وابوو تا ڕادەیەکیش لوتبەرزانە، لەبەر ژیانی شاریان – تەماشـایان کـردین. کەشـێکی ئـازادانە دەوری دابـوون، تـامەزرۆیش بـووم لە ژیانیـان تێبگەم. هەواکە وشـک و تیـژ بـوو، دەتگـوت دەچێتە نـاو جەستەمەوە. هەمـوو ڕەقییەکی شـل کردەوە و بیرکردنەوەکانمی هەڵوەشـاند و تەمبەڵـی کردن. جۆرێـک لە بێکـاتی لە کەشـەکە ئـاڵابوو، بە جۆرێـک هەمووشـتەکان وەکـو خاوەنبەهای سەربەخۆ دەردەکەوتن و دەبیستران. خەریک بوو تێدەگەیشتم ئەو پیاوانەی لە ژینگەی بیابانەوە دێن زۆر جیاواز لە خەڵکی ژینگەکانی تر هەست بە ژیـان دەکەن؛ دەبێـت ئـازاد بـن لەو هەمـوو هـۆگری و خەون و سـنووردارییەی دانیشتوانی شـوێنە سارد و دەوڵەمەندتەرەکان هەیانە؛ هەروەها لەبەرئەوەی ئەوان ناچارن زیـاتر پشت بە هەست و ڕوانینی خۆیـان ببەسـتن، بە شـێوەیەکی جیـاواز بەها بە شتەکانی جیهان دەدەن.

ڕەنگە ئەو یەکەم دیدارەم لەگەڵ دەشتەکییەکاندا پێشبینیکردنێکی دەروونی بووبێت بۆ ئەو سەرکێشییانەی دواتر ڕووبەڕووم بوونەوە: پێشبینینی جیهانێک کە سنووری دیاریکراوی نییە، بەڵام بێشکڵیش نییە؛ جیهانێک لەناو خۆیدا کۆکراوەیە، بەڵام بە هەموو لایەکیشدا کراوەیە؛ لە هەمووی گرنگتر، جیهانێک کە بەو زوانە دەبوو بە هی من. ئەوکات نەمدەزانی داهاتوو چیی بۆ داناوم. بەرکەوتنەکە وەکو ئەوە بوو کە بۆ جاری یەکەم دەچیتە ناو ماڵێکەوە و وەختێک پێ دەخەیتە ڕاڕەوەکەوە، هەست دەکەیت دەزانیت چی بەسەر ماڵەکە و تۆدا دێت: ئەگەر ئەو وێنەیەی دەیبینیت شاد بێت، هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت – لە داهاتوویشدا وەختێک دیمەنەکان دەبنە ڕاستی، بیرت دەکەوێتەوە و بە خۆت دەڵێیت: "هەموو ئەوانەی کاتی خۆی لە ڕاڕەوەکەدا هەستم پێ کردن، کتومت وەکو خۆیان هاتنە دی."

(٢)

بایەکی بەهێز بە بیابانەکەدا دەڕوات، زەیدیش وا هەست دەکات گێژەڵووکەیەکی تر بەڕێوەیە. هیچ گێژەڵووکەیەک نایەت، بەڵام بایەکەیش بەردەوام دەبێت. بایەکە دەبێت بە ڕەشەبایەکی بەهێز و شوێنەان دەکەوێت، پاشان وەختێک دادەبەزینە دۆڵێکی لمینەوە، گڤەی بایەکە بە بەردەوامی دێت. لادێ پڕ لە دارخورماکەی ناوەندی دۆڵەکە، کە لە چەند نیشتەجێگەیەک پێک هاتووە و هەریەکێکیشیان بە دیوارێکی قوڕین دەور دراون، بەهۆی سەمای خۆڵە خولاوەکەوە ون بووە.

ناوچەکە وەکو کونی با وایە: هەموو ڕۆژێک لە بەرەبەیانەوە تاکو خۆرئاوا هەڵمەتی با ناوچەکە دادەپۆشێت، شەوانیش پشوو دەدات، بۆ ئەوەی سبەینێ بە هێزێکی نوێوە بگەڕێتەوە؛ دارخورماکانیش بەهۆی بای بەردەوامەوە نوشتاونەتەوە و ناتوانن بگەنە بااڵی ڕاستەقینەی خۆیان، بەڵکو نزیک بوونەتەوە لە زەوی و پەلکەکانیان بڵاو بووەتەوە و هەمیشە لە بەردەم مەترسیی

پەلامـاری لەکەدان. ئەگەر دانیشـتوانی لادێـکە چەنـدین ڕیـز سـۆڵەداریان نەچاندایە، هەرزوو لادێکە دەبوو بە ژێر لەوە. ئەو درەختە درێژانە لە دارخورما پتەوترن و قەدیان بەهێزترە و هەمیشەسەوزیشـن، هەروەها لقەکانیان دەبێت بە دیوارێک لە دەوری ڕووەکەکانی تر و سەلامەتییەکی نامسۆگەریان بۆ دروست دەکەن.

لای مـاڵە قـوڕینەکەی ئەمیـری لادێـکە دادەبەزیـن، تـاکو لە کـاتی گەرمیـی نیـوەڕۆدا پشـوو بـدەین. شـوێنی ئامـادەکردنی قـاوە، کە بـۆ میوانەکـان دانـراوە، هەژارانەیە و تەنها حەسیرێکی قامیشیش لە بەردەم ئاگردانی قاوەکەدا دانراوە. بەڵام وەکـو هەمیشـە، میوانـداریی عەرەبـی بەسـەر هەمـوو هەژارییەکـدا زاڵ دەبێـت، چـونکە هێشـتا لەسـەر حەسـیرەکە دانەنیشـتووین گـوێیان لە قـرچەی خۆشبوونی ئـاگرەکە دەبێـت؛ دەنگـی لەرینـەوەی شـێلانی دنـکە قاوەکـان لەنـاو دەسـکەوانەکەدا دێـت و زینـدوێتی بە ژووورەکە دەدات؛ هەروەهـا سـینییەکی گەورە لە خورمای قاوەیی کاڵ برسێتیی ڕێبواران دەڕەوێنێتەوە.

میوانداڕەکەمان – پیـاوێکی بچکۆلە و کـوڕی بەتەمەن، خاوەنی دوو چـاوی تەڕ و کـزە، پۆشـاکەکەی عەبـایەکی کەتـانە و سـەرپێچێکە – فەرمووماـن لـێ دەکات:

"خودا ژیانتـان پـێ ببەخشـێت؛ مـاڵ مـاڵی خۆتـانە، بە نـاوی خـوداوە دەسـت بە نـــانخواردن بـــکەن. هەمـــوو ئەوەی هەمـــانە ئەمەیە" – بە دەســـتی هـــێمای پۆزشـهێنانەوە دەکـات، هێمایەکـی سـادە کە تەواوی چارەنووسـی ئەوی تیـادایە؛ بەڵـێ، ئەو کەسـانەی نزیـک لە غەریزەکانیـان دەژیـن، دەتـوانن بەو شـێوە ئاسـانە تەواوی چارەنووسیان دەربـڕن – "بەڵام خورماکان خراپ نین. ڕێبوارەکان، بخۆن لەوەی دەتوانین پێشکەشتانی بکەین..."

خورماکـانی نایـابن؛ خاوەنمـاڵەکەیش بە برسـێتییەکەمان خۆشـحاڵە، چـونکە دەتوانێت بیڕەوێنێتەوە:

"بای بەردەوام، بای بەردەوام ژیانمان لێ گران دەکات؛ بەڵام ئەوە خواستی خودایە. با ڕووەکەکانمان دەفەوتێنێت. دەبێت هەمیشە تێبکۆشین بۆ ئەوەی لە لمدا نوقم نەبن. هەمیشە وا نەبووە. جاران ئەوەندە با نەبوو، لادێکەیش گەورە و دەوڵەمەند بوو. ئێستا بچووک بووەتەوە؛ زۆرێک لە لاوەکانمان ئێرە بەجێ دەهێڵن، چونکە هەموان بەرگەی ژیانێکی وەها ناگرن. هەموو ڕۆژێک لم و تۆزی زیاترمان لەسەر کەڵەکە دەبێت. هاکا وای لێ هات دارخورماکان جێگەیان نەما. بایەکە... بەڵام ئێمە گلەیی ناکەین... خۆتان دەزانن، پێغەمبەر – درودی خودای لەسەر – پێپانی گوتووە: خودا دەفەرموێت، 'گلەیی لە چارەنووس مەکەن، چونکە من چارەنووسم...'"

دیارە من دەستم بە قسەکردن کردووە، چونکە پیاوە بەتەمەنەکە دەوەستێت و زۆر ورد تەماشام دەکات؛ هەروەکو ئەوەی بشزانێت بۆ دەستم بە قسەکردن کردووە، بزە دەکات و بزەکردنیشی لە هی ژنان دەچێت، بینینی ئەوەیش لەو ڕوخسارە ماندووەدا سەیرە کە هێواش هێواش، وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، بەردەوام دەڵێت:

"..من چارەنووسم." لەگەڵ گوتنی ئەوەدا سەری دەلەقێنێت، وەکو ئاماژەیەکی بێدەنگ بۆ قبوڵکردنی شوێنی خۆی لە ژیاندا. هەرگیز لە ژیانمدا، تەنانەت لای کەسانی شادیش، نەمدیوە کەسێک هێندە بێدەنگ و دڵنیا بەڵێ بۆ کەتوار بکات. بە دەستەکانی ئاماژە بۆ بازنەیەک لە هەوادا دەکات، کە هەموو ئەو شتانەی سەر بە ژیانی ئەو دەگرێتەوە: ژووڕە هەژار و تاریکەکە، با و گڤە و نەڕە بەردەوامەکانی، زیادبوونی بەردەوامی لمەکە؛ خواستی شادی و قبوڵکردنی ئەوەی ناگۆڕدرێت؛ سینییە پڕ لە خورماکان؛ باخە ژیانسەختەکانی پشت سۆڵەدارەکان؛ ئاگری ئاگردانەکە؛ بزەی خانمێکی لاو لە شوێنێکی حەوشەکەدا: لە هەموو ئەم شتانە و ئەو ئاماژەیەی پێی کۆکردنەوە، گوێم لە دەنگی گۆرانیی ڕۆحێکی پتەوە کە سنووری هەلومەرج ناناسێت و لەگەڵ خۆیدا ئاشتە.

گفتوگـۆکه بـردمیەوه بـۆ ڕابردوویەکـی دوور، بـۆ دە سـاڵ لەمەوبەر، بـۆ ڕۆژێکی پایزیی قودس، کاتێک پیاوێکی هەژاری بەتەمەن باسی ملکەچبوونی خۆی دەکرد بۆ خودا، هەرئەوەیش ڕێ بە مرۆڤ دەدات پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خودا و چارەنووسی خۆیدا چاک بکات.

لەو پاییزەدا، کە دەیکردە سـاڵی ١٩٢٢، لە مـاڵی خـاڵە دۆریـانم لە پیرەقـودس دەژیام. هەموو ڕۆژێک باران دەباری و بواری چوونەدەرەوە نەبوو، بۆیە زۆرجار لای پەنـجەرەکە دادەنیشـتم کە بەسـەر حەوشـەیەکی گەورەی پشـت مـاڵەکەدا دەڕوانـی. ئەو حەوشـەیە هـی پیـاوێکی بەتەمەنـی عەرەب بـوو پێیـان دەگـوت حـاجی، چونکە حەجـی کردبـوو. ئەو گوێدرێژی دەدا بە کرێ، بۆیە حەوشـەکەی وەکو کاروانسەرایەک لێ کردبوو.

هەمـوو بەیانییەک، کەمێـک پێش کـازیوە، چەند باڕێـک سـەوزە و میـوە بە پشـتی حوشتر لە لادێکانی دەوروبەرەوە دەهێنران و بە گوێدرێژ لە شـەقامەکانی قودسـدا دەفرۆشـران. لە ڕۆژدا، حوشـترەکان لەسـەر زەویـیەکە پشـوویان دەدان، زۆرینەی کاتیش لە نزیک ئەوان و گوێدرێژەکان کۆمەڵێک پیاو پشـوویان دەدا و دەنگیـان دەهـات، مەگەر ئەوەی بـاران بـوایە. ئەو پیـاوانە، مەبەسـتم گوێدرێژسـوار و حوشترسـوارەکانە، کەسـانی هەژار و نەدار بـوون، بەڵام وەکـو پاشـا دەجوڵانەوە. کاتێک بۆ نانخواردن پێکەوە لەسـەر زەوییەکە دادەنیشـتن و نانی گەنمیان بە تۆزێک پەنیر یان چەند دنکە زەیتوونێکەوە دەخوارد، بە دەست خـۆم نەبـوو بە سـادەیی و پەروەردە و بێـدەنگی دەروونـی و ڕەسـەنایەتییەکەیان سەرسام دەبـووم: ئاشـکرا بـوو ڕێزێکـی زۆریـان لە خۆیـان و شـتەکانی ژیانیـان دەگرت. حاجییەکە، کە لەبەر ئاوسانی جومگە و ئەژنۆی بە گۆچانێکەوە دەهات و دەچوو، وەکو سەرۆکیان وابوو؛ وا دەردەکەوت بەبێ پرسیارلێکردن گوێڕایەڵی بـن. ڕۆژانە چەنـدجارێک بـۆ نـوێژ کـۆی دەکـردنەوە، خـۆ ئەگەر بـارانەکە قـایم نەبـوایە، لە حەوشـەکەدا نوێژیـان دەکـرد: هەمـوو پیاوەکـان ڕیزێکـی درێژیـان

دروست دەکرد و ئەویش ئیمامیان بوو. لە جولّەکانیاندا دەتگوت سەربازن – هەموویان پێکەوە بە ئاڕاستەی مەککە دەنوشتانەوە، هەڵدەستانەوە، پاشان کڕنوشیان دەبرد و ناوچاوانیان دەخستە سەر زەوی؛ وا دەردەکەوێت شوێنی وشە بێدەنگەکانی ڕێبەرەکەیان بکەون، کە لە نێوان نوشتانەوەکاندا بە پێی پەتییەوە لەسەر بەرمالّەکەی ڕاوەستابوو، چاوەکانی نوقابوون، دەستەکانی خستبووە سەر سنگی، بەبێ دەنگی لێوەکانی دەجولّان و خۆیشی نوقم بووبوو: ڕوون دیار بوو بە هەموو ڕۆحیەوە نوێژ دەکات.

هەستم بە بێزاری دەکرد کاتێک دەمبینی نوێژێک بەم جولّە میکانیکییانەوە ئاوا قووڵ و ڕاستەقینە دەردەکەوێت، بۆیە ڕۆژێک لە حاجیم، کە تۆزێک لە ئینگلیزی تێدەگەیشت، پرسی:

"باوەڕت وایە خودا چاوەڕێیە لێت بە نوشتانەوە و کڕنوشبردن ڕێزی خۆتی پیشان بدەیت؟ باشتر نییە مرۆڤ سەیری ناخی خۆی بکات و لە بێدەنگیی دڵیدا نوێژ و نزا بکات؟ ئەم هەموو جولّەیەی جەستە لەبەر چی؟"

یەکسەر لە کردنی ئەو پرسیارە پەشیمان بوومەوە، چونکە حەزم نەدەکرد هەستە ئایینییەکانی ئەم پیاوە بەتەمەنە بریندار بکەم. بەڵام حاجی بە پرسیارەکە بێتاقەت نەبوو. بە دەمە بێدانەکەی بزەیەکی کرد و گوتی:

"ئەی چۆن خودا بپەرستین؟ مەگەر ئەو ڕۆح و جەستەمانی پێکەوە دروست نەکردووە؟ مادام وایە، نابێت مرۆڤ بە جەستەیشی و بە ڕۆحیشی نوێژ بکات؟ گوێ بگرە، بۆت ڕوون دەکەمەوە بۆچی ئێمەی موسوڵمان ئاوا نوێژ دەکەین. ڕوو دەکەینە کەعبە، پیرۆزترین شوێن، دەیشزانین هەموو موسوڵمانان لە هەرکوێیەک بن لە کاتی نوێژدا ڕوو دەکەنەوە ئەوێ، بۆیە هەموومان وەکو یەک جەستە دەست بە نوێژ دەکەین و دڵمان لای ئەوە. سەرەتا ڕاست دەوەستین و قورئان دەخوێنین و، بیرمانە کە ئەوە گوتەی خودایە و بە مرۆڤ دراوە تاکو ژیانێکی ڕاستی هەبێت. پاشان دەڵێین، 'خودا گەورەترینە،؛ بیری خۆمانی دەهێنینەوە تەنها

ئەو شایستەی پەرستنە؛ ئەوجا بۆی دەنوشتێینەوە چونکە بە گەورەی دەزانین و ستایشی هێز و دەسەڵاتی ئەو دەکەین. پاشان کڕنوش دەبەین و ناوچاوانمان دەخەینە سەر زەوی، چونکە هەست دەکەین و دەزانین لە بەردەم خودادا هیچ نین، هەروەها ئەو بەدیهێنەر و ژییەنەرمانە. پاشان سەر هەڵدەبڕین و بە دانیشتوویی دەمێنینەوە، نزا دەکەین لێیان خۆش بێت و ڕەحمیان پێ بکات و هیدایەتمان بدات، هەروەها بژێوی و لەشساغیمان پێ بفەرموێت. پاشان دیسانەوە کڕنوش دەبەین و ناوچاوانمان لە بەردەم پەروەردگاردا دەخەینە سەر خۆڵ. پاش ئەوە، بە دانیشتوویی دەمێنینەوە درود بۆ پێغەمبەر موحەممەد دەنێرین کە پەیامی ئەوی بۆ هێناین، هەروەکو چۆن درود و سڵاواتی بۆ پێغەمبەرانی تریش نارد، هەروەها نزا دەکەین ئێمەیش و هەموو شوێنکەوتوانی هیدایەت لە ڕیزی چاکەکاراندا حساب بکات؛ هەروەها داوای لێ دەکەین هەموو چاکەیەکی ئەم دونیایە و ڕۆژی دوایی بهێنێتە ڕێیان. لە کۆتاییدا بە لای ڕاست و چەپدا سەلام دەدەینەوە دەڵێین، 'سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خودات لێ بێت،' بەم شێوەیە سڵاو لە هەموو چاکەکاران دەکەین، جا لەر هەر شوێنێک بن."

"پێغەمبەرەکەمان ئاوا نوێژی کردووە و شوێنکەوتوەکانی خۆیشی ئاوا فێر کردووە، تاکو بە ویستی خۆیان ملکەچی خودا ببن – ئیسلام واتە ئەوە – هەروەها لەگەڵ ئەو و چارەنووسیاندا تەبا بن."

بێگومان حاجی ڕێک ئەم وشانەی بەکار نەهێنا، بەڵام مانای قسەکانی ئەمە بوو و من ئاوا بیرمن. پاش سالانێک زانیم ئەو ڕوونکردنەوە سادەیەی حاجی یەکەمین دەرگای ئیسلامی بۆ من کردووەتەوە؛ بەڵام ئەوکاتیش، زۆر پێش ئەوەی بیرکردنەوە لەوەی ئیسلام ببێت بە ئایینم بێتە هزرمەوە، هەموو جارێک هەستم بە خۆبەکەمگرییەکی نائاسایی دەکرد کاتێک پیاوێکی بێپەتیم لەسەر بەرمالێکی پەڕۆ یان قامیش دەبینی، یان لەسەر زەویە ڕووتەکە؛ کاتێک دەمبینی دەستەکانی خستووەتە سەر سنگی و سەری دانەواندووە، بە تەواوەتی

لە خۆیدا ڕۆچووە و ئاگای لە دەوروبەری نییە، جا لە مزگەوتدا بێت یان سەر شۆستەی شەقامێکی قەرەباڵغ: پیاوێک کە لەگەڵ خۆیدا ئاشتە.

ئەو ماڵە بەردینەی دۆریان باسی کردبوو لەبەردڵان بوو. لەسەر سنووری شارە دێرینەکە بوو لای دەروازەی یافاوە. دەتگوت ژوورە فراوان و بەرزەکانی لێوانلێوە لە یادەوەریی ئەو نەجیبزادانەی لە نەوەکانی پێشتر تیایدا ژیاون، دیوارەکانیشی لەگەڵ ئێستادا ئاوێتە بووبوون و ژیانیان لە بازارێکی نزیک وەردەگرت – دەنگ و ڕەنگ و بۆنگەلێک، کە لەوەوبەر ئەزموونی هاوشێوەیانم نەکردبوو.

لە سەربانەکەوە، ئەو بەشەی شارەکەم بە باشی لێوە دیار بوو، هەروەها شەقام و گەڕەکە نارێکە بەردینەکانم دەبینی. لە لایەکەی تردوە، کە سەرەڕای فراوانییەکەی نزیک دەردەکەوت، پێگەی هەیکەلی سولەیمانم دەبینی؛ هەروەها لە دوورەوە مزگەوتی ئەقسا – پیرۆزترین شوێن دوای کەعبە و مەدینە – دیار بوو، هەروەها لە ناوەندیشەوە گومەزی بەردین (قوبەتول سەخرە). لە پشت ئەوەوە، شارە دێرینەکە بە لای دۆڵی قەدروندا (دۆڵی ئاگر) دەکەوت؛ لەودیو دۆڵەکەیشەوە کۆمەڵێک گرد و تەپۆڵکە دیار بوون، کە لە لێژگانییەکانیاندا کەمەکەمە دارزەیتوون هەبوو. لای ڕۆژهەڵاتەوە بەپێتر بوو، هەروەها باخچەیەکی بەدیوار دەوردراوی سەوزی تۆخت دەبینی بەلای جادەکەدا هاتبوویەوە خوارەوە: باخچەی جوسەیانی. لە ناوەندی باخچەکەوە، لە نێوانی دارزەیتوون و سەروەوەکاندا، گومەزی شێوەپیاز و ئاڵتوونیی کەنیسەی ڕووسی دەدرەوشایەوە.

ئەوەی دەمبینی ڕوون و ڕۆشن بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا لێوانلێو بوو لە هەزاران ڕەنگی پێناسەنەکراو، بە جۆرێک تەنانەت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیشدا ڕام نەدەکران: بەم شێوەیە لەسەر چیای زەیتوونەوە دۆڵی ئەردەن و دەریای مردووت دەبینی. گردی شەپۆلی و گردی شەپۆلی، لێوارەکانیان دیار

بـــوو، له هەوایەکـــی ڕەنگینـــدا، هەروەهـــا هێلێکـــی شـــینی ڕووبـــاری ئەرد و لەولاتریشەوە دەریای مردوو – لەولاتریشەوە دونیایەکی تر هەیە، کە بریتییە لە گـردە دۆخەکـانی موئـاب: دیمەنێکـی هێنـدە بـاوەڕپێنەکراو، هێنـدە جـوان لەسـەر چەندین ئاست، کە دڵت سینەی لێ دەبێتە زیندان و دەیەوێت بێتە دەر.

قـودس جیهـانێکی نـوێ بـوو بـۆ مـن. لە هەمـوو گۆشـەیەکی شـارە دێرینەکەدا یـادەوەری هەیە: ئەو شـەقامانەی گوێیـان لە بـانگەوازی ئـایزایە بـووە، ئەو خـڕکەبەردانەی عیسـا هەنگـاوی لەسـەریان نـاوە، ئەو دیـوارانەی لەشـکری ڕۆمییەکـان هەنگاویـان لەسـەر هەڵگرتـوون و ئەوکـاتیش هەر پیـر بـوون، ئەو قەوسـی سـەردەرگایانەی نووسـینی سـەردەمی سـەڵاحەدینی ئەیوبییـان پێـوەیە. لەوێ ئاسـمانت لە بەرگێکـی شـینی تێـردا دەبینیـت، خـۆ ئەگەر بە وڵاتـانی تـری دەریـای سـپی ئاشـنا بیـت، ئاسـمانت لەو ڕەنـگەدا دیـوە: بەڵام بـۆ مـن، کە لە ژینگەیەکی تووندتردا گەورە بووم، شینیی ئاسمان وەکو دیاری وابوو. ماڵەکان و شـەقامەکان ڕەونەقێکـی جوڵاویـان تیـادا بـوو؛ خەڵـکەکە پـڕ بـوون لە جـوڵەی خۆڕسک و مانادار. مەبەستم لە خەڵکەکە عەرەبەکانە، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەوان وەکو خاوەنی خاکەکە لە هزری منـدا جێگیـر بـوون، ئەوان زادەی خاک و مێـژووی فەڵەسـتین بـوون و لەگەڵ کەشـوهەوای ئەوێـدا ئـاوێتە بووبـوون. پۆشـاکەکانیان ڕەنگـین بـوو و دەیخسـتیتەوە یـادی پۆشـاکەکانی کتێبـی پیـرۆز، هەروەهـا هەریەکێـک لەوان، جـا جوتیـار بێـت یـان دەشـتەکی (جاروبـار دەشتەکییەکانت دەبینـی بـۆ کـڕین و فرۆشـتن دەهـاتنە شـارەکەوە)، بە جـۆرێکی جیـاواز و تـایبەت پۆشـاکیان دەپۆشـی و بە حاڵ لە هی ئەوانـی تر جیـاواز بـوو، وەکو ئەوەی هەریەکێک لەوان شێوازێکی تایبەتی بۆ ئەو ساتە داهێنابێت.

لە بەردەمـی مـاڵەکەی دۆریانـدا، لە دووریـی سـیوپێنج مەتـرێکەوە، دیـوارە بەتەم و نیوەڕزیوەکـانی قەڵای داود هەیە، کە پێشـتر لە پاراسـتنی شـارەکەدا بەشـدار بـووە – وەکـو هەر قەڵایەکـی تری عەرەبیـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتە، کە

منارەیەکی وەکو تاوەری چاودێری هەیە و بۆی هەیە لەسەر بناغە هیرۆدییەکان بەرز کرابێتەوە. (خۆی قەڵاکە هیچ پەیوەندییەکی بە پاشا داودەوە نییە، بەڵام جولەکەکان هەر بە ناوی ئەوەوە ناویان هێناوە، چونکە دەگوترێت کاتی خۆی کۆشکی شاهانە لێرە لەسەر کێوی سەهیۆن بووە.) لە کەناری شارە دێرینەکەوە تاوەرێکی نزم و فراوان هەیە، کە دەروازەکەی پێدا ڕۆیشتووە، هەروەها پردێکی بەردینیش تا لای دەرگاکە بەسەر خەندەکە کۆنەکەدا هەیە. کاتێک دەشتەکییەکان دەهاتنە ناو شارە دێرینەکەوە، لای ئەو پردە چەماوەیە کۆدەبوونەوە. ڕۆژێکیان دەشتەکییەکی باڵابەرزم بینی لەوێ بەبێ جولّە ڕاوەستابوو، لە بەردەم ئاسمانە زیوییەکەیشدا تاریک دەردەکەوت و وەکو ئەفسانەیەکی دێرین بەرچاو دەکەوت. ڕوخساری، بە گۆنا تیژەکانیەوە لەناو ڕیشە سور و قاوەییەکەیدا، کێشکردنێکی قوواڵی تیادا بوو؛ ڕوخساری تار بوو، وەکو ئەوەی جەستەی چاوەڕێی شتێکی کردبێت، بەڵام خۆی نا. عەبا فراوانە ڕەش و سپییەکەی کۆن و شڕ بووبوو – لەوێدا بەبێ ئەوەی بزانم بۆ، ئەو بیرۆکە سەیرەم بۆ هات دڕانی عەباکەی بەرهەمی چەند مانگێک لە مەترسی و هەڵهاتنە. ئایا ئەو یەکێک بوو لەو چەند جەنگاوەرەی لە هەڵهاتن لە ئیرەیی ڕەشی جالوتدا هاوڕێی داود بوو؟ لەوەیە ئێستا داود نوستبێت، لە ئەشکەوتێکی چیاکانی خەلیلدا خۆی حەشار دابێت، ئەم پیاوەی ئێرەیش، ئەم هاوڕێ ئازا و بەوەفایە، بوێرانە هاتبێت بۆ شارە شاهانەکە تا بزانێت تاڵوت چۆن فکر لە داود دەکاتەوە و ئایا گەڕانەوەی داود سەلامەتە یان نا. ئێستایش ئەم هاوڕێیەی داود چاوەڕێی هاوڕێکەی دەکرد و پێشبینیی خراپی دەکرد: ئەو هەواڵەی بۆ داودیان دەبرد باش نەبوو...

لەپڕێکدا دەشتەکییەکە جولاّ، بە پلیکانەکەدا هاتە خوارەوە و خەیاڵەکەی منیش هەڵوەشایەوە. پاشان هاتەوە یادم ئەم پیاوە عەرەب بوو، ئەوانەی لە تەوراتدا باس کرابوون عیبری بوون! بەڵام سەرسامییەکەی چرکەیەک زیاتری

نەخایاند، چونکە چۆن جاری وایە هەورەبروسکەیەک بۆ چرکەیەک هەموو دونیا ڕۆشن دەکاتەوە، ئاوا لام ڕوون بوو داود و سەردەمی داود، هەروەها ئیبراهیم و سەردەمی ئیبراهیم، لە ڕەگە عەرەبییەکانیانەوە نزیکتر بوون، هەروەها زیاتر هاوشێوەی عەرەبە دەشتەکییەکانی ئەمڕۆ بوون، تاکو ئەو جولەکانەی ئەمڕۆ، کە بانگەشەی نەوەبوونی ئەوان دەکەن...

زۆرجار لەسەر شورا بەردینەکەی خوار دەروازەی یافا دادەنیشتم و تەماشای ئەو حەشاماتەم دەکرد کە دەچوونە ناو شارە دێرینەکەوە، یان لێی دەردەچوون. لێرەدا هەموو جۆرەکانی عەرەب و جولەکە بەریەک دەکەوتن و لێک دەخشان. جوتیارە ئێسکپتەوەکان، بە خۆیان و سەرپێچە سپی یان قاوەیی یان مێزەرە پرتەقاڵییەکانیانەوە، دەهاتن و دەچوون. کەسانی دەشتەکیی ڕیشتاشراوی لێ بوو، کە هەمیشە ڕوخساریان بێگۆشت بوو و عەباکانیشیان بە جۆرێکی پڕ لە متمانەوە دەدا بەسەر شانیاندا، هەروەها زۆرجار لە کاتی ڕۆیشتندا دەستیان لەسەر کەللەکەیان بوو، وەکو ئەوەی دڵنیا بن هەموان ڕێگەیان بۆ دەکەنەوە. خانمانی جوتیار، بە جلوبەرگی ڕەش و سپیی کەتانەوە کە لە سینە بەرەوسەریان سپی بوو، دەردەکەوتن و سەبەتەیان لەسەر سەر بوو، هەروەها هەنگاوهەڵهێنانیان جوان و ئاسان و بێنمایش بوو. ئەگەر لە دواوە بتبینینایە، زۆرجار وات دەزانی ئەوەی شەست ساڵە کچێکی تازەلاوە. چاوەکانیان ڕۆشن بوو، دەتگوت بیریان چووە سواری شەمەندەفەری تەمەن ببن – مەگەر ئەوەی تووشی نەخۆشیی ئالەکە بووبێتن، ئەو نەخۆشییە پیسە "میسڕییە"ی لە چاوی دەدا و هەموو ولاتانی دەریای سپیی گیرۆدە کردبوو.

جولەکەکانیش لەوێ بوون: جولەکەی ڕەسەن، بە خۆیان و تەڕبووش و عەبا پانەکانیان، کە ڕوخساریان هەر لە عەرەبەکان دەچوون؛ جولەکەکانی پۆڵەندا و ڕوسیا، کە وا دەردەکەوت ڕابردووە بچووک و تەسکەکەی ئەوروپاییان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبێت، بە جۆرێک هەستت دەکرد ناکرێت ئەمانە و جولەکە

شکۆمەندەکانی مەغریب و تونس، بە خۆیان *برنوسە* سپییەکانیانەوە، سەر بە هەمان ڕەچەڵەک بن. بەڵام گەرچی جولەکە ئەوروپییەکان لە دەرەوەی هاوئاهەنگیی وێنەکەی دەوریان بوون، ئەوان ئاڕاستەکەری ژیان و سیاسەتی جولەکە بوون، بۆیە وا دەردەکەوت ئەو گرژییەی لە نێوان جولەکە و عەرەبەکاندا هەبوو خەتای ئەوان بێت.

ئەوروپییەکی ئاسایی چیی سەبارەت بە عەرەبەکان دەزانی؟ هیچ. کاتێک دەهات بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، کۆمەڵێک بۆ بیرۆکەی ڕۆمانسی و هەڵەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا؛ خۆ ئەگەر ڕاستگۆ بوایە، دەبوو دان بەوەدا بنێت هیچشتێک سەبارەت بە عەرەبەکان نازانێت. منیش پێش ئەوەی بێم بۆ فەڵەستین، هەرگیز بە خاکێکی عەرەبیم نەدەزانی. بێگومان دەمزانی "هەندێک" عەرەب لەوێ ژیاون، بەڵام وام وێنا دەکرد کۆمەڵێک کۆچەرین لە بیابانداو خێمە هەڵدەدەن و لای مێرگەکاندا دەمێننەوە. زۆربەی ئەوەی کاتی خۆی لەسەر فەڵەستین خوێندبوومەوە لە لایەن زایۆنییەکانەوە نووسرابوو – کە تەنها بیر لە کێشەکانی خۆیان دەکەنەوە – بۆیە نەدەهات بە خەیاڵمدا فەڵەستین پڕ بێت لە عەرەب – نەمدەزانی لە ساڵی ١٩٢٢دا، بەرانبەر هەر جولەکەیەک لە فەڵەستین، پێنج عەرەب هەبوو، ئەمەیش وای دەکرد وڵاتەکە زیاتر عەرەبی بێت تاکو جولەکە.

کاتێک ئەمەم بە بەڕێز ئوسیشکین گوت، کە سەرۆکی کۆمیتەی چالاکیی زایۆنی بوو و لەو دەمەدا بینیم، هەستم کرد زایۆنییەکان گرنگی بە زۆرینەبوونی عەرەبەکان نادەن؛ بەڵکو هیچ گرنگییەک بە بەرهەڵستیی عەرەبەکان بۆ زایۆنیزم نادەن. وەڵامەکەی بەڕێز ئوسیشکین جگە لە ڕق بەرانبەر بە عەرەبەکان، هیچی تری تیادا نەبوو:

"هیچ جولّانەوەیەکی ڕەسەنی عەرەبی لە دژی ئێمە بەرپا نییە؛ واتە، جولّانەوەیەک ڕیشەی لە خەڵکدا بێت. هەموو ئەوەی تۆ وەکو دژایەتی و بەرهەڵستی دەیبینیت، هەراوهوریای کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕی ناڕەسەنە. لە چەند

مانگێکدا، یان ئەوپەڕی چەند ساڵێک، بەسەر خۆیدا وێران دەبێت و نامێنێت."

قسەکانی قایلکەر نەبوون. هەر لە سەرەتاوە هەستم دەکرد بیرۆکەی نیشتەجێکردنی جولەکە لە فەڵەستین دەستکردە، لەوەیش خراپتر گواستنەوەی هەموو کێشە و گرفتە چارەنەکراوەکانی ژیانی ئەوروپی بوو بۆ وڵاتێک کە بەبێ ئەو کێشانە شادتر دەژیا. جولەکە هێنراوەکان هەستی گەڕانەوەیان نەبوو بۆ نیشتیمان، بەڵکو مەیلیان هەبوو بەپێی ژیان و ئامانجە ئەوروپییەکان وڵاتەکە بکەن بە نیشتیمان. بە کورتی، ئەوان لە وڵاتەکەدا بێگانە بوون. هیچ گرفتێکیشم لە بەرهەڵستیی پتەوی عەرەبەکان بەرانبەر بە خاکێکی جولەکە لەوێ نەدەبینی؛ بە پێچەوانەوە، دەستبەجێ زانیم ئەوە عەرەبەکانن زۆریان لێ دەکرێت و ئێستا بەرهەڵەستی دەکەن.

ڕاگەیاندنی بەلفۆر لە ساڵی ١٩١٧دا، کە پەیمانی "نیشتیمانێکی نەتەوەیی" بە جولەکەکان دا لە فەڵەستین، لای من پرۆژەیەکی دڕندە بوو بۆ بەرپاکردنی بنەمایەکی دێرین، کە لە نێوان هەموو هێزە ئیستیعماریییەکاندا هاوبەشە: "دروستکردنی دووبەرەکی و حوکمکردن." ئەم بنەمایە لە دۆسیەی فەڵەستیندا دزێوتر بوو، چونکە بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٦دا پەیمانی بە شەریف حوسەین، حاکمی ئەوکاتی سعودیە، دابوو دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی دروست بکرێت هەموو وڵاتانی نێوان دەریای سپی و کەنداوی فارس لەخۆ بگرێت. ساڵێکی نەخایاند لە ڕێکەوتنی نهێنی سایکز پیکۆتدا (کە حوکمی فەڕەنسای بەسەر سوریا و لوبناندا چەسپان) لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا پەیمانەکەیان شکاند، بەڵام هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو لە ئەنجامدا فەڵەستینیشیان لەو پەیمانانە دەرکرد کە بە عەرەبەکانیان دابوو.

من خۆم جولەکە بووم، بەڵام دژی زایۆنیزم بووم. ڕاستە هاوسۆزیم بۆ عەرەبەکان هەبوو، بەڵام جیا لەوەیش بە نائەخلاقیم دەزانی کۆمەڵێک ئاوارە، بە یارمەتیی دەسەڵاتێکی گەورەی بێگانە، سنوورەکان ببڕن تاکو ببن بە زۆرینەی

ولاتێک و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکە ڕەسەنەکە ئاوارە بکەن، ئەو خەڵکەی لە دێرزەمانەوە لەو نیشتیمانەدا بوون و وەکو درەختەکان ڕیشەیان چووەتە خاکەکەوە. لە ئەنجامدا، هەرکاتێک گفتوگۆی جولەکە و عەرەب بهاتایەتە پێش، من لایەنگیریی عەرەبەکانم دەکرد، ئەمەیش زووزوو ڕوویدەدا. لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا، هەموو ئەو جولەکانەی ناسیمن سەیریان لەو ڕەفتارەم دەهات. ئەوان تێنەدەگەیشتن چیم لە عەرەبەکاندا دیوە، چونکە لای ئەوان عەرەبەکان خەڵکێکی دواکەوتوو بوون و بە هەمان ئەوە چاوەوە تەماشایان دەکردن کە داگیرکەرە ئەورووپییەکان لە ئەفریقییەکانیان پێ دەڕوانی. ئەوان گرنگییان بەوە نەدەدا عەرەبەکان چۆن بیر دەکەنەوە؛ کەسیان، بە دەگمەن نەبێت، هەوڵی فێربوونی عەرەبیی نەدەدا؛ هەروەها هەموویان، بەبێ بیرکردنەوە و پرسیارکردن، ئەو بیرۆکەیەیان قبووڵ دەکرد کە گوایە فەڵەستین میراتیی ڕاستەقینەی جولەکەکانە.

سەبارەت بەم باسە، تا ئێستایش گفتوگۆیەکی کورتی خۆمم لەگەڵ دکتۆر خایم ویزماندا[1]، سەرکردە و سەرۆکی جولانەوەی زایۆنی، بیرە. ئەو ماوەماوە سەردانی فەڵەستینی دەکرد (وابزانم خۆی لە لەندەن دادەنیشت). ئەو جارەیش هاتبوو بۆ فەڵەستین و لە ماڵی دۆستێکی جولەکە بینیم. نەدەکرا سەرسام نەبیت بەو وزە زۆرەی لەم پیاوەدا هەیە – وزەیەک تەنانەت لە جوڵەی جەستە و هاتوچۆ خێراکانی بە ژووورەکەیشدا دەردەکەوت – هەروەها بە هێزی فکری ئەو، کە لە تەوێڵە پانەکەی و نیگا تیژەکانیدا خۆی دەنواند.

ئەو لەو سەختییە داراییانە دەدوا کە بەربەستیان لە بەردەم خەونی نیشتیمانێکی نەتەوەیی جولەکەدا دانابوو، هەروەها قسەی لەسەر نەبوونی

[1] خایم ویزمان (١٨٧٣-١٩٥٢): سەرکردەیەکی دیاری زایۆنی بوو، هەروەها یەکەمین سەرۆکی ئیسرائیلیش بوو.

پاڵپشتیی پێویستی دەرەکی دەکرد؛ ئەو هەستە ناخۆشەم لا دروست بوو ئەویش، وەکو زۆرینەی زایۆنییەکانی تر، بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی هەموو ئەوەی لە فەڵەستین ڕووەدات لە ملی "جیهانی دەرەوە" دەئاڵێنێت. ئەمە هانی دام ئەو بێدەنگییە بشکێنم کە گوێگرانی تر دروستیان کردبوو و بڵێم:

"ئەی عەرەبەکان چی؟"

وا دەردەکەوت هەڵەیەکی شەرمەزارکەرانەم کردبێت، چونکە دکتۆر ویزمان بە هێواشی ڕووی کردە من، کوپەکەی دەستی دانا، ئەوجا پرسیارەکەی منی دووپات کردەوە:

"عەرەبەکان چی؟"

"دەی، چۆن خەون بەوەوە دەبینن فەڵەستین بکەن بە نیشتیمانی خۆتان، لە کاتێکدا عەرەبەکان بە تووندترین شێوە بەرهەڵستتانن، هەروەها زۆرینەیشن؟"

سەرکردە زایۆنییەکە شانەکانی هەڵتەکاند و بە وشکی وەڵامی دایەوە: "وا چاوەڕێین پاش چەند ساڵێکی تر زۆرینە نەبن."

"ڕەنگە ئەوە ڕووبدات. تۆ ساڵانێکە دەستوپەنجەت لەگەڵ ئەم بابەتەدا نەرمە، بۆیە لە من باشتری لێ دەزانیت. بەڵام ئەگەر لەو بەربەستە سیاسییانەیش بگەڕێین کە عەرەبەکان دەیخەنە بەردەمات، ئەی ڕەهەندە ئەخلاقییەکە بێتاقەتتان ناکات؟ پێتان وانییە دەرکردنی گەلێک کە هەمیشە و هەردەم لێرە بوون ستەمە؟"

دکتۆر ویزمان برۆکانی بەرز کردەوە و گوتی، "بەڵام وڵاتەکە هی ئێمەیە. ئەوەی بە ستەم لێی بێبەش کراوین، وەردەگرینەوە."

"بەڵام بۆ ماوەی دووهەزار ساڵ لە فەڵەستین دوور بوون! پێش ئەوە بۆ ماوەی کەمتر لە پێنسەد ساڵ حوکمی ئێرەتان کردووە، خۆ تەنانەت ئەوکاتیش

حوکمی تەواوی ولاتەکەتان نەکردووە. وا نازانیت عەرەبەکانیش بۆیان هەبێت داوای ئیسپانیا بکەنەوە بۆخۆیان، چونکە زیاد لە حەوسەد ساڵ حوکمی ئەوێیان کرد و تەنها پێنسەد ساڵێکیشە لەدەستیان داوە؟"

دکتۆر ویزمان سەبری نەما: "قسەی بەلاش. عەرەبەکان ئیسپانیایان *داگیر* کردبوو؛ هەرگیز نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئەوان نەبوو، بۆیە دەرکردنیان لە لایەن ئیسپانییەکانەوە حەق بوو."

"بمبورە، بەڵام وا دەردەکەوێت گرفتێکی مێژوویی هەبێت. هەرچۆن بێت، عیبرییەکانیش هەروەکو داگیرکەر هاتنە فەڵەستین. پێش ئەوان دەیان هۆزی سامی و ناسامی لێرە نیشتەجێ بوون – عەموریەکان، ئیدۆمییەکان، فیلیستینییەکان، موابییەکان، هەروەها هیتییەکان. ئەو هۆزانە تەنانەت لە سەردەمی شانشینی ئیسرائیل و یەهودایشدا لێرە بوون. کاتێکیش کە ڕۆمانییەکان پێشینانی ئێمەیان دەکرد، ئەوان هەر لێرە بوون. ئەمڕۆیش هەر لێرەن. ئەو عەرەبانەی پاش فراوانخوازییەکەی سەدەی حەوت لە سوریا و فەڵەستین نیشتەجێ بوون هەمیشە کەمینە بوون؛ زۆرینەی ئەوانەی ئێمە ئەمڕۆ وەکو فەڵەستینی یان "عەرەبی" سوری ناویان دەبەین لە ڕاستیدا بوون بە عەرەب و، لە بنەڕەتدا دانیشتوانی ڕەسەنی ولاتەکەن. هەندێکیان لەو ماوە درێژەدا بوون بە موسوڵمان، هەندێکیشیان وەکو مەسیحی ماونەتەوە؛ موسوڵمانەکان هاوسەرگیرییان لەگەڵ موسوڵمانەکانی تری عەرەبستاندا کردووە. بەڵام دەتوانیت نکوڵی لەوە بکەیت ئەو خەڵکەی لە فەڵەستینن و بە عەرەبی دەدوێن، جا مەسیحی بن یان موسوڵمان، نەوەی ڕاستەوخۆی دانیشتوانە ڕەسەنەکەن: ڕەسەن بەو مانایەی پێش ئەوەی عیبرییەکان پێ بخەنە سەر ئەم نیشتیمانە، ئەوان لێرە بوون؟"

دکتۆر ویزمان زەردەخەنەیەکی بەڕێزانەی بە ڕووی تەقینەوەکەمدا کرد و گفتوگۆکەی گۆڕی.

به دەرئەنجامی بەشداربیەکەم شاد نەبووم. بێگومان چاوەڕێ نەبووم ئەوانەی لەوێ بوون - لە دکتۆر ویزمان هەر بگەڕێ - لەوەدا هاوڕام بن بیرۆکەی زایۆنیزم بناغەیەکی فشەڵی ئەخلاقیی هەیە: بەڵام ئومێدەوار بووم بەرگرییەکەم لانی کەم تۆزێک سەرکردایەتیی زایۆنی نائاسوودە بکات - نائاسوودەییەک وایان لێ بکات وردتر بن و دان بە ڕەوایەتیی ئەخلاقیی بەرهەڵستیی عەرەبەکاندا بنێن... ئەوە ڕوویننەدا. لەبری ئەوە، هەموو ئەو چاوانەی لە ژوورەکەدا بوون لەسەر من جێگیر بوون: ئەو چاوە تیژانە ڕەخنەیان لێ دەگرتم و سەرکۆنەی گوستاخییەکەیان دەکردم، چونکە پرسیارم لە مافی پرسیارلەسەرنەکراوی نیشتەجێبوونی جولەکەکان لە خاکی پێشینانیاندا کردبوو.

لە خۆمم دەپرسی، چۆن دەکرێت کەسانێکی زیرەکی وەکو جولەکەکان لە ناکۆکیی عەرەب و زایۆنیدا تەنها جولەکە لەبەرچاو بگرن؟ نەیاندەزانی لەسەر ئاستی دوورمەودا، کێشەی جولەکە لە فەڵەستین تەنها بە هاوکاریی عەرەبەکان چارە دەکرێت؟ یانی بەو ڕادەیە بەرانبەر داهاتووی ئازاربەخش و وێرانکەری سیاسەتەکانیان نابینا بوون؟ واتە نەیاندەزانی تەنانەت ئەگەر دورگە جولەکەکە بە شێوەیەکی کاتییش سەرکەوتوو بێت، لە ناوەندی دەریای تووڕەی عەرەبدا ڕووبەڕووی چ ڕق و تاڵی و بەرهەڵستییەک دەبێتەوە؟

بەڵام لەوەیش سەیرتر هەبوو. بیرم دەکردەوە چەندە سەیرە گەلێک، کە لە مێژووی خۆیدا دونیایەک ستەمی لێ کراوە، ئێستا ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ستەمی کوشندە لە نەتەوەیەکی تر بکات - چ نەتەوەیەکیش؟ نەتەوەیەک کە لە ئازارەکانی مێژووی جولەکەدا تۆزقاڵێک خەتای نەبووە. دەمزانی ئەوە لە مێژوودا نوێ نییە، بەڵام زۆر بێتاقەت بووم بەوەی بە چاوی خۆم دەمبینی.

بەڵام ئەوجارەیان تێکەڵبوونم بە دۆخی سیاسیی فەڵەستین تەنها پەیوەندیی بە هاوسۆزیمەوە نەبوو بۆ عەرەبەکان و نیگەرانیم لە ئەزموونی زایۆنییەکان،

بەڵکو زیندووبوونەوەیەکیش بوو لە ئارەزووی ڕۆژنامەگەریمدا: بووبووم بە نووسەرێکی تایبەتی *فرانکفورتەر زیتەنگ*، کە ئەوکات یەکێک بوو لە ڕۆژنامە دیارەکانی ئەورووپا. تا ڕادەیەکی زۆر، ئەم پەیوەندییە زادەی ڕێکەوت بوو.

ئێوارەکەیان کاتێک خەریکی ڕێکخستنی نامە و پەڕاوە کۆنەکانی ناو یەکێک لە جانتاکانم بووم، کاردێکی ڕۆژنامەگەریم دۆزیەوە کە سااڵنێک لەوەوبەر وەکو نوێنەری یونایتد تەلەگرام لە بەرلینەوە بۆم هاتبوو. خەریک بوو بیدڕێنم، بەاڵم دۆریان دەستی گرتم و بە گاڵتەوە گوتی:

"مەکە! ئەگەر لە نووسینگەی نوێنەری باڵا ئەم کارە دەربهێنیت، پاش چەند ڕۆژێک بانگت دەکەن بۆ نووسینگەی باڵای حکومەت... ڕۆژنامەنووسان بوونەوەرێکی خوازراون لەم وڵاتە."

کارەکە بێسوودە کەم دڕاند، بەاڵم نوکتەکەی دۆریان لە هزرمدا جێگیر بوو. بێگومان ئارەزووی ئەوەم نەبوو بۆ نووسینگەی حکومەت بانگ بکرێم، بەاڵم بۆچی سوودم لە دەرفەتی دەگمەنی مانەوەم لە ڕۆژهەاڵتی نزیک نەبینیایە، لە کاتێکدا ئەوکات ژمارەیەکی کەم لە ڕۆژنامەنووسانی ئەورووپای ناوەڕاست دەیانتوانی بگەن بەوێ؟ بۆچی درێژەم بە کاری ڕۆژنامەگەری نەدایە، بەاڵم ئەمجارەیان لەگەڵ یونایتد تەلەگراف نا، بەڵکو لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییە نمرە یەکەکاندا؟ لەپڕێکدا، وەکو چۆن هەمیشە خێرا بڕیارە گەورەکان دەدەم، بڕیارم دا بچمە ناو ڕۆژنامەگەریی *ڕاستەقینە*وە.

گەرچی سااڵنێک لە یونایتد تەلەگراف کارم کردبوو، پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ هیچ ڕۆژنامەیەکی جددیدا نەبوو، هەروەها هیچشتێکیشم نەنووسیبوو، بۆیە ناوم لای ڕۆژنامەکان ناسراو نەبوو. بەاڵم ئەوە ساردی نەکردمەوە. وتارێکم سەبارەت بە هەندێک بەرکەوتن و تێگەیشتنی خۆم لە فەڵەستین نووسی و بۆ زیاد لە دە ڕۆژنامەی ئەڵمانیم نارد و پێشنیارم کرد وتاریان سەبارەت بە ڕۆژهەاڵتی نزیک بۆ بنووسم.

ئەوە لە دوامانگەکانی ١٩٢٢دا بوو – سەردەمی قەیراناویترین هەڵئاوسان لە ئەڵمانیا. دۆخی ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان باش نەبوو، تەنها کەمێکیشیان دەیانتوانی دراوی بەهێز بە نووسەرە بێگانەکانیان بدەن. لەبەر ئەمە، مایەی سەرسامی نەبوو ڕۆژنامەکان یەک لە دوای یەک بە شێوەیەکی جوان ڕەتیان دەکردەوە. تەنها یەکێکیان پێشنیارەکەمی قبووڵ کرد. وا دەردەکەوت ئەوان بە نووسینەکەم سەرسام بووبن، بۆیە منیان وەکو نووسەری تایبەتی دەرەوەی ولآت دیاری کرد و لەسەر ئەوەیش ڕێک کەوتین لە کاتی گەڕانەوەمدا کتێبێک بنووسم. ئەو ڕۆژنامەیە فرانکفورتەر زیتەنگ بوو. خەنی و سەرسام بووم بەوەی تەنها پەیوەندیم لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا – جا چ ڕۆژنامەیەکیش – نەبەستووە، بەڵکو لە یەکەم هەوڵدا پێگەیەکم بەدەست هێناوە کە زۆر ڕۆژنامەنووسی بەتەمەن ئیرەیی پێ دەبەن.

بێگومان کۆسپێک لەو نێوەندەدا هەبوو. بەهۆی هەڵئاوسانەکەوە، ڕۆژنامەکە بە دراوێک پارەیان بە من نەدەدا ئاسان بگۆردرێتەوە. ئەو پارەیەی پێشکەشیان کرد بە مارکی ئەڵمانی بوو؛ چاکیش دەمزانی ئەو بڕە پارەیەی بەو دراوە دەمدەنێ لەبری هیچە. بەڵآم بوون بە نووسەری تایبەتی *فرانکفورتەر زیتەنگ* هێندە تایبەت بوو، گرنگیم بەو بەربەستە کاتییە نەدا. دەستم کرد بە نووسین لەسەر فەڵەستین، ئومێدیشم وابوو لە داهاتوودا بەختم هەبێت و بۆم بڕەخسێت گەشت بە تەواوی ڕۆژهەڵآتی نزیکدا بکەم.

ئێستا هاوڕێی زۆری فەڵەستینیم هەبوو، هەم جولەکە و هەم موسوڵمان. زایۆنییەکان بە گومانەوە لە منیان دەڕوانی، چونکە هاوسۆزییەکی زۆرم بۆ عەرەبەکان هەبوو، ئەوەیش لە نووسینەکانمدا بۆ *فرانکفورتەر زیتەنگ* دەردەکەوت. ئەوان خۆیان بۆ یەکلایی نەدەکرایەوە ئایا من لە لایەن عەرەبەکانەوە "کڕدراوم" (چونکە لە فەڵەستینی زایۆنیدا خەڵک بەوە ڕاهاتبوون هەموشتێک بە پارە ڕوون بکەنەوە) یان ئەوە لە ڕووی فکرییەوە حەزم بە شتی

جیاوازه. بەڵام هەموو جولەکەکانی ئەوکاتی فەڵەستین زایۆنی نەبوون. هەندێکیان بە هۆکاری سیاسی نەهاتبوون، بەڵکو لەبەر ئارەزوویەکی ئایینی بۆ خاکە پیرۆزەکە و ئاماژە تەوراتییەکان بەو خاکە هاتبوون.

یەکێک لەم جۆرە کەسانە جەیکب دی هانی هاورێی هۆڵەندیم بوو، کە پیاوێکی خرپیلە و وردیلە بوو، لە سەرەتای چلەکانیدا بوو و ڕیشێکی کاڵی هەبوو و پێشتر لە زانکۆکانی هۆڵەندا وانەی گوتبوویەوە و ئێستایش نووسەری تایبەتی *هەندلسبلادی* ئەمستەردام و *دەیلی ئێکسپرێسی* لەندەن بوو. ئەو پیاوێکی ئایینداربوو – وەکو هەموو جولەکەیەکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات ئۆرسۆدۆکس بوو – و بیرۆکەی زایۆنیزمی ڕەت دەکردەوە، چونکە باوەڕی وابوو گەڕانەوەی گەلەکەی بۆ خاکی بەڵێندراو دەکەوێتە دوای گەڕانەوەی کەسە چاوەڕوانکراوەکەوە.

ئەو جارێکیان پێی گوتم، "ئێمەی جولەکە لە خاکی پیرۆز دەرکراین و بە هەموو جیهاندا پەرش بووین، چونکە ئەو ئەرکەمان جێبەجێ نەکرد کە خودا داوای کرد. لە لایەن خوداوە هەڵبژێردرابووین پەیامی ئەو بگەیەنین، بەڵام بەهۆی خۆبەگەورەزانینەوە وامانزانی لەبەر خودی خۆمان "هەڵبژێردراوین،" بۆیە ناپاکیمان لە خودا کرد. ئێستا ئەوەی ماوە ئەوەیە تەوبە بکەین و دڵمان پاک بکەینەوە؛ کاتێکیش جارێکی تر پاک و شایستە دەبینەوە، خودا کەسە چاوەڕوانکراوەکە دەنێرێت و تاکو بەندەکانی بەرەو خاکی بەڵێندراو ڕێنموونی بکات..."

گوتم، "بەڵام ئەم بیرۆکەی هاتنی کەسە چاوەڕوانکراوە لە بزاڤی زایۆنیزم نادات؟ خۆت دەزانی بزاڤەکە ڕەت دەکەمەوە، بەڵام سروشتی نییە هەموو گەلێک نیشتیمانێکی هەبێت بۆ خۆی؟"

دکتۆر دی هان بە سەرسوڕمانەوە تەماشامی کرد: "پێت وایە مێژوو تەنها زنجیرە ڕووداوێکە؟ من وا نازانم. خودا بێهۆ ئێمەی بێنیشتیمان و پەرش نەکرد؛

بەڵام زایۆنییەکان نایانەوێت دان بەوەدا بنێن. ئەوان بەدەست ئەو نابینناییە مەعنەوییەوە دەنالێنن کە ئێمەی تووشی ئەم کارەساتە کرد. ئەوان هیچ لە دووهەزار ساڵی پەرێشانی و ئاوارەیی جولەکەکانەوە فێر نەبوون. لەبری ئەوەی لە خۆماندا بۆ هۆکارەکانی پەرێشانییەکەمان بگەڕێین، دەیانەوێت بە دروستکردنی "مانۆکی نەتەوەیی" لەسەر پشتی بناغەگەلێک کە زلهێزە ڕۆژئاواییەکان دایانناوە، ئەو پەرێشانییە بچەمێننەوە؛ لەم پرۆسەیەشدا تاوانی ئاوارەکردنی گەلێکی تر دەخەنە ئەستۆی خۆیان."

ئاشکرایە بەهۆی ئەو بیروبۆچوونانەوە، زایۆنییەکان ڕقیان لە جەیکب دی هان بوو (بەڵێ، پاش ماوەیەکی کەم لەوەی لە ساڵی ١٩٢٤دا فەڵەستینم بەجێ هێشت، شۆک بووم بەوەی هەواڵم پێگەیشت تیرۆرستان لە شەوێکی تاریکدا کوشتویانە). ئەوکاتەی من دەمناسی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سنووردار بوون لەگەڵ هەندێک جولەکەی هاوبیر و هەندێک ئەوروپی و عەرەب. وا دەردەکەوت عەرەبەکانی زۆر خۆش بوێت، ئەوانیش ڕێزیان لێ دەگرت و بانگهێشتیان دەکرد بۆ ماڵەکانیان. لە ڕاستیدا، ئەوکات عەرەبەکان بە چاوێکی دوژمنکارانەوە لە جولەکەکانیان نەدەڕوانی. تەنها دوای ڕاگەیاندنی بەلفۆر – واتە دوای چەندین سەدە دراوسێیەتی و هۆشیاری بە نزیکایەتیی خوێنی – عەرەبەکان بۆچوونیان لەسەر جولەکەکان گۆڕا و وەکو دوژمنی سیاسی سەیریان کردن؛ تەنانەت پاش گۆڕانی هەلومەرجەکانیش لە سەرەتای سەدەی بیستدا، هێشتا جیاوازییان لە نێوان زایۆنییەکان و ئەو جولەکانەدا دەکرد کە نیازیان خراپ نەبوو، بۆ وێنە کەسانی وەکو دکتۆر دی هان.

ئەو مانگە شیرینانەی ئەزموونی یەکەم بوون لەگەڵ عەرەبەکاندا شەمەندەفەرێکی درێژی تێڕامان و بەرکەوتنیان خستە جوڵە؛ هەندێک ئومێدی دەرنەبڕدراوی کەسی داوایان دەکرد لە هۆشیاریمدا دانیان پیادا بنرێت.

ڕووبەڕووی هەستکردنێکی تازە بووبوومەوە بە ژیان. وا دەهاتە پێشچاوم

هەناسەیەکی گەرم و مرۆیی لە خوێنی ئەم خەڵکەوە بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان هەنگاو بنێت، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لە پەردەکانی ڕۆح، تارماییەکانی ترس و ئەو ئیرەیی و بێتوانایانە ببنە بەربەست کە ژیانی ئەوروپییان دزێو کردبوو. لای عەرەبەکان شتێکم دۆزیبوویەوە، هەمیشە بۆی گەڕابووم: مامەڵەیەکی نەرمی هەستی بەرانبەر هەموو پرسیارەکانی ژیان – ئەگەر بگونجێت دەتوانین پێی بڵێین ژیرییەکی باڵای باوی هەستی.

لەو ماوەیەدا، زۆر لام گرنگ بوو لە ڕۆحی موسوڵمانان تێبگەم: نەک لەبەرئەوەی ئایینەکەیان سەرنجی ڕادەکێشام (چونکە ئەوکات زۆر کەمم لێ دەزانی)، بەڵکو لەبەرئەوەی خاوەنی ئەو بیرۆشنییە سروشتییە بوون کە ئەوروپییەکان لەدەستیان دابوو. دەکرا بە تێگەیشتنێکی زیاتر لە ژیانی عەرەبەکان لە پەیوەندیی نێوان ئازارچەشتنی ئێمەی ڕۆژئاوایی و ڕیشەکانی ئەو ئازارە تێبگەین؟ دەکرا لەم ڕێیەوە لەو ئازادییەی عەرەبەکان لە دۆخی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا هەیانبوو تێبگەین، ئەو ئازادییەی ئێمەی ئەوروپییش کاتی خۆی هەمانبوو؟ ئەگەر ئەو ئازادییەمان نەبوایە، چۆن دەکرا هونەری مەزنی ڕابردوومان بەرهەم بهێنین، چۆن دەکرا خاوەنی کەنیسە گۆسیکییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بین، خاوەنی شادیی ڕێنیسانس و وێنەکانی ڕامبراندت و بەرهەمەکانی باخ و خەونە هێمنەکانی مۆزارت، کلکی تاوس لە هونەری جوتیارەکانمان، نەڕاندنەکانی بتهۆڤن، هەروەها خاوەنی بەرزبوونەوە بەرەو ئەو لوتکە تەماوییانە بین کە مرۆڤ لە سەریانەوە دەتوانێت بڵێت "من و چارەنووسم یەکین"...؟

لەبەرئەوەی سروشتی ڕاستەقینەی ئەوانەمان نەدەناسی، چیتر نەماندەتوانی هێزە ڕۆحییەکانمان بەکار بهێنین؛ هەرگیز بتهۆڤن یان ڕامبراندتێکی تر لەناوماندا دەرناکەوێت. لەبری ئەوە، ئێستا هەموو ئەوەی دەیزانین بریتییە لە گەڕان بۆ "فۆرمە نوێیەکانی دەربڕین" لە هونەر، کۆمەڵناسی، هەروەها

سیاسەتدا؛ جیا لەوە، ئەوەی هەیە ناکۆکیی نێوان دروشمە دوژمنەکان و بنەما وردەکانە؛ ئامێر و بینا هەوربڕەکانیشمان لە چاککردنەوەی شکاوییەکەی ڕۆحماندا هیچیان پێ ناکرێت... هێشتایش، ئایا ئەو شکۆمەندییە ونبووە مەعنەوییەی ئەوروپا بۆ هەمیشە لەدەست چووبوو؟ نەدەکرا بە پشکنینی خۆمان و گرفتەکانمان بەشێکی زیندوو بکرێتەوە؟

ئەوەی لە سەرەتادا وەکو هاوسۆزییەک بۆ ئامانجە سیاسییەکانی عەرەبەکان و ڕواڵەتی ژیان و ئارامیی دەروونیی ئەوان دەردەکەوت، دواتر بوو بە ئامانجێکی کەسی. هەستم کرد لە قوواڵایی دەروونمەوە دەمەوێت بزانم ڕیشەی ئەو ئارامییە چییە، هەروەها چی ژیانی عەرەبی بەو شێوەیە لە ژیانی ئەوروپی جیا دەکاتەوە: وایش دەردەکەوت ئەو ئارەزووە بە شێوەیەکی مەتەڵئامێز بە قووڵترین گرفتەکانی خۆمەوە بەسترابێتەوە. بە دوای کرانەوەدا دەگەڕام تاکو باشتر لە کەسایەتیی عەرەبەکان تێبگەم، هەروەها باشتر لەو بیرۆکانە حاڵی ببم کە ئەوانی دروست کردووە و لە ڕووی مەعنەوییەوە ئاوا جیاوازی کردوون لە ئەوروپییەکان.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی فراوان و ورد سەبارەت بە مێژوو و کلتور و ئایینیان. هەروەها لە ئارەزووەکەمدا بۆ زانینی ئەوەی چی دڵیان دەجوڵێنێت و ڕێیان پیشان دەدات، هەستم کرد هەندێک هێزم لە ناخی خۆمدا دۆزیوەتەوە کە دەیانجوڵاندم، پڕیان دەکردم، هەروەها ڕێگەیان پیشان دەدام.

04
دەنگەکان

(1)

دەڕۆین و زەیدیش گۆرانی دەڵێت. تەپۆڵکە لمینەکان ئێستا نزمتر و لە یەکتر دوورترن. لێرە و لەوێ بەرد و وردەچەو هەن، لە پێشێشمانەوە، واتە لە باشووری دوورەوە، چیاکانی جەبەل شەمەر بەدی دەکرێت.

دێرەکانی گۆرانییەکەی زەید بە شێوەیەکی تەڵخ دەخزێنە ناو خەوالوویی یەکەمەوە، بەڵام بەو ڕادەیەی وشەکان لەدەستم دەردەچن، مانایەکی فراوانتر و قوواڵتر لە مانا ڕواڵەتییەکەیان وەردەگرن.

ئەوە یەکێکە لەو گۆرانیی حوشترەوانانەی زۆرجار لە عەرەبستان گوێت لێ دەبێت – ئەو گۆرانییانە دەڵێن تاکو حوشترەکانیان چوست و چالاک بن و خۆیشیان خەویان لێ نەکەوێت. ئەوە چریکەی پیاوانی بیابانە، ئەو پیاوانەی بە بۆشایی فراوان ڕاهاتوون و نە بە سنوورەکان ئاشنان، نە بە دەنگدانەوە: هەمیشە دەنگیان لە پەیژەی گەورەدا و لە یەک ئاستی تۆندایە، گڕ و ڕەهایە، لە قوڕگەوە دێت و بە نەرمی لە هەوای وشک دەدات ون دەبێت: هەناسەی بیابانە لە دەنگی مرۆڤدا خۆی نواندووە. هەرکەسێک بە بیابانداً گەشتی کردبێت، ئەو دەنگە لەیاد ناکات. کاتێک زەوی ڕووتەنییە و هەوا گەرم و کراوەیە و ژیان قورسە، هەمان دەنگە.

دەڕۆین و زەید گۆرانی دەچێت، هەروەکو چۆن دیارە باوکیشی پێش ئەو گۆرانیی چڕیوە، هەروەها پیاوانی هۆزەکەی و پیاوانی هۆزەکانی تریش بە

درێژایی هەزاران ساڵ ئەوەیان کردووە: هەزاران ساڵ پێویست بووە تاکو ئەو ئاوازە یەکتۆن و چڕە لەقاڵب بدرێت و لە فۆرمی کۆتایی خۆیدا جێگیر بکرێت. بە پێچەوانەی مۆسیقای فرەدەنگی ڕۆژئاواییەوە، ئەم ئاوازە عەرەبییانە، کە بەردەوام زنجیرەیەکی تۆن دووپات دەکەنەوە، لە هێمای مەعریفەیەکی هەستی دەچن کە لای ژمارەیەکی زۆری خەڵکە – واتە مۆسیقاکە نایەوێت هەستێکی تایبەت بە تۆ بدات، بەڵکو دەیەوێت ئەزموونە مەعنەوییەکانی خۆتت بیر بخاتەوە. ئەو ئاوازانە لە ڕابردوویەکی دووردا لە کەشی بیابانەوە، لە ئاوازەکانی با و ژیانی کۆچەرییەوە، لە هەستکردن بە بواره فراوانەکەوە، لە ڕامان لە ئێستای نەمرەوە لەدایک بوون: هەروەکو چۆن شتە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤیش هەمیشە وەکو خۆیان دەمێننەوە، ئەم ئاوازانەیش ناگۆڕێن.

هەزری ڕۆژئاوایی ئەو ئاوازانە ناناسێت، چونکە لەوێ فرەدەنگی تەنها ڕەهەندێکی مۆسیقا نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤیشە. کەشی سارد، ئاوە جولاوەکان، زنجیرەی چوار وەرزەکە: ئەم توخمانە هێندە فۆرمی جیاواز و ئاڕاستەی جیاواز پێشکەش دەکەن، کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ناچارە ئارەزووی زۆری هەبێت، لە ئەنجامیشدا شتەکان لە پێناو ئەنجامدانیاندا بکات. دەبێت بەردەوام دروست بکات، بونیاد بنێت، هەروەها بەسەر شتەکاندا زاڵ ببێت، تاکو دووبارە و دووبارە خودی خۆی لە ئاڵۆزیی فۆرمە جیاوازەکاندا ببینێتەوە؛ ئەم ئاڵۆزییە هەمیشە گۆڕاوە لە مۆسیقایشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە گۆرانیوتنی قوولی ڕۆژئاواییەوە، کە تیایدا دەنگەکە لە سنگەوە دێت و هەمیشە لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازە، هەست بەو سروشتە "فاوستییە" دەکرێت کە هانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی دەدات خەونی زۆر ببینێت، ئارەزووی زۆر بکات، حەزی داگیرکردنی هەبێت – بەڵام ڕەنگە وایشی لێ بکات هەست بە بیرکردن بکات، بیرکردنێکی ئازاربەخش. جیهانی ڕۆژئاوایی جیهانێکە لە مێژوو: پەیدابوون و گۆڕانی بەردەوام، ڕوودان، تەواوبوون. لە ئاسوودەیی وەستان و

نەجوڵان بێبەشە؛ کات دوژمنە و دەبێت هەمیشە بە گومانەوە تەماشا بکرێت؛ ساتی ئێستایش هەرگیز دەنگی نەمریی پێ نییە.

لای عەرەبی دەشت و بیابان، ئەو دیمەنەی ڕۆژانە دەبینرێت هزر بۆ خەونبینین بانگ ناکات: وەکو ڕۆژەکە ڕەقە و کازیوەی هەستەکانی تیادا نییە. لای عەرەبی دەشت و بیابان، من و جیهان، هەروەها ناوەوە و دەرەوە دژی یەک نین، بەڵکو ڕەهەندی جیاوازی ئێستایەکی نەگۆڕن؛ ژیانی ئەو پڕ نییە لە ترسی شاراوە؛ کاتێکیش شتێک دەکات، لەبەر پێویستییەکی دەرەکی دەیکات، نەک لەبەرئەوەی ئارەزووی ئارامیی دەروونی داوای لێ دەکات. لە ئەنجامدا، عەرەبی دەشت و بیابان وەکو ڕۆژئاواییەکە لە ڕووی ماددییەوە پێش نەکەوتووە – بەڵام ڕۆحی خۆی پاراستووە و نەیهێشتووە پارچەپارچە ببێت.

لە خۆمم پرسی، زەید و گەلەکەی تا کەی دەتوانن ڕۆحی خۆیان بەرانبەر ئەو مەترسییە بپارێزن کە دەوری داون؟ ئێمە لە سەردەمێکداین چیتر ڕۆژهەڵات ناتوانێت بە بیدەنگی تەماشای ڕۆژئاوای پێشکەوتوو بکات. هەزاران هێز – سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری – دەیانەوێت دەروازەکانی جیهانی ئیسلامی بشکێنن. ئایا ئەم جیهانە مل بۆ فشارەکانی سەدەی بیستی ڕۆژئاوا کەچ دەکات و هەم فۆرمە تراديشناڵەکانی و هەم ڕیشە مەعنەوییەکانیشی لەدەست دەدات؟

(٢)

بە درێژایی ئەو ساڵانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرم بردن – لە ١٩٢٢ تا ١٩٢٦ وەکو بێگانەیەکی هاوسۆز، لەوەودوایش تا ئێستا وەکو موسوڵمانێک کە هیوا و ئامانجەکانی ئوممەتی ئیسلامیی لە هەناویدا هەڵگرتووە – شایەتی پەلاماری بەردەوامی ئەوروپا بووم بۆ سەر ژیانی کلتوری و ئازادیی سیاسیی موسوڵمانان؛ هەرکاتێکیش موسوڵمانان بەرهەڵستیی پەلاماری ئەوروپییەکان

بکەن، بۆچوونی باو و گشتیی ئەوروپا خۆی بێگوناھ دەکات و بەرھەڵستیی موسوڵمانان وەکو "لەبێگانەترسی – ڕق لە بێگانە" لەقەڵەم دەدات.

ئەوە ڕۆژگارێکە ئەوروپا بەم شێوە وشکە ھەموو ڕووداوەکانی ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست سادە دەکاتەوە و مێژووی ئەو بەشەی جیھان لە ڕوانگەی "بەرژەوەندییە ڕۆژئاواییە"کانەوە دەبینێت. لە کاتێکدا ھەموان لە ڕۆژئاوا (بێ لە بەڕیتانیا) پشتی کۆششی ئێرلەندییەکانیان بۆ سەربەخۆیی گرتووە، یان (لە دەرەوەی ڕوسیا و ئەڵمانیا) ھەموان پشتی خەونی پۆڵەندییەکانیان بۆ ھەبوونی وڵاتی ئازادی خۆیان گرتووە، ھاوسۆزییەکی ئاوا بەرانبەر بە موسوڵمانان بەدی ناکرێت. بەڵگە و بیانووی سەرەکیی ڕۆژئاوا ھەمیشە دەئاڵێت بە ناتەبایی سیاسیی و دواکەوتوویی ئابووریی ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست، دەیشگوترێت کاتێک ڕۆژئاوا دەست لە کاروباری وڵاتانی ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست وەردەدات، تەنھا بۆ بەرژەوەندیی خۆی وا ناکات، بەڵکو دەیەوێت پێشکەوتن فێری خەڵکی ئەو شوێنانەیش بکات.

خوێندکارانی ڕۆژئاوایی پرسەکانی ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست بیریان نییە ھەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی، جا ھەرچەنە نەرمیش بێت، ھەر کاریگەریی نەرێنیی لەسەر گەشەی نەتەوە ھەیە، بۆیە ئەم جۆرە قسانە دووپات دەکەنەوە. ئەوان تێبینیی ئەو ھێڵی شەمەندەفەرانە دەکەن کە ئیستیعمار لەو وڵاتانە دروستیان دەکات، بەڵام وێرانکردنی بواری کۆمەڵایەتی نابینن؛ کیلۆواتەکانی کارەبای تازە دانراو دەبینن، بەڵام شکاندنی شکۆی نەتەوەی داگیرکار نابینن. ئەو کەسانەی ھەرگیز "ئەرکی بەشارستانیکردنی" بەلکانیان بە بیانوویەکی دروست بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن نەمساوە قبووڵ نەدەکرد، قبووڵیانە بەڕیتانیا بە ھەمان بەھانە میسڕ داگیر بکات، ڕوسیا ئاسیای ناوەڕاست داگیر بکات، فەڕەنسا مەغریب و ئیتاڵیایش لیبیا تاڵان بکات. ھەرگیزیش نایەت بە خەیاڵیاندا زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ڕۆژھەڵاتی ناوەڕاست

دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی "بەرژەوەندییە" ڕۆژئاواییەکانە؛ جیا لەوە، نازانن فراوانخوازییەکانی ڕۆژئاوا بۆ فراوانکردنی درزە ناوخۆییەکانە، ئەمەیش وا دەکات خەڵکی ڕۆژئاوا هەرگیز بە ڕاستی ڕووبەڕووی ئەو درزانە نەبنەوە.

سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٢دا، کاتێک لە فەڵەستین بووم و لە ڕۆژنامەی بەڕیتانیا لە ناوبژیکردنی عەرەبەکان و زایۆنییەکاندا ڕامام، لەمە تێگەیشتم؛ پاشانیش لە ساڵی ١٩٢٣دا، کاتێک دوای چەند مانگێکیش لە گەڕان بە هەموو فەڵەستیندا هاتم بۆ میسڕ، کە لەو کاتەدا بەردەوام یاخیبوون دژی حکومەتی "پشتیوانیکراوی" بەڕیتانیا بەرپا دەکرا، بە تەواوەتی بابەتەکەم بۆ ڕوون بووبەوە. بەرهەڵستیکاران بۆمبیان هەڵدەدایە ئەو شەقامانەی سەربازی بەڕیتانییان تیادا بوو، ئەوانیش بە چەک و دەستگیرکردنی سیاسی و دەرکردنی سەرکردەکان و قەدەغەکردنی ڕۆژنامەکان وەڵامیان دەدانەوە. بەڵام هیچ یەکێک لەم ڕێگەیانە، بەبێ گوێدان بەوەی چەندە تۆندن، نەیدەتوانی ئارەزووی میسڕییەکان بۆ ئازادی پەک بخات. شەپۆلێکی گریانی بەجۆش بە ناخی تەواوی نەتەوەی میسڕیدا دەهات و دەچوو، بەڵام گریانی نائومێدی نا، بەڵکو گریانی ئەو کەسەی ڕەگ و ڕیشەی هێزی خۆی دۆزیوەتەوە.

تەنها پاشا دەوڵەمەندەکان، کە خاوەنی زەمینی زۆر بوون، لایەنگیری دەسەڵاتی بەڕیتانییەکان بوون. هەموو ئەوانەی تر – لە نێویشیاندا جوتیارە داماوەکان، کە لای ئەوان زەمینێک بە قەبارەی ئەوەی گایەک بە ڕۆژێک دەیکێڵێت مولکێکی گەورە بوو بۆ خانەوادەیەکی تەواو – پشتی بزاڤی ئازادیبیان دەگرت. ڕۆژێکیان ڕۆژنامە گەڕۆکەکە بە شەقامەکاندا هاواری دەکرد، "هەموو سەرکردەکانی وەفدەکە لە لایەن دەسەڵاتە سەربازییەکەوە دەستگیر کران" – بەڵام ڕۆژی دواتر سەرکردەی تر جێگەی ئەوانەیان دەگرتەوە و درزەکان پڕ دەکرانەوە: برسێتیی ئازادی و ڕق پێکەوە گەشەیان دەکرد. بۆ هەموو ئەمانە، ئەوروپا یەک وشەی پێ بوو: "لەبێگانەترسی – ڕق لە بێگانە."

هاتنم بۆ میسرِ بەشێک بوو لە ئارەزووم بۆ ئەوەی لە فرانکفورتەر زیتەنگدا تەنها باسی فەڵەستین نەکەم. هەلومەرجی دۆریان لەبار نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی تێچووی گەشتەکەم دابین بکات، بەڵام کاتێک سەرنجی دا چەندە تامەزرۆم، بەشی چوونم لە قودسەوە بۆ قاهیرە و مانەوەی چەند شەوێک پارەی دامێ.

لە کۆڵانێکی باریکی قاهیرەدا، کە دانیشتوانەکەی زیاتر پیشەوەری عەرەب و کەمتریش پینەچیی یۆنانی بوون، شوێنێکم بەکرێ گرت. خاوەنماڵەکە ئافرەتێکی بەتەمەن و باڵابەرز و کەڵەگەتی تریستاینی (ئیتاڵی) بوو. ئەو بەیانی تا ئێوارە مەیی قورسی یۆنانیی دەیخواردەوە و هەر دەمە و لە جەوێکدا بوو. تەبیعەتێکی توند و خرۆشاوی هەبوو، هەروەها وا دەردەکەوت هەرگیز خۆیی نەدۆزیبێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ مندا مامەڵەی باش بوو و کارێکی دەکرد ئاسوودە بم.

دوای حەفتەیەک، وردەوردە پارەم پێ نەدەما. نەمدەویست وا زوو بگەڕێمەوە بۆ فەڵەستین و سەلامەتیی ماڵەکەی خاڵم، بۆیە بۆ کار گەڕام.

هاوڕێکەم لە قودس، واتە دکتۆر دی هان، نامەیەکی دابوومێ تا خۆم بە بازرگانێک لە قاهیرە بناسێنم. بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری چووم بۆ لای بازرگانەکە. ئەو کابرایەکی باڵابەرز و ڕووخۆشی هۆڵەندی بوو، حەز و ئارەزووە فکرییەکانیشی بە سنووری چالاکییەکانی خۆیەوە سنووردار نەبوو. لە نامەکەی دکتۆر دی هانەوە تێگەیشتبوو بابەت بۆ *فرانکفورتەر زیتەنگ* دەنووسم؛ کاتێکیش لەسەر داوای خۆی هەندێک لە وتارەکانی خۆمم پیشان دا، لە سەرسامیدا برۆکانی بەرز کردەوە:

"پێم بڵێ، چەند ساڵیت؟"

"بیستودوو."

"شتێکی ترم پێ بڵێ: لەم نووسینانەدا کێ یارمەتیت دەدات – دی هان؟"

پێکەنیم، "بێگومان نەخێر. خۆم دەیاننووسم. هەمیشە خۆم کارەکانی خۆم دەکەم. بەڵام بۆ گومانت هەیە؟"

لە سەرسامیدا سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی، "بەڵام زۆر نایابە... لەکوێ ئەوەندە پێگەیشتووییت پەیدا کردووە شتی ئاوا بنووسیت؟ چۆن دەتوانیت لە نیوڕستەدا ڕەهەندێکی مەعنەوی بدەیتە پاڵ شتێک کە لە ڕواڵەتدا زۆر ئاسایی و دووبارەیە؟"

بە پیاهەڵدانەکانی خەنی بووبووم، متمانەبەخۆبوونیشم فڕی. لە درێژەی گفتوگۆکەماندا، بۆم دەرکەوت هاوەڵە نوێیەکەمان هیچ شوێنێکی بەتاڵی نییە بۆ من، بەڵام پێی وابوو دەتوانێت لە لقێکی میسڕی، کە خۆی پەیوەندی و مامەڵەی لەگەڵدا هەبوو، دامبنێت.

ئەو نووسینگەیەی منی بۆ نارد لە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی قاهیرە بوو، لە شوێنی مانەوەی خۆیشم دوور نەبوو: ڕێیەکی تەسک و تاریک، لە لایەکەوە خانووی کۆنی شاهانەی لێ بوو، کە ئێستا ئیتر کۆن بووبوون و کرابوون بە نووسینگە و شوقەی هەرزان. خاوەنکارەکەم پیاوێکی بەتەمەن و کەچەڵی میسری بوو، ڕوخساری وەکو هی دالێکی بەتەمەن وابوو. ئەو پێویستی بە کارگێڕێک بوو گرنگی بە پەیوەندی و نووسین بۆ ڕۆژنامە فەرەنسییەکان بدات. هەرزوو ڕێک کەوتین. ئەمن لە ڕۆژێکدا تەنها سێ کاتژمێر کارم دەکرد، موچەکەیشم زۆر کەم بوو، بەڵام بەشی کرێی خانوو و کرێنی نان و شیر و زەیتوونی دەکرد.

لە نێوان شوێنی مانەوە و نووسینگەکەمدا، شەقامی سوری قاهیرە هەبوو – کۆمەڵێک ڕێگەی لێکئاڵاو کە سۆزانییە گەورە و بچووکەکان شەو و ڕۆژیان لێ بەسەر دەبرد. دوانیوەڕۆیان، کاتێک دەچووم بۆ کار، ڕێگەکان چۆڵ و بێدەنگ بوون. لە سێبەری چەتری پەنجەرەیەکەوە لاشەی ئافرەتێک بە خاوی خۆی دەکێشایەوە؛ کچەکان لەسەر مێزی بەردەم هەندێک لە ماڵەکان لەگەڵ پیاوانی ڕیشندا قاوەیان دەخواردەوە و گفتوگۆیان دەکرد، زۆریش جددی دەردەکەوتن، وەکو ئەوەی باسی شتانێک بکەن لە دەرەوەی بابەتی جەستە.

بەڵام ئێـواران، کاتێـک دەگەڕامەوە بـۆ مـاڵەوە، گەڕەکەکە لە هەمووکـات بێدارتر بوو، دەنگی عود و تەپڵی عەرەبی و پێکەنینی ژیان لە یەکتری دەئاڵان. کاتێـک بە ژێـر ڕۆشـنایی گڵۆپەکانـدا تێـدەپەڕیت، لەگەڵ هەمـوو هەنگاوێکدا قۆڵێکی نەرم لە ملت دەئاڵا؛ دەکرا قۆڵەکە قاوەیی یان سپی بێت، بەڵام هەمیشە زنجیر و بـازنەی ئـاڵتوون و زیـوی پێـوە بـوو، هەروەها هەمیشـە بۆنی میسـک و کوندور و پێستی گەرمی ئاژەڵی لێ دەهات. دەبوو هەوڵێکی زۆر بدەیت تاکو نەکەوێـتە ژێـر کـاریگەریی ئامێزەکانیـان و بانگکردنەکانیـان، کاتێـک پێیـان دەگـوتی: *یـا حەبیبـی* (خۆشەویستم) و *سـەعادەتەک* (خۆشبەختییت). دەبـوو هەرچۆن بووە ڕێگەی خۆت لە نێوان قۆڵ و قـوڵە تەڕ و جوانەکان بکەیتەوە و سـەرەڕای ئەوەی مەسـتیان دەکردیـت، تێیانبپەڕێنیـت. هەمـوو میسـڕ دەڕژا بەسەرتدا، بگرە هەموو مەغریب، جەزائیر، سودان، عەرەبستان، ئەرمینیا، سوریا، هەروەها ئێران... پیـاوانیش بە پۆشـاکی درێژی ئاوریشـمەوە لە تەنیشت یەکدا لەسـەر کورسـیەکان دادەنیشـتن و خەنـی دەبـوون، پێـدەکەنین، هەروەها بـانگی کچەکانیـان دەکـرد، یـان بە بێـدەنگی نێرگەلەیـان دەکێشـا. هەمووێـان مشـتەری نەبوون، هەندێکیان بۆ ئەوە هاتبوون یەک دوو کاتژمێر لەو کەشە وروژێنەرەدا بگوزەرێنن... هەندێکجار دەبوو هەنگاوێک بێیتە دواوەوە تاکو لە دەروێشێکی شـەپرێوی سـودانی هەڵنەکەوێـت، کە بە دەم گۆرانیـوتنەوە سـوڵی دەکـرد. بۆنـوبەرامی بخـور لە بخـوردانی بۆنفرۆشـێکی گەڕۆکەوە بەو نـاوەدا بـڵاو دەبـوویەوە. جاروبـار گوێت لە گۆرانیـوتن دەبـوو بە کـۆرس، هەروەها لە مانـای هەندێک لە دەنـگە نـزم و نەرمە عەرەبییەکـان تێدەگەیشـتی... پاشـان گوێت لە دەنگی ناسکی چێژ دەبوویەوە – چێژی ئاژەڵییانەی ئەم کچانە (بێگومان چێژیان وەردەگـرت) لە پۆشـاکە شـین، زەرد، سـور، سـەوز، سـپی، هەروەهـا ئـاڵتونییە ئاوریشـمی و فـوالی و تووڵییەکانیانـدا – هەروەهـا پێکەنیکانیـان بە هەنگـاوی بچـووک بەسـەر پیـادەڕێ بەردپۆشـەکاندا سـەردەکەوت و دەهـاتەوە و خـوار و پاشان لە لێویانەوە بەرز دەبوویەوە.

ئەو میسرییانە، چۆن دەیانتوانی پێبکەنن! چەند بە شادییەوە بەسەر شەقامەکانی قاهیرە رێیان دەکرد و، بە خەیاڵی ئاسوودەوە جەلابیە سپییە کراسئاساکانیان دەپۆشی و دەهاتن و دەچوون، بە جۆرێک وات هەست دەکرد تەنها بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەژاریە بەربەڵاوەکە و بێزاری و گرژییە سیاسییەکەیان بەجددی وەرگرتووە. خرۆشانی توندوتیژی و بەهەرای ئەو خەڵکە هەمیشە ئامادەیی ئەوەی تیادا بوو جێگە بۆ ئارامی و تەنانەت تەمبەڵیش بکاتەوە، وەکو ئەوەی هیچ ڕووبنەدابێت. لەبەر ئەمە، زۆرینەی ئەوروپییەکان عەرەبەکانیان بە کەسانی ڕواڵەتی دادەنا (ڕەنگە ئێستایش وابن)؛ بەڵام من هەر ئەوکاتیش دەمزانی ئەو بێزاری و ڕقە بەرانبەر بە عەرەب زادەی جەختلێکردنەوەی زیادی ڕۆژئاواییەکانە لەو هەستانەی "قوولّ" دەردەکەون، هەروەها "بەڕواڵەتیزانینی" هەموو ئەو شتانەی نەرم و سووک و ئاسان دەردەکەون. من وام هەست دەکرد عەرەبەکان ئازادن لەو گرژی و فشارە دەروونییانەی یەخەی ڕۆژئاوایان گرتبوو: کەوایە، چۆن دەکرا پێوەرەکانی خۆمان بەسەر ئەواندا بدەین؟ ئەگەر ڕواڵەتی دەردەکەوتن، هۆکارەکەی ئەوە بوو هەستەکانیان بەبێ گرژی و ئاڵۆزی لە ڕەفتاریاندا دەردەکەوت. ڕەنگە لەژێر کاریگەریی "بەڕۆژئاواییکرندا،" ئەوانیش لە داهاتوودا ئەو بەرکەوتنە دەستبەجێیە لەگەڵ حەقیقەت و کەتواردا لەدەست بدەن، چونکە سەرەڕای ئەوەی کاریگەرییە ڕۆژئاواییەکە لە زۆر ڕووەوە هاندەری هەزری هاوچەرخی عەرەبی بوو، گومانی تیادا نەبوو لە ئەنجامدا هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی لە ملی عەرەبەکانیش دەئاڵاند، کە مەیدانی کۆمەڵایەتی و مەعنەویی ڕۆژئاوایان داگیر کردبوو.

مزگەوتێکی بچووک و مناربچووک لە بەرانبەر ماڵەکەم بوو، بگرە هێندە نزیک بوو دەتگوت دەتوانیت دەستی لێ بدەیت. ڕۆژانە پێنج جار دەنگی بانگ لە مزگەوتەکەوە بەرز دەبوویەوە. پیاوێکی مێزەر سپی سەردەکەوت و

دەستەکانی بەرز دەکردەوە: "الله اکبر الله اکبر. اشهد ان لا اله الا الله. اشهد ان محمدا رسول الله..." دەنگەکەی بە هەر چوار لادا دەڕوات و وردەوردە بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ هەوا پاکەکەدا تێکەڵ دەبێت، دان بە دەنگە قووڵ و گڕەکانی زمانی عەرەبیدا دەنێت و دێت و دەچێت. دەنگەکە قورسە و نەرمیشە، توانای بەرزبوونەوەی زیاتریشی هەیە؛ هەرچۆنێک بێت، تێدەگەیت ئەوە هونەری بانگدانەکە نەبوو کە بانگەکەی جوان کرد، بەڵکو گەرموگوری و هەستی ناو بانگەکە بوو.

دەنگی بانگ سرودی ئێوارانم بوو لە قاهیرە، هەروەکو چۆن لە قودسیش هەروا بوو، بەڵکو لە سالانی دواتریشم لە سەرزەمینانی ئیسلامی هەروا بوو. سەرەڕای جیاوازیی شێوەزار و دەربڕین کە لە قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکدا هەستت پێ دەکرد، بانگ لە هەموو جێیەک وەکو یەک بوو، هەروەها هەمان هەستی هەبوو. لە ڕۆژانی قاهیرەمدا، یەکێتیی دەنگی بانگ تێگەیاندم یەکێتیی ناوەکیی نێوان موسوڵمانان فرە قووڵە، هەروەها ئەو هێلانەیشی کە دابەشیان دەکات دەستکرد و بێبایەخن. موسوڵمانان هەمان باوەڕیان هەبوو، بە هەمان شێوە بیریان دەکردەوە و بە هەمان شێوە بڕیاریان لەسەر ڕاست و هەڵە دەدا، هەروەها تێگەیشتنیان بۆ ئەوەی ژیانێکی باش کامەیە یەک بوو.

وا دەردەکەوت بۆ یەکەمینجار لە ژیانمدا بەر کۆمەڵگەیەک (ئوممەتێک) کەوتبێتم بەپێی بەرژەوەندیی ئابووری و نەژاد پێکەوە نەبەسترابێتنەوە، بەڵکو شتێکی جێگیرتر و قووڵتر ئەوانی ئاوا یەکگرتوو کردبێت: برایەتی بەپێی جیهانبینییەک کە هەموو سنووورەکانی تەنهایی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەڵدەگرێت.

لە هاوینی ١٩٢٣دا، پاش گەشەکردنی فکر و تێگەیشتم سەبارەت بە ژیان و سیاسەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، گەڕامەوە بۆ قودس.

بەهۆی جەیکب دی هانی هاوڕێی باشمەوە بە ئەمیر عەبدولای پاشای

ئەردەنی ڕۆژهەڵات ئاشنا بووم، کە بانگی کردم بۆ ولاتەکەی خۆی. لەوێ بۆ جاری یەکەم لە ژیانمدا، بە سەرزەمینێکی دەشتەکی ئاشنا بووم. عەممانی پایتەخت – لەسەر وێرانەی فیلادلفیا، کۆڵۆنیی یۆنانیی بەتلیمس فیلادلفەس – لەو سەردەمەدا شەش هەزار دانیشتوویەکی هەبوو. شەقامەکانی پڕ بوون لە دەشتەکیی دەشتە فراوانەکان، ئەوانەیش لە فەڵەستین زۆر بە دەگمەن دەبینران. ئەو دەشتەکییانە جەنگاوەری ڕاستەقینە و پەروەردەکاری حوشتر بوون. ئەسپگەلێکی نازدار بە شەقامەکاندا غاریان دەدا؛ هیچ پیاوێکی بێچەکت نەدەبینی؛ هەریەکێکیان خەنجەرێک بە کەمەریەوە و تفەنگێک بە شانیەوە بوو. گا و عەرەبانەی چەرکەسییەکان (خۆی لە بنەڕەتدا ئەو چەرکەسییانەی لە دوای پەلاماری ڕوسیا بۆ سەر خاکەکەیان لە سەدەی نۆزدەدا هاتبوون بۆ ئەم شارە و ئاوەدانیان کردبووەوە) بازاڕەکەیان قەرەباڵغ کردبوو، کە سەرەڕای بچووکییەکەی، وەکو شارێکی گەورە پڕ بوو لە مامەڵە.

شارەکە بینای ئەوتۆ و گونجاوی تیادا نەبوو، بۆیە ئەمیر عەبدوڵا ئەوکات لە کۆمەڵێک خێمەدا دەمایەوە لەسەر گردێکی بەرز. خێمەکەی خۆی لە خێمەکانی دەوروبەری گەورەتر بوو و بەسەر چەند ژوورێکدا دابەش کرابوو، تاکو بڵێیت سادەیش بوو. لە یەکێکیاندا، پێستێکی ڕەشی ورچ لە گۆشەی ژوورەکەدا کرابوو بە جێخەو؛ لە ژووری پێشوازی، کۆمەڵێک زینی جوانی حوشتر بە نوکی زیوینەوە دانرابوون، تاکو ئەو کەسەی لەسەر فەرشەکان دادەنیشێت بتوانێت شانیان لەسەر دابدات.

کاتێک لەگەڵ دکتۆر ڕەزا تۆفیق بەیدا، ڕاوێژکاری سەرەکیی ئەمیر، چوومە ناو خێمەکەوە، تەنها خزمەتکارێکی ڕەشی لێ بوو کە جلوبەرگێکی کەشخە و ڕەنگینی لەبەردا بوو، هەروەها خەنجەرێکی ئاڵتوونییش بە کەمەریەوە بوو. دکتۆر ڕەزا تورک بوو، پێشتر مامۆستای زانکۆ بووبوو و بۆ ماوەی سێ ساڵیش، پێش هاتنی کەمال ئەتاتورک، وەزیری پەروەردە بووبوو لە

کابینه تورکییه‌که‌دا. پێی گوتم ئه‌میر عه‌بدولاّ تۆزێکی تر دێته‌وه؛ ئه‌و ئێستا له‌گه‌ڵ هه‌ندێک سه‌رۆک هۆزی ده‌شته‌کیدا باسی دواهه‌مین هێرشی نه‌جدییه‌کانی ده‌کرد بۆ سه‌ر باشووری ئه‌رده‌نی ڕۆژهه‌ڵات. دکتۆر ڕه‌زا بۆی ڕوون کردمه‌وه ئه‌و "وه‌هابییه" نه‌جدییانه وه‌کو ڕیفۆرمخوازه تونده‌کانی جیهانی مه‌سیحی وان، چونکه به تونده‌ترین شێوه دژی په‌رستنی وه‌لییه‌کان و ئه‌و خورافه ڕۆحانییانه‌ن که له سه‌ده‌کانی ڕابردوودا خزاونه‌ته ناو ئیسلامه‌وه؛ ئه‌وان دوژمنی خانه‌واده‌ی شه‌ریفیش بوون، که سه‌رۆکه‌که‌ی ده‌یکرده پاشا حوسه‌ینی حیجاز، واته باوکی ئه‌میره‌که. به‌پێی ڕه‌زا تۆفیق به‌ی، نه‌ده‌کرا بۆچوونه‌کانی وه‌هابییه‌کان ده‌ستبه‌جێ ڕه‌ت بکرێنه‌وه؛ ئه‌وان له چاو ڕه‌شۆک و زۆرینه‌ی موسوڵمانانی ولاّتانی تردا له ڕۆحی قورئانه‌وه نزیکتر بوون، هه‌روه‌ها ده‌کرا به تێپه‌ڕینی کات خزمه‌تی گه‌شه‌ی کلتوریی ئیسلام بکه‌ن. به‌ڵام تونڕه‌وییه‌که‌یان وای کردبوو موسوڵمانانی تر نه‌توانن بزاڤه‌که به‌رز بنرخێنن؛ به بۆچوونی ئه‌ویش، ئه‌م که‌موکورتییه له هه‌ندێک جێ به‌خێرهاتنی لێ ده‌کرا، لای ئه‌ویش یه‌کگرتنه‌وه‌ی عه‌ره‌ب دیمه‌نێکی خوازراو نه‌بوو.

پاش که‌مێک ئه‌میر هاته ژوور – پیاوێکی چل ساڵان، قه‌باره مامناوه‌ند، به ڕیشێکی زه‌ردباوی کورته‌وه – جووتێک نه‌علی بچووک و ڕه‌شی له‌پێ کرد، هه‌روه‌ها پۆشاکێکی سپیی فشی عه‌ره‌بیی له‌به‌ردا بوو که له ئاوریشم بوو، هه‌روه‌ها عه‌بایه‌کی سپیی هێنده ته‌نکی دابوو به شانیدا، به‌حاڵ و نه‌حاڵ دیار بوو.

"ئه‌هله‌ن وه سه‌هله‌ن" – "خانه‌واده و ئاسانی" – ئه‌وه یه‌که‌مجار بوو گوێم له‌و سلاّوه جوانه عه‌ره‌بییه بێت.

که‌سایه‌تیی ئه‌میر عه‌بدولاّ ڕه‌هه‌ندێکی سه‌رنجڕاکێش و دڵبه‌ری تیادا بوو، هه‌روه‌ها هه‌ستێکی جوانی سوعبه‌تچێتی و زیره‌کییه‌کی کتومت و گه‌رموگوڕییه‌کی زۆر له ده‌ربڕیندا. تێگه‌یشتن له‌وه‌ی بۆچی ئه‌وکات لای

گەلەکەی هێندە خۆشەویست بوو گران نەبوو. گەرچی زۆرێک لە عەرەبەکان بە ڕۆڵی ئەو لە یاخیبوونی شەریفییەکان، بە پاڵپشتیی بەریتانییەکان، دژی تورکەکان دڵخۆش نەبوون و وەکو ناپاکیی موسوڵمان لە موسوڵمان تەماشایان دەکرد، بەهۆی هەوڵەکانیەوە بۆ سەرخستنی عەرەب بەسەر زایۆنییەکاندا ڕێزێکی دیاریکراوی لێ دەگیرا؛ دواتر بەهۆی جوڵە و ئەنجامی بڕیارە سیاسییەکانەوە ناوی لە تەواوی جیهانی عەرەبیدا زڕا.

قومیان لەو کوپە قاوانە دەدا کە لاوە ڕەشەکە بۆی گێڕاین و دەمەتەقێیان دەکرد – جاروبار دکتۆر ڕەزا یارمەتیی دەدایین، چونکە زۆرچاک فەڕەنسیی دەزانی. باسی سەختییەکانی ئەو وڵاتە نوێیەمان دەکرد بە ناوی ئەردەنی ڕۆژهەڵات، ئەو وڵاتەی هیچ کەسێک بەبێ چەک نەدەگەڕا و کەس دانی بە یاسای دەرەوەی هۆزی خۆیدا نەدەنا.

ئەمیرەکە گوتی، "وەلێ عەرەب خاوەنی هۆشن؛ تەنانەت بەدەوییەکانیش وردەوردە تێدەگەن ئەگەر بیانەوێت لە حوکمی بێگانە قوتاریان ببێت، پێویستە واز لە شێوازە کۆنە بێساکانیان بهێنن. ئەو شەڕ و ناکۆکییە هۆزەکییانەی جاروبار بەرگوێت دەکەون، ئێستا کەمیان کردووە."

پاشان درێژەی بە باسی هۆزە دەشتەکییە تووندوتیژ و دانەسەکیوەکان دا کە لەسەر سادەترین ناکۆکی شەڕیان لەگەڵ یەکدیدا کردووە. جاری وابوو شەڕە خوێناوییەکانیان لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرایەوە چەند نەوەیەک درێژەی دەکێشا، هەندێکجاریش چەند سەدەیەکی دەخایاندا و لە کاتێکدا هۆکارە سەرەکییەکە فەرامۆش دەکرا، خوێنی زیاتر دەڕژا. تەنها یەک ڕێگە بۆ کۆتاییەکی ئاشتەوا هەبوو: ئەگەر لاوێکی ئەو هۆزەی دواهەمین کەسی لێ کوژراوە پاکیزەیەکی هۆزەکەی تر بفرێنێت و بیکات بە ژنی خۆی، خوێنی شەوی هاوسەرگیری – خوێنی هۆزی بکوژ – بڕژێت، ئەوا تۆڵەسەندنەوەکە

کۆتـایی دێـت. جـاری وا هەبـوو دوو هـۆزەکە لە تۆڵەسـەندنەوە درێژخـایەنەکە ماندوو دەبـوون و وزەیـان نەدەمـا؛ لە حـاڵەتێکی وادا، دەکـرا فڕانـدنەکە لە لایەن هۆزی سێیەمەوە ڕێک بخرێت.

ئەمیـر عەبـدوڵا پێـی گـوتم، "مـن لەوە باشـترم کـردووە. کارئاسـانیم بـۆ چـارەکردنی شـەڕی خـوێن کـردووە، بـۆ ئەم مەبەسـتەیش کۆمەڵێـک پیـاوی متمانەپێکـراوم دانـاوە بە وڵاتـدا بگەڕێـن و فڕانـدنی هێمایـی و هاوسـەرگیری لە نێـوان هـۆزە دوژمنەکانـدا ڕێـک بـخەن. بەڵام" – لێـرەدا چـاوێکی لـێ داگـرتم – "هەمیشـە جەخت لە پیاوەکـانم دەکەمەوە لە هەڵبژاردنـی کـچە پاکیزەکانـدا وریـا بـن، چـونکە نامەوێـت بەهـۆی نائومێـدبوونی زاواوە کێشـەی نـاوەکیی لە خێزانەکەدا دروست ببێت..."

کـوڕێکی دەوروبەری دوازدە سـاڵ لە پشـت ژوورێکـی خێمەکەوە دەرکەوت، بە چەند هەنگاوێکی خێرا و بێدەنگ بە خێمەکەدا تێپەڕی و بەبێ ئاوزنگ بازی هەڵـدایە سـەر پشـتی ئەسـپێکی نەوەسـتاو، کە خزمەتکارێـک بـۆی ڕاگرتبـوو: تەڵاڵ، گەورەتـرین کـوڕی ئەمیر عەبدوڵا. لە لاشـە باریکەکەیدا، لە خۆهەڵدانە خێراکەیدا بۆ سـەر ئەسپەکە، هەروەها لە چاوە درەوشاوەکانیدا دیسانەوە بینیم: ئەو بەرکەوتـــنە بـــێخەون و خەیـــاڵەی لەگەڵ ژیانیـــدا هەیبـــوو، ئەوەی کە عەرەبەکانی لە هەموو ئەوەی لە ئەوروپا پێی ئاشنا بووبووم جیا دەکردەوە.

ئەمیـر عەبـدوڵا درکـی بەوە کـرد سەرسـامی کـوڕەکەی بـووم، بـۆیە گـوتی، "ئەویش وەکو هەموو منداڵێکی تری عەرەب یەک فکرەی لە خەیاڵدایە: ئازادی. ئێمەی عەرەب باوەڕمان وانییە بێهەڵە بین، بەڵام دەمانەوێت خۆمان هەڵەکانمان ئەنجام بدەین و فێر ببین دووبارەیان نەکەینەوە – هەروەکو چۆن درەختێـک بە گەشەکردن فێری گەشەکردن دەبێت، یان ئاوێـک بە جوڵەی بەردەوام فێر دەبێت ڕێڕەوی دروست خۆی بدۆزێتەوە. نامانەوێت حیکمەتی کەسانێکی بێحیکمەت

بکەین بە ڕێنیشاندەری خۆمان – کەسانێک کە تەنها هێز، چەک، هەروەها پارە دەناسن؛ کەسانێک کە کەسانێک دەکەن بە دوژمن و بێگانەی خۆیان، زۆر بە ئاسانی دەتوانن وەکو هاوڕێ پێکەوە بژین..."[1]

نیازم نەبوو هەر لە فەڵەستین بمێنمەوە؛ دیسانەوە جەیکب دی هان یارمەتیی دام. ئەو خۆی ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ بوو، پەیوەندیی باشیشی لە هەموو ئەوروپادا هەبوو. لە ڕێگەی پێشنیارەکانی ئەوەوە لەگەڵ دوو ڕۆژنامەدا ڕێک کەوتم کۆمەڵێک وتاریان بۆ بنووسم؛ یەکێکیان هۆڵەندی و ئەوی تر سویسری بوو، هەریەکێکیشیان بە دراوی خۆیان پارەیان دەدامێ. ئەو ڕۆژنامە ناوچەییانە زۆر ناودار نەبوون، بۆیە پارەیەکی زۆریان نەدەدا، بەڵام بۆ من، کە خووەکانم سادە بوون، باش بوو و هەستم دەکرد بەشی ئەوە دەکا گەشتە بەرنامەبۆدارێژراوەکەمی بە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پێ بەڕێ بکەم.

ویستم سەرەتا بچم بۆ سوریا، بەڵام فەرەنسییەکان، کە تازە دەسەڵاتیان گرتبوویە دەست و دانیشتوانەکەیش ئەوانی پەسەند نەدەکرد، ئامادە نەبوون ڤیزە بە کابرایەکی نەمسایی بدەن، چونکە بە "بێگانەیەکی کۆنەدوژمن"یان دەزانیم. ئەوە ناخۆش بوو، بەڵام هیچم پێ نەدەکرا؛ بۆیە بڕیارم دا بچم بۆ حەیفا و بە کەشتی بچم بۆ ئیستەنبوڵ، کە هەر لە سەرەتاوە لە بەرنامەکەمدا هەبوو.

وەختێک بە شەمەندەفەر لە قودسەوە چووم بۆ حەیفا، تووشی نەهامەتییەک بووم: چاکەتەکەمم بە جزدان و پاسپۆرتەکەمەوە ون کرد. هەموو ئەوەی پێم

---

[1] لەو کاتەدا (١٩٢٣)، کەس پێشبینیی ئەو ناکۆکییە تاڵەی نەدەکرد کە لە ساڵانی دواتردا کەوتە نێوان ئەمیر عەبدوڵا و تەڵاڵی کوریەوە – تەڵاڵ ڕقی لە گوێڕایەڵییەکەی باوکی بوو بۆ سیاسەتەکانی بەڕیتانیا، ئەمیر عەبدوڵایش لە قسە ئاشکرا و دەنگە دلێرەکەی کوڕەکەی بێزار بوو. نە لەو دیدارە و نە لە دیدارەکانی دواتریشدا، بە هیچ جۆرێک تێبینیی "ئاتەواوی هزری"م نەکرد، کە دواتر لە ساڵی ١٩٥٢دا بەو بەهانەیە کورسی دەسەڵاتیان لێ سەندەوە.

مابوو چەمد دراوێکی زیوی ناو پانتۆڵەکەم بوو. نەمدەتوانی گەشتی ئیستەنبوڵ بکەم، چونکە نە پارەم پێ بوو نە پاسپۆرت. تەنها ئەوەم بۆ مایەوە بە پاس بگەڕێمەوە بۆ قودس؛ کرێی گەڕانەوەم لە کاتی گەیشتنەوەدا بە قودس قەرز دەکرد، بێگومان وەکو هەمیشە لە دۆریان. لە قودس، دەبوو چەند حەفتەیەک چاوەڕێ بم تا لە کۆنسوڵخانەی نەمساوە لە قاهیرە پاسپۆرتێکی نوێم بۆ دروست بکەن (ئەوکات لە فەڵەستین نەبوو)، هەروەها بە هەمان شێوە چاوەڕێی شتێک پارە بم لە هۆڵەندا و نەمساوە.

بەیانیی دواتر خۆمم لە بەرانبەر وێستگەیەکی پاس لە لێواری حەیفا بینییەوە. هەموو شتێکم تەواو کردبوو. پاسەکە دوای کاتژمێرێژ دەردەچوو، بۆ تێپەڕاندنی کاتیش بە شەقامەکەدا هاتوچۆم دەکرد، هەروەها لە خۆم و ئەو چارەنووسە بێزار بووم کە تووشی پاشەکشەیەکی ئاوا دزێوی کردبووم. چاوەڕێکردن هەمیشە خراپە؛ بیرکردنەوەیش لە گەڕانەوە بۆ قودس بە تێکشاوی زۆر ناخۆش بوو – بە تایبەتی لەبەرئەوەی دۆریان هەمیشە گومانی لەوە هەبوو بتوانم بەو پارە کەمە بەرنامەکەم جێبەجێ بکەم. لەوەیش زیاتر، بە سوریا شاد نەدەبووم، تەنها خودایش دەیزانی هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نزیکی ئەم خاکە دەبمەوە یان نا. خۆ بێگومان هەمیشە ڕێی تێدەچوو *فرانکفورتەر زیتەنگ* پارەی گەشتێک بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک بدات، هەروەها ڕۆژێک لە ڕۆژان فەڕەنسییەکان ڕێگە بە بێگانە کۆنەدوژمنەکان بدەن؛ بەڵام شتەکە ئەگەر بوو، نەک دڵنیایی، لەو نێوەندەیشدا دیدەی من لە بینینی دیمەشق بێبەش دەبوو... بە تاڵییەکەوە لە خۆمم دەپرسی بۆچی لە دیداری دیمەشقم دەکەن؟

بەڵام هەر بەڕاست لە دیداری دیمەشق کرابووم؟ بێگومان بەڵێ، نە پاسپۆرتم هەبوو نە پارە. بەڵام هەبوونی پاسپۆرت و پارە ئەوەندە گرنگ بوون؟

لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا، لە جێی خۆمدا ڕاوەستام. ئەگەر کەسێک بوێر بوایە، دەیتوانی بە پێ گەشت بکات و چاوی لە میوانداریی عەرەبە

لادێنشینەکان بێت؛ هەروەها ڕەنگە بتوانێت بە دزییەوە، بەبێ پاسپۆرت و ڤیزا، سنووورەکان ببڕێت...

پێش ئەوەی خودی خۆم پێی بزانم، بڕیارم دابوو: دەچووم بۆ دیمەشق.

بە چەند خولەکێک بۆ شۆفێری پاسەکە و ئەوانی تر ڕوون کردەوە ڕام گۆڕیوە و ئامانجم قودس نییە. بە چەند خولەکێکی تر پۆشاکێکی شین و کوفییەکی عەرەبیم (باشترین بەرگری دژی خۆری عەرەبی) پۆشی؛ هەروەها ئەوەی پێویستم بوو خستمە جانتایەکەوە و جانتا گەورەکەم ناردەوە بۆ دۆریان، پاشان گەشتە درێژەکەم بەرەو دیمەشق دەستی پێ کرد.

ئەو ئازادییە زۆرەی پڕی کردبووم لە شادی جودا نەدەکرایەوە. تەنها چەند سکەیەکم لە گیرفاندا بوو؛ ئەوەی دەمکرد نایاسایی بوو و دەکرا لە زیندان بمگیرسێنێتەوە؛ پرسی بڕینی سنوور نارووون بوو؛ هەمووشتێکم لە گرەوی زیرەکیمدا دانابوو، بەڵام دانانی هەمووشتێک لە گرەوێکدا دڵخۆشی دەکردم.

بە ڕێگەی جەلیلدا دەڕۆیشتم. پاش نیوەڕۆ دەشتی ئیبن عامر، کە هەندێکی سێبەر و هەندێکی خۆر بوو، خۆی لە بەردەممدا خست. بە ناسرەدا تێپەڕیم و پێش ئەوەی شەو چادری تاریکی هەڵبدات گەیشتم بە لادێیەکی عەرەبی لەژێر سێبەری درەختی بیبەری پیرۆیی و دار سنەوبەرەکاندا. لە بەردەم دەرگای یەکەمین ماڵدا سێ یان چوار ژن و پیاو وەستابوون. وەستام و پرسیاری ناونیشانی ڕەینەم کرد، کاتێکیش ویستم بڕۆم، یەکێک لە ژنەکان بانگی کردم:

"یا سەیدی، گەرووت فێنک ناکەیتەوە؟" لەگەڵ ئەو قسەیەدا، وەکو ئەوەی گەرووە وشکەکەمی بینیبێت، جامێک ئاوی ساردی پێشکەش کردم. کاتێک کوندەکەم پڕ کردەوە، یەکێک لە پیاوەکان – دیار بوو مێردەکەی بوو – لێمی پرسی:

"بێ نانێکمان لەگەڵدا بخۆ و شەوێک پشوو بدە."

نەیانپرسی کێم، بۆ کوێ دەچم و کارم چییە. ئەو شەوە میوانیان بووم.

تەنانەت منداڵانی ئەوروپایش باسوخواسی میواندۆستیی عەرەبیان بیستووە. ئەوەی میوانی عەرەبێک بێت واتە بۆ چەند کاتژمێرێک ئاوێتەی ژیانی کەسانێک بێت کە پێیان خۆشە خۆشک و برات بن. وا مەزانە تەنها کەلەپوورێکی شکۆمەند وا لە عەرەب دەکات میواندۆست بن، هۆکارە سەرەکییەکە ئازادییەکەیانە. ئەوان هێندە لە بێمتمانەیی ئازادن، زۆر بە ئاسانی سینەی خۆیان بە ڕووی ئەوانی تردا دەکەنەوە. ئەوان نیازیان بە سەلامەتیی درۆینەی ئەو دیوارانە نییە کە ڕۆژئاواییەکان لە نێوان خۆیان و دراوسێکانیاندا دروستی دەکەن.

ژن و پیاو پێکەوە لەسەر کومبارێک، لە دەوری خوانێکی گەورەی پڕکراو بە گەنمی کوتراو و شیر دانیشتین و نانمان خوارد. خانەخوێکانم پارچە نانی تەنکیان دەگرت و بەدەستەوە و پاروویان پێ دەکرد، بەبێ ئەوەی پەنجەیەکیان ڕاستەوخۆ بەر خواردنەکە بکەوێت. کەوچکێکیان بۆ من دانا، بەڵام ڕەتم کردەوە و هەوڵم دا وەکو ئەوان نان بخۆم، سەرکەوتوویش بووم و ئەوانیش بە لاساییکردنەوەم خەنی بوون.

کاتێک لێی ڕاکشاین تاکو بنووین – نزیکی دەرزەنێک کەس لە هەمان ژووردا – سەیری درزە تەختەییەکانی سەقفەکەم کرد، کە لێیانەوە باینجان و بیبەری وشککراوە شۆڕ بووبوویەوە؛ لە تاقەکانی دیوارەکانم ڕوانی، لێوانلێو لە قاپوقاچاخی مس و گڵین؛ لە ژن و پیاوە نوستووەکانم ڕوانی و لە خۆمم پرسی: "ئەرێ هەرگیز لە ماڵی خۆتدا، ئەوەندە هەستت بە ئاسوودەیی کردووە، ئەوەندە هەستت کردووە لە ماڵی خۆتدایت؟"

لە ڕۆژانی دواتردا، چیا قاوەییەکانی خەلیل بە خۆیان و سێبەرە ڕەساسی و مۆرەکانیانەوە ڕێیان بۆ گردە ڕووناکتر و نەرمونۆڵتەرەکانی جەلیل کردەوە. جاروبار، وەختێک چاوەڕێت نەدەکرد، کانییەکی بچووکت دەبینی.

سەوزایی کەمتر بوویەوە. دارزەیتوونە چڕەکان و سەرووە بالآبەرز و تاریکەکان بەشێکی فراوانی دیمەنەکە بوون؛ خۆ ئەگەر سەیری لێواری گردەکانت بکردایە، گوڵەکانی هاوینی پێشووت بەدی دەکرد.

هەندێکجار بەشێکی ڕێگەکەم لەگەڵ حوشترسوارەکاندا دەبڕی و بۆ تاوێک چێژم لە گەرموگوڕییان وەردەگرت؛ ئاومان لە مەتارەکەی من خواردەوە، سیگارمان پێکەوە کێشا، پاشان گەیشتمەوە بە تەنهایی. شەوانم لەماڵی عەرەبەکاندا بەسەر برد و نمەکیانم کرد. چەندین ڕۆژم بە دەم تێپەڕاندنی گەرمای دەریاچەی جەلیل و بە فێنکایی دەوروبەری دەریاچەی حولەدا بەڕێ کرد، ئەو دەریاچەیەی لە ئاوێنەی کانزا دەچێت، تەمی زیوینی بەسەرەوەیە و ئەوکاتیش دواهەمین تیشکەکانی ڕۆژ ڕەنگێکی سورباویان پێ دەدا، هەروەکو ڕوخسارێکی لە شەرمدا سورهەڵگەڕاو. لە نزیکی کەنارەکەوە، ماسیگرێکی عەرەب لە کوخێکی قامیشی شلوشاودا دەژیا. ماڵی ئەو ماسیگرە فرە هەژار بوون - بەڵام وا دەرنەدەکەوت لەو کوخە شلوشاوانە، لەو چەند پارچە پۆشاکەی هەیانبوو، لە تۆزێک گەنم بۆ دروستکردنی نان و ئەو ماسیانەی دەیانگرت، نیازیان بە شتێکی تر هەبێت: هەرچۆنێک بێت، ئەوان هەمیشە ئەوەندەیان هەبوو داوا لە ڕێبواران بکەن لەوێ پشوو بدەن و نمەکیان بکەن.

باکووری فەڵەستین کۆڵۆنیی مەتوڵەی جولەکەکان بوو، کە پێشتر بیستبووم وەکو درزێک وایە لە نێوان فەڵەستینی بندەستی بەریتانیا و سوریای بندەستی فەرەنسادا. بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان، بڕیار وابوو بە زوویی ئەو کۆڵۆنییە و دوو کۆڵۆنیی دیکەی پاڵی بخرێنە سەر فەڵەستین. لە ماوەی ئەو چەند حەفتە کەمەی گواستنەوەدا، چاودێرییەکی ئەوتۆی مەتولە نەدەکرا و وەکو دەروازەیەکی باش بۆ خۆخزاننە نێو سوریاوە دەردەکەوت. دواتر بۆم دەرکەوت تەنها لەسەر ڕێگە سەرەکییەکان داوای بەڵگەنامە لە ڕێبواران دەکەن. دەگوترا چاودێریی سوریا زۆر تونـدە و ئەستەمە بڕۆیت و جەندرمەکان نەتوەستێنن.

مەتـولە ئەوکـات بە شـێوەیەکی فەرمـی سـەر بە سـوریا بـوو، بـۆیە هەمـوو دانیشـتوانەکەی بەڵگەنامەی فەڕەنسییان پێ بوو. پەیداکردنی بەڵگەنامەیەکی ئاوا بوو بە ئەرکی سەرەکیم.

پرسوجۆی چاکم کرد و لە کۆتاییدا ڕێم کەوتە مااڵی پیاوێک کە ئامادە بوو بەڵگەنامەکەیم پێ بفرۆشێت. ئەو کابرایەکی کەڵەگەت و قەڵەوی نزیک لە چل سـاڵ بـوو، لە بەڵگەنـامە چـرچ و گریساوییەکەیشـدا هەر بەو شـێوەیە وەسـف کرابوو، بەاڵم بەڵگەنامەکە وێنەی پێوە نەبوو، بۆیە کێشەکە گەورە نەبوو.

گوتم، "بە چەند؟"

"سێ پاوەند."

گیرفـانی خـۆمم خـاڵی کـرد و ئەوەی پـێم بـوو ژمـاردم: پەنجـاوپێنج پیاسـتە (دراوێکە) بوو، کە بەحاڵ پاوەندێکی تێدەپەڕاند.

پێیم گوت، "هەر ئەوەندەم پێیە. دەبێت بۆ گەشتەکەیشم شتێکم پێ بمێنێت. نـاتوانم لە بیسـت پیاسـتە زیـاترت بـدەمێ" (ئەوە یەک لەسـەر پـازدەی داواکارییەکەی ئەو بوو).

پاش تاوێک مشتومڕ لەسەر سیوپێنج پیاستە ڕێک کەوتین. بەڵگەنامەکە پەڕەیەکی چاپکراوی دوو ستوونی بوو – یەکیان فەڕەنسی ئەوی تر عەرەبی – هەروەهـا زانیـارییە گرنگەکـان بە مـرەکەب لەسـەر هـێڵە نوکتەنوکتەکـان نووسـرابوون. گرنگییەکـی ئەوتـۆم بە "زانیـارییە کەسـییەکان" نەدا، چـونکە نـاڕوون بـوون. بەاڵم تەمەنەکە کێشـە بـوو، چـونکە نووسـرابوو سـیونۆ سـاڵ، ئەمنیش بیستوسێ ساڵ بووم و لە بیست ساڵیش دەچووم. ئەو جیاوازیی تەمەنە بەسـەر پۆلیسـێکی دااڵغەڕۆیشتوویشـدا نەدەڕۆیشـت، بـۆیە دەبـوو تەمەنەکە بگۆڕم. خۆ ئەگەر تەمەنەکە لە یەک جێگەدا بنووسرایە، ئیشـەکە ئاسان دەبوو، بەاڵم هەم لە ڕیزە عەرەبییەکەدا نووسرابوو، هەم لە ڕیزە فەڕەنسییەکەیشدا. زۆر

به وردی بـــۆ ســـاختەکارییەکە دانیشـــتم، بەڵام ئەنجـــامەکە دەریخســـت ساختەکارێکی باش نیم؛ هەرکێ سەیری ژمارەکانی بکردایە، دەستبەجێ دەیزانی گـۆڕدراون. بەڵام تـازە کـار لە کـار ترازابـوو؛ دەبـوو پشـت بە بەختـی خـۆم و بێئاگایی جەندرمەکان ببەستم.

لە بەرەبەیاندا، هاوڕێکەم بردمیە لای ئاوکەندێکی پشتی لادێکە، پەنجەی بۆ هەندێک بەرد لە دووری نیومیل ڕاکێشـا و گـوتی، "سوریات دەوێت؟ ئەوەیـش سوریا."

بە ئاوکەندەکەدا تێپەڕیم و گەرچی بەرەبەیان بوو، دونیا تا بڵێیت گەرم بوو. دیـارە ئەو ژنە بەتەمەنە عەرەبەیـش، کە لەژێـر سـێبەری دارێکـدا و نزیـک بەردەکان پاڵی دابوویەوە، زۆری گەرما بوو، چونکە بە دەنگێکی کزەوە بانگی لێ کردم:

"کوڕی خۆم، قومێک ئاو بەم ژنە ئیختیارە نادەیت؟"

سەری کوندە تازە پڕکراوەکەم کردەوەوە و دامە دەستی. تێری لێ خواردەوە و کاتێک دایەوە دەستم، گوتی:

"ئەی خودا ڕەحمت پێ بکـات کـوڕم، خـوا سـەلامەتت بکـات و مـرازی دڵـت حاسڵ بکات."

"سوپاس دایە گیان، منیش لەوە زیاترم ناوێت."

کاتێـک جـارێکی تـر تەماشـایم کـردەوە، وەکـو ئەوەی نـزا بکـات لێوەکـانی دەجوڵاند، ئەوەیش شادییەکی سەیری پەخش دەکرد.

گەیشـتمە لای بەردەکـان و تێمپەڕانـدن: ئێسـتا ئیـتر لە سـوریادا بـووم. دەشتاییەکی وشک و فراوانم لە بەردەمدا بوو؛ لە ئاسۆیەکی دوورەوە هەندێک درەختم لێوە دیار بوو، هەروەها هەندێک شتی تریش کە لە خانوو دەچوون؛ دیارە

شاری بانیاسه. دیمەنی ئەو دەشتاییە بێتاقەتی دەکردم، چونکە نە درەختێکی تیادا بوو نە پوش و پەڵاشێک تا ئادەمیزاد خۆی لە پشتیانەوە بشارێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەری زۆر بوو لەسەر سنوور پێویستم بە حەشارگەیەکی کاتی هەبێت. بەڵام ئیتر ئەوە حاڵەکە بوو. هەستم دەکرد یەکێک لەو خەوە ناخۆشانەم لێ بووە بە ڕاستی کە تیایدا بە ڕووتی بە شەقامێکی قەرەباڵغدا دەڕۆیت...

دەمەونیوەڕۆ، گەیشتم بە جۆگەیەکی بچووک کە دەشتاییەکەی دەکرد بە دوو بەشەوە. دانیشتم تا پێڵاو و گوێرەوییەکانم دابکەنم، وەلێ لە دوورەوە چوار ئەسپسوارم دی بە ئاڕاستەی من غاریان دەدا. بە زینی ئەسپەکانیاندا تفەنگ هەڵواسرابوو، بۆیە لە جەندرمە دەچوون. بەڵێ، جەندرمە بوون. ئاشکرا بوو ڕاکردن سوودی نییە، بۆیە پاڵم لێدایەوە و گوتم هەرچی ڕووبدات ڕووەدات. ئەگەر ئێستە بگیرامایە، ئەوپەڕەکەی بە قۆناغەتفەنگ هەندێکیان لێ دەدام و دەیاننارد‌مەوە بۆ مەتولە.

لە جۆگەکە پەڕیمەوە و لەوبەر دانیشتم تا بە ئیسراحەت قاچەکانم وشک بکەمەوە. چاوەڕێی گەیشتنی جەندرمەکان بووم. کاتێک گەیشتنە لام، تاوێک بە گومانەوە تەماشایان کردم، چونکە سەرەڕای ئەوەی سەرپۆشەکەم عەرەبی بوو، ئاشکرا بوو خۆم ئەوروپیم.

یەکێکیان بە عەرەبی لێی پرسیم، "لە کوێوە؟"

"مەتولە."

"بۆ کوێ؟"

"دیمەشق."

"لەبەر چی؟"

"هەر بۆ خۆشیی خۆم."

"بەڵگەنامەت پێیە؟"

"بێگومان..."

کاتی ئەوە بوو "ناسنامەکەم" کاری خۆی بکات. کاتێک ناسنامەکەم دەرهێنا و دامە دەستی جەندرمەکە، دڵم دەیویست بوەستێت. جەندرمەکە ناسنامە قەدکراوەکەی کردەوە و تەماشای کرد – ئا لەوێدا دڵم دەستی بە لێدان کردەوە: چونکە سەرنجم دا بەڵگەنامەکەی بە پێچەوانەوە گرتووە و ئاشکرایە خوێندەواریی نییە... ئەو یەک دوو مۆرە حکومییەی بە بەڵگەنامەکەوە بوون بەس بوون بۆی، بۆیە بە جوانی قەدی کردەوە و دایەوە دەستم:

"کێشەی نییە، یەڵا بڕۆ."

لەوێدا هات بە دڵمدا تەوقەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام دواتر گوتم باشتر وایە پەیوەندییەکەمان بە شتێوەیەکی فەرمی بمێنێتەوە. چوار پیاوەکە ڕووی ئەسپەکانیان وەرگێڕا و گەڕانەوە، منیش لە جوڵەی خۆم بەردەوام بووم.

لە نزیک بانیاس ڕێگەم لێ ون بوو. ئەوەی لەسەر نەخشەکەم وەکو "ڕێگەی ئامێری ویلدار – پێچکەدار" دیاری کرابوو، ڕێگەیەکی نارۆشن بوو بە تەختاییەکەدا و بە ناو جۆگە بچووکەکاندا دەڕۆیشت، لە کۆتاییشدا لای هەندێک تەپۆڵکەی بەردین کۆتایی دەهات. چەند کاتژمێرێک بەسەر ئەو تەپۆڵکانەدا گەڕام، تاکو دوانیوەڕۆ بە دوو عەرەب گەیشتم. ئەوان بە گوێدرێژ پەنیر و تڕێیان دەبرد بۆ بانیاس. تا کۆتایی ڕێگەکە پێکەوە بووین و تڕێ و پەنیریان دامێ؛ کاتێکیش گەیشتینە لای باخچەکانی پێش بانیاس، مااڵناواییان لە یەکتری کرد. لە کەناری ڕێگەکەوە جۆگەیەکی ڕەوان و باریک هەبوو. لەسەر سک بۆی کەوتم، دەمم نا بە سەهۆڵاوەکەوە و تێراو بووم.

زۆر ماندوو بووم، بەڵام نیازم نەبوو لە بانیاس بمێنمەوە، چونکە بەو پێیەی یەکەم شاری سوریا بوو لای سنوورەوە، دیار بوو وێستگەی پۆلیسی هەیە. دیدارەکەم لەگەڵ جەندرمە سوورییەکاندا لەوان ئاسوودەی کردبووم، چونکە وای بۆ دەچووم زۆرینەیان نەخوێندەوار بن و نەتوانن ساختەکارییەکەم ئاشکرا بکەن: بەڵام وێستگەی پۆلیس و ئەفسەری پۆلیس شتێکی ترن. کەوتمە خۆم و

به خێرایی به کۆڵانه باریک و تولەڕێگەکاندا دەڕۆیشتم، خۆم لە شەقامی سەرەکیی بازاڕەکە دوور دەگرت، چونکە بە گشتی وێستگەی پۆلیس لەو جێگەیانەدا هەیە. لە یەکێک لەو تولەڕێیانەدا، گوێم لە دەنگی عود و چەپڵە و گۆرانی بوو. حەزم پێی کرد، بۆیە وێستم بچمە کۆڵانەکەوە، بەڵام لە جێی خۆمدا وەستام، چونکە ڕێک بەرانبەرم، لە دووری دە پێوە، دەرگایەک دەرکەوت لێی نووسرابوو *وێستگەی پۆلیس*، چەند پۆلیسێکی سووری و ئەفسەرێکیش لە بەردەمیدا دانیشتبوون و چێژیان لە مۆسیقا و گۆرانیی هاوەڵەکانیان وەردەگرت. نەدەکرا بگەڕێمەوە، چونکە منیان بینیبوو، ئەفسەرەکەیش – کە لە سووری دەچوو – بانگی کردم:

"ئەهای، ئا وەرە!"

گوێڕایەڵی تاکە ڕێگە بوو. هێواش چوومە پێش، پاشان لە پڕێکدا بیرۆکەیەکم بۆ هات. کامێراکەمم دەرهێنا و بە ماریفەتەوە بە فەڕەنسی سڵاوم لە ئەفسەرەکە کرد، ئەوجا بێ ئەوەی بهێڵم دەم هەڵبێنێتەوە گوتم:

"لە مەتولەوە بۆ گەشتێکی کورت هاتووم بۆ ئەم شارە جوانە، بەڵام حەز ناکەم بەبێ وێنەی تۆ و هاوەڵەکانت، کە بە گۆرانییەکەیان دڵیان بردم، ئێرە بەجێ بهێڵم."

عەرەبەکان حەزیان بەو قسە جوانانە هەیە، حەزیشیان لێیە وێنەیان بگریت. ئەفسەرەکە بزەیەکی کرد و داوای لێ کردم پاش شۆردنەوە و چاپکردنی وێنەکە بۆی بنێرم (هەروایشم کرد). دوای ئەوە بە خەیاڵیدا نەهات داوای ناسنامەم لێ بکات، بەڵکو چایەکیشی بۆ بانگ کردم و کاتێکیش هەستام تا "بگەڕێمەوە بۆ مەتولە،" هیوای گەشتێکی سەلامەتی بۆ خواستم. بەو ڕێگەیەدا کە هاتبووم گەڕامەوە، پاشان بە دەوری شارەکەدا خولامەوە و ڕێگەی دیمەشقم گرتە بەر.

ڕێک پاش دوو حەفتە لە جێهێشتنی حەیفا، گەیشتم بە لادێی گەورەی

مەجدەل شەمس – نزیک بوو لەوەی بە شارۆچکەی بزانم – کە خەڵکەکەی زۆری دروز و کەمی مەسیحی بوون. مانگێکم هەڵبژارد لە ڕواڵەتدا هەبوو دەردەکەوتن و بەو لاوەم گوت کە دەرگاکەی کردەوە سوپاسیان دەکەم ئەگەر شەوێک پەنام بدەن. هەر ئەوەندەی ئەهلەن وە سەهلەن کرا، دەرگاکە کەوتە سەر پشت، چەند خولەکێکیشی پێ نەچوو لەو ماڵە خنجیلانەیەدا قبوولّ کرام.

ئێستا کە ئیتر لە دڵی سوریادا بووم و چەند ڕێیەک بۆ گەیشتن بە دیمەشق هەبوو، بڕیارم دا متمانە بە خاوەنماڵە دروزییەکە بکەم و داوای ئامۆژگاریی لێ بکەم. دەمزانی هەرگیز هیچ عەرەبێک ناپاکی لە میوانەکەی ناکات، بۆیە پەنهان و ئاشکرام بۆ باس کرد، تەنانەت ئەوەیشم پێ گوت کە بە ناسنامەی ساختەوە لێرەم. پێیان گوتم ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی سەرەکی مەترسیدارە، چونکە جەندرمەی فەرەنسیی زۆری لێیە و وەکو سوورییەکانیش ئاسانکار نین.

خاوەنماڵەکە دەستی بۆ کوڕەکەی، ئەوەی دەرگاکەی بۆ کردمەوە، ڕاکێشا و گوتی، "کوڕەکەمت لەگەڵدا دەنێرم، تاکو بە چیاکاندا بتبات و لە ڕێگە سەرەکییەکان دوورت بخاتەوە."

پاش نانی ئێوارە، لە هەیوانەکەی دەرەوە دانیشتین و باسی ئەو ڕێگەیەمان دەکرد کە دەبوو سبەینێ بیگرمە بەر. نەخشەیەکی بچووکی ئەڵمانیم لەسەر ئەژنۆ بوو کە فەڵەستین و سوریای تیادا بوو و لە قودسەوە هێنابووم، دەیشمویست بە ڕێنمایی هاوڕێ دروزییەکەم ڕێگەکەی لەسەر دیاری بکەم. کاتێک سەرقاڵ بووین، پیاوێکی بە جلوبەرگی پۆلیسییەوە – دیار بوو سووری بوو – لەسەر جادەی لادێکە دەرکەوت. ئەو لە پڕێکدا لە گۆشەیەکەوە پەیدا بوو، بۆیە بە هەزار حاڵ فریای قەدکردنی نەخشەکە کەوتم، ئەوە لە شاردنەوەی هەر بگەڕێ. وا دەردەکەوت ئەفسەرەکە هەستی بەوە کردبێت بێگانەم، چونکە پاش تێپەڕاندنی هەیوانەکە و سەلامێک بە سەر بۆ خاوەنماڵەکە، لەسەر گۆشەی سەرتر گەڕایەوە و هێواش بەرەو ڕوومان هات.

به زمانی فەرەنسی پرسیی، "تۆ کێیت؟"

دەستم بە شیرین و فەرهادەکەی خۆم کردەوە سەبارەت بەوەی لە مەتولەوە بۆ کەیف و سەفا هاتووم؛ کاتێکیش داوای ناسنامەی کرد، ناچار بووم بیدەمێ. بە وردی سەیری ناسنامەکەی کردم و بزەیەک لەسەر لێوی دەرکەوت.

پەنجەی بۆ نەخشە ئەڵمانییەکە درێژ کرد، "ئەدی ئەوەی ناو دەستت چییە؟" گوتم شتێکی گرنگ نییە، بەڵام لەسەر تەماشاکردنی پێداگر بوو، بۆیە لێی وەرگرتم و بە دەستوپلێکی شارەزایانەوە نەخشەکەی کردەوە و چەند چرکەیەک لێی ڕوانی، ئەوجا قەدی کردەوە و بە بزەیەکەوە پێی دامەوە. پاشان بە ئەڵمانییەکی شکاو گوتی:

"لە ماوەی جەنگدا، لە سوپای تورکەکاندا شانبەشانی ئەڵمانییەکان جەنگاوم." پاشان بە شێوازی سوپا سڵاوی کرد، بزەیەکی تری کرد و ڕۆیشت.

"وا تێگەیشت ئەڵمانیت. ئەڵمانییەکانی خۆش دەوێت و ڕقی لە فەرەنسییەکانە. بێزارت ناکات."

ڕۆژی دواتر بە هاوڕێیەتیی دروزیە لاوەکە، دەستم بە بڕینی ڕێگەیەک کرد کە لە گرانیدا هاوشێوەیم نایەتە خەیاڵ. یازدە کاتژمێری بەردەوام لە جوڵەدا بووین، تەنها بۆ پشوویەکی بیست خولەکی لە نیوەڕۆدا وەستاین؛ گردە بەردینەکان و تەنگەڵانەکانمان بڕی، ئەوجا بە ڕووباری وشکبوودا ڕۆیشتین، دیسانەوە گردەکان، بەسەر بەرد و زیخی تیژدا هەنگاومان نا بۆ سەرەوە، بۆ خوارەوە، بۆ سەرەوە، بۆ خوارەوە، تاکو هەستم کرد چیتر ناتوانم هەنگاوێکی تر بنێم. کاتێک دوانیوەڕۆ گەیشتین بە شارۆچکەی قەتەنا لە دەشتاییەکانی دیمەشق، هێزم تیادا نەمابوو، پێڵاوەکانم دڕابوون و پێیەکانیشم ئاوساو. ویستم شەو لەوێ پشوو بدەم، بەڵام هاوەڵە لاوەکەم ئامۆژگاریی کردم وا نەکەم: پۆلیسی فەرەنسی لەوێ زۆر بوون، ئەوێ شارۆچکە بوو نەک لادێ، هەروەها

سەخت بوو بەبێ ڕاکێشانی سەرنجی ئەملاولا پەناگەیەکم دەست بکەوێت. تاکە جێگرەوە پەیداکردنی ئۆتۆمبێلێک بوو تاکو لەوێوە بمبات بۆ دیمەشق. هێشتا بیست پیاستەرەکەم پێ بوو، چونکە بە درێژایی گەشتەکەم لە حەیفاوە ناچار نەبووم هیچ سەرف بکەم.

لە وێستگەیەکی نیوەوێرانی گواستنەوەدا، لە مەیدانی سەرەکیی شارۆچکەکەدا، پێم گوترا دەبێت نیوکاتژمێر چاوەڕێ بم بۆ ئۆتۆمبێلی داهاتوو. ماڵئاواییم لە ڕێنیشاندەرە دڵسۆزەکەم کرد، کە وەکو برایەک لەئامێزی گرتم و دەستبەجێ بەرەو ماڵەوە کەوتەوە ڕێ. لای دەرگای وێستگەکەوە دانیشتبووم و کۆڵەپشتەکەم لە تەنیشتمدا بوو، وردەوردە لەژێر گەرمیی خۆری دوانیوەڕۆدا چاوم گەرم دەکرد – ئەوەندەم زانی کەسێک بە شێوەیەکی ناخۆش شانم ڕادەوەشێنێت: جەندرمەیەکی سووری. پرسیارە دووبارەکان و وەڵامە دووبارەکان بیسترانەوە، بەڵام وا دەردەکەوت جەندرمەکە زۆر لێم ڕازی نەبووبێت:

"وەرە بۆ وێستگەی پۆلیس و قسە لەگەڵ ئەفسەرەکەدا بکە."

ئەوەندە ماندوو بووم، چیتر گوێم بەوە نەدەدا ئاشکرا دەبم یان نا.

ئەفسەری وێستگەکە گروبانێکی زلی فەڕەنسی بوو، یەخەی چاکەتەکەی کرابووەوە و لە پشت مێزێکەوە، کە بتڵێکی نزیک لە بەتاڵی ئارەق و پەرداخێکی پیسی لەسەر بوو، دانیشتبوو. ئەو تەواو مەست و پەست بوو، بە تیلەچاوێکی سەیری پۆلیسەکەی کرد و گوتی:

"بەزمە، دیسانەوە چییە؟"

پۆلیسەکە بە عەرەبی باسی ئەوەی کرد منێکی بێگانەی لە مەیدانی سەرەکی دیوە؛ منیش بە فەڕەنسی ڕوونم کردەوە بێگانە نیم و هاوڵاتییەکی یاساپارێزم.

ئەفسەرەکە قیژاندی، "هاوڵاتیی یاساپارێز! ئێوە قەشمەرن، بەرەڵا و قەرەجن، لەوسەری وڵاتەوە دێن بۆ ئەمسەر تاکو ئێمە بێزار بکەن. یەڵا دەی، کوا بەڵگەنامەکانت؟"

کاتێک دەمویست ناسنامەکە لە گیرفانم دەربکەم و دەستم گۆی نەدەکرد، ئەفسەرەکە بە مشتەکۆڵە دای بەسەر مێزەکەدا و نەڕاندی: "یەڵا دەی، لەم ناوە مەوەستە!" کاتێک دەرگای ژوورەکەم لە دوای خۆمەوە داخست، دەستی بۆ بتڵ و پەردا‌خەکە دڕێژ کردەوە.

پاش ئەو ڕێکردنە سەخت و ماندووکەرە، لە ئۆتۆمبێلەکەدا حەسامەوە، چونکە زۆر ئاسان و نەرم لە قەتەناوەی بەرزەوە بەرەو تەختاییە سەوز و پڕ لە باخەکانی دیمەشق دەچوو! لە ئاسۆم دەڕوانی، ئامانجەکەی خۆمم دەبینی: دەریایەک لە سەرتۆپکی دارەکان، چەند گومەزێکی درەوشاوە و چەند منارەیەک بەحاڵ دیار بوون. لە دوورەوە، تۆزێک بە لای ڕاستدا، گردێکی تاقانە و ڕووت سەری هەڵبڕیبوو، ڕووەکەی هێشتا بە تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە، وەلێ سێبەر و تاریکی نیوەی خوارەوەیان گرتبوو. تاقە هەورێکی باریک و درێژ و ئاڵتوونی لە سەرەوەی گردەکە خۆی لە بەردەم ئاسمانی شیندا دەنواند؛ لە بەرانبەرەوە، تاریکوڕوونێکی ڕەساسی خۆی نواند؛ لای ڕاستمانەوە تەختایی هەبوو، پاشان چیا دوورەکان، لای چەپیشمانەوە، هەوایەکی هێمن.

پاشان: باخچەی دارمیوە باڵابەرزەکان لە چوارچێوەی دیوارە قوڕینەکاندا؛ سوارچەکەکان، ئەسپوعەرەبانە، سەربازەکان (سەربازی فەڕەنسی). تاریکوڕوون وەکو ئاو سەوز بوو. ئەفسەرێک بەسەر ماتۆڕێکەوە، بە خۆی و عەینەکە گەورەکانی چاویەوە، تێیپەڕاندین. پاشان یەکەمین ماڵەکان دەرکەوتن. پاشانیش دیمەشق، ژاوەژاوێک پاش بێدەنگیی دەشت و تەختاییەکە. یەکەمین ڕۆشناییەکان لە پەنجەرە و شەقامەکان دەرکەوتن. شاد بووم، بە شادییەک کە نایەتەوە خەیاڵ.

بەڵام شادییەکەم درێژەی نەخایاند، چونکە ئەوەندەم زانی ئۆتۆمبێلەکە لە تەنیشت بازگەیەکی پۆلیسدا وەستا.

لە شۆفێرەکەم پرسی، "چی بووە؟"

"هیچ نییە. هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە دەرەوە دێن، دەبێت لای بازگەیەک لابدەن..."

پۆلیسێکی سوری هاتە دەر و گوتی، "لەکوێوە هاتوون؟"

"لە قەتەناوە."

"دەی مادام مەوەستن و بڕۆن" (دیار بوو ڕاوەستانەکە تەنها بۆ ئۆتۆمبێلەکانی ناوخۆ بوو). شۆفێرەکە پێی پێوە نا. جولّاین و هەناسەیەکی دیکەی ئازادم هەلّمژییەوە. بەلّام لەو ساتەدا کەسێک لەسەر شەقامەکەوە هاواری کرد، "سەقفی ئۆتۆمبێلەکە شل بووەتەوە!" تۆزێکی تر ڕۆیشتین و شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی کەمێک لەولای بازگەکەوە ڕاگرت تاکو سەقفەکەی بکاتەوە، چونکە شل بووبوویەوە. کاتێک سەرقاڵی ئەوە بوو، پۆلیسەکە هاتەوە و دیار بوو بۆ پرسیارکردن لەسەر گرفتی ئۆتۆمبێلەکە هاتووە. بەلّام دواتر چاوی بە من کەوت، منیش گیانم ڕەق بووبوو و هەستم کرد چاوەکانی وریا بوونەتەوە. تەماشای تەپڵی سەر تاکو نوکی پێمی کرد، نزیکتر بوویەوە، هەروەها سەیری ئەو جێیەی ئۆتۆمبێلەکەی کرد کە کۆلّەپشتەکەمم تیادا دانابوو.

بە گومانەوە پرسیی، "تۆ کێیت؟"

گوتم، "من لە مەتولەوە هاتووم..." بەلّام سەری باوەڕنەکردنی ڕادەوەشاند. پاشان شتێکی بە گوێی شۆفێرەکەدا چرپاند؛ دەمتوانی لە جولّەی لێویەوە بزانم چی دەلّێت: "سەربازێکی بەریتانییە، ڕایکردووە." ئا لەوێدا بۆم دەرکەوت جلوبەرگە شینەکەم، کوفییە قاوەییەکەم و عەگالّە دەزوو ئالّتونییەکەم و کۆلّەپشتە سەربازییەکەم (کە لە دوکانێکی کۆنەی قودس کڕیبووم) لە پۆشاکی هێزی سەربازیی ئێرلەندی دەچوو کە ئەوکات لە لایەن حکومەتی فەلّەستینەوە دامەزرێندرابوون؛ هەروەها هاتیشەوە یادم فەڕەنسی و بەریتانییەکان لەسەر ڕادەستکردنەوەی سەربازە هەلّهاتووەکانیان ڕێک کەوتبوون...

هەوڵم دا بە عەرەبییە شکاوەکەمەوە پۆلیسەکە تێبگەیەنم سەربازی ڕاکردوو نیم؛ بەڵام گوێی نەدامێ:

"ئەمانە بۆ لێکۆڵەرەکە ڕوون بکەرەوە."

من ناچار بووم بچم بۆ بازگەکە، شۆفێرەکەیشم سوکە پۆزشێکی هێنایەوە و گوتی ناتوانێت چاوەڕێم بکات، بۆیە ئەوەندەم زانی لەبەرچاو دیار نەما... لێکۆڵەرەکە لەوێ نەبوو، بەڵام گوتیان وا دێتەوە. لە ژووڕێکدا کە تەنها سەکۆیەکی تیادا بوو، هەروەها جیا لە دەرکای سەرەکی دوو دەرگای تریشی هەبوو، چاوەڕێم کرد. لەسەر دەرگایەکیان بە فەرەنسی نووسرابوو *چاودێریی زیندان*، لەسەر ئەوی تریش *زیندان*. لەو چوارچێوە ناهەمواردا زیاد لە نیوکاتژمێر چاوەڕێم کرد، لەگەڵ تێپەڕینی هەر خولەکێکیشدا زیاتر و زیاتر لە کۆتاییهاتنی گەشتەکەم دڵنیا دەبوومەوە: ئاخر "لێکۆڵەر" لە "ئەفسەر" نیگەرانکەرتر بوو. ئەگەر ئێستا ئاشکرا ببوومایە، دەبوو ماوەیەک، لەوەیە چەند حەفتە، لە زیندانداا بەسەر ببەم؛ پاشان حوکمی سێ مانگم بەسەردا بدرێت؛ دوای ئەوەیش لەگەڵ جەندرمەیەکدا، بە پێ لێرەوە تا سنووری فەڵەستین بڕۆم؛ لە سەرووی هەموویشیەوە، بۆی هەبوو لەبەر شکاندنی ڕێکارەکانی پاسپۆرت، بۆ هەمیشە لە فەڵەستین دەربکرێم. تاریکیی ژووری چاوەڕوانی، بەراورد بە تاریکیی دەروونم، ڕۆشنایی بوو.

لەپڕێکدا گوێم لە دەنگی ئۆتۆمبێلێک بوو. لە بەردەم دەرگای بازگەکەدا وەستا. پاش چەند چرکەیەک، پیاوێک بە پۆشاکی مەدەنی و تەڕبوشێکی سورەوە بە خێرایی هاتە ژوورەوە، پۆلیسەکەیش بە دوایدا هات و دەیویست شتێکی پێ بڵێت. دیار بوو لێکۆڵەرەکە زۆر بەپەلە بوو.

نازانم چۆن ڕوویدا، بەڵام پێم وایە ئەوەی لەو ساتەدا ئەنجامم دا دەرئەنجامی یەکێک بوو لەو بزیسکانەی بلیمەتی کە لە هەندێک بارودۆخدا – هەروەها لە خەڵکی جیادا – بە هزری مرۆڤدا دێن و گۆڕانکاری گەورە لە مێژوودا دروست دەکەن. هەر ئەوەندەی لێکۆڵەرەکە هاتە ژوورەوە، لە بەردەمیدا قیت بوومەوە و

بەبێ ئەوەی ئەلف هەڵبهێنێتەوە، بە فەڕەنسی دەستم بە قسە کرد و گلەییم لە پۆلیسەکەی کرد کە تۆمەتی ڕاکردنی لە مەدەنییەکی بێتاوان داوە و بووەتە هۆی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەی جێی بهێڵێت. لێکۆڵەرەکە چەندجارێک هەوڵی دا قسەم پێ ببڕێت، بەڵام نەمدەهێشت و بە وشە و ڕستەی فەڕەنسی خنکاندبووم، لە کاتێکدا دەیشمزانی لە زۆربەی تێناگات، مەگەر ناوەکانی "مەتولە" و "دیمەشق" کە زۆر دووبارەم کردنەوە. دیار بوو بێتاقەتە لەوەی لە کارێکی گرنگ دواکەتووە؛ بەڵام هەر بوارم نەدا و بەبێ هەناسەدان بەردەوام بووم، تا لە کۆتاییدا دەستەکانی ڕاوەشاند و قیژاندی:

"بەسە بۆ خاتری خوا! کوا بەڵگەنامەیەک، شتێک؟"

خێرا دەستم بۆ گیرفانەکەی سەر سنگم برد و لە هەمانکاتیشدا ڕستەم ڕیز دەکرد، ئەوجا ناسنامە ساختەکەم خستە دەستیەوە. ئەو پیاوە داماوە وای هەست دەکرد خەریکە لە نێوانی قسەکانمدا دەخنکێت، بۆیە هەر ئەوەندەی گوێشەیەکی ناسنامەکەی هەڵدایەوە و مۆرەکەی بینی، فڕێی دایە ناو دەستمەوە و گوتی:

"باشە باشە، دەی بڕۆ!" چاوەڕێم نەکرد یەک وشەی تر بڵێت و ئەوێم بەجێ هێشت.

بەر لە چەند مانگێک لە قودس، مامۆستایەکی دیمەشقیم ناسی و پێی گوتم هەرکات هاتم بۆ دیمەشق دەبێت لای بچمە ماڵی، ئێستایش بۆ ماڵی ئەو دەگەڕام. کوڕێکی بچووک خۆی کرد بە ڕێنیشاندەرم و دەستی گرتم.

ئێوارە لە شارە پیرەکە داهاتبوو. ڕێگاکان باریک بوون، پەنجەرە دەرپەڕیوەکانیش دونیایان لەوەی هەبوو تاریکتر دەکرد. لێرە و لەوێ لەبەر ڕۆشنایی زەردی چرا نەوتییەکاندا، دوکانێکی میوە دەردەکەوت کە کۆمەڵێک شوتی و چەند سەبەتەیەک ترێی لە دەرەوە دانابوو. خەڵکەکە وەکو سێبەر دەردەکەوتن. هەندێکجار لە پشتەوەی پەنجەرە شەبەکەدارەکانەوە دەنگی

زیکنی ژنێک دەهات. پاشان کوڕە بچووکەکە گوتی، "لێرەوە." لە دەرگایەکم دا. کەسێک وەڵامی دایەوە و کێلونەکەم کردەوە و چوومە حەوشەکە. لە تاریکییەکەدا، مێوەکان و هێشووە ترێکانم جیا دەکردەوە، هەروەها دەستشۆرێکی بەردین و فوارەیەکم بەدی کرد. کەسێک لە سەرەوە بانگی لێ کردم:

"تەفەزەڵ یا سەیدی – فەرموو بەڕێزم. بە قادرمەیەکی باریکدا، کە بە دیوارێکی دەرەوەوە نووسابوو، سەرکەوتووم، ئەوجا بە هەیوانێکی پایەداردا تێپەڕیم و خۆم خستە ئامێزی دۆستەکەمەوە.

فرە ماندوو بووم، بۆیە بەبێ چەن و چوون لەسەر ئەو جێگەیە نوستم کە بۆیان دانابووم. با لە درەختەکانی حەوشەکە و باخەکەی پشتەوەی دەدا. لە دوورەوە، دەنگی ناڕوون و کز دەهات: دەنگی شارێکی مەزنی عەرەبی، کاتێک خەریکە دەنوێت.

تێگەیشتنێکی نوێ لە هزرمدا جێگیر بووبوو، چاوەکانم بە ڕووی شتانێکدا کە پێشتر پەیم پێ نەبردبوون کرابوونەوە، ئەوەیش جۆشێکی نوێی دەدامێ و ڕۆژانی هاوینیشم بەو جۆشەوە بەسەر دەبرد، کاتێک بە کۆڵانەکانی بازارە کۆنەکەی دیمەشقدا دەگەڕام و ئارامیی مەعنەویی ژیانی خەڵکەکەیم بەدی دەکرد. کاتێک سەرنجی مامەڵەیانت لەگەڵ یەکتردا دەدا، هەستت بەو ئارامییە دەکرد: بە گەرموگوڕییەوە بە یەک دەگەیشتن و لە یەکتری جودا دەبوونەوە؛ کاتێک دوو پیاو پێکەوە دەڕۆیشتن، هەروەها منداڵ دەستی یەکتریان دەگرت، لەبەرئەوەی دڵیان بە یەکدی دەکرایەوە؛ وەختێک سەرنجی دوکاندارانی دوکانە بچووکەکان و ئەوانەت دەدا کە بەوێدا تێدەپەڕین، هەستت دەکرد تۆزقاڵێک ئیرەیی لە هەناویاندا نییە: بە جۆرێک، کاتێک دوکاندارێک دەبوو بۆ کارێک دوکانەکەی بەجێ بهێڵێت، دەیسپارد بە دراوسێ دوکانەکەی، واتە ڕکابەرەکەی. چەندینجار کاتێک مشتەرییەکم دەبینی لە بەردەم دوکانێکدا ڕادەوەستا و نەیدەزانی چاوەڕێی هاتنەوەی دوکاندارەکە بکات یان بڕوات، دراوسێ دوکانەکە

دەهات و کارەکەی بۆ ڕایی دەکرد و کاڵاکەی پێ دەفرۆشت – کاڵای خۆی نا، بەڵکو هی دراوسێکەی – پاشان پارەکەی لەسەر مێزەکە بۆ دادەنا. لە چ جێیەکی ئەوروپا مامەڵەیەکی ئاوا دەبینیت؟

هەندێک لە شەقامەکانی بازارەکە پڕن لە دەشتەکی بە خۆیان و پۆشاکە فشەکانیانەوە: ئەوان وا دەردەکەون بەردەوام ژیانی خۆیانیان دابێت بە کۆڵیاندا و بە ڕێگەی خۆیاندا بڕۆن. ئەوان بااڵبەرز بوون و نیگایان تیژ، هەروەها بە کۆمەڵ لە بەردەم دوکانەکاندا دەوەستان یان دادەنیشتن. قسەی زۆریان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکرد – وشەیەک، ڕستەیەکی کورت، بە وریاییەوە دەیانبیست و دەیانگوت، گفتوگۆیەکی مانادارییش هەر ئەوەندەی بەس بوو. هەستم دەکرد ئەو دەشتەکییانە نەیاندەزانی وتیوتی بکەن، نەیاندەزانی لەسەر "هیچ" (بابەتی بێنرخ) قسە بکەن، کە قسەکردن لەسەر "هیچ" نیشانەی ڕۆحە لاوازەکانە؛ کەوتمەوە یادی ئەو ئایەتەی قورئان کە باسی ژیانی ناو بەهەشت دەکات: "... هیچ قسەیەکی پڕوپوچی تیادا نابیستن..." بێدەنگی سیفەتی جوانی دەشتەکییەکان بوو. ئەوان عەبا قاوەیی و سپی یان ڕەشە فشەکانیان لە خۆیان دەپێچا و بە بێدەنگی دەجوواڵانەوە؛ بە نیگایەکی بێدەنگی منداڵانەوە بە الاتدا تێدەپەڕین و، شانازی و خۆبەکەمگری و ژیریان دەنواند. کاتێک بە زمانی خۆیان لەگەڵیاندا دەدوایت، چاوە ڕەشەکانیان بە بزەیەکی دەستبەجێ گەش دەبوویەوە، چونکە ئەوان لە خۆیاندا ڕۆ نەچووبوون و پێیان خۆش بوو کەسێکی بێگانە هەستیان پێ بکات. ئەوان گەورەپیاو بوون، هێمن و خۆگر بوون، بەاڵم بە ڕووی ژیانیشدا کراوە بوون.

لە ڕۆژی هەینیدا، هەستت بە گۆڕانی ڕیتمی ژیانی دیمەشق دەکرد – هەم هەست بە شادییەکی جیاواز دەکرا، هەم ڕۆژەکە سامیشی هەبوو. بیرم لە یەکشەممانی ئەوروپا کردەوە؛ لە شەقامە بێدەنگەکانی شارەکە و دوکانە داخراوەکان؛ هەموو ئەو ڕۆژە بەتاڵانە و ئەو ستەمەم هاتەوە یاد کە ئەو بەتاڵییە هێنای. بۆ دەبێت وابێت؟ ئێستا تێدەگەم: چونکە الی زۆرینەی خەڵکی ڕۆژئاوا،

ژیانی ڕۆژانه باریکی گرانه و تەنها ڕۆژانی یەکشەممە دەتوانێت کەمێک ئازادیان بکات، بۆیە چیتر ئەو ڕۆژە ڕۆژی پشوو نییە، بەڵکو ڕۆژی ڕاکردنە بەرەو خەیاڵ، ڕۆژی فەرامۆشکردنێکی خۆفریودەرانەی باری قورسی ڕۆژانی تر.

ڕۆژی هەینی بۆ عەرەبەکان ڕۆژی فەرامۆشکردنی ڕۆژانی کار نەبوو. ئەوە نەبوو بەری ژیان زۆر بە ئاسانی و بەبێ کۆشش کەوتبێتە کۆشی ئەمانەوە. بەڵام کاری ئەمان، تەنانەت قورسترینیشیان، لەگەڵ ئارەزووە کەسییەکانیاندا پێچەوانە نەبوو. بیرۆکەی ڕۆتین لە پێناوی ڕۆتیندا لە ئارادا نەبوو؛ لەبری ئەوە، پەیوەندییەکی دەروونی لە نێوان کاسب و کارەکەیدا هەبوو؛ بۆیە پشوو تەنها لە کاتی ماندوویەتیدا پێویست بوو. دەبێت ئیسلام ئەو تەباییەی لە نێوان مرۆڤ و کارەکەیدا وەکو دۆخی سروشتیی شتەکان چاندبێت، بۆیە تەنانەت لە ڕۆژی هەینییشدا پشوو فەرز نەبوو. وەستا و پیشەساز و دوکانداراەکانی بازاڕی دیمەشق چەند کاتژمێرێکی کەم کاریان دەکرد، لە ماوەی نوێژی هەینیدا چۆڵیان دەکرد، پاشان لە قاوەخانەکان هەندێک دۆستیان دەبینی؛ پاشان دەهاتنەوە بۆ دوکانەکانیان و هەریەکێک بە تاقەتی خۆی چەند کاتژمێرێک کاری دەکرد. تەنها چەند دوکانێکی کەم دادەخران، کاتی نوێژیشی لێ دەربچێت کە مزگەوتەکان پڕ دەبوون، شەقامەکانی شارەکە وەکو هەموو ڕۆژەکانی تر جمەیان دەهات.

هەنییەکیان لەگەڵ هاوڕێ و خانەخوێیەکەمدا چووم بۆ مزگەوتی ئەمەوی. پایە مەرمەرییەکانی مزگەوتەکە سەقفی گومەزیی مزگەوتەکەیان ڕاگرتبوو و بەو ڕۆشناییەی لە سەردەرگاکانەوە دەهاتە ژوورەوە دەدرەوشانەوە. بۆنی میسک لە هەوادا بلاو بووبوویەوە، هەروەها فەرشە سور و شینەکانیش هەمان بۆنیان لێ دەهات. سەدان پیاو ڕیزە درێژەکانیان لە پشتەوەی ئیمامەوە پڕ دەکردەوە؛ پێکەوە ڕکوعیان دەبرد، پێکەوە کڕنوشیان دەبرد، پێکەوە

هەڵدەستانەوە: هەموویان پێکەوە وەکو سەرباز. تا بڵێیت بێدەنگ بوو؛ لە کاتێکدا خەڵکەکەیش وەستابوون، دەنگی ئیمام لە دووڕەوە دەهات و ئایەتەکانی دەخوێندەوە؛ کاتێکیش ڕکوع و یان کڕنوشی دەبرد، تەواوی خەڵکەکە شوێنی دەکەوتن و وەکو ئەوەی لەبەر چاویاندا بێت، لەگەڵ ئەودا سەریان دەخستە سەر زەمینەکە...

لەو ساتەدا بوو زانیم ئەم خەڵکە لە خوداکەیان و باوەڕەکەیان فرە نزیکن. نوێژەکەیان لە کاری ڕۆژانەیان دابڕاو نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لێی؛ بۆ لەبیرکردنی ژیان نوێژیان نەدەکرد، بەڵکو بۆ ژیانێکی باشتر بە یادی خوداوە دەیانکرد.

کاتێک مزگەوتمان بەجێ هێشت بە هاوەڵەکەمم گوت، "چەند سەیر و سەرسوڕهێنەرە کە ئێوە هێندە هەست بە نزیکیی خودا دەکەن. خۆزگە منیش وا هەستم دەکرد."

"چ ڕێیەکی تری هەیە، بۆ من؟ مەگەر خودا لە قورئاندا پێیان نەڵێت: *لە دەماری ملتان لێتان نزیکترم؟*"

هۆشیارییە نوێیەکەم هانی دام لە دیمەشق هەر کتێبێکم لەسەر ئیسلام دەست بکەوێت بیخوێنمەوە. زمانە عەرەبییەکەم بۆ گفتوگۆ باش بوو، بەڵام هێشتا لەوە لاوازتر بوو قورئانی پێ بخوێنمەوە، بۆیە دەبوو پشت بە دوو وەرگێڕان ببەستم – یەکیان فەڕەنسی و ئەوی تری ئەڵمانی – کە لە کتێبخانە هێنابوومن. جیا لەوە، دەبوو پشت بە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان و ڕوونکردنەوەکانی هاوڕێکەم ببەستم.

گەرچی ئەم قسە و تۆژینەوانە پارچەپارچە بوون، پەردەیان لەسەر چاوم لابرد. وردەوردە درکم بە جیهانێکی بیرۆکەکان کرد کە پێشتر لێی بێخەبەر بووم.

بە مانا باوەکەی ئایین، ئیسلام لە ئایین نەدەچوو، بەڵکو شکڵی شێوازێکی

ژیانی هەبوو؛ زیاتر لە بەرنامەیەکی ڕەفتاری کەسی و کۆمەڵایەتیی پشتبەستوو بە ناسینی خودا دەچوو تاکو سیستمێکی عەقیدەیی. لە هیچ جێگەیەکی قورئاندا هیچ ئاماژەیەکم بە پێویستیی "ڕزگاری"[1] نەدەدۆزییەوە. لە ئیسلامدا، هیچ تاوانێکی ڕەسەن و زگماکی لە نێوان مرۆڤ و چارەنووسیدا نەبوو – چونکە *هیچ بە مرۆڤ نادرێت ئەوە نەبێت کە لە پێناویدا کۆشاوە.*[2] کردنەوەی دەرگای شاراوەی پاکی پێویستی بە زوهد نەبوو، چونکە پاکی دۆخی ئاسایی و زگماکیی مرۆڤ بوو، تاوانیش بریتی بوو لە لادان لەو سروشتە پاکەی خودا بە هەموو مرۆڤێکی داوە. هیچ ئاماژە و شوێنەوارێکی دوانەیی لە سروشتی مرۆڤدا نەبوو: جەستە و ڕۆح وەکو کۆیەکی یەکگرتوو تەماشا دەکران، نەوەکو دوو قەوارەی سەربەخۆ.

سەرەتا سەیرم لێ دەهات کاتێک دەمبینی قورئان جیا لە گرنگیدان بە بابەتە مەعنەوییەکان، گرنگی بەو بابەتانەیش دەدات کە لە ڕواڵەتدا بێبایەخن و سادەن؛ بەڵام دواتر تێگەیشتم ئەگەر مرۆڤ بیەوێت کۆیەکی یەکگرتووی ڕۆح و جەستە بێت – وەکو چۆن ئیسلام جەختی لێ دەکردەوە – ئەوا هیچ لایەنێکی ژیانی ئەوەندە بێبایەخ نییە ئایین فەرامۆشی بکات. لەگەڵ ئەمانەیشدا، قورئان هەرگیز نەیدەهێشت شوێنکەوتوانی بیریان بچێت ئەم دونیایە قۆناغێکی گەشتی مرۆڤە بۆ جیهانێکی باڵاتر، هەروەها ئەوەی ئامانجە باڵاکە مەعنەوییە. قورئان دەیگوت پێشکەوتنی مادەی گرنگە، بەڵام ئامانج نییە: بۆیە گەرچی حەز و خولیاکانی مرۆڤ ڕێگەیان پێ دراوە، دەبێت لە لایەن هۆشیاریی ئەخلاقییەوە جڵەو بکرێن و سنووریان بۆ دابنرێت. ئەم هۆشیارییە تەنها کاری بە پەیوەندیی

---

[1] تێزی ڕزگاری (salvation) بریتییە لە باوەڕی مەسیحییەکان بەوەی مرۆڤایەتی تاوانی ڕەسەنی هەیە و هەر لە بنەڕەتەوە تاوانبارە نەک بێگوناهـ هەروەها عیسا لەسەر خاچ کوژرا تاکو مرۆڤایەتی پاک ببێتەوە.

[2] قورئان ٥٣:٣٩

مرۆڤ و خوداوە نەبوو، بەڵکو کاری بەسەر پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانیشەوە هەبوو؛ تەنها گرنگیی بە گەشە و کاملبوونی مەعنەویی تاک نەدەدا، بەڵکو بە ئومێدی ئەوەی هەموان پرتەرین ژیان بژین، گرنگیی بە گەشە و کاملبوونی مەعنەویی کۆمەڵگەیش دەدا.

هەموو ئەمانە لە ڕووی ئەخلاقی و فکرییەوە لە هەموو ئەوەی پێشتر سەبارەت بە ئیسلام بیستبوومن یان خوێندبوومنەوە ڕێزلێگیراوتر بوون. مامەڵەی قورئان لەگەڵ گرفتەکانی ڕۆحدا لە مامەڵەی پەیانی کۆن قوڵتر دەردەکەوت؛ جیا لەوەیش، لە قورئاندا گەلی هەڵبژێردراو نەبوو. هەرچی مامەڵەی قورئانە لەگەڵ جەستەدا، بە پێچەوانەی هی پەیمانی نوێوە، مامەڵەیەکی ئەرێنی بوو. ڕۆح و جەستە، هەریەکێکیان بە حەقی خۆی، دوو ڕەهەندی ژیانی خوداکردی مرۆڤ بوون.

لە خۆمم دەپرسی هەر ئەمە نییە وای لێ کردووم لەگەڵ عەرەبەکاندا ئاوا هەست بە ئارامیی دەروونی و هەستی بکەم؟

ئێوارەیەکیان خانەخوێیەکەم بانگی کردم بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی کوڕی هاوڕێیەکی دەوڵەمەندی.

بە ڕێگە پێچاوپێچەکاندا ڕۆیشتین، کە هێندە باریک بوون پەنجەرە دەرپەڕیوەکان و باڵکۆنییەکانی ئەمبەر و ئەوبەر نزیک بوون لەوەی بەریەکتر بکەون. سێبەرە قوولەکان و بێدەنگییەکی هێمن لە نێوانی ئەو ماڵە بەردینانەدا نیشتەجێ بووبوون؛ جاروبار چەند خانمێک بە چارشێوی ڕەش و هەنگاوی نەرمەوە تێیاندەپەڕاندیت، یان پیاوێکی ڕیشن لە بەرگێکی درێژی قەفتاندا لە گۆشەیەکەوە دەردەکەوت و بە ئەسپایی لە پشت گۆشەیەکی تردە ون دەبوو. هەمیشە هەمان سوچ و گۆشەی نائاسایی، هەمیشە هەمان ڕێگەگەلی باریکی یەکتربڕ، هەمیشە پەیاندان بە نواندنی ڕێگەیەکی نوێ و، هەمیشەیش کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ڕێگەیەکی هاوشێوەدا.

بەڵام خـولانەوە بەکۆتـا گەیشـت. هـاوڕێکەم لە بەردەم دەرگـایەکی ئاسـایی تەختەییدا لەناو دیوارێکی بە قوڕ سواغدراودا ڕاوەستا و گوتی:

"ئێرەیە." بە مشت لە دەرگای دا.

پیـاوێکی بەتەمەن دەرگـاکەی لـێبان کـردەوە و لەگەڵ جیـرەی دەرگـاکەدا فەرمـووی لێ کردین: "ئەهلەن وە سەهلەن." پاشان بە ڕاڕەوی کورتدا بردینـی و دووجار بەلای ڕاستدا ڕۆیشتین تاکە گەیشتین بە حەوشـەی ماڵەکە، کە بە هیچ جۆرێـک هەسـتت نەدەکـرد ئەمە حەوشـەی هەمـان ئەو مـاڵەیە کە دیـوارە قوڕینەکەی هەبوو.

حەوشـەکە فـراوان و فێنـک بـوو، بە مەڕمەڕی ڕەش و سـوپی وەکـو تەختەیەکی گەورەی شەترەنج دروست کرابوو. لە دەستشۆرێکی نزمی ناوەندی حەوشـەکەدا فـوارەیەک کـاری دەکـرد. دارلیمـۆ و ژاڵەکـان درزیـان کردبـوویە مەڕمەڕەکـان و لقـی درەختـە میـوە و گوڵـدارەکان بە تەواوی حەوشـەکەدا و بە درێژایی دیوارەکانی ناوەوەدا بڵاو بووبوونەوە؛ ئەو دیوارانەی لە بن تا تەوق بە مەڕمەڕی گەچی و بە جوانترین شێوە ڕازێندرابوونەوە و، شـکڵی ئەندازەیی و ورد و زەخرەفەی گەڵاداریـان تیـادا بـوو، هەروەهـا تەنهـا لە ئاستی چوارچێـوەی پەنجەرەکاندا دەوەستان. لە لایەکی حەوشـەکەوە دیوارەکە لە بەرزی سێ پێـوە تـاقێکی قـوڵی دروسـت کردبـوو بە ئەنـدازەی ژوورێکـی گەورە و لە ڕێـگەی پلیکـانەی مەڕمەڕییـەوە دەتتـوانی بچیـتە نـاوی. بە درێژایـی سـێ لای دیـواری تـاقەکە – کە پێـی دەگوترێـت لیـوان – چەنـد دیـوانێکی نـزم هەبـوو، لەسـەر زەوییەکەیشـی فەرشـێکی گرانبەهـا. لە لادیوارەکـانی تـاقەکەدا ئـاوێنەی گەورە هەبـوو بە بەرزیـی پـازدە پـێ – تەواوی حەوشـەکەیش بە درەختەکـانیەوە، بە مەڕمەڕە ڕەش و سـپییەکانیەوە، بە هەڵکـۆڵراو و پەنـجەرە و دەرگـا هەڵکۆڵراوەکـانەوە کە دەیـانبردیتە نـاوەوەی مـاڵەکە، هەروەهـا بە میـوانە ڕەنگاوڕەنگەکـانەوە کە لەسـەر دیوانەکـان دادەنیشـتن و بە دەوری ئـاوەکەدا

دەسوڕانەوە – هەموو ئەمانە لە ئاوێنەکانی لیوانەکەدا دەردەکەوتنەوە؛ خۆ کاتێکیش سەیری ئاوێنەکەت دەکرد، بۆت دەردەکەوت دیواری بەرانبەریش بە هەمان شێوە بە ئاوێنەی هاوشێوە لە فراوانیدا داپۆشراوە، تاکو دیمەنەکە دوو جار، چوار جار، سەد جار، بەڵکو ناکۆتا دووبارە ببێتەوە و جادووی ناکۆتا مەڕمەڕ و ئاو و خەڵک و دارلیمۆ و ژاڵەکان دروست بکات – دیمەنی دڕەوشانەوەی سەرزەمینکی خەونئاسا لەژێر ئاسمانی ئێوارەدا کە هێشتا مانگاوایی تەواوی لە تیشکەکانی خۆر نەکردبوو و پەمەیی هەڵگەڕابوو...

مانگێکی ئاوا – نەڕازێنراوە و ئاسایی لە دیوی دەرەوە، دەوڵەمەند و ڕازاوە لە ناوەوە – نوێ بوو بۆم؛ بەڵام پاشتر تێگەیشتم ئەم جۆرە خانووە لە ناو خواپێداوەکانی سوریا و عێراو و بەڵکو ئێرانیشدا باوە. نە عەرەبەکان و نە فارسەکانیش ئەوکات گرنگییان بە دیواری دەرەوەی مانگ نەدەدا: ئەرکی مانگ ئەوە بوو لەخۆیت بگرێت، هەروەها ئەرکەکەی پەیوەست بوو بە دیوی ناوەوەی. ئەمە تەواو لەو "فەرمانگەراییە" زۆرەملێیە جیا بوو کە لە ئەندازیاریی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا دوای کەوتبوون. ڕۆژئاواییەکان لەبەرئەوەی گیرۆدەی ڕۆمانسیزمێکی ئاوەژووکراوە بووبوون، هەروەها لە هەستەکانی خۆیان دڵنیا نەبوون، گرفتیان بینا دەکرد: عەرەب و فارسەکان – تا دوێنێ - مانگیان بینا دەکرد.

خانەخوێیەکە منی لای ڕاستی خۆیەوە لەسەر دیوانەکە دانیشاند، خزمەتکارێکی پێپەتیبش لەسەر سینییەکی بچووکی مس قاوەی دەگێڕا. دوکەڵی نێرگەلەکان لەگەڵ هەوای بۆن-گوڵەباخی لیوانەکە ئاوێزان بوون و بەرەو لای مۆمەکان بەرز بوونەوە کە یەکلەدواییەک، بە درێژایی دیوارەکان و درەختەکان، هەڵدەکران.

هەموو میوانەکان پیاو بوون و جۆراوجۆر بوون: هەندێکیان کەفتانی خەتخەتیان لە ئاوریشمی دیمەشقی لەبەردا بوو، یان ئاوریشمی خامی چینی، جبەی گەورەی ڕەنگینی خوریی نایاب، سەرپێچی سپیی دەزوو ئاڵتوونی لەسەر

تەربوشی سوور؛ هەندێک پیاویش بە جلوبەری ئەوروپییەوە، بەڵام زۆر بە ئاسوودەیی بە چوارمشقی لەسەر دیوانەکان دانیشتبوون. هەندێک لە سەرۆکە دەشتەکییەکان، بە خۆیان و تاقمەکانیانەوە، لەوێ بوون: چاوانی ڕەش و زیندوو، هەروەها ڕیشی کورتی ڕەش لە دەوری ڕوخسارگەلی قاوەیی و باریک. پۆشاکە نوێیەکانیان لەگەڵ هەموو جوڵەیەکدا خشەی دەهات، هەموویشیان خەنجەری کێڵان زیویان پێ بوو. ئەوان بە تەواوەتی ئاسوودە بوون: ئەرستۆکراتی ڕاستەقینە بوون – بەڵام ئاسوودەییەکەی ئەوان، بە پێچەوانەی ئاسوودەیی ئەرستۆکراتە ئەوروپییەکانەوە، ئەرستۆکراتییەکی ناسک نەبوو زادەی چەندین نەوە لە گرنگیپێدان و ژیانی خۆش بێت، بەڵکو وەکو گرێکی ڕاستەقینە وابوو زادەی دڵنیایی بێت لە ڕوانگە و جیهانبینییان. هەوایەکی خۆش دەوری دابوون، هەوایەکی وشک و پاک – هەمان ئەو هەوایەی جارێکیان لەسەر سنووورەکانی بیابان هەستم پێ کرد. ئەوان وەکو هاوەڵانێکی دوور وابوون، وەکو ڕێبوارگەلێک لەم جێگەیە؛ ژیانی ئازاد و بێمەبەستیان لە جێیەکی تر چاوەڕێیان بوو.

کچێکی سەماکار لە یەکێک لە دەرگاکانەوە هاتوو ژوورەوە و بە پلیکانەکانی دیوانەکەدا سەرکەوت. زۆر لاو بوو، بێگومان لە بیست ساڵ گەورەتر نەبوو، جوانیش بوو. پانتۆڵێکی فشی لەپێدا بوو لە مادەدیەکی فرەڕەنگی ئاوریشمیی دروست کرابوو، هەروەها جوتێک نەعنی ئاڵتونی؛ سینەپۆشەکەیشی ئەوەندەی سینە بەرز و ڕێکەکەی گرتبوو، ئەوەندە داینەپۆشیبوو. کاتێک دەجوڵا، بە جۆرێک دەجوڵا ئارەزوو بکرێت: بەبێ سەرنجدانێکی ئەوتۆیش، هەستت بە خۆشیی پیاوەکان دەکرد لە تەماشاکردنی جەستە ناسکەکەی و پێستە ئەسمەرە تەڕەکەی.

ئەو بە دەم تەپڵی پیاوێکەوە سەمای دەکرد کە لە نیوەی تەمەنیدا بوو و پاش ئەو هاتبوویە سەر دیوانەکە؛ سەماکردنەکەیش یەکێک بوو لەو سەما باو و

وروژێنەرانەی لە ڕۆژهەڵات حەزی پێ دەکرێت – ئەو سەمایانەی ئارەزووە نوستووەکان بێدار دەکەنەوە و پەیمانی چێژ و قایلبوون دەدەن.

خانەخوێیەکەم لەبەرخۆیەوە گوتی، "ئای چەنێک نازداریت، ئای چەنێ تایبەتیت." پاشان کێشای بە ئەژنۆمدا و گوتی، "دەڵێیت مەڵحەمێکی بۆنخۆش و ئازارشکێنە لەسەر بڕینێک، مەگەر وانییە؟"

سەماکارەکە خێرا هات و خێرا چوو؛ هیچ پاشماوەیەک لە ئەو نەمایەوە، جگە لەو بریسکەیەی لە چاوی زۆرینەی پیاوەکاندا جێی هێشت. چوار مۆسیقاژەن شوێنەکەی ئەویان گرتەوە – یەکێک لە میوانەکان پێی گوتم ئەمانە لە باشترین مۆسیقاژەنەکانی سوریان. یەکێکیان عودێکی ملدرێژی پێ بوو، یەکێکی تر تەپڵێکی تەخت و یەکڕوو، یەکێکی تریان ئامێرێکی پێ بوو لە قانوون دەچوو، چوارەمیشیان تەمبورێکی میسڕیی پێ بوو – شتێکە وەکو بتڵێکی مسی فراوان وایە و لە بنیشەوە پێستی تەپڵی هەیە.

دەستیان بە تەپڵێدان و مۆسیقاژەندن کرد. لە سەرەتادا هەست بە هەماهەنگییەکی ئەوتۆ نەدەکرا، هەریەکێک لە ئاوازێک دەیخوێند، وەکو ئەوەی ئامێرەکانیان چاک بکەن و تۆنەکە ڕێک بخەن. ئەوەی قانوونەکەی پێ بوو چەندجارێک بە سەری پەنجە لە تاڵەکانی دەدا و لە تۆنی بەرزەوە بۆ نزم دەهات؛ تەمبورەوانەکە بە هێواشی لە تەپڵەکەی دەدا، تۆزێک دەوەستا، دیسان لێی دەدایەوە؛ ئەوەی عودی پێ بوو، وەکو ئەوەی ئاگای لە ژەندنەکەی نەبێت، بەسەر یەکەوە لە عودەکەی دەدا و دەنگێکی تیژی پێ دەردەکرد، دەنگێک کە هەستت دەکرد تەنها بە ڕێکەوت لەگەڵ لێدانی وشک و یەکئاوازی تەپڵەکەدا دەگونجا و تەمبورەکەیشی بۆ وەڵامێکی خێرا ڕادەکێشا، ئەوجا دیسان عودەکە، ئەوجا دەنگی قانوونەکە – لەپڕێکدا، ئەوەندەت زانی ڕیتمێکی هاوبەش لە نێوان چوار ئامێرەکەدا دروست بوو و ئاوازێک دروست بوو. ئاوازێک؟ ناتوانم وا بڵێم. هەستم نەدەکرد گوێ لە پێشکەشکردنێکی مۆسیقی بگرم، بەڵکو زیاتر

وەکو بینینی ڕووداوێکی خرۆشێنەر وابوو. لەگەڵ تۆنی جریوەئاسای ئامێرە تاڵدارەکاندا، ڕیتمێکی نوێ دروست بوو، سەرەتا بە شێوەیەکی خولاوە بەرز بوویەوە و دواتر دابەزییەوە – وەکو بەرزبوونەوە و کەوتنی تەنێکی کانزایی، خێراتر و هێواشتر، نەرمتر و بەهێزتر؛ ئەم ڕووداوە نەپچڕێندراوە، لە جۆرگەلێکی ناکۆتادا، ئەم دیاردە دەنگییە کە لەگەڵ مەستییەکی لەسەرخۆدا ئاوێتە دەبوو، گەشەی کرد، بڵاو بوویەوە، ئەوجا چووە سەرەوە: کاتێکیش لە بەرزترین ئاستدا مۆسیقاکە وەستا (چەندە زوو، زۆر زوو)، زانیم زیندانی کراوم. گرژیی ئەم مۆسیقایە گەمارۆی دابووم؛ خزابوومە ناو ئەم تۆنانەوە کە تاکئاوازییەکەیان وێنەی دووپاتبوونەوەی بەردەوامی هەمووشتەکانیان دەکێشا و تەقەیان لە دەرگاکانی هەستت دەدا، هەموو ئەوانەی لە ناختدا، بەبێ ئەوەی بزانیت، کەوتبوونە جوڵە... ئەو ئاوازە پەردەی لەسەر شتێک لادابوو هەمیشە لە تۆدا بووبوو، بەڵام ئێستا بۆت ئاشکرا بووبوو، ئەوەیش لێدانی دڵتی خێرا دەکرد...

من بە مۆسیقای ڕۆژئاوایی ڕاهاتبووم، کە تیایدا تەواوی پاشخانی هەستیی مۆسیقادانەرەکە لە مۆسیقایەکدا پەخش دەکرێت و لە هەستێک یان مەزاجێکیشدا وێنەی هەموو هەست و مەزاجە ڕێتێچووەکانی تر دەکێشێت: بەڵام وا دەردەکەوت ئەم مۆسیقا عەرەبییە زادەی یەک ئاستی هۆشیاری بێت، زادەی گرژییەک بوو کە تەنها گرژییەک بوو نەک زیاتر، بۆیە هەستە جۆراوجۆرەکانی هەر گوێگرێکی لەبەرچاو دەگرت.

پاش چەند چرکەیەک لە بێدەنگی، دەنگ لە تەمبورەکە بەرز بوویەوە، پاشان ئامێرەکانی تر شوێنی کەوتن. جوڵەیەکی نەرمتر و دەنگێکی مێینەتر لەوەی پێشوو بەرز بوویەوە؛ هەموو دەنگە تاکەکان لە یەکتر نزیک بوونەوە، بە گەرموگوڕی ئاوێتەی یەک بوون، وەکو ئەوەی لە تەڵیسمێکدا پێکەوە لکابن، ئەوجا خرۆشێنەرتر بوون؛ بەریەک دەکەوتن، لەسەر هێڵگەلێکی نەرم لە دەوری یەک دەگەڕان، لە کاتێکدا لە سەرەتادا تەباییەکە و دەنگی تەمبورەکە تێک

دەگیران، بەڵام پاش کەمێک تەمبورەکە خرایە سوچێکەوە و سنووردار کرا و لەگەڵ دەنگەکانی تردا ئاوێتە کرا: تەمبورەکە، گەرچی لە سەرەتادا ملی نەدەدا، هاتە ڕیزی ئەوانی تر‌ەوە و لە ئاوازە مەست و ئاوێتەکەدا بەشدار بوو؛ هێڵە شەپۆلئاساکە پشتی لە ئاوازە مێینەکە کرد و بەرەو ئاوازێکی تۆندوتیژ هەڵکشا و خێراتر بوو، تیژتر بوو، تاکو بوو بە تووڕەیی خرۆشانێکی هۆشیارانە، کە دەستی لە هەموو سنووردارییەکان بەردابوو تاکو لەسەر لوتکەی هێز و باڵادەستی نیشتەجێ بێت؛ لە خولانەوەی ئاوازەکەی پێشترەوە خولانەوەیەکی تەبای گەورە دروست بوو – هەوڵدان بۆ دەرچوون لە نەمرییەوە بۆ نەمری، بەبێ سنوور، بەبێ پێوان، بەبێ ئامانج؛ ڕاکردنێکی سەرکەشانە و مەترسیدار لەسەر دەزوویەکی باریک، لە ڕێگەی یەک ساتی ئێستای نەمرەوە، بەرەو هۆشیارییەک کە ئازادی بوو، هێز بوو، هەروەها لە دەرەوەی هەموو بیرکردنەوەیەک بوو. کەچی لەپڕێکدا، لە ناوەندی هەڵکشاندا هەموو وەستان و بێدەنگی هەموو لایەکی داپۆشی. تۆند، ڕاستگۆیانە، پاک.

وەکو خشەی گەڵاکان، هەناسەی گوێگران گەڕایەوە و هەریەکێک لەبەر خۆیەوە "یا الله، یا الله"ی دەگوتەوە. ئەوان وەکو کۆمەڵێک منداڵی ژیر وابوون کاتێک سەرقاڵی ئەو یارییانەن کە دەمێکە لێی تێگەیشتوون و هەمیشەیش دەیانجوڵێنێت.

(۳)

دەڕۆین و زەید گۆرانی دەچڕێت: هەمیشە هەمان ڕیتم، هەمیشە هەمان ئاواز بە هەمان تۆن. دەی ئاخر ڕۆحی عەرەبی تاکئاواز و تاکتۆنە – بەڵام نەک لەبەرئەوەی گۆزەی خەیاڵی بچووکە؛ نا، بچووک نییە، بەڵام غەریزەی عەرەبی وەکو غەریزەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە دووی فراوانی و بۆشایی سێ دووری نییە، هەروەها نایەوێت هەموو هەستەکان بخاتە ژێر چنگی خۆی. ئاوازی عەرەبی

ئارەزووی هەڵگرتنی یەک ئەزموونی هەستییە تاکو ئەوسەری. ئەم تاکئاوازییە، ئەم ئارەزووە نزیکە جەستەییە بۆ چڕکردنەوەی هەنگاوبەهەنگاوی هەستێک تا گەیشتنی بە لوتکە، هەم خاڵی بەهێزی کەسایەتیی عەرەبییە، هەم خاڵی لاوازیشیەتی. خاڵی لاوازیەتی، چونکە دەبێت جیهان لە ڕووی هەستییەوە لە بۆشایی سێ دووڕییشدا بچەژرێت. خاڵی بەهێزیشیەتی، چونکە باوەڕ بە گریمانەی بەرزبوونەوەیەکی ناکۆتای ڕاستەهێڵیی مەعریفەی هەستی لە جیهانی هزردا تەنها بۆ لای خودا دەچێت و بەس. یەکتاپەرستیی عیبرییەکانی سەرەتا و بەلوتکەگەیشتنیشی لە باوەڕی موحەممەددا تەنها دەکرا زادەی ئەم پاڵنەرە زگماکییە بێت، کە لە بیابانننشینەکاندا بەهێزترە. بیابانی دایکئاسا لە پشتی هەردووکیانەوە وەستاوە.

05
ڕۆح و جەستە

(١)

ڕۆژەکان تێدەپەڕن و شەوەکانیش کورت، ئێمەیش بە خێرایی بەرەو باشوور دەجوڵێین. حاڵی حوشترەکانمان چاکە – تازە ئاویان خواردووەتەوە، دوو ڕۆژی ڕابردوویش بە کەیفی خۆیان لەوەڕاون. هێشتا چواردە ڕۆژمان ماوە بۆ مەککە، خۆ ئەگەر لە حائیل و مەدینە بمێنینەوە، کە هەردووکیان لەسەر ڕێگەمانن، زیاترمان پێ دەچێت.

بێئۆقرەییەک و هەڵپەیەکی نائاسایی دەستم بەسەردا دەگرێت: پەلەکردنێک، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ. تا ئێستا ویستبووم بە ئیسراحەتی خۆم گەشت بکەم، بەبێ ئەوەی پەلەی گەیشتن بە مەنزڵ هەبێت؛ هەر ڕۆژ و حەفتەیەک بەشی خۆی قایلی دەکردم، مەنزڵیش لە ئەنجامێک زیاتر هیچ نەبوو. بەڵام ئێستا هەستێک لە هەناومدا دەگرێت لە سااڵنی عەرەبستانمدا ئەزموونم نەکردووە: پەلەی گەیشتنمە بە کۆتایی ڕێگەکە. کام کۆتایی؟ مەککە؟ کاتی زۆرم لە شارە پیرۆزەکە بەسەر بردووە، جوان ئاشنای بووم، بۆیە چیتر ئومێدی دۆزینەوەی نوێی تیادا نییە بۆم. یان لەوەیە چاوەڕێی جۆرێکی نوێی دۆزینەوە بم؟ دیارە وایە – چونکە مەککە بە شێوازێکی کەسی و تایبەتی کێشم دەکات، وەکو ئەوەی ئەم ناوەندە مەعنەوییەی جیهانی موسوڵمانان، بە خۆی هەموو ئەو خەڵکەی لە هەموو دونیاوە بۆی دێن، پەیمانێک بووبێتن، هەروەها دەرگایەک بووبێتن بە ڕووی جیهانێکی فراوانتردا کە ئێستا تیایدا دەژیم. نەبێت لە ژیانی عەرەبستان ماندوو بووبێتم؛ نەخێر، بیابانەکانیم خۆش دەوێت، هەروەها شارەکانی، هەروەها

خەڵکەکەی و مامەڵەی خەڵکەکەی: ئەوەڵین جار کە لە بیابانی سینا بەر ژیانی عەرەبی کەوتم وێنەیەکی جوانم بینی، پاش ئەزموونی عەرەبستان ئەو وێنەیە نەشێوا و بگرە جوانتر بوو: بەڵام لەو شەوەوە کە چوومە ناو بیرەکەوە، کە دەکاتە پێرێشەو، گەیشتووم بەو قەناعەتەی عەرەبستان هەموو ئەوەی دەتوانێت بیدات بە من، پێی داوم.

بەهێز و لاو و لەشساغم. دەتوانم چەندین کاتژمێر بەبێ ماندووبوون حوشترسواری بکەم. دەتوانم وەکو دەشتەکییەک گەشت بکەم – سالانێکیشە خەریکی ئەوەم – بەبێ ئەوەی خێمە لەگەڵ خۆم ببەم، هەروەها بەبێ هیچ یەکێک لەو ئاسانکارییانەی خەڵکی نەجد لە گەشتی درێژدا بە پێویستیان دەزانن. فێری هەموو فەن و وردەکارییەکانی ژیانی دەشتەکی بووم، بەبێ ئەوەی هەستیش بە خۆم بکەم خوو و ڕەفتاری عەرەبە نەجدییەکانم وەرگرتووە. بەڵام هەمووی ئەوەیە؟ ئەو هەمووە لە عەرەبستاندا ژیام، تەنها بۆ ئەوەی بەم بە عەرەب؟ یان هەموو ئەمانە ئامادەکارین بۆ شتێکی تر؟

ئەو بێئۆقرەییەی ئێستا تووشم بووبوو لەو نائارامییە دەچوو کە پاش گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا لە یەکەمین گەشتی ڕۆژهەڵاتی نزیک ئەزموونم کرد: هەستکردن بەوەی ڕێگەیەکی بەرچاوڕۆشنکەرەوەم لێ زەوت کراوە، کە ئەگەر بوار هەبوایە بینایینمی ڕۆشنتر دەکردەوە...

دەرچوونم لە عەرەبستان و گەڕانەوەم بۆ ئەورووپا ناخۆش بوو، بەڵام مانەوە چەند مانگییەکەم لە پایزی ١٩٢٣دا لە تورکیا، پاش ئەوەی سوریام بەجێ هێشت، کەمێک ئاوی دڵی دام. ئەوکات تورکیاکەی موستەفا کەمال هێشتا نەچووبوویە قۆناغی "ڕیفۆرمەوە،" بەڵکو ژیان هێشتا لەوێ بە ڕاستی تورکییانە بوو، هەروەها ئیسلامیش هەموو خەڵکەکەی پێکەوە بەستبوویەوە، بۆیە تا ڕادەیەکی باش هاوشێوەی ژیانی عەرەبستان بوو: بەڵام ڕیتمی ناوەکیی تورکیا قورستر و نارۆشنتر دیار بوو – هەروەها ڕۆژئاواییترییش. کاتێک بە ڕێگەی

وشکانی له ئیستەنبوڵەوە چووم بۆ سۆفیا و بەلگراد، هەستم بە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نەکرد؛ وێنەکان وردەوردە دەگۆڕان، توخمێک نەدەما و یەکێکی تر جێی دەگرتەوە: منارەکان کەمتر دەبوونەوە و مەودای نێوانیشیان زیادی دەکرد، بلوسی جوتیارەکان جێی کەفتانە درێژەکانیان گرتەوە، درەختە تاکوتەراکان و باخەکانی ئەنادۆڵ ئاوێتەی دارستانە سنەوبەرییەکانی سڕبیا بوون – تا لەپڕێکدا، لەسەر سنووری ئیتاڵیا، خۆمم لە هەناوی ئەوروپادا بینییەوە.

کاتێک لەو شەمەندەفەرەی لە تریستێوە بۆ ڤیەننای دەبردمەوە دانیشتبووم، وردەوردە وێنەی تورکیا لە هزرمدا ون دەبوو؛ تاکە حەقیقەتێکیش کە مایەوە هەژدە مانگی ولاتانی عەرەبی بوو. تووشی شۆک بووم وەختێکم چاوم بە ڕووی دیمەنی ئاشنای ئەوروپادا کردەوە، کەچی بە چاوی بێگانەیەک تەماشام دەکرد. خەڵکەکە ناشرین دەردەکەوتن، جوڵەکانیان تیژ و نارێک، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەوەی هەستیان پێ دەکرد و ئەوەی دەیانویست نەبوو: لەوێدا بۆم دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی لە ڕوالەتی کرداره‌کانیاندا ئامانج هەیە، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لە جیهانێکی نمایشکارانەدا دەژین... دیار بوو ژیانم لەگەڵ عەرەبەکاندا گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەوەدا کردبوو چ شتێک بە بنەڕەتی لە ژیاندا بزانم؛ وەختێکیش بیرم لەوە دەکردەوە پێش منیش کەسانێکی ئەوروپی هەبوون ئەزموونی ژیانی عەرەبییان کردبێت، سەراسیمە دەبووم؛ چۆن دەکرێت وەکو من تووشی شۆک نەبووبن؟ یان ئەوانیش تووش بوون؟ تۆ بڵێیت ئەو ئەزموونە کەسیانی وەکو من شڵەقاندبێت...؟

(دوای ساڵێک لە دڵی عەرەبستاندا وەڵامی پرسیارەکەمم وەرگرت: وەڵامەکە هی دکتۆر ڤان دەر مێولن بوو، کە ئەوکات وەزیری هۆڵەندا بوو لە جەددە. ئەو پیاوێکی فراوان و فرەکلتور بوو، هێندەیش مەسیحیەتی بەجددی وەرگرتبوو، بە

دەگـمەن ڕۆژئـاواییەکی تـرت دەبینـی ئـاوا ئایندار بێـت، هەروەهـا دۆسـتی ئیسـلامیش نەبـوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، لای مـن دانـی بەوەدا نـا عەرەبستانی لە هەموو جێیەکی تر خۆشتر دەوێت، بە نیشتیمانەکەی خۆشیەوە. کاتێک ماوەی خزمەتـی لە حیجـاز بەرەو کۆتاییهـاتن دەچـوو، پێـی گـوتم: "بـاوەڕم وایە هـیچ کەسێکی هەستیار و ژیـر ناتوانێت دڵـی بە ڕووی جـادووی ژیـانی عەرەبیـدا دابخـات، یـان پـاش مـاوەیەک لە ژیـان لەگەڵ عەرەبەکانـدا، لە دڵـی خـۆیی دەربهێنێت. کاتێـک بەجێـی دەهێڵێت، بـۆ هەمیشـە هەوای ئەم خـاکە بیابـانییە لەگەڵ خۆتـدا هەڵـدەگریت، هەروەهـا هەمیشـە بە تاسـەوە یـادی دەکەیـتەوە – تەنانەت ئەگەر مااڵی خۆت لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندتر و جوانتریش بێت...")

چەند حەفتەیەک لە ڤیەننا مامەوە و لەگەڵ باوکمدا ئاشت بوومەوە. ئێستا ئیـتر تـووڕەییەکەی لەوەی زانکـۆم بەجـێ هێشـت و بەو شـێوازە ڕەقە مـاڵەکەیم چـۆڵ کـرد ڕەوییـوویەوە. هەرچۆنێـک بێـت، مـن ئیـتر بووبـووم بە نووسـەری فرانکفورتەر زیتەنگ – ئەوکات خەڵکی ئەوروپای ناوەڕاست بە سەرسامییەوە ناویان دەیانهێنا – و قسەکەی خۆمم بەدی هێنا بوو: "دەگەم بە لوتکە."

لە ڤیەننـاوە ڕاسـتەوخۆ بەرەوە فرانکفـۆرت بەڕێ کەوتـم، تـاکو خـۆم پیشـانی ئەو ڕۆژنـامەیە بـدەم کە سـاڵێک زیـاتر بـوو بـابەتم بـۆ دەنووسـی. بە متمانەبەخۆبـوونەوە ڕۆیشـتم، چـونکە لە نامەکـانی فرانکفۆرتـدا کارەکـانم بەرز دەنرخێندرا؛ وەکـو ئەوەیشی چاوەڕێیان کردبێتم چوومە نووسینگەی *فرانفورتەر زیتەنگەوە* و کارتەکەی خۆم بۆ سەرنووسەری سەرەکی، واتە دکتـۆر هێنریش سیمۆنی بەناوبانگ، نارد.

کاتێک چوومە ژوور، تاوێک واقی وڕما و خەریک بوو بیری بچێت لەبەرم هەڵبسێت؛ بەاڵم زوو بەئاگا هاتەوە و هەستا و تەوقەی لەگەڵ کردم:

"دابنیشـە، دابنیشـە. چاوەڕێت بـووم." بەاڵم بە بێـدەنگی چـاوی تێبڕیبـووم، تـا وای لێ هات هەستم بە نائاسوودەیی کرد:

"هەڵەیەک هەیە دکتۆر سیمۆن؟"

"نا نا، هەڵەیەک نییە، بۆ نا هەمووشت هەڵەیە..."

پاشان پێکەنی و بەردەوام بوو: "چاوەڕێم دەکرد پیاوێک بیت لە نیوەی تەمەنتدا و چاویلکەیەکی لێوار ئاڵتونیت لە چاودا بێت – کەچی کوڕێکیت... ببورە، ئەوە تۆ چەند ساڵیت؟"

کەوتمەوە یادی بازرگانە ڕووخۆشە ئەڵمانییەکەی قاهیرە، کە هەمان پرسیاری لێ کردبووم؛ ئەوجا دامە قاقای پێکەنین:

"من بیستوسێ ساڵ و شتێک زیاترم، تۆ بڵێ بیستوچوار." پاشان گوتم، "ئەو تەمەنە بۆ ئەم ڕۆژنامەیە زۆر کەمە؟"

بە هێواشی وەڵامی دایەوە، "نا، بۆ ئێرە کەم نییە، بەڵام بۆ وتارەکانت کەمە. من وام دەزانی تەنها پیاوێکی بەتەمەنتر دەتوانێت بەسەر ئارەزووی سروشتیی باسکردنی خوددا زاڵ ببێت و وەکو ئەوەی تۆ کردووتە کەسایەتیی خۆی لە وتارەکانیدا زەق نەکاتەوە. خۆی ئەوە ڕازی ڕۆژنامەگەریی سەرکەوتووە: نووسینی ئەوەی دەیبینی و دەیبیستیت و بیری لی دەکەیتەوە بە شێوەیەکی بابەتییانە، بەبێ ئەوەی ئەزموونە کەسییەکانی خۆتی تێ بکەیت... لە لایەکی تریشەوە، ئێستا دەزانم تەنها گەنجێکی ئاوا دەتوانێت بەو شەوقەوە بنووسێت، هەروەها بەو هەموو پەرۆشییەوە..." پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا: "هیوادارم ئەو ئاگرەی ناخت نەکوژێتەوە و وەکو ڕۆژنامەنووسەکانی تر خۆبەگەورەزان و بێڕۆحت لێ دەرنەچێت..."

وا دەردەکەوت لاوێتییەکەم دکتۆر سیمۆنی لەوە دڵنیاتر کردبێتەوە کە نووسەرێکی زۆر باش و چارەنووس ڕۆشنی دەست کەوتووە؛ ئەو هاوڕا بوو لەسەر ئەوەی تا زووە بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ڕووی داراییەوە، چیتر بەربەستێک لە بەردەم ئەو بەرنامەیەدا نەبوو، چونکە هەڵاوسانەکەی

ئەڵمانیا تا ڕادەیەکی باش چارە کرابوو، جێگیرکردنی دراویش جوڵەیەکی بە بازاڕ و دارایی دابوو. ڕۆژنامەکە دەیتوانی وەکو ڕۆژگاری پێش هەڵئاوسانەکە پارەی گەشتی نووسەرە تایبەتەکانی بدات. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم، دەبوو کتێبێک بنووسم کە لە بنەڕەتدا ڕۆژنامەکە بۆ ئەوە لەگەڵ منداڕێک کەوتبوو؛ بڕیار درا لەو ماوەیەدا بچمە نووسینگەی سەرپەرشتیارانەوە، تاکو مەعریفەی ورد و کاملّ سەبارەت بە کارکردن لە ڕۆنامەیەکی گەورەدا بەدەست بهێنم.

سەرەڕای پەلەکردنم بۆ جێهێشتنەوەی ولّات، ئەو مانگانەی فرانکفۆرت بزوێنەر بوون. ڕۆژنامەی *فرانفورتەر زیتەنگ* تەنها ڕۆژنامەیەکی گەورە نەبوو، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان دامەزراوەیەکی تۆڕێنەوەیش بوو. چلوپێنج سەرنووسەری تەواوی هەبوو، ئەوە لەو هەموو نیمچە سەرنووسەر و یاریدەرەی ژوورەکانی هەواڵ هەر بگەڕێ. کاری سەرپەرشتی و پێداچوونەوەی نووسین و سەرنووسەری ورد بوو، هەر ناوچەیەکی جیهان و هەر بوارێکی وەکو ئابووری یان سیاسی بە کەسێکی شارەزا سپێردرابوو: ئامانج لەمە جێبەجێکردنی ئەو کەلەپورە کۆنە بوو کە نابێت وتارەکانی *فرانکفورتەر زیتەنگ* تەنها سەرنج و تێڕامان بن لە ڕووداوەکان، بەڵکو دەبێت تۆماری بەڵگەنامەیی بن و سیاسی و مێژوونووسەکان بتوانن پشتی پێ ببەستن. ئەوە زانراو بوو لە نووسینگەی دەرەکی لە بەرلین، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانی *فرانکفورتەر زیتەنگ* هەمان ئەو گرنگییەیان پێ دەدرا کە حکومەتە دەرەکییەکان بە خۆیندنەوە دیپلۆماسییەکانی دەدەن. (لە ڕاستیدا، دەگوترێت جارێکیان بسمارک سەبارەت بە سەرۆکی لقی بەرلینی ئەوکاتی ڕۆژنامەکە گوتویەتی، "دکتۆر شتاین بالّیۆزی *فرانکفورتەر زیتەنگە* لە دادگای بەرلین.") ئەندامێتیی لە دامەزراوەیەکی ئاوادا بۆ کەسێکی تەمەنی تا بڵێیت قایلکەر بوو؛ لەوەیش قایلکەرتر ئەوە بوو سەرنجە سەرپێیی و نادڵنیاکانی من سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرنجی سەرنووسەرەکانیان ڕادەکێشا و زۆرجار کۆنفرانسی

ڕۆژانەیان لەسەر دەگرت؛ هەروەها سەرکەوتنە مەزنەکەیش هات، کاتێک داوام لێ کرا وتارێکی سەرنووسەرانە بنووسم لەسەر گرفتێکی ئەوکاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبێ ئەوەی کەس پێبایدا بچێتەوە.

کارکردن لە *فرانکفورتەر زیتەنگ* وزە و هێزی بە بیرکردنەوەی هۆشیارم دا. ئەمجارەیان ڕۆشنتر لە جاران، دەستم بە نووسینەوەی ئەزموونە ڕۆژهەڵاتییەکانم کردەوە بۆ ئەو جیهانەی ڕۆژئاوا کە دیسانەوە بەشێک بووم لێی. چەند مانگێک لەوەوبەر درکم بە پەیوەندیی نێوان ئاساییشی هەستی و دەروونی عەرەبەکان و باوەڕەکەیان کردبوو، ئێستایش وردەوردە تێدەگەیشتم دابڕانی دەروونیی ئەورووپا و حاڵەتی قەیرانماویی ئەخلاقیاتی ئەورووپا زادەی پچڕانی پەیوەندیی ڕۆژئاوایە لەگەڵ ئەو ئایینەی شارستانیەتی ڕۆژئاوای دروست کردووە.

ئەوەی لەبەرچاومدا بوو کۆمەڵگەیەک بوو، پاش پشتکردنە خودا، بۆ ئاڕاستەیەکی نوێی مەعنەوی دەگەڕا: بەڵام وا دەردەکەوت کەمێکی ڕۆژئاواییەکان درک بەوە بکەن. زۆرینە بە شێوەیەکی هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە ئاوا بیریان دەکردەوە: "مادام ئەقڵ، ئەزموونە زانستییەکانمان، هەروەها هەژمارکردنە زانستییەکانمان هیچشتێکی یەکلاکەرەوەمان لەسەر ڕەچەڵەکی ژیانی مرۆڤ و چارەنووسی پاش مەرگ پێ ناڵێن، پێویستە سەرنجی تەواومان بخەینە سەر گەشەپێدانی توانای ماددی و فکریمان و نەهێڵین ئەخلاقیاتێکی باڵاخواز و پێشگریمانەگەلێکی نادڵنیای ئەخلاقی ڕێگەمان لێ بگرن." کەوایە گەرچی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە ئاشکرا نکوڵیی لە خودا نەدەکرد، چیتر لە دیوانی فکردا جێگەیەکی بۆ ئەو نەدەکردەوە.

لە ڕۆژانی سەرەتادا، پاش نائومێدبوونم لە ئایینی پێشینانم، بیرم لە مەسیحیەت کردبوویەوە. باوەڕم وابوو چەمکی خودا لە مەسیحیەتدا لەوەی پەیمانی کۆن باڵاترە، چونکە گرنگیپێدانی خودای بۆ گەلێک سنووردار نەدەکرد و باوکایەتیی خودای بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بڕیار دەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا،

تـوخمێکی مەسـیحیەت ڕێگـر بـوو لەوەی ببێـت بە خـاوەنی ڕوانگەیەکـی گەردوونی: ئەو جیاکارییەی لە نێوان ڕۆح و جەستە، هەروەها جیهانی باوەڕ و جیهانی کارە کردەیی و دونیاییەکاندا دەیکرد.

مەســـیحیەت هەر لە قۆناغەکـــانی ســـەرەتاوە هەمـــوو مەیلێکـــی پشتڕاستکردنەوەی ژیـان و کاروبـارە دونیاییەکـانی تەڵاق دابـوو، بـۆیە هەسـتم دەکرد لەمێژە توانـای ئاڕاستەکردنی ئەخلاقیـی شارستانیەتی ڕۆژئاوای نەمـاوە. شـۆڕشەوتووەکانی ڕاهاتبوون بەوەی بڵێن "دەستێوەردان" لە ژیاندا کاری ئایین نیـیە؛ ئەوان بەوە ئاسـوودە بـوون ئایین وەکـو قەنـاعەتێکی ئاسـوودەکەر، وەکـو مسـۆگەرکەری هەسـتێکی نـاڕوونی ئەخلاقیـات لە ژنـان و پیاوانـدا ببینـن – بە تـایبەتی ئەخلاقیـاتی سێکس. لەمەدا مـامەڵەی دێرینـی کەنیسـەیەک پاڵپشـتیان بـوو، کە لە کۆششـیدا بـۆ بەدیهێنـانی بنەمـای "ئەوەی هـی خـودایە بـۆ خـودا و، ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسـەر،" دەستبەرداری هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووریـیەکان بـوو؛ ئەنجامەکەیش ئەوە بـوو بازرگانی و سیاسـەتی مەسـیحیەت ڕێک بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتن کە عیسا دیاریی کردبوو. ئایینی ڕۆژئـاوا نەیتـوانی ڕێنمایـی کـۆنکرێتی و پـتەو لە بـواڕە دونیاییەکانـدا بـۆ شـۆڕشەوتوانی دابـین بکـات، بـۆیە لەوەدا شکسـتی هێنـا کە، بە بۆچـوونی مـن، ئەرک و ئامانجی سەرەکیی عیسا بوو، بگرە ئەرکی سەرەکیی هەموو ئایینێکی تریشـە: قـایلنەبوون بەوەی تەنهـا بە مـرۆڤ بڵێـت چـۆن *هەسـت* بکـات، بەڵکـو فێریشی بکات ڕاست *بژی*. مرۆڤی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی غەریزەیی هەسـتی کـرد ئـایینەکەی شکسـتی داوە و کـارە گـرنگەکەی بـۆ ئەنجـام نەداوە، بـۆیە بە تێپەڕینی چەند سەدەیەک هیچ باوەڕێکی بە مەسیحیەت نەما؛ پاش لەدەستدانی ئەم بـاوەڕە، قەنـاعەتی بەوەیـش نەمـا ئەم گەردوونە دەربڕینـی هزرێکـی بەرنـامەدارێژەر بێـت و لە ئەمسـەر تـا ئەوسـەری کـۆیەکی یەکگرتـوو پێـک بهێنێت؛ لە ئەنجامی لەدەستدانی ئەو قەناعەتەیش، ئێستا ئیدی کەوتبوویە ناو بۆشاییەکی ئەخلاقی و مەعنەوییەوە.

وەختێـک لە دەسـتبەردانی ڕۆژئـاوا لە مەسـیحیەت ڕادەمـام، شۆڕشـێکم لە

دژی ئەو دژەژیانییە پۆڵسییە[1] دەبینی کە لە قۆناغەکانی سەرەتای مەسیحیەتەوە وانە و پەیامەکانی عیسای شێواندبوو. دەی کەوایە، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی چۆن دەیتوانی خۆی وەکو کۆمەڵگەیەکی مەسیحی لەقەڵەم بدات؟ هەروەها چۆن دەیتوانی بەبێ هەبوونی باوەڕ، ئومێدی سەرکەوتن بەسەر قەیران و ئاژاوە ئەخلاقییەکەیدا بخوازێت؟

جیهانێک لە شێوان و پەرێشانیدا: جیهانی ڕۆژئاواییەکان. خوێنڕشتن، وێرانکاری، تۆندوتیژیی بە ئاستێکی پێشتر نەبینراو؛ شکانی زۆرێک لە بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێکهەڵپژانی ئایدیۆلۆجیاکان، شەڕکردنی تاڵ و بەردەوام لەسەر شێوازە نوێیەکانی ژیان: ئەوانە نیشانەکانی سەردەمی ئێمە بوون. لە دوکەڵ و تەپوتۆزی جەنگێکی جیهانییەوە، کە کۆمەڵێک وردەجەنگ و شۆڕش و دژەشۆڕشی بەدوای خۆیدا دەهێنا، هەروەها لە قەیرانگەلێکی ئابووری کە پێشتر وێنەیان نەبووبوو: لە هەموو ئەم ڕووداوە گەورانەوە دەگەیشتین بەو حەقیقەتەی جەختکردنەوەی ڕۆژئاوا لە پێشکەوتنی ماددی و تەکنیکی هەرگیز ناتوانێت پەشێوییەکە بگۆڕێت بۆ ڕێکخراوی. سەرەتا بە شێوەیەکی غەریزەیی و گەنجانە باوەڕم وابوو "مرۆڤ تەنها بە نان ناژی،" ئەوجا ئەوە بوو بە قەناعەتێکی فکری بەوەی ئەو ڕێز و بایەخەی زۆرەی ڕۆژئاوا بۆ "پێشکەوتن" هەیەتی تەنها جێگرەوەیەکی لاواز و سێبەریی باوەڕەکانی پێشترە بە بەها ڕەهاکان؛ بەڵکو زڕباوەڕێکە (باوەڕێکی درۆینە) کەسانێک دروستیان کردووە کە هەموو هێزێکی دەروونییان بۆ باوەڕهێنان بە بەها ڕەهاکان لەدەست داوە، ئێستایش خۆیان بەوە فریو دەدەن مرۆڤ، بەهۆی غەریزەی پەرەسەندنیەوە،

---

[1] ئاماژەیە بۆ پۆڵس، یەکێک لە بڵاوکەرەوەکانی ئایینی مەسیحیەت. پۆڵس لە سەرەتادا جولەکەیەکی دژەمەسیحی بوو و ئازاری شوێنکەوتەکانی مەسیحیەتی دەدا. بەپێی گێڕانەوە باوەکە، پۆڵس لەسەر ڕێگەی قودس بۆ دیمەشق نورێک دەبینێت و دەبێت بە مەسیحی. پاش ئەوە دەست بە بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت دەکات؛ ئەو بۆچوونەیش هەیە پۆڵس ئایینی مەسیحیەتی شێواندووە، ئاشکرایە موحەممەد ئەسەدیش بۆچوونی وایە. (وەرگێڕ)

دەتوانێت بەسەر هەموو سەختییەکدا زاڵ ببێت... نەمدەزانی چۆن سیستەمە نوێیە ئابووریییەکان، کە زادەی ئەو باوەڕە درۆینەیە بوون، دەتوانن چارەی دەردی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بکەن: ئەوپەڕەکەی دەیانتوانی هەندێک لە نیشانەکانی چارە بکەن، بەڵام بە هیچ جۆرێک نەیاندەتوانی دەست بخەنە سەر هۆکارەکە.

کاتێک لە ستافی سەرنووسەرانی *فرانکفورتەر زیتەنگدا* کارم دەکرد، زووزوو دەچووم بۆ بەرلین، کە زۆرێک لە هاوڕێکانم لەوێ دەژیان؛ لە یەکێک لەو گەشتانەدا ئەو ژنەم بینی کە دواتر بوو بە هاوسەرم.

هەر لە یەکەم ساتی ناساندم بە ئێلسا لە ناوەندی قاوەخانەی ڕۆمانیچزدا، دڵی بردم، بەڵام نەک تەنها بە جوانیی ڕوخساری – ڕوخسارە باریک و ناسکەکەی، لەگەڵ چاوە شین و جددییەکانی و دەمە هەستیارەکەی کە بە گاڵتە و میهرەبانی دەدوا – بەڵکو بە مامەڵە هەستیار و پێشبینینانەکەی لەگەڵ خەڵک و شتەکاندا. ئەو وێنەکێشی بوو. دواتر بۆم دەرکەوت تابلۆکانی فرە نایاب نەبوون، بەڵام هەمان ئەو توندییە ئارامەیان تیادا بوو کە لە خۆی و وتەکانی و جوڵەکانیشیدا هەبوون. ئەو پازدە ساڵێک لە من بەتەمەنتر بوو – واتە لە کۆتایی سییەکانیدا بوو – بەڵام ڕوخسارە سافەکەی و جەستە باریکەکەی گەنجتر دەیاننواند. ڕەنگە ئەو جوانترین دەربڕینی جۆری "ئیسکەندەناڤی" بووبێت کە من بینیومە، چونکە ڕوخساری پاک و ساف بوو و لێوارەکانیشی ئاشکرا، بەڵام گۆشەدار و ڕەق نەبوو. ئەو نەوەی یەکێک لە خانەوادە کۆنە هۆڵشتاین بوو، کە دەکرێت هۆڵشتاینەکان وەکو هاوتای ئەڵمانی بۆ "یۆمەنری"[1]ی زمانی ئینگلیزی ببینرێت؛ بەڵام ئازادییە بێمەرجەکەی ڕەفتاری بووبووە هۆی ئەوەی خۆبەکەمگرییە یۆمەنرییەکەی ڕێگە بۆ گەرموگوڕییەکی نائەسکەندەناڤی بکاتەوە. ئەو بێوەژن بوو و کوڕێکی شەش ساڵانی هەبوو و کاتێکی زۆری بۆ دادەنا.

دیارە ئەویش منی بەدڵ بووە، چونکە هەر لە دوای یەکەمین دیدارەوە

---

[1] کۆمەڵێک سوارچاک بوون ناوچەی بچووکیان لە دەستدا بوو و کشتوکاڵیان تیادا دەکرد.

زووزوو یەکترمـان دەبینـی. مـن پـڕ بـووم لە باسوخواسـی جیهـانی عەرەبـی، زۆریشیم بۆ ئێلّسا باس دەکرد؛ ئەویش، بە پێچەوانەی هاوڕێکانی ترمەوە، لێم تێدەگەیشـت و هاوسـۆزیی بـۆ هەسـت و بیـرۆکە بەهێـز بەلاّم ناکاملّەکـانم دەردەبـڕی: بە ڕادەیەک کاتێـک پێشـەکییەکم بـۆ ئەو کتێبـە نووسـی کە تیایـدا باسی ئەزموونەکانی خۆمم لە ڕۆژهەلاّتی نزیـک دەکـرد، هەسـتم دەکـرد لەگەلّ ئەودا دەدوێم:

کاتێک ئەورووپییەک گەشت بە ولاّتێکی ئەورووپیدا دەکات کە پێشـتر نەیـدیوە، هێشـتا لەنـاو ژینگەکەی خۆیـدا هـاتوچۆ دەکـات، بەلاّم بە شێوەیەکی فراوانتر، هەروەها دەتوانێت لە جیاوازیی نێوان ئەو شـتانە تێبگـات کە بەهۆی خووەوە ئاشنایان بـووە، هەروەهـا بە شـێوەیەکی ئاسـانیش پەیوەنـدی لەگەلّ شـتە نوێیەکانـدا دروسـت دەکـات. دەی ئـاخر ئـێمە ئەلّمانـی یـان ئینگلیـز بـین، هەروەهـا بە فەڕەنسا، ئیتالّیا، یان هەنگاریادا گەشت بکەین، هێشـتا ڕۆحیەتـی ئەورووپا دەمانبەسـتێتەوە بە یەکەوە. پەیوەندییەکانی بواری ژیـانی ئێمە بە باشی پێناسە کراون، بۆیە باش لە یەکتری تێدەگەین و ئەو پەیوەندییانە وەکـو زمـانێکی هـاوبەش وان لە نێوانمانـدا. ئـێمە بەم دیاردەیە دەڵێین "کۆمەڵگەی کلتوری." بێگومان هەبوونی شتێکی باشە؛ بەلاّم وەکو هەموو ئەو شتە باشانەی زادەی خوون، ئەمەیش لایەنـی نەرێنیـی هەیە: زۆرجـار بۆمـان دەردەکەوێـت ئەو ڕۆحیـەتە گەردوونییە وەکو قوماشێکی کەتان لێمان ئالاّوە؛ دڵمان تەمبەڵیی کردووە بە پەناگە؛ بیرمان چووەتەوە وەکو جاران و ئەو ڕۆژگارەی داهێنەرتر بووین بەسـەر هێڵە باریـک و مەترسیدارەکاندا بڕۆین و هەوڵ بۆ گەیشـتن بە حەقیقەتە نامادییەکـان بدەین. جاری جـاران، بەوانە دەگـوترا "ئەگەرە دەرهەسـتەکان،" ئەو کەسانەیشـی بـۆی

دەگەڕان – جا دۆزەرەوەکان بووبێتن یان سەرکێشیکاران یان هونەرمەندە داهێنەرەکان – بۆ چاوگە ڕەسەنەکانی ناخی خۆیان دەگەڕان. ئێمەی درەنگهاتوویش هەر بۆ ژیانی خۆمان دەگەڕێین، بەڵام سورین لەسەر ئەوەی پێش ئەوەی ژیانمان پەڕەکانی هەڵبداتەوە، مسۆگەری بکەین. لە ناخیشماندا هەست بە تاوانی کارێکی وەها دەکەین. ئێستا زۆرێک لە ئەوروپییەکان هەستی پێ دەکەن: مەترسیی خۆپاراستن لە مەترسی.

لەم کتێبەدا باسی گەشت بۆ ناوچەیەک دەکەم "جیاوازییەکەی" لە ئەوروپا زۆر لەوە مەزنترە بە ئاسانی پڕ بکرێتەوە: لە گۆشەنیگایەکیشەوە، جیاوازی لە مەترسی دەچێت. ئێمە سەلامەتیی ژینگە ناسراو و یەکڕەنگەکانی خۆماندا بەجێ دەهێڵین، ئەو ژینگەیەی شتی بێگانە و چاوەڕوانەکراوی کەمە، هەروەها دەچینە ناو بێگانەیی جیهانێکی "تر"ەوە.

با خۆمان فریو نەدەین: دەکرێت لەو جیهانەی تردا لە هەندێک یان زۆر لە دیاردە هەمەجۆرەکان تێبگەین، بەڵام هەرگیز ناتوانین – چۆن لە ولاتێکی ئەوروپیدا دەتوانین – بە شێوەیەکی هۆشیارانە لە تەواوی وێنەکە تێبگەین. ئەوەی ئێمە لە خەڵکی ئەو جیهانەی "تر" جیا دەکاتەوە تەنها ناوچە نییە. چۆن لەگەڵیاندا بدوێین و پەیوەندییان لەگەڵدا بگرین؟ زانینی زمانەکەیان بەس نییە؛ بۆ ئەوەی بزانیت چۆن بەر ژیان دەکەون، دەبێت بچیتە ناو ژینگەکەیانەوە و لەناو پەیوەندییەکانیاندا بژیت. شتی وا دەبێت؟

ئەگەر دەبێت، ئایا خوازراوە؟ هەرچۆنێک بێت، گۆڕینەوەی جیهانە ئاشناکەی خۆمان و بیرکردنەوە ئاشناکان بە جیهانێکی نەناسراو لە مامەڵەیەکی باش ناچێت.

بەڵام ئایا ئێمە لە دەرەوەی ئەو جیهانەین؟ وا نازانم. هەستی بەدەربوونمان لێی بەندە بە هەڵەیەکی شێوازی ڕۆژئاواییانەی بیرکردنەوەمان: ئێمە ڕاهاتووین بەهای داهێنەرانەی نەناسراوەکان بشکێنین و لەگەڵیدا تووندوتیژ بین، بیبەین بۆ خۆمان، دەستی بەسەردا بگرین و بەو شێوەیەی دەمانەوێت بیخەینە ناو ژینگەی فکریمانەوە. لەبەرچاوی من، وا دەردەکەوێت سەردەمە پەشێوەکەمان چیتر ڕێگە بەو هەوڵە گوێپێنەدەرانە نەدات؛ وردەوردە زۆرێکمان لەوە تێدەگەین مەودای کلتوری بە ڕێگەی جگە لە دەستدرێژیی فکری پڕ دەکرێتەوە: ڕەنگە ڕادەستکردنی هەستەکانمان بۆی یەکێک بێت لە ڕێگەکان.

ئەم جیهانە بێگانەیە لە هەموو ئەوەی زانیوتە جیاوازە؛ ئەم جیهانە وێنە و دەنگی هێندە نامۆ دەنوێنێت، ئەگەر ڕێگە بە خۆت بدەیت دڵی بدەیتێ، هەندێکجار دەتخاتەوە بیری شتانێک کە لە دێرزەمانەوە زانیوتن، بەڵام بیرت چوونەتەوە: حەقیقەتە دەرهەستەکانی ژیانت. کاتێک ئەم هەناسەی یادکردنەوەیە لەودیو ئەو تاریکاییەی جیهانەکەی خۆت و جیهانە نەناسراوەکە جیا دەکاتەوە بەرت دەکەوێت، لە خۆت دەپرسیت ڕەنگە مانای هەموو گەڕانەکانت لەوێدا – تەنها لەوێدا – بن: درک بە بێگانەیی جیهانەکەی چواردەوت بکەیت و حەقیقەتە لەبیرکراوەکەی خۆت بناسیتەوە...

لەبەرئەوەی ئێڵسا دەستبەجێ لەوە تێدەگەیشت کە من، وەکو ئەو کەسەی لە تاریکیدا دەست دەگێڕێت و هەرچی بە دەستیدا بێت پەنای بۆ دەبات، بە ناتەواوی و بە وشەگەلێکی پچڕاو دەمگەیاند، هەستم کرد ئەو، تەنها ئەو، دەزانێت من بە دوای چییەوەم و لە گەڕانەکەمدا یارمەتیم دەدات...

(٢)

ڕۆژێکی تری گەڕان کۆتایی هات. لە ناخمدا بێدەنگی هەیە، لە دەرەوەیشم شەوێکی بێدەنگ. بایەکە بە نەرمی لەسەر تەپۆڵکە لمینەکان دەخزێ و سەما بە تۆزەکە دەکات. لە مەودای ئەو ڕۆشناییە بازنەییەی ئاگرەکە دروستی کردووە، زەید دەبینم خەریکی کتری و تاوەکانە، هەگبەکانمان دەبینم کە لە نزیک خێمەکەمان فڕێیان داون، هەروەها زینەکانمان و دەسکە تەختەکانیان. کەمێک لەو لاترەوە، لە جێیەکدا ڕۆشنایی ئاگرەکە دەیگاتێ و نایگاتێ، حوشترەکانمان دەبینم لە کاتێکدا ملیان لەسەر لمەکە داناوە و پاش گەشتێکی درێژ پشوو دەدەن؛ تۆزێک لەولاتریشەوە، بیابانە چۆڵەکە لەژێر ڕۆشنایی کزی ئەستێرەکاندا بەحاڵ دیارە، بەڵام لە لێدانی دڵت لێت نزیکترە.

لە دونیادا دیمەنی زۆر جوانتر لەمە هەن، بەڵام پێم وانییە هیچیان ئاوا دەست لەسەر ڕۆحی مرۆڤ دابنێن. بیابان، بە ڕەقییەکەی و چۆڵییەکەی، ئارەزووی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ژیان لە هەموو ئەو وەهم و فریوانە دادەڕنێت کە تەڵە بۆ بیری مرۆڤ دادەنێن، تاکو خەیاڵەکانی خۆی لە جیهاندا ورد بکاتەوە. بیابان ڕووتە و پاکە، دانوستانیش نازانێت. دڵی مرۆڤ لە هەموو خەیاڵە خۆشەکانی بیرکردنەوەی خۆفریودەرانە خاڵی دەکاتەوە، لە ئەنجامیشدا ئازادی دەکات تاکو ملکەچی ڕەهایەک (موتڵەقێک) ببێت کە وێنەی نییە: دوورتر لە هەموو دوورەکان، نزیکتر لە هەموو نزیکەکان.

لەو کاتەوەی مرۆڤ دەستی بە بیرکردنەوە کردووە، بیابان لانکەی هەموو باوەڕەکانی بووە بە خودایەکی تاقانە. ڕاستە لە ژینگە نەرمتر و گونجاوترەکانیشدا خەڵکی درکیان بە بوونی خودا و تاقانەیی ئەو کردووە، بۆ وێنە لە چەمکی *مۆیرای* یۆنانیی دێرینداا، کە بڕیتییە لە خاوەنهێزی پێناسەنەکراوی سەروو هەموو خودا ئۆلێمپییەکان: بەڵام ئەو چەمکانە هەرگیز

لە دەرئەنجامی هەستێکی نارووون زیاتر نەبوون، هەروەها زیاتر هەڵهێنانێک بوون تاکو مەعریفەیەکی جێگیر – تا ئەوەی مەعریفەکە بە یەقینەوە لە دڵی بیابانییەکاندا جێگیر بوو. مەگەر لە پوشوپەڵاشە سوتاوەکەی بیابانی مەدیەندا نەبوو کە موسا گوێی لە دەنگی خودا بوو؟ مەگەر لە بیابانی خەلیلدا نەبوو کە عیسا پەیامی شانشینی خودای وەرگرت؟ ئەی مەگەر لە ئەشکەوتی حیرادا، لەسەر گردە بیابانییەکانی نزیک مەککە نەبوو، کە یەکەمین وەحی بۆ موحەممەد (درودی خودای لەسەر بێت) دابەزی؟

لەو دەربەندە بچووک و وشکەی نێوان گردە بەردینەکاندا، لەو دۆڵە ڕووتەدا کە خۆری بیابان سووتاندبووی، بەڵێیەکی بە ڕووی ژیاندا بۆهات، بەڵێیەک هەم بۆ ڕۆح، هەم بۆ جەستە: ئەو بانگەی شکڵ و ئامانجی بە نەتەوەی بێشکڵی هۆزەکان دەدا، هەروەها لە ماوەی چەند دەیەیەکدا وەکو گڕێک و بەڵێنێک، بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا تاکو ئۆقیانووسی ئەتلانتیک ڕۆیشت، بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات تاکو لای دیواری مەزنی چین: ئەو بانگەی بۆی دیاری کرابوو پاش سیازدە سەدەیش وەکو هێزێکی مەزنی مەعنەوی بمێنێتەوە، بەرگەی هەموو هەڵوەشانێکی سیاسی بگرێت، بەڵکو بە نەمانی ئەو شارستانییەتەیش کە خۆی هێنایە بوون هەر بمێنێت: ئەوەیە بانگی پێغەمبەری عەرەبی...

دەخەوم و بێدار دەبمەوە. بیر لە ڕۆژانی تێپەڕیو و مانەوەم بە زیندوویی دەکەمەوە؛ دەخەومەوە و خەون دەبینم؛ دیسان بێدار دەبمەوە و دادەنیشم، خەون و یادەوەری پێکەوە لە تاریک و ڕوونی بێداریمدا دێن و دەچن.

بەرەبەیان جێ بە شەو لێژ دەکات. ئاگرەکە تەواو کوژاوەتەوە. زەید بەتانییەکەی لە خۆی ئاڵاندووە؛ حوشترەکانمان بەبێ جوڵە لێی کەوتوون. هێشتا ئەستێرەکان دیارن، ڕەنگە وایش بیر بکەیتەوە کاتت بۆ خەوتن ماوە: بەڵام لە خوارەوەی ئاسمانی ڕۆژهەڵاتەوە، تیشکێکی ڕۆژ لە سەرووی تیشکێکی کزترەوە بۆ ڕەواندنەوەی تاریکییەکە تێدەکۆشێت؛ ئەمانە نوێنەری کازیوەن و، کاتی نوێژی بەیانییە.

لە سەرووی خۆمەوە ئەستێرەی بەیان دەبینم، کە عەرەبەکان پێی دەڵێن زوهرە، "درەوشاوەکە." ئەگەر پرسیاری زوهرەیان لێ بکەیت، پێت دەڵێن ڕۆژێک لە ڕۆژان خانمێک بووە...

ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو فریشتە هەبوون بە ناوەکانی هارووت و ماروت. ئەم دوو فریشتەیە بیریان چوو خۆبەکەمگر بن، وەکو چۆن دەبێت فریشتەکان وابن، بۆیە شانازییان بە پاکیی خۆیانەوە کرد: "ئێمە لە ڕۆشنایی ئافرێندراوین؛ ئێمە لە سەرووی هەموو تاوان و ئارەزوویەکەوەین، وەکو بنیادەم نین، کە زادەی ڕەحمی تاریکی دایکن." ئەوان بیریان چوو پاکییەکەیان لە ئازایەتیی خۆیانەوە نەبوو، بەڵکو هی ئەوە بوو نەیاندەزانی ئارەزوو چییە و هەرگیز داوایان لێ نەکرابوو بەرهەڵستیی ئارەزوو بکەن. خودا لە خۆبەگەورەزانینەکەیان ڕازی نەبوو، بۆیە پێی گوتن: "بڕۆنە سەر زەوی و تاقیکردنەوە بکەن." فریشتە لەخۆڕازییەکان چوونە سەر زەوی و جەستەی مرۆڤیان پۆشی و لەگەڵیاندا ژیان. هەر یەکەم شەو ژنێکیان بینی ئەوەندە جوان بوو خەڵکی پێیان دەگوت زوهرە (درەوشاوەکە). کاتێک دوو فریشتەکە لە چاو و هەستی مرۆڤەوە سەیریان کرد، هەروەکو ئەوەی خۆیشیان بنیادەم بن سەریان لێ شێوا و ئارەزوو گڕی تێبەردان. هەریەکێکیان بە ژنەکەی دەگوت: "لەگەڵمدا بە"؛ بەڵام زوهرە پێی گوتن: "پیاوێک هەیە من هی ئەوم؛ ئەگەر منتان دەوێت، دەبێت لە ئەو ئازادم بکەن." پیاوەکەیان کوشت و پاش پیسکردنی دەستی خۆیان بە خوێنی ناحەق، لەگەڵ ژنەکەیشدا خەوتن. پاش کوژانەوەی ئاگری شەهوەت، هۆشیان وەبەردا هاتەوە و زانییان لە یەکەم شەویاندا لەسەر زەوی دوو تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە – کوشتن و زینا – و بەخۆدانازینەکەیان بێبەنا بووە... جا پەروەردگار پێی گوتن: "لە نێوان سزای ئەم دونیا و ڕۆژی دواییدا یەکێکیان هەڵبژێرن." فریشتەکان بە پەشیمانییەوە سزای ئەم دونیایان هەڵبژارد، پەروەردگاریش فەرمانی دا لە نێوانی ئاسمان و زەویدا تا ڕۆژی داوەری هەڵبواسرێن، تاکو

هەموو فریشتە و مرۆڤێک بزانن نەمانی خۆبەکەمگری نەمانی هەموو سیفەتە جوانەکانە. بەڵام چاوی مرۆڤ فریشتە نابینێت، بۆیە خودا زوهرەی کرد بە ئەستێرەیەک لە ئاسمانداا، تاکو خەڵکی هەمیشە لەبەرچاویان بێت و بەهۆی ئەوەوە یادی چیرۆکی هاروت و ماروت بکەنەوە.

چوارچێوەی ئەم سورەتە زۆر لە ئیسلام دێرینترە؛ وا دەردەکەوێت بناغەکەی یەکێک بووبێت لە ئەفسانەی سامییە کۆنەکان سەبارەت بە عیشتاری خودایان، واتە ئەفرۆدێتی مەزنی یۆنانی لە سەردەمەکانی دواتردا، کە هەردووکیان دەدرێنە پاڵ ئەو هەسارەیەی ئێستا ئێمە پێی دەڵێین زوهرە. بەڵام لەو فۆرمەدا کە من بیستوومە، دەتوانم بڵێم زادەی هزری موسوڵمانە و وێناکردنی ئەوەیە بیرۆکەی پاکیی ڕەها، یان ئازادی لە تاوان، تا کاتێک لە نەبوونی ئارەزوو و ئیرادەدا بێت هیچ مانایەکی ئەخلاقیی نییە: مەگەر پێویستیی بەردەوامی هەڵبژاردن لە نێوان ڕاست و هەڵەدا پێشگریانەی ئەخلاقیات نییە؟

هاروت و ماروتی هەژار ئەمەیان نەدەزانی. تا کاتێک فریشتە بوون، بەر ئارەزوو و وروژان نەکەوتبوون، بۆیە خۆیان بە پاک و لە مرۆڤ بەئەخلاقتر دەزانی – نەیانزانی نکوڵیکردن لە "ڕەوایەتیی" ئارەزووە جەستەییەکان یەکسانە بە نکوڵیکردن لە بناغەی ئەخلاقیات لە کرداڕە مرۆییەکاندا، چونکە ئەوە هەبوونی ئارەزوو و وروژاندن و ناکۆکییەکانە – گریانەی بژاردەی ئازاد – کە مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ و بوونەوەرێکی ئەخلاقی؛ بوونەوەرێکی خاوەن ڕۆح.

لەم ڕووەوەیە ئیسلام، بە تاقانەیی لەناو هەموو ئایینە بەرزەکاندا، ڕۆحی مرۆڤ وەکو بەشێک لە "کەسایەتیی" مرۆڤ سەیر دەکات و وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆ ناببینێت. لە ئەنجامدا، لای مرۆڤی موسوڵمان گەشەی مەعنەوی لە ڕەهەندەکانی تری سروشتی دانابڕێت. ئارەزووە جەستەییەکان بەشێکی بنەڕەتیی سروشتی مرۆڤن و زادەی تاوانی ڕەسەن – بیرۆکەیەکی بێگانە بە

ئیسلام – نین، بەڵکو هێز و نیعمەتی ئەرێنیی خودان، قبووڵ دەکرێن و بە شێوەیەکی ژیرانە بەکار دەهێنرێن: کەوایە ئەو پرسەی یەخەی مرۆڤ دەگرێت کەپتکردنی ئارەزووە جەستەییەکانی نییە، بەڵکو ئاڕاستەکردنیانە بە جۆرێک لەگەڵ داواکارییەکانی ڕۆحدا یەک بگرنەوە، تاکو لە ئەنجامدا مرۆڤ ژیانێکی ڕاست و پڕ بەڕێ بکات.

ڕیشەی ئەم ژیاندۆستییە نزیک لە یەکپارچەخوازییە لەو ڕوانینەی ئیسلامدایە کە سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ چاکە. بە پێچەوانەی بیرۆکەی مەسیحیەتەوە کە پێی وایە مرۆڤ بە گوناهباری لەدایک دەبێت، یان هیندۆیزم کە دەڵێت مرۆڤ لە بنەڕەتدا نزم و ناپاکە و دەبێت بە زنجیرەی درێژی تەناسوخدا تێبپەڕێت تاکو بە کەماڵ دەگات، قورئان دەڵێت: "*مرۆڤمان لە چاکترین دۆخدا بەدی هێناوە* – دۆخی پاکی کە تەنها بە ڕەفتاری نزم و خراپ تێک دەچێت – *پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ نزمترین پلە، ئەوانە نەبێت باوەڕیان هێناوە و چاکەکارن.*"[1]

---

[5] لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ۝٤ ثُمَّ رَدَدْنَـٰهُ أَسْفَلَ سَـٰفِلِينَ ۝٥ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ

(٣)

باخه خورماکانی حائیل له بەردەماندا بوون.

لای تاوەرێکی کۆن و وێرانی چاودێری لاماندا تا خۆمان بۆ چوونه ناو شارەکه ئامادە بکەین؛ له نەریتی کۆنی عەرەباندا گرنگی به جوانیی کەسی دەدرێت و وا دەخوازێت کاتێک ڕێبوارێک دەچێته ناو شارێکەوە، به جوانترین و پاکترین پۆشاکەوە، هەروەکو ئەوەی تازە سواری حوشترەکەی بووبێت، بچێته ژوورەوە. بۆیە بەو ئاوەی پێمان مابوو دەست و دەموچاومان شۆرد، ڕیشمان چاک کرد و سپیترین پۆشاکی ناو تورەکەکانمان دەرهێنا. تەپوتۆزی چەند حەفته گەشتی بیابانمان له عەباکانمان و گوڵینگی تورەکەکانمان تەکاند، هەروەها حوشترەکانیشمان ڕازاندەوە؛ ئەوجا ئامادە بووین خۆمان پێشکەشی حائیل بکەین.

ئەم شارە له بەغداد و مەدینه عەرەبیترە؛ هیچ توخمێکی له خەڵک و وڵاتە ناعەرەبییەکانەوە وەرنەگرتووە؛ هەروەکو جامێکی شیری تازە، پاکە و نەشێوێندراوە، هیچ جلێکی بێگانه له بازاڕەکەدا بەدی ناکرێت، تەنها عەبای فش و کوفیه و عەگاڵی عەرەبی. بەراورد به شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – تەنانەت نەجدیش که به پاکژییەکی نارۆژهەڵاتی ناسراوە – شەقامەکانی ئێرە پاکترن (ڕەنگه هۆیەکه ئەوە بێت خەڵکی ئێرە هەمیشه ئازاد بوون و بەراورد به شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێزی زیاتریان بۆ خۆیان هەیە). ماڵەکان، که به چینی ستوونیی قوڕی لەقاڵبدراو دروست کرا بوون، دۆخیان باش بوو – بێ له دیوارە ڕوخێندراوەکان که شایەتی دواهەمین جەنگی نێوان ئیبن سعود و ماڵی ئیبن ڕەشید و پەلاماری ئیبن سعودە بۆ سەر شارەکه له ساڵی ١٩٢١دا.

چەکوشی مسگەرەکان شکڵی به سینی و قاچاخه جۆراوجۆرەکان دەدا،

مشاری دارتاشەکانیش گازی لە تەختە دەگرت، پینەچییەکانیش نەعلیان چاک دەکرد. حوشترگەلێک بە باری قورسی سووتەمەنی و پێستەی پڕ لە کەرەوە بە قەرەبالّغییەکەدا دەڕۆیشتن؛ بۆڕەی حوشترگەلێکی تریش، کە لە لایەن دەشتەکییەکانەوە بۆ فرۆشتن هێنرابوون، بە هەوادا بلاّو دەبوویەوە. دەستی ئەزموونداری کاری لە تورەکە ڕەنگکراوەکانی حەسادا دەکرد. فرۆشیارەکان دێن و دەچن هاوار بۆ کالاّکانیان دەکەن، ئەمەیش دیمەنێکی دووبارەی هەموو شارێکی عەرەبییە. لێرە و لەوێ باز دەبینیت لەسەر جێی هەلّنیشتنەکەی بەرز دەبێتەوە و دەنیشێتەوە و بە قایشێکی تەنکی چەرمیش بەستراوەتەوە. تانجییە سالوکییە هەنگوینییەکانیش لەبەر تیشکی خۆردا تەمبەلاّنە خۆیان دەکێشنەوە. دەشتەکییە باریکەکان لە عەبا دڕاوەکانیاندا، خزمەتکار و پاسەوانە جوانپۆشەکانی ئەمیر – زۆرینەیان سەر بە ناوچەکانی باشوورن – لەگەلّ بازرگانەکانی بەغداد، بەسڕە، هەروەها کوەیت و ڕەسەنەکانی حائیلدا تێکەلّ دەبن. ئەم ڕەسەنانە – پیاوەکانم مەبەستە، هەرچی ژنەکانە تەنها عەبا ڕەشەکانیان دەبینیت کە سەر و جەستەیان دادەپۆشێت – سەر بە یەکێک لە قۆزترین ڕەگەزەکانی جیهانن. هەر دەڵێیت هەموو ئەو جوانییەی لە ڕواڵەت و جوڵەی عەرەبدا دەرکەوتووە، لە هۆزی شەمەردا بەرجەستە بووە، کە لە هۆنراوەی عەرەبیی سەردەمی جاهیلیدا پێیان گوتراوە: "لە بەرزاییەکاندا پیاوانی ئاسن و ژنانی بەحەیا دەژین."

کاتێک دەگەینە لای کۆشکەکەی ئەمیر، کە نیازمان وایە دوو ڕۆژی داهاتووی تیادا بەسەر ببەین، دەبینین خانەخوێیەکەمان لە دەرەوەی دەرگای کۆشکەکە لەگەلّ کۆمەڵێکدا دادگای کراوەی گرتووە. ئەمیر ئیبن موساعد سەر بە لقی جیلویی مالّی ئیبن سعودە و ژنبرای پاشایە. ئەو یەکێکە لە بەهێزترین والییەکانی پاشا، چونکە تەنها جەبەل شەمەری لە دەستدا نییە، بەڵکو تەواوی باکووری نەجد و بگرە تا لای سوریا و عێراقیش – ناوچەیەک کە بە نزیکەیی بە ئەندازەی فەڕەنسا دەبێت.

ئەمیرەکە (کە هاوڕێیەکی کۆنمە) و هەندێک شێخی دەشتەکیی

تەختاییەکان لەسەر سەکۆیەکی خشت دانیشتوون، کە بە پاڵ دیواری قەڵاکەوە دروست کراوە. لای خوارەوەیان پیاوانی ئیبن موساعد دانیشتوون، کە تفەنگ و خەنجەری بەرگ زیوینیان پێیە و بە درێژایی ڕۆژ بەجێی ناهێڵن، بەڵام زیاتر لەبەر شکۆمەندیی ئەو نەک پاراستنی؛ لە تەنیشت ئەوانەوە، بازەوانەکان دەستکێشیان لە دەستدایە و باز لەسەر دەستیان ڕاوەستاوە، هەروەها لای ئەوانیشەوە خزمەتکاری نزمتر، دەشتەکییەکان، هەروەها هەندێک کوڕ – هەموو ئەمانە سەرەڕای جیاوازیی پلەیان هەست بە یەکسانی دەکەن. پێشبینی چی لە خاکێک دەکەیت تیایدا جگە لە خودا بە کەسی تر ناگوترێت "گەورەم؟" لە بەرانبەر ئەوان بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی دەشتەکییەکان و خەڵکی شارەکە وەستاون، کە هەریەکێکیان سکاڵا یان پرسێکی هەیە و چاوەڕێن ئەمیر بۆیان چارە بکات.

لە دەرەوەی بازنەکە حوشترەکانمان دەخەین و دەیدەینە دەست چەند خزمەتکارێک کە بەرەو لامان هاتن؛ پاشان دەچین بۆ لای ئەمیر. ئەو هەڵدەستێت و هەموو ئەوانەی لەسەر سەکۆکە و زەوییەکەن هەڵدەستنەوە لەگەڵی. دەستی بەرەوپیریان ڕادەکێشێت:

"ئەهلەن وە سەهلەن."

سەرلووت و ناوچاوی ئەمیر ماچ دەکەم، ئەویش ڕوومەتەکانم ماچ دەکات و لەسەر سەکۆکە لای خۆی جێیەکم بۆ دەکاتەوە. زەیدیش لای پیاوەکانی ئەمیردا جێیەک دەدۆزێتەوە.

ئیبن موساعد بە میوانەکانی تریم دەناسێنێت؛ هەندێک لە ڕوخسارەکان نوێن بۆم و هەندێکی تریشیان ئاشنان. یەکێک لە ئاشناکان غەزبانی ئیبن ڕیماڵە، شێخی گەورەی سنجاری شەمەرە – ئەو جەنگاوەرە دێرینەی هەمیشە بە مامە بانگی دەکەم. لە ڕواڵەتە هەڵوەشاوەکەیەوە هەست بەوە ناکەیت یەکێک بێت لە گەورەترین سەرۆکهۆزەکانی باکوور، هەروەها ئەوەندەی ئالتوون و خشڵ بۆ ژنە

لاوەکەی کردووە، بە قسەی خەڵک دوو کەنیزەکی داناوە تا هەرکات ژنەکەی خێمەکەی بەجێ هێشت خشڵەکانی لەگەڵدا هەڵبگرن. کاتێک لەئامێزم دەگرێت و بە گوێمدا دەچرپێنێت، چاوەکانی دەبریسکێنەوە:

"ژنی تازەت نەهێناوە؟" هەموو وەڵامەکەی منیش تەنها بزەیەک و شانهەڵتەکاندنێکە.

دیارە ئەمیر ئیبن موساعدیش گوێی لە چپەکە دەبێت، چونکە پێدەکەنێت و دەڵێت:

"ڕێبواری ماندوو پێویستی بە قاوەی گەرمە، نەک ژن،" پاشان هاوار دەکات، "قەهوە."

نزیکترین خزمەتکاری ئەمیر هاوار دەکات، "قەهوە"؛ پاشان دوورترینیان و تا فەرمانەکە دەگات بە دەرگای کۆشک. دەستبەجێ خزمەتکارێک بە قۆرییەکی ڕەسەنی قاوە لە دەستی چەپ و چەند کوپێکی بچووک لە دەستیدا ڕاستیدا دەردەکەوێت. سەرەتا بۆ ئەمیری تێدەکات، پاشان بۆ من، پاشانیش بۆ میوانەکانی تر بە ڕیزبەندیی پێگەیان. کوپەکە جارێک یان دوان پڕ دەکرێتەوە، کاتێکیش میوانێک دەڵێت زیاتر ناخواتەوە، کوپەکە پڕ دەکرێتەوە و بۆ کەسی دواتر دەگێڕدرێت.

دیارە ئەمیر سەبارەت بە ئەنجامەکانی گەشتەکەم بۆ سنووری عێراق کنجکۆڵە، بەڵام ڕوو لە ئارەزووەکەی وەردەگێڕێت و تەنها سەبارەت بەوەی لە ڕێگە چیم تووش بووە لێم دەپرسێت، تاکو پرسوجۆی وردتر بۆ کاتی تەنیایی هەڵبگرێت. پاشان گوێ لەو سکاڵایە دەگرێت کە هاتنی من پچڕاندبووی.

وێناکردنی دادگایەکی ئاوا نافەرمی لە ڕۆژئاوا ئەستەمە. بێگومان ڕێزی تەواو لە ئەمیر، وەکو فەرمانڕەوا و دادوەر، دەگیرێت، بەڵام هیچ ملکەچییەک لە مامەڵەی دەشتەکییەکاندا بەدی ناکرێت. ئاسوودەیی هەموو سکاڵاکارێک و

سـکالاّلێکراوێک لەوەدایە مـتمانەی بە مرۆڤـایەتییە ئـازادەکەی هەیە؛ لە ڕەفتارەکانیاندا سڵکردنەوە بەدی ناکرێت، دەنگیان بەرزە و هەموان وەکو بـرا گەورەیەک لەگەڵ ئەمیـردا دەدوێـن، هەروەهـا – وەکـو نەریتـی دەشـتەکییەکان لەگەڵ خـودی پاشایشـدا – بە نـاوی یەکەمـیەوە بـانگی دەکەن. هـیچ خۆبەگەورەزانینێـک لە ڕەفتـاری ئیـبن موسـاعددا بەدی ناکرێـت. ڕوخسـارە قۆزەکەی، ڕیشـە کورت و ڕەشـەکەی، جەستە مامناوەندەکەی بەرجەستەکەری ئەو خۆگری و شکۆمەندییە ئاسانەن کە زۆرجار لە عەرەبستان هاوشانی هێزن. بە وشـەی بەهێـز و پـڕمتمانە داوەری لەسـەر دۆسـیە سـادەکان دەکـات و ئاڵۆزەکـانیش، کە پێویستیان بە شـارەزایی وردی فیقهـی هەیە، بـۆ لای قـازیی ناوچەکە دەنێرێت.

سـەرۆکایەتیکردنی نـاوچەیەکی گەورەی دەشـتەکی ئاسـان نیـیە. دەبێـت شـارەزاییەکی وردت لە هـۆزە جیاوازەکـان، پەیوەنـدییە خانەوادەییەکـان، کەسایەتییە دیارەکان، ناوچە بەپیتەکان، شێوازی ڕەفتار لە ئێستا و ڕابردوودا هەبێـت، ئینجـا دەتوانیـت چارەسـەرێکی ڕاسـت بـۆ گرفتـی دەشـتەکییەک بدۆزیتەوە. زیندوێتیی دڵیش بە ئەندازەی وردیی هزر پێویستە، بۆ خۆڵادانیش لە هەڵە پێویستت بە هاوکـاریی هەردوولایە، چونکە چۆن دەشـتەکییەکان هەرگیـز چاکەیان لەبیر ناچێت، هەرگیز داوەرییەکیش لەیاد ناکەن کە بۆنی ستەمی تیادا بـکەن. لە لایەکـی تریشـەوە، زۆریـنەی کـات هەردوو لایەنەکە، بە دۆڕاوەکەیشـەوە، داوەرییەکە ڕاستەکە قبووڵ دەکەن. ڕەنگە ئیبن موساعد لە هەموو ئەمیرەکانی تری ئیبن سعود باشتر ئەو مەرجانە بەدی بهێنێت؛ ئەو هێمنە، بێدەنگە، دژیەکیی دەروونیی نییە، بۆیە تەنانەت کاتێکیش ئەقڵی دەگات بە بنبەست، غەریزەی بڕیارە ڕاستەکەی پێ دەڵێت. ئەو مەلەوانی دەریای ژیانە، لێ دەگەڕێ شەپۆلەکان بیبەن، پاشان بە خۆگونجاندنی لەگەڵیاندا، جڵەویان دەکات.

ئێستا دوو دەشتەکیی تـوڕە بە دەستڕاوەشاندنەوە سکالاّی خۆیان پێشکەش

دەکەن. بە گشتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەشتەکییەکاندا گرانە؛ هەمیشە شتێکی پێشبینینەکراویان تیادایە، وروژانێکی هەستیاریان تیادایە هیچ دانوستانێک هەڵناگرێت – هەمیشە بەهەشت و دۆزەخ لە نێویاندایە و دەڵێیت بە دەزوویەک جیا کراونەتەوە. بەڵام ئێستا دەبینم ئیبن موساعد چۆن بە وتە نەرمەکانی هێمنیان دەکاتەوە. ڕەنگە کەسی تەماشاکەر چاوەڕێ بێت فەرمان بە بێدەنگبوونی یەکێکیان بکات و ڕێی قسەکردن بە ئەوی تر بدات: بەڵام نەخێر – لێ دەگەڕێت هەردووکیان لە هەمانکاتدا بدوێن، هاوار بەسەر یەکتریدا بکەن، تەنها جاروباریش وشەیەکی خۆی دەخزێنێتە نێوان مشتومڕەکەیانەوە؛ قسەیەک دەکات، پاشان وا دەردەکەوێت پاشەکشە بکات، تەنها بۆ ئەوەی پاش کەمێکی تر قسەیەکی ورد بکات. ئەم دیمەنەی هزری دادوەر بە ڕووی حەقیقەتێکدا، کە لە لایەن دوو نەفەرەوە بە دوو شێوازی جیاواز لێک دەدرێتەوە، سەرنجڕاکێشە: زیاتر پەردەلادانێکی هێواشە لەسەر حەقیقەت تاکو گەڕان بۆی لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە. ئەمیرەکە وردەوردە و هێواش ئەمە دەکات، وەکو ئەوەی بە دەزوویەکی باریک حەقیقەت دەربهێنێت، بە جۆرێک سکاڵاکار و بەرگریکار هەستی پێ ناکەن – تا لەپڕێکدا دەوەستن و بە سەرسامییەوە لە یەکتری دەڕوانن، هەروەها بۆیان دەردەکەوێت: حوکمەکە دراوە – حوکمێک کە ئەوەندە ڕوونە ڕوونکردنەوەی زیادەی ناوێت... لەوێدا یەکێکیان خێرا هەڵدەستێت و عەباکەی توند دەکاتەوە و دۆستەکەی دەتەکەنێت: "وەرە" – ئەوجا هەردووکیان دەگەڕێنە دواوە، هێشتایش تا ڕادەیەک سەرسامن بەڵام ئاسوودەیشن، لەبەر خۆیشیانەوە سڵاو بۆ ئەمیر دەنێرن.

دیمەنەکە نایابە، بەڵکو تابلۆیەکی هونەرییە، نموونەیەکی باڵای هاوکاریی یاسا و دادگەرییە، کە دادگا و پەرلەمانە ڕۆژئاواییەکان تا ئێستا تیایدا ساوان – بەڵام ئەوەتا لێرە لە مەیدانێکی تۆزاویی بەردەم قەڵای ئەمیرێکی عەرەبیدا کاملّ بووە.

ئیبن موساعد پاڵ به دیواره قوڕینه‌که‌وه ده‌دات و چاوه‌ڕێی دۆسیه‌ی دواتره. چاوه قووڵه‌کانی له ڕوخساره به‌هێز و چرچبووه‌که‌یدا نیگایه‌کی گه‌رم و تیژ ده‌کات، ئه‌وه‌یش ڕوخساری سه‌رکرده‌یه‌که، ئه‌وه‌یش ده‌ربڕینێکی مامۆستایانه‌ی مه‌زنترین سیفه‌تی ڕه‌گه‌زه‌که‌یه‌تی: ژیریی دڵی.

هه‌ندێک له ئاماده‌بوانیش به هه‌مان شێوه سه‌رسام بوون. له به‌رده‌ممدا، له‌سه‌ر زه‌وییه‌که، پیاوێک – ده‌شته‌کییه‌کی هۆزی حه‌رب بوو و یه‌کێکیش بوو له پیاوانی ئه‌میر - دانیشتبوو و به بزه‌یه‌که‌وه ته‌ماشای کردم:

"له‌و سوڵتانه ناچێت که موته‌نه‌بی[1] له باره‌یه‌وه گوتویه‌تی:

له‌گه‌ڵیا بووم، کاتێک له کێلانا بوون شمشێران

له‌گه‌ڵیا بووم، وه‌ختێک خوێن له شمشێران ده‌چۆڕان

باشترین خه‌ڵقی خودایه، به‌بێ گومان

ئه‌خلاقیشی، باشترینی باشترینان

سه‌رسام نه‌بووم به‌وه‌ی له ده‌شته‌کییه‌کی عه‌ره‌بییه‌وه هۆنراووه‌ی شاعیرێکی مه‌زنی عه‌ره‌بیی سه‌ده‌ی ده ببیستم – بێگومان ئه‌گه‌ر له جوتارێکی باڤاریه‌وه هۆنراوه‌یه‌کی گۆته‌م ببیستایه، یان له کرێکارێکی ئینگلیزه‌وه هۆنراوه‌یه‌کی ویلیام بله‌یک یان پێرسی شێڵیم ببیستایه، زیاتر سه‌رسام ده‌بووم.[2] ڕاسته له

---

[1] ئه‌بوته‌یبی موته‌نه‌بی (۹۱۵-۹٦۵) به‌رزه‌شاعیرێکی عه‌ره‌ب بوو؛ زۆرێک له هۆنراوه‌کانی وه‌سفی خۆی و پاشاکانی سه‌رده‌می خۆین، بۆ وێنه سه‌یفول ده‌وله‌ی حه‌مه‌دانی.

[2] یۆهان وۆڵفگانگ ڤۆن گۆته (۱۷٤۹-۱۸۳۲) شاعیر و نووسه‌ر و فه‌یله‌سوف و زانا و سیاسه‌تمه‌دار و ڕه‌خنه‌گری ئه‌ڵمانی. به کاریگه‌رترین، یان یه‌کێک له کاریگه‌رترین، نووسه‌ری ئه‌ڵمانی داده‌نرێت. شایه‌نی باسه، وا گومان ده‌برێت گۆته به موسوڵمانی مردبێت.
ویلیام بله‌یک (۱۷۵۷-۱۸۲۷): شاعیر و وێنه‌کێشی ئینگلیزی سه‌رده‌می ئه‌ده‌بیی ڕۆمانتیک.
پێرسی شێڵی (۱۷۹۲-۱۸۲۲): شاعیر و نووسه‌ری ئینگلیز و یه‌کێک له دیارترین شاعیرانی ئه‌ده‌بیاتی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی.

ڕۆژئاوا خوێندن بڵاوتره، بەڵام خاڵە ڕۆشنەکانی کلتوری ڕۆژئاوایی لە هزری ئەوروپی یان ئەمریکییە ئاساییەکاندا جێگیر نەبووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەو موسوڵمانانەی نەیانخوێندووە، یان هەر نەخوێندەواریشن، بە شێوەیەکی هۆشیارانە یادی دەستکەوتە کلتورییەکانی ڕابردوویان دەکەنەوە. هەروەکو چۆن ئەم دەشتەکییەی بەردەمم توانی بە دوو دێڕی گونجاوی موتەنەبی وەسفی دۆخێکی ڕاستەوخۆ بکات، زۆر فارسی نەدار دەبینیت – ئاوفرۆش، کرێکار، سەربازی سەر سنوور – دونیایەک هۆنراوەی حافز و جامی و فیردەوسیی لەبەرە و بەوپەڕی چێژەوە لە گفتوگۆکانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دەهێنێت. موسوڵمانانی ئەمڕۆ چیتر ئەو بەهرەمەندی و داهێنانەیان نەماوە کە ئەو میراتە کلتورییە مەزنەی بۆ دروست کردن، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و زیندوویان لەگەڵ لوتکەکانی کلتورەکەیاندا هەیە.

هێشتا ئەو ڕۆژەم بیرە کە لە بازاڕی دیمەشقدا ئەمەم بۆ دەرکەوت. قابلەمەیەکم بە دەستەوە بوو لە قوڕ دروست کرابوو. شکڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێشی هەبوو؛ گەورە و خڕ بوو، لە خڕیی لێوارەکەیشیەوە، کە وەکو ڕوومەتی ژن نەرم بوو، دوو دەسک بە قەوسێکی نایاب لەسەر شێوازی ئەمفۆرای یۆنانی بەرەو دەرەوە دروست کرابوون. بە دەست چاک کرابوون و هێشتا شوێنپەنجەی گۆزەگەرێکی خۆبەکەمگریان پێوە دیار بوو. گۆزەگەرەکە، لە دەوری قەراغەکەیەوە کە ڕووی لە ناوەوە بوو، زەخرەفەیەکی نەرم و ناسکی وەکو مژدەی باخچەیەک لە خونچەیەکدا نەخشاندبوو. بێگومان بە خێرایی کاری لەمەدا کردووە، بەڵکو لە کاتێکدا ئەم سادەییە شکۆمەندەی دروست کردووە، کە هەموو شکۆمەندیی گۆزەگەریی فارسی و سەلجوقیت دەهێنێتەوە بەرچاو، گوێی پێ نەداوە و سەرپێییانە کاری کردووە: چونکە نەیویستووە کارێکی هونەری دروست بکات. هەموو ئەوەی دروستی کردووە قابلەمەیەک بووە بۆ لێنانی خواردن – بەڵێ تەنها قابلەمەیەک، تا سبەی و دوو سبەی جوتیارێک یان دەشتەکییەک بە چەند دراوێکی مس بیکرێت.

دەمزانی یۆنانییەکانیش شاکاری ئاوا و بگرە بەرزتریشیان دروست کردووە،

ڕەنگە لە بواری قاپ و قاچاخیشدا ئەوەیان کردبێت: ئاخر ئەوانیش – ئاوهەڵگر و کرێکار و سەرباز و گۆزەگەر – کلتورێکیان هەبوو هونەر و چێژیان تەنها بۆ کەمینەیەکی دەستەبژێر لەسەر لوتکەیەک بەدی نەهێناوە، کە تەنها بلیمەتەکان بتوانن پیایدا سەربکەون و چێژی لێ وەربگرن؛ بەڵکو بۆ هەموان بووە. شانازیکردنیان بە شتە جوانەکانی کلتورەکەیانەوە بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیان بوو: بەشداریکردنێکی بەردەوام لە خاوەندارێتیکردنی مولکێکی هاوبەش و زیندوودا.

کاتێک ئەو قابلەمەیەم بە دەستەوە بوو، زانیم بەرەکەتدارە ژیانی ئەوانەی نانی ڕۆژانەیانی تیادا لێ دەنێن؛ ئەوانەی دەستگرتنیان بە میراتی کلتوریانەوە تەنها شانازییەخۆکردنێکی بەتاڵ نییە، بەرەکەتدارن.

(٤)

لە ناوەندی بیرکردنەوەکانمدا، دەنگی ئەمیر ئیبن موساعد بەئاگای هێنامەوە: "موحەممەد، بە نانخواردنت لەگەڵمان شەرەفمەندمان ناکەیت؟" سەر هەڵدەبڕم و دیمەشق دەگەڕێتەوە بۆ جێی خۆی، کە ڕابردووە، شوێنی ئێستەیشم تەنیشتی ئەمیری باکوورە. دیارە دانیشتنە دادگاییەکە تەواو بووە؛ سکالاکەر و سکالالێکراوەکان دانە بە دانە دەڕۆن. ئیبن موساعد هەڵدەستێت و میوان و پیاوەکانیشی هەڵدەستنەوە. پیاوەکانی قاش دەبن تا ڕێگەمان بۆ بکەنەوە. کاتێک ئێمە دەچینە ژوورەوە، ئەوانیش نزیکی یەک دەبنەوە و بە دواماندا دێنە حەوشەی قەڵاکەوە.

پاش تاوێک، ئەمیر و غەزبانی ئیبن ڕیماڵ و من لەسەر سفرە دادەنیشین و سینییەکی گەورەی برنج لە بەردەماندا دادەنێن، مەڕێکی برژاویش بە سەریەوە. جیا لە ئێمە، تەنها دوو یاری ئەمیر و دوو تانجیی ئاڵتونیی سەلوقی لە ژوورەکەدان.

غەزبانی بەتەمەن دەست لەسەر شانم دادەنێت و دەڵێت: "هێشتا وەڵامی پرسیارەکەت نەداومەتەوە – ژنی تازەت نەهێناوە؟"

بە زۆرلێکردنەکەی پێدەکەنم: "خۆت دەزانیت ژنێکم هەیە لە مەدینە، ئیتر ژنی ترم بۆچییە؟"

"بۆچی؟ خوایە پەنامان بدەیت! *یەک ژن!* گەنجیشیت و وایش دەڵێیت! کورە وەختێک لە تەمەنی تۆدا بووم..."

ئەمیر ئیبن موساعد قسەکەی پێ دەبڕێت، "بیستوومە ئێستەیش خراپ نیت شێخ غەزبان."

"پیر و پەککەوتە بووم جەنابی ئەمیر، ئەی خوا تەمەنت درێژ بکات؛ بەڵام جاروبار پێویستم بە لاشەیەکی لاوە، تا ئێسقانە پیرەکانمی پێ گەرم بکەمەوە..." پاشان ڕوو دەکاتە من، "ئەی ئەو کچە موتەڕییەی دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیریت لەگەڵدا کرد؟ چیت لێ کرد؟"

"چیم لێ کرد؟ هیچ."

چاوەکانی زەق دەبنەوە و دەڵێت، "هیچ؟ ئەوەندە ناشرین بوو؟"

"نا، بە پێچەوانەوە، زۆریش جوان بوو..."

ئیبن موساعد دەپرسێت، "ئەوە باسی چی دەکەن؟ کام کچی موتەڕی؟ دەی یەڵا موحەممەد، بۆمی باس بکە."

دەست دەکەم بە باسی هاوسەرگیرییەکی بێئاکام.

ئەوکات لە مەدینە دەژیام، بێژن و تەنیا بووم. دەشتەکییەکی هۆزی موتەڕ هەبوو، فەهدی ناو بوو، هەموو ڕۆژێک دەهات و چیرۆکی سەرنجڕاکێشی سەرکێشییەکانی خۆیی کاتی جەنگە مەزنەکەی بۆ دەگێڕامەوە لەژێر دەسەڵاتی

لاورێنسدا.[1] ڕۆژێکیان پێی گوتم، "بۆ پیاو نەهاتووە وەکو ئێستای تۆ بەتەنیا بژی، چونکە خوێنت لە دەمارتدا بۆگەن دەکات: دەبێت ژن بهێنیت." کاتێکیش هەر بۆ خۆشی پێم گوت، "دەی کوا، ژنێکم بۆ بدۆزەرەوە،" وەڵامی دایەوە، "ئاسانە. کچی موتڕیقی زاوام تەمەنی شووکردنیەتی و منیش بە حوکمی ئەوەی برای دایکیم، دەزانم مانگێکە بۆ خۆی." هێشتا هەر لە جەوی گاڵتەدا بووم و پێم گوت هەواڵی باوکی بپرسێت بزانێت ڕازییە. ئەوەندەم زانی ڕۆژی دواتر موتڕیق خۆی هات بۆ لام و لە ڕوخساریشدا تەریقبوونەوە بەدی دەکرا. پاش چەند کوپێک قاوە و هەندێک هێنان و بردن، پێی گوتم فەهد گوتویەتی من حەزم لێیە کچەکەی بخوازم: "شانازی دەکەم تۆ ببیت بە زاوام، بەڵام ڕوقییە هێشتا منداڵە و تەنها یازدە ساڵە..."

کاتێک فەهد زانی موتڕیق هاتووە، تورە بوو. "ئەو چەپەڵە! ئەو درۆزنە چەپەڵە. کچەکەی پازدە ساڵە. حەز ناکات بیدات بە کەسی ناعەرەب، بەڵام دەیشزانێت تۆ لە ئیبن سعودەوە نزیکیت، بۆیە نایەوێت بە ڕەتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ ئازارت بدات؛ بۆیە وای پیشان دەدات هێشتا منداڵە. بەڵام پێت دەڵێم: "سینەی وەکو ئەمە وایە" – بە دەستەکانی هەندێک ئەندازەی دروست کرد – "هەروەکو جووتێک هەناری کاتی لێکردنەوە."

چاوەکانی غەزبانی پیر بەو وێنەیە درەوشانەوە: "پازدە ساڵ، جوان، پاکیزە... لەوە زیاتر چیت دەوێت؟"

"دە تۆ چاوەڕێ بکە تا تەواوی دەکەم... دانی پیادا دەنێم زیاتر و زیاتر حەزم لێ دەکرد، لەوەیشە بەرهەڵستییەکەی موتڕیق زیاتر هانی دابم. دە سۆفرنی ئاڵتوونیی بەڕێتانیم دا بە فەهد بەو مەرجەی دایک و باوکی کچەکەم بۆ قایل

---

[1] تۆماس ئێدوارد لۆرنس (لۆرنسی عەرەبستان) (١٨٨٨-١٩٣٥): ئەفسەر و دیپلۆماتێکی بەڕێتانی بوو، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا عەرەبەکانی دژی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی هان دا.

بکات؛ خەڵاتێکی هاوشێوەیش بۆ دایکی کچەکە، واتە خوشکی فەهد. نازانم لە ماڵەکەیاندا چی گوزەرا، تەنها ئەوەندە دەزانم فەهد و خوشکەکەی قەناعەتیان بە باوکی کچەکە کرد..."

ئیبن موساعد دەڵێت، "ئەم فەهدە کابرایەکی ساختەچی بووە. دیارە خۆی و خوشکەکەی چاوەڕێی زیاتریش بوون. دوایی چی ڕوویدا؟"

باسی ئەوە دەکەم پاش چەند ڕۆژێک هاوسەرگیرییەکە، بەبێ ئامادەبوونی بووک کە گوایە نەریت وایە باوکی نوێنەرایەتیی بکات، کرا بە فەرمی. خوانێکی خۆش خورا و دیاری بۆ بووک (کە هێشتا نەمدیبوو) و دایک و باوکی و هەندێک لە خزمەکانی دانرا – لە نێویشیاندا فەهد. هەمان ئێوارە دایکەکە و هەندێک ژنی عەبابەسەری تر کچەکەیان هێنا بۆ ماڵەکەم، لەسەر سەربانی دراوسێکانیشەوە تەپڵ لێ دەدرا و گۆرانی دەگوترا.

لە کاتی دیاریکراودا، چوومە ژوورەوە و بووک و دایکەکە چاوەڕێم بوون. نەمدەزانی کامە دایکە و کامە کچ، چونکە هەردووکیان خۆیان بە عەبای ڕەش داپۆشیبوو: بەڵام کاتێک قسە نەریتییەکەم کرد، "بۆت هەیە بڕۆیت،" یەکێک لە خانمەکان بە بێدەنگی ڕۆیشت و منیش زانیم ئەوەی ماوەتەوە هاوسەرەکەمە.

لەوێدا تۆزێک دەوەستم و، غەزبان خۆی بۆ ناگیرێت و دەپرسێت، "دەی کوڕم، ئەوجا چی ڕوویدا؟" ئەمیریش چاوی تێبڕیوم.

"پاشان ئەو کچە هەژارە لەوێدا دانیشتبوو، ئاشکرایش بوو ترسا بوو لەوەی ئاوا پێشکەشی پیاوێکی نەناسراو کراوە. کاتێک بەوپەڕی نەرمییەوە داوام لێ کرد ڕووپۆشەکەی لابدات، ئەو توندتری کردەوە."

ئیبن ڕیماڵ هەڵیدایە، "هەمیشە وا دەکەن! لە سەرەتای شەوی بوکێنیدا ئەترسن؛ هەر وایش جوانە کچی لاو حەیای هەبێت. بەڵام دوایی خۆیان حەزی پێ ئەکەن – ئەوەی تۆ وا نەبوو؟"

"نا، وا نەبوو. خۆم ڕووپۆشەکەیم لابرد، کاتێکیش وام کرد چاوم کەوتە سەر

کچێکی تا بڵێیت جوان و سپیرووە، چاوەکانی گەورە بوون و زوڵفی پەخشان و درێژ؛ بەڵام هەر بە ڕاستی ڕوخساری منداڵێکی هەبوو – نەدەکرا لە یازدە ساڵ زیاتر بێت، هەروەکو باوکی گوتی... چڵێسیی فەهد و خوشکەکەی وایان کرد وابزانم لە تەمەنی هاوسەرگیریدایە و موتڕیقی هەژاریش بێتاوان بوو."

ئیبن ریاڵ بە سەرسامییەوە، چونکە نازانێت چ لۆجیکێک لە قسەکانمدا هەیە، دەپرسێت، "ئێجا چییە؟ یازدە ساڵ چییەتی؟ کچ گەورە نابێت مەگەر؟ لە جێخەوی مێردیشدا زووتر گەورە دەبێت..."

بەڵام ئەمیر ئیبن موساعد دەڵێت، "تا شێخ غەزبان؛ موحەممەد وەکو تۆ نەجدی نییە. ئەو ئەقڵی زیاترە." پاشان بە پێکەنینەوە بە من دەڵێت، "موحەممەد، گوێ بۆ غەزبان مەگرە. ئەو نەجدییە، زۆرێک لە ئێمەی نەجدییەکان ئەقڵمان لێرەماندا نییە" – پەنجە بۆ سەری ڕادەکێشێت – "بەڵکو ئەقڵمان لێرەمانداید" – ئەمجارەیان پەنجە بۆ شوێنێکی تری جەستەی ڕادەکێشێت.

هەموومان پێدەکەنین و غەزبان بە هێواشی دەڵێت، "دەی کەوایە من ئەقڵم لە تۆ زیاترە جەنابی ئەمیر."

لەسەر داوای ئەوان، درێژە بە چیرۆکەکە دەدەم و پێیان دەڵێم بە پێچەوانەی غەزبانەوە، تەمەنی کەمی کچەکە وەکو خەڵاتێکی زیادە نەبووە بۆ من. من بەزەییم بەو کچەدا دەهاتەوە کە بووبوو بە نێچیری فێڵێکی خاڵی. مامەڵەی منداڵم لەگەڵدا کرد و پێم گوت ترسی نەبێت؛ بەڵام ئەلفی هەڵنەهێنایەوە و تۆقیبوو. لە تاقەکەدا چکلێتێکم بەدی کرد و پێشکەشم کرد، بەڵام لە ژیانیدا چکلێتی نەبینیبوو، بۆیە بە سەرڕاوەشاندنێکی توند ڕەتی کردەوە. ویستم بە چیرۆکێکی هەزارویەک شەوە کەمێک دۆخەکەی لەسەر ئاسان بکەم، بەڵام هەر لێی تێنەگەیشت، چ بگا بەوەی پێی پێبکەنێت. لە کۆتاییدا قسەیەکی کرد، "سەرم دێشێت..." حەبی ئەسپرینم هەبوو و لەگەڵ پەرداخێک ئاودا بۆیم هێنا. بەڵام بە بینینی ئەوە زیاتر تۆقی (دواتر زانیم هەندێک ژن پێیان گوتووە جاری وایە ئەو خەڵکە بێگانانە بە حەب هاوسەرەکانیان بێهۆش دەکەن، تاکو دواتر

دەستدرێژی بکەنە سەریان). پاش چەند کاتژمێرێک، قەناعەتم پێ کرد نیازی خراپ و تونـدوتیژم نیـیە. لە کۆتاییـدا وەکـو منـدالێک خەوت و منـیش لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا نوستم.

بەیانیی دواتر ناردم بە دوای دایکیدا تا بێت کچەکەی بباتەوە. دایکی واقی ورمابوو. هەرگیز پیاوێکی نەدیبوو پارووپەکی ئاوا – پاکیزەیەکی یازدە سالان – ڕەت بکاتەوە، بۆیە وا پێ دەچێت لای خۆیەوە وای دانابێت کێشەیەکی گەورەم هەیە.

غەزبان پرسیی، "ئەی دواتر؟"

"هیچ. تەلاقم دا و دەستم لێ نەدا. هەرچی بێت مامەڵەیەکی خراپ نەبوو بۆ خانەوادەکە، کە هەم کچەکەیان بە پاکیزەیی دەست کەوتەوە، هەم ئەو مارەییەی و دیارییانەیشی من دابوومن. وتیوتییەکیش سەبارەت بە من بلاو کرایەوە کە گوایە پیاوەتیم نەماوە و هەندێک کەسی نیازپاکیش هەوڵیان دا قەناعەتم پێ بکەن کەسێک، ڕەنگە هاوسەری پێشووم، جادووی لێ کردووم، تەنها بە تەڵیسمێکی تریش ئەو جادووە دەشکێت."

ئەمیر بە پێکەنینەوە گوتی، "موحەممەد، کاتێک بیر لە هاوسەرگیرییەکەی دواترت دەکەمەوە لە مەدینە، گومانم نامێنێ تەڵیسمێکی باشت بەکار هێناوە..."

(٥)

درەنگانی ئەو شەوە، کاتێک دەچم بۆ جێخەوەکەم، زەید دەبینم لە کاتەکانی تر بێدەنگترە. ئەو لە نزیک دەروازەکە ڕاوەستاوە و دیارە لە فکرێکی دووردا ڕۆچووە، چەناگەی لەسەر سنگیەتی و چاوەکانیشی لەسەر مەدالیایەکی شین و سەوزی سەر فەرشێکی خۆراسانیی سەر عەرزەکەیە.

"زەید، چ هەستێکی هەیە پاش ئەو هەموو ساڵە بگەڕێیتەوە بۆ شاری لاوێتیت؟" ئاخر لە ڕابردوودا هەرجارێک دەرفەتی هاتنم هەبوایە بۆ حائل، نەدەهات.

هێواش وەڵام دەداتەوە، "نازانم مامە. یازدە ساڵ تێپەڕیوە... یازدە ساڵ دەبێت ئێرەم نەدیوە، خۆت دەزانیت پێشتر دڵم ڕێگەی بە هاتنم بۆ ئێرە و بینینی خەڵکی باشوور لە کۆشکی ئیبن ڕەشیددا نەدەدا. بەڵام بەم دواییانە گوتەی خودام لەسەر دڵی خۆم دەخوێندەوە: *خوایە! ئەی خاوەن هێز و دەستەڵات! هەرکەس بۆ خۆت مەیلت لێ بێ دەستەڵاتی پێ دەدەی و کێشی تۆ حەز کەی دەستەڵاتی لێ دەستێنی؛ هەر کەسێکی وەقەدەر خەی و کەسێ سەبوون بکەی، خۆت دەیزانی؛ چاکە هەر بەدەستە خۆتە و تۆ لە هەموو شت توانای.*[1] بێگومان خودا دەسەڵاتی بە مانّی ئیبن ڕەشید دا، بەڵام نەیانزانی بە ڕاستی بەکاری بهێنن. ئەوان لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیاندا باش بوون، بەڵام لەگەڵ خزم و خوێشەکانی تر و خەڵکدا خراپ، هەروەها خۆبەگەورەزان بوون؛ خوێنیان ڕشت، برا برای کوشت؛ بۆیە خودا حوکمی لە دەست دەرکردن و دای بە ئیبن سعود. پێم وایە نابێت چیتر خەمی لێ بخۆم، چونکە دیارە لە کتێبدا نەنووسراوە: *ڕەنگە لە شتێک حەز نەکەن بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ وا بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ؛ خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.*"[2]

پاشەکشەیەکی شیرین لە دەنگی زەیددا هەیە، پاشەکشەیەک مانای ئەوەیە شتێکی قبووڵە کە ڕوویداوە و چیتر ناگەڕێتەوە. ڕۆحی موسوڵمان ئاوا ڕابردووی چاکنەکراوە قبووڵ دەکات – تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە ئاوا ڕوویداوە و هەر دەبوو وابێت – بەڵام زۆرجار ڕۆژئاواییەکان بە هەڵە لەمە تێگەیشتوون و وەکو جەبرییەتی (ناچارگەرایی) جیهانبینیی ئیسلامی لەقەڵەمیان داوە. بەڵام قبووڵکردنی چارەنووس لە لایەن موسوڵمانەوە بۆ ڕابردووە نەک داهاتوو: ڕەتکردنەوەی کردار و ئومێد و خۆچاککردن نییە، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەوەی ئەوەی ڕوویداوە کاری خودا بووە.

---

[1] وەرگێڕانی هەژار
قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَاءُ ۖ بِيَدِكَ الْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

[2] وەرگێڕانی هەژار
وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ

زەید بەردەوام بوو، "لەوە بەدەر، ئیبن سعودیش لەگەڵ شەمەردا خراپ نەبووە. ئەوان ئەوە دەزانن، دەی مەگەر ئەوان نەبوون چەند ساڵێک لەمەوبەر پشتیان گرت کاتێک ئەو سەگە بە ناوی دەویش دژی یاخی بوو؟"

ڕاست دەکات، بەو خۆنەویستییەی کەسی پێشتر شکستدراوەوە کە سیفەتی عەرەبە ڕەسەنەکانەوە پشتیان گرت. لەو ساڵە چارەنووسازەدا، ١٩٢٩، کاتێک شانشینەکەی ئیبن سعود بەهۆی یاخیبوونە دەشتەکییە مەزنەکەی فەیسەڵ دەویشەوە کەوتبوویە لەرزە، هەموو هۆزەکانی شەمەر لە نەجد وازیان لە ڕقی خۆیان لە پاشا هێنا و لە دەوری کۆبوونەوە، لە ئەنجامیشدا بەسەر یاخیبواندا سەرکەوتن. ئەو ئاشتبوونەوەیە نایاب بوو، چونکە تەنها پاش چەند ساڵێک بوو لە داگیرکردنی حائل لە لایەن ئیبن سعودەوە بە چەک، واتە چەند ساڵێک پاش چەسپاندنی هەژموونی باشوور بەسەر باکووردا؛ نایابتریش دەبێت کاتێک بیر لە ڕقی دوولایەنەی دێرینی – هۆکارەکەی قوولترە لە دەسەڵات – هۆزی شەمەر و باشوورییەکان، کە ئیبن سعود یەکێکە لەوان، دەکەیتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ڕقە (کە تەنانەت ئاشتبوونەوەکەیش نەیڕەواندووەتەوە) دەربڕینی ڕقەبەرایەتییەکی دێرینی نێوان باکوور و باشوورە کە لە تەواوی مێژووی عەرەبدا بەدی دەکرێت و لە هەندێک نەتەوەی تریشدا هاوشێوەی هەیە: جاری وایە هەندێک جیاوازیی بچووک لە ڕێتمی ژیاندا ڕقەبەرایەتیی زیاتر لە نێوان دوو هۆزی نزیکدا دروست دەکات، تاکو ئەو جیاوازییە نەژادییەی لە نێوان دوو نەتەوەی دراوسێدا هەیە.

جیا لە ڕکابەرایەتیی سیاسی، شتێکی تریش هەیە کاریگەریی گەورەی لەسەر تێکهەڵپژانە هەستییەکانی باکوور و باشوور هەیە. ئەوە لە نەجد بوو، لای ڕیازەوە، کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر موحەممەدی کوڕی عەبولوهابی ڕیفۆرمخوازی توند هەستا و جۆشێکی ئایینی بە هۆزەکان – ئەوکات تەنها بە ناو موسوڵمان بوون – دایەوە. ماڵی ئیبن سعود، سەرۆکهۆزەکانی شارۆچکەی دەرعییە، ئەوکات بەهێز نەبوو و حسابێکی ئەوتۆی بۆ نەدەکرا، موحەممەدی کوڕی عەبدولوهابیش پاڵپشتی ئەوانی بەدەست هێنا و توانی پەیامە

بـزوێنەرەکەی بـلاّو بکـاتەوە؛ لە مـاوەی چەنـد دەیەیەکیشـدا ژمـارەیەکی زۆر خەڵکی نیمچەدورگە چوونە پاڵ ئەو جولاّنەوە ئایینییەی "وەهابیەتی" پێ دەگوترا و هیچ دانوستانێکی نەدەزانی. لە هەموو جەنگە وەهابییەکانی سەدوپەنجا ساڵی ڕابـردوودا، هەمیشـە خەڵکـی باشـوور ئـاڵای وەهابیەتیـان بەرز کـردووەتەوە و باکووریـیەکانیش لەگەڵیاندا ڕۆیشتوون: ئاخر گەرچی شـەمەرییەکان لە ڕووی تیۆرییەوە بنەماکانی وەهابیەت قبووڵ دەکەن، دڵیان دووڕە لەو ئایینداریـیە تۆخ و خرۆشاوەی باشـوور. شـەمەرییەکان لە نزیکـی سنووڕەکان و سـوریا و عێراق دەژین، هەمیشـەیش بازرگانییـان لەگەڵدا دەکەن، بۆیە ڕوانگەیەکـی ئاسانتریان هەیە و کراوەییـان بە ڕووی نەزانـراودا هەیە، باشـووریـیەکانیش لەمە بێبەشـن. پیـاوانی باشـوور تەنها تونـدی دەناسـن: لە مـاوەی سـەدە و نیـوی ڕابردوویشـدا لە خەونـــی جیهـــاد زیـــاتر هیچیـــان نەبینیـــوە – کەســـانێکی متمانەبەخۆبـــوو و خـۆبەگەورەزان، کە تەنهـا خۆیـان بە نـوێنەری ڕاسـتەقینەی ئیسـلام دەزانـن و هەموو موسوڵمانانی تر بە گومڕا.

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، بێگومان وەهابییەکان گرۆیەکی سەربەخۆ نین. گـرۆ یـان "فیرقە"یەکـی سـەربەخۆ کۆمەڵێـک تێـزی جیـاواز دەکـات بە بنەمـا و بەپێـی ئەوانە شـوێنکەوتوانی خـۆی لە بـاوەڕدارانی تـر جیـا دەکـاتەوە. هەرچـی وەهابیەتە، تێزی جیاوازی تیادا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵێکە بۆ وەلانانی هەمـوو ئەو تێـزە دەرەکـی و زیـادانەی بە درێژایـی چەنـدین سـەدە خـزاونەتە نـاو پەیامە ڕەسەنەکانی ئیسلامەوە، هەروەها هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ پەیامی پاکی پێغەمبەر. ئەمە هەوڵێکی مەزن بوو، کە دەکرا ئیسلام لە هەموو ئەو خورافانەی دواتـر تێـی خزێنـدراون پـاک بکـاتەوە. لە ڕاسـتیدا هەمـوو جـولاّنەوە چاکسـازە هاوچەرخەکـانی ئیسـلام – ئەهلـی حەدیـس لە هندسـتان، سەنوسـی لە ئەفریقـای بـاکوور، کارەکـانی جەمـاڵەدینی ئەفغـانی و مـوحەممەد عەبـدەی میسـڕی – دەگەڕێنەوە بـۆ ئەو ڕۆحیـەتەی مـوحەممەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب لە سـەدەی هەژدەدا وەگەڕی خســـت. بەڵام گەشـــەپێدانە نەجـــدییەکەی جـــولاّنەوەکەی مـوحەممەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب دوو خـاڵی لاوازی هەبـوو، هەر ئەوانەیـش

ڕێگـر بـوون لەوەی ببێـت بە هێزێکـی مەعنەویـی چارەنووسـدار. یەکەمیـان تەسـکبینییانە، کە هەمـوو کـارێکی ئـایینی لە جێبەجێکردنێکـی حەرفییـانەی فەرمانەکانـدا کـورت دەکەنەوە و گرنگـی بە پێویسـتیی هەبـوونی تـوخمی مەعنەوی نادەن. دووەمیان پەیوەندیی بە کەسایەتیی عەرەبەوە هەیە – ئەو مەیلە خۆبەحەقزانە و تەسـکەی ڕێگە بە هـیچ مـافێکی جیـاوازی نـادات: ڕەفتـارێکی هێنـدە تـایبەتە لای سـامییەکان، کە دژە ڕەهاکەیشـی هەیە – کراوەیـی تەواو لە بابەتی بیروباوەڕدا. ئەوە سیفەتێکی خەماویی عەرەبەکانە کە دەبێت بەردەوام لە نێـوان دوو ئاڕاسـتەی تونـددا جـۆلانە بـکەن و هەرگیـز لە ناوەنـددا نەوەسـتن. ڕۆژێـک لە ڕۆژان – دوو سـەدەیەک لەمەوبەر – عەرەبەکـانی نەجد لە هەمـوو کۆمەڵەکانی تری جیهـانی ئیسـلامی زیـاتر لە ئیسـلام دوور بـوون؛ کەچی دوای هـاتنی مـوحەممەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب، خۆیـان نەک تەنهـا وەکـو پـاڵەوانی ئیسلام، بەڵکو وەکو تاکە شوێنکەوتوانی ئیسلام ناساند.

مەعنـای مەعنەویـی وەهـابیەت – کۆششـکردن بـۆ نـوێگەرییەکی نـاوەکی لە کـۆمەڵگەی ئیسـلامیدا – ئەوکـات فەوتـا کە ئامـانجە دەرەکیـیەکەی – بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی – بەدی هات، ئەوەیش کاتێک بـوو کە شانشـینی سـعودییە لە کۆتاییەکـانی سـەدەی هەژدەدا دامەزرا و لە سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدەدا فـراوان بـوو. هەرئەوەنـدەی شـوێنکەوتوانی مـوحەممەدی کـوڕی عەبدولوەهاب دەسەڵاتیان گرتە دەست، بیرۆکەکەی فەوتا: چونکە ڕۆح ناتوانێت خزمەتکاری دەسەڵات بێت، دەسەڵاتیش نایەوێت خزمەتی ڕۆح بکـات. مێـژووی نەجـدی وەهـابی مێـژووی بیرۆکەیەکـی ئـایینییە کە لە سـەرەتادا باڵەکانی جولاّند و ئامانجی بەرزی هەبوو، بەڵام دواتر لە چالاّوەکانی خۆبەحەقزانینـدا خنکـا. هەمـوو سـیفەتێکی جـوان پـاش لەدەسـتدانی جـۆش و خۆبەکەمگری دەفەوتێت: هاروت! ماروت!

06
خەونەکان

(١)

هاوڕێیەتیکردن و میوانبوونت لای ئەمیرێکی مەزنی عەرەبی واتای ئەوەیە میوان و هاوڕێی بەرپرسەکانیشیت، هی پیاوەکانیشی، هی پینەچییەکانی پایتەختەکەی و بگرە دەشتەکییەکانی ژێر دەسەلاتیشی. ناکرێت میوان ئارەزوویەک بخوازێت و دەستبەجێ بۆی بەدی نەهێنرێت، بەو مەرجەی بواری تیادا بێت؛ بەبێ ئەوەی داوا بکات، هەموو سەری کاتژمێرێک لە بازارەکەدا بە جۆرێک میهرەبانیی بەرانبەر دەنوێنن کە هیچی لە میهرەبانییەکانی ناو هۆڵ و ڕاڕەوەکانی قەڵاکە کەمتر نییە.

لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا کە لە حائل دەمێنمەوە ئەمەم زۆر بۆ ڕوودەدات. کاتێک ئارەزووی خواردنەوەی قاوەیەک دەکەم، ئاوازی خۆشی قۆرییەکە لە ژووری خزمەتگوزارییە تایبەتەکەمەوە دێت. کاتێک تاقی بەیانی هەر ئاوا باسی زینێکی جوانی حوشتر بۆ زەید دەکەم کە لە بازاڕ دیومە و، یەکێکیش لە خزمەتکارەکانی ئەمیر گوێی لێیەتی، ئەوەندە دەزانم نیوەڕۆکەی لەبەر پێیەکانمدا دایدەنێن. ڕۆژانە چەندینجار دیاری دێت: ڕۆبێکی درێژ لە قوماشی کشمیری، یان کوفییەکی ڕازاوە، یان پێستەیەکی سپیی بەغدادی بۆ زینەکە، یان قەمەیەکی چەماوەی نەجدی بە دەسکێکی زیوینەوە. ئەمنیش هیچم نییە پێشکەشی ئەمیری بکەم، جگە لە نەخشەیەکی ئینگلیزیی خاکی عەرەبستان کە ئەو دڵی بەوە خۆش دەبێت ماندوونەناسانە ناوی شوێنە عەرەبییەکانم لەسەر نووسیوە.

دەست و دڵکراوەییەکەی ئیبن موساعد وەکو هی شا ئیبن سعود وایە: کە هەرچۆنێک بێت، جێی سەرسامی نییە کاتێک سەرنجی پەیوەندییە نزیکەکەیان دەدەیت. ئەوان هەم ئامۆزان، هەم لە کاتێکەوە کە ئیبن سعود لاو بووە و ئیبن موساعد هێشتا کوڕێک بووە، سەختی و ئازار و خەونی هاوبەشی زۆریان سەبارەت بە حوکمی پاشا هەبووە. جیا لەوانەیش، سالانێک لەمەوبەر پەیوەندییە کەسییەکانیان تووندوتوڵتر بوو، چونکە ئیبن سعود هاوسەرگیریی لەگەڵ جەوهەرەی خوشکی ئیبن موساعددا کرد، ئەو خانمەی لە دڵی پاشادا لە هەموو ژنەکانی پێشتر خۆشەویستترە.

زۆر کەس دانیان بەم هاوڕێیەتییەدا ناوە، بەڵام وا پێ ناچێت زۆریان لە وردترین و بگرە گرنگترین سیفەتی ئیبن سعود ڕامابێتن: توانا زۆرەکەی بۆ خۆشەویستی، کە ئەگەر بە تەواوەتی ڕێگەی پێ بدایە، ڕەنگە بە شوێنی بەرزتریش بگەیشتایە. قسەی زۆر لەسەر ژمارەی ئەو ژنانە کراوە کە هاوسەرگیری لەگەڵدا کردوون و تەڵاقی داون، بۆیە دەکرێت کەسێکی دەرەکی وا گومان ببات ئەو کەسێکی چێژپەرستە و هەمیشە لە دوای حەزە جەستەییەکانیەتی؛ بەڵام کەمن ئەوانەی دەزانن بە نزیکەیی هەموو هاوسەرگیرییەکانی ئیبن سعود – جیا لەوانەی بۆ مەبەستی دیپلۆماتی و سیاسی ئەنجام دراون – دەرئەنجامی ئارەزوویەکی تێرنەکراو بوون بۆ بەدەستهێنانەوەی تارمایی خۆشەویستییەکی لەدەستچوو.

جەوهەرە، دایکی موحەممەد و خالید. خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئیبن سعود؛ تەنانەت ئێستایش، پاش سیازدە ساڵ لە مردنی، پاشا هەرگیز ناتوانێت ناوی بهێنێت و دڵی پڕ نەبێت.

دیارە جەوهەرە خانمێکی نایاب بووە – نەک تەنها جوان (چونکە ئیبن سعود لە ماوەی ژیانە چالاکەکەیدا ژنی جوانی زۆری ناسیوە و لەگەڵیاندا بووە)، بەڵکو خاوەنی دانایەکی مێینەیش کە شادیی ڕۆح و جەستە ئاوێتە دەکات.

ئیبن سعود بە دەگمەن دەهێڵێت هەستەکانی تێکەڵ بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژناندا ببن، هەر بۆیە بەو ئاسانییەیش ژن دەهێنێت و تەڵاقیان دەدات. بەڵام وا دەردەکەوێت لەگەڵ جەوهەرەدا قایلبوونێکی دۆزیبێتەوە کە دوای ئەو بۆی دووبارە نەبووبێتەوە. گەرچی لە ماوەی ژیانی ئەویشدا خێزانی تری هەر هەبوو، خۆشەویستیی ڕاستەقینەی هەر بۆ ئەو هەڵگرتبوو، وەکو ئەوەی تاکە هاوسەری بێت. ئەو هۆنراوەی خۆشەویستیی بۆ دەنووسی، جارێکیشیان، لە یەکێک لە ساتە دەگمەن و دەوڵەمەندەکانیدا پێی گوتم: "هەرکاتێک جیهان لە دەورم تاریک دەبوو، هەروەها ڕێگەی دەرچوون لە مەترسی و سەختییەکانی سەرم نەدەدۆزییەوە، دادەنیشتم و غەزەلێکم بۆ جەوهەرە دەنووسی؛ کاتێک تەواو دەبووم، جیهانەکەم ڕۆشن دەبوویەوە و دەمزانی چی بکەم."

بەڵام جەوهەرە لە ئەنفلۆنزا گەورەکەی ١٩١٩دا کۆچی دوایی کرد، یەکەم و خۆشەویستترین کوڕی ئیبن سعودیش، کە ناوی تورکی بوو، هەر لە هەمان ئەنفلۆنزادا گیانی سپارد؛ ئەو دوو لەدەستدانە ڕۆحی ئەویان بریندار کردوو و هەرگیز ساڕێژ نەبوو.

ئەو خۆشەویستییە زۆرەی تەنها دەیتوانی بە هاوسەرێک و کوڕێک بدات: باوکیشی بە جۆرێک خۆش دەویست، کەم کوڕ هەیە ئاوا باوکیی خۆش بوێت. عەبدولڕەحمانی باوکیم لە سالانی سەرەتامەوە لە ڕیاز دەناسی؛ ئەو پیاوێکی میهرەبان و بەتەقوا بوو، بەڵام کەسایەتییەکی زۆر سەرنجڕاکێشی نەبوو وەکو کوڕەکەی، ڕۆڵێکی زۆر بەرچاویشی لە ژیانیدا نەگێڕابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، تەنانەت پاش ئەوەیشی ئیبن سعود بە کۆششی خۆی شانشینەکەی بەدەست هێنابوو و فەرمانڕەوای تاقانەی سەرزەمینەکە بوو، ئەوەندە خۆبەکەمگر بوو بەرانبەر باوکی هەرگیز پێی نەدەخستە ژوورێکی قەڵاکەوە ئەگەر بیزانیبایە باوکی لە قاتی خوارەوەی ئەو ژوورەیە، چونکە دەیگوت، "چۆن دەتوانم بەسەر سەری باوکمدا هەنگاو بنێم؟" تا باوکی پێی نەگوتایە و بانگی نەکردایە، لە

ئامادەبوونیدا دانەدەنیشت. تا ئێستایش ئەو نائاسوودەییەم بیرە ڕۆژێکیان بەهۆی خۆبەکەمگریی پاشاوە لە ڕیاز تووشم بوو (وابزانم مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٢٧ بوو). من زووزوو سەردانی باوکی پاشام دەکرد و لە ماڵەکەی ئەودا لە قەڵای شاهانە لەگەڵیدا دادەنیشتم. ئەو ڕۆژەیان لەسەر گۆشەکانی سەر زەمینەکە دانیشتبووین و باوکی شا باسی یەکێک لە بابەتە دڵخوازە ئایینییەکانی خۆیی دەکرد. لەپڕێکدا کەسێک هاتە ژوورەوە و گوتی، "شێخەکان دێن." لە ساتی دواتردا ئیبن سعود لە بەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستا. من ویستم هەڵبسم، بەڵام عەبدولڕەحمانی بەتەمەن قۆڵی گرتم و داینیشاندمەوە، وەکو ئەوەی بڵێت، "تۆ میوانی منیت." زۆر تەریق بوومەوە بەوەی من بە دانیشتوویی بمێنمەوە، لە کاتێکدا پاشا بە پێوە لای دەرگاکەدا ڕاوەستابوو و دیار بوو چاوەڕێی مۆڵەت بوو؛ بەڵام دیارە بەو کارانەی باوکی ڕاهاتبوو، چونکە بە نیوەبزەیەکەوە چاوێکی لێ داگرتم تاکو ئاسوودە بم. لە هەمان کاتدا، عەبدولڕەحمانی بەتەمەن، وەکو ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت، لە وتارەکەی خۆی بەردەوام بوو. پاش چەند خولەکێک سەری هەڵبڕی و ئاماژەی بۆ کوڕەکەی کرد و گوتی، "نزیک بەرەوە کوڕم، وەرە دابنیشە." پاشا ئەوکات چلوحەوت یان چلوهەشت ساڵ بوو.

پاش چەند مانگێک – ئەوکات لە مەککە بووین – هەواڵ بە پاشا گەیشت کە باوکی لە ڕیاز کۆچی دوایی کردووە. هەرگیز لەیادم ناچێت چۆن بۆ چەند چرکەیەک چاوی بڕییە هەواڵهێنەکە، پاشانیش پەژارە لەسەر ڕوخسارە هەمیشەهێمنەکەی دەرکەوت؛ هەروەها چۆن لە جێگەی خۆی هەڵبەزییەوە و هاواری کرد، "باوکم مردووە!" هەروەها بە هەنگاوی درێژ لە ژوورەکەوە دەرچوو و عەباکەیشی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا؛ هەروەها چۆن بەسەر قادرەمەکاندا سەردەکەوت و بە بەردەم ڕوخساری سەرسامبووی پیاوەکانیدا خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات و بۆچی هاوار دەکات: "باوکم مردووە! باوکم

مردووه!" دوو ڕۆژی دواتر ڕەتی کردەوە کەس ببینێت، خواردن و خواردنەوەیشی نەخوارد و شەو و ڕۆژی لە نوێژ و نزادا بەسەر برد.

چەند کوڕ لە نیوەی تەمەنیاندا، چەند پاشا کە بە هێزی خۆیان شانشینێکیان بەدەست هێناوە، بەو شێوەیە شیوەن بۆ مەرگی باوکێک دەگێڕن کە لە پیریدا و بە ئاسوودەیی مردووە؟

(٢)

عەبدولعەزیز ئیبن سعود هەر بەڕاستی بە ئازایەتیی خۆی ئەو شانشینە فراوانەی بەدەست هێنا. کاتێک منداڵ بوو، حوکمەکەی دواهەمین ناوچەکانی ناوەڕاستی عەرەبستانی لەدەست دابوو و لە لایەن ئیبن ڕەشیدی حائیلی دوژمنیەوە جێی گیرابوویەوە. ئەوانە ڕۆژە تاڵەکانی ژیانی عەبدولعەزیز بوون. ئەو کوڕە بەخۆداناز و هێمنە دەبوو تەماشای حوکمی ڕیازی نیشتیمانی بکات بە ناوی ئیبن ڕەشیدەوە: چونکە ئێستا خانەوادەی ئیبن سعود – کە ڕۆژێک لە ڕۆژان فەرمانڕەوای هەموو عەرەبستان بوون – تەنها و تەنها خانەنشینخۆرێکی ئیبن ڕەشید بوون و هیچی تر، بەرگە دەگیران، بەڵام مایەی ترس نەبوون. لە کۆتاییدا، عەبدولعەزیز وای لێ هات تەنانەت باوکە ئاشتیخوازەکەیشی، واتە عەبدولڕەحمان، بەرگەی نەدەگرت، بۆیە بە خۆی و خانەوادەکەیەوە ڕیازی بەجێ هێشت و چوو بۆ کوەیت تا لە مااڵی پاشای کوەیتدا، کە هاوڕێیەکی دێرینی بوو، بمێنێتەوە. بەڵام نەیدەزانی داهاتوو چۆنە؛ چونکە نەیدەزانی دڵی کوڕەکەی چی تیادایە.

تەنها کەسێکی خانەوادەکە تروسکایی دڵی عەبدولعەزیزی دیبوو و دەیزانی چ هەرایەکە لەوێدا: خوشکێکی بچووکی باوکی. زۆر لەسەر ئەو خانمە نازانم، تەنها ئەوەندە دەزانم کاتێک پاشا دەکەوێتەوە یادی ڕۆژانی ڕابردوو، هەمیشە بە خۆشەویستی و ڕێزەوە ناوی ئەو دەهێنێت:

"خۆشی دەویستم؛ بەڵکو وا دەزانم لە منداڵەکانی خۆیشی زیاتری منی خۆش دەویست. کاتێک تەنها دەماینەوە، لەسەر ڕانی پاڵی دەخستم و باسی ئەو کارە مەزنانەی بۆ دەکردم کە دەبوو لە داهاتوودا ئەنجامیان بدەم: 'تۆ شکۆمەندیی مـاڵی ئیـبن سـعود زینـدوو دەکەیـتەوە.' بەردەوام ئەوەی پـێ دەگـوتمەوە و، وشەکانیشـی لە نـازهەڵگرتن شـیرینتر بـوون. ئەو دەیگـوت، "عەزیـز گیـان، بەڵام نابێت گەڕاندنەوەی شکۆی بنەماڵەی ئیبن سعود بەرزترین ئامانجت بێت. تۆ دەبێت بۆ شکۆی ئیسلامیش تێبکۆشیت. ئەم گەلە پێویستیان بە سەرکردەیەکە ڕێنماییان بکات بۆ سەر ڕێگەی پێغەمبەر – دەبێت تۆ ئەو سەرکردەیە بیت.' ئەو وشانە هەمیشە لە دڵمدا مانەوە."

بە ڕاستی مانەوە؟

ئیبن سعود هەمیشە حەزی لی بوو وەکو ئەرکێکی سەرشانی باسی ئیسلام بکات؛ تەنانەت لە ڕۆژانی دواتریشیدا، کاتێک لەمێژ بوو بۆی دەرکەوتبوو هێزە شـاهانەکە زیـاتر لەگەڵیـدا بـوو تـاکو خەونە دێـرینترەکەی بـۆ بەرزڕاگرتنـی ئایـدیاڵێک، هێشـتا بە ڕەوانبێـژییە بەرزەکەی قەنـاعەتی بە خەڵـک – ڕەنـگە خۆیشی – دەکرد هێشتا ئەو ئایدیاڵە ئامانجیەتی.

زۆرجـار ئەو یادەوەرییـانەی منـداڵی لە دانیشـتنە خۆمانەکـانی پـاش نـوێژی عیشادا باس دەکران. کاتێک سەلامی نوێژ لە مزگەوتی قەڵاکەدا دەدرایەوە، لە یەکێـک لە ژووڕە بچووکەکانـدا لە خزمەتـی پاشـادا دادەنیشـتین و کاتژمێرێـک گوێیان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر یان تەفسیری قورئان دەگرت. پاش ئەوە، پاشا دوان یان سیانمانی بانگ دەکرد تا لە یەکێک لە ژووڕە داخراوەکانیدا کۆببینەوە. بیرمە ئێوارەیەکیان کاتێک لەگەڵ شادا بەڕەو یەکێک لە ژووڕەکان دەچووین، چـاوم چـوویەوە سـەر بـاڵا بەرزەکەی کە هەمـوو ئەوانەی تەنیشـتی لە ئاسـتیدا وەکو کورتەباڵا دەردەکەوتن. هەستی بە نیگا سەرسامەکەم کرد، بۆیە بزەیەکی جوانی کرد و دەستی گرتم و گوتی:

"موحەممەد، بۆچی ئاوا سەیرم دەکەیت؟"

"خوا تەمەنت درێژ بکات، بیرم لەوە دەکردەوە کاتێک کەسێک سەرنج دەدات و سەری تۆ هێندە بەرزتر لە سەری ئەوانەی دەوروبەرت دەبینێت، یەکسەر دەزانێت شایت."

ئیبن سعود پێکەنی و هێشتا دەستی گرتبووم و بە هێواشی بە ڕاڕەوەکەدا دەیبردم، ئەوجا گوتی، "بەڵێ، بااڵبەرزی شتێکی خۆشە، بەاڵم ڕۆژگارێکیش هەبووە ژیانی لێ تاڵ کردووم. سااڵنێک لەمەوبەر، کاتێک کوڕێکی الو بووم و لە قەاڵکەی شێخ موبارەکی کوەیتدا دەژیام، زۆر الواز و بااڵبەرزتریش لە تەمەنم بووم. کوڕەکانی تری قەاڵکە – ئەوانەی خانەوادەی شێخ موبارەک و کوڕانی خانەوادەی خۆیشمان – گاڵتەیان پێ دەکردم، وەکو ئەوەی مرۆڤێکی سەیر و ناتەواو بم. ئەمە خەمی زۆری دامێ، جاری وایش هەبوو هەستم دەکرد مرۆڤێکی سەیر و ناتەواوم. ئەوەندە لە بااڵبەرزەکەم شەرمم دەکرد، ملی خۆمم کوڕ دەکردەوە تا کاتێک بە ژووورەکانی قەاڵکەدا یان بە شەقامەکانی کوەیتدا دەڕۆم، کورتەباڵ دەربکەوم."

وەختێک قسەکانی تەواو کرد، گەیشتینە الی ژووورەکان. کوڕە گەورەکەی، شازادەی جێنشین سعود، لەوێ چاوەڕێی باوکی دەکرد. ئەو هاوتەمەنی من بوو و گەرچی وەکو باوکی بااڵبەرز نەبوو، هێشتا هەر شکڵێکی زاڵی هەبوو. ڕوخساری لە هی باوکی تیژتر بوو و نەرمییەکەی باوکیی پێوە دیار نەبوو. بەاڵم کەسێکی میهرەبان بوو و خەڵکی خۆشیان دەویست.

پاشا لەسەر گۆشە ڕیزکراوەکان دانیشت. پاشان فەرمانی کرد: "قەهوە." کۆیلە چەکدارەکەی بەردەم دەرگاکە بانگی دا، "قەهوە!" ئەم بانگە نەریتییە لە الیەن خزمەتکارەکانی تەرەوە دووپات کرایەوە، "قەهوە!" "قەهوە!" هەتا لە دووپاتبوونەوەیەکی شیرێندا گەیشت بە قاوەخانە و چێشتخانەکەی پاشا، کە چەند ژووورێک ئەوالتر بوو: ئەوەندەمان زانی خزمەتکارێک بە قەمەیەکی

ئاڵتونی و قۆرییەک لە دەستێکی و چەند کوپێکی بچووک لە دەستەکەی تریدا دەرکەوت. پاشا یەکەمین کوپی وەرگرت و ئەوانی تریش بە پێشکەشی میوانەکان کران، بێگومان بە ڕێزبەندیی دانیشتنیان. لەو دانیشتنە نافەرمییانەدا، ئیبن سعود باسی هەرشتێکی دەکرد کە بە مێشکیدا بهاتایە – باسی ڕووداوەکانی وڵاتە دوورەکان، باسی داهێنانێکی نوێ کە پیشانیان دابوو، باسی خەڵک و دامەزراوەکان؛ بەڵام لە سەرووی هەموویەوە، حەزی لێ بوو باسی ئەزموونەکانی خۆی بکات و هانی ئەوانی تر بدات لە گفتوگۆکاندا بەشدار بن. لەو ئێوارە دیاریکراوەدا، ئەمیر سعود (کوڕی شا) بە پێکەنینەوە ڕووی گفتوگۆکەی کردە من:

"موحەممەد، ئەمڕۆ کەسێک گومانی لە تۆ هەبوو. دەیگوت کێ نااڵێت لە بەرگی موسوڵماندا سیخوڕێکی بەڕیتانی نیت... بەڵام خەم مەخۆ. دڵنیام کردەوە موسوڵمانیت."

بزەی خۆمم بۆ ڕانەگیرا و گوتم، "لە چاکەی خۆتە ئەمیر، خوا تەمەندرێژت بکات. بەڵام چۆن ئەوەندە دڵنیایت؟ مەگەر تەنها خودا لە دڵەکان ئاگادار نییە؟"

"ڕاستە، بەڵام لەم بابەتەدا سەرنجێکی تایبەتم پێ بەخشراوە. حەفتەی پێشوو لە خەونێکدا ئەوەم پێ بەخشرا... خۆمم بینی لە بەردەم مزگەوتێکدا ڕاوەستاوم و سەیری مناڕەکە دەکەم. لەپڕێکدا پیاوێک لە باڵکۆنی مناڕەکەوە دەرکەوت و، دەستی خستە بەر دەمی و بانگی دا: اللە اکبر، اللە اکبر؛ پاشان تا کۆتایی ڕۆیشت: لا الە الا اللە. کاتێک بە وردی سەرنجیم دا، بۆم دەرکەوت تۆیت. کاتێک بێدار بوومەوە بە یەقینەوە زانیم کە تۆ موسوڵمانیت، هەرچەندە پێشتریش هەرگیز گومانم نەبوو: چونکە خەونێک ناوی خودای تیادا بهێنرێت، هەرگیز درۆ نییە."

ئەو پشتڕاستکردنەوە داوانەکراوەی ڕاستگۆییم لە لایەن کوڕی شاوە دڵخۆشی کردم، هەروەها بەوەیش کە پاشا سەری بەڵێی بۆ گێڕانەوە

چاوەڕوانەکراوەکەی ئەمیر سعود ڕاوەشاند. ئیبن سعود نەیهێشت گفتوگۆکەی بۆ جێیەکی تر بڕوات و گوتی:

"جاری وا هەیە خودا لە ڕێگەی خەونێکەوە سەبارەت بە داهاتوو یان دڵنیاکردنەوەی ئێستاوە دڵمان ڕووناک دەکاتەوە. موحەممەد، خۆت ئەزموونی خەونی ئاوات نەکردووە؟"

"بەڵێ ئیمام، کردوومە، بەڵام زۆر لەمەوبەر، زۆر پێش ئەوەی بیر لە موسوڵمانبوون بکەمەوە – بەڵکو پێش ئەوەی پێم بخەمە سەر خاکێکی موسوڵمان. وا دەزانم نۆزدە ساڵ یان لەو دەوروبەرەدا دەبووم؛ ئەوکات لە ماڵی باوکمدا لە ڤیەننا دەژیام. ئەوکات زۆر گرنگیم بە زانستی دەروونی مرۆڤ دەدا" (ئەمە نزیکترین پێناسەیەکی دەروونشیکاری بوو بتوانم بیدەم بە پاشا)، "هەروەها لە تەنیشتی جێگەی خەوەکەمدا قەڵەم و وەرەقەیەکم دادەنا، تاکو لەگەڵ بێداربوونەوەمدا خەونەکانم بنووسمەوە. پاش ماوەیەک لە ئەنجامدانی بەوە، سەرنجم دا خەونەکانم زۆر بە باشی دێتەوە یاد. لەو خەوە دیاریکراوەدا خۆمم لە شەمەندەفەرێکدا لە بەرلین بینییەوە – شەمەندەفەرەکە جاروبار بە ژێرزەمیندا دەڕۆیشت، جاروباریش دەهاتە سەر. ناوەوەی شەمەندەفەرەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، هەموان بە یەکترەوە لکابوون، شوێنی دانیشتن نەمابوو، کەسیش نەیدەتوانی بجوڵێ؛ گڵۆپێکی کزیش تۆزقاڵێک ڕۆشنایی بەوێ دەدا. پاش تاوێک، شەمەندەفەرەکە لە تونێلەکە دەرچوو؛ بەڵام نەهاتە سەر یەکێک لەو پردە بەرزانە، بەڵکو هاتە ناو دەشتێکی قوڕاوی فراوانەوە و زۆری نەبرد ویلەکانی شەمەندەفەرەکە لە قوڕەکەدا چەقین و، نەیاندەتوانی نە بەرەوپێش و نە بەرەوپاش بڕۆن.

"هەموو گەشتیارەکان، بە منیشەوە، جانتاکانیان بەجێ هێشت و سەیری دەرەوەیان کرد. دەشتاییەکە تا بڵێیت فراوان و ڕووت و بەتاڵ بوو – نە پوشێک نە پەڵاشێک، نە ماڵێک، نە بەرد و دارێک. هەموان تووشی دڵەڕاوکێ بوون:

ئێستا که لێرەدا گیرمان خواردووە، چۆن بگەڕێینەوە بۆ شوێنی ژیانی ئادەمیزاد؟ تاریک و ڕوونێکی لێڵ و ڕەساسی دەشتاییەکەی داپۆشی، هەروەکو ئەوەی هێشتا خۆر هەڵنەهاتبێت.

"بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان، من وەکو ئەوانی تر دڵەڕاوکێم نەبوو. لە قەرەبااڵغییەکە دەرچووم و لە دووریی دە پێیەکەوە حوشترێکم بینی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو. حوشترەکە ئامادە بوو و زینی پێوە کرابوو – ڕێک بەو شێوەیەی دواتر لە ولاتی تۆ دیم جەنابی ئیمام – پیاوێکیش بە عەبایەکی ڕەش و سپی و قۆڵی کورتەوە لەسەر زینەکە دانیشتبوو. کوفییەکەی دابوو بەسەر ڕوخساریدا، بۆیە ڕوخساریم نەدەبینی. لە دڵمدا زانیم ئەو حوشترە چاوەڕێی منە، ئەو پیاوە نیشتەجێیەیش ڕێنیشاندەرمە؛ بۆیە بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم، چونکە سەر پشتی حوشترەکە و لە پشتی زینەکەوە سەرکەوتم. ساتێکی نەبرد حوشترەکە هەستایەوە و بە خێرایی بەڕێ کەوت، لەگەڵ هەستانەوەی ئەویشدا، هەستم بە هەستانەوەی شادی کرد لە ناخمدا. بە جوڵەی خێرا و نەرمی حوشترەکە گەشتمان کرد؛ سەرەتا وا دەردەکەوت چەند کاتژمێرێکمان پێ چووبێت، پاشان چەند ڕۆژێک، پاشان چەند مانگێک، تاکو چیتر نەمتوانی کات هەژمار بکەم؛ لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی حوشترەکەدا شادومانیی ناخم زیادی دەکرد، تا وای لێ هات هەستم دەکرد لە هەوادا مەلە دەکەم. لە کۆتاییدا، ئاسۆی دەستە ڕاستمان لەژێر تیشکەکانی خۆری تازەهەڵهاتوودا سور هەڵگەڕا. بەڵام لە ئاسۆی پێشمانەوە ڕۆشناییەکی دیکەم دەبینی: لە پشتەوەی دەرگایەکی گەورە و کراوەی پاڵپشت بە دوو پایە دەهات: ڕۆشناییەکی سپیی نابیناکەر، ڕۆشناییەکی فێنک کە تا نزیکتر ببووینایەتەوە، ڕۆشنتر دەبوویەوە و شادومانیی ناخی منی زیاتر دەفڕاند، هەتا گەیشت بەوەی بە وشە دەرنابڕدرێت. کاتێک لە دەروازەکە و ڕۆشناییەکە نزیکتر بووینەوە، گوێم لە دەنگێک بوو دەیگوت: 'ئەمە دوورترین شاری ڕۆژئاوایە!' پاشان بێدار بوومەوە."

کاتێک تەواو بووم، ئیبن سعود بە دەنگی بەرز گوتی، "الله اکبر؛ ئەم خەونە تێینەگەیاندیت ئیسلام چارەنووستە؟"

سەری نەخێرم ڕاوەشاند: "خوا تەمەندرێژت بکات، نەخێر، چۆن بمزانیبایە؟ هەرگیز بیرم لە ئیسلام نەکردبوویەوە، بە ژیانیشم موسوڵمانێکم نەدیبوو... دوای حەوت ساڵ لەم خەوە موسوڵمان بووم، لە کاتێکدا خەونەکەم بیر نەمابوو. ئەم خەونەم بەم دواییانە بیر کەوتەوە، کاتێک تەماشای پەڕاوەکانمم کرد و ئەم خەوە تۆمارکراوەم خوێندەوە."

"بەڵام کوڕم، بەختیار بوویت کە پەروەردگار ئەو خەونەی پیشان داویت! لێت ڕوون نییە؟ کۆبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە، هەروەها تۆش لەگەڵیاندا، لە وێرانەیەکدا و بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە: باشە ئەمە لە دۆخی ئەوانە ناچێت کە خودا لە سورەتی فاتیحەدا بە *گومڕایان* ناویان دەهێنێت؟ ئەدی ئەو حوشترەی لەگەڵ سوارچاکەکەیدا چاوەڕێت بوون، لەو هیدایەتە ناچێت کە هەردەم لە قورئاندا باس دەکرێت؟ ئەدی ئەو سوارچاکەی قسەی نەکرد و ڕووی خۆی پۆشیبوو: بێجگە لە پێغەمبەری بەڕێز، درود و سەلامی خودای لەسەر بێت، دەکرێت کێ بێت؟ ئەو حەزی بە پۆشینی عەبا و بەرگی قۆڵ کورت بوو... ئەدی نەتبیستووە زۆرێک لە کتێبەکانمان پێیان دەڵێن کاتێک پێغەمبەر لە خەونی بێباوەڕاندا، یان ئەوانەی هێشتا موسوڵمان نەبوون، بە ڕووی پۆشراوەوە دەردەکەوێت؟ ئەی ئەو ڕۆشناییە سپی و فێنکەی ئاسۆ: جگە لە پەیامنی ڕۆشنایی ئیمان، کە ڕۆشنکەرەوەیە بەڵام سووتێنەر نییە، چی ترە؟ وەکو خۆت پێت گوتین لە خەونەکەدا پێی نەگەیشتیت، چونکە دوای ساڵانێک لەوە ئیسلامت ناسیوە..."

"ئەی خوا تەمەنت درێژ بکات، ڕەنگە قسەی تۆ بێت... بەڵام ئەی چی سەبارەت بەو شارە ڕۆژئاواییە؟ مەگەر موسوڵمانبوونم لە ڕۆژئاوا دووری نەخستمەوە؟"

ئیبن سعود تاوێک بێدەنگ بوو و چووە فکرەوە: ئەوجا بە زەردەخەنەیەکەوە سەری هەڵبڕی، منیش کەیفم بەو زەردەخەنەیەی دەهات: "موحەممەد، تۆ بڵێیت مانای ئەوە بێت موسوڵمانبوونت کۆتا خاڵی ڕۆژئاوایە لە ژیانتدا و پاش ئەو خاڵە ڕۆژئاوا کۆتایی دێت بۆت؟"

پاش تاوێک پاشا قسەی کردەوە: "کەس داهاتوو نازانێت، خودا نەبێت. بەڵام هەندێکجار لە ڕێگەی خەوەوە تیشکێکمان لە داهاتوو پیشان دەدات. من خۆم دوو یان سێجار خەونی ئاوام دیوە و هەمیشەیش بەڕاست گەڕاون. یەکێکیان کاریگەریی زۆری لەسەر بوونم بەوە هەبوو کە ئێستە هەم... ئەوکات حەڤدە ساڵم بوو. لە کوێەت بووین، بەڵام بەرگەی ئەوەم نەدەگرت ئیبن ڕەشیدییەکان حوکمی نیشتیمانەکەم بکەن. زۆرجار لە باوکی خوالێخۆشبووم دەپاڕامەوە: 'بابە گیان، شەڕ لەگەڵ ئیبن ڕەشیدەکان بکە، دەریان بکە! ئەم خاکە لە هەموو کەس زیاتر هی تۆیە!' بەڵام باوکم قسەکانمی وەکو خەیاڵ فەرامۆش دەکرد و بیری دەهێنامەوە ئیبن ڕەشیدەکان بەهێزترین فەرمانڕەوای عەرەبستانن، هەروەها شانشینێکیان گرتووە کە سەرەتاکەی لە باکووڕەوە بیابانی سووریایە و کۆتاییەکەی لە باشووڕەوە چارەکی خاڵییە (الربع الخالي)، هەروەها هەموو هۆزەکان لەو هۆزە دەترسن. لە خەونمدا نیوەشەو بوو، خۆمم بە سواری ئەسپێکەوە دی لە دەشتاییەکی فراواندا دی، لە بەردەمیشمدا موحەممەدی ئیبن ڕەشیدی بەتەمەن لەسەر ئەسپێک بوو، ئەو پیاوەی شانشینەکەی لێ زەوت کردبووین. هەردووکمان بێچەک بووین، بەڵام ئیبن ڕەشید چرایەکی ڕۆشنی بە دەستەوە بوو. کاتێک منی بینی، زانی دوژمنیم، بۆیە لە ئەسپەکەی دا تاکو هەڵبێت؛ بەڵام شوێنی کەوتم و گۆشەی عەباکەیم گرت، پاشان قۆڵی، پاشان چراکەم لێ وەرگرت و بە فوویەک کوژاندمەوە. کاتێک بێدار بوومەوە، دڵنیا بوومەوە چارەنووسی من دەرکردنی حوکمە لە بندەستی خانەوادەی ئیبن ڕەشید..."

لە ساڵی ئەو خەونەدا، کە دەیکردە ١٨٩٧، موحەممەدی کوڕی ڕەشید کۆچی دوایی کرد. ئەوە لە دەرفەتێکی باش دەچوو بۆ ئەوەی عەبدولعەزیز ئیبن سعود هێرش ببات؛ بەڵام عەبدولڕەحمانی باوک حەزی بەوە نەبوو ژیانی هێمنی کوەیت بکات بە قوربانیی سەرکێشییەکی ئاوا. بەڵام جۆشی کوڕ لە بێجوڵەیی باوک کەللەڕەقتر بوو؛ لە کۆتاییدا باوکی قایل بوو. ئەوجا بە یارمەتیی شێخ موبارەکی کوەیت کۆمەڵێک هۆزی وەفاداری دەشتەکیی کۆکردەوە و بە شێوازە کۆنە عەرەبییەکە، بە ژوشتر و ئەسپ و ئاڵای هۆزەکییەوە، دژی ئیبن ڕەشیدەکان وەستان. زۆری نەبرد سوپای بەهێزتری دوژمن ئەمانی شێلا و عەبدولڕەحمان – کە دەکرێت لە ناخی دڵیدا زیاتر حەسابێتەوە تاکو نائومێد – گەڕایەوە بۆ کوەیت و بڕیاری دا هەرگیز جارێکی تر لە ئێوارەی ژیانیدا سەرکێشیی جەنگاوی نەکات.

بەڵام کوڕەکەی بەو ئاسانییە کۆڵی نەدا. هەمیشە خەونەکەی لەیاد بوو؛ کاتێکیش باوکی حاشای لە خاوەندارێتیی نەجد کرد، خەونەکە هانی عەبدولعەزیزی لاوی دا گرەوە سەرکێشەکەی لەسەر دەسەڵات بکات. ئەو چەند هاوڕێیەکی کۆکردەوە – لە نێویشیاندا عەبدولڵا ئیبن جیلوی و ئیبن موساعد – لەگەڵ هەندێک دەشتەکیکا، تا بوون بە چل کەس. ئەوان وەکو چەتە لە کوەیت دەرچوون، بەبێ ئاڵا و تەپڵ یان گۆرانی؛ هەروەها ڕێی کاروانەکانیان نەگرتە بەر و بە ڕۆژیشدا خۆیان حەشار دەدا، تاکو نزیکی ڕیاز بوونەوە و لە دۆڵێکی گۆشەگیردا خێمەیان هەڵدا. لە هەمان ڕۆژدا، عەبدولعەزیز پێنج هاوەڵی لە چلەکە هەڵبژارد و ڕووی لە ئەوانی تر کرد:

"ئێستا ئەم شەشەمان ژیانی خۆمانمان داوەتە دەستی خودا. دەچین بۆ ڕیاز – یان بۆ گرتنی، یان بۆ لەدەستدانی بۆ هەمیشە. ئەگەر لە شارەکەوە گوێتان لە دەنگی شەڕ بوو، وەرن بۆ پاڵپشتیمان، خۆ ئەگەر تا سبەی ئێوارە دەنگ نەهات، ئەوا بزانن ئێمە مردووین، خودا لێمان خۆش بێت. ئەگەر ئەوە ڕوویدا، دەستبەجێ بە نهێنی بگەڕێنەوە بۆ کوەیت."

شەش پیاوەکە بە پێ کەوتنە جوڵە. لە نیوەشەودا گەیشتن بە شارێک و لە درزێکەوە چوونە ژوورەوە، کە چەند ساڵێک لەوەوبەر موحەممەد ئیبن رەشید لە دیواری شارەکەدا دروستی کردبوو، بۆ ئەوەی سوکایەتی بە دانیشتوانەکەی بکات. چەکەکانیان لەژێر عەباکانیاندا شاردبوویەوە و ڕاستەوخۆ چوون بۆ ماڵی ئەمیرە ڕەشیدییەکە. ماڵەکە داخرا بوو، چونکە ئەمیر لە ترسی دانیشتوانەکە لە قەڵاکەی بەرانبەر دەمایەوە. عەبدولعەزیز و هاوەڵەکانی لە دەرگایان دا؛ کۆیلەیەک دەرگاکەی کردەوە و دەستبەجێ دایان بەسەریدا و بەستیانەوە؛ هەمان کاریان لەگەڵ چەند خزمەتکارێکی تردا کرد، کە تەنها چەند ژن و پیاوێک بوون، چونکە کاتەکەی درەنگ بوو. چەند خورمایەکیان خوارد و شەوەکەیان بە خۆێندنی قورئان بە نۆرە بەڕێ کرد.

بەرەبەیان دەرگای قەڵاکە کرایەوە و ئەمیرەکە چووە دەر و کۆمەڵێک پاسەوانی چەکدار و کۆیلەی لەگەڵدا بوو. بە دەم هاواری "پەروەردگارا، ئیبن سعود لە دەستی تۆدایە،" عەبدولعەزیز و پێنج هاوەڵەکەی بە شمشێری ڕووتەوە پەلاماری دوژمنەکە واقوڕماوەکەیان دا. عەبدولڵا ئیبن جیلوی ڕمەکەی خۆیی گرتە ئەمیرەکە، بەڵام خۆی لادا و ڕمەکە بە دیواری قەڵاکەدا چەقی – تا ئەمڕۆیش شوێنی دیارە. ئەمیر لە ترساندا گەڕایەوە بۆ لای دەروازەکە؛ عەبدولڵا بە تاقی تەنیا ئەوی بەرەو ناوەوەی قەڵاکە ڕاونا، عەبدولعەزیز و چوار هاوەڵەکەی تریش پەلاماری پاسەوانەکانیان دا، کە سەرەڕای ژمارەی زۆریان لەوە واقوڕماوتر بوون بتوانن بە باشی بەرگری لە خۆیان بکەن. پاش تاوێک لە سەربانەکەوە ئەمیر و عەبدولڵا پێکەوە دەرکەوتن؛ عەبدولڵا ئیبن جیلوی ئەمیری پەرێشان کردبوو، بۆیە بۆ ژیانی دەپارایەوە، بەڵام عەبدولڵا لێی نەگەڕا تا لە سەربانەکەوە خستیە خوارەوە و لەوێش کۆتا شمشێری لێ درا. لەوێدا عەبدولعەزیز هاواری کرد، "وەرن ئەی پیاوانی ڕیاز! ئەوە منم، عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدولڕەحمانی ماڵی ئیبن سعود، فەرمانڕەوای ڕەواتان!" پیاوانی ڕیازیش،

لەبەرئەوەی ڕقیـــان لە ســـتەمکارە باکوورییەکانیـــان بـــوو، بەرەو پاڵپشـــتیی شازادەکەیان بەڕێ کەوتن؛ هاوەڵەکانی تریشی بە سواری حوشترەوە هاتنە ناو شـــارەکەوە و هەرکەسـێک بهاتـایەتە بەردەمیـان دەیانشـێلا. لە مـاوەی یەک کاتژمێردا، عەبدولعەزیز ئیبن سعود بوو بە فەرمانڕەوای بێرکابەری شارەکە.

ئەوە ساڵی ١٩٠١ بوو. ئەوکات بیستویەک ساڵ بوو؛ تەمەنی لاوێتیی تەواو بـوو و چـووە قۆنـاغیکی نـوێی ژیـانیەوە، قۆنـاغی پیـاوێکی پێگەیشـتوو و فەرمانڕەوا.

هەنگاو بە هەنگاو، شار بە شار، ئیبن سعود نەجدی لە بندەستی ماڵی ئیبن ڕەشـید دەرکرد و نـاردنیەوە بـۆ نیشـتیمانی خۆیـان، واتە چیـای شـەمەر و حائیلی پایتەختیـان. ئەم فراوانخـوازییە هێنـدە ورد بـوو، دەتگـوت لە لایەن سـتافێکی لێهـاتووەوە کە نەخشـەیان پێـیە و فکـرەی جیۆپۆلۆتیکییـان هەیە ئەنجام دراوە، بەڵام ئیبن سعود ستافێکی وای لەگەڵدا نەبوو و بۆیشـی هەیە هەرگیز چاوی بە نەخشـە نەکەوتبێت. هێرشـەکانی بازنەیی بوون و ڕیـازیش ناوەندیان بـوو، هیچ هەنگـاوێکیش بەرەوپێشـەوە هەڵنەدەگیـرا تـاکو نـاوچەی پێشـترگیراو جێگیـر نەبێـت. سـەرەتا ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات و بـاکووری ڕیـازی گـرت، پاشـان بـاڵی بەسـەر بیابانەکـانی ڕۆژئاوایشـدا گـرت. بە ئاڕاسـتەی بـاکووردا هێـواش بـوو، چـونکە مـاڵی ئیـبن ڕەشـید هێشـتا لەوێ بەهێـز بـوون، هەروەهـا لە لایەن تورکەکانیشـەوە، کە چەنـد دەیەیەک بـوو هـاوپەیمان بـوون، پاڵپشـتی دەکـران. گرفتێکی تری ئیبن سعود هەژاری بوو: ناوچە باشوورییەکانی نەجد بایەی ئەوە داهات و سـەرچاوەیان تیـادا نەبـوو بـۆ مـاوەیەکی درێـژ سـوپایەکیان پـێ بەڕێـوە ببردرێت.

جارێکیـان پێـی گـوتم، "جارێکیـان ئەوەنـدە هەژار بـووم، ناچـار بـووم شمشـێرە خشـــلاّوییەکەم، کە شـــێخ موبـــارەک پێـــی دابـــووم، لەبەر قەرزێـــک لای جولەکەیەکی کوەیتی بخەوێنم. نەمدەتوانی فەرشێک بۆ زینەکەم بکڕم، بەڵام

ئەو تورەکە بەتاڵانەی خستبوومنە ژێر پێستەکەوە کاری خۆیانیان دەکرد."

هێشتایش کێشەیەکی تر هەبوو کە ساڵانی سەرەتای ئیبن سعودیان قورس کردبوو: ڕەفتاری هۆزە دەشتەکییەکان.

عەرەبستان، سەرەڕای هەموو شار و لادێکانی، هێشتا خاکی دەشتەکییەکانە. لە هەموو قۆناغێکدا پاڵپشتی یان دژایەتیی ئەوان شەڕی نێوان ئیبن سعود و ئیبن ڕەشیدی یەکلایی دەکردەوە. ئەوان زوو دەگۆڕان و بە گشتی ئەو لایەنەی پەیمانی غەنیمەتی زیاتری بدایە، دەچوونە پاڵ ئەو. کەسێک کە پێشتر لەو ڕێکەوتنە دوانییانەدا شارەزا بوو فەیسەڵ دەویش بوو، سەرۆکی هۆزی بەهێزی موتەیر، کە تەرازووی هێز بەو بە لایەکدا دەکەوت. ئەو دەهات بۆ حائل تا ئیبن ڕەشیدی خەڵاتی بکات؛ ئەوی بەجێ دەهێشت و دەهات لە ڕیاز پەیمانی بە ئیبن سعود دەدا، کەچی دوای مانگێک ناپاکیی لێ دەکرد؛ ئەو ئازا و بێوەفا بوو، هەروەها تا بڵێیت چڵێسی دەسەڵاتیش بوو؛ چەندینجاریش ئیبن سعودی لە خەوی ئاسوودە کردووە.

کاتێک ئیبن سعود سەرنجی ئەو سەختییانەی دا، پلانێکی داڕشت – ڕەنگە سەرەتا ویستبێتی تەنها جوڵەیەکی سیاسی بێت، بەڵام دواتر بوو بە بیرۆکەیەکی گەورە بۆ گۆڕینی تەواوی نیمچەدورگە: پلانی جێگیرکردنی هۆزە کۆچەرییەکان. ئاشکرا بوو هۆزە کۆچەرییەکان ئەگەر لە جێیەکدا بگیرسانایەتەوە، دەبوو پەیمان بە لایەک بدەن و چیتر بە کەیفی خۆیان ئەمبەر و ئەوبەر نەکەن. کاتێک کۆچەری بوون، زۆر بە ئاسانی ئەیانتوانی لە ساتێکدا خێمەکانیان هەڵبگرن و بە خۆیان و مااڵتەکانیانەوە بچن بۆ لای بەرانبەر؛ بەڵام ژیانێکی جێگیر و نیشتەجێ ڕێگە بەوە نادات، چونکە گۆڕینی پەیمان دەیانخاتە بەر مەترسیی لەدەستدانی مااڵ و موڵکەکانیان: لای دەشتەکییش، هیچشتێک بە ئەندازەی مااڵ و موڵکەکەی خۆشەویست نییە.

ئیبن سعود نیشتەجێکردنی دەشتەکییەکانی کرد بە سەرەکیترین خاڵی

بەرنامەکەی. لەو پرۆژەیەدا، سوودێکی زۆری لە وانە و پەیامەکانی ئایینی ئیسلام وەرگرت، چونکە لە ئیسلامدا جەخت لەوە کراوەتەوە ژیانی جێگیر و نیشتەجێ لە ژیانی دەشتەکی باشترە. پاشا مامۆستایانی ئایینی نارد تا ڕێنمایی کۆچەرییەکان بکات و بیرۆکەکەی بە سەرکەوتنێکی پێشبینینەکراو بڵاو بووبەوە. ڕێکخراوی *ئیخوان* (برایان) – دەشتەکییە جێگیربووەکان وایان بە خۆیان دەگوت – دروست بوو. یەکەم نیشتەجێگای ئیخوان هی عەلوە-موتەبڕ بوو، واتە هۆزەکەی دەویش؛ نیشتەجێگاکەیان بە ناوی ئەرتەوییە لە ماوەی چەند ساڵێکدا بوو بە شارێک و نزیکەی سی هەزار کەسی تیادا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی تریش وایان کرد.

جۆشی ئایینیی ئیخوان و توانا جەنگاوەرەکەیان بوون بە چەکێکی بەهێزی دەستی ئیبن سعود. پاش ئەوە، جەنگەکان ڕەهەندێکی نوێیشیان بۆ زیاد بوو: بەهۆی جۆشی ئایینیی ئیخوانەوە، ڕەهەندە دونیاییەکەیان بۆ هێزی دونیایی گەشەی کرد و بوو بە جەنگ لە پێناو باوەڕدا. لای ئیخوان، ئەم زیندووبوونەوەی باوەڕ ڕەهەندێکی کەسیی هەبوو. ئەوان بە توندی دەستیان بە وانە و پەیامەکانی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە، گەورە ڕیفۆرمخوازی سەدەی هەژدە، گرتبوو (کە پەیامی ئەو گەڕاندنەوەی ئیسلام بۆ سەرەتاکانی و ڕەتکردنەوەی هەموو "بیدعەکان" بوو)، بۆیە هەستێکی خۆبەحەقزانینی زێدەڕۆیان هەبوو؛ بەڵام خەونی سەرەکییان تەنها خۆبەحەقزانین نەبوو، بەڵکو دەیانویست کۆمەڵگەیەک دروست بکەن بە حەق پێی بگوترێت ئیسلامی. ڕاستە زۆرێک لە تێگەیشتنەکانیان سەرەتایی بوو، جۆشەکەیشان بۆ ئایین هەمیشە لەسەر هێڵی تونڕەوی بوو؛ بەڵام ئەگەر ڕێنمایی باش بکرانایە و خوێندنی دروستیان بۆ دابین بکرایە، دەکرا ببن بە هەوێنی ژیانەوەیەکی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی لە هەموو عەرەبستان. بەداخەوە ئیبن سعود لە بایەخی گەورەی ئەو گەشەکردنە تێنەگەیشت و بەوە ئاسوودە بوو ئیخوان هەر ئەوەندە

مەعریفەیان هەبێت – لە ڕاستیدا، هەر ئەوەندەیان هەبێت ئەو توندڕەوییەیان تیادا بمێنێت. بە دەربڕینێکی تر، ئیبن سعود جولّانەوەی ئیخوانی تەنها وەکو کەرەستەیەکی ڕاگرتنی هێز دەبینی. لە ساڵانی دواتردا، ئەم کەمتەرخەمییە بەسەریدا شکایەوە و لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەڕەشەی خستە سەر خودی شانشینەکەیشی؛ ڕەنگە ئەوەیش یەکەمین ئاماژە بووبێت بۆ ئەوەی ئیبن سعود ئەو مەزنییە دەروونییەی نییە کە خەڵکەکەی لە سەرەتادا چاوەڕێیان دەکرد. بەڵام نائومێدبوون و دابڕانی ئیخوان لە پاشاکەیان و نائومێدبوون و دابڕانی پاشایش لەوان دەمێک بوو پەیدا بووبوو...

لە ساڵی ١٩١٣دا، ئیبن سعود بە پاڵپشتیی بەهێزی ئیخوانەوە، هەستی کرد ئەوەندە بەهێزە پەلاماری پارێزگای ئەحسا بدات لەسەر کەنداوی فارس، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەر بە نەجد بوو، بەڵام پەنجا ساڵ لەوەوبەر لە لایەن تورکەکانەوە گیرابوو.

جەنگان دژی تورکەکان ئەزموونێکی نوێ نەبوو بۆ ئیبن سعود؛ ئەو جاروبار تووشی پەلاماری تورکەکان بووبوو، بە تایبەتی تۆپهاوێژەکانی سوپاکانی ئیبن ڕەشید. بەڵام هێرشێک بۆ سەر ئەحسا، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن تورکەکانەوە حوکم دەکرا، تەواو جیاواز بوو: لەو جەنگەدا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هێزێکی مەزن دەبوویەوە. بەڵام ئیبن سعود بڕاردەی تری نەبوو. هەتا ئەحسا و بەندەرەکانی نەگرتایە، هەروا بە دابڕاوی لە جیهانی دەرەوە دەمایەوە و چەک و فیشەک و پێویستییەکانی ژیانی دەست نەدەکەوت. پێویستییەکە ڕەوایەتیی بە مەترسییە دەدا؛ بەڵام مەترسییەکە ئەوەندە گەورە بوو، ئیبن سعود زۆر چاوەڕێی کرد تا هێرش بکاتە سەر ئەحسا و حفوفی پایتەختی بکات. تا ئەمڕۆیش، حەزی لەوەیە باسی ئەو هەلومەرجانە بکات کە بڕیاری کۆتاییان تیادا درا:

"ئێمە لە حفوفەوە نزیک بووین و دەمانبینی. لەسەر ئەو تەپۆڵکە لمینانەوە کە لەسەریان دانیشتبووم دیوارەکانی ئەو قەڵا گەورەیەم دەبینی کە بەسەر

شـــارەکەدا دەپرواتـــی. کاتێـــک بەرژەوەنـــدی و مەترســـییەکانی پرۆســـەکەم دەخەملاّند دلّم بێقەرار بـوو. هەستم بە ماندوویەتی دەکرد؛ تینـووی ئارامی و مـــاڵەوە بـــووم؛ کـــاتێکیش بیـــرم لە مـــاڵەوە دەکـــردەوە، ڕوخســـاری جەوهەرەی هاوسەرم هاتە بەرچاوم. بیرم لەو دێرانە کردەوە کە ئەگەر لام بوایە بۆیم دەگوت – پێش ئەوەی بە خۆم بزانم، سەیرم کرد خەریکی دانانی غەزەلێکم بۆ ئەو و بە تەواوەتی بیرم چووەتەوە لە کوێدام و چ بڕیارێکی کوشندەم لە بەردەمدایە. پاش ئەوەی هـۆنراوەکە لە هزرمـدا جێگیـر بـوو، نووسـیمەوە و مـۆرم کـرد، هەروەهـا نامەبەرێکمم بانگ کرد و فەرمانم دایە: "دوان لە خێراترین حوشترەکان ببە و بڕۆ بـۆ ڕیـاز، تـاکو ئەمە بە دایکـی مـوحەممەد بدەیت." وەختێـک نـامەبەرەکە دیـار نەما، هزرم لەسەر بڕیارە یەکلاکەرەوەکە جێگیر بوو: هێرشم دەکردە سەر حفوف و خودایش سەرم دەخات.

متمانەبەخۆبوونەکەی سەری گرت. جەنگاوەرەکانی لە هێرشێکی بـوێرانەدا پەلاماری قەڵاکەیان دا؛ سەربازە تورکەکان خۆیان بەدەستەوە دا و ڕێیان پێ درا بە خۆیان و چەکەکانیانەوە پاشەکشە بکەن و نێردران بۆ بەسرە. بەڵام حکومەتی عوسمانی ئامـادە نەبـوو بەو ئاسانییە مـوڵکی خـۆی وەلا بنێـت. لە ئیسـتەنبوڵەوە بڕیار لەسەر سزایەکی قورس و هێرشێکی کوشندە بۆ سەر ئیبن سعود درا. بەڵام پێش ئەوەی بڕیارەکە بکرێـت بە کـردار، جەنـگە گەورەکە ڕوویـدا و تورکەکـان ناچـار بـووون هەمـوو سـەربازەکانیان بـۆ جێیەکـی تـر بـبەن؛ لە کۆتـایی جەنگەکەیشدا، شتێک بە ناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەما.

ئیبن ڕەشید، پاش نەمانی پاڵپشتیی تورکەکان و بێبەشبوونیان لە باکوور کە ئێستا لە لایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە حوکم دەکرا، چیتر نەیدەتوانی بەرهەڵستی بکات. لە سـاڵی ١٩٢١دا، هێزەکانی پاشـا بە سـەرکردایەتی فەیسـەڵ دەویـش، کە ئیدی بووبوو بە یەکێک لە شۆڕەسواراەکانی ئیبن سعود، حائیلیان گرت و مـاڵی ئیبن ڕەشید هەمووشتێکیان لەدەست دا.

لوتکەی فراوانخوازییەکەی ئیبن سعود لە ساڵی ١٩٢٤-١٩٢٥دا بوو، کاتێک حیجازی گرت، بە مەککە و مەدینە و جەددەیشەوە، هەروەها بنەماڵەی شەریفیی دەرکرد کە پاش یاخیبوونەکەی شەریف حوسەین بە پاڵپشتیی بەریتانیا دژی تورکەکان لە ساڵی ١٩١٦دا دەسەڵاتیان گرتە دەست. بە گرتنی ئەم خاکە پیرۆزەی ئیسلام، ئیبن سعود، کە ئێستا چلوپێنج ساڵ بوو، بە تەواوەتی کەوتە بەرچاوی جیهان.

بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن ئیبن سعودەوە، لە سەردەمێکدا زۆرینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتی بە دەستێوەردانی ڕۆژئاوایی دەبەست، ئومێدێکی بە جیهانی عەرەبی دا کە سەرکردەیەک پەیدا بووە نەتەوەی عەرەب لە بەند ڕزگار دەکات؛ جیا لە عەرەبەکان، زۆرێک لە کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش ئومێدیان وابوو لە ڕێگەی دانانی دەوڵەتێکەوە، کە تیایدا ڕۆحیەتی قورئان حاکم بێت، بیرۆکە ئیسلامییەکە زیندوو بکاتەوە. بەڵام ئەو ئومێدانە بە بەدینەهاتوویی مانەوە. کاتێک دەسەڵاتی زیادی کرد، دەرکەوت پاشایەک زیاتر هیچی تر نییە – پاشایەک هەمان ئامانجی فەرمانڕەوا تاکڕەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی پێش خۆیی هەیە.

ئیبن سعود لە کاروبارە کەسییەکانیدا پیاوێکی باش و دادگەر بوو، بەرانبەر هاوڕێ و پاڵپشتەکانی وەفادار بوو، بەرانبەر دوژمنەکانیشی میهرەبان، هەروەها لە شوێنکەوتووەکانی زیرەکتر بوو، بەڵام ئەو سەرکردایەتییە مەعنەوییەی پیشان نەدا کە لێی چاوەڕێ دەکرا. ڕاستە هەلومەرجی سەلامەتیی بە جۆرێک لە خاکەکەی خۆیدا بەڵاو کردەوە، کە لە سەرزەمینە عەرەبییەکاندا بۆ ماوەی هەزار ساڵ بوو، لە پاش سەردەمی سەرەتای خیلافەتەوە، وێنەی نەبوو؛ بەڵام بە پێچەوانەی خەلیفەکانی سەرەتاوە، ئەم لە ڕێگەی چاندنی هەستی مەدەنییەوە لە خەڵکدا ئەوەی نەکردبوو، بەڵکو بە زۆر و زۆرداری ئەوەی بەدی هێنابوو. ئەو کۆمەڵێک لاوی ناردبوو بۆ دەرەوەی وڵات تا پزیشکی و هەواڵنارەنی بێوایەر

بخوێنن؛ بەڵام بۆ چاندنی ئارەزووی فێربوون لە خەڵکەکەیدا هیچی نەکردبوو تا لەو نەزانییەی بۆ چەندین سەدە تیایدا بوون ڕزگاریان بکات. ئەو هەمیشە بە قەناعەتی دەرەکییەوە باسی مەزنیی شێوازی ژیانی ئیسلامی دەکا؛ بەڵام هیچ کارێکی نەکردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو دروست بکات، تیایدا ئەو شێوازە ژیانە دەربڕینە کلتوورییەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

ئەو سادە و خۆبەکەمگر و ماندوونەناسە؛ بەڵام لە هەمانکاتیشدا، خۆی لە چەندین خۆشگوزەرانی و شتی چێژبەخشی زێدەڕۆدا نوقم دەکات، لێیش دەگەڕێت ئەوانەی دەوروبەریشی وەها بن. ئەو تا بڵێیت دینداڕە و هەموو فەرمانەکانی شەریعە جێبەجێ دەکات؛ بەڵام وا دەردەکەوێت بە دەگمەن بیر لە کرۆک و ئامانجیی مەعنەویی ئەو فەرمانانە بکاتەوە. ئەو پێنج نوێژە فەرزەکەی دەکات و چەندین کاتژمێر لە شەونوێژدا بەسەر دەبات؛ بەڵام وا دەرناکەوێت زانیبێتی نوێژ ڕێگەیەکە نەک ئامانجەکە. ئەو حەزی لێیە باسی بەرپرسیارێتیی فەرمانڕەوا بەرانبەر بە خەڵکەکەی بکات، هەروەها زۆرجار فەرموودەکەی پێغەمبەر دەگوازێتەوە: "هەموو پیاوێک شوانە و بەرپرسیارە لەوەی لە ژێردەستیدایە"؛ کەچی خۆندن و پەروەردەی کوڕەکانی خۆی فەرامۆش کردووە، بۆیە لە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیاندا تووشی شکست دەبن. کاتێکیش لێیان پرسی بۆچی دەوڵەتەکەی بە شێوەیەکی زیاتر دامەزراوەیی و کەمتر کەسی بونیاد نەناوە، تاکو کوڕەکانی حکومەتێکی ڕێکوپێکیان بۆ بمێنێتەوە، لە وەڵامدا گوتی:

"شانشینەکەمم بە شمشێرەکەی خۆم و هەوڵەکانم بەدەست هێناوە؛ با کوڕەکانیشم پاش من کۆششی خۆیان بکەن."

ئەو گفتوگۆیەمم لەگەڵ پاشادا بیرە کە تیایدا تەواو بۆم دەرکەوت ئەو خاوەنی ڕوانینێکی دامەزراوەیی و ڕێکخستنی نییە. ئەوە لە مەککە بوو، لە دواییەکانی ساڵی ١٩٢٨دا، کاتێک ئەمیر شەکیب ئەرسەلان، سەرکردەی

بەناوبانگی بزاڤی سەربەخۆی سوری، سەردانی پاشای کرد. ئیبن سعود منی بەم شێوەیە ناساند:

"ئەمە موحەممەدە، کوڕی خۆمانە. تازە لە ناوچەکانی باشوورەوە هاتووەتەوە. فرە حەزی بە گەشتکردنە لەگەڵ دەشتەکییەکانمدا."

ئەمیر شەکیب، کە تەنها سیاسی نەبوو بەڵکو پیاوێکی فرەئارەزوو و زانایش بوو، هەر ئەوەندەی زانی ئەوروپیم و موسوڵمان بووم، حەزی کرد سەرنجەکانم بزانێت. هەندێکم سەبارەت بەو گەشتەی باشوور پێ گوت، بە تایبەتیش ئەزموونەکانم لە شیوی بیشە، کە پێش من هەرگیز هیچ ئەوروپییەک پێی نەخستبوویە ناوی. داهاتووی ڕێتێچووی کشتوکاڵیی ناوچەکە، سامانی ئاو و خاکە بەپیتەکەی سەرنجی منیان ڕاکێشابوو؛ لە ماوەی قسەکانیشمدا ڕووم کردە پاشا و گوتم:

"جەنابی ئیمام، دڵنیام شیوی بیشە دەتوانێت بەشی هەموو حیجاز گەنم بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەو مەرجەی بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و گەشەی پێ بدرێت."

پاشا دڵی دایە قسەکەم، چونکە پەیداکردنی گەنمی حیجاز بەشێکی زۆری سامانی وڵاتەکەی دەبرد – نیگەرانیی بەردەوامیی پاشایش کەمهێنانی سامان بوو.

"باشە، ئەگەر گرنگی بە شیوی بیشە بدەین تا ئەوەمان بۆ ئەنجام بدات، چەندێکی پێ دەچێت؟"

من شارەزا نەبووم، بۆیە نەمتوانی وەڵامێکی کتومتی بدەمەوە. پێشنیاری هێنانی کۆمەڵێک شارەزای بیانیم بۆ کرد تاکو بڕن ناوچەکە بپشکنن و بەرنامەی کۆنکرێتی بۆ گەشەکردنەکە دابنێن. پاشان وێرام و گوتم ڕەنگە گەشەپێدانی تەواوی ناوچیکە پێنج تا دە ساڵ بخایەنێت.

ئیبن سعود گوتی، "ده سالّ! ده سالّ زۆر زۆره. ئێمەی دەشتەکی یەک شت دەزانین: ئەوەی لە دەستماندایە دەیخەینە دەمان و دەیخۆین. بەرنامەی دە سالّ زۆر دوورە بۆ ئێمە."

کاتێک ئەمیر شەکیب ئەم قسە سەیرەی بیست، بە سەرسامییەوە، وەکو ئەوەی باوەڕ بە گوێیەکانی نەکات، چاوی لە من بڕی. منیش هەر ئەوەندەم پێ کرا چاوی تێببڕمەوە.

لەوێدا بووم لە خۆمم پرسی: ئایا ئیبن سعود پیاوێکی مەزنە، بەڵام پاشایەتی و ئاسوودەیی ڕێی مەزنییان لێ ون کردووە – یان پیاوێکی بوێر و لێهاتوو بووە و هەرگیز لە دەسەڵاتی کەسی زیاتر هیچی لە خەیاڵدا نەبووە؟

تا ئەمڕۆیش، وەڵامێکی قەناعەتپێکەرم پێ نییە؛ ئاخر ڕاستە بۆ ماوەیەکی زۆر ناسیومە، بەڵکو زۆریش باش ناسیومە، هەمیشە بەشێکی سروشتی ئیبن سعود بە نارووننی ماوەتەوە بۆم. بابەتەکە ئەوە نییە کەسێکی نهێنیدار بێت؛ ئەو بە ئازادی باسی خۆی و ئەزموونەکانی دەکات: بەڵام کەسایەتیی ئەو لەوە فرەڕەهەندتر بوو بە ئاسانی تێببگەی، لە پشتی ڕواڵەتە سادەکەیشیەوە دڵێکی دەریائاسا هەبوو، دڵێک نائاسوودە و پڕ لە کەش و دژیەکی.

دەسەڵاتە کەسییەکەی گەورە بوو، بەڵام زیاتر پشتی بە هێزی کەسایەتیی بەستووە تاکو هێزی ڕاستەقینە. ئەو لە گوفتار و ڕەفتاردا یەکلاکەرەوەیە. ڕۆحە دیموکراتییەکەی ڕێگەی پێ دەدا لەگەڵ ئەو دەشتەکییانەدا بدوێت کە بە جلوبەرگی پیس و دڕاوەوە دەهاتنە لای و بە ناوی خۆیەوە بانگیان دەکرد، بە جۆرێک دەتگوت یەکێکە لە ئەوان. لە لایەکی ترەوە، کاتێک لەگەڵ بەرپرسە بااڵکاندا دەدوا و هەستی دەکرد نۆکەرایەتی دەکەن، زۆر تونند و لەخۆبایی

دەبوو. ئەو ڕۆژە لە هەموو لووتبەرزییەک بوو. بیرمە جارێکیان لە مەککە، لە ماوەی خوانێکدا لە کۆشکی شاهانە، سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین خانەوادەکانی عەرەب لوتی لە "ناپوختیی دەشتەکییانە"ی هەندێک نەجدی قڕچاند، کە لەوێ دانیشتبوون و بە چنگی گەورە برجنیان دەخوارد؛ پیاوە ئەرستۆکراتییەکە، بۆ ئەوەی پاکوتەمیزیی خۆی پیشان بدات، بە سەری پەنجەکانی خواردنەکەی هەڵگرت و ویستی بیخوات، وەلێ ئەوەندەی زانی دەنگی پاشا وەکو هەورەبروسکە هات: "ئێوەومانان لە خواردندا پارێزی زۆر دەکەن: هۆیەکەی ئەوەیە بە پەنجەکانتان خۆڵ هەڵدەکەنن؟ ئێمەی نەجدی لە دەستەکانمان ناترسین؛ دەستەکانمان پاکن و بە چنگی گەورە نان دەخۆین!"

هەندێکجار، کاتێک بە تەواوەتی ئارامە، زەردەخەنەیەکی نەرم لەسەر لێوەکانی دەردەکەون و ڕەهەندێکی مەعنەوی بە ڕوخساری دەدەن. دڵنیام ئەگەر لە ڕوانگەی تەسکی وەهابییەتەوە مۆسیقا حەرام نەبوایە، ئیبن سعود خۆی بە مۆسیقا دەردەبڕی؛ بەڵام لەبەرئەوەی حەرامە، مەیلە مۆسیقییەکەی بە شعرە کورتەکانی، وەسفە وردەکانی، هەروەها سرودەکانی جەنگ و خۆشەویستیی کە بە هەموو نەجددا بڵاو بوونەتەوە و پیاوان بەسەر حوشترەکانیانەوە و، ژنانیش لە ژوورەکانیاندا، دەیانڵێنەوە. ئەوەیش لە شێوازی نەرم و لاستیکیی ژیانیدا دەردەکەوێت، کە لەگەڵ داواکارییەکانی کۆشکی شاهانەدا دەگونجێت. هەروەکو جولیۆس سیزار، ئەمیش دەتوانێت لە یەک کاتدا کۆمەڵێک بابەت لە هزریدا تاوتوێ بکات، بەبێ ئەوەی سەرنجی لەسەر چارەکردنی هەر تاکە کێشەیەک کەم ببێتەوە: هەر بەهۆی ئەم توانایەیشییەوە دەتوانێت بەبێ سەرلێشێوان یان ماندووبوون هەموو کارەکانی شانشینەکەی بەڕێ بکات، هێشتایش کاتی گونجاو بۆ خانمان دابنێت. زۆرجار بە شێوەیەکی سەمەرە وردە.

ئەو بە شێوەیەکی غەریزی و سەرکەوتوو لە نیەتی ئەو کەسانە تێدەگات کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. زۆرجار، بە چاوی خۆم دیومە پێش ئەوەی کەسێک قسەیەک بکات، مێشکی دەخوێنێتەوە، هەروەها هەرئەوەندەی کەسەکە هاتە ژوورەوە، تێدەگات ئەو پیاوە چۆن لێی دەڕوانێت. هەر بەهۆی ئەم لێهاتوویییەوە توانیویەتی خۆی لە چەند هەوڵێکی بەرنامەبۆدارێژراوی کوشتن ڕزگار بکات، هەروەها کۆمەڵێک بڕیاری دەستبەجێی بەختیاوەرانەی سیاسی بدات.

بە کورتی، وا دەردەکەوێت ئیبن سعود خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەو سیفەتانە بیت کە مرۆڤێکی مەزنت بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئەو هەرگیز هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ مەزنی نەدا. ئەو بە تەبیعەتی خۆی حەزی بە پشکنینی خۆی نییە، بۆیە لە بەهانەهێنانەوە و دۆزینەی بەڵگە بۆ ڕاستبوونی خۆی لە بەرانبەر هەڵە ئاشکراکاندا زیرەکە؛ بەم شێوەیە خۆی لە هەموو لەخۆپرسینەوەیەک قوتار دەکات. ئەوانەی لە دەوری ئەون – دەستوپێوەن و ئەو پیاوانەی لێی دەخۆن – هیچ هەوڵێک بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم مەیلە خراپەی نادەن.

ئیبن سعود لە لاویدا وەکو خەونبینی خەونە مەزنەکان دەردەکەوت، بەڵام بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت خەونە مەزنەکەی بەفیڕۆ دا: خەون و ڕۆحیەتی نەتەوەیەک کە وەکو سەرکردەیەکی خوداکرد لەویان دەڕوانی. ئەوان چاوەڕوانیی زۆریان لەو هەبوو، بەڵام خەونەکانیانی بە ئارامیی خۆی فرۆشت؛ ئێستایش هەندێک لە باشترین خەڵکی نەجد قسەی پێ دەڵێن و پێیان وایە متمانەی ئەوانی زایە کردووە.

هەرگیز نائومێدی و خەمی ڕوخساری ئەو دۆستە نەجدییەم بیر ناچێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک بوو سەرسەختترین لایەنگرانی ئیبن سعود و لە

گەرما و سەرمادا پشتی بەرنەدابوو، کەچی ئێستا دەیگوت:

"لە ڕۆژانی سەرەتادا کاتێک دژی ئیبن ڕەشید جەنگاین، هەروەها کاتێک لەژێر ئالآی (لا اله الا الله)دا دژی شەریف حوسەینی دوژمنی ئیسلام جەنگاین، وامانزانی ئیبن سعود موسایەکی نوێیە و خەڵکی لە بەندی نەفامی و وێرانی ڕزگار دەکات و بە خاکی بەڵێندراوی ئیسلام شادیان دەکات. بەڵام کاتێک کەوتە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییەوە، هەروەها خەڵکەکەی و خەونەکە و داهاتووی لەیاد کرد، بۆمان دەرکەوت فیرعەونە..."

بێگومان هاوڕێکەم زێدەڕۆ و بگرە نادادگەرانەیش لۆمەی ئیبن سعودی دەکرد، چونکە ئەو نە فیرعەونە نە ستەمکار؛ ئەو پیاوێکی میهرەبانە. وەلێ موسایش نییە. شکستی ئیبن سعود لەوەدایە بەو شێوەیە مەزن دەرنەچووە کە خەڵکەکەی چاوەڕێیان دەکرد - هەروەها ئەوەندە مەزن دەرنەچوو کە ئەگەر جۆشی لاوێتیی تیادا بمایەتەوە دەردەچوو. ئەو هەڵۆ بوو، لێ هەرگیز باڵی نەگرت.

زۆر بە سادەیی، ئەو وەکو سەرۆکهۆزێکی میهرەبانی خاوەن ناوچەیەکی فراوان مایەوە.[1]

---

[1] پاش ماوەیەکی کەم لە تەواوکردنی ئەم کتێبە (١٩٥٣)، شا ئیبن سعود لە تەمەنی حەفتاوسێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد؛ بە مەرگی ئەویش چەرخێکی مێژووی عەرەبی وەستا. کاتێک لە پاییزی ١٩٥١دا بۆ دواهەمینجار بینیم (بە سەردانێکی فەرمی بۆ سعودیە وەکو نوێنەری حکومەتی پاکستان)، هەستم کرد تێگەیشتووە ژیانی خۆی بەفیڕۆ داوە. ئەو ڕوخسارەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهێز و زیندوو بوو، ئیدی تاڵ و شکاو بوو؛ کاتێکیش سەبارەت بە خۆی دەدوا، دەتگوت باسی شتێک دەکات کە دەمێکە مردووە و نێژراوە و چیتر ناناسرێتەوە (نووسەر).

(٣)

ئەو بەیانییەی حائلم بەجێ دەهێشت، بە دەنگی مۆسیقایەکی بەرز خەبەرم بووبەوە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەهاتە ژوور: گۆرانییەک، جریوەیەک، مۆسیقایەک، وەکو ئەوەی سەد کەمانچە و ئامێری فووپێداکراو لە نمایشێکی مەزندا بن: ئەو ئاوازە فرەئاستەی بەهۆی زۆری و تێکەڵاویی دەنگەکانیەوە دەتگوت هاوئاهەنگییەکی مەتەڵاوی دەخوڵقێنن... بەڵام دیارە ئەمە ئۆکسترایەکی مەزنە، چونکە شەپۆلەکانی فرە بەهێزن.

کاتێک دەچمە لای پەنجەرەکە و سەیری ڕەنگی ڕەساسیی بیانی دەکەم، لەودیو بازارەکەوە، لای ئەو گردە بچووکانەوە کە درەختەکانی گەز و دارخورماکان گەشە دەکەن – دەنگەکە دەناسمەوە: مۆسیقای بیرەکانی باخە خورماکانە و تازە دەستیان بە کاری ڕۆژەکە کردووە و سەدان دانە دەبن. بە حوشتر لە تورەکەی گەورەی چەرمدا ئاو لە بیرەکان دەردەهێنن، پەتەکانیش لەسەر خلۆکەگەلێکن کە بە ڕەقی ڕێک خراون، هەر خلۆکەیەکیش بەر میلە تەختەکەی دەکەوێت و گۆرانی دەڵێت، زیکەی دێت، فیکەی دێت و بە چەندین تۆنی بەرز و نزم دەنگی لێوە دەردەچێت، تا ئەوکاتەی ئاوەکە بە تەواوەتی سەردەکەوێت و بەتاڵ دەکرێت و خلۆکەکە جێگیر دەبێت؛ لەوێدا دەنگێکی تووندوتیژی وەکو قیژەی لێوە دەردەچێت، قیژەکەیش بە دەنگێکی ئاهئاسا کۆتایی دێت، کە هاوتەریبی دەنگی تێکردنی ئاوەکەیە بۆ ناو ئاخورە تەختەکان؛ پاشان حوشترەکە ڕوو وەردەگێڕێت و بە هێواشی دەگەڕێتەوە بۆ لای بیرەکە – دیسانەوە خلۆکەکە هەمان مۆسیقا دەردەکاتەوە و تورەکە چەرمەکەیش دەکەوێتەوە ناو بیرەکە.

ژمارەی بیرەکان زۆرن، بۆیە گۆرانییەکە وەستانی نییە؛ ئێستا تۆنەکان پێکەوەن، ئێستا جیاواز؛ هەندێکیان تازە دەنگیان دێت، هەندێکیان دەنگیان نامێنێت. شەپۆلێک ڕیتمی هەمەڕەنگ دێت و دەڕوات – نەڕاندن، زیکاندن، گۆرانیچڕین – چ ئۆکسترایەکی مەزنە! ئەم ئاوازە مرۆکرد نییە، بۆیە نزیکە لەوەی بگات بە مەزنیی سروشت، خواستی سروشتیش نابڕدرێت.

07
نیوەڕێ

(١)

حائلمان بەجێ هێشت و بەرەو مەدینە بەڕێ کەوتین: ئێستا سێ سوارچاکین – یەکێک لە پیاوانی ئیبن موساعد، مەنسوری عەساف، لەسەر حسابی ئەمیر هاوەڵیمان دەکات.

مەنسور ئەوەندە قۆزە، ئەگەر بە شەقامی شارێکی ڕۆژئاواییدا بڕۆیشتایە ژنان چاویان تێدەبڕی. بالاێ زۆر بەرزە، ڕوخسارێکی بەهێز و زیندوو و ئەندازەیی هەیە. پێستی لە نێوان سپی و قاوەییدایە – نیشانەیەکی وردی لەدایکبوونێکی تەندروست و باش – هەروەها لە خوار برۆ ڕێکەکانیشیەوە دوو چاوی ڕەش جیهان دەپشکنن. ئەو وەکو زەید ناسک نییە، وەکو ئەویش دووڕەڕێزییەکی بێدەنگیی تیادا نییە؛ هێڵەکانی ڕوخساری دەربڕینی جۆشگەلێکی تۆندوتیژن، بەڵام ڕەنگە جڵەو کرابێت، هەروەها کەشێکی خەماوی بە ڕوخساری دەدات، کە هیچ لە هێمنییەکەی هاوڕێ شەمەرییەکەم ناچێت. بەڵام مەنسوریش، هەروەکو زەید، دونیای دیوە و هاوەڵێتیکردنی خۆشە.

لە لە ڕەساسی و زەردە زیخدارەکەدا کە جێی لمی نفودی گرتووەتەوە، جوڵەی ئاژەڵانێکی بچووک دەبینین: مارمێلکەی بچووکی ڕەساسی لە نێوان پێیەکانی حوشترەکانماندا بە خێرایی دێن و دەچن، لەژێر دەوەنێکی درکاویدا خۆیان حەشار دەدەن و بە چاوە تیژەکانیان تەماشای تێپەڕینمان دەکەن؛ مشکی بچووکی ڕەساسی بە کلکی توکنەوە، کە وایان لێ دەکات لە سمۆرە بچن؛

ئامۆزاکانیشیان، مشکەکێوییەکانیان کە دەشتەکییەکانی نەجد هیوایەتیان گۆشتیانە، ڕاستیشت بوێت گۆشتیان تا بڵێیت خۆشە. مارمێلکەیەکیشی لێیە پێیەک درێژە و دەخورێت، ناوی زەبە و ڕەگی ڕووەکەکان دەخوات تامیشی وەکو ئەوەیە مریشک و ماسی لێک بدەیت. قاڵونچەی چوارپێی ڕەش، کە قەبارەیان بە ئەندازەی هێلکەیەکی مریشکە، بە هێواشی خەریکی پاڵنان و کۆکردنەوەی تۆپێکن لە پیسایی وشکەوەبووی حوشتر؛ ئەوان بە دوادا بە قاچە بەهێزەکانیان پاڵی گەنجینەکەیان دەنێن تا بیبەنەوە بۆماڵەوە و جەستەیشیان لەسەر پێیەکانی پێشەوە ڕاگرتووە؛ خۆ ئەگەر لە زیخێک هەڵبکەون، دەکەونە سەر پشت و بە ناڕەحەتی هەڵدەستنەوە و دەست پێ دەکەنەوە و چەند ئینجێکی تر تر دەڕۆن و دیسان دەکەونەوە و ماندوونەناسانە هەڵدەستنەوە... جاروبار کەرۆێشکێکی ڕەساسی لەودیو پوشوپەڵاشە بێڕەنگەکانەوە بازێکی گەورە دەدات. لە جێیەکدا چەند ئاسکێک دەبینین، بەڵام زۆر لەوە دوورترن بتوانین بیانپێکین؛ لە نێوان سێبەرە ڕەساسی و شینەکانی نێوان دوو گردەکەدا ون دەبن.

مەنسور لێم دەپرسێت، "موحەممەد، پێم بڵێ چۆن بوو هاتیتە ناو عەرەبەوە؟ هەروەها چۆن ئیسلامت قبوڵ کرد؟"

زەید دەڵێت، "من پێت دەڵێم چۆن ڕوویدا. سەرەتا عاشقی ژیان بوو لەگەڵ عەرەبەکان، پاشان کەوتە داوی ئەوینی ئیمانەکەیشیانەوە. مەگەر وانییە مامە؟"

"مەنسور، ئەوەی زەید دەیڵێت ڕاستە. چەند ساڵێک لەمەوبەر، کاتێک بۆ جاری یەکەم هاتمە سەرزەمینە عەرەبییەکانەوە، شێوازی ژیانتان سەرنجی بردم. کاتێکیش سەبارەت بە شێوازی بیرکردنەوەتان و بیروباوەڕتان پرسیارم لە خۆم کرد، وردەوردە ئیسلامم ناسی."

"ئەی باشە موحەممەد، تۆ بە جارێک زانیت ئیسلام پەیامی ڕاستەقینەی خودایە؟"

"نا، ئەمە زۆر زوو ڕوونەدا. ئەوکات باوەڕم بەوە نەبوو خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسێکدا دوابێت، یان ئەو کتێبانەی خەڵکی دەیڵێن وتەی ئەوە وتەی ئەو بن، بەڵکو بە وتەی کەسانێکی دانام دەزانین..."

مەنسور بە سەرسامییەکی تەواوەوە سەیری کرد: "چۆن شتی وا دەبێت موحەممەد؟ تەنانەت باوەڕیشت بە تەوراتی موسا و ئینجیلی عیسایش نەبوو؟ بەڵام من هەمیشە وا بیرم دەکردەوە خەڵکی ڕۆژئاوا هیچ نەبێت باوەڕیان بەوانە هەیە؟"

"هەندێکیان باوەڕیان هەیە، هەندێکیان نیانە. یەکێک بووم لەوانەی دووەم..."

پاشان بۆیم ڕوون کردەوە زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژئاوا دەمێکە باوەڕیان بەوە نەماوە کتێبە ئاسمانییەکان – ئەوانەی خۆیشیان و ئەوانی تریش – وەحیی ڕاستەقینەی خودایی بن، بەڵکو تەنها وەکو هەوڵ و کۆششە ئایینییەکانی مرۆڤ دەبینن بە درێژایی مێژوو.

"بەڵام هەر ئەوەندەی شتێکم سەبارەت بە ئیسلام زانی، ئەو ڕوانینە هەڵوەشایەوە. ئەوە کاتێک بوو کە بۆم دەرکەوت موسوڵمانان زۆر جیاواز لەوە دەژین کە ئەوروپییەکان بە شێوازی ڕاستی ژیانی دەزانن؛ هەرکاتێک شتێکی زیاتریش سەبارەت بە ئیسلام فێر دەبووم، دەتگوت شتێکم دۆزیوەتەوە کە هەمیشە بەبێ ئەوەی خۆم بزانم زانیومە..."

بەو شێوەیە بەردەوام دەبم و چیرۆکی یەکەمین گەشتم بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک دەگێڕمەوە – سەبارەت بەوەی چۆن لە بیابانی سینا بۆ جاری یەکەم عەرەبەکانم بینی؛ سەبارەت بەوەی لە فەڵەستین، میسر، ئەردەن و سوریا هەستم پێ کرد؛ سەبارەت بەوەی چۆن لە دیمەشق درکم بەوە کرد ڕێگەیەکی نوێ و چاوەڕێنەکراوی حەقیقەت خۆیم بۆ ئاشکرا دەکات؛ هەروەها چۆن پاش

سەردانیکردنی تورکیا، گەڕامەوە بۆ ئەوروپا و ژیانی جیهانی ڕۆژئاوام لەسەر گران بوو: لە لایەکەوە مکوڕ بووم لەو نائاسوودەییە سەیرە تێبگەم کە یەکەم ناسیاویم لەگەڵ عەرەبەکان و کلتورەکەیاندا دروستی کردبوو، بەو ئومێدەی ببێتە هۆی باشتر بزانم دەبێت چی لە ژیان چاوەڕێ بکەم؛ لە لایەکی تریشەوە، گەیشتبووم بە خاڵێک کە لێم ڕوون بوو چیتر ناتوانم ئامانجەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بە ئامانجی خۆم بزانم.

لە بەهاری ١٩٢٤دا، *فرانکفورتەر زیتەنگ* ناردمی بۆ دووەم گەشتی ڕۆژهەڵاتی نزیک. ئەو کتێبەی باسی گەشتەکانی پێشترمی تیادا بوو تەواو بوو. (کتێبەکە دوای چەند مانگێک لە ڕۆیشتنم لەژێر ناونیشانی *Unromantisches Morgenland* دا[1] بڵاو بوویەوە – مەبەستم لەو ناونیشانە ئەوە بوو کتێبەکە وێنەیەکی دەرەکی و نامۆ و ڕۆمانسییانە نییە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەڵکو کۆششێکە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ حەقیقەتەکانی ژیانی ڕۆژانەدا. مەیلە دژەزایۆنییەکەم و لایەنگیرییە نائاساییەکەم بۆ عەرەبەکان هەندێک مشتومڕی لە ڕاگەیاندنی ئەڵمانیدا دروست کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا فرۆشی کتێبەکە باش نەبوو.

دیسانەوە دەریای سپیم بڕی و کەناراوەکانی میسڕم لە بەردەممدا دی. گەشتی شەمەندەفەرەکە لە پورسەعیدەوە تا قاهیرە وەکو هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێبێکی ئاشنا بوو. لە نێوان نۆکەندی سوێس و دەریاچەی مەنزەلەدا، نیوەڕۆ میسڕییەکە خۆی نواند. مراوییەکیوییەکان لە ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد و درەختەکانی گەز لقە باشبڕدراوەکانیان ڕادەوەشاند. لادێکان لە دەشتاییەکەوە، کە لە سەرەتادا لمین بوو و سەوزایی کەم بوو، دەرکەوتن. گامێشە بۆرەکان، زۆرجار لەگەڵ حوشتردا، بە قاچە تەمبەڵەکانیانەوە جووتیان دەکرد. کاتێک لە

---

[1] ڕۆژهەڵاتی نادڕۆمانسی

نۆکەندی سوێسەوە ڕووماڵ کرد ڕۆژئاوا، سەوزاییەکانی میسر دەوری دایڵ. کاتێک بۆ جارێکی تریش چاوم بە خانمە باریکەڵە و باڵابەرزەکان کەوت کە لە ڕێتمێکی وەسفنەکراودا دەجوڵانەوە، کێڵگەکانیان تێدەپەڕاند و سەبەتەیان لەسەر سەر بوو و دەستیان بڵاو کردبوویەوە، بیرم کردەوە: هیچشتێک لەم جیهانەدا – نە جوانترین ئۆتۆمبێڵ، نە شکۆمەندترین پرد، نە بەهێزترین کتێب – ناتوانن جێی ئەم لەنجە و جوانییە بگرنەوە کە لە ڕۆژئاوا ون بووە و لە ڕۆژهەڵاتیش هەڕەشەی لەسەرە – ئەم لەنجە و جوانییەی دەربڕینی تەبایی ئەفسوناویی مرۆڤ و جیهانی دەوروبەرەتی...

ئەمجارەیان شوێنەکەم نمرەیەک بوو. لە جێیەکەدا دوو سەرنشین لە تەنیشتمەوە بوون: بازرگانێکی یۆنانی لە ئەسکەندەرییەوە، کە وەکو هەموو ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان مامەڵەی ئاسان بوو، خێرا دەستی بە گفتوگۆکردن لەگەڵم کرد و سەرنجی وردی لەسەر هەموو ئەو شتانە دەدا کە دەمانبینی؛ هەروەها سەرۆکی لادێیەکی میسڕی، کە – بە حوکمی کەفتانە گرانە ئاوریشمەکەی و زنجیرە ئاڵتونییەکەی کاتژمێرەکەی کە پێوەی شۆڕ بووبوویەوە – دەوڵەمەند بوو، بەڵام بە نەخوێندەواریی خۆی قایل بوو. لە ڕاستیدا، هەر ئەوەندەی هاتە ناو گفتوگۆکەمانەوە، دانی پیادا نا نە دەتوانێت بخوێنێتەوە، نە دەتوانێت بنووسێت؛ لەگەڵ ئەوەیشدا، خاوەنی زیرەکییەکی سروشتی بوو و زووزوویش لەگەڵ یۆنانییەکەدا لە یەکتری گیر دەبوون.

بیرمە باسی هەندێک لەو بنەما ئیسلامییانەمان دەکرد کە ئەوکات مێشکی منیان داگیر کردبوو. هاوەڵە یۆنانییەکەم لەگەڵ ستایشەکانمدا بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا هاوڕا نەبوو.

"بەو شێوەیەیش یەکسان نییە هاوەڵی ئازیز" – ئەوجا لە فەڕەنسییەوە کردی بە عەرەبی تاکو هاوەڵە میسڕییەکەیشمان تێبگات و ڕووی کردە ئەو و گوتی: "تۆ دەڵێیت ئایینەکەتان یەکسانیخوازە. دەی کەوایە دەتوانین تێبانبگەیەنیت

بۆچی ئیسلام ڕێگە بە موسوڵمانان دەدات کچانی مەسیحی یان جوو بخوازن، بەڵام ڕێگە بە کچ و خوشکەکانتان نادات لەگەڵ مەسیحییەک یان جوویەکدا هاوسەرگیری بکەن؟"

پیاوە میسرییەکە بەبێ ئەوەی یەک چرکە بوەستێت گوتی، "بەڵێ دەتوانم، پێیشت دەڵێم بۆچی شەریعەتمان بۆ هاتووە. ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان بەوە نییە عیسا – سڵاوی خودای لێ بێت – کوری خودا بووبێت، بەڵکو شانبەشانی موسا و ئیبراهیم و هەموو پێغەمبەرە ئینجیلییەکانی تر بە پێغەمبەرێکی ڕاستی خودای دەزانین، کە هەموویان هەروەکو موحەممەد – درودی خودای لەسەر بێت – بۆ ڕێنمایی مرۆڤایەتی نێردراون: دەی کەوایە ئەگەر کچێکی مەسیحی یان جولەکە هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمانێکدا بکات، ئەرخەیانە لەوەی خانەوادە نوێیەکەی هیچ قسەیەکی خراپ سەبارەت بەو کەسانە ناکەن کە لای ئەم پیرۆزن؛ بەڵام ئەگەر کچێکی موسوڵمان ببێت بە هاوسەری ناموسوڵمانێک، گومانی تیادا نییە ئەو کەسەی ئەم بە دواهەمین پێغەمبەری دەزانێت قسەی پێ دەگوترێت... بەڵکو دەکرێت منداڵەکانی خۆیشی قسەی پێ بڵێن: دەی مەگەر زۆرینەی کات منداڵەکان باوەڕی باوکیان هەڵناگرنەوە؟ پێت وایە تووشکردنی ئەو خانمە بەو ئازار و زەلیلییە دادپەروەرانەیە؟"

یۆنانییەکە لە شانهەڵتەنکاندنێک زیاتر هیچ وەڵامێکی نەبوو؛ بەڵام بابەتەکە لای من سادە بوو، ئەو پیاوە نەخوێندەوارە، بە ژیرییەکەوە کە لە نەژادەکەیدا تایبەت بوو، پەنجەی خستە سەر دڵی بابەتێکی گرنگ. دیسانیشەوە وەکو حاجییە بەتەمەنەکەی قودس، هەستم کرد دەرگایەکی نوێم بە ڕووی ئیسلامدا بۆ کرایەوە.

بەهۆی گۆڕانکاریی لە هەلومەرجی دارایمدا، دەمتوانی بە جۆرێک لە قاهیرە بژیم کە چەند مانگێک لەمەوبەر وێنا نەدەکرا. چیتر پێویست نەبوو وەکو جاران سەنت سەنت حساب بکەم. ڕۆژانی سەرەتام کە لە ماوەی گەشتی

یەکەممدا لەسەر نان و شیر و زەیتوون دەژیام تێپەڕین. بەڵام لە ڕوویەکەوە وەکو جاران مامەوە: لەبری ئەوەی بچمە گەڕەکێکی شاهانەی قاهیرەوە، چەند ژوورێکی ماڵی هاوڕێ کۆنەکەمم بەکرێ گرت، ژنە قەڵەوەکەی تریستێ، کە ئامێزی بۆ کردمەوە و دوو ماچی دایکانەی ڕوومەتەکانمی کرد.

لە دەمەوئێوارەی ڕۆژی سێیەممدا، لە منارەی مزگەوتەکەوە بە کزی دەنگی تەقینی تۆپێک هات. لە هەمانکاتدا، چەند ڕیزێک چرا بە باڵکۆنە بەرزەکانی منارەکەدا هەڵواسران؛ هەموو منارەکانی دیکەی شارەکەیش بە هەمان شێوە کران بە چراخان: لەسەر هەموو منارەیەک، ڕیزێک چرا. لە تەواوی قاهیرەی پیردا جۆڵەیەکی سەیر هەیە؛ هەنگاوەکانی خەڵکی خێراتر و شادتر بوون، دەنگەدەنگێکی زیاتریش کەوتە بازاڕەوە: لە هەموو گۆشەیەکدا هەستت بە جۆشێکی نوێ دەکرد.

هۆی هەموو ئەمانە ئەوە بوو مانگی نوێ بینرابوو و زانرابوو مانگی نوێ هاتووە، ئەو مانگە نوێیەش ڕەمەزان بوو، ڕێزلێگیراوترین مانگ لە ساڵنامەی ئیسلامیدا. ڕەمەزان یادخەرەوەی هەزاروسێسەد ساڵ لەمەوبەرە، کە بەپێی سەرچاوە ئیسلامییەکان موحەممەد وەحیی بۆ هات. لەو مانگەدا دەبێت هەموو موسوڵمانێک بەڕۆژوو ببێت. پیاوان و ژنان، ئەوانە نەبێت کە نەخۆشن، لە بەری بەیانەوە تا ئێوارە خۆیان لە خواردن و خواردنەوە (و تەنانەت جگەرەکێشانیش) دەگرنەوە، ئەمەیش سی ڕۆژ دەخایەنێت. لە ماوەی ئەو سی ڕۆژەدا، خەڵکی قاهیرە بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕان و چاویان دەدرەوشایەوە، وەکو ئەوەی بۆ ناوچەگەلێکی باڵا بەرز کرابێتنەوە. لە سی شەوەکەدا، گوێت لە تەقینی تۆپ و گۆرانی و هاواری شادی دەبوو، هەموو مزگەوتەکانیش تا بەرەبەیان دەدرەوشانەوە.

بۆم دەرکەوت ڕەمەزان دوو ئامانجی هەیە. یەکێکیان خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوە تاکو بزانیت هەژاری و برسێتی چۆنە: بەم شێوەیە

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی وەکو بنەمایەکی ئایینی لەگەڵ هۆشیاریی مرۆییدا ئاوێتە دەبێت. ئامانجەکەی تری ڕەمەزان خۆڕاهێنانە – ڕەهەندێکی ئەخلاقیاتی کەسی کە لە وانە و پەیامە ئیسلامییەکاندا جەختی زۆری لێ کراوەتەوە (بۆ نموونە قەدەغەکردنی ڕەهای هەموو مەستکەرەکان، کە ئیسلام وەکو ڕێیەک بۆ ڕاکردن لە هۆشیاری و بەرپرسیارێتی دەیانبینێت). لەم دوو توخمەدا – برایەتیی مرۆڤایەتی و خۆڕاهێنانی کەسی – بە هێڵە سەرەکییەکانی جیهانبینیی ئەخلاقیی ئیسلامی ئاشنا بووم.

کاتێک هەوڵم دەدا وێنەیەکی گشتی و کاملّم لە ئیسلام دەست بکەوێت، سوودێکی زۆرم لە ڕوونکردنەوەی هاوڕێ قاهیرەییە موسوڵمانەکانم وەرگرت. یەکێک لە دیارترینی ئەوانە شێخ موستەفا مەراغی بوو، یەکێک لە زانا دیارەکانی ئەو سەردەمە و بێگومان زیرەکترین زانای زانکۆی ئەزهەریش (پاش چەند ساڵێک بوو بە سەرۆکی). ئەوکات ڕەنگە لە چلەکانی تەمەنیدا بووبێت، بەڵام لاشە پتەو و ماسولکەییەکەی زیندویەتی و وریایی لاوێکی بیست ساڵی پێ دەبەخشی. شێخ مەراغی، کە خوێندکاری موحەممەد عەبدەی ڕیفۆرمخوازی موسوڵمان بوو، هەروەها لە سەردەمی لاوێتییشدا لەگەڵ شێخ جەمالەدینی ئەفغانیدا بووبوو، بیرێکی تیژی هەبوو.[1] هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە موسوڵمانانی سەردەمەکانی دوایی نەیانتوانیوە وەکو خۆی دەست بە بەها بااڵکانی ئیسلامەوە بگرن، هەروەها هەڵەیەکی گەورەیە توانای پەیامی ئیسلام بە هزر و ژیانی موسوڵمانانی ئەمڕۆ بپێورێت:

---

[1] موحەممەد عەبدە (١٨٤٩-١٩٠٥): موفتیی گەورەی میسر و ڕیفۆرمخوازی دیاری سەردەمی خۆی.
جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧): ڕیفۆرمخواز و سیاسیی ئەفغانی، هەروەها مامۆستای موحەممەد عەبدە.

"هەروەکو چۆن هەڵەیە ڕەفتاری ڕقاویی مەسیحییەکان بەرانبەر یەک بکرێت بە بەڵگەی پوچەڵبوونەوەوەی پەیامی ئەوینی مەسیح..."

لەگەڵ ئەم ئاگادارکردنەوەیەدا، شێخ مەراغی منی بە ئەزهەر ئاشنا کرد.

لە دەرەوەی شەقامی قەرەبالّغی موسکی، کۆنترین فرۆشگەی قاهیرە، گەیشتین بە مەیدانێکی بچووک، کە یەکێک لە لاکانی دەروازەی فراوانی مزگەوتی ئەزهەر بوو. لە دەروازەیەکی دوانی و پێشحەوشەیەکی سێبەراوییەوە گەیشتین بە حەوشەی مزگەوتەکە، کە قەیسەرییەکی گەورەیە. وانەکان لە هۆڵە گەورە و داپۆشراوەکەی پشتەوە دەدران. هەندێک لە مامۆستاکانیش لە پاڵ پایەکاندا لەسەر حەسیر دادەنیشتن، لە بەردەمیشیاندا خوێندکارەکان بە شکڵێکی نیوەبازنەیی دادەنیشتن. مامۆستاکە هەرگیز دەنگی بەرز نەدەکردەوە، بۆیە ئەگەر بتویستایە هیچ وشەیەکت لەکیس نەچێت، دەبوو سەرنجت ورد بکەیتەوە. وات بیر دەکردەوە ئەو نوقمبوونە زانستخوازیی ڕاستەقینەیە؛ بەڵام شێخ مەراغی هەرزوو وەهمەکانی شکاندم:

"ئەو زانایانەی ئەوێ دەبینی؟ ئەوانە وەکو مانگا پیرۆزەکانی هندستان وان کە هەر لاپەڕەیەک لەسەر شەقام ببینن قوتی دەدەن... بەڵێ، ئەوەی چەند سەدەیە نووسراوە قوتی دەدەن، بەڵام هەرسی ناکەن. چیتر بۆ خۆیان بیر ناکەنەوە؛ دەخوێننەوە و دووبارە دەکەنەوە، دەخوێننەوە و دووبارە دەکەنەوە – خوێندکارە گوێگرەکانیش لەوانەوە فێری خوێندنەوە و دووبارەکردنەوە دەبن."

من گوتم، "بەڵام شێخ موستەفا، هەرچی بێت ئەزهەر دڵی فێربوونی ئیسلامە، کۆنترین زانکۆی جیهانە! لە هەموو لاپەڕەیەکی مێژوودا ناوی هەیە. ئەی چی سەبارەت بەو هەموو بیرمەندە، موتەکەلیم، مێژونووس، فەیلەسوف، هەروەها بیرکاریزانانەی لە ماوەی دە سەدەدا بەرهەمی هێناون؟"

"چەند سەدەیەکە وازی لەو بەرهەمهێنانە هێناوە. بەڵام نەک بە ڕەهاییش؛ لێرە

و لەوێ بیرمەندی سەربەخۆ لە ئەزهەرەوە دەرچووە. بەڵام بە گشتی، ئەزهەر کەوتووەتە ناو بێبەرهەمییەکەوە کە هەموو جیهانی ئیسلامییش لە ناویدایەتی، هەروەها گرەکەی کوژاوەتەوە. ئەو بیرمەندە دێرینانەی ئیسلام، کە باست کردن، هەرگیز خەونیان بەوەوە نەدەبینی پاش چەندین سەدە لە بیرە گەشاوەکانیان، لەبری درێژەپێدان و گەشەپێدانیان، هەردەم وەکو حەقیقەتی ڕەها دووپات بکەرێنەوە. ئەگەر خەونی هێنانی باشتر هەبێت، دەبێت لەبری ئەم لاساییکردنەوەیە هانی *بیرکردنەوە* بدرێت."

باسکردنە کاریگەرەکەی ئەزهەر لە لایەن شێخ مەراغییەوە یارمەتیی دام یەکێک لە قوڵترین هۆکارەکانی ئەو دارمانە کلتوورییە بدۆزمەوە کە لە هەموو جێیەکی جیهانی ئیسلامی بەدی دەکرا. مەگەر چەقبەستوویی ئەم زانکۆ دێرینە بە ئاستی جیاواز لە بێبەرهەمیی کۆمەڵایەتیی موسوڵمانانداڕەنگی نەدەدایەوە؟ مەگەر هاوشانی ئەم دارمانە کلتوورییە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییش بەدی نەدەکرا؟ لەو قبوڵکردنە ناچالاک و تەمبەڵەدا بەدی نەدەکرا کە موسوڵمانان بەرانبەر هەژاریی دەستکردی ژیانیان هەیانبوو؟ لە بەرگەگرتنی بێدەنگیان بۆ ئەو هەموو ستەمە کۆمەڵایەتییەدا بەدی نەدەکرا کە بەرانبەریان دەکرا؟

لەوێدا لە خۆمم پرسی وەختێک ئەو هەموو بەڵگە هەستپێکراوە سەبارەت بە دارمانی موسوڵمانان هەیە، ئیدی بۆ سەرسام بین بەو بۆچوونە ناڕاستانەی لە ڕۆژئاوا سەبارەت بە ئیسلام هەن؟ دەکرێت بەم شێوەیە بۆچوونە هەڵەکانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ئیسلام پوختە بکەینەوە: دارمانی موسوڵمانان خەتای ئیسلامە، چونکە وەکو مەسیحیەت و یەهودیەت ئایدیۆلۆجییەکی ئایینی نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکی قێزەونی درندەیی بیابان و چێژپەرستی و خورافە و جەبرگەراییە، هەموو ئەمانەیش ڕێی بەشداریکردنی شوێنکەوتوانی ئیسلام لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و هەنگاونانی بەرەو فۆرمە باڵاترە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن؛ لەبری ئازادکردنی ڕۆحی مرۆڤ لە زنجیری تاریکپەرستی، ئیسلام

بەندەکە تووندتر دەکات؛ لە ئەنجامیشدا، تا زووتر موسوڵمانان لە باوەڕە و کارە چەوتە ئیسلامییەکان ڕزگار بکرێن و هان بدرێن شێوازی ڕۆژئاوایی ژیان هەڵبگرنەوە، بۆ خۆیان و بۆ هەموو جیهانیش باشترە.

سەرنجەکانی خۆم قەناعەتیان پێ هێنابووم لە هزری خەڵکی ڕۆژئاوادا وێنەیەکی تەواو شێواوی ئیسلام هەبوو. ئەوەی لە پەڕەکانی قورئاندا دەمبینی جیهانبینییەکی "تەواو ماددەگەرا" نەبوو، بەڵکو تەقوایەک بوو بە قبووڵکردنی ئەقڵیی سروشتی خوداکرد خۆی دەردەبڕی: هاوئاهەنگیی هزر و حەز، پێویستیی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی. لام ئاشکرا بوو دارمانی موسوڵمانان بەهۆی کەموکورتییەکانی ئیسلامەوە نەبوو، بەڵکو خەتای خودی موسوڵمانان بوو.

لە ڕاستیدا ئەوە ئیسلام بوو موسوڵمانانی بەرەو بەرزاییە کلتوورییەکان بردبوو، چونکە تێبگەیاندبوون بیرکردنەوەی هۆشیارانە تاکە ڕێیە بۆ تێگەیشتن لە بەدیهێنراوانی خودا و ئیرادەی ئەو. ئیسلام داوای لە موسوڵمانان نەکردووە باوەڕ بە دۆگمای ناڕێکوپێک بکەن، یان شتانێک کە لە ڕووی ئەقڵییەوە مەحاڵ بن؛ لە ڕاستیدا، لە پەیامی پێگەمبەردا دۆگما نییە: هەربۆیە ئەو تێنوێتیی مەعریفەیەی هەرزوو لە مێژووی ئیسلامیدا کوژایەوە دژی باوەڕی ڕەسەنی موسوڵمانان نەبوو، لە کاتێکدا ئەمە سەبارەت بە شوێنەکانی تر ڕاست نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو تێنوێتییە بۆ مەعریفە زادەی خودی ئیسلام بوو. پێغەمبەری عەرەبی فەرموویەتی، "*کۆششکردن بۆ زانست لەسەر هەموو موسوڵمانێک فەرزە*": بۆیە شوێنکەوتووەکانی زانییان بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە خودا بپەرستیت، دەبێت مەعریفە پەیدا بکەیت. کاتێک لە وتەی پێغەمبەر ڕادەمان کە دەیفەرموو، "*خودا هیچ دەردێک نانێرێت، ئەگەر چارەیەکیشی بۆ دانەنابێت*،" زانییان گەڕانیان بۆ چارەسەرە نەزانراوەکان لە بەدیهێنانی ئیرادەی خودادا لەسەر زەوی بەشدار دەبن: بۆیە وەکو ئەوەی پەرستشێکی ئایینی بکەن، گەڕانی پزیشکییان دەکرد. ئەوان لە قورئاندا دەیانخوێندەوە، "*خودا*

هەموشتێکی لە ئاو دروست کردووە،" هەوڵیان دا لە مانا کەی تێبگەن، بۆیە لە زیندەوەران و یاساکانی گەشەکردنی گیاندارانیان کۆڵییەوە: بەم شێوەیە، بناغەی زانستی زیندەوەرزانییان دانا. قورئان ئاماژەی بە هاوئاهەنگیی ئەستێرەکان و جوڵەکانیان دا، هەروەها کردنی بە بەڵگەی شکۆی خودا: لێرەوە موسوڵمانان زانستەکانی گەردوونناسی و بیرکارییان هەڵگرتەوە و وەکو ئەوەی نوێژ بکەن، دڵیان دایە. سیستەمە کۆپەرنیکۆسییەکە، کە خولانەوەی زەویی بە دەوری تەوەری خۆی و خولانەوەی هەسارەکان بە دەوری خۆردا جێگیر دەکات، لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا لە ئەوروپا سەری هەڵدا، کەچی لە لایەن قەشەکانەوە دژایەتی کرا چونکە دەیانگوت دژی خوێندنەوە حەرفییەکانی ئینجیلە: بەڵام بنەماکانی سیستەمەکە شەشسەد ساڵ لەوەوپێش لە وڵاتە ئیسلامییەکان جێگیر بووبوو – چونکە لە سەدەی نۆ و دەی زایینیدا گەردوونناسە موسوڵمانەکان گەیشتبوون بەو ئەنجامەی زەوی گۆییە و لە دەوری تەوەری خۆی دەخولێتەوە، هەروەها هەژمارکردنی وردیان لەسەر هێڵی درێژی و پانی پێشکەش کرد؛ هەروەها زۆرێکیان، بەبێ ئەوەی کافر بکرێن، پێیان وابوو زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. بە هەمان شێوە گرنگییان بە کیمیا و فیزیا و فسیۆلۆجی دا، هەروەها بە هەموو ئەو زانستانەی تریش کە بلیمەتی موسوڵمان بردنیە لوتکە. بۆ بردنە لوتکەی ئەو زانستانە ئەوەندەیان لەسەر بوو گوێ لە ئاگادارکردنەوەکانی پێغەمبەر بگرن: *هەرکەسێک رێی گەڕان بۆ مەعریفە بگرێتە بەر، خودا رێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات؛* هەروەها *زانا لەسەر رێگەی خودا دەڕوات؛* هەروەها *باڵایی مرۆڤی زانا بەسەر خوداپەرستدا وەکو باڵایی مانگ وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکانی تردا؛* هەروەها *مرەکەبی زانایان لە خوێنی شەهیدان بەرزترە.*

بە درێژایی ئەو سەردەمەی موسوڵمانان داهێنەر بوون – واتە پێنج سەدەی سەرەتای ئیسلام – لە هیچ جێیەک وەکو شارستانیەتی ئیسلامی گرنگی بە

زانست و فێربوون نەدەدرا، هەروەها لە دەستی موسوڵمانانداسەلامەتترین مااڵیان دۆزیبوویەوە.[1]

[1] لەم بابەتەدا، موحەممەد ئەسەد کاریگەریی مۆدێرنخوازەکانی سەدەی ڕابردووی لەسەرە و، باڵایی شارستانیەتی ئیسلامی بە باڵایی زانستە سروشتییەکانەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ماوەیەکی دوورودرێژی شارستانیەتی ئیسلامی وەلا دەنێت (لە دوای سەدەی پێنجەوە تاکو ئێستە). جێی باسە، لە ڕووی مەودای مێژوویەوە گێڕانەوەکەی ناپێکێت، لەبەرئەوەی بەڵگە مێژوویەکان شایەتن لەسەر ئەوەی زانستە سروشتییەکان بۆ ماوەی هەشت سەدە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا گرنگییەکی زۆریان پێ دراوە و تاوەکو سااڵنی ١٧٠٠یش زانایانی سروشتیی موسوڵمان بەرهەمدار بوون. بەاڵم ڕۆژهەاڵتناسان جەختیان لەوە کردووەتەوە چرای زانستە سروشتییەکان هەرزوو کوژاوەتەوە، مۆدێرنخوازەکانیش بەبێ لێکۆڵینەوەی خۆیان قسەکانی ئەوانیان دووپات کردووەتەوە، بەڵکو قسەکانی ئەوانیان پێ خۆش بووە، چونکە پاش جەختکردنەوە لەوەی موسوڵمانان بۆ ماوەی هەشسەد سااڵ نووستوون و هیچ بەرهەمێکیان نەبووە (بەڵکو هەندێک لە بیرمەندانی موسوڵمان لە سەدەی ڕابردوودا گەورەترین ستەمیان لە مێژووی ئیسلام کردووە، بەوەی گوتویانە لە پاش مەرگی ئیمامی عەلی و کۆتاییهاتنی حوکمی خەلیفەکانی ڕاشیدین، تەواوی جیهانی ئیسلامی کەوتووەتە ناو حوکمێکی تاریکەوە و هەر لە نێویشیدا ماوەتەوە)، خۆیان وەکو زیندووکەرەوەی ئیسلامی ڕەسەن لەقەڵەم داوە و ئاسانتر تێزە مۆدێرنەکانی خۆیانیان پێشکەش کردووە. بۆ لێکۆڵینەوە لە الیەنی مێژوویی و تەمەنی زانستە سروشتییەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی، تەماشای ئەم کتێبانە بکە: ئیقبال, موزەفەر. 2023. زانست و ئیسلام، وەرگێڕانی بنار جەبار. چاپی یەکەم. تەفسیر؛ Saliba, George. 2011. Islamic Science and the Making of the European Renaissance. MIT Press; Fuat Sezgin. 2010. The Istanbul Museum for the History of Science and Technology in Islam.

جیا لە تەمەنی زانستە سروشتییەکان لە شارستانیەتی ئیسلامی، خودی زانستە سروشتییەکان پێوەری سەرەکیی پێوانی باڵایی کلتوری و گەشەی شارستانی نین. زانستە ئەقڵی و شەرعی و مەعنەوییەکانیش پێگەی بەرزیان هەیە، بەڵکو ئەگەر زانستە هەمەجۆرەکان بە شێوەیەکی ژیرانە پۆلێن بکرێن، زانستە سروشتییەکان لە خوار زانستەکانی دیکەوە دێت. بۆیە وەختێک باس لە دارمانی زانستی لە شارستانیەتی ئیسلامی دەکەین، دەبێت زانستەکانی تریش لەبەرچاو بگرین و بزانین تاکو کەی بایەخیان پێ دراوە و لە گەشەکردندا بوون. کاتێک ئەوە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕوانگە تاریکەی تەنها چەند سەدەیەکی سەرەتای مێژووی ئیسلام بە ڕووناک دەبینێت، بێبنەمایە و پشتی پێ نابەسترێت. ئەمە واتای ئەوە نییە شارستانیەتی ئیسلامی تووشی دارمان نەبووە، چونکە ئەوە ←

قورئـان کـاریگەریی لەسـەر ژیـانی کـۆمەڵایەتییش دانـا. لە کاتێکـدا لە ئەوروپـای مەسـیحیدا پەتـا وەکـو سـزایەکی خـودا دەبیـنرا کە خەڵکـی دەبێـت ملکەچـی بـن، بەڵکـو زۆر لەوەیـش زووتـر، موسـوڵمانان شـوێنی فەرمـانی پێغەمبەرەکەیان کەوتن کە ئاڕاستەی دەکردن بەرانبەر بە پەتا بجەنگن، ئەویش بە جیاکردنەوەی ناوچە و شارە تووشبووەکان. لە کاتێکدا پاشا و خاوەنپلەکانی خـاکی مەسـیحیەت خۆشـۆردنیان بە خۆشـگوزەرانییەکی زیـادە و ناپێویسـت دەزانی، تەنانەت هەژارترین مـاڵە موسوڵمانیش حەمامی خۆی هەبوو، هەروەها حەمامە گشتییەکانیش لە هەموو شارێکی ئیسلامیدا باو بوون (بۆ نموونە، لە قورتوبەی سەدەی نۆدا سێسـەد حەمام هەبوو)؛ هەموو ئەمەیش وەڵامی پەیامی پێغەمبەر بوو کە فەرمووی: *پاکی لە ئیمانەوەیە*. ئەگەر موسوڵمانێک چێژی لە شـتە جوانەکانی ژیـانی مـاددی وەربگرتـایە، مانـای ئەوە نەبـوو پشـتی کردبێتە ژیانی مەعنەوی، چونکە پێغەمبەر فەرموویووی، "*خودا پێیی خۆشە شوێنەواری نیعمەتەکانی لەسەر بەندەکانی ببینێت*."

بە کورتییەکەی، ئیسلام هاندەرێکی زۆر بەهێزی ئەو دەستکەوتە کلتوورییانە بوو کە لە کتێبی مێژووی مرۆڤایەتیدا شکۆدارترین پەڕەکانیان داگیر کردووە؛ هاندانەکەیشی بەوە بوو بەڵێنی بۆ ئەقڵ و نەخێری تاریکپەرستی کرد، ئافەرینی لە چالاکی و داوەشینی لە پەناگیری کرد، هەروەها ئەرێی بۆ ژیان کرد و زوهدی ڕەقوتەقی ڕەت کردەوە. بۆیە مایەی سەرسامی نییە کە ئیسلام، هەرئەوەندەی

شتێکی ئاشکرایە، بەڵام مۆدێرنخوازان و بیرمەندانی موسوڵمانی سەدەی بیست و بیستویەک زێدەڕۆییان لەم بوارەدا کردووە و زیانی گەورەیان لە کەلەپوری دەوڵەمەندی ئیسلامی داوە. سەبارەت بە دۆخی زانستە ئەقڵییەکان لە سەدەی حەڤدەی شارستانیەتی ئیسلامی و تێزی داڕمان لەم بوارەدا، بنۆرە لە Khaled. 2015. Islamic Intellectual History in the Seventeenth Century - Scholarly Current. Cambridge University Press;
سەبارەت بەو ستەمانەی لە مێژووی ئیسلامی کراوە، بنۆرە لە کتێبی مێژووی شێوێندراومان، وەرگێڕانی ئیکرام کەریم و بەرهەمی بیری میانڕەوا. (وەرگێڕ).

سنووره‌کانی عەره‌بستانی بڕی، خێرا له دڵی دونیایه‌ک خه‌ڵکدا جێی خۆی کردووه و شوێنی که‌وتن. دانیشتوانی سوریا و ئەفریقای باکوور و ئیسپانیای ویزگۆتیی دواتر، که پەروەردەی مەسیحیەتی پاوڵی و ئۆگەستینیی دژەژیان بوون، لەپڕێکدا بەر پەیامێک که‌وتن دۆگمای تاوانی ڕەسەنی ڕەت ده‌کرده‌وه، هەروەها جەختی له شکۆی ژیانی دونیا ده‌کرده‌وه، بۆیه به لێشاو بەرەو پیریی ئەو ئایینه ڕۆیشتن که فێری ده‌کردن مرۆڤ جێنشینی خودایه لەسەر زەوی. ئەمه، نەک ئەفسانەوەی بڵاوبوونه به شمشێر، ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنی نایابی ئیسلامه له کازیوەی مێژووی خۆیدا.

ئەوه موسوڵمانان نەبوون ئیسلامیان مەزن کرد: ئەوه ئیسلام بوو موسوڵمانانی بەرز کرده‌وه. بەڵام هەرئەوەندەی ئیمانه‌که‌یان بوو به خوو و چیتر وه‌کو بەرنامەی ژیانیان نەمایەوه، هەروەها چیتر هۆشیارانه له‌گه‌ڵیدا نەده‌جوڵانەوه و ئەو گڕەی ڕازی سەرفرازیی شارستانیه‌ته‌که‌یان بوو کوژایەوه، ئیدی تووشی تەمبەڵی، بێبەرهەمی، هەروەها داڕمانی کلتوری بوون.

بەو تێگەیشتنه نوێیەوه، هەروەها بەو پێشکەوتنەوه که له زمانی عەره‌بیدا کردبووم (خوێندکارێکی ئەزهەری ڕۆژانه وانەی پێ ده‌گوتم)، هەستم ده‌کرد کلیلێکم بۆ تێگەیشتن له هزری موسوڵمان وەرگرتووه. چیتر ئەوەنده دڵنیا نەبووم لەوەی هەرگیز ئەوروپییه‌ک ناتوانێت به تەواوەتی له وێنه گشتییه‌که‌ی ئیسلام تێبگات، له کاتێکدا له کتێبه‌که‌ی چەند مانگ لەوەوپێشمدا جەختم لەوه کردبوویەوه؛ ئاخر چیتر ئەم جیهانه موسوڵمانه‌که ئەوەنده له پەیوەندییه ڕۆژئاواییه‌کان بێگانه نەبوو. بۆم ده‌رکه‌وت ئه‌گەر که‌سێک بتوانێت تا ڕاده‌یه‌کی باش خۆی له بیرکردنەوه‌کانی ڕابردوو دابڕێت و گریمانه‌ی ئەوه دابنێیت مەرج نییه تەنها بیرکردنەوه‌کانی ئەو گونجاو بن، ئەوا ڕەنگه بتوانێت شتێک لەو جیهانه موسوڵمانه تێبگات که ڕۆژێک له ڕۆژان بێگانه ده‌رکه‌وتووه.

ڕاستە لە ئیسلامدا زۆرشتم دی لەگەڵ هزرم و غەریزەکانیشمدا دەگونجا، بەڵام بە گونجاوم نەدەزانی مرۆڤێکی زیرەک هەوڵ بدات هەموو بیرکردنەوەکانی خۆی و جیهانبینیی خۆی بەسەر سیستمێکدا بسەپێنێت کە خۆی داینەناوە.

جارێکیان لە هاوڕێ زیرەکەکەمم، شێخی مەراغی، پرسی، "شێخ مستەفا، پێم بڵێ بۆچی پێویستە دەست بە یەک کۆمەڵ وانە و پەیام و فەرمانەوە بگریت؟ باشتر نییە هەموو ئیلهامێکی ئەخلاقی بۆ دەنگی دەروونی مرۆڤ بەجێ بهێڵین؟"

"بۆ لاوم، پرسیارەکەی تۆ ئەوەیە بۆچی ئایینی دامەزراوەیی هەیە. وەڵامەکە سادەیە. تەنها کەسانێکی کەم – تەنها پێغەمبەران – دەتوانن لە دەنگەکەی دەروونیان تێبگەن. زۆرینەمان لەژێر چەپۆکی بەرژەوەندی و ئارەزووەکانماندا، بۆیە ئەگەر هەموان گوێیان لە دڵیان بگرتایە، ئاژاوەی ئەخلاقی دروست دەبوو و نەماندەتوانی لەسەر هیچ ڕەفتارێک کۆڕا بین. بێگومان دەتوانیت بپرسیت ئایا ئەم یاسایە هەڵاوێردانی هەیە یان نا – کەسانێکی ڕۆشنەوەبوو کە چیتر پێویستیان بەوە نییە لە ناسینەوەی چاکە و خراپەدا ڕێنمایی وەربگرن؛ بەڵام ئەوکات لە تۆ دەپرسم چەند کەس ئەو مافە تایبەتە بۆ خۆی دادەنێت؟ ئەی ئەنجامەکە چی دەبێت؟"

شەش حەفتە لە قاهیرە بووم کاتێک تووشی مەلاریا بوومەوە، کە جاری یەکەم سااڵی ڕابردوو لە فەڵەستین تووشی بووم. سەرەتا سەرئێشە و سەرگێژە و ئازاری پەلوپۆ بووم؛ لە کۆتایی ڕۆژەکەیشدا لەسەر پشت تەخت بووبووم و نەمدەتوانی دەستم بجوڵێنمەوە. سینیۆرا ڤیتێلی، خاوەنی ماڵەکەم، لە دەورم دەهات و دەچوو، هەروەکو ئەوەی چێژ لە داماوییەکەم وەربگرێت؛ بەڵام نیگەرانییەکەی ڕاست بوو. شیری گەرمی پێ دام و فێنکی دەکردمەوە – بەڵام کاتێک پێشنیاری بانگکردنی پزیشکم کرد، بە توڕەییەوە گوتی:

"پزیشک – پەح! ئەو قەسابانە چی لە مەلاریا دەزانن؟ لەوان چاکتری لێ دەزانم. دووەم هاوسەری ڕەحمەتیم لە ئەلبانیا بەوە مرد. ئێمە لە دورازۆ دەژیاین و ئەو هەژارەیش زووزوو تووشی ئازاری لەمەی تۆ خراپتر دەبوو؛ بەڵام هەمیشە متمانەی پێم بوو..."

لەوە لاوازتر بووم مشتومڕ بکەم، هەروەها ڕێگەم دا جامێک مەیی گەرمی یۆنانی و کینینم بداتێ – لەو حەبە تام چوکلێتە خۆشانە نەبوو، بەڵکو ئەوەندە تفت بوو لە تایەکە زیاتر شڵەقاندمی. سەرەڕای ئەمانەیش، گەرچی ماما ڤیتێلی باسی هاوسەرە ڕەحمەتییەکەیشی کرد، متمانەی تەواوم پێی هەبوو.

ئەو شەوە، لە کاتێکدا جەستەم هێشتا لە ئاگری تادا بوو، لەپڕێکدا گوێم لە مۆسیقایەکی نەرم بوو: دەنگی ئۆرگانی دەستی. بەڵام لەو ئۆرگانە ئاساییانە نەبوو کە نەڕە و زیکەی دێت، بەڵکو دەیخستیتەوە یادی کلاڤیکۆردە کۆن و ناسکەکان، کە دەنگیان ئەوەندە ناسک بوو، هەر لە زووەوە لە ئەوروپا فەرامۆش کران. جارێکی تریش لە قاهیرە ئۆرگانێکی دەستیم دی: پیاوێک سندوقێکی بەسەر شانیەوە هەڵگرتبوو و کوڕێکیش شوێنی کەوتبوو و دەسکاری دەکرد؛ تۆنەکان بە تاک و کورتی دەکەوتن، هەروەکو ئەوەی کۆمەڵێک تیر بن لە نیشانەکانیان بدەن، هەروەکو دینگەلێدان لە کۆمەڵێک پەرداخی نێواندار. هەروەها لەبەرئەوەی دەنگەکان جیا و گۆشەگیر بوون لە یەکتر، نەیاندەهێشت گوێگر لە ئاوازەکە تێبگات، بەڵکو بە چەند ساتێکی سەربەخۆدا ڕایاندەکێشا. وەکو ڕازێک وابوون کە دەتویست بیکەیتەوە، بەڵام نەتدەتوانی؛ ئەمەیش بە درێژایی شەوەکە بە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام لە هزردا ئازاری دەدایت، هەروەکو بازنەیەک کە ڕێی دەرچوونی تیادا نەبوو، هەروەکو سەمای خولاوەی دەرویشەکان کە لە سکوتاری بینیبووت – کەی بوو، مانگێک، چەند مانگێک، یان ساڵانێک لەمەوبەر؟ - پاش ئەوەی بە چڕترین دارستانی سەروودا تێپەڕیت.

ئەو گۆڕستانە تورکییە لە سکوتاری، لەوبەری بۆسفۆرەوە، سەیرترین دارستان بوو: ڕێگە و کۆڵانەکان لە نێوان سەروو بێشوومارەکاندا، لەژێریشیاندا کێلگەلێکی شکاو کە بە عەرەبی لەسەریان نووسراوە. دەمێک بوو مردووی نوێ لە گۆڕستانەکەدا نەنێژرابوو؛ مردووەکانی دەمێک بوو مردبوون. لە جەستەیانەوە درەختەکان ڕەگیان داکوتیبوو، لە بەرزییشدا شەست و حەفتا و هەشتا پێ دەبوون؛ چەتری درەختەکانیش هێندە شکۆمەند بوو، خەمخواردن لەوێدا مەحاڵ بوو. ئەوان مردووی جیهانێک بوون ڕێگەی بە زیندوان دەدا ئارام بن؛ مردوانی مرۆڤایەتییەکی ئارام.

پاش پیاسەیەکی کورت بە گۆڕستانەکەدا، پاشان بە هەروازەکانی سکوتاریدا، گەیشتم بە مزگەوتێکی بچووک، کە بە زەخرەفەیەکی دڵڕفێنی گوڵاوی خۆی ڕازاندبوویەوە. لە دەرگا نیوەکراوەکەوە چوومە ژوورەوە و لە ژوورە تاریکوڕوونەکەدا ڕاوەستام، کە لە ناوەڕاستەکەیدا فەرشێک هەبوو، لە ناوەڕاستی فەرشەکەیشدا کۆمەڵێک کەس ئەڵقەیەکیان لە دەوری پیاوێکی بەتەمەن دروست کردبوو. هەموویان جلی درێژ و کڵاوی بەرز و درێژیان لەسەردا بوو. ئیمامە بەتەمەنەکە ئایەتێکی قورئانی دەخوێندەوە. لای دیوارەکەوە، کۆمەڵێک مۆسیقاژەن – تەپڵێدەر و کەمانچەژەن و فلوت – دانیشتبوون.

هات بە خەیاڵمدا ئەم کۆمەڵە سەیرە ئەو دەروێشە سەماکەرانەن کە باسیانم زۆر بیستبوو: تەڕیقەتێکی سۆفیگەری کە لە ڕێگەی هەندێک جوڵەی ڕیتمی و تونددەوە، هەوڵی بۆ دروستکردنی حاڵێک دەدا مرۆڤ لە ناویدا ئەزموونی ڕاستەوخۆ و کەسیی خودا بکات.

پاش ئەوەی ئیمام ئایەتەکەی خوێندەوە، بێدەنگییەک ژوورەکەی داگرت؛ پاش کەمێک، دەنگی زیکنی فلوتێک بێدەنگییەکەی شکاند؛ مۆسیقاکە بە یەک ئاواز و زیکن بەردەوام بوو. هەموو دەروێشەکان پێکەوە هەستان،

خرقەکانیان فڕێدا و کراسێکی درێژی سپیان لەبەردا بوو تا پاژنەی پێیان دەهات و لە ئاستی کەمەریشدا بە ملپێچی چندراو توند کرابوو. پاشان هەریەکێکیان خولانەوەیەکی نیوەیی کرد و بازنەیەکیان دروست کرد و دوودوو بەرانبەر یەک وەستان؛ پاشان دەستیان لەسەر سنگیان نوقاند و بە قووڵی بۆ یەک نوشتانەوە (ئەوە خستمیەوە یادی سەمای مینویتی فەڕەنسی و ئەو سوارچاکانەی لە بەردەم خانمەکانیاندا دەنوشتێنەوە). ساتی دواتر، هەموو دەروێشەکان دەستیان بڵاو کردەوە، لەپی دەستی ڕاست ڕووی لە سەرەوە بوو و هی چەپیش لە خوارەوە. وەکو زیکرێکی چرپەیی، وشەی "هو" لە لێوەکانیانەوە دەردەچوو. هەریەکێک لە پیاوەکان، بە دەم ئەم زیکرە هێواشەوە، دەستی بە سوڕانەوە لە دەوری خۆی کرد و لەگەڵ مۆسیقا دووڕەکەدا سەمای دەکرد. ڕوویان لە ئاسمان کرد، چاوەکانیان داخست، هەروەها ڕەقییەکی پاک لەسەر ڕوخساریان دەرکەوت. جوڵە سوڕاوەکەیان خێراتر و خێراتر دەبوو؛ کەوا گەورەکانیان بەرز دەبوویەوە و بازنەیەکی لە دەوری هەریەکێک لە دەروێشەکان دروست دەکرد، ئەمەیش لە گێژەڵوکەیەکی سپیی ناو دەریا دەچوو؛ لە ڕوخساریاندا نوقمبوونت دەبینی... سوڕانەوەکەیان بوو بە خولانەوەیەکی خێرا و مەستییان تیادا دەرکەوت. لەگەڵ خولانەوە بەردەوامەکەیاندا، لە لێوی نیمچەنوقاویان سەدای "هو، هو، هو" دەهات؛ جەستەیان دەخولایەوە و دەخولایەوە، دەیشتگوت مۆسیقاکە ڕایاندەکێشێتە ناو ئاوازە خولاوە یەک دەنگە و بەرزەوەبووەکەیەوە – خۆیشت هەستت دەکرد ڕادەکێشرێیتە ناو گێژەڵوکەیەکی ئاوییەوە، ناو قادرمەیەکی سەرگێژکەرەوە، سەردەکەویت و سەردەکەویت، هەمیشەیش هەمان هەنگاوە، بەڵام بەرزترە لە هەنگاوی پێشتر و بەرەو ئامانجێک لە سەرووی تێگەیشتنەوە هەنگاو دەنێیت...

... هەتا ماما ڤیتێلی دەستی دۆستانەی دەخستە سەر سەرت و خولانەوەکەی ڕادەگرت، تەڵیسمە مەستەکەی دەشکاند، هەروەها لە سکوتارییەوە دەیهێنایتەوە بۆ فێنکایی ژوورەکەی قاهیرە...

خـاتوو ڤیتێلـی ڕاسـتی کـرد. ڕێنماییه‌کـانێ و چاره‌سـه‌ره‌کانی له هـی هه‌ر پزیشکێک خێراتر کاریان کرد، یان لانی که‌م وه‌کو هی هه‌ر پزیشکێک کاریان کـرد و له مه‌لاریـا ڕزگـارم بـوو. له مـاوه‌ی دوو ڕۆژدا تـام نه‌مـا، له ڕۆژی سێیه‌میشدا ده‌متوانی جێگه به‌جێ بهێڵم و له‌سه‌ر کورسییه‌کی ڕه‌حه‌ت دابنیشم. هێشـتا زۆر له‌وه ماندووتر بـووم بیـر له ئه‌مـلاولا بـکه‌مه‌وه و کاتیشـم لـێ نه‌ده‌ڕۆیشت. مامۆستا ئه‌زهه‌رییه‌که‌م جارێک، یان دووجار، سه‌ردانی کردم و کتێبی بۆ هێنام.

یـاده‌وه‌ریی ده‌ڕوێشـه سـه‌ماکه‌ره‌کان له مـاوه‌ی تایه‌که‌مدا بێزاری کردبـووم. وه‌ختێک ڕاسته‌وخۆ له سکوتاری ئه‌وانم دی زۆرم لا گرنگ نه‌بوو، که‌چی ئێستا نه‌مـده‌توانی بیـری لـێ نه‌ده‌که‌مه‌وه. ڕێوڕه‌سـمه باتینییه‌کـانی ئه‌و ته‌ریـقه‌ته – یه‌کێـک له‌و هه‌مـووه‌ی له ولاّتـانی ئیسـلامی دیـومن – له‌گه‌ڵ ئه‌و وێـنه‌یه‌ی ئیسلامدا یه‌کیان نه‌ده‌گرته‌وه که ورده‌ورده له هزری مندا دروست ده‌بوون. داوام له هـاوه‌ڵه ئه‌زهه‌ریـیه‌که‌م کـرد هه‌نـدێک له کتێبـی ڕۆژهه‌ڵاتناسـانم له‌سـه‌ر ئه‌و بابه‌ته بۆ بهێنێت: پاشان له ڕێگه‌ی ئه‌و کتێبانه‌وه، گومانه غه‌ریزه‌ییه‌که‌م له‌وه‌ی ئه‌م بـاتینییه‌تیکی ئـاوا له ڕێـگه‌ی سـه‌رچاوه نائیسـلامییه‌کانه‌وه خـزاونه‌ته نـاو سـه‌رچاوه ئیسـلامییه‌کانه‌وه پشتڕاست بـوویه‌وه.[1] خه‌ملاّندنه‌کانی سۆفییه‌کان سـوودی له سـه‌رچاوه هندی و بگره مه‌سیحییه‌کانیش وه‌رگرتبوو تـاکو هه‌نـدێک چه‌مـک و چـالاکیی زوهد و دونیانه‌ویستی بهێننه جیهـانی ئیسـلامییه‌وه، که به ته‌واوه‌تـی به پـه‌یـامی پێغه‌مبه‌ری عه‌ره‌بـی بێگـانه بـوون. له پـه‌یـامه‌که‌ی ئه‌ودا،

---

[1] مایه‌ی سه‌رسوڕمانه موحه‌ممه‌د ئه‌سه‌د بۆ پشتڕاستکردنه‌وه‌ی بۆچوونی پـه‌نای بردووه‌ته به‌ر بۆچـوونی ڕۆژهه‌ڵاتناسـان، له کاتێکـدا خـۆی زانیـویه‌تی زۆریـنه‌ی کـات ڕۆژهه‌ڵاتناسـان بابه‌ته‌کانیان شێواندووه؛ شێواندنه‌کانیان له بابه‌تی سۆفیگه‌رییشدا ئاشکرایه. وا دیاره خودی موحه‌ممه‌د ئه‌سه‌دیش له‌به‌ر زاڵبوونی مه‌یلی ئه‌قڵانیه‌ت و کاریگه‌ریی مۆدێرنیسته‌کانی میسڕ به‌سـه‌ریدا، ئامـاده‌یی زیـاتری بـۆ قبـوڵکردنی ڕوونکردنه‌وه شـێوێنه‌ره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتناسـان سه‌باره‌ت به سۆفیگه‌ری هه‌بووه. (وه‌رگێڕ)

ئەقڵ وەکو تاکە ڕێگەی گەیشتن بە باوەڕ دەبینرا. ئەوە نەبوو ڕەوایەتیی ئەزموونی مەعنەوی بە تەواوەتی ڕەت بکرێتەوە، بەڵام خودی ئیسلام پێشنیارێکی ئەقڵی بوو نەک هەستی. وایە ئیسلام هۆگرییەکی هەستیی لە شوێنکەوتووەکانیدا دەچاند، بەڵام پەیامی موحەممەد وەکو سەرچاوەیەکی سەربەخۆی تێگەیشتنی ئایینی مامەڵەی لەگەڵ هەستدا نەکردووە، چونکە هەستەکان هەرچەندە قووڵیش بن، ئەقڵیش هەرچەندە هەڵەی هەبێت، هێشتا هەر هەستەکان، لە چاو ئەقڵدا زیاتر لە ژێر کاریگەریی ئارەزووە ڕێژەییەکاندان.

"مەنسور، بەم شێوە بەشبەشە ئیسلام خۆی بۆ نواندم: تیشکێک لێرەوە و بریسکەیەک لەوێوە لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە، بەهۆی کتێبێکەوە، یان سەرنجێکی خۆم – بە هێواشی، بەبێ ئەوەی خۆم درکی پێ بکەم..."

(٢)

کاتێک بۆ شەوەکەی خێمە هەڵدەدەین، زەید نانەکە ئامادە دەکات. لە ئاردی سپی و ئاو و خوێ هەویرێک دروست دەکات، پاشان دەیشێلێت تا تەخت و بازنەیی دەبێت، هەروەها ئەستوریيەکەیشی دەبێت بە یەک ئینج. پاشان چاڵێک لە خۆڵەکەدا دروست دەکات، پڕی دەکات لە چیلکەی وشک و ئاگریان پێوە دەنێت؛ کاتێک گڕ دەگرن و کڵپەکەی سەرەتا نامێنێت، هەویرەکە دەخاتە سەر ئاگرەکە و بە خۆڵەمێشی گەرم دایدەپۆشێت و ڕیزێک چیلکەی تری لەسەر گڕ دەدات. پاش کەمێک، سەری نانەکە لادەبات و هەڵیدەگەڕێنێتەوە، ئەوجا هەمان کاری پێشتر دەکاتەوە. دوای کاتژمێرێکی تر، نانەکە دەردەهێنێت و خۆڵ و خۆڵەمێشەکە بە داریێک دەتەکێنێت. نانەکە بە کەرە و خورماوە دەخوێن. پاروویەکی هەموو دونیا دەهێنێت.

برسێتییەکەی مەنسور، وەکو ئەوەی من و زەید، نەما، بەڵام هێشتا هەر

کنجکۆڵە. کاتێک لای ئاگرەکەدا لێی ڕادەکشێین، دیسانەوە سەبارەت بەوەی لە کۆتاییدا چۆن موسوڵمان بووم پرسیارم لێ دەکات – کاتێکیش هەوڵ دەدەم بۆی ڕوون بکەمەوە، سەرم لەوە سوور دەمێنێت چەندێک گرانە ڕێگەی درێژم بەرەو ئیسلام بە وشە دەربېرم.

"مەنسور، ئیسلام هاتە سەرم، هەروەکو چۆن دزێک لە شەوێکی تاریکدا بەبێ قڕە خۆی دەخزێنێتە ناو ماڵێکەوە: تەنها جیاوازییەکە ئەوە بوو ئیسلام ماڵەکەی بەجێ نەهێشت. بەڵام چەند ساڵێکی خایاند تا بزانم دەبێت موسوڵمان ببم..."

کاتێک بیر لە ڕۆژانی دووەم گەشتی خۆم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەمەوە – کاتێک ئیسلام بە تەواوەتی ماڵی فکرمی داگیر کرد – هەست دەکەم تەنانەت ئەوکاتیش دەمزانی لە گەشتێکدام تاکو شتێک بدۆزمەوە. هەموو ڕۆژێک سەرنجی نوێ؛ هەموو ڕۆژێک پرسیاری نوێ لە ناوەوە سەریان هەڵدەدا و وەڵامەکانیش لە دەرەوەوە دەهاتن. ئەوانە دەنگدانەوەی شتێکی شاراوەی پشتەوەی هزرم بوون؛ هەرکاتێکیش مەعریفەم سەبارەت بە ئیسلام تۆزێک زیادی کرد، هەستم دەکرد هەمیشە حەقیقەتم زانیوە، بەڵام لێی بێئاگا بووم و ئێستا وردەوردە خۆی پیشان دەدات و خۆی پشتڕاست دەکاتەوە.

لە سەرەتای هاوینی ١٩٢٤دا، لە قاهیرەوە دەستم بە گەشتێکی درێژی دوو ساڵە کرد. بۆ ماوەی دوو ساڵێک، بە وڵاتانێکدا گەڕام حیکمەتی دێرینیان هەبوو، بەڵام کاریگەریی حیکمەتەکانیان لەسەر هزرم هەمیشە نوێ بوو. بە ئارامی و خۆشییەوە گەشتم دەکرد و پشووی زۆر و درێژم دەدا. دیسانەوە چوومەوە بۆ ئەردەنی ڕۆژهەڵات و چەند ڕۆژێکم لای ئەمیر عەبدوڵا بەسەر برد و، چێژم لە گەرموگوڕیی ئەو سەرزەمینە دەشتەکییە وەرگرت، کە هێشتا زۆری لێ نەکرابوو لەبەر کاریگەرییە ڕۆژئاواییەکان خۆی بگۆڕێت. لەو کاتەدا، لە لایەن *فرانکفورتەر*ەوە ڤیزەیەکی فەرەنسیم بۆ ئامادە کرابوو، بۆیە دەمتوانی

دیسانەوە سوریا ببینمەوە. دیمەشق هات و چوو. زیندوێتییە لێڤنتاینییەکەی بەیروت بۆ ماوەیەکی کەم ئامێزی بۆ کردمەوە، بەڵام هەرزوو لە ڕێگە خەواڵووەکەی تەڕابلوس، بە خۆی و شادییە بێدەنگەکەیەوە، لەبیر کرا. کەشتییە بچووک و کۆنەکان لەپاڵ بەندەرەکەدا دەلەرینەوە. لە بەردەم قاوەخانەی لای لەنگەرگاکەدا، خەڵکی تەڕابلوس لەسەر کورسی دانیشتبوون، لە بەردەم خۆری پاشنیوەڕۆدا چێژیان لە قاوە و نێرگەلەکانیان وەردەگرت. لە هەموو جێیەکدا ئاسوودەیی و ئاشتی و خواردنی پێویست هەبوو؛ دەتگوت تەنانەت سواڵکەرەکانیش چێژ لە گەرمیی خۆر وەردەگرن و دەڵێن، "ئای سواڵکەرێتی لە تەڕابلۆس چەندێک شیرینە!"

هاتم بۆ حەلەب. بینا و شەقامەکانی قودسیان بیر خستمەوە: ماڵی کۆن کە دەتگوت لە دەریچە خۆڵین و تاریک و قەوسەکانەوە دەرچوون، مەیدان و حەوشەی بێدەنگ، پەنجەرەی هەڵکۆڵراو. بەڵام ژیانی ناوەوەی حەلەب لە قودس جیا بوو. کەشی زاڵی قودس شانبەشانبوونێکی سەیری تەوژمە دژە نەتەوەییەکان بوو، وەکو گرژییەکی ئاڵۆز و بەئازار؛ لە تەنیشت جیهانێکی تێڕامان و هەستی قووڵی ئایینییشەوە وەکو هەورێکی ژەهراوی، کینەیەکی مەعنەوی بەسەر خەڵک و شتەکاندا باریبوو. بەڵام حەلەب – گەرچی ئاوێتەی عەرەبی و لێڤەنتایینی بوو، تۆزقاڵێکیش تاموبۆی تورکی – کەشێکی هاوئاهەنگ و ئارامی هەبوو. ماڵەکان، بە ڕووکارە بەردینەکانیان و باڵکۆنە تەختەکانیانەوە، سەرەڕای بێجوڵەییان زیندوو بوون. پیشەسازیی بێدەنگی هونەرمەندان لە بازاڕە دێرینەکەدا؛ حەوشەی کاروانسەرا کۆنەکان و پایە گەورەکانیان و کۆگاکان؛ بازرگانیی و حەزی دونیا، بەڵام بەبێ ئیرەیی؛ نەبوونی پەلەیی، بەڵکو هەبوونی ئارامییەک کە مرۆڤی بێگانەی دەگرتە ئامێزی و ئاواتی پێ دەخواست ریشەی ژیانی ئەویش لەو ئارامییەدا بوایە: هەموو ئەمانە بە یەک ئاوازی بەهێز.

لە حەلەبەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو دەیرەزوور چووم، کە شارۆچکەیەکی

بچووکه له باکووری سوریا؛ دەمویست لەوێوە لەسەر ڕێیەکی کۆنی کاروانی تەنیشت فورات بەرەو بەغداد بچم؛ لەو گەشتەدا بوو بۆ یەکەمینجار زەیدم ناسی.

لە جیاتی ڕێی دیمەشق بۆ بەغداد، کە سالاّنێک بوو بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆی پیادا دەکرا، ڕێگەی پاڵ فورات ڕێیەکی کەمترزانراو بوو؛ لە ڕاستیدا، پێش من تەنها یەک ئۆتۆمبێل پیایدا ڕۆیشتبوو، ئەویش چەند مانگێک لەوەوبەر. شۆفێرە ئەرمینییەکەم هەرگیز نەچووبووە ئەودیو دەیرەزوور، بەڵام متمانەی بە خۆی هەبوو ڕێگەکە بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەستی کرد پێویستی بە زانیاریی بەرهەستترە، بۆیە چووینە بازاڕەکە تا ناونیشان وەربگرین.

شەقامی بازاڕەکە بە درێژایی دەیرەزوور بەردەوام بوو، کە ئەویش بە جۆرێک وەکو ئاوێتەیەک بوو لە شارۆچکەیەکی سووری و قەرەباڵغییەکی دەشتەکی و شێوەزاریشیان دەشتەکی بوو. دوو جیهانی جیاواز لەوێدا بە یەکتری دەگەیشتن و ئاشنایەتییەکی سەیریشیان هەبوو. لە دوکانێکدا پۆستکاردی مۆدێرن و خراپچاکراو دەفرۆشران، کەچی لە دوکانی تەنیشتیدا دەشتەکییەکان باسی بارانی بیابان و شەڕی نێوان هۆزی سوریی بیشر عەنزە و شەمەری عێراق دەکەن؛ یەکێک لەوان باسی پەلاماری تونەدەکەی فەیسەڵ دەویشی دەکرد، سەرۆکهۆزی دەشتەکیی نەجدی، کە بەم دواییانە بۆ سەر باشووری عێراق دابووی؛ زووزوویش ناوی ئیبن سعود، پیاوە گەورەکەی سعودیە، دەهێنرا. تفەنگی کۆن بە لولە و تاقمی زیوینەوە – چەکگەلێک کە چیتر کەس نەیدەکڕین لەبەرئەوەی تفەنگە نوێیەکان زۆر باشتر بوون – بوونێکی خۆڵاوی و خەوناوییان دروست کردبوو، لە نێوان پۆشاک و بەرگی دەستی دووی سێ ناوچەدا، هەروەها زینی حوشتری نەجدی، تایەی گودیەر، لەمپای لایپزیکی و عەبای دەشتەکیی جەوف. بەڵام کاڵا ڕۆژئاواییەکان وەکو بێگانەی ناو کاڵا کۆنەکان دەرنەدەکەوتن، بەڵکو سووەدەکەیان شوێنێکی

سروشتیی بۆ دابین کردبوون. دەشتەکییەکان، بە هەستە فراوان و وردەکەیانەوە سەبارەت بە حەقیقەت، زۆر بە سانایی و بەبێ ناپاکیکردن لە خودی دێرینیان ئەو شتانەیان وەردەگرت کە تا دوێنێ لێی بێخەبەر بوون. بیرم کردەوە، جێگیرییە دەروونییەکەیان هێزیان دەداتێ بەرگەی شاڵاوی ئەو سەردەمە نوێیە بگرن و خۆیانی بۆ نەدۆڕێنن – ئاخر ئەو سەردەمە نوێیە تا ئەم دواییانە لەو کەسە گۆشەگیر و شاراوانە دوور بوو، بەڵام ئێدی بە شێوەیەکی تۆندوتیژ لە دەرگایانی دەدا؛ ئەوان تازەییەکەیان بە کنجکۆڵییەکی بێگوناهەوە وەردەگرت و لە هەموو لایەکەوە دەیانپشکنی و لە سوودە ڕێتێچووەکانی ڕادەمان. ئەوکات چیم دەزانی سەبارەت بەوەی ئەو "تازەییە" ڕۆژئاواییە چی بەو دەشتەکییە سادە و نەخوێندەوارانە دەکات!

لە کاتێکدا شۆفێرە ئەرمینییەکەم لای دەشتەکییەکان پرسوجۆی لە ڕێگەکە دەکرد، هەستم کرد کەسێک قۆڵی کراسەکەم ڕادەکێشێت. ڕووم وەرگێڕا عەرەبێکی قۆزم لە سەرەتای سییەکانی تەمەنیدا بینی.

بە دەنگێکی هێواش و نوساوەوە گوتی، "لەسەر ئیزنت ئەفەندی. ئاگام لێیە نیازتان وایە بە ئۆتۆمبێل بچن بۆ بەغداد و لە ڕێگەکەتان دڵنیا نین. با لەگەڵتان بێم، ڕەنگە سوودم بۆتان هەبێت."

دەستبەجێ چووە دڵمەوە و پرسیاری ناویم کرد.

گوتی، "من زەیدی کوڕی غانمم، لە هێزەکانی عەقیل لە بەغداد خزمەت دەکەم."

تەنها ئەوکات بوو سەرنجی کەفتانە خاکییەکەی و ئەستێرە حەوت لایەکیم لەسەر عەگاڵە ڕەشەکەی دا، کە ئاماژە بوو بۆ هێزی سەربازیی بیابانی عێراق. ئەم جۆرە هێزە، کە لای عەرەبەکان پێی دەگوترا عەقیل، لە سەردەمی باڵادەستیی تورکیاوە هەبوو: هێزگەلێکی ئارەزوومەندی باجوەرگر، کە زۆرینەیان سەر بە

ناوەڕاستی عەرەبستان بوو – کەسانێک کە بیابان ماڵیان بوو و خوشتریش هاوڕێ. خوێنە سەرکەشەکەیان نیشتیمانە ڕەقەکەی خۆیانی پێ بەجێ هێشتبوون بۆ جیهانێک کە پارە و جوڵەی زیاتری تیادا بوو، هەروەها گۆڕانکاریی نێوان ئەمڕۆ و سبەینێی تیادا بوو.

زەید پێی گوتم لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسەکەندا هاتووە بۆ دەیرەزوور، تاکو هەندێک کاروباری پەیوەست بە بەڕێوەبردنی سنووری عێراق و سوریاوە چارە بکەن. کاتێک بەرپرسەکە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، زەید لەبەر بابەتێکی کەسی ماوەتەوە؛ ئێستایش پێی خۆشتر بوو لەگەڵ مندا بێتەوە تاکو لە ڕێگە باوە بەڵام درێژترەکەی دیمەشقەوە. ئەو دانی پیادا نا هەرگیز تەواوی ڕێگەکەی بە لای فوراتدا نەبڕیوە، وەکو منیش چاک دەیزانی لەبەر پێچ و دەورەکانی ڕێگەکە، هەمیشە فوراتمان لێوە دیار نابێ تاکو ڕێنماییمان بکات – جا ئەو گوتی، "بەڵام بیابانە بیابانە، خۆر و ئەستێرەکان هەمانن، بۆیە ان شاء الله ڕێگەی خۆمان دەدۆزینەوە." متمانەبەخۆبوونەکەی شادی کردم و قایل بووم لەگەڵماندا بێت.

بەیانیی داهاتوو دەیرەزوورمان بەجێ هێشت. بیابانی گەورەی حەماەدە خۆی بە ڕووی فۆردە مۆدێل تییەکەماندا کردەوە: دەشتێکی گەورەی وردەزیخ، هەندێکجار تەخت و ساف وەکو قیر، هەندێکجاریش زبر و بەرز و نزم. هەندێکجار فوراتی لە لای چەپمانەوە لێواوە قوڕین و بێدەنگ و نزمەکانی خۆی پیشان دەداین: ڕەنگە بتگوتایە دەریاچەیەکی بێدەنگە، تا ئەوەی پارچەدارێکی خێرا یان بەلەمێک نیگای دەبردیت و ناپاکیی لە تەوژمە بەهێزەکە دەکرد. ڕووبارێکی فراوان و شاهانە بوو؛ دەنگی نەبوو؛ ئامادەی یاری نەبوو؛ پەلەی نەبوو؛ شڵپەی نەبوو. ڕۆیشت و دەخزا و بێسنوور بوو، لەو جێگانەی بیاباندا کە شۆڕ دەبوونەوە ڕێگەی بەرزی خۆی هەڵدەبژارد، یەکسانێک لە ناو یەکسانێکدا، شکۆمەندێک لە ناو شکۆمەندێکدا: چونکە بیابانیش وەکو ڕووبارەکە فراوان و گەورە و بێدەنگ بوو.

زەید، هاوەڵە نوێیەکەمان، لای شۆفێرەکەوە دانیشتبوو و ئەژنۆی بەرز کردبوویەوە و قاچی لای دەرگاکەوە شۆڕ بووبوویەوە؛ پێڵاوە سورە تازەکانی کە چەرمی مەغریبی بوون، هەروەها ڕۆژی پێشتر لە بازاڕی دەیرەزوور کڕیبووی، دەدرەوشانەوە.

هەندێکجار حوشترسوارمان دەبینی کە لە ناوەڕاستی بیاباندا دەردەکەوتن، بۆ تاوێک دەوەستان و لە ئۆتۆمبێلەکە ڕادەمان، پاشان ئاژەڵەکانیان دەخستەوە جوڵە و دیار نەدەمەنان. ئاشکرا بوو ئاژەڵدارن؛ خۆر ڕوخساریانی سوتاندبوویەوە و برۆنزی بووبوون. وەستانی کورت لە کاروانسەرا تەنها و وێرانەکاندا. فوڕات لەودیو ئاسۆوە دەرکەوت. بایەکە خۆڵەکە دەبات، ناوچە بۆ ناوچە وردەزیخ بەدی دەکرێت، هەروەها لێرە و لێوە گیا و دەوەنی دڕکاوی دەبینرێت. لە لای ڕاستمانەوە لەژێر تیشکی گەرمی خۆردا، کۆمەڵێک گردی نزم و ڕووت و قڵیشاو دەرکەوتن و ناکۆتایی بیابانیان شاردەوە. لە سەرسامیدا لە خۆتت دەپرسیت، "باشە لە پشتی ئەو گردانەوە دەبێت چی هەبێت؟" لە کاتێکدا خۆیشت دەتزانی هەمان بیابانی تەختە یان بەرز و نزم لەودیوەوەیە، هەروەها هەمان لم و هەمان چەوی ڕەق پاکیزەییە تونەکەی خۆیان پێشکەشی خۆر دەکەن، هێشتا هەر حەزت دەکرد ئەودیو ببینیت و بزانیت چییە: "باشە دەبێت چی بێت؟" کەشە مەتەڵاوییەکە بەبێ وەڵام و دەنگدانەوە بوو، بێدەنگیی نیوەڕۆکە هیچ دەنگێکی نەدەناسی، جگە لە دەنگی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە و خشەی تایەکانیش لەسەر وردەزیخەکان. ئایا لێواری جیهان لێرەدا دەکەوتە ناو گێژاوێکەوە؟ لەبەرئەوەی نەمدەزانی، نەزانراوەکە لەوێ بوو؛ هەروەها لەبەرئەوەی بۆی هەبوو هەرگیز نەیزانم، بە شێوەیەکی نەزانراو نەزانراو بوو.

لە پاشنیوەڕۆدا، شۆفێرەکەمان هاتە خەیاڵی لە دواهەمین کاروانسەرا بیری نەبووە ئاو بۆ مەکینەکەی هەڵبگرێت. ڕووبارەکە دوور بوو؛ تا چەند میلێک خەبەر لە بیر نەبوو؛ لە دەشتە گەرم و سپییەکەدا تەنها بووین؛ بایەکی نەرم و

گەرم بەرمان دەکەوت، کەس نەیدەزانی لە کوێوە دەهات و بۆ کوێ دەچێت، نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی، گیزەیەکی کپ بوو لە نەمرییەوە دەهات.

شۆفێرەکان، وەکو هەموو لێقەنتاینەکان بەبێ خۆسەغڵەتکردن (سیفەتێک کە لە هەموویاندا بەدڵم بوو)، گوتی، "کێشەی نییە، ئاوایش هەر دەگەین بە کاروانسەراکەی دواتر."

بەڵام وا دەردەکەوت نەگەین. خۆر سوتێنەر بوو، ئاوی ڕادێتەرەکە وەکو چایەکی کوڵاو لە قۆریییەکدا قوڵپی دەدا. دیسانەوە بە هەندێک شوان دەگەیشتین. ئاو هەیە؟ نەخێر، بە درێژایی پازدە کاتژمێری گەشتی حوشتر خەبەر لە ئاو نییە.

شۆفێرە ئەرمینییەکە بە سەرسامی پرسی، "ئەی باشە، ئێوە چی دەخۆنەوە؟"

پێکەنین، "شیری حوشتر دەخۆینەوە." دیارە لە دڵی خۆیاندا سەیریان لەم خەڵکە عەجیبەی ناو گالیسگەی خێرای شەیتان هاتووە، چونکە پرسیار لە ئاو دەکەن، لە کاتێکدا هەموو منداڵێکی دەشتەکی دەزانێت لەو ناوەدا ئاو نییە.

دیمەنێکی ناخۆش: چەقین لە بیاباندا بەهۆی خراپبوونی مەکینەوە، بەبێ خواردن و ئاو، هەروەها چاوەڕێکردنی هاتنی ئۆتۆمبێلێکی تر – ڕەنگە سبەی یان دوو سبەی، یان ڕەنگە دوو مانگی دواتر.

وردەوردە شۆفێرەکەمان گوێپێنەدانە خەنیناوییەکەی نەما. ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و سەری ڕادێتەرەکەی لابرد؛ هەڵمێکی سپی و چڕ لە ڕادێتەرەکەوە دەرچوو. تۆزێک ئاوی خواردنەوەم پێ بوو و کردم بە قوربانی مەکینەکە. ئەرمینییەکە تۆزێک ڕۆنی تێکرد، لە ئەنجامیشدا فۆرەدە ئازاکە بۆ ماوەیەک هەڵیگرتین.

گەشبینەکە گوتی، "ڕەنگە لای ڕاستەوە شتێک ئاومان دەست بکەوێت، ئەو گردانە زۆر سەوز دەردەکەون چونکە وا دیارە گیای سەوز و تازە لەوێ ڕواون:

لەم کاتەی ساڵیشدا، لە کاتێکدا باران نییە، ئەو شوێنەی گیای تیایە دەبێت ئاوی لێ بێت. ئەگەر ئاویش هەبێت، بۆچی نەچین و سوودی لێ وەربگرین؟"

هەمیشە لۆجیک شتێکی تیادایە بەرهەڵستی ناکرێت؛ لێرەیشدا گەرچی لۆجیکی ئەرمینییەکە شەل دەردەکەوت، هەر هەمان حاڵ بوو. ڕێگەکەمان بەجێ هێشت و چەند میلێکمان بەرەو گردەکە بڕی: ئاو نەبوو... لێژگاییەکان بە گیا دانەپۆشرابوون، بەڵکو بە بەردی سەوزباو.

مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە ریسکەی دەهات، بستۆنەکە نەڕەی دەهات، دوکەڵیش لای لێواری بۆنیتەکەوە دزەی دەکردە دەرەوە. پاش چەند خولەکێکی تر، کرتەی شتێک دەهات: شکانێک لە کرانشافتەکە یان بەشێکی ترەوە. بەڵام ئەمجارەیان زۆر لە ڕێگەی کاروانەکە دوور کەوتووینەتەوە؛ ئەگەر ئێستا شتێک ڕووبدات، دەبێت بە نائومێدی بۆ خۆمان لێی بکەوین. ئەرمینییەکە ئەقڵی لەدەست دابوو؛ ئەو دەیگوت بۆ ئاو دەگەڕێ و تاوێک بە لای ڕاستدا و تاوێک بە لای چەپدا، پێچی دەکردەوە وەکو ئەوەی نمایشکاری مەیدانێکی سێرک بێت؛ بەڵام ئاوەکە خۆی دەرنەدەخست، بتڵە قۆنیاغەکەی منیش کە نابەدڵانە بەخشیم کارێکی ئەوتۆی بۆ ڕادێتەرەکە نەکرد، ئەوە نەبێت هەڵمێکی ئەلکحولیی دروست کرد و تەبیعەتی زەیدی تێک دا (بێگومان هەرگیز نەیخواردبوویەوە) و خەریک بوو بڕشێتەوە.

ئەم ئەزموونەی کۆتایی لەو بێوزەیی و بێورەییە دەریهێنا کە دەمێک بوو تیایدا بوو. بە تورەیی کوفییەکەی لەسەر چاوی لابرد، بەسەر بۆنیتی گەرمی ئۆتۆمبێلە گەرمەکەدا خۆی نوشتاندەوە و تەماشای بیابانە فراوانەکەی کرد – بە وردی و وریاییەکەوە سەرنجی دەدا. تەنها ئەوانە ئاوا سەرنج دەدەن کە لە شوێنی کراوەدا زۆر ژیاون و ڕاهاتوون پشت بە هەستەوەرەکانیان ببەستن. ئێمە بە دڕدۆنگییەوە چاوەڕێ بووین، بەڵام ئومێدێکی وەهامان نەبوو – چونکە وەکو

زووتـریش پێـی گـوتین، هەرگیـز نەهـاتووەتە ئەم نـاوچەیە. بەڵام بە پەنـجەی ئاماژەی بۆ باکوور کرد و گوتی:

"لەوێوە."

ئەو وشەیە وەکو فەرمان وابوو؛ شۆفێرەکە خۆشحاڵ بوو بەرپرسیاریەتییەکە لە کۆڵی ئەو بوویەوە و خێرا بە قسەی کرد. بەڵام لەپڕێکدا زەید کەمێک خۆی بەرز کردەوە، دەستی خستە سەر قۆڵی شۆفێرەکە و پێی گوت بوەستێت. تاوێک ملی بەرەو پێشەوە برد، هەروەکو چۆن سەگێک بە وردی بۆن دەکات؛ لە دەوری لێوە بەستراوەکەی گرژییەکی بە سەختی هەستپێکراو هەبوو.

دەستی بۆ باکووری ڕۆژهەڵات ڕاکێشا و گوتی، "نا – لێرەوە بڕۆ. خێرا بکە." شۆفێرەکە دیسانەوە بەبێ مشتومڕ بە قسەی کرد. دوای چەند خولەکێک گوتی، "بوەستە." لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبێلەکەدا، زەید خۆی هەڵدایە خوارەوە و عەبا درێژەکەی بە هەردوو دەستی گرت، بەرەو پێشەوە چوو، وەستا، چەند جارێک سەیری چواردەوری خۆی کرد وەکو ئەوەی گوێ لە شتێک بگرێت – تاوێکی باش مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە و دۆزینەوەی ئاوم بیر چوویەوە، چونکە دیمەنی بینینی پیاوێک لە کاتی کۆششێکی زۆردا بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ سروشتدا سەرسامی کردبووم... لەپڕێکدا، بە هەنگاوی درێژ بەرەو ئاڕاستەیەک چوو و لە چاڵایی نێوان دوو تەپۆڵکەدا ون بوو. پاش ساتێک سەری دەرکەوتەوە و بە دەستەکانی ئاماژەی دا:

"ئاو!"

ڕامانکرد بۆ لای ئەو – ڕاستی کرد: بەهۆی کۆمەڵێک بەردەوە چاڵاییەک دروست بووبوو وەکو حەوزێکی بچووک، هەروەها هەر بەهۆی ئەوانیشەوە تیشکی خۆر بەر ئەوێ نەدەکەوت، هەر بۆیە ئاوی زەرد و قوڕاویی بارانی زستانی پێشوو لەوێدا مابوویەوە، بەڵام هەرچی بێت ئاو بوو! غەریزەیەکی

بیابانیی سەروو تێگەیشتن خۆی بۆ پیاوە نەجدییەکە نواندبوو..

لە کاتێکدا من و ئەرمینییەکە ئاوەکەمان دەکردە ناو قوتوی بەتاڵی گاسۆلینەوە و دەمانبرد بۆ مەکینە داماوەکە، زەید، پاڵەوانە بێدەنگەکەمان، بە زەردەخەنەوە لای ئۆتۆمبێلەکە هاتوچۆی دەکرد.

نیوەڕۆی ڕۆژی سێیەم گەیشتین بە یەکەمین لادێی عێراقی – عانە لەسەر ڕووباری فوڕات – و چەند کاتژمێرێک لە نێوان باخە خورماکان و دیوارە قوڕینەکاندا ڕۆیشتین. عەقیلی زۆر لەوێ هەبوون، بە گوتەی زەیدیش زۆرێک لەوان سەر بە هۆزەکەی ئەو بوون. لەژێر سێبەری دارخورماکاندا لە پاڵ ئەسپە سافەکاندا دەهاتن و دەچوون، خۆر و ڕۆشنایی سەوزباو، بەهۆی لق و گەڵاکانەوە، ڕەنگیان دەدایەوە: پاشاگەلێکی پڕ لە شکۆمەندی و بەفەخر. زەید بە سەر سڵاوی لە هەندێکیان دەکرد و پرچە درێژە ڕەشەکەیشی لەسەر ڕوخساری شەپۆلیان دەدا. سەرەڕای ئەوەی ژیانێکی قورسی لە بیابان و گەرمای سوتێنەردا بەڕێ کردبوو، کاتێک بە جادەی لادێکەدا دەڕۆیشتین هەست بە هەستیاریيەکەی دەکرا، چونکە دەمی داپۆشیبوو تاکو خۆڵ نەچێتە قوڕگییەوە – ئەو خۆڵەی تەنانەت ئێمەی شاریی خۆشژیاویش پێی بێزار نەدەبووین. کاتێک دیسانەوە بەسەر چەوەکاندا ڕۆیشتین و خۆڵ نەما، بە خۆشییەکی کچانەوە کوفییەکەی لابرد و دەستی بە گۆرانیگوتن کرد: لە پرێکدا زاری هەڵهێنایەوە و گۆرانیی گوت، هەروەک چۆن لە پرێکدا لە ناوەڕاستی ئەو دەشتاییەدا دیمەنی چیایەک وەکو دیوارێکی بەرز دێتە بەرچاوت. قەسیدەیەکی نەجدیی دەگوت، وەکو غەزەل وابوو – ئاوازێکی سەماکەر بە یەک ڕیتم، هەروەکو شنەی بیابان، لە ناشوێنەوە دەهات و بۆ ناشوێن دەچوو.

لە لادێی دواتر داوای لە شۆفێرەکە کرد بوەستێت، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و سوپاسی منی کرد، ئەوجا تفەنگەکەی دا بە شانیدا و لە نێوان دارخورماکاندا ون بوو؛ لە ئۆتۆمبێلەکەدا بۆنێکی بێناوی بەجێ هێشت – بۆنی مرۆڤایەتییەکی

خۆگر و کاملّ، یادی پاکیی ڕۆح که دەمێکه لەبیر کراوه، بەڵکو هەرگیز لەبیر ناکرێت.

لەو ڕۆژە لە عانە، پێم وابوو هەرگیز زەید نابینمەوە؛ بەڵام وا دەرنەچوو... ڕۆژی دواتر گەیشتم بە هیت، شارێکی بچووک لەسەر ڕووباری فورات، لەو جێیەدا کە ڕێی کۆنی کاروان لە دیمەشقەوە بۆ بەغداد دەچێتە سەری. ئەو شارە کە دەڵێین قەڵایەکی دێرین و نیوەلەبیرکراوە، لەسەر بەرزاییەکە و دیواری هەیە. لە ناوەوەی و دەوری بۆنی ژیان ناکرێت. دەڵێیت ماڵەکانی دەرەوە تێکەڵی دیوارەکان بوون؛ جگە لە چەند درزێکی بچووک هیچ پەنجەرەیەکیان تیادا نەبوو. منارەیەک لە ناوەوەی شارەکەوە بەرز بووبوویەوە.

ئەو شەوە، لە نزیکی کەناراوەکە لە کاروانسەرایەک لامدا. لە کاتێکدا نان بۆ من و شۆفێرەکە ئامادە دەکرا، چووم دەستم بشۆم و بەرانبەر بیری حەوشەکە ڕاوەستام. کاتێک بە چیچکانەوە دانیشتم، نەفەرێک ئەو سەتڵە ئاوەی هەڵگرت کە دامنابوو، پاشان بە هێواشی کردی بەسەر دەستەکانمدا. سەرم هەڵبڕی و پیاوێکی ئێسقانپڕ و بۆر بە خۆی و کلاّوە خوورییەکەوە بەرانبەر ڕاوەستابوو، هەروەها بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەم یارمەتیی دەدام. ئاشکرا بوو عەرەب نییە. کاتێک لێم پرسی کێیە، بە عەرەبییەکی شکاوەوە گوتی: "من تەتارم، لە ئازەربایجانەوە." چاوەکانی گەرموگوڕ و سەگئاسا بوون، هەروەها پۆشاکەکەی، کە دیار بوو پێشتر هی سەربازی بوو، شڕ بووبوو.

دەستم کرد بە دەمەتەقێ لەگەڵیدا؛ تاوێک بە عەرەبی، تاوێکیش بەو تۆزە فارسییەوە کە لە خوێندکارێکی ئێرانیم وەرگرتبوو لە قاهیرە. دەرکەوت ناوی ئیبراهیمە و زۆربەی ژیانی – ئێستا نزیکی چل ساڵ بوو – لە ڕێگا ئێرانییەکاندا بەسەر بردبوو؛ ساڵانێک کەلوپەلی لە تەبرێزەوە بۆ تاران، لە مەشهەدەوە بۆ بیرجەند، لە تارانەوە بۆ ئیسفەهان و شیراز گواستبوویەوە، هەروەها ڕۆژێکیش لە ڕۆژان خاوەنی کۆمەڵێک ئەسپ بووە؛ ئەو لە هێزی ژاندارمرییەکانی ئێراندا

سەرباز بووە، ماوەیەک پاسەوانی تایبەتی سەرۆکهۆزێکی تورک بووە، هەروەها لە کاروانسەراکانی ئیسفەهاندا ئاگای لە ولاّخی خەڵک بووە؛ ئێستایش کە وەکو ئێسترسواری کاروانێکی سەردانیکەرانی ئێرانی بۆ کەربەلا هاتبوو بۆ عێراق، ئیشەکەی لەدەست دابوو، چونکە شەڕی لەگەڵ ڕێبەری کاروانەکەدا کردبوو؛ لە ئەنجامیشدا لەم ولاّتە بێگانەیەدا سەرلێشێواو مابوویەوە.

ئەو شەوە لەسەر سەکۆیەکی تەختە لە حەوشەی کاروانسەراکەدا پاڵ کەوتبووم. کەشەکە گەرم و وشک بوو، پڕیش بوو لە مێشی ملئەستوور، کە بەهۆی مژینی خوێنی خەڵکەوە ئاوسابوون. چەند چرایەک ڕۆشناییەکی داماویان فڕێ دەدایە ناو تاریکییەکەوە. چەند ئەسپێک، کە لەوەیە هی خاوەنی کاروانسەراکە بووبێتن، بە دیوارێکەوە بەسترابوونەوە. ئیبراهیمی تەتار بە فلّچەیەک پێستی ئەسپێکی پاک دەکردەوە؛ بەپێی شێوازی مامەڵەی، دیار بوو هەم ئەسپناسە، هەم زۆریش خۆشی لە ئەسپان دێت؛ بە جۆرێک پەنجەی بە یاڵی ئەسپەکەدا دەهێنا، دەتگوت پیاوێکی ئەویندارە یارەکەی دەلاوێنێتەوە.

لە پڕێکدا بیرۆکەیەک لە هزرمدا قوت بوویەوە. من بەڕێوە بووم بۆ ئێران، گەشتێکی درێژی چەند مانگەم بەسەر پشتی ئەسپەوە لە بەردەمدا بوو. بۆچی ئەم پیاوە نەبەم؟ لە کەسێکی بێدەنگ و باش دەچوو؛ بێگومان کەسێکی وایشم پێویست دەبوو، چونکە هەموو ڕێگەیەکی ناو ئێرانی دەزانی و شارەزای هەموو کاروانسەرایەک بوو.

کاتێک سبەی بەیانی پێم گوت ڕەنگە وەکو خزمەتکاری خۆم بیبەم، خەریک بوو لە سوپاسگوزاریدا بگری و بە فارسی پێی گوتم:

"حەزرەت، لەو بڕیارە پەشیمان نابیتەوە..."

لە ڕۆژی پێنجەمی گەشتەکەماندا بووم، کاتێک بۆ جاری یەکەم مێرگی فراوانی بەغدادم دی. لە نێوان تاجی دارخورماکاندا گومەز و منارەی

مزگەوتێک دەدرەوشانەوە. لە هەردوو لای ڕێگەکەوە گۆڕستانێکی فراوان و دێرین هەبوو، کێلەکانی ڕزیبوون، خۆڵەمێشی هەڵگەڕابوون و فەرامۆش کرابوون. خۆڵی خۆڵەمێشی لەسەر گۆڕستانەکە جێگیر بووبوو؛ لە بەردەم ڕۆشنایی نیوەڕۆیشدا ڕەنگە خۆڵەمێشییەکە وەکو پەردەیەکی یەنکی زیوی لێ هاتبوو – دابەشبوونێکی تەماوی لە نێوان جیهانی مردووی ڕابردوو و ئێستای زیندوودا. هات بە خەیاڵمدا هەمیشە کە سەردانی شارێک دەکەیت ڕابردووی لە ئێستەی جودا بووە، هزرت ناتوانێت جیاوازییەکە هەرس بکات.

پاشان چوویتە ناو دەریای دارخورماکانەوە – میل لە دوای میل دارخورمای قەدقەویمان دەبینی – تا لە پڕێکدا لە کەناری دیجلە دارخورماکان نەمان. ئەم ڕووبارە وەکو فورات نەبوو: شینێکی قوڕاوی، قورس، غەرغەرەدار - پاش بینینی جوڵەی شاهانە و بێدەنگی ڕووبارەکەی تر، ئەمیان لە بێگانەیەکی نەناسراو دەچوو. کاتێکیش لەسەر پردێکی ناجێگیرەوە بەسەریدا پەڕینەوە، گەرمیی سوتێنەرێ کەنداوی فارس دایپۆشین.

بەغداد شکۆ و بڵندییەکەی جارانی نەمابوو. کاتێک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەغۆلەکان شارەکەیان وێران کردبوو، کارێکیان پێ کردبوو پایتەختەکەی هارونەڕەشید هیچی لێ نەمابوویەوە. هەموو ئەوەی مابوویەوە شارێکی تاریک بوو لە ماڵی خشتینی نیوەوێران – دەتگوت نیشتەجێگەیەکی کاتییە و چاوەڕێی گۆڕانکارییە. لە بەردەم حەقیقەتە نوێیە سیاسییەکەدا، گۆڕانەکە چاوەڕوانکراو بوو. شارەکە جوڵەی تێکەوتبوو، بینای نوێ بەرز دەکرانەوە؛ لە وێلایەتە نوستووە تورکییەکانەوە، گەورەشارێکی عەرەبی لە گەشەکردندا بوو.

گەرمییە بەتینەکە کاری لە هەموشتێک کردبوو و هەموو جوڵەیەکی تەمبەڵ کردبوو. خەڵکی بە هێواشی بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتن. دەتگوت خوێنیان زۆرە و شادییان تیادا نەدەبینرا. لە خوارەوەی ڕووپۆشە ڕەش و

سپییەکانیاندا، ڕوخساریان تاریک و تووڕە دەردەکەوت؛ کاتێکیش ڕوخسارێکی جوانی عەرەبیت دەبینی دەربڕینێکی شکۆمەند و بەرزی تیادا بێت، کوفییەکی سور و سپیی بەسەردا درابوو – ئەمە مانای ئەوە بوو پیاوەکە خەڵکی ئێرە نییە، بەڵکو لە باکوورەوە، یان بیابانی سوریا، یان لە ناوەڕاستی عەرەبستانەوە هاتووە.

بەڵام هێزێکی زۆر لەم پیاوانەدا دەبینرا: هێزی ڕق – ڕق لە دەسەڵاتی بێگانە کە ئازادیی لێ زەوت کردبوون. خەڵکی بەغداد لەمێژ بوو تاسەی ئازادییان کردبوو. ڕەنگە ئەم ڕوخسارانە لە کاتی بینینی خزم و خێشەکانی خۆیان لە گەڕەک و کۆڵانە باریکەکاندا جۆرێکی تر بن. چونکە ئەگەر بە وردی لێیان ڕابمایتایە، دەتزانی بە تەواوەتی لە ناز و نازەنینی خاڵی نین. جاروبار وەکو هەموو عەرەبەکانی تر پیدەکەنین. هەندێکجار بە گوێپێنەدانێکی ئەرستۆکراتییانەوە عەباکانیان بە تۆزەکەدا دەخشا، هەروەکو ئەوەی لەسەر زەمینێکی مەڕمەڕ بە ڕێگەدا بڕۆن. ئەوان دەیانهێشت ژنەکانیان بە پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگی گوڵدارەوە بگەڕێن: ژنانێکی عەبابەسەری نازەنین لە بەرگی ڕەش و سور، شین و زیوی، جەرگی و سور، بەبێ ئەوەی گوێت لە دەنگی تەپەی پێیان بێت، هەنگاویان دەنا.

پاش چەند حەفتەیەک لە گەیشتنم بە بەغداد، کاتێک بە بازاڕە گەورەکەدا دەڕۆیشتم، هاوارێک لە یەکێک لە ڕاڕەوە سەرگیراوەکانی بازاڕەکەدا بەرز بوویەوە. لە گۆشەکەوە پیاوێک دەرچوو؛ پاشان یەکێکی تر و ئەوجا یەکێکی تر؛ خەڵکی بازاڕەکە لە ترساندا ڕایانکرد، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە من نەمدەزانی ڕاکردنەکە لەبەر چییە. دەنگی سمی ئەسپەکان دەهات: ئەسپسوارێک بە ڕوخسارێکی ترساوەوە هاتە ناو قەرەباڵغییەکەوە. خەڵکێکی زیاتر ڕایاندەکرد و هەموویان لە یەک ئاڕاستەوە دەهاتن و فرۆشیارەکانیشیان لەگەڵدا بوو. ئەوناوە بوو بە پاڵپاڵێن و فرۆشیارەکان بە پەلەپەل دوکانەکانیان داخست. کەس هیچی نەدەگوت. کەس بانگی کەسی تری نەدەکرد. تەنها لێرە و

لەوێ گوێت لە هاواری کەسێک دەبوو کە دەکەوت بە زەویدا؛ منداڵێک پڕ بە گەرووی زیکاندی...

چی ڕوویداوە؟ وەڵام نییە. هەمووی سپی هەڵگەڕاوە. گالیسکەیەکی قورس، کە هێشتا کەلوپەلی تیادا بوو، بەبێ گالیسکەوان و بە کۆمەڵێک ئەسپەوە خۆی بە کۆڵانێکی باریکدا کرد. لە دوورەوە دەنگی شکانی گۆزە و دیزەی قوڕین هات، بە حاڵیش گوێم لە دەنگی غلبوونەوەی پارچە شکاوەکان دەبوو. جیا لەو دەنگە گۆشەگیرانە و هەناسەی خەڵکی، بێدەنگییەکی سامناک هەبوو، وەکو بێدەنگیی پێش بومەلەرزە. دەنگی پێی کەسێکی ڕاکردوو؛ هەندێکجار هاواری ژنێک یان منداڵێک لە ناخی جەماوەرەکەوە دەهات. پاشان هەندێک سوارچاک. ڕاکردن، تۆقین، ترسان، هەروەها بێدەنگی. شەقامەکە شێتانە شڵەژابوو.

منیش لەو بەینەدا گیرم خواردبوو، نەمدەتوانی بە هیچ لایەکدا بجوڵێم، بیشمتوانیایە نەمدەزانی بۆ کوێ بچم. لەو ساتەدا کەسێک قۆڵی گرتم: زەید بووم ڕایکێشام و لە پشتی چەند بەرمیلێکی نێوان دوو دوکاندا خۆمان شاردەوە.

چرپاندی، "مەجوڵێ."

گڤەی شتێک هات – فیشەک بوو؟ مەحاڵە...

زۆر لە دوورەوە، لە قوواڵایی بازاڕەکەدا، نەڕەنەڕ دەهات. دیسانەوە شتێک گڤەی هات، بەڵام ئەمجارەیان گومانی تیادا نەبوو: فیشەک بوو... لە دوورەوە، دەنگی تەقەتەقێک دەهات، وەکو ئەوەی کەسێک لۆبیای وشک فڕێ بداتە سەر زەوییەکی ڕەق. دەنگەکە نزیک بوویەوە و زیادی کرد: پاشان ناسیمەوە: چەکی ڕەشاش.

بەغداد جارێکی تریش، وەکو چەندینجاری پێشوو، ڕاپەڕیبوویەوە. لە ڕۆژی پێشتردا، واتە بیستونۆی پێنجی ١٩٢٤، پەرلەمانی عێراق بە پێچەوانەی

خواستی خەڵکەوە پەیماننامەیەکی لەگەڵ بەڕێتانیای مەزندا مۆر کردبوو؛ ئەمەیش دیمەنی نەتەوەیەکی بێئومێد بوو، لە کاتێکدا دەیویست دژی دۆستایەتیی هێزێکی گەورەی ئەوروپی بەرگری لە خۆی بکات.

دواتر بۆم دەرکەوت، هێزە بەڕێتانییەکان هەموو دەروازەکانی بازارەکەیان بەستبوو، تاکو خۆپیشاندانەکە کپ بکەنەوە، هەروەها بەهۆی تەقەی کوێرانەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوژران. زەید نەبوایە، نزیک بوو منیش تیادا بچم.

ئەوە سەرەتای ڕاستەقینەی هاوڕێیەتییەکەمان بوو. من کەیفم بە دونیادیدەیی و پیاوەتییەکەی زەید دەهات؛ ئەویش کەیفی بەوە دەهات لاوێکی ئەوروپی هێندە کراوەیە بەرانبەر بە عەرەب و شێوازی ژیانی عەرەبی. ئەو کورتەیەکی لەسەر ژیانی خۆی پێ گوتم: ئەوەی چۆن ئەویش، وەکو باوکی، لە خزمەتی فەرمانڕەواکانی حائیلدا گەورە بووە، واتە لای دەسەلاتی ئیبن ڕەشید لە شەممەر؛ هەروەها ئەوەی کاتێک ئیبن سعود لە ساڵی ١٩٢١دا حائیلی گرتووە و دواهەمین ئەمیری ماڵی ئیبن ڕەشیدی زیندانی کردووە، زۆرێک لە پیاوانی شەممەر، لە نێویشیاندا زەید، خاکی خۆیانیان بەجێ هێشتووە و داهاتوویەکی نادیاریان لە ملکەچبوون بۆ فەرمانڕەوایەکی نوێ بە باشتر زانیوە. بەم شێوەیە لێرە لە عێراق بە عەگاڵێکی حەوت ئەستێرەییەوە، کە ئاڵایەکی عێراقی لەسەر بوو، گیرسابوویەوە و بیری نیشتیمانەکەی دەکرد.

لەو ماوەیەی لە بەغداد بووم، زووزوو یەکیان دەبینی و ساڵانی دواتریش پەیوەندییان هەبوو. جاروبار نامەم بۆ دەنووسی، هەروەها ساڵی جارێک یان دووجار دیارییەکم لە بازارێکی ئێرانی یان ئەفغانی بۆ دەکڕی و بۆم دەنارد؛ هەموو جارێکیش بە دەستوخەتە ناشرین و شێواوەکەی وەڵامی دەدایەوە و باسی ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە پێکەوە بە لای فوراتدا ڕۆیشتووین، یان سەردانی شێرە باڵدارەکانی وێرانەکانی بابلیان دەکرد. لە کۆتاییدا، کاتێک لە ساڵی ١٩٢٧دا هاتم بۆ عەرەبستان، داوام لێ کرد بێت بۆ لام؛ ساڵی دواتر هات. لەو کاتەیشەوە هاوەڵم بووە، زیاتریش هاوڕێم بووە نەوەک خزمەتکار.

لە سەرەتای بیستەکاندا ئۆتۆمبێل لە ئێران دەگمەن بوو، لە نێوان سەنتەرە سەرەکییەکانیشدا تەنها چەند دانەیەک هەبوون بۆ کرێ. ئەگەر بتویستایە سێ بۆ چوار ڕێگەی سەرەکی ببڕیت، دەبوو پشت بە گالیسکە ببەستیت؛ بەڵام گالیسکەیش بۆ هەموو جێیەک نەدەچوو، چونکە لە ئێراندا دونیایەک شوێن هەبوو ڕێگەی نەبوو. بۆ من، کە دەمویست خەڵکی شوێنەکان بەپێی شێوازی خۆیان ببینم، گەشتکردن بە ئەسپ ڕێگەکە بوو. بۆیە لە دوا حەفتەمدا لە بەغداد، هەموو بەیانییەک لەگەڵ ئیبراهیمدا دەچووینە دەرەوەی شار بۆ بازاڕی ئەسپ. پاش چەند ڕۆژێک لە مامەڵەکردن، ئەسپێکم بۆ خۆم و هێسترێکیشم بۆ ئیبراهیم کڕی. ئەسپەکەی من ئەسپەشێیەکی جوانی باشووری ئێران بوو، هێسترەکەیش – ئاژەڵێکی چالاک ماسولکەدار لە ژێر پێستێکی ڕەساسیی مۆرباودا – تورکی بوو؛ جیا لە سواڕەکەی، دەیتوانی ئەو تووڕەکە گەورانەیش هەڵبگرێت کە پێداویستییە کەسییەکانمی تیادا بوو.

ئیبراهیم سواری ئەسپەکەی من بوو و جڵەوی هێسترەکەیشی گرت و بەڕەبەیانێک بەرەو خانەقین بەڕێ کەوت، دواهەمین شاری عێراقی لەسەر سنووری ئێران و دواخاڵی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد؛ منیش دوای دوو ڕۆژ بە شەمەندەفەر چووم بۆ ئەوێ، تا لەوێ یەک ببینین.

خانەقین و جیهانی عەرەبیەان بەجێ هێشت. هەروەکو پاسەوانی چیا بەرزەکان، گردی زەردباومان لە بەردەمدا بوو: چیاکانی ئێران، ئەو جیهانە نوێیەی چاوەڕێم بوو. خاڵی پشکنینی سنوور بینایەکی تەنها و بچووک بوو، ئاڵایەکی شڕیشی لەسەر بوو، کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز بوو و هێمای شێرێکی شمشێرەوان و خۆری پێوە بوو. چەند پاسەوانێکی قژڕەش و سپیکەڵە بە پۆشاکی نارێکوپێکی سەربازی و نەعلی سپییەوە، جانتاکە تەنگەکەمیان پشکنی و گاڵتەیان لێ دەهات. پاشان یەکێکیان گوتی:

"هەمووشتێک بێعەیبە جەناب عالی. سینەفراوانیی تۆ لە سەرووی

بیابانەکانی ئێمەوەیە. گەورەمان دەکەیت و پەرداخێک چاییان لەگەڵدا بخۆیتەوە؟"

لە کاتێکدا هێشتا لەو ماریفەتە سەیر و کۆنە ڕادەمام، بۆم دەرکەوت زمانی فارسی، سەرەڕای ئەوەی وشەی عەرەبیی زۆر تیادایە، بە تەواوەتی لە عەرەبی جیاوازە. زمانەکە ئاوازێک و شیرینییەکی تیادا بوو، هەروەها پاش ئەزموونکردنی نەبزوێنە گەرمەکانی زمانی عەرەبی، کراوەیی ئەمان لە دەربڕینی بزوێنەکاندا "ڕۆژئاوایی" دەکەوتە بەر گوێ.

ئێمە تاکە گەشتیار نەبووین؛ کۆمەڵێک بارکێشی قورس، کە هەریەکێکیان چوار ئەسپ ڕایدەکێشا، لە بەردەم خاڵی پشکنینەکەدا ڕاوەستابوون، هەروەها پیاوانی کاروانێکی هێستریش لەو لاوە خێمەیان هەڵدابوو. ئەو پیاوانە ئاگریان کردبوویەوە و خواردنیان ئامادە دەکرد. گەرچی تازە سەرەتای نیوەڕۆ بوو، وا دەردەکەوت هیچ تەمایەکیان نەمابێت بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا بڕۆن، باشیش بیرم نایە بۆچی، بەڵام ئێمەیش وامان کرد. بۆ شەوەکەی بەتانییان بە خۆماندا دا و لەسەر زەوییەکە نوستین.

سبەی لەگەڵ کازیوەدا هەموو بارکێش و کاروانەکان بەرەو چیا ڕووتەکان کەوتنە جوڵە؛ ئێمەیش لەگەڵیاندا دەرچووین. زۆری نەبرد پێشی بارکێشە هێواشەکانمان دایەوە و بە تەنها ماینەوە و، زیاتر و زیاتر لە سەرزەمینی شاخاویی کوردەکان نزیک بووینەوە، سەرزەمینی شوانە باڵابەرز و قژکاڵەکان.

یەکەم کوردێک کە دیم کوڕێکی لاوی بە نزیکەیی حەڤدە ساڵان بوو، کاتێک لە گۆشەی ڕێگەکەدا لە کوخێک هاتە دەرەوە و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، جامێکی تەختەی بۆ بەرز کردینەوە لە شیری سەرڕێژی دەکرد. ئەو پێی پەتی بوو، شێواو بوو، هەروەها بە پرچە شێواوەکەیدا دیار بوو پێشتر کلاوی لەسەردا بووە. کاتێک لە شیرە زەرد و سوێرە بەتامەکەم دەخواردەوە، لە سەرووی لێواری جامەکەوە دوو چاوی شینم بینی لێم ڕادەمان. نارووونییەکی شیرین و تەڕ لە

چاوەکانیدا هەبوون، کە لە چاوی ئەو ئاژەڵانەی تازە دێنە دونیاوە بەدی دەکرێت – خەوالوویەکی سەرەتایی، کە هێشتا بە تەواوەتی نەشکێندراوە.

دەمەوێوارە گەیشتین بە لادێیەکی خێمەیی کوردی لە نێوان گردەکاندا. خێمەکان لە هی دەشتەکییە نیوەکۆچەرییەکانی سوریا و عێراق دەچوون: قوماشی ڕەش لە توکی بزن بەسەر کۆمەڵێک کۆڵەکە، دیوارەکانیش لە حەسیر. جۆگەیەک لەو تەنیشتەوە دەڕۆیشت و کەنارەکەیشی سپیچیناری زۆری هەبوو؛ لەسەر بەردێکی ناو ئاوەکە پۆلێک حاجی لەقلەق دەنوکیان دەدا و باڵیان ڕادەوەشاند. پیاوێک بە چاکەتێکی شینەوە هەنگاوی گەورەی بەرەو خێمەکان دەنا؛ بە جوڵە زەمینی و شلەکانیدا دەتزانی خوێنی کۆچەریبوون بە دەمارەکانیدا هاتوچۆ دەکات. ژنێک بە جلێکی درێژی سورەوە گۆزەیەکی قوڕینی لەسەر شانی دانابوو و بەرەو جۆگەکە هەنگاوی دەنا: لەگەڵ هەنگاونانیدا، هەستت بە جوڵە و نوسانی ڕانەکانی بە پۆشاکە نەرمەکەی بەریەوە دەکرد: ڕانی درێژ و ڕەق، هەروەکو تەلی کەمانچە. لە قەراغی ئاوەکەدا خۆی نوشتاندەوە و دەمی گۆزەکەی نا بە ئاوەکەوە؛ سەرپۆشە بەرزەکەی شل بوویەوە و وەکو ئەوەی بەر جۆگەیەکی سوری خوێنین بکەوێت، بەر ڕووی درەوشاوەی ئاوەکە کەوت – بەڵام تەنها بۆ ساتێک، چون خانمەکە لە چرکەیەکدا و بەبێ تێکدانی چیچکانەکەی خۆی سەرپۆشەکەی لە سەری ئاڵاندەوە.

تاوێک دواتر لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن و چوار خانمی لاودا لە کەناراوەکەدا دانیشتین. ئەو نازەنینی و پاکییەی لە ژیانی ئازاددا هەیە، لە هەر چوار خانمەکەدا بەدی دەکرا: جوانییەک کە خۆیشی دەیزانی جوانە، بەڵام پاکیزەیش بوو؛ شکۆمەندییەک کە لەوە مەزنتر بوو بشاردرێتەوە، هێشتایش لە شەرم و خۆبەکەمگری جودا نەدەکرایەوە. جوانترین ناویان، ناوی توتو بوو. تەواوی تەوێڵی، بەڵکو تا لای برۆی ناسکی، بە سەرپۆشێکی سور داپۆشرابوو؛ کلی لە چاوەکانی دابوو؛ لە ژێرەوەی سەرپۆشەکەوە، کەزی و زنجیری زیوینی لە

یەکدی ئالاندبوو؛ لە هەر جولەیەکی سەریدا، زنجیرەکەی پرچی ماچی ڕوومەتە ناسکەکەی دەکرد.

گەرچی فارسییەکەی من ئەوە نەبوو، هەموومان چێژمان لە گفتوگۆکە وەرگرت. (کوردەکان زمانی خۆیانیان هەیە، بەڵام زۆرینەیان لە فارسی تێدەگەیشتن، چونکە لە یەکتریەوە نزیکن.) ئەم خانمە لاوانە کە هەرگیز لە ژینگەی هۆزەکەیان دەرنەچووبوون، هەروەها خوێندەوارییشیان نەبوو، وریا بوون؛ زۆر بە ئاسانی لە دەربڕینە لاوازەکانم تێدەگەیشتن، هەرکاتێکیش بە دوای وشەیەکدا بگەڕامایە، خۆیان بۆیان دەدۆزیمەوە و ڕستەکەیان بۆ تەواو دەکردم. پرسیاری ژیانی ڕۆژانەیانم کرد، ئەوانیش باسی ئەو شتە بچووک و گەورانەیان بۆ کردم کە ژیانی ڕۆژانەی ژنێکی کۆچەری پڕ دەکەنەوە: هاڕینی دانەوێڵە لە نێوان دوو بەردی تەختدا؛ ئامادەکردنی نان بە خۆڵەمێشی گەرم؛ مەڕدۆشین؛ مەشکەژەندن؛ تەشیڕێسان؛ چنینی فەرش و بەڕە بە شکڵێک کە بە ئەندازەی ڕەگەزەکەیان تەمەنی درێژ بوو؛ منداڵبوون؛ بەخشینی خۆشەویستی بە هاوسەرەکانیان و ئاسوودەکردنیان...

ژیانێکی نەگۆڕ: ئەمڕۆ، دوێنێ، هەروەها سبەینێ. لای ئەم شوانکارانە کات بوونی نەبوو، تەنها جولەی ڕۆژ و شەو و وەرزەکان هەبوو. شەو بۆ نوستن تاریک کرابوو؛ چرای ڕۆژیش بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکان هەڵکرابوو؛ زستان سەرما و کەمیی لەوەڕی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، بۆیە بە خۆیان و مەڕومااڵت و خێمەکانیان بەرەو دەشتە گەرمەکانی میزۆپۆتامیا و ڕووباری دیجلە دەچوون؛ دواتر کاتێک هاوین بای گەرمی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە، بەرەو چیاکان بەڕێ دەکەوتنەوە، جا بۆ ئێرە بێت یان یەکێکی تر لەو شوێنانەی هۆزەکە دەیانناسی.

پیاوە بەتەمەنەکە هیچی نەگوت و بە پێکەنینەوە گوێی بۆمان ڕاگرتبوو. لێیم پرسی: "هەرگیز حەز بەوە ناکەیت لە مااڵێکی بەردیندا بژییت؟ حەز ناکەیت کێڵگەیەکی خۆتت هەبێت؟"

پیاوه بەتەمەنەکە بە هێواشی سەری ڕاوەشاند: "نا... ئاو ئەگەر لە حەوزێکدا بمێنێتەوە و نەجوڵێت، پیس و قوڕاوی دەبێت، بەڵام کاتێک لە جوڵەدایە، بە پاکی دەمێنێتەوە..."

کوردستانمان بەجێ هێشت و بوو بە بەشێک لە ڕابردوو. بۆ ماوەی هەژدە مانگێک، بە پانی و درێژی سەیرترین خاکم پکشنی، کە خاکی ئێرانە. بە نەتەوەیەک ئاشنا بووم دانایی سێ هەزار ساڵی کلتور و پێشبینینەکراویی منداڵانی ئاوێتە کردبوو؛ نەتەوەیەک دەیتوانی بە سوعبەتچێتییەکی تەمبەڵانەوە تەماشای خۆی و ئەوە بکات کە لە دەوری ڕوودەدات – پاش ساتێک، دەکرا پڕ ببێت لە جۆش و خرۆشی کێوییانە. چێژم لە ئاسانیی شارە گەورەکان و بای تۆندی دەشتەکان کرد؛ لە کۆشکی والییەکاندا نوستم و چەندین خزمەتکارم هەبوو، لەو کاروانسەرایانەیشدا مامەوە کە دەبوو لە نیوەشەودا دوپشکەکانی دەوروبەرت بکوژیت، تاکو ئەوان دەستپێشخەریی کوشتنت نەکەن. وەکو میوانی هۆزەکانی بەختیاریی و کاشگایی بەشداریم لە خواردنی مەڕێکی برژاودا کرد، هەروەها لە ژووری بازرگانە دەوڵەمەندەکاندا قەلی پڕکراو بە قەیسیم خوارد. سەیری فیستیڤاڵی خوێنایی موحەڕەمم کرد، گوێم لە دێرە ناسکەکانی حافزی شیرازی بوو لەگەڵ عودێکی ناسکدا. بە ژێر پایەکانی ئیسفەهاندا ڕۆیشتم و لە جوانیی دالاّنە تیژەکان و دەروازە ڕەنگین و نەخشینەکان و گومەزە سافەکانی مزگەوتە مەزنەکان ڕامام. فارسی وەکو عەرەبی لام ئاسان و ئاشنا بووبوو. لەگەڵ پیاوە خوێندەوارەکانی شاردا، لەگەڵ سەرباز و کۆچەری، بازرگانەکانی بازاڕ، وەزیرەکان، سەرکردە ئایینییەکان، دەرویشە گەڕیدەکان، هەروەها لەگەڵ حەشیشکێشەکاندا دەدوام. لە شارەکان و لادێکاندا مامەوە، بە بیابانەکان و زەلکاوەکاندا ڕۆیشتم، هەروەها خۆم لە

هەوای کاتنەناسی ئەو سەرزەمینە سەمەرەیە هەڵوەشاوەدا ون کرد. بە جۆرێک خەڵکی ئێرانم ناسی، لە ژیان و بیرکردنەوەیان تێگەیشتم، وەکو ئەوە بوو لە ناو خۆیانـدا لەدایـک بـووبێتم: بەڵام ئەم ژیـانە، ئەم خـاکە، ئەم نـاوچە ئـاڵۆز و سەرسـامکەرە، کە هەروەکـو خشـڵێکی کـۆن لە چەنـد ڕوویەکەوە بە کـزی دەدرەوشێتەوە، هەرگیـز وەکـو جیهـانی پـاک و سـاف و بێـپەڵەی عەرەبەکـان لە دڵمدا جێی خۆی نەکردەوە.

بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ بە چیـا سەرکەشـەکان و دەشـتەکانی ئەفغانسـتاندا هـاتوچۆم کـرد: شـەش مانـگ لە جیهانێکـدا پیاوەکـانی بـۆ جـوانی چەکیـان هەڵنەدەگرت، هەروەها دەبوو سەیری هەموو وشە و هەنگاوێک بکەیت، نەوەکا فیشـەکێک لە ناشوێنەوە ماچێکی تەوێڵت بکات. هەندێکجار من و ئیبراهیم و هاوەڵە جاروباریـیەکانمان ناچار بووین دژی چەتەکان بەرگری لە ژیانمان بکەین، کە لەو ڕۆژانەدا لە ئەفغانسـتان زۆر بـوون؛ بەڵام چەتەکـان لە ڕۆژی هەینیـدا مەترسـییان نەبـوو، چـونکە بە عەیبەیـان دەزانـی لە ڕۆژێکـدا کە تـایبەتە بە پەرستنی خودا دزی بکەن و خەڵک بکوژن. جارێکیان، خەریک بوو لە نزیکی قەندەهار فیشـەکێکم بەر بکەوێت، چونکە بەبێ مەبەست سـەیری ڕوخسـاری دانەپۆشراوی ژنێکـی جـوانم کردبـوو لە کاتێکدا لە کێڵگەیەکدا کـاری دەکرد؛ کەچـی لای لادێنشـینە مەغۆلەکـانی تەنـگەڵانە بەرزەکـانی چیـای هیندوکوش – نەوەکانی خانەخوێیە جەنگاوەرەکانی جەنگیز خان – ئاسایی بوو لە هەمان ئەو یەک کـوخە یەک ژووریەدا بنـووم کە هاوسـەری لاوی خـانەخوێیەکە و خوشکەکانیشی تیایدا دەنوستن. بۆ ماوەی چەند حەفتەیەک لە کابوڵی پایتەخت میـوانی ئەمـانوڵا خـان بـووم، واتە پاشـای ئەفغانسـتان؛ چەنـدین شـەو لەگەڵ زاناکانی دەوروبەری باسی وانە و پەیامەکانی قورئانمان دەکرد؛ هەندێک شەوی

تریش لەگەڵ خانە پاسانەکاندا، لەناو خێمە ڕەشەکانیاندا، باسی ئەوەمان دەکرد چۆن بە باشترین شێوە جڵەوی ئەو ناوچانە دەکرێت کە شەڕی نێوان هۆزەکانیان تیادایە.

لە ماوەی هەموو ڕۆژێکی ئەو دوو ساڵەی ئێران و ئەفغانستاندا، هەموو ڕۆژێک دڵنیاتر دەبوومەوە لەوەی لە وەڵامێکی کۆتایی نزیکم.

"مەنسور، تێگەیشتن لە ژیانی موسوڵمانان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێگەیشتنمی سەبارەت بە ئیسلام زیاتر دەکرد. ئیسلام هەمیشە لە بەشی سەرەوەی هزرم بوو..."

زەید تەماشای ئاسمانی شەوی کرد، "کاتی نوێژی عیشایە."

هەرسێکمان ڕوو دەکەینە قیبلە و ڕیز بۆ ئەنجامدانی دواهەمین نوێژی ڕۆژەکە دەگرین: زەید و مەنسور لای یەکەوە دەوەستن و منیش لە پێشیانەوە، کەواتە نوێژی جەماعەت دەکەین (پێغەمبەر بە دوو نەفەر و زیاتری گوتووە جەماعەت). دەستەکانم بەرز دەکەمەوە و دەست پێ دەکەم، الله اکبر، پاشان سورەتی فاتیحە دەخوێنمەوە:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.

هەموو سوپاس و ستایشێک تەنها شایستەی پەروەردگاری جیهانیانە.

بەخشندە و میهرەبان.

گەورەی ڕۆژی داوەری.

تەنها تۆ دەپەرستین.

تەنها داوای یارمەتی لە تۆیش دەکەین.

ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدە،

ڕێگەی ئەوەی نیعمەتدارت کردوون،

ڕێگەی ئەوانە نا کە تورەیی تۆیان بەدەست هێناوە،

ئەوانەیش نا کە گومڕا بوون.

پاشان سورەتی ئیخلاّس دەخوێنم:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.

بڵێ اللە تاک و تاقانەیە

زاتێکی پایەدار و دەسەڵاتدارە و نیازی بە کەس نییە و هەموان نیازیان بەوە.

کەسی لێ نەبووە و لە کەس نابێت.

هەرگیز هیچ هاوتا و هاوشێوەیەکیشی نییە.

کەمن ئەو شتانەی، ئەگەر هەر هەیشبن، وەکو نوێژکردن مرۆڤەکان لە یەکتری نزیک دەخەنەوە. باوەڕم وایە ئەمە سەبارەت بە هەموو ئایینێک ڕاستە، بەڵام سەبارەت بە ئیسلام ڕاستترە، چونکە لە ئیسلامدا هیچ نێوەندێک پێویست و ڕێتێچوو نییە لە نێوان مرۆڤ و خودادا. نەبوونی کەهەنوت و پیاوی ئایینی و "کەنیسەیەکی" دامەزراوەیی وا لە مرۆڤی موسوڵمان دەکات هەست بکات تەنها لە پەرستشەکاندا ئامادە نابێت، بەڵکو بەشدارێکی ڕاستەوخۆی پەرستشێکی ڕاستەقینەیە. لە ئیسلامدا شتێکی وەکو حەوت ڕازەکە نییە، بۆیە هەموو موسوڵمانێکی پێگەیشتوو دەتوانێت هەموو ئەرکێکی ئایینی ئەنجام بدات، جا پێشنوێژی بێت، یان ماڕەکردن، یان ناشتنی مردوو.[1] پێویست ناکات کەسێک

[1] لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا حەوت کارن دەبێت لە لایەن قەشەیەکەوە بۆ خەڵک ئەنجام بدرێن، لە کەنیسەکانی تریشدا بە شێوە و ژمارەی جیاواز هەن. نموونەی هەندێک لەو ڕازانە بریتییە لە شۆردنەوەی پیرۆز، هاوسەرگیری، دانان بە گوناهەکاندا، یوکەیریست (خوانی پیرۆز).

بۆ "خزمەتی خودا" دیاری بکرێت تاکو بتوانێت ئەوانە بکات: مامۆستایانی ئایینی و زانایان و سەرکردەکانی کۆمەڵگەی موسوڵمان پیاوانێکی سادەن و لەبەر زانایان لە عەقیدە و شەریعەدا ڕێزیان لێ دەگیرێت (هەندێکجار شایستەی ڕێزەکەن، هەندێکجار نا).

(٣)

لە کازیوەدا خەبەرم دەبێتەوە: بەڵام چاوەکانم حەز بە کرانەوە ناکەن. بایەکی خۆش خۆی لە ڕوخسارم دەخزێنێت و هەواڵی ڕۆیشتنی شەو و هاتنی ڕۆژم پێ دەدات.

هەڵدەستمەوە تا دەموچاوم بشۆم و خەو بەرم بدات. ئاوە ساردەکە وەکو بەرکەوتنی سەرزەمینێکی دوورە - چیاگەلێکی بە درەخت داپۆشراو، هەروەها جۆگەگەلێک کە هەرگیز ناوەستن، هەمیشە دەجوڵین، هەردەم پاکن... بە چیچکانەوە دادەنیشم و سەرم بە پشتا دەخەم، بۆ ئەوەی ڕوخسارم وشک نەبێتەوە؛ بایەکە لە تەڕاییەکەی ڕوخسارم دەدات، دەمخاتەوە بیری ڕۆژە ساردەکانی زستان... چیاکان و ئاوە بەخوڕەکان... دەمخاتەوە یادی تێپەڕین بە بەفر و دونیای سپیپۆشدا... سپیپۆشیی ئەو ڕۆژەی سالانێک لەمەوبەر، کە بە چیا بێ ڕێگاکانی ئێراندا بە ئەسپ دەڕۆیشتین؛ ئەسپی هەژار لە هەموو هەنگاوێکیدا پێی لە بەفرەکەدا ون دەبوو، بۆ هەنگاوی دواتریش کۆششێکی زۆری دەکرد.

چاکم بیرە، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە لادێیەک ماینەوە خەڵکەکەی سەیر بوون، لە قەرەج دەچوون. دە دوازدە کونێکیان لە زەویدا دروست کردبوو، بە هەندێک چیلکە و خۆڵ گومەزێکیان لەسەر دروست کرابوو، بۆیە ناوچە تەنهاکەیان - لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو، لە کرمان - وەکو شاری مشکەکوێرەکان

دەردەکەوت. هەروەکو بوونەوەرە ژێرزەمینییەکانی ناو چیرۆکێکی خەیاڵی، لە دەروازە تاریکەکانەوە خۆیان دەخشاندە دەرەوە تا لەم بێگانە دەگمەنانە ڕابمێنن. لەسەر یەکێک لە گومەزە زەمینییەکان خانمێکی لاو دانیشتبوو پرچە ڕەش و درێژ و شێواوەکەی شانە دەکرد؛ بە چاوی نوقاوەوە، ڕووی ڕوخسارە قاوەییە زەیتوونییەکەی لە خۆری نیوەڕۆ بوو، هەروەها بە دەنگێکی نزم و زمانێکی سەیریش گۆرانیی دەگوت. بازنەی ئەستوری لە دەستدا بوو، ئەو دەستانەی وەکو پەلی ئاژەڵێکی کێویی دارستانێکی سەرەتایی باریک و بەهێز بوون.

بۆ ئەوەی پەلوپۆی سڕبووم گەرم ببێتەوە، چا و ئارەقی زۆرم لەگەڵ ئەو جەندرمەیەدا خواردەوە کە هاوەڵیی من و ئیبراهیمی دەکرد. کاتێک بە سەرخۆشی سواری ئەسپەکەم بوومەوە و ئامادە بووم غاری پێ بدەم، هەموو جیهان بە جۆرێک هەرگیز لەوەوبەر نەمدیبوو، لە بەردەممدا ڕوون بوویەوە؛ شکڵی ناوەوەیم بینی، لە تەنهاییە سپییەکەدا هەستم بە لێدانی دڵی کرد و هەموو ئەوەی تا چەند ساتێک لەمەوبەر لێم ون بوو، بۆم دەرکەوت؛ زانیم هەموو وەڵامەکان لەوێن و چاوەڕێی ئێمەن، لە کاتێکدا ئێمەی هەژار پرسیار دەکەین و چاوەڕێین ڕازەکانی خودا خۆیانمان بۆ والاّ بکەن: لە کاتێکدا، هەر لە بنەڕەتەوە والاّن و چاوەڕێن ئێمە خۆمان بۆ ئەوان والاّ بکەین...

دەشتێکی تەخت هاتە بەردەمان و ئەسپەکەم تاو دا و وەکو تارمایی دەڕۆیشتین؛ بەفر لە بەرکەوتنی سمی ئەسپەکەم هەڵدەبەزییەوە و لە دەوری من بەرز دەبوونەوە، هەروەها ئەسپەکەم هەروەکو بروسکە جۆگە بەستووەکانی تێپەڕاند...

هەست دەکەم ئەوکات ئەزموونی بەرەکەت و شەوقی ڕاستەقینەم کرد، بەڵام لەو کاتەدا خۆم نەمدەزانی – ئەو بەرەکەت و شەوقەی باوکە فێلیکس زۆر لەمەوبەر، کاتێک تازە لەو گەشتەدا بووم کە هەموو ژیانی گۆڕیم، باسی کردبوو: دەرکەوتنی ئەو بەرەکەتەی پێت دەڵێت تۆ کەسە چاوەڕوانکراوەکەیت...

پاش ساڵێک و بگرە زیاتریش لەو سوارچاکییە شێتانەیە ئینجا موسوڵمان بووم، بەڵام ئەوکاتیش بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم، ڕێک بە ئاڕاستەی مەککە دەڕۆیشتم.

ڕوخسارم وشک بوویەوە، ئەو ڕۆژە ساردەی ئێرانیش، کە دەکاتە حەوت ساڵ لەمەوبەر، دەگەڕێتەوە بۆ ژوورێکی یادەوەریم. دەگەڕێتەوە، بەڵام دەیشمێنێت: ئاخر ڕابردوو بەشێکە لە ئێستا.

شنەیەکی سارد، هەناسەی ئەو بەیانییەی هێشتا نەهاتووە، پوشەکانیش هەڵدەلەرزێنێت. ئەستێرەکان کاڵ دەبنەوە. زەید! مەنسور! هەستن، هەستن! با ئاگرەکە دابگیرسێنینەوە و قاوەکەمان گەرم بکەینەوە – پاشان حوشترەکانمان ئامادە بکەین و بڕۆین و ڕۆژێکی تر بەو بیابانەدا تەی بکەین کە ئامێزی بۆ کردووینەتەوە.

08
جنەکان

(١)

کاتێک خۆر لە ئاوابوونـدا بـوو، مارێـک هـاتە سـەر ڕێگەکەمـان: ئەستوورییەکەی بە ئەندازەی قۆڵی منداڵێک دەبوو، درێژییەکەیشی نزیک بوو لە مەترێـک. دەوەسـتێت و ڕوو دەکـاتە ئـێمە. وەکـو ئەوەی بە شـێوەیەکی غەریزەیـی بجـوڵێم، لە حوشـترەکەم دادەبەزم و میلـی تفەنـگەکەم دەهێـنمەوە و نیشانە دەگرمەوە – لەو ساتەدا گوێم لە دەنگی مەنسور دەبێت:

"نەکەی، نەیتەقێنـی...!" بەڵام پەنـجەم بەر بەلەپیـتکەکە کەوتـووە و کـار لە کار ترازاوە؛ مارەکە ئەمدیودیوێک دەکات و دەمرێت.

مەنسـور بە گلەییەوە تەماشام دەکـات: "نەدەبوو بیکوژیت... بە تـایبەتی لەم کـاتی خۆرئـاوابوونەدا: چـونکە جنەکـان لەم کـاتەدا لەژێـر زەویـیەوە دێـنە دەر و زۆرجار شکڵی مار وەردەگرن..."

پێکەنیم و گوتم: "مەنسور، ناشێت باوەڕت بەم چیرۆکانەی پیرەژنان هەبێت سەبارەت بە جن لە جەستەی ماردا؟"

"بێگومان باوەڕم بە جن هەیە. مەگەر لە کتێبی خودادا باس نەکراوە؟ هەرچی ئەو شـکڵانەیە کە وەریـدەگرن، نـازانم... بیسـتوومە دەتـوانن سـەیرترین شـکڵ وەربگرن..."

لە دڵی خۆمدا دەڵێم ڕەنگە ڕاست بکات: دەی ئـاخر ناگونجێت وا بزانین لە

دەرەوەی ئەو بوونەوەرانەی ئێمە دەیانبینین، هیچ بوونەوەرێکی تر نییە. مەگەر ئەمە ئەو خۆبەگەورەزانینە فکرییە نییە کە وا لە مرۆڤی مۆدێرن دەکات ئەو فۆرمانەی ژیان ڕەت بکاتەوە کە ناتوانێت بیانبینێت و بیانپێوێت؟ بوونی جنەکان، جا هەرچی بن، لە دەرەوەی سەلماندنی زانستییە. بەڵام خۆ زانست ناتوانێت نەبوونی زیندەوەرگەلێک بسەلمێنێت کە هێندە لە ئێمە جیاواز بن، هەستەکانمان تەنها لە هەندێک کاتی دەگمەندا بتوانن درکیان پێ بکەن. ناکرێت ئەو بەرکەوتنە جاروباریانەی نێوان ئەم جیهانە نەناسراوانە و جیهانەکەی ئێمە دیاردەگەلێکی سەیر دروست بکات؟ ئەو دیاردانەی خەیاڵە سەرەتایی مرۆڤ وەکو تارمایی، دێوەزمە و شتی دیکەی سەروسروشتی ناسیونی؟

کاتێک سواری حوشترەکەم دەبمەوە و بە بزەیەکەوە لە پرسیار و وەڵام بەردەوام دەبم، هەروەها قەناعەتم نایەت بە قسەکانی ئەم پیاوەی بەهۆی جۆری پەروەردەکەیەوە قەڵەوترە لەو کەسانەی لە سروشت نزیکن، زەید بە دەربینێکی جدییەوە ڕووم تێدەکات و دەڵێت:

"مەنسور ڕاست دەکات مامە. نەدەبوو ماڕەکە بکوژیت. جارێکیان، ساڵانێکی لەمەوبەر – کاتێک دوای سەرکەوتنی ئیبن سعود حائیلم بەجێ هێشت – لە ڕێگەمدا بۆ عێراق مارێکی ئاوام کوشت. بۆ نەگبەتی دەمەوئێوارەیش بوو. پاش کەمێک، کاتێک بۆ نوێژی ئێوارە وەستاین، لەپڕێکدا هەستم بە قورساییەکی زۆر لەسەر ڕانەکانم و کوڵانی مێشکم کرد، هەروەها سەرم دەینالاند و دەینەڕاند، هەروەکو دەنگی ئاوی تاقگەیەک، پەلوپۆیشم گڕیان تێبەربوو، نەمدەتوانی بە پێوە ڕابوەستم و وەکو تورەکەیەکی بەتاڵ کەوتم و هەموشتێکی دەورم تاریک بوو. نازانم چەندێک لەو تاریکییەدا مامەوە، بەڵام بیرمە لە کۆتاییدا هەستامەوە. پیاوێکی نەناسراو لای ڕاستمەوە بوو، یەکێکی تریش لای چەپمەوە؛ پێکەوە بردمیانە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە خەڵکەوە، کە پێکەوە هەستان و دانیشتنەوە و لەگەڵ یەکدیدا قسەیان کرد. پاش

کەمێک بۆم دەرکەوت خەڵکەکە دوو گرۆن، وەکو ئەوەی لە بەردەمی دادوەرێکدا بن. پیاوێکی بەتەمەنی چکۆڵە لەسەر سەکۆیەکی بەرز دانیشتبوو؛ وا دەردەکەوت قازی، یان سەرۆکهۆزێک، یان شتێکی لەو جۆرە بێت. لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت تۆمەتبار منم.

"نەفەرێک گوتی: ئەمە ڕێک پێش خۆرئاوابوون کوشتی، تاوانبارە. کەسێک لە گرۆی بەرانبەرەوە وەڵامی دایەوە: بەڵام نەیزانی کێ دەکوژێت، هەروەها پێش تەقاندنی فیشەکەکەیش ناوی خودای هێنا. کۆمەڵەکەی تر پێکەوە گوتیان: بەڵێ، ناوی خودای هێنا. بەم شێوەیە تۆمەتبار دەکرام و بەرگریم لێ دەکرا. لە کۆتاییدا بەرگریکارەکان سەرکەوتن و دادوەرەکە گوتی: نەیزانیوە کێ دەکوژێت، ناوی خودایشی هێناوە؛ ئازادی بکەن.!

"دوو پیاوەکە هاتنەوە ژێر باڵم و گەڕاندمیانەوە بۆ ئەو تاریکییەی لێوەی هاتبووم و لەسەر زەویەکە دایانانام. چاوەکانم کردەوە و خۆم لە نێوان چەند تورەکە دانەوێڵەیەکدا بینییەوە، کە لە تەنیشتمەوە کەڵەکە کرابوون؛ لە سەرووی ئەوانیشەوە خێمەیەک هەبوو تاکو خۆر لێم نەدات. لە پێشنیوەڕۆ دەچوو، دیار بوو هاوەڵەکانیشم خێمەیان هەڵداوە. لە دوورەوە حوشترەکانم دەبینی، لەسەر تەپۆڵکەیەک دەلەوەڕان. وێستم دەستم بەرز بکەمەوە، بەڵام زۆر لەوە بێهێزتر بووم بتوانم. کاتێک یەکێک لە هاوەڵەکانم سەری لە ڕوخسارم نزیک خستەوە، گوتم: قاوە... - ئاخر لە دوورەوە گوێم لە تەقەی قۆریی قاوە بوو. هاوەڵەکەم هاواری کرد: قسە دەکات! قسە دەکات! هۆشی هاتووەتەوە!" ئەوجا قاوەی گەرموگوڕیان بۆ هێنام. لێم پرسین: هەموو شەوەکە بێهۆش بووم؟ گوتیان: هەموو شەوەکە؟ چوار ڕۆژی ڕێکە نەجوڵاویت! چەند ڕۆژێکە ئاوا وەکو تورەکە دەتدەین بەسەر حوشترێکدا و شەوانیش داتدەنێین؛ پێمان وابوو دەبێ لێرە بتنێژین. بەڵام ستایش بۆ ئەو خودایەی ژیان دەبەخشێت و وەریدەگرێتەوە، ئەو خودایەی زیندووە هەرگیز نامرێت...

"مامه گیان، لەبەر ئەمە نابێت لە کاتی خۆرئاوابووندا مار بکوژیت."

گەرچی نیوەی مێشکم هێشتا بە گێڕانەوەکەی زەید پێدەکەنی، نیوەکەی تر هەستی بە بوونەوەری نەبینراو دەکرد، هەستی بە هەندێک دەنگی سەیر دەکرد کە گوێچکە بە زەحمەت دەیتوانی وەریانبگرێت، هەروەها هەستی بە هەناسەیەکی کەشێکی دوژمنانە دەکرد لە هەوادا؛ هەروەها تا ڕادەیەک هەستم بە پەشیمانی دەکرد...

(٢)

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێیەمیان پاش جێهێشتنی حائیل، وەستاین تا لە دۆڵێکی بازنەیی نێوان کۆمەڵێک گردی بچووکدا، لە بیرەکانی عەرجا ئاوی حوشترەکانمان بدەین. دوو بیرە گەورە و شیرینەکەی عەرجا لە ناوەندی دۆڵەکەدان؛ هەریەکەیان هی هۆزێکە – ئەوەی ڕۆژئاوا هی هۆزی حەربە، ئەوەی ڕۆژهەڵاتیش هی موتەیرە. زەویەکەی دەوریان وەکو لەپی دەست ڕووتە، چونکە هەموو ڕۆژێک سەدان حوشتر و مەڕ لە دوورەوە بۆ ئاوخواردنەوە بۆ ئەوێ دەهێنرێن، هەر گیایەکیش سەر دەربهێنێت، پێش ئەوەی هەناسەیەک بدات دەبڕێت بە ژێر پێوە.

کاتێک دەگەین، دەبینین دۆڵەکە پڕی ئاژەڵە، ڕانەمەڕ و بزن و ئاژەڵی دییش لە نێوان گردە ڕووتەنییەکانەوە دەردەکەون. لە دەوری بیرەکان قەرەباڵغییەکی زۆر هەیە، چونکە تێراوکردنی ئەو هەموو ئاژەڵە ئاسان نییە. خاوەن مااڵتەکان بە پەتی درێژ سەتڵی چەرمی ناو بیرەکە بە پڕی دەردەهێننەوە، لەگەڵیشیدا گۆرانی دەچڕن، بۆ ئەوەی جوڵەکانیان یەکسان بێت: ئاخر سەتڵەکان زۆر گەورەن و کاتێک پڕ دەبن، ئەوەندە قورسن دەبێت چەند کەسێک پێکەوە هەڵیانبکێشنەوە. لەو بیرەی لێیانەوە نزیکترینە – ئەو بیرەی هی هۆزی موتەیرە – گوێم لە گۆرانیی پیاوەکانە بۆ حوشترەکان:

بخوره‌وه، دڵۆپێک به‌جێ مه‌هێڵه،

بیره‌که پڕه له به‌ره‌که‌ت و بێبنه!

نیوه‌ی پیاوه‌کان نیوه‌دێڕی یه‌که‌م ده‌ڵێن، نیوه‌که‌ی تریش نیوه‌دێڕی دووه‌م، به خێرایی چه‌ندجارێک دووپاتی ده‌که‌نه‌وه، تا ئه‌وه‌ی سه‌تڵه‌که له لێواری بیره‌که‌وه ده‌رده‌که‌وێت؛ ئه‌وجا ژنان ده‌که‌ونه کار و ئاوه‌که ده‌که‌نه ئاخۆڕه چه‌رمه‌کانه‌وه. کۆمه‌ڵێک حوشتر ده‌چنه پێشه‌وه و به خۆشییه‌وه ده‌وری ئاخۆڕه‌کان ده‌ده‌ن، هاشوهوشی پیاوه‌کانیش بۆ هێمنکردنه‌وه‌یان هێمنیان ناکه‌نه‌وه... یه‌کێکی تریش مله دڕێژ و نه‌رمه‌که‌ی به‌سه‌ر یان به نێوان ئه‌وانی تردا ده‌باته پێشه‌وه، تاکو هه‌تا زووه تینوێتییه‌که‌ی بشکێنێت؛ پاڵپاڵێنه، شانشانێنه، به‌ڵکو قه‌ره‌باڵغیی ئاژه‌ڵه قاوه‌یی، سپیی زه‌ردباو، قاوه‌یی ڕه‌شباو، هه‌روه‌ها ئاژه‌ڵه ڕه‌نگ هه‌نگوینییه‌کانه، هه‌روه‌ها بۆنی تیژی ئاره‌ق و میزی ئاژه‌ڵه‌کان ئه‌و ناوه‌ی گرتووه. له‌و کاته‌دا، سه‌تڵه‌که پڕ ده‌کرێته‌وه، خاوه‌ن مااڵته‌کانیش به دەم کۆپله‌یه‌کی تره‌وه هه‌ڵیده‌کێشنه‌وه:

تینوێتیی حوشتر ناشکێت،

به ڕه‌حمی خودا و کۆششی شوان نه‌بێت!

دیمه‌نی هه‌ڵکێشانی ئاو، خواردنه‌وه‌ی، قه‌ره‌باڵغی، هه‌روه‌ها گۆرانیگوتن دووباره ده‌بێته‌وه.

پیاوێکی به‌ته‌مه‌ن که له‌سه‌ر لێواری بیره‌که وه‌ستاوه ده‌ستهان بۆ ڕاده‌وه‌شێنێت و هاوار ده‌کات:

"خودا ته‌مه‌ندرێژتان بکات ڕێبوارینه! وه‌رن له‌و نیعمه‌ته‌ی به ئێمه دراوه به‌شدار بن!" – له کاتێکدا کۆمه‌ڵێک پیاوی تر له قه‌ره‌باڵغیی ده‌وری بیره‌که دوور ده‌که‌ونه‌وه و به‌ره‌و لامان ڕاده‌که‌ن. یه‌کێکیان جڵه‌وی حوشتره‌که‌م ده‌گرێت و دایده‌نیشێنێت، تاکو من به ئاسوودەیی دابه‌زم. به خێرایی ڕێگه بۆ

ئاژەڵەکانمان دەکرێتەوە و خانمەکانیش ئاویان بۆ دادەنێن: چونکە ئێمە ڕێبوارین و لە پێشترین.

زەید لەبەر خۆیەوە دەڵێت، "دیمەنی تەبایی حەرب و موتەیر نایابە، مەگەر نا؟ لە کاتێکدا تاکو ئەم دواییانە شەڕیان بوو؟" (سێ سالّ لەوەوبەر، هۆزی موتەیر دژی پاشا هەستان، هۆزی حەربیش لە پاڵپشتە بەوەفاکانی حەرب بوون.) "مامە، دواهەمین جارت بیرت دێت کە لێرە بووین؟ بیرتە چۆن عەرجامان بە شێوەیەکی بازنەیی تێپەڕاند و نەمانوێرا بچینە لای بیرەکان – چونکە نەماندەزانی دۆست لەوێیە یان دوژمن...؟"

زەید ئاماژە بە یاخیبوونە دەشتەکییە گەورەکەی ١٩٢٨-١٩٢٩ دەکات – کەڵەکەبوونی درامایەکی سیاسی کە بناغەی شانشینەکەی ئیبن سعودی لەرزاند و منیش بۆ ماوەیەک لە باسەکەدا بووم.

لە کازیوەی سالّی ١٩٢٧دا، شانشینی فراوانی عەرەبستانی سعودی نوقمی ئاشتی بوو. دەسەلاّتی شا ئیبن سعود جێگیر بووبوو. چیتر لە نەجد هیچ بنەماڵەیەک ڕکابەریی ئەوی نەدەکرد. حائیل و شەمەر هی ئەو بوون، پاش دەرکردنی بنەماڵەی شەریفیش لە سالّی ١٩٢٥دا، حیجازیش بوو بە هی ئەو. یەکێک لە جەنگاوەرە بەتواناکانی پاشا ناوی فەیسەڵ دەویش بوو، کە پێشتر تووشی سەرئێشەی زۆری کردبوو. دەویش چووە خزمەتی پاشاوە و زیاد لە جارێک وەفاداریی خۆیی سەلماندەوە: لە سالّی ١٩٢١دا، ئازایانە پەلامساری خانەوادەی شەریفی دا لە عێراق، چونکە ئەوان بە پاڵپشتیی بەڕیتانییەکان دژی ئیبن سعود کەوتبوونە جوڵە؛ لە سالّی ١٩٢٥دا مەدینەی گرت و لە گرتنی جیددەیشدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو. ئێستایش، لە هاوینی ١٩٢٧دا، بە شانازییەوە لە نیشتەجێگەی ئیخوان لە ئەرتەوییە، لە نزیک سنووری عێراق، حەسابوویەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو سنووڕە، بەهۆی کۆچکردنی دەشتەکییانەوە لە پێناو

لەوەڕ و ئاودا، پڕ بوو لە ئاژاوە و پێکدادان؛ بەڵام پاش چەند ڕێککەوتنێکی نێوان ئیبن سعود و بەڕێتانیا – حکومەتیی سەرپەرشتیی عێراق – بڕیار درا هیچ بەربەستێک لە بەردەم ئەو کۆچکردنە پێویستانەدا دانەنرێت، هەروەها هیچ بەربەست و دیوارێکیش لە دیوی نەجد و ئێراقەوە بونیاد نەنرێت. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٧دا حکومەتی ئێراق شووڕەیەکی لە نزیک بیرەکانی ناوچەی بیسییە دروست کرد و ڕایشیگەیاند نیازی وایە شووڕەی تر دروست بکات. هۆزەکانی باکووری نەجد شێوان؛ هەستیان کرد هەڕەشەیان لەسەرە و لە بیرە پێویستەکانیان دابڕێندراون. ئیبن سعود دەنگی دژی ئەم بەزاندنەی پەیمانەکان هەڵبڕی، کەچی پاش چەند مانگێک نوێنەری بااڵی بەڕێتانیا لە ئێراق بە نامەیەکی خۆگێلکەرانە وەاڵمی دایەوە.

فەیسەڵ دەویش، پیاوی ڕۆژە سەختەکان، بە خۆیی گوت: "ڕەنگە بۆ شا نەگونجێت دەم بخاتە دەمی بەڕێتانیاوە – بەڵام من لەوە ناگەڕێمەوە." لە دواڕۆژەکانی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٢٧دا، دەویش و ئیخوانەکەی پەالماری شووڕەکەیان دا و وێرانیان کرد، هەروەها ڕەحمیشیان بە سەربازگە ئێراقییەکە نەکرد. فڕۆکە بەڕێتانییەکان هاتن بۆ تەماشاکردنی دیمەنەکە، لە دۆخەکە ڕامان و بە پێچەوانەی خووی هەمیشەییانەوە، بەبێ بەردانەوەی تاقە بۆمبێک کشانەوە. ئەوان دەیانتوانی بە ئاسانی پەالمارەکە بوەستێنن (بەپێی پەیماننامەکانیش دەیانتوانی ئەوە بکەن) و پاشان لە دانوستانی دیپلۆماتیدا کێشەی شووڕەکان چارە بکەن. بەڵام ئایا حکومەتی بەڕیتانی-ئێراقی ئارەزووی چارەسەرێکی خێرا و ئاشتەوای دەکرد؟

نوێنەرانی هۆزەکانی باکووری نەجد هاتنە الی ئیبن سعود و داوای پەالماردانی ئێراقیان لێ کرد. ئیبن سعود هەموو داواکارییەکانی ڕەت کردەوە، دەویشی وەکو سنووربەزێن ناساند، هەروەها فەرمانی بە ئەمیری حائیل کرد چاودێریی وردی ناوچە سنوورییەکان بکات. ئەو پاڵپشتییە داراییانەی پاشا بە

ئیخوانی دەدا لە هۆزەکانی ژێردەستی دەویش زەوت کرا؛ خودی دەویشیش ناچار بوو لە ئەرتەوییە دەرنەچێت و چاوەڕێی فەرمانی پاشا بێت. حکومەتی ئێراقی لە هەموو ئەمانە ئاگادار کرایەوە، هەروەها جەخت لەوەیش کرایەوە دەویش سزای قورس دەدرێت. لە هەمانکاتدا، ئیبن سعود داوای کرد حکومەتی ئێراق پەیمانە سنوورییەکان نەبەزێنن.

کەوایە دەکرا ئەم ناکۆییە نوێیە زۆر بە ئاسانی کپ بکرێتەوە. بەڵام کاتێک دۆخەکە ئاوای لێ هات، نوێنەری باڵای بەڕێتانیا هەواڵی بۆ ئیبن سعود نارد هێزێکی ئاسمانی دەنێرێت تاکو ئیخوانی دەویش (دەمێک بوو گەرابوونەوە شوێنی خۆیان) تەمێ ببن و گوێڕایەڵی پاشاکەیان بن. لەو کاتەدا ڕیاز تەلەگرافی لێ نەبوو، بۆیە ئیبن سعود بە خێرایی نامەبەرێکی نارد بۆ بەحرەین، تاکو لەوێوە نامە بۆ بەغداد بنێرێت و دژی ئەو پێشنیارە بوەستێتەوە، هەروەها ئاماژە بەوە بدات لە پەیمانەکاندا باسی نەبەزاندنی سنوور هاتووە. ئیبن سعود جەختی لەوە کردەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەویشدا پێویستی بە یارمەتیی بەڕێتانیا نییە، هەروەها ئاگادارییشی لەوە دا هێرشی ئاسمانیی بەڕێتانیا بۆ سەر نەجد ئیخوان زۆر لەوەی هەن تووڕەتر دەکات.

بەڕێتانیا گوێی بە ئاگادارکردنەوەکە نەدا. لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ١٩٢٨دا – سێ مانگ پاش ڕوورداوەکەی بیسییە – هێزێکی ئاسمانیی بەڕێتانی بەسەر سنووردا فڕی و کوێرانە سنووری نەجدی بۆمباران کرد و کەمپەکانی موتەیریی وێران کرد، لە ئەنجامیشدا ژن و پیاو و منداڵ و مەڕومالاتێکی زۆری کوشت. هەموو ئیخوانی باکوور خۆیان بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئێراق ئامادە کرد. خۆشبەختانە، بەهۆی شکۆی ئیبن سعود لەناو دەشتەکییەکاندا جوڵەکانیان وەستاند و هەموو ئەوەی ڕوویدا چەند بەرکەوتنێکی سەرسنووری بوو.

لەو ماوەیەدا، بەڕێتانییەکان شووڕە وێرانکراوەکەی بیسییەیان بونیاد نایەوە، بەڵکو دوو شووڕەی تریشیان لە دیوی ئێراقەوە دروست کرد.

فەیسەڵ دەویش بانگ کرا بۆ ڕیاز، بەڵام ڕەتی کردەوە بچێت و بەهانە بۆ کارێک بهێنێتەوە کە بە بۆچوونی خۆی لە بەرژەوەندیی شادا بووە. جیا لەوە، دەویش هەندێک نارەحەتیی کەسییشی هەبوو. ئەو زۆر وەفادارانە خزمەتی پاشای کردبوو، کەچی تەنها ئەمیری ئەرتەوییە بوو – ئەرتەوییەیش سەرەڕای زۆری دانیشتوان، لە لادێیەکی گەورە زیاتر هیچ نەبوو. سەرکردایەتیی ئەو لە گرتنی حائیلدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووبوو – بەڵام ئیبن موساعدی خزمی پاشا کرابوو بە ئەمیری. لە ماوەی کەمپینەکەی حیجازدا، دەویش چەند مانگێک گەمارۆی مەدینەی دا و لە کۆتاییشدا دوژمنی ناچار بە ملکەچبوون کردبوو – بەڵام دیسانەوە ئەو نەکرایە ئەمیری. حەزە خرۆشاو و بەدینەهاتووەکەی بۆ دەسەڵات نەیدەهێشت پشوو بدات. بە خۆیی گوت: "ئیبن سعود سەر بە هۆزی عەنەزەیە و منیش سەر بە موتەیرم. لە شکۆمەندیی نەسەبماندا یەکسانین. بۆچی من ملکەچی دەسەڵاتی ئیبن سعود بم؟"

ئەو ئەقڵیەتە هەمیشە نەفرەتی مێژووی عەرەبی بووە: کەس دان بەوەدا نانێت ئەوی تر لە ئەم باشترە.

هەموو سەرۆکهۆزە ناقایلەکانی تریش، یەک بە یەک، بیریان چوویەوە چەندێک قەرزاری ئیبن سعودن. سوڵتان ئیبن بوجاد، شێخی هۆزی بەهێزی عەتەیبە و ئەمیری غەتغەت، کە لە گەورەترین نیشتەجێگاکانی ئیخوان بوو لە نەجد، یەکێک بوو لەو سەرۆکهۆزانە. سوڵتان ئیبن بوجاد لە جەنگی ١٩١٨ لە دژی هێزەکانی شەریف حوسەیندا سەرکەوتوو بووبوو؛ داگیرکەری تائیف و مەککە بوو لە ساڵی ١٩٢٤دا. دەی کەوایە بۆچی بەوە قایل بێت تەنها ئەمیری غەتغەت بێت؟ بۆچی یەکێک لە کورەکانی شا ئەمیری مەککە بێت، نەوەکو ئەو؟ وەکو دەویش، ئەویش هەستی کرد لەوەی شایستەیەتی بێبەش کراوە؛ تا ئەو جێیەی ژنبرای دەویشیش بوو، لۆجیکی دەردەکەوت پێکەوە دژی ئیبن سعود ڕابپەڕن.

لە پاییزی ١٩٢٨دا، ئیبن سعود کۆنگرەیەکی بۆ سەرۆکهۆز و زانایانی حیجاز گرت، تاکو ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکات. بە نزیکەیی بێ لە ئیبن بوجاد و دەویش هەموو سەرۆکهۆزەکان هاتبوون. ئەوان لەسەر دژایەتیی خۆیان سور بوون و ئیبن سعودیان وەکو گومڕا لەقەڵەم دا – چونکە ئەو لەگەڵ کافراندا ڕێک کەوتبوو و کەرەستەی شەیتانیی وەکو ئۆتۆمبێل، تەلەفون، هەروەها فڕۆکەی هێنابوویە خاکی موسوڵمانانەوە. زانایان لە ڕیاز کۆبوونەوە و هەموویان بڕیاریان دا ئەو داهێنانە تەکنیکییانە نەک هەر شەرعین، بەڵکو خوازراویشن، چونکە موسوڵمان زاناتر و بەهێزتر دەکەن؛ هەروەها بەپێی نموونەی پێغەمبەریش، ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ ناموسوڵمانانداا ئاشتی و ئازادی بۆ موسوڵمانان بهێنێت، خوازراوە.

بەڵام دوو سەرۆکهۆزە یاخییەکە ملیان نەدا و قسەکانیشیان دەچووە مێشکی زۆرێک لە ئیخوانە سادەکانەوە، چونکە ئەوان ئەوەندە زانستیان نەبوو لە دەستی شەیتان بەدەر شتێکی تر لە کارەکانی ئیبن سعوددا ببینن. دابیننەکردنی پەروەردە بۆ ئیخوان و بەکارنەهێنانی خرۆشانە ئایینییەکەیان بۆ ئامانجی ئەرێنی بەسەر ئیبن سعوددا شکایەوە...

ئێستا ئیدی دەشتەکانی نەجد وەکو شانەی هەنگ گڤەیان دەهات. نوێنەرەکان لەم هۆزەوە بە حوشتری خێرا دەچوون بۆ ئەو هۆز. سەرۆکهۆزەکان بە نهێنی لای بیرە دوورەکان کۆدەبوونەوە. لە کۆتاییشدا، ئەو نیگەرانییەی بەرانبەر بە شا هەبوو بوو بە یاخیبوونێکی ئاشکرا و چەندین هۆزی تریش چوونە پاڵ عەتەیبە و موتەیر. شا خۆڕاگر بوو. هەوڵی دا بیرکراوە بێت و لێیان تێبگات. نوێنەری بۆ لای سەرۆکهۆزە سەرکەشەکان نارد، بەڵام سوودی نەبوو. ناوەڕاست و باکووری عەرەبستان بوون بە شانۆی شەڕی هۆزەکی؛ ئاساییشە سەرسوڕهێنەرەکەی وڵات بوو بە ئەفسانە و ئاژاوە کەوتە هەموو گۆشەیەکی نەجدەوە؛ ئیخوانە یاخییەکان بە هەموو ئاڕاستەیەکدا بڵاو بوونەوە، هێرشیان دەکردە سەر ئەو لادێ و کاروان و هۆزانەی بەرانبەر بە پاشا وەفادار بوون.

پاش چەند بەرکەوتنێکی ناوخۆیی نێوان یاخیبوان و هۆزە وەفادارەکان، لە دەشتی سیبلەی ناوەڕاستی نەجد، لە بەهاری ١٩٢٩دا، جەنگە یەکلارەوەکە کرا. لە لایەکەوە پاشا بە هیزێکی مەزنەوە وەستابوو؛ لە لایەکەی تریشەوە موتەیر و عەتەیبە و هەندێک هۆزی تر. پاشا سەرکەوت. ئیبن موجاد خۆی بەدەستەوە دا و بە زنجیرکراوی هێنرا بۆ ڕیاز. دەویش بریندار کرا و گوتیان دەمرێت. ئیبن سعود، کە میانڕەوترینی ناو پاشا عەرەبەکانە، پزیشکە تایبەتەکەی خۆی نارد بۆ لای دەویش – پزیشکەکەیش، کە لاوێکی سووری بوو، بریندێکی قوڵی لە جەرگیدا بینی و حەفتەیەکی بۆ دەویش دانا. بە پشتبەستن بە داوەریی پزیشکەکە، پاشا بریاری دا: "دەبێت لە دەویش بگەڕێین لە ئاساییشدا بمرێت؛ خودا سزای دا." ئەو فەرمانی دا دوژمنی بریندار ببەنەوە بۆ لای خانەوادەکەی لە ئەرتەوییە.

بەڵام دەویش دوور بوو لە مردن. بڕینەکەی وەکو ئەوەی پزیشکەکە خەملاندبووی قووڵ نەبوو؛ لە ماوەی چەند حەفتەیەکیشدا بایەی ئەوە چاک بوویەوە لە ئەرتەوییە هەڵبێت؛ ئەمجارەیان سوورتر بوو لەسەر تۆڵەکردنەوە.

هەڵهاتنەکەی دەویش لە ئەرتەوییە گڕوتینێکی نوێی بە یاخیبوونەکە دا. دەگوترا ئەو لە نزیکی کوەیتە هۆزی نوێ دەهێنێتە پاڵ هێزی هۆزی موتەیر، کە هێشتا بەشی خۆی بەهێز بوو. یەکێک لەوانەی هەرزوو چووە پاڵ دەویش هۆزی عەجمان بوو، کە هۆزێکی بچووک بەڵام زیندوو بوو لە ئەحسای نزیک کەنداوی فارس؛ ئیبن حەسلەینی سەرۆکیان خاڵی دەویش بوو. جیا لەمە، ئیبن سعود و عەجمان یەکیان خۆش نەدەویست. سالانێک لەوەوبەر، ئەوان سەعدی برا بچووکی پاشایان کوشتبوو، لە ترسی تۆڵەیش لە کوەیت گیرسابوونەوە. ئیبن سعود لێیان خۆش بووبوو، هەروەها ڕێگەی دابوون بگەڕێنەوە، بەڵام ڕقی دێرین لە جێگەی خۆیدا بوو. کاتێک لە کەمپی کوڕی گەورەی ئەمیری ئەحسا، کە خزمی ئیبن سعود بوو، لە کاتی دانوستانێکدا لەسەر نیشتەجێگە سەرۆکێکی

عەجمانی و چەند شوێنکەوتوویەکی ناپاکانە کوژران، ڕقی کەپتکراو کرایەوە.

هاوپەیمانیی نێوان عەجمان و موتەیر ئومێدی بۆ هۆزەکانی عەتەیبەی ناوەڕاستی نەجد گێڕایەوە. پاش دەستگیرکردنی ئیبن بوجادی سەرۆکیان، لەژێر سەرۆکێکی نوێدا کۆبووبوونەوە؛ ئەمجارەیشیان دژی پاشا هەستانەوە و ناچاریان کرد هێزەکەی لە باکوورەوە بۆ ناوەڕاستی نەجد بگوازێتەوە. جەنگەکە قورس بوو، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئیبن سعود دەسەڵاتی بەسەریاندا شکا. گرۆ پاش گرۆ دەیشکاندن، تا لە کۆتاییدا ماندوو و ملکەچ بوون. شێخەکانی عەتەیبە، لە لادێیەکی نێوان ڕیاز و مەککە، بەیعەتیان بە پاشا دا – پاشایش بە ئومێدی ئەوەی ببن بە پاڵپشتی و دژی دەویش و یاخیبوانی باکوور پشتی بگرن، دیسانەوە لێیان خۆش بوو. بەڵام هەر ئەوەندەی شا گەڕایەوە بۆ ڕیاز، عەتەیبە پەیمانیان شکاندەوە و شەڕیان تازە کردەوە. شەڕی ئەمجارە شەڕی یەکلاکردنەوە بوو. عەتەیبە بۆ جاری سێیەم شکێندرا و وێران کرا – پاش وێرانکردنی نیشتەجێگەی ئیخوان لە غەتغەت، کە شارێکی گەورەتر لە ڕیاز بوو، دەسەڵاتی پاشا لە ناوەڕاستی نەجد جێگیر بوویەوە.

لە هەمان کاتدا، ناکۆکییەکە لە باکوور بەردەوام بوو. فەیسەڵ دەویش و هاوەڵەکانی لە نزیک سنوور جێگیر بووبوون. ئیبن موساعد، ئەمیری حائیل، جاروبار لە نوێنەرایەتیی پاشاوە هێرشی دەکردە سەریان. دووجار هەوالّی کوژرانی دەویش بەڵاو بوویەوە، هەر دووجارەکەیش درۆ دەرچوو. ئەو بە کەللەڕەقی لە ژیان بەردەوام بوو. کوڕە گەورەکەی و حەوسەد جەنگاوەری لە جەنگدا کوژران، بەڵام خۆی بەردەوام بوو. پرسیارێک دروست بوو: دەویش لە کوێوە پارە دەهێنێت، چون تەنانەت لە عەرەبستانیش بۆ جەنگ پێویستت بە پارەیە؟ لە کوێوە چەک پەیدا دەکات؟

هەوالّ بەڵاو بوویەوە دەویشی یاخی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دژی ڕێککەوتنەکانی ئیبن سعود بوو لەگەڵ "کافراندا،" ئێستا خۆی لەگەڵ

بەڕێتانییەکاندا ڕێک کەوتووە. وتیوتییەکان دەیانگوت ئەو سەردانیکەرێکی بەردەوامی کوەیتە: خەڵکی دەیانگوت دەکرێت بەبێ ئاگاداریی دەسەڵاتی بەڕێتانیا ئەوە بکات؟ نەدەکرا شەڕەکانی خاکی ئیبن سعود لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوانیشدا یەک بگرێتەوە؟

لە ئێوارەیەکی هاوینی ١٩٢٩دا لە خاکی ڕیاز، هەرزوو چوومە سەر جێگە و پێش خەوتنم خۆم بە کتێبێکی کۆن سەبارەت بە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی عومانەوە سەرقاڵ کردبوو، تا لە پڕێکدا زەید خۆی کرد بە ژووردا:

"پاشا چاوەڕێتە و دەیەوێت دەستبەجێ بتبینێت."

خێرا خۆم گۆڕی و چووم بۆ قەڵا. ئیبن سعود لە یەکێک لە ژوورە تایبەتییەکانیدا چاوەڕێی دەکردم. ئەو بە چوارمشقی لەسەر دیوانێک دانیشتبوو و کۆمەڵێک ڕۆژنامەی لای خۆیەوە کەڵەکە کردبوو، یەکێکیش لە لای دەستیدا بوو. بەبێ ئەوەی واز لە خوێندنەوە بهێنێت، بەخێرهاتنی منی کرد و لای خۆیەوە داینیشاندنم. پاش تاوێک سەری هەڵبڕی و بە کۆیلەی بەردەم دەرگاکەی گوت بەجێهان بهێڵێت. کاتێک کۆیلەکە دەرگاکەی داخست، پاشا ڕۆژنامەکە دانا و لە پشتەوەی چاویلکەکەیەوە لێم ڕاما، وەکو ئەوەی زۆر دەمێک بێت نەیبینیبێتم (لە کاتێکدا بەیانییەکەی چەند کاتژمێرێک پێکەوە بووین).

"خەریکی نووسینیت؟"

"نەخێر خاوەن پایە، چەند حەفتەیەکە هیچم نەنووسیوە."

"چەند وتارێکی سەرنجڕاکێشت سەبارەت بە کێشەکانی سەرسنوور لەگەڵ ئێراقدا نووسیبوو."

ئەو مەبەستی لەو وتارانە بوو کە دوو مانگێک لەوەوبەر بۆ ڕۆژنامە کیشوەرییەکانم نووسیبوو؛ هەندێکیان لە ڕۆژنامەیەکی قاهیرەیشدا بڵاو بووبوونەوە و دەتوانم بڵێم بابەتەکەم بە باشی ڕوون کردبوویەوە. من پاشام باش

دەناسی، بۆیە زانیم باسی شتێکی هەڕەمەکی ناکات و شتێکی دیاریکراوی لە خەیاڵدایە؛ بۆیە بێدەنگ مامەوە و چاوەڕێم کرد درێژە بە قسەکانی بدات. درێژەی دایە:

"ڕەنگە وا باش بێت زیاتر لەسەر ئەوەی لە نەجد ڕوودەدات بنووسیت؛ لەسەر ئەم یاخیبوونە و ئەوەی بە دوایدا دێت." کاتێک بەردەوام بوو، لە دەنگیدا هەست بە جۆش دەکرا: "خانەوادەی شەریفی ڕقی لێمە. ئەو کوڕانەی حوسەین کە ئێستا حوکمی ئێراق و ئەردەنی ڕۆژهەڵات دەکەن هەمیشە ڕقیان لێم دەبێت، چونکە هەرگیز لەبیریان ناچێت حیجازم لێ وەرگرتوون. ئەوان ئارەزووی هەڵوەشانی شانشینەکەم دەکەن، چونکە ئەوکات دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ حیجاز... هاوڕێکانیشیان، کە خۆیان وەکو هاوڕێی منیش پیشان دەدەن، پێیان ناخۆش نابێت... ئەوان بەبێ هۆ ئەو شوورەیانەیان دروست نەکرد: ئەوان ویستیان کێشەم بۆ دروست بکەن و لە سنووورەکانیان دوورم بخەنەوە..."

لە پشت قسەکانی ئیبن سعودەوە گوێم لە هەندێک دەنگی شێواو و تارماییئاسا بوو – خڕە و هەڵمەتی ئەو شەمەندەفەرانەی گەرچی هێشتا خەیاڵین، دەکرێت سبەینی ببن بە ڕاست: تارمایی هێڵێکی شەمەندەفەری بەڕێتانی لە حەیفاوە بۆ بەسرە. تەمەنی قسە و قسەڵۆکەکان سەبارەت بەو باسە چەند ساڵێک بوو. زانرابوو بەڕێتانییەکان بۆچی لە خەمی مسۆگەرکردنی ڕێیەکی وشکانیدا بوون بۆ هندستان: هەر ئەمەیش مانای فەرمانەکانیان بوو لە فەڵەستین، ئەردەن، هەروەها ئێراق. هێڵێکی شەمەندەفەر لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستەوە بۆ کەنداوی فارس کۆمەڵێک بەستەری بەنرخی بۆ پەیوەندییە ئیمپراتۆرییەکانی بەڕێتانیا دروست دەکرد، هەروەها سەلامەتیی زیاتری بۆ ئەو هێڵە لولەییە دابین دەکرد کە بڕیار بوو لە ئێراقەوە بە بیابانی سوریادا تا حەیفا ڕابکێشرێت. لە لایەکی تردوە، هێڵێکی ڕاستەوخۆی شەمەندەفەر لە نێوان حەیفا و بەسرەدا دەبوو بە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی خاکەکەی ئیبن سعوددا

تێبینیەڕێت – پاشایش هەرگیز ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا. ڕێی تێنەدەچوو دروستکردنی شووەرە لەسەر سنووری ئێراق و نەجد، بەبی گوێدان بە ڕێککەوتنەکان، یەکەم هەنگاوی ئەو بەرنامە زیرەکانەیە بێت بۆ دروستکردنی ئاژاوە لەو ناوچەیەدا، تاکو "شەرعیەت" بە دروستکردنی دەوڵەتێکی بچووک و نیوەسەربەخۆ و گونجاوتر لەگەڵ ئامانجەکانی بەریتانیادا بدرێت؟ فەیسەڵ دەویش بۆ ئەم کارە دەشیا، بگرە لە شەریفییەکانیش گونجاوتر بوو، چونکە خۆی نەجدی بوو و لە ئیخوانیشدا شوێنکەوتەی باشی هەبوو. توندڕەوی و سەرکەشییە ئایینییەکەی تەنها ڕووپۆشێک بوو، هەموو ئەوانەیشی کە بە ڕابردووی ئاشنا بوون ئەوەیان دەزانی؛ ئەو تەنها و تەنها دەسەڵاتی دەویست. گومان لەوەدا نەبوو ئەگەر پاڵپشتێکی نەبوایە، نەیدەتوانی ئەو ماوە زۆرە دژی ئیبن سعود ڕابوەستێت – ئایا تەنها بوو؟

پاش ڕاوەستانێکی زۆر، پاشا دەستی بە قسە کردەوە: "منیش وەکو هەموان لەوە ڕاماوم سەرچاوەی چەک و تفاقی دەویش کێیە و کوێیە. ئەو چەکی باشی هەیە، دەیشڵێن پارەیشی زۆرە. دەپرسم حەزت بە نووسین نییە سەبارەت بەو بابەتانە؟ مەبەستم سەرچاوەکانی دەویشە. من خۆم هەندێک گومانم هەیە؛ بەڵکو ڕەنگە زیاتریش لە گومان – بەڵام دەمەوێت خۆت چەندت پێ دەکرێت بگەڕێیت و شتەکانت بۆ دەربکەوێت، چونکە لەوەیە من هەڵە بم."

ئەوە بابەتەکە بوو. پاشا بە زمانێکی ئاسایی و گفتوگۆیی دوا، بەڵام ئاشکرا بوو پێشەکی هەموو قسەکانی پێوابوو. جوان لێی ورد بوومەوە. ڕوخساری کە تا چرکەیەک لەوەوبەر جددی بوو، ڕێی بۆ زەردەخەنەیەک کردەوە. دەستی خستە سەر شانم و ڕایوەشاند:

"کوڕی خۆم، دەمەوێت خۆت شتەکان ئاشکرا بکەیت – دووپاتی دەکەمەوە: خودی خۆت ئاشکرای بکەیت دەویش لە چ شوێنێکەوە تفەنگ و پارە دەهێنێت. خۆم تۆزقاڵێک گومانم نییە، بەڵام دەمەوێت کەسێکی وەکو تۆ، کە ڕاستەوخۆ

لە باسەکەدا نییە، ڕازی پشت یاخیبوونەکەی دەویش ئاشکرا بکات... پێم وایە تۆ دەتوانیت پەردە لەسەر حەقیقەت لابدەیت..."

ئیبن سعود دەیزانی چی دەکات. دەیشیزانی خۆشم دەوێت. گەرچی زۆرجار لە سیاسەتدا هاوڕای نەبووم، هەرگیز ئەوەیشم نەشاردبوویەوە، هەرگیز متمانەی خۆی بە من نەدەشاردەوە و زۆرجار داوای ئامۆژگاریی لێ دەکردم. ئەو دەیزانی چاوەڕێی هیچ سوودێکی کەسیی لێ ناکەم، هەروەها هەرگیز هیچ پۆستێکیش لە حکومەتەکەیدا وەرناگرم، چونکە دەمەوێت ئازاد بمێنمەوە، بۆیە زیاتر متمانەی پێم بوو. بۆیە لەو ئێوارە مێژوویییەی هاوینی ١٩٢٩دا، بە ئارامی پێشنیاری بۆ کردم تۆڕی شاراوەی سیاسیی پشت یاخیبوونی ئیخوان بدۆزمەوە – ئەرکێک کە مەترسیی کەسیی تیادا بوو، هەروەها کۆششی زۆری دەویست.

پاشا لە کاردانەوەکانم نائومێد نەبوو. جیا لەوەی خۆی و وڵاتەکەیم خۆش دەویست، ئەو ئەرکەی پێی سپاردبووم لە سەرکێشییەکی نایاب و بابەتێکی باشی ڕۆژنامەگەرییش دەچوو.

خێرا وەڵامم دایەوە، "بەسەرچاو و سەرم، چیم پێ بکرێت دەیکەم."

"گومانم لەوە نییە موحەممەد؛ دەیشمەوێت ئەرکەکە بە نهێنی بهێڵیتەوە. لەوەیشە کارەکە مەترسیی تیادا بێت – ئەی چی سەبارەت بە ژنەکەت؟"

ژنەکەم کچێکی ڕیازی بوو سااڵی پێشوو مارەم کردبوو؛ بەڵام لەو بارەیەوە خەیاڵی ئیبن سعودم ئاسوودە کرد:

"بۆم ناگری ئیمام؛ ئەمڕۆ بیرم لەوە دەکردەوە تەاڵقی بدەم، چونکە لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێین."

ئیبن سعود پێکەنی، چونکە تەاڵقدانی ژنان الی ئەو چیرۆکێکی نوێ نەبوو، پاشان گوتی، "ئەی چی سەبارەت بە خانەوادە و خەڵکەکەت؟"

"باوەڕ ناکەم ئەگەر بمرم کەسێک بۆم بگری، بێگومان بێجگە لە زەید؛ زەیدیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم، بۆیە هەرچی بەسەر مندا بێت، بەسەر ئەویشدا دێت."

پاشا وەڵامی دایەوە، "زۆر چاکە. ئەها، پێش ئەوەی بیرم بچێت: تۆ بۆ ئەم کارە پێویستت بە هەندێک پارە دەبێت" – دەستی بردە ژێر پشتییەکەوە و تورەکەیەکی بچووکی دەرهێنا و خستیە دەستمەوە؛ لە کێشەکەیەوە زانیم پڕە لە دراوی ئاڵتوون. بیرمە لە خەیاڵی خۆمدا گوتم: دەبێت چەند دڵنیا بووبێت لەوەی پێشنیارەکەی قبوڵ دەکەم، وا هەمووشتی ئامادە کردووە...!

کە گەڕامەوە ژوورەکەم، بانگی زەیدم کرد و ئەویش چاوەڕێمی دەکرد.

"زەید، ئەگەر داوات لێ بکەم بۆ ئەرکێک لەگەڵمدا بێیت کە ئەگەری مەترسیی تیادایە، لەگەڵمدا دێیت؟"

"مامە، پێت وایە دەهێڵم بە تەنها بڕۆیت؟ مەترسییەکە چیە؟ بۆ کوێ دەچین؟"

"دەچین بزانین سەرچاوەی پارە و چەکی دەویش کوێیە. بەڵام پاشا جەخت لەوە دەکاتەوە کەس نەزانێت؛ بۆیە دەبێت وریا بین."

زەید هەر دڵنیایشم ناکاتەوە، بەڵکو سەرنجی پرسیارێکی کردەیی دەدات:

"ئێمە ناتوانین لە دەویش یان پیاوەکانی بپرسین، دەی کەوایە چۆن دەست پێ بکەین؟"

کاتێک لە قەڵاکەوە دەگەڕامەوە، بیرم لەو پرسیارە دەکردەوە. وا هاتە خەیاڵم باشترین سەرەتا یەکێک بێت لە شارەکانی ناوەڕاستی نەجد، چون لەوێ بازرگانی زۆر هەبوون پەیوەندییان لەگەڵ ئێراق و کوەیتدا هەبوو. لە کۆتاییدا، بڕیارم لەسەر شاری شەقرا دا، پایتەختی پارێزگای وەشم، کە سێ ڕۆژ لە ڕیازەوە

دوور بـوو، هەروەهـا بـۆی هەبـوو عەبـدولڕەحمان سـەبیعی هاوڕێیشـم بتوانێـت یارمەتیم بدات.

ڕۆژی دواتـر خـۆم ئامـادە کـرد. نەمویسـت سـەرنجی کەس بـۆ جوڵەکانمـان ڕابکێشم، بۆیە بە زەیدم گوت لە کۆگاکانی پاشاوە هیچشتێک نەهێنێت، بەڵکو هەرچیمان پێویست بـوو لە بـازاڕ بیکڕێت. دەمەوئێـوارە زەید هەمـوو کەرەستە پێویستەکانی خواردنی کۆکردەوە: نزیکی نۆ کیلۆ برنج، هەمان کێش ئارد بۆ نان، پێسـتەیەکی بچـووکی پـڕ لە کەرە، خورمـا، دانەی قـاوە و خـوێ. دوو کونـدە و سـەتڵێکی چەرم و پەتێکیشـی لە مـووی بزن هێنابوو ئەوەندە درێژ بـوو ئـاوی لە بیرە قوواڵەکان پێ دەردەهێنرا. چەک و تفاقی باشمان پێ بـوو. لە تورەکەکانماندا دوو دەست جلمان بۆ هەریەکێکمان پێ بوو؛ هەریەکێکیشمان عەبایەکی قورسی لەبەردا بـوو، کە لەگەڵ بەتانییەکـانی نـاو تورەکەکانمانـدا بـۆ شـەوانی سـارد یەکـاویەک بـووین. حوشـترەکانمان، کە چەنـد حەفتەیەک بـوو خەریکـی لەوەڕ بـوون، ئامـادەی ئامـادە بـوون؛ ئەوەی بەم دواییـانە دابـووم بە زەیـد حوشـترێکی خێرای عومانی بوو، ئەوەی خۆشم حوشـترێکی جوانی پیری ڕەسەنی باکووری بوو و هی دواهەمین ئەمیری ڕەشیدیی حائل بوو، هەروەها ئیبن سعود کردبوویە دیاریم.

کە شـەو داهـات لە ڕیـاز دەرچـووین. بەرەبەیـان گەیشـتین بە دۆڵـی حەنـیفە، تەختـی ڕووبارێـک لە نێـوان گردەکانـدا – ئەو شـوێنەی هەزاروسێسـەد سـاڵ لەمەوبەر ئەبـوبەکر، یەکەم خەلـیفەی موسـوڵمانان، تیایـدا دژی موسـەیلەمەی درۆزن وەستایەوە، ئەو پیاوەی سالاّنێک بوو دوژمنایەتیی موسوڵمانانی دەکرد. جەنـگەکە زەنگـی سـەرکەوتنی کۆتـایی ئیسـلام بـوو لە ناوەڕاسـتی عەرەبستان. زۆرێـک لە هاوەڵەکـانی سـەرەتای پێغەمـبەر تیایـدا کـوژران، لەسـەر لێژگـاییە بەردینەکانی دۆڵەکەیش شوێنەواری گۆڕەکانیان ماوە.

دوانیوەڕۆ بە شاری وێرانبووی عەیینەدا ڕۆیشتین، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە

ئەمبەر و ئەوبەری کەناراوەکانی دۆڵی حەنیفەوە پڕ بوو لە خەڵک. لە نێوان دارگەزەکاندا پاشماوەکانی ڕابردوو نوستوون: دیواری وێران و کەوتووی ماڵەکان، پایەی ڕماوی مزگەوتێک، یان شوێنەواری دارماوی کاخێک لێرە و لەوێ؛ هەموو ئەمانە سەبارەت بە شێوازێکی مەزنتر و شکۆدارتری ئەندازیاری و بیناسازی دەدوێن، کە لە ماڵ و بینا سادە قوڕینەکانی نەجدی ئەمڕۆدا بەدی ناکرێن. دەگوترێت تاکو سەدوپەنجا یان دووسەد ساڵێک لەمەوبەر، تەواوی ڕێگەی دۆڵی حەنیفە لە دەرعیەوە (پایتەختی ڕەسەنی شانشینەکەی ئیبن سعود) تا عەیینە – مەودای پازدە میل زیاتر – یەک شار بووە؛ کاتێکیش ئەمیری درعییە کوڕێکی بووە، ژنان هەواڵەکەیان لەم سەربانەوە بۆ ئەو سەربان گواستووەتەوە، تا لە ماوەی چەند خولەکێکدا هەموو خەڵکی عەیینە زانیویانە. چیرۆکی وێرانبوونی عەیینە بە ڕادەیەک تێکەڵی ئەفسانە بووە، دۆزینەوەی حەقیقەتەکەی گرانە. بە ئەگەری زۆر شارەکە لە لایەن یەکەمین فەرمانڕەوای سعودییەوە وێران کراوە، چونکە پەیام و ڕێبازەکەی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابیان ڕەت کردووەتەوە؛ بەڵام بەپێی ئەفسانە وەهابییەکان بێت، وەکو نیشانەی خەشمی خودا، لە شەوێکدا هەموو بیرەکانی عەیینە وشک بوون، بۆیە خەڵکەکە ناچار بوون چۆڵی بکەن.

لە نیوەڕۆی ڕۆژی سێیەمدا دیوارە قوڕینەکان و دارخورما بەرزەکانی شەقرامان لێ دەردەکەوێت. بە نێوان باخ و شەقامە چۆڵەکاندا دەڕۆین؛ ئەوکات بیرمان دەکەوێتەوە هەینیە و دیارە هەموان لە نوێژن. جاروبار بە خانمێک دەگەین لە بنی پێی تا تەوقی سەری بە عەبا داپۆشیوە؛ لە بینینی ئێمەی بێگانە دادەچڵەکێت و بە جولەیەکی خێرا و شەرمنانە ڕووی دادەپۆشێت. لێرە و لەوێ منداڵەکان لە سێبەری ماڵەکاندا یاری دەکەن؛ لە تاجی دارخورماکانیشەوە هەوایەکی گەرم دێت.

دەستبەجێ چووین بۆ ماڵی هاوڕێی باشم، عەبدولڕەحمان سەبیعی، کە

ئەوکات بەرپرسی بەیتولمالی پارێزگاکە بوو. لە بەردەم دەرگایەکی کراوەدا دابەزین و زەید هاواری کرد، "یا وەلەد،" کاتێکیش خزمەتکارەکە هات، زەید گوتی، "میوانی لێیە!"

لە کاتێکدا زەید و کوڕەکە سەرقاڵی داگرتنی باری حوشترەکە بوون، من چوومە قاوەخانەکەی عەبدوڵڕەحمان و پاڵم لێدایەوە، لەوێیش خزمەتکارێکی تر خێرا قۆرییەکەی داگیرساند و قاوەی هێنا. قومێکم لە قاوەکە دا و حەوشەکە بوو بە قاڵەقاڵ: پیاوی مااڵ گەڕابوویەوە. هێشتا لەسەر قادرمەکان بوو و دەرنەکەوتبوو هاواری بەخێرهاتنی کرد، پاشان لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا ئامێزی بۆ کردمەوە: پیاوێکی شیرینی کورتی بچووک، بە ڕیشێکی کورتی قاوەیی کاڵ و دوو چاوی قووڵ و ڕوخسارێکی شادەوە. سەرەڕای گەرمییەکە، لەژێر عەباکەیەوە کۆتێکی خوریی لەبەردا بوو. ئەو کۆتە خوریيە یەکێک بوو لە مووڵکە خۆشەویستەکانی. هەرکەسێک چیرۆکی ئەو کۆتەی نەبیستبوایە، ئەو خێرا بۆی باس دەکرد کە هی شەریف حوسەینی پاشای پێشووی حیجاز بووە و، لە کاتی گرتنی مەککەدا، لە ساڵی ١٩٢٤، کەوتوەتە دەستی ئەوەوە. نایەتە خەیاڵم بەبێ ئەو کۆتە بینیبێتم.

ئەو منی لە ئامێز گرت و لەسەر نوکی پێیەکانی وەستابوو تاکو ڕوومەتەکانم ماچ بکات: "ئەهلەن وە سەهلەن وە مەرحەبا! بەخێر بێیت بۆ ئەم ماڵە بچووکە برا گیان. خەنیم بەو کاتژمێرەی تۆ دەهێنێت بۆ ئێرە!"

پاشان پرسیارە هەمیشەییەکان کران: کەی، لەکوێ، پاشا چۆنە، باران لە ڕێگەیە یان نا – یان هەواڵی باران هەیە؟ پێم گوت بەڕەو عەنەزە دەچم، واتە ناوەڕاستی نەجد – ئەوەیش ڕاست نەبوو، بەاڵم دەکرا وابێت.

عەبدوڵڕەحمان، لە ساڵانی ڕابردوودا، خەریکی بازرگانیی نێوان نەجد و ئێراق بوو، هەروەها شارەزای بەسڕە و کوەیت بوو. دواندنی سەبارەت بەو شوێنانە و ئەو کەسانەی بەو دواییانە لەوێوە هاتوون گران نەبوو (ئاخر وا دەهاتە بەرچاوم

مادام دەگوترا دەویش نزیکی سنووری کوەیتە، دەبێت لە یەکێک لەو جێگەیانەوە سەرچاوەی بۆ بچێت). لە قسەکانیەوە بۆم دەردکەوت کەسایەتییەکی دیاری خانەوادەی بەسام لە عەنەزە – ناسیاوێکی کۆنم – لە بەسرەوە چووە بۆ کوەیت، هەروەها لەبەرئەوەی نەیویستووە بە ناوچەی یاخیبواندا بڕوات، لە ڕێگەی بەحرەینەوە گەڕاوەتەوە نەجد. ئەو ئێستا لە شەقرە بوو، ئەگەر بیشمویستایە، عەبدولڕەحمان دەینارد بە دوایدا: چونکە بەپێی نەریتی دێرینی عەرەب، ئەوەی تازە دەگەیشت سەردان دەکرا، سەردانی نەدەکرد. پاش کەمێک، عەبدولڵا بەسام هاتە لامان.

گەرچی عەبدولڵا سەر بە گرنگترین خانەوادەی بازرگانانی نەجد بوو، خۆی دەوڵەمەند نەبوو. ژیانی ئەو پڕ بوو لە بەرزی و نزمی – زیاتر نزمی. ئەو ئەزموونی قاهیرە، بەغداد، بەسرە، کوەیت، بەحرەین، هەروەها بۆمبای کردبوو. هەرکەسێک لە یەکێک لەو جێگەیانە شتێک بوایە، ئەم دەیناسی، لە کەللە زیرەکەکەشیدا دونیایەک زانیاریی سەبارەت بە هەمووشتێکی ولاتە عەرەبییەکان هەڵگرتبوو. پێم گوت لقێکی بارزگانیی ئەڵمانی داوایان لێ کردووم پرسوجۆی هەناردەکردنی ئامێری کشتوکاڵی بکەم بۆ کوەیت و بەسرە؛ لەبەرئەوەی ڕاسپاردە و پاداشتەکەیشی گەورەن، پەرۆشم بزانم کام بازرگانە ناوخۆییانەی شارەکە گوێ بەو پێشنیارە دەدەن. بەسام ناوی هەندێک کەسی گوت، پاشان گوتی:

"دڵنیام هەندێک لە بازرگانە کوەیتییەکان حەز بە پڕۆژەکەت دەکەن. ئەوان هەمیشە لە دەرەوە شت دەهێنن، بارزگانییش لەم ڕۆژانەدا زیندوو دیارە – ئەوەندە زیندووە باری گەورەی ڕیاڵی زیوین هەموو ڕۆژێک لە کارگەی لێدانی سکەوە لە تریستێوە دێت."

باسی ڕیاڵە زیوینەکان دایچەڵەکاندم. ئەم ڕیاڵە تایبەتە، دراوی ماریا سێرێسا سالەر، شانبەشانی دراوە فەرمییە عەرەبییەکان، یەکێک بوو لە گرنگترین دراوە

بازرگانییەکانی تەواوی نیمچەدورگە. ئەو دراوە لە تریستە لێ دەدرا و بە بەهای زیوەکەی و حەقی لێدانی سکەکەوە بە هەندێک لە حکومەتەکانەوە و هەندێک لە بازرگانانیش دەفرۆشرا و لەناو دەشتەکییەکاندا ڕەواجی هەبوو؛ ئاخر دەشتەکییەکان حەزیان بە پارەی کاغەز نەبوو و تەنها ئاڵتون یان زیویان وەردەگرت. دەکرا هێنانی بڕێکی زۆر لەو دراوە ئاماژە بێت بە بازرگانییەکی چالاک لە نێوان بارزگانانی کوەیت و دەشتەکییەکاندا.

لە بەسامم پرسی، "بۆچی بازرگانە کوەیتییەکان ئێستا ڕیاڵ دەهێنن؟"

بە دەنگێکی سەرسامەوە گوتی، ""نازانم. باسی کڕینی گۆشتی حوشتر لە دەشتەکییەکانی نزیکی کوەیت دەکەن بۆ ئەوەی لە ئێراق بیفرۆشن، کە نرخی گۆشت ئێستا لەوێ بەرزە؛ هەرچەندە نازانم چۆن چۆنی بەنیازن لەم کاتە سەختەدا لە تەختاییەکانی کوەیت حوشتری زۆریان دەست بکەوێت..."پاشان بە پێکەنینێکەوە گوتی، "ڕەنگە قازانجەکە زیاتر لەوە دابێت حوشتر لە ئێراق بکڕیت و بە دەویش و پیاوەکانی ئەوی بفرۆشیت – بەڵام بێگومان دەویش پارەی نییە بیانکڕێت..."

هەر بەڕاست پارەی نەبوو؟

ئەو شەوە، پێش ئەوەی لەو جێیەدا کە خاوەنماڵ بۆی دانابووین بنووین، زەیدم بردە کەنارێکەوە و گوتم:

"دەچین بۆ کوەیت."

زەید گوتی، "ئاسان نابێت مامە." بەڵام بریسکانەوەکەی چاوی جوانتر لە وشەکانی دەدوان و دەیانگوت ئامادەیە بۆ گەشتێک کە نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو زۆریش مەترسیدارە. بێگومان گەشتکردن بەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پاشادا بوون، هەروەها بەو ناوچانەدا کە هی هۆزە بەوەفاکانی پاشا بوون، یاری منداڵان بوو؛ بەڵام تاکو سنووری کوەیت، دەبوو لانی کەم دەبوو

سەد میل بە ناوچەی دوژمندا تێبپەڕێنین، کە پڕ بوو لە عەجمان و موتەیری یاخی. بێگومان دەمانتوانی لە ڕێگەی بەحرەینەوە بچین بۆ کوەیت، بەڵام بۆ ئەوە دەبوو مۆڵەت لە بەڕیتانییەکان وەربگرین، ئەوەیش هەموو جوڵەکانمانی دەخستە بەرچاو. ڕێگەی جەوف و بیابانی سوریایش بۆ ناو ئێراق و پاشان کوەیت هەمان گرفتی هەبوو: چونکە نەدەکرا بەبێ چاودێری و پشکنین ئەو هەموو خاڵی پشکنینانەی ئێراق تێبپەڕێنین. جگە لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ بۆ کوەیت، ڕێگەیەکی ترمان بۆ نەدەمایەوە. ئەوەی چۆن بەبێ ئەوەی بناسرێین بچینە ناو شارەکەوە بۆ خۆی پرسیارێکی گەورە بوو و ئێستا وەڵام نەدەدرایەوە؛ بۆیە پرسیارەکەمان بۆ داهاتوو بەجێ هێشت و ئومێدی دەرفەتگەلی پێشبینینەکراومان خواست.

عەبدولڕەحمان سەبیعی دەیویست چەند ڕۆژێک لای بمێنمەوە، بەڵام کاتێک گوتم کاری بەپەلەمان هەیە، هەندێک گۆشتی وشککراوەی حوشتری بۆ داناین – زیادەیەکی چێژبەخش بۆ گەشتە تاکتاوازەکەمان - و هێشتی بەیانیی دواتر بڕۆین. جەختی لەوەیش کردەوە لەو سەریشەوە کە هاتمەوە سەری لێ بدەم، منیش تەنها توانیم بڵێم، "ان شاء الله."

لە شەقڕەوە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەڕەو باکووری ڕۆژهەڵات بەردەوام بووین و هیچشتێکی نائاساییمان نەبینی. لە جێیەکدا هەندێک دەشتەکیی بەوەفای عەوازیم، کە چووبوونە پاڵ هێزەکانی ئیبن موساعد، ئێمەیان ڕاگرت؛ بەڵام هەر کە نامەکەی پاشام پیشان دان، ڕێگەیان داین و سڵاو و مانڵاواییان لێ کردین.

پێش کازیوەی ڕۆژی پێنجەم، گەیشتین بە ناوچەیەک چیتر ناوی ئیبن سعود تیایدا نەیدەخوارد. لەمەودوا نەدەکرا بە ڕۆژ گەشت بکەین؛ هەموو سەلامەتییەکی ئێمە لە تاریکی و تەریکیدا بوو.

لای ئاوکەندێکی نزیک لە ڕێگەی سەرەکیی دۆڵی ڕومە، ئەو جێڕووبارە دێرینەی بە باکووری عەرەبستاندا تا کەنداوی فارس دەچێت، جێی خۆمان خۆش

کرد. لێواری ئاوکەندەکە پوشی زۆر بوو، ئەوەیش بۆ ئێمە وەکو بەرگێک وابوو، بەڵام بەو مەرجەی نزیکی کەنارە ستوونییەکە بین. حوشترەکانمان بەستەوە، تێکەڵەی ئارد و ناوکەخورمامان بۆ دانان – تاکو ناچار نەبن بلەوەڕن و بجوڵێن – هەروەها نیشتەجێ بووین و چاوەڕێی شەو بووین. نەمانوێرا ئاگر بکەینەوە، چونکە دوکەڵ تەنانەت لە ڕۆژیشدا دەتوانێت جێت ئاشکرا بکات؛ بۆیە ئاو و خورمامان خوارد.

دوانیوەڕۆ دڵنیا بووینەوە خۆپارێزییەکانمان کارێکی باش بووە، چونکە دەنگی سرود و گۆرانی دەشتەکییەکانمان بەرگوێ کەوت. لۆزی حوشترەکانمان گرت تاکو نەقرخێنن و دەنگەدەنگ نەکەن، تفەنگەکانمان گرت و پاڵمان بە دیواری ئاوکەندەکەوە دایەوە.

ئاوازەکە بەرزتر بوویەوە و لە وشەکان تێدەگەیشتین: لا الە الا اللە. ئیخوان لەبری ئاواز و سرودە دونیاییەکان، شەهادەیان دەهێنا. گومان تیادا نەبوو ئەمانە ئیخوانن، لەم شوێنەیش تەنها ئیخوانی دوژمن هەبوو. پاش کەمێک، لە لێواری تەپۆڵکەکەوە، لەسەر کەناری ئاوکەندەکە، دەرکەوتن. ئەوان هەشت حوشترسوار بوون و پێکەوە دەڕۆیشتن و چوارچێوەی شکڵیان بەرانبەر ئاسمانی نیوەڕۆ جوان دیار بوو؛ هەریەکێکیان سەرپێچێکی سپیی ئیخوانییانەی لە کوفییە سور و سپییەکەی سەری ئاڵاندبوو، دوو فیشەکبەند لەسەر سنگی بوو، هەروەها تفەنگێکیش بە زینی حوشترەکەیەوە بوو؛ پۆڵەسوارێکی تاریک و قەدەغەکار، بەرز و نزمیان دەکرد و حوشترەکانیان لەگەڵ ڕیتمی "*لا الە الا اللە*" خراپبەکارهێنراوەکەدا دەجوڵانەوە... دیمەنەکە نایاب بوو، لە هەمانکاتیشدا تاکو بڵێیت داماوانە بوو. ئەم پیاوانە هەمووشتێکیان بۆ ئیمانەکەیان دادەنا، بەڵکو لە هەمووشتێک لایان گرنگتر بوو؛ وایاندەزانی شەڕ بۆ پاکیی ئایین و شکۆمەندیی خودا دەکەن، نەیاندەزانی جۆش و خرۆشەکەیان لە لایەن سەرکردەیەکی بێویژدانەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بەکار دەهێنرێت...

ئەوان لای ڕاستی ئاوکەندەکەوە بوون: خۆ ئەگەر بە ئاڕاستەی پێچەوانەدا بڕۆیشتنایە، ئێمە چۆن لەودیو پوشوپەڵاشەکەوە ئەوانمان دەبینی، ئەوانیش ئێمەیان دەبینی. کاتێک بە دەم زیکرەکەیانەوە دوور کەوتنەوە و دیار نەمان، هەناسەیەکی ئارامیان هەڵکێشا.

زەید چرپاندی، "ئەوان وەکو جن وان. بەڵێ وەک جنگەلێک کە نە تامی ژیان دەناسن، نە ترسیان لە مەرگ هەیە... ئەوان ئازا و ئیماندارن، کەس نکوڵی لەوە ناکات، بەڵام هەموو ئەوەی خەونی پێوە دەبینن خوێن و مەرگ و بەهەشتە..."

هەروەکو ئەوەی کاردانەوەیەک بەرانبەر وشکیی ئیخوان بنوێنێت، دەستی کرد بە گوتنی گۆرانییەکی عاشقانەی سووری: "ئەی کچی پاکیزە و گەنمڕەنگ...."

کاتێک تاریکایی داهات، کەوتینەوە ڕێ.

لە پڕێکدا زەید دەنگی هەڵبڕی، "سەیر بکە مامە، ئەوە ئاگرە."

ئاگرەکە لەوە بچووکتر بێت هی خێمەی کۆمەڵێک دەشتەکی بێت؛ هی شوانێکی تەنها بوو؟ بەڵام شوانێکی تەنها چۆن دەوێرێت ئاگر بکاتەوە، ئەگەر خۆی لە یاخیبوان نەبێت؟ هێشتایش وا باش بوو بزانین چییە. ئەو تاکە نەفەرێک بوو، بۆیە ئەگەر پێویستی بکردایە دەمانتوانی چارەی بکەین، هەروەها دەکرا هەندێک زانیاریی سەبارەت بە جوڵەی دوژمن لێ وەربگرین.

خۆڵەکە لمین بوو، بۆیە کاتێک بەرەو ئاگرەکە دەچووین، پێی حوشترەکانمان دەنگی دەرنەدەکرد. لە بەردەم ڕۆشناییەکەدا دەرکەوت دەشتەکییەکی تەنهایە و دانیشتووە. ئەو چاوی بەرەو ئاڕاستەی ئێمە ورد کردەوە، پاشان وەکو ئەوەی بەوەی بینیبێتی قایل بووبێت، دەستەکانی خستە سەر سنگی – ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێت پێیان بڵێت بێچەکە – بە هێمنی، بەبێ پیشاندانی هیچ ترسێک، چاوەڕێی هاتنمانی کرد.

زەید تفەنگەکەی ڕوو کردە دەشتەکییە شەپۆوەکە و گوتی، "تۆ کێیت؟"

دەشتەکییەکە بە هێواشی خەنی و بە دەنگێکی قوولّ و گڕەوە گوتی: "من سوڵوبیم..."

هۆکاری هێمنییەکەی دەرکەوت. ئەو هۆزە سەیر و قەرەجئاسایەی (یان ئەو کۆمەڵە هۆزە) ئەم کابرایە بەشێک بوو لێی بەشداریی هیچ جەنگێکی دەشتەکییەکانی نەکردبوو، دوژمنی کەس نەبوو، کەسیش هێرشی نەدەکردە سەر.

سوڵوبییەکان تاکو ئەمڕۆیش وەکو مەتەڵێک وان بۆ هەموو گەڕیدەکان. کەس ڕیشەیان نازانێت. ئەوەی کە عەرەبی ڕەسەن نین مسۆگەرە: چاوە شینەکانیان و پرچە قاوەییە کاڵەکەیان پێچەوانەی پێستە سوتاوەکەیان بوو و دەتگوت سەر بە ناوچەکانی باکوورن. مێژوونووسە دێرینە عەرەبەکان دەڵێن ئەمانە نەوەی ئەو خاچپەرستانەن کە سەڵاحەدین گرتونی و دواتر هێناونی بۆ عەرەبستان، پاشان موسوڵمان بوون؛ لە ڕاستییشدا وشەی سوڵوبە هەمان ڕیشەی وشەی سەڵیبی (خاچ) هەیە، سەڵیبییش واتە خاچپەرست. قورسە لەم ڕوونکردنەوەیە دڵنیا بین. هەرچۆن بێت، دەشتەکییەکان سوڵوبییەکانیان بە عەرەب نەدەزانی و بە ڕقێکی گوێپێنەدەرانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن. سەبارەت بە ڕقەکەیان، کە پێچەوانەی هەستی یەکسانیی مرۆڤە لای عەرەب، دەڵین سولوبییەکان تەنها بە ناو موسوڵمانن و بیروباوەڕ و ژیانیان موسوڵمانانە نییە. ئەوان دەڵێن سوڵوبییەکان هاوسەرگیری ناکەن، بەڵکو "وەکو سەگ بەرەڵان،" بگرە لەو بابەتەدا حساب بۆ نزیکایەتیی خوێنییش ناکەن، هەروەها گۆشتی مردوو دەخۆن، موسوڵمانانیش گۆشتی مردوو بە پیس دەزانن. بەڵام ئەمە بەڵگەهێنانەوەی پاش قەناعەتە، واتە ڕقەکە هەبووە و دواتر ئەم هۆکارانەی بۆ ساز دراوە. من بۆ ئەوە دەچم هۆشیاریی بە بێگانەیی نەژادیی سوڵوبییەکان وای لە دەشتەکییەکان کردووە ئاوا ڕقیان لێیان بێت و هێڵێکیان لە دەور بکێشن – بەرگرییەکی غەریزەیی دژی تێکەڵبوونی خوێن، کە دیارە دڵی دەشتەکییەکان

حەزی بەو تێکەڵییە کردووە: دەی ئاخر سوڵوبییەکان زۆر جوانن، بااڵیان لەوان بەرزترە و قۆزترن؛ ژنەکانیشیان تا بڵێیت جوانن، لە هەموو ئەندام و جوڵەیەکی جەستەیشیان ناز دەبارێت.

بەاڵم هۆکارەکە هەرچی بێت، ژیانی سوڵوبییەکان بەهۆی ڕقی دەشتەکییەکانەوە سەاڵمەت بووە: چونکە هەرکەس هێرش بکاتە سەر ئەمان، لە الیەن هۆزەکەیەوە دەشکێندرێتەوە. جیا لەمە، هەموو بیابانانشینەکان ڕێزیان لە سوڵوبییەکان دەگرت، چونکە لە چارەسەری ئاژەڵدا باش بوون، ئاسنگەر بوون، هەروەها زینیشیان دروست دەکرد. دەشتەکییەکان ڕقیان لە شتی دەستکردە بۆیە خۆیانی پێوە خەریک ناکەن، بەاڵم هەر پێویستیانە، سوڵوبییەکانیش ئەو پێویستییە پڕ دەکەنەوە. ئەوان شوانی بەتوانایشن، لە سەرووی هەموویشیەوە لە ڕاودا وێنەیان نییە. توانای ئەوان بۆ دۆزینەوەی ڕێ و ناسینەوەی ئەفسانەیی بوو، تەنها یەک کۆمەڵی تر هەبوون هاوئاستیان بن، ئەوانیش دەشتەکییەکانی موورە بوون لە باکووری چارەکی خاڵی (الربع الخالي).

بەوەی هاوەاڵنەکەمان سوڵوبییە حەسامەوە، بۆیە بەبێ پێچوپەنا پێم گوت ئێمە پیاوی ئیبن سعودین – ئەوە سەاڵمەت بوو، چونکە ڕێزێکی زۆریان بۆ دەسەاڵت هەبوو – هەروەها داوای کوژاندنەوەی ئاگرەکەم لێ کرد. پاش کوژاندنەوەی ئاگرەکە، بۆ گفتوگۆیەکی درێژ دانیشتین.

نەیدەتوانی شتێکی ئەوتۆمان سەبارەت بە شوێنی هێزەکانی دەویش پێ بڵێیت، چونکە وەکو گوتی، "ئەوان هەمیشە وەکو جن دەجوڵێن و لە شوێنێک داناسەکێن." بەاڵم دەرکەوت ئیخوانە دوژمنەکان لەو نزیکانە کۆنەبوونەتەوە، بەاڵم بە ڕێژەی کەم جاروبار بە ئاڕاستە جیاوازەکاندا بیابانەکەیان دەبڕی.

لەوێدا بیرۆکەیەک هزری گەستم: بۆچی توانای غەریزەیی سوڵوبییەکە بۆ ڕاو و دۆزینەوەی ڕێگە نەخەینە خزمەتی خۆمانەوە، تاکو بمانگەیەنێت بە کوەیت؟"

گوتم، "تا ئێستا چوویت بۆ کوەیت؟"

پێکەنسی، "زۆرجار. پێستی ئاسک و خوریی حوشتر و کەرەم لەوێ فرۆشتووە. دە ڕۆژ لەمەوپێش لەوێ بووم."

"دەی کەوایە دەتوانیت ڕێنیشاندەرمان بیت بۆ کوەیت؟ مەبەستم ئەوەیە بە جۆرێک بمانبەیت ئیخوانەکانی ڕێگە نەمانبینن؟"

سوڵوبییەکە تاوێک ڕاما؛ پاشان گوتی: "ڕەنگە، بەڵام ئەگەر ئیخوان من لەگەڵ ئێوەدا ببینێت مەترسییەکەی گەورەیە. ڕەنگە بتوانم، بەڵام... زۆرتان لەسەر دەکەوێت."

"چەند؟"

"باشە..." هەستم بە لەرینەوەی چڵێسی لە دەنگیدا دەکرد، "گەورەم، ئەگەر سەد ڕیاڵم پێ بدەی، بە جۆرێک تۆ و هاوەڵەکەت دەبەمە کوەیت، باڵندەکانی ئاسمانی لێ دەرچێت کەس نەزانێت."

سەد ڕیاڵ دە سۆڤرنی بەڕیتانی دەکرد[1]، بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی ئەویش بۆ ئێمە، ئەوە هەر زۆر کەم بوو، بەڵام دیار بوو سوڵوبییەکە لە ژیانیدا هەرگیز ئەوەندە پارەی بە دەستیەوە نەگرتبوو.

"سەد ڕیاڵت دەدەمێ - ئێستا بیست و کە گەیشتیشین بە کوەیت ئەوەی دەمێنێت."

ڕێنیشاندەرەکەمان چاوەڕێی نەکردبوو ئاوا زوو داواکارییەکەی قبووڵ بکرێت. لەوەیە پەشیمان بووبێتەوە لەوەی داوای پارەی زیاتری نەکردووە، بۆیە گوتی:

---

[1] بە حسابی ئێستا، پەنجا دۆلاری دەکرد (نووسەر).

"ئەی چی سەبارەت بە حوشترەکەم؟ ئەگەر لەگەڵ ئێودا پێی بێم بۆ کوەیت و دواتریش بێمەوە، ئەو داماوە تاقەتی نامێنێت و هەر ئەمەیشم هەیە..."

نەمدەویست مامەڵەکە درێژە بکێشێت، بۆیە یەکسەر گوتم: "حوشترەکەیشت لێ دەکڕم. پێی وەرە بۆ کوەیت، پاشان وەکو دیارییەک پێتی دەدەمەوە، بەڵام بەو مەرجەی بیشمانهێنیتەوە."

لەوە زیاتری نەدەخواست. خێرا هەستا و لە تاریکییەکەدا دیار نەما؛ پاش چەند خولەکێک بە حوشترێکی بەتەمەن و جوانەوە هاتەوە. پاش هەندێک مشتومڕ، ڕێک کەوتین سەدوپەنجا ڕیاڵی لەسەر دابنێین، کە ئێستا پەنجای بدەمێ و ئەوی تریشی کاتێک گەیشتین بە کوەیت. زەید تورەکەیەکی پڕ لە ڕیاڵی هێنا و من دەرمدەهێنان و دەمبژاردن و دەمخستنە کۆشی سوڵوبییەکەوە. لە قوڵایی جلّەتەڕەکانییەوە پارچە قوماشێکی دەرهێنا کە پارەکانی تیادا دانابوو؛ ڕیاڵەکانی منی دەخستە ناو تورەکەکەیەوە، تا ئەوەی بریسکەی سکەیەکی نوێ نیگای بردم.

دەستم خستە سەر دەستی و گوتم، "بوەستە! با ئەو ڕیاڵە درەوشاوەیەت ببینم."

وەکو ئەوەی بترسێت دزیی لێ بکەم، سڵی کردەوە، بەڵام هەرچۆن بێت سکەکەی خستە دەزمەوە. کە دەستم لێی دا لێوارەکەی تیژ دیار بوو، وەکو سکەیەکی نوێ وابوو، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بم شقارتەیەکم گڕ دا و لە نزیکەوە سەیرم کرد. بەڵێ، سکەکە ماریا تێریسا تالەر بوو – ئەوەندە تازە بوو دەتگوت تازە لەسکە دراوە. کاتێک شقارتەکەم بردە لای پارەی سوڵوبییەکەوە، دەرکەوت پێنج شەش سکەی دیکەی ئاوا نوێی پێیە.

"ئەم ڕیاڵانەت لە چ شوێنێک هێناوە؟"

" بە خودا بە حەڵاڵی پەیدام کردوون گەورەم... نەمدزیون. چەند حەفتەیەک

لەمەوبەر موتەپرییەک لە نزیک کوەیت پێی دام. ئەو زینێکی حوشتری لێ کڕیم، چونکە ئەوەی خۆی شکابوو..."

"موتەپری؟ دڵنیایت؟"

"بەڵێ گەورەم، خوا بمکوژێت گەر درۆ بکەم... ئەو پیاوی دەویش بوو، یەکێک لەوانەی بەم دواییانە دژی ئەمیری حایل جەنگابوو. خۆ خراپم نەکردووە بەوەی پارەم لەسەر زینەکە وەرگرتووە؟ نەدەکرا وەرینەگرم، دڵنیاشم پاشا، خوا تەمەنی درێژ بکات، لەمە تێدەگات..."

دڵنیام کردەوە پاشا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەودا نابێت، بۆیە هێور بوویەوە. کاتێک زیاتر لێم کۆڵییەوە، دەرکەوت زۆرێک لە سوڵوبییەکان لە بەرانبەر فرۆشتنی کەرەستەی هەمەجۆردا سکەی هاوشێوەیان لە پیاوانی دەویش وەرگرتووە...

سوڵوبییەکە سەلماندی ڕێنیشاندەرە. سێ شەوی لەسەرێەک بە ڕێیەکی پێچاوپێچدا ئێمەی بە ناوچەی یاخیبواندا برد، کە تەنانەت زەیدیش، ئەو کەسەی وڵاتەکەی وەکو لەپی دەستی دەزانی، ئەو ڕێیەی نەدیبوو. بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوە؛ سوڵوبییەکە لە دۆزینەوەی شوێنی خۆشاردنەوەدا مامۆستای مامۆستاکان بوو. جارێکیان بردینییە کونێکەوە کە ئاو دروستی کردبوو؛ پێی گوتین تەنانەت دەشتەکییەکانی ئەوێیش نایزانن؛ ئاوە بەحاڵ سوێرە قاوەییەکە تینوێتی حوشترەکانمانی دەشکاند و ئێمەیش کوندەکانمان لێ پڕ دەکرد. تەنها دووجار لە دوورەوە کۆمەڵەکانی ئیخوانمان بینی، هەردوو جارەکەیش ئەوان ئێمەیان نەبینی.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارەمی پاش دیداری سوڵوبییەکە، شارێکی کوەیتیمان لێوە دەرکەوت. بە پێچەوانەی ئەوانەی لە نەجدەوە دەچن، ئێمە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆی نەچووین، بەڵکو لە ڕۆژئاواوە، واتە بە تەنیشت ڕێگەی بەسرەدا چووین، تاکو هەموان وابزانن بازرگانی ئێراقین.

کاتێک گەیشتین بە کوەیت، چووینە لای بازرگانێک کە زەید لە ڕۆژانی ئێراق ناسیبووی.

تیشکی گەرمی خۆر لە شەقامە لمینەکان و ماڵەکانی دەدا کە لە خشتی قوڕین دروست کرابوون؛ منیش کە بە کراوەیی نەجد ڕاهاتبووم، ئارەقێکی زۆرم کردبوویەوە و بێزار بووبووم بەوە. بەڵام کاتی پشوو نەبوو. بە سوڵوبییەکەم گوت بە هیچ جۆرێک بە کەس نەڵێت لە چ شوێنێکەوە هاتووین، پاشان کردم بە بە پاسەوانی حوشترەکان و لەگەڵ زەیددا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە چووین بۆ بازاڕ.

من شارەزای کوەیت نەبووم، نەیشمدەویست بەهۆی منەوە سەرنج بکەوێتە سەر زەید، بۆیە کاتژمێرێکی تەواو لە قاوەخانەیەکدا مامەوە و قاوەم دەخواردەوە و نێرگەلەم دەکێشا. کاتێک زەید دەرکەوتەوە، لە ڕوخساریەوە دیار بوو شتێکی گرنگی دۆزیوەتەوە.

"با بچینە دەرەوە مامە. بۆ ئەوەی کەس گوێی لێمان نەبێت، بازارِەکە لە قاوەخانەکە باشترە. شتێکیشم بۆ هێناویت – بۆ خۆیشم" – دوو عەگاڵی ئێراقیی لە خوریی قورس دوراو. پاشان گوتیم "ئەمە دەمانکات بە ئێراقی."

زەید، پاش گەڕان و پرسوجۆ، بۆی دەرکەوتبوو یەکێک لە هاوەڵە کۆنەکانی سەردەمی قاچاخچێتیی کەنداوی فارس ئێستا لە کوەیت دەژیا و هێشتایش خەریکی بازرگانییەکەی بوو.

"ئەگەر کەسێک هەبێت بتوانێت سەبارەت بە بازرگانی و مامەڵەی چەک لێرە شتێکمان پێ بڵێت، ئەو کەسە بەندەرە. ئەویش وەکو من شەمەرییە – یەکێک لەو کەللەڕەقانەی هەرگیز مل بۆ حکومی ئیبن سعود نادات. نابێت بزانێت کار بۆ پاشا دەکەین، بەڵکو نابێت بزانێت لەکوێوە هاتووین؛ بەندەر گێل نییە. ئەو زۆر وریا و فێڵبازە، لە ڕابردوویشدا زیاد لە جارێک فریوی داوم، بۆیە متمانەی پێ ناکرێت."

لە کۆتاییدا مالّی کابرامان دۆزییەوە و لە ڕێیەکی باریکی نزیک بازاڕەکە بوو. ئەو باریک و درێژ، تەمەنی چل ساڵێک دەبوو، چاوەکانی لە یەکتری نزیک بوون و دەربڕینێکی ترش و بێزاری هەبوو؛ بەڵام کاتێک زەیدی بینی گەشایەوە. لەبەرئەوەی پێستم سپی بوو، زەید وەکو تورکێک ناساندمی کە لە بەغداد نیشتەجێ بووبوو و ئەسپی عەرەبی لە بەسرەوە دەبات بۆ بۆمبای. زەید گوتی، "بەڵام فرۆشی ئەسپ لە بۆمبای چیتر خێری تیادا نەماوە. بازرگانەکانی عەنەزە و بورەیدە جڵەوی بازاڕەکەیان کردووە."

بەندەر گوتی، "دەزانم. ئەو باشوورییە پیسانەی ئیبن سعود بەوە ئیسراحەتیان نەکردووە ولّاتەکەمان ببەن، دەیانەوێت بژێوییەکەیشمان ببەن..."

"ئەی چی سەبارەت بە بازرگانیی چەک. بەو پێیەی ئەم موتەیری و عەجمانییانە خەیاڵی تەختکردنی تاراجی ئیبن سعود دەکەن، دەبێت بازرگانییەکی چاکی چەک لێرە هەبێت. مەگەر نا؟"

بەندەر شانێکی هەڵتەکاند و گوتی، "بازرگانییەکە باش بوو. تا چەند مانگێک لەمەوبەر پارەیەکی باشم بە کرینی تفەنگ لە ئەردەنی ڕۆژهەڵات و فرۆشتنەوەی بە پیاوانی دەویش پەیدا دەکرد. بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، هیچی نەماوە. ناتوانیت تاقە تفەنگێک بفرۆشیت.

"چۆن شتی وا دەبێت؟ دەبێت دەویش لە ئێستادا زیاتر لە جاران پێویستی بێت."

"دەی وایە. بەڵام ئەو بە نرخێک چەکی دەست دەکەوێت کەسانی وەکو من ناتوانن بەو نرخە بیفرۆشن. ئەو چەکی پاکی لە دەرەوەی ولّاتەوە بۆ دێت، بەڵێ، تفەنگی ئینگلیزی کە هەر دەڵێیت لۆکن؛ هەر تفەنگێک بە دە ڕیاڵ دەکڕێت و هەریەکێکیشیان دووسەد فیشەکیان لەگەڵە."

زەید بە سەرسامییەکی ڕاستگۆیانەوە هاواری کرد، "سوبحانەڵا! چەکێکی نوێ و دووسەد فیشەک بە دە ڕیاڵ! ئەوە خەیاڵییە، باوەڕپێنەکراوە..."

لە ڕاستیدا خەیاڵی بوو، چونکە لەو کاتەدا چەکێکی بەکارهێناری لی ئینفیلد لە نەجد بە سی بۆ سیوپێنج ڕیاڵ بوو، بەبی فیشەکیش؛ ئەگەر بیشیگوتایە دەکرێت نرخ لە کوەیت هەرزانتر بێت وەک لە نەجد، هێشتا ئەو جیاوازییە زۆرە باوەڕپێنەکراو بوو.

بەندەر بزەیەکی وشکی کرد، "دەی، وا دیارە دەویش هاوڕێی بەهێزی هەیە. هاوڕێی زۆر بەهێز. هەندێک دەڵێن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت بە ئەمیری سەربەخۆی باکووری نەجد."

منیش چوومە ناو بابەتەکەوە و گوتم، "بەندەر، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕێتێچووە. ڕەنگە دەویش خۆی لە ئیبن سعود سەربەخۆ بکات. بەڵام خۆ دەویش پارەی نییە، بەبێ پارە تەنانەت ئەسکەندەری مەقدۆنییش ناتوانێت شانشینێکی دروست بکات."

بەندەر دای لە قاوای پێکەنین: "پارە؟ دەویش پارەی زۆرە – ڕیاڵی تازەی زۆرە، کە هەروەکو تفەنگەکان لە سندوقدا و لەوبەری دەریاوە بۆی دێن."

"ڕیاڵ لە سندوقدا؟ ئەوە زۆر سەیرە. دەشتەکییەک ڕیاڵی نوێی لە چ شوێنێکەوە بۆ دێت؟"

"ئەوەیان نازانم، بەڵام دەزانم بە نزیکەیی هەموو ڕۆژێک هەندێک لە پیاوەکانی ڕیاڵە نوێیەکان لە بازرگانە جیاوازەکانی شارەکە وەردەگرن. هەر دوێنێ فەرحانی کوڕی مەشهورم لە بەندەرەکە بینی چاودێریی داگرتنی باریکی ئاوای دەکرد."

ئەوە هەواڵێکی نوێ بوو. فەرحانم باش دەناسی. ئەو برازای بچووکی نوری شەعلان بوو، ئەو شازادە بەناوبانگەی شانبەشانی لۆرنسی عەرەبستان دژی تورکەکان جەنگابوو. من یەکەمجار فەرحانی لاوم لە ساڵی ١٩٢٤ بینی لە دیمەشق، لە کاتێکدا بەوە ناسرابوو دەچێتە شوێنە جێپرسیارەکانی خۆشڕابواردن.

پاش ماوەیەک لە تێکچوونی لەگەڵ مامی گەورەی، لەگەڵ لقێکی هۆزەکەیدا، واتە هۆزی ڕولە، کۆچی کرد بۆ نەجد؛ ئەوە بوو لە پڕێکدا بوو بە کەسێکی "لەخوداترس" و چووە پاڵ جولاّنەوەی ئیخوانەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ لە قەلاّکەی ئیبن موساعد لە حائل بینیمەوە. ئەوکات سەرپێچە گەورە سپییەکەی ئیخوانی وەکو ئاماژەیەک بۆ باوەڕە نوێیەکەی لە سەری ئالاّنبدوو، هەروەها چێژی لە بەخششەکانی پاشا وەردەگرت؛ کاتێک باسی یەکتربینینەکانی دیمەشقیان کرد، خێرا بابەتی گۆڕی. ئەو گێل و ورەبەرز بوو، بۆیە لە یاخیبوونەکەی دەویشدا دەرفەتی ئەوەی دیبوو ئیمارەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی لە جەوف - مێرگێکی باکووری نفودی مەزن - دروست بکات؛ لە عەرەبستان، وەکو هەندێک جێگەی تر، یاخیبوان ئەو نەریتە دێرینەیان پاراستووە کە پێش کوشتنی شێرەکە، پێستی شێرەکە دابەش کراوە.

لە بەندەرم پرسی، "کەوایە فەرحان لە کوەیتە؟"

"بێگومان. ئەویش وەکو دەویش دێت و دەچێت، هەروەها بە ئارەزووی خۆی دەچێت بۆ کۆشی شێخ. دەڵێن شێخ ئەوی خۆش دەوێت."

"بەڵام بەڕێتانییەکان کێشەیان لەگەڵ هاتنی دەویش و فەرحان بۆ کوەیت نییە؟ ئەوەندەی بیرم بێت، چەند مانگێک لەمەوبەر نەیاندەهێشت دەویش و شوێنکەوتوانی بێنە ئەم ناوچەیەوە...؟

بەندەر دیسانەوە دایە قاقای پێکەنین، "وابوو، وابوو. بەڵام وەکو گوتم، دەویش هاوڕێی زۆر بەهێزی هەیە... نازانم ئێستا لە شاردایە یان نا؛ بەڵام فەرحان لێرەیە. ئەو هەموو ئێوارەیەک دەچێت بۆ مزگەوتە گەورەکە - ئەگەر باوەڕ بە من ناکەن، بچن بە چاوی خۆتان ببینن."

بە چاوی خۆمان بینیمان. کاتێک شوێنی قسەکەی بەندەر کەوتین و من و زەید ئێوارە لە مزگەوتە گەورەکە نزیک بووینەوە، خەریک بوو بەر کۆمەڵێک

دەشتەکی بکەوین، کە لە گۆشەکەوە دەرکەوتن و گومان لەوەدا نەبوو نەجدین. پیاوێک لە ناوەڕاستەکانی سییەکانی تەمەنیدا لە پێشیانەوە بوو و تۆزێک لەوان بەرزتر بوو، هەروەها ڕوخسارە قۆزەکەی بە ڕیشێکی کورت و ڕەش ڕازابوویەوە. من دەستبەجێ ئەوم ناسییەوە. تا ئەمڕۆیش نازانم ئایا ئەو منی ناسییەوە یان نا؛ بۆ ساتێک نیگاکانمان یەکیان بڕی، ئەو بە سەرسامییەکەوە تەماشای کردم، وەکو ئەوەی دەستەکانی لە ژووری تاریکیی یادەوەریدا بجوڵێنێت و یادەوەرییەکی کۆن هەڵبگرێتەوە، پاشان ڕووی وەرگێڕا؛ چرکەیەک پاشتر خۆی و نیگاکانی لەناو ئەهلی مزگەوتدا ون بوون.

بڕیارمان دا بە چاوەڕێکردنی بینینی دەویش مانەوە نهێنییەکەمان لە کوەیت درێژ نەکەینەوە. پرسوجۆکانی زەید لە ناسیاوەکانی تری قسەکانی بەندەریان پشتڕاست کردەوە. هێنانی چەکی لی ئینفیڵد بۆ دەویش – کە بۆ فریودان ناویان نابوو "کڕین" – ئاماژە بوو بۆ کاری بارزگانێکی کوەیتی کە دەمێک بێت لە بازرگانیی هاوردەکردنی چەکدا بێت؛ ڕیاڵە ماریا تێریساکانیش لە بازاڕەکانی کوەیتدا دەگەڕانەوە بۆ دەویش و پیاوەکانی. ئێمە وەسڵ و پەڕاوە فەرمییەکانی ڕێککەوتنەکانمان نەبینی، کە بێگومان نەدەکرا دەستمان بەوانە بگات، بەڵام بەڵگەی پێویستمان بۆ پشتڕاستکردنەوەی گومانەکانی پاشا دەست کەوت.

ئەرکەکەی من تەواو بوو؛ شەوی دواتر بە دزییەوە چۆن هاتبووین بۆ کوەیت، ئاوایش دەرچووین. کاتێک من و زەید خەریکی لێکۆڵینەوە بووین، سوڵوبییەکە بۆی دەرکەوتبوو هیچ کۆمەڵەیەکی یاخی لە باشووری کوەیت نییە. بەرەو باشوور کەوتینە ڕێ – بە ئاڕاستەی ئەحسا، کە بە تەواوەتی لە بندەستی پاشادا بوو. پاش دوو شەو لە گەشتی ماندووکەر کۆمەڵێک دەشتەکیی بەنو حەجەرمان بینی، کە لە لایەن ئەمیری ئەحساوە نێردرابوون بۆ پشکنینی شوێنی ئەم دوویاییانەی یاخییەکان. لەگەڵ ئەواندا چووینەوە ناو خاکی دۆست. کاتێک پێیان خستە شانشینی ئیبن سعودەوە، لە هاوەڵە سوڵوبییەکەمان جیا بووینەوە؛

ئەو بە شادییەوە پارە شایستەکەی خستە گیرفانی و بەو حوشترەی من کردبوومە دیاریی بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاوی نا، ئێمەیش بە ئاڕاستەی باشوور بەرەو ڕیاز بەردەوام بووین.

ئەو وتارانەی دواتر نووسیمن بۆ ئەوەڵین جار ڕوونیان کردەوە دەسەڵاتێکی گەورەی ئەوروپی لە پشت یاخیبوانەوەیە. وتارەکانم ئاماژەیان بەوە دا ئامانجی ئەم ناکۆکییانە پاڵنانی سنووورەکانی ئیبن سعودە بەرەو باشوور، تاکو لە کۆتاییدا باکووریترین ویلایەتی ئەو بکرێت بە ناوچەیەکی سەربەخۆی نێوان ئێراق و سعودیە، ئەوەیش ڕێی بە بەڕیتانییەکان دەدا هێڵێکی شەمەندەفەر دروست بکەن. جیا لەمە، یاخیبوونەکەی دەویش ڕێیەکی باش بوو بۆ دروستکردنی پشێوی لە شانشینەکەی ئیبن سعوددا، ئەمەیش دەکرا ببێتە هۆی ئەوەی چیتر ئیبن سعود نەتوانێت نەخێر بۆ دوو داواکارییەکەی بەڕیتانیا بکات: یەکەمیان ئەوە بوو ئیبن سعود بەندەری ڕەبیغی باکووری جیددە بەکرێ بدات بە بەڕیتانییەکان، چونکە بەڕیتانییەکان دەمێک بوو دەیانویست بنکەیەکی سەربازیی دەریایی دابنێن، دووەمیشیان جڵەوکردنی ئەو بەشەی هێڵە شەمەندەفەرەکەی دیمەشق-مەدینە بوو کە بە خاکی سعودییەدا دەڕوات. ئەگەر دەویش ئیبن سعودی ببەزاندایە، هەموو ئەوانە بەدی دەهاتن.

بڵاوبوونەوەی وتارەکانم لە ڕۆژنامە ئەوروپی و عەرەبییەکاندا (زیاتر میسڕی) هەستیارییەکیان دروست کرد؛ ڕەنگە ئەو ئاشکراکردنە زووەی پلانە نهێنییەکان لە شکستهێنانی دوایی پلانەکاندا ڕۆڵی هەبووبێت. هەرچۆنێک بێت، سەرەڕای ئەو هەموو پارەیەی بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی تەرخان کرابوو، پڕۆژەی هێڵێکی شەمەندەفەری بەڕیتانی لە حەیفاوە بۆ بەسرە وەلا نرا و هەرگیز باس نەکرایەوە.

ئەوەی دواتر ڕوویدا مێژووە: لە هاوینی هەمان ساڵدا، واتە ساڵی ١٩٢٩، ئیبن سعود لای بەڕیتانییەکان سکاڵای لەو ئازادییە کرد کە دەویش بۆ کڕینی چەک

و فیشەک لە کوەیت هەیەتی. لەبەرئەوەی بەڵگەی بەرجەستەی نەبوو، تەنها دەیتوانی سکالاّ لە فرۆشتنەکان بکات. بەڕیتانییەکان گوتیان فرۆشیارانی کوەیت چەک و فیشەک بۆ یاخیبوان دابین دەکەن، ئەوانیش هیچیان پێ ناکرێت، چونکە لە پەیمانەکەی ١٩٢٧ی جیددەدا بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانی چەکیان بۆ عەرەبستان هەڵوەشاندووەتەوە. ئەوان گوتیان ئەگەر ئیبن سعود بیەوێت، دەتوانێت ئەویش لە کوەیتەوە چەک بگوازێتەوە... کاتێک ئیبن سعود گوتی هەمان ئەو پەیمانە بەڕیتانی و سعودییەکان ناچار دەکات ڕێگە بە چالاکییەک نەدەن مەترسی لەسەر یەکێکیان دروست بکات، پێیان گوت کوەیت "ناوچەی بەڕیتانی" نییە، بەڵکو ناوچەی سەربەخۆی شێخایەتییە و بەڕیتانیا تەنها پەیوەندیی لەگەڵیدا هەیە و هیچی تر.

شەڕە ناوخۆکە بەردەوام بوو. لە کۆتایی پایزی ١٩٢٩دا، ئیبن سعود خۆی بەشداریی جەنگی کرد و بڕیاری دا دوای دەویش بکەوێت تەنانەت ئەگەر ناچار بێت بۆیشی بچێتە ناو کوەیت، چونکە ئەو سنوورە هەمیشە بە ڕووی یاخییەکاندا کراوە بوو. کاتێک ئیبن سعود ئاوا خۆی یەکلا کردەوە، هەروەها دەسەلاّتدارە بەڕیتانییەکانیشی ئاگادار کردبوویەوە، بەڕیتانییەکان زانییان درێژەدان بەو یارییە مەترسیدارە. فڕۆکە و ئۆتۆمبێلە سەربازییە بەڕیتانییەکان پشتیان لە دەویش گرت و نەیانهێشت بگەڕێتەوە ناو سنووری کوەیت. یاخییەکە زانیی یارییەکەی دۆڕاندووە و هەرگیز ناتوانێت لە جەنگێکی کراوەدا بەرانبەر پاشا بوەستێت، دەستی بە دانوستان کرد. مەرجەکانی پاشا ڕوون و ڕەوان بوون: یاخییەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن؛ چەک و ئەسپ و حوشترەکانیان لێ بسەنرێت؛ ژیانی دەویش دەپارێزرا، بەڵام دەبوو ژیانی لە ڕیاز بەسەر ببات.

دەویش، کە بەردەوام چالاک و پڕ لە جوڵە بوو، نەیدەتوانی بە بێجوڵەیی و

جێگیری قایل ببێت، بۆیە پێشنیارەکەی ڕەت کردەوە. یاخییەکان شەڕێکی دۆڕاویان دژی هێزەکانی پاشا کرد، پاشان بە تەواوەتی شکست دران؛ دەویش و هەندێک سەرکردەی تر – لە نێویاندا فەرحانی ئیبن مەشهور و نایفی ئەبو کیلاب، سەرۆکهۆزی عەجمان – ڕایانکرد بۆ عەجمان.

ئیبن سعود داوای ڕادەستکردنەوەی دەویشی کردەوە. سەرەتا وا دەردەکەوت شا فەیسەڵی ئێراق یاسای دێرینی عەرەبیی پێشوازی و پەنادان بەکار بهێنێت و داواکارییەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵام دواتر ملی دا. لە سەرەتای ١٩٣٠دا، دەویشی نەخۆش و پەرێشان ڕادەستی پاشا کرایەوە و هێنرا بۆ ڕیاز. کاتێک ئەمجارەیان دەرکەوت نزیکە لە مەرگ، پاشا ئیبن سعود وەکو هەمیشە میهرەبانیی نواند و نارددییەوە بۆ لای خانەوادەکەی لە ئەرتەوەیە، هەر لەوێیش ژیانە پڕ لە ئازاوەکەی کۆتایی هات.

جارێکی تر ئاشتی بە سەرزەمینی ئیبن سعوددا بڵاو بوویەوە.

جارێکی تریش ئاشتی لە دەوری بیرەکانی عەرجا جێگیر بوو.

"خودا تەمەندرێژتان بکات ڕێبوارینە! وەرن لەو نیعمەتەی بە ئێمە دراوە بەشدار بن!" ئەمە هاواری دەشتەکییە موتەپرییە بەتەمەنەکەیە؛ پیاوەکانی یارمەتیمان دەدەن ئاوی حوشترەکانمان بدەین. ئەو هەموو دوژمنایەتییەی ڕابردووی نزیک لەیاد کراوە، وەکو ئەوەی هەر ڕووینەدابێت.

دەشیەکییەکان نەژادێکی سەیرن: خێرا لە هەمووشتێک، تەنانەت جاروبار لە وروژێنەری خەیاڵییش دەخرۆشێن، بەڵام زوویش هێمن دەبنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شێوازەی ژیان کە تیایدا میهرەبانی و خۆبەکەمگری زاڵن: هەمیشە بەهەشت و دۆزەخ لە ناخیاندا هاوسێن.

کاتێک لە سەتڵە گەورە چەرمەکاندا ئاو بۆ حوشترەکانمان هەڵدەکێشن، پێکەوە گۆرانی دەڵێین:

بخۆرەوە، دڵۆپێک بەجێ مەهێڵە،

بیرەکە پڕە لە بەرەکەت و بێبنە!

(٣)

لە شەوی پێنجەمی جێهێشتنی حائڵدا، دەگەین بە دەشتی مەدینە و لە تاریکییەکەدا لێواری کێوی ئوحود دیارە. حوشترەکان هەنگاوی ماندوو هەڵدەگن؛ گەشتەکەمان درێژ بووە، لە بەیانیی زووەوە تا ئەم کاتەی شەو. زەید و مەنسور بێدەنگن، منیش هەروا. لە بەردەم تریفەی مانگدا دیوارەکانی شارەکە و مناڕەی مزگەوتی پێغەمبەر دەردەکەون.

گەیشتینە بەردەم ئەو دەروازەیەی پێی دەگوترێت دەروازەی سووری، چونکە ڕووی لە باکوورە. حوشترەکان شەرم لە شووڕە گەورەکان دەکەن، بۆیە بە گۆچانەکانمان لێیان دەدەین تاکو بڕۆن.

دیسانەوە گەڕامەوە شاری پێغەمبەر، پاش گەڕانێکی درێژ هاتمەوە ماڵەوە: ئەم شارە چەندین ساڵ ماڵم بووە. بێدەنگییەکی ناسراو و قوواڵ باڵی بەسەر شەقامە بێدەنگ و بۆشەکاندا کێشاوە. لێرە و لەوێ سەگێک تەمبەڵانە لە بەردەم حوشترەکەدا هەڵدەستێتەوە. لاوێک بە دەم گۆرانیگوتنەوە بە لامانداتێپەڕی؛ دەنگی بە ئاوازێکی نەرم دەڕوات و پاش کەمێک کز دەبێت و نامێنێت. باڵکۆنە قەوسەکان و پەنجەرەی ماڵەکان تاریک بوون و بە بێدەنگی لە سەرمانەوە بوون. هەوای نیوەشەو گەرمییەکی تیادا بوو، وەکو شیری تازە.

ئەمەیش ماڵەکەمە.

مەنسور دەڕوات تا بچێت بۆ لای کۆمەڵێک هاوڕێی، من و زەیدیش حوشترەکان ڕادەگرین. زەید بە بێدەنگی دەیانبەستێتەوە و بارەکانیان دادەگرێت. لە دەرگاکە دەدەم. پاش کەمێک ڕۆشنایی چرایەک دەردەکەوێت و ئامینە، خزمەتکارە سودانییەکەم، بە شادییەوە هاوار دەکات:

"هێی، گەورەم هاتەوە!"

09
نامەیەکی فارسی

(١)

پاشنیوەڕۆیە. لە باخی هاوڕێکەمدا پێکەوە لە دەرەوەی دەروازەی باشووری مەدینە دانیشتووین. گەورەیی قەدی خورماکانی باخەکە ڕەنگی سەوز بە پشتەوەی دیمەنەکە دەدات و وا لە باخەکە دەکات ناکۆتا دەربکەوێت. درەختەکان هێشتا لاو و نزمن؛ تیشکی خۆرئاوا لەگەڵ قەد و گەڵای درەختەکاندا سەما دەکات. سەوزییەکەیان بڕێک تۆزاوییە، چونکە لەو کاتەی ساڵدا هەموو ڕۆژانە گێژەڵووکەی لمین هەیە. تەنها گژوگیای ژێر دارخورماکان بە تەواوەتی سەوزن و تێک نەچوون.

لە نزیکمەوە دیوارەکانی شارەکە دەبینم، پیرن، ڕەساسین، هەروەها لە خشتی بەردین و قوڕین دروست کراون، لێرە و لەوێیش پایە بەدی دەکرێت. لە پشتی دیوارەکەوە کۆمەڵێک دارخورمای ڕازاوەی باخێکی تری ناو شارەکە دیارن، هەروەها هەندێک ماڵ، کە پەردەکانیان تاریکە و باڵکۆنییەکانیان داخراوە، بەرچاو دەکەون؛ هەندێکیان دراونەتە پاڵ دیواری شارەکە و ئاوێتەی بوون. لە دوورەوە، پێنج منارەی مزگەوتی پێغەمبەر دەبینم، سەربەزن و دەنگیان ناسکە وەکو دەنگی فلوت، هەروەها ئەو گومەزە سەوزەیشم لێوە دیارە کە ماڵە بچووکەکەی پێغەمبەر دادەپۆشێت – ئەو ماڵەی تیایدا ژیاوە و ئێستایش گۆڕەکەیەتی؛ هەروەها ئەولاتری شارەکە، بەڵکو تەپۆڵکەی چیای ئوحود دیارە: پاشوێنەیەکی قاوەیی و سور بۆ منارە سپییەکانی مزگەوتە پیرۆزەکە، هەروەها بۆ تاجی خورماکان و ماڵەکانی شارەکە.

ئاسمان، که له بەردەم خۆری پاشنیوەڕۆدا دەدرەوشایەوە، ڕەنگێکی شینی لەودیو هەورەکانەوە هەبوو، شارەکەیش نوقمی ڕۆشناییەکی ئاوێتەی شین و ئاڵتونی و سەوز بووبوو. بایەکی بەرز لە دەوری هەورە نەرمەکان دەهات و دەچوو، کە لە عەرەبستان متمانەی پێ ناکرێت. هەرگیز ناتوانیت لە بارێکی وەهادا بڵێیت، "ئێستا هەورە، کەوایە باران دەبارێت": چونکە جاری وایە هەورەکان قورسن و دەڵێی تۆفانێکیان لە هەناویاندا هەڵگرتووە، کەچی نەڕەی بایەک دێت و پەرتی دەکاتەوە؛ پاشان ڕوخساری گەلی چاولەباران کز دەبێت و لەبەر خۆیانەوە دەڵێن، "لا حول ولا قوة الا بالله" – ئاسمانیش بەبێ میهر لە درەوشانەوەی خۆی بەردەوامە.

ماڵئاوایی لە هاوەڵەکەم دەکەم و بەرەو دەروازەی دەرەوەی شارەکە بەڕێ دەکەومەوە. پیاوێک بەسەر گوێدرێژێکەوە بە لامدا دەڕوات، کە دوو گوێدرێژی تری پێیە و هەریەکێکیان بارێک گژوگیای لەسەرە. گاڵۆکەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت، "سەلامت لەسەر بێت،" منیش وەڵامی دەدەمەوە. پاشان ژنێکی لاوی دەشتەکی دێت و ڕۆبە ڕەشەکەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت و بەشی خوارەوەی ڕوخساری داپۆشراوە. چاوە درەوشاوەکانی ئەوەندە ڕەشن، گلێنە و ڕەشێنەی چاوی ئاوێتە بوون؛ لە هەنگاوەکانیشیدا پەلەیەک و گرژییەک هەیە، هەروەهو هی ئاژەڵە لاوەکانی دەشت.

دەچمە شارەکەوە و مەیدانی کراوە و فراوانی مەناخە دەبڕم و دەچمەوە ناوەوەی دیوارەکە؛ لە خوارەوەی قەوسی گەورەی دەروازەی میسڕی، کە ئەوانەی پارە دەگۆڕنەوە لە ژێریدا دادەنیشن و دەنگی خڕەخڕی دراوە ئاڵتون و زیوەکانیان دێت، پێم دەخەمە بازاڕە سەرەکییەکە – شەقامێکی دوازدە پێی، پڕ لە دوکان و قەرەباڵغی.

فرۆشیارەکان بە گۆرانی وەسفی کاڵاکانیان دەکەن. سەرپۆشی درەوشاوە، ڕۆب و شاڵی ئاوریشمی کشمیری سەرنجی پیادەکان ڕادەکێشن. زیوفرۆشەکان

لە پشتەوەی کەیسی شوشەیی پڕ لە خشڵی زیوەوە -بازنە، ملوانکە، گوارە – دادەنیشن. بۆنفرۆشەکان شوشەی بۆنداری خەنە، پاکەتی بچووکی کل، بتڵی گەورەی ڕۆن و بەهارات. بازرگانانی نەجد پۆشاکی دەشتەکی و زین و تورەکەی گەشت، کە لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانەوە دەیهێنن، دەفرۆشن. دەڵاڵێک بە شەقامەکەدا ڕادەکات، بە هەموو دەنگی هاوار دەکات و فەرشێکی فارسی و عەبایەکی پێستی حوشتری لەسەر شانە، هەروەها سەماوەرێکیشی بە قۆڵی گرتووە. لە هەردوو لاوە دوونیایەک خەڵک دەهاتن و دەچوون، لە مەدینەوە و هەموو عەرەبستانەوە – ئەوکات تازە وەرزی حەج تەواو بووبوو – هەروەها لە هەموو وڵاتانی تروە هەر لە سەنیگالەوە تا کیرغیز، لە نێوان هندی شەرقی و زەریای ئەتلاڵنتیک، لە نێوان ئەستراخان و زەنزیبار: بەڵام لەگەڵ زۆریی خەڵکەکە و تەسکی شەقامەکەدا، هیچ پەلەپەلێک، هەروەها هیچ پاڵنان و شانشانێنێک نەبوو: چونکە کات لە مەدینە پەلەی نییە.

بەڵام ئەوەی سەیرترە، گەرچی خەڵکێکی زۆر لەوێن و هەریەکێک جۆرێک و نەژادێکە و جلوبەرگێکی جیاوازی لەبەردایە، بەڵام هیچ تێکەڵەیەکی نائاسایی لەسەر شەقامەکان بەدی نەدەکرا: هەمەجۆریی شکڵەکان تەنها لە چاوی کەسی لێکدەرەوەدا دەردەکەوێت. وا دەردەکەوت هەموو ئەوانەی لەم شارەدا دەژیان، یان ماوەیەک تیایدا دەمانەوە، دەکەوتنە ناو کەشێکی هاوبەشەوە، بەڵکو دەکەونە ناو ڕەفتارێکی هاوبەشەوە، بەڵکو تەنانەت دەربڕینی ڕوخساریشیان لە یەکتری نزیک دەبێتەوە: چونکە هەموویان شیفتەی پێغەمبەرن، هەموویان شەو تا بەیانی پاسەوانی لە حەڕەمی دڵیان دەکەن، تا لە وێنە و خەیاڵی ڕووی ئەو بترازێ، وێنە و خەیاڵێکی تر لەسەر پەردەی دڵیان دەرنەکەوێت؛ بەڵێ ئەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان شاری پێغەمبەر بوو، نێستایش میوانەکانی ئەون لێرەن...

تەنانەت پاش سیازدە سەدەیش هێشتا ئامادەیی مەعنەویی پێغەمبەر وەکو ئەوکات زیندووە. بەهۆی ئەوەوە بوو کۆمەڵێک لادێ بە ناوی یەسریب بوون بە

شارێک، بوون به ئەوینی هەموو موسوڵمانێک، به جۆرێک هەرگیز هیچ شارێک لای هیچ گەلێک هێندە خۆشەویست نەبووە. ئەم شارە ئەگەر بە تاقی تەنیا ڕابوەستێت، ناوی نییە، بەڵکو هەزاروسێسەد ساڵە پێی دەگوترێت مەدینەتونەبی، واتە شارەکەی پێغەمبەر. ئەوە هەزاروسێسەد ساڵە ئەوەندە ئەوین لەم شارەدا کۆبووەتەوە، ئەوەی دەچێتە ناوی دەبێت بە ئەندامی خانەوادەیەک، هەموو جیاوازییەک لێرە دەبێت بە هاوئاهەنگی.

ئەمە ئەو شادییەیە کە لێرە هەستی پێ دەکەیت: شادیی هاوئاهەنگی. گەرچی ژیانی مەدینە ڕەهەندێکی فەرمی و دووری لەوە هەیە کە پێغەمبەر دەیویست؛ گەرچی هۆشیاریی مەعنەوی دابەزیوە، هەروەکو چۆن لە شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلامی دابەزیوە، هێشتا بەستەرێکی هەستیی باڵا لەگەڵ ڕابردوودا زیندووە. هەرگیز هیچ شارێک بەو ڕادەیە لەبەر تاقە نەفەرێک خۆشویستراو نەبووە؛ بێ لەو پێغەمبەرەی لەم شارەدا نێژراوە، هیچ پیاوێک نییە و نەبووە و نابێت بۆ ماوەی هەزاروسێسەد ساڵ لە لایەن ئەو هەموو خەڵکەوە بەو شێوە ئەویندارانەیە خۆش بویسترێت.

ئەو پیاوە خۆی وەکو پیاوێک ناساندبوو کە دەمرێت، هەرگیز موسوڵمانانیش ئەویان نەکردبوو بە خودا، لە کاتێکدا شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانی تر ئەوەیان کردووە. بەڵێ، قورئان جەخت لە مرۆڤبوونی موحەممەد دەکاتەوە:

"موحەممەد تەنها پێغەمبەرێکە؛ بەر لە ئەو پێغەمبەرانی تر هاتوون و چوون؛ ئایا ئەگەر بمرێت یان بکوژرێت پاشگەز دەبنەوە."[1]

قورئان جەختی لەوە کردووەتەوە پێغەمبەر لە بەرانبەر خودادا هیچ نییە:

"[ئەی موحەممەد] بڵێ: من خاوەنی سوود و زیان خۆم نیم، مەگەر ئەوەی

---

[1] قورئان ٣:١٤٤

خودا دەیەوێت؛ خۆ ئەگەر غەیبم بزانیبایە، وام دەکرد خێرم زیاد بێت و زیانم پێ نەکەوێت؛ من تەنها ترسێنەرێک و مژدەدەرێکم بۆ گەلێک کە باوەڕ دەهێنن."[1]

ئەو مرۆڤ بوو، بۆیە وەکو مرۆڤەکانی تر ژیا، چێژی لە خۆشییەکانی ژیانی مرۆڤ وەردەگرت و ئازارەکانیشی دەچەشت، هەر لەبەر مرۆڤبوونەکەیشی ئەوانەی چواردەوری شەیدای بووبوون.

ئەم ئەوینە مەرگی تێپەڕاند، بەڵکو مەرگ لە حەقی نەهات، ئەوەتا دڵی شوێنکەوتووەکانی سەرڕێژە لە ئەوینی. ئەم ئەوینە لە مەدینە پاشایە. هەموو بەردێکی ئەم شارە دێرینە باسی ئەو خۆشەویستەت بۆ دەکات. ئەگەر لەگەڵ پیرێکدا بکەیت، قەسیدەیەک بۆ پێغەمبەر لەسەر دەستت دەنەخشێت: بەڵام ئەوکاتیش ناتوانیت ئەوینەکە بە وشە دەربڕیت...

(٢)

کاتێک بە بازارەکە بە ئاڕاستەی مزگەوتە گەورەکە دەڕۆم، ناسیاوە بەتەمەنەکان سەلامم لێ دەکەن. سەلام لەم فرۆشیار و ئەو پینەچییە دەکەم، تا لە کۆتاییدا زوغەیبیی هاوڕێم ڕامدەکێشێت و لەسەر ئەو سەکۆیە دامدەنیشێنێت کە بۆ فرۆشتنی جل بە دەشتەکییەکان بەکاری دەهێنێت.

"کەی هاتیتەوە موحەممەد، لەکوێ بوویت؟ چەند مانگێکە دیار نیت."

"لە حائل و نفوودەوە دێمەوە."

"ئەی لێرە دەمێنیتەوە؟"

"نا برام، دوو سبەی دەچم بۆ مەککە."

---

[1] قورئان ٧:١٨٨

زوغەیبی کوڕی قاوەخانەکەی بەرانبەر بانگ دەکات؛ هەرزوو دەنگی خڕەی کوپەکان دێت.

"بەڵام بۆچی موحەممەد؟ وەرزی حەج تێپەڕیوە..."

"بۆ حەج ناچم بۆ مەککە. هەرچۆن بێت، مەگەر پێنج جار حەجم نەکردووە؟ بەڵام هەستێک پێم دەڵێت کاتم لە عەرەبستان بەرەو کۆتایی دەچێت، بۆیە دەمەوێت ئەو شارە ببینمەوە کە ژیانی ئەم شارەم لێی دەستی پێ کرد."

زوغەیبی بە بێتاقەتییەوە سەری بادەدات: "ئەم خاکە چۆڵ دەکەیت، براکانت بەجێ دەهێڵیت؟ چۆن قسەیەکی وەها دەکەیت؟"

شکڵێکی ناسیاو بە خێرایی بەوێدا دەڕوات: زەیدە و دیارە بۆ کەسێک دەگەڕێت.

"ئەهای زەید، بۆ کوێ؟"

لا دەکاتەوە و دەڵێت:

"بۆ تۆ دەگەڕێم مامە؛ کۆمەڵێک نامەم لە ئۆفیسی پۆستەکەوە بۆ هێناویت. فەرموو. شێخ زوغەیبی سەلامت لێ بێت."

بە چوارمشقییەوە دانیشتووم و سەیری نامەکان دەکەم: هەندێک نامەیان هی هاوەڵانی مەککەیە؛ یەکێکیان هی سەرنووسەری ڕۆژنامەی *نیو زورچەر زیتەنگی* سویسرایە، کە بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕابردوو بابەتم بۆ نووسیون؛ یەکێکیان لە هندستانەوەیە و داوام لێ دەکات بچم بە گەورەترین کۆمەڵگەی ئیسلامی ئاشنا بم؛ چەند نامەیەکیش لە بەشە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە؛ یەکێکیشیان لە تارانەوە، لە عەلی ئاغای هاوەڵمەوە، کە ساڵێکە خەبەریم نییە. نامەکە دەکەمەوە و سەیری دەستوخەتە شکەستە جوانەکەی عەلی ئاغا دەکەم:

بۆ هاوەڵ و برای ئازیزمان، ڕۆشنایی دڵمان، ئەسەد ئاغای بەڕێز، خودا تەمەنی درێژ بکات و هەنگاوەکانی سەلامەت بکات. ئامین.

سەلامت لێ بێت و هەردەم لە بەردەم ڕەحمەتی خودادا بیت. لە خودا داواکارین تەندروست و شادومانت بکات؛ دەزانم بە بیستنی هەواڵی سەلامەتیی ئێمە شاد دەبیت، بۆیە هەواڵی سەلامەتیی خۆمانت پێ دەگەیەنم، سوپاس بۆ خوا.

دەمێکە نامەمان بۆ نەنووسیویت، چونکە ژیانی چەند مانگی ڕابردوومان ناهاوسەنگ بووە. باوکمان، خوا غەریقی ڕەحمەتی بکات، ساڵێک لەمەوبەر گیانی پاکی سپارد، ئێمەیش وەکو کوری گەورە، دەبوو سەرقاڵی کاروباری خانەوادەکەمان بین. جیا لەوە، خودا ویستی لەسەر بووە ئەم بەندە ناچیزەی پلەی بەرز ببێتەوە و ببێت بە کۆڵۆنێڵ. لەوەیش بەدەر، چاوەڕێین بەم زوانە هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی جوان و بەڕێز بکەین، کە شیرین خانی دووەم ئامۆزامانە – بەم شێوەیە ڕۆژگاری ناجێگیریمان کۆتایی دێت. وەکو لە دڵە باشەکەی تۆ شاراوە نییە، ئێمە لە ڕابردوودا لە تاوان و هەڵە بەدەر نەبووین، دەی مەگەر حافزی شیرازی نانێت:

"ئەی خودا، خۆت تەختەت هەڵداوەتە دەریا،

تۆ بڵێی تەختە لە دەریادا وشک بمێنێتەوە؟"

کەوایە عەلی ئاغای بەتەمەن لە کۆتاییدا دادەمەزرا و دەبوو بە کەسێکی ڕێزلێگیراو. کاتێک جاری یەکەم، حەوت ساڵ لەمەوبەر لە شاری بام دیم، نەفیکراو بوو و زۆر ڕێزلێنەگیراو نەبوو. گەرچی ئەوکات بیستوشەش ساڵ بوو، ڕابردوویەکی قەرەباڵغ و پڕ لە چالاکیی هەبوو؛ ئەو بەشداریی لەو هەرا سیاسییانەدا کردبوو کە بوونە هۆی ئەوەی ڕەزا خان دەسەڵات بگرێتە دەست، هەروەها ئەگەر زۆر بە دوای کەیف و سەفاوە نەبوایە دەکرا لە تاران ببوایە بە شتێک. پێشتر باوکە کاریگەر و نیگەرانەکەی پێی وابووبوو ئەگەر لە خۆشییەکانی تاران دووری بخاتەوە، کوڕەکەی دەبێت بە پیاو، بۆیە ناردبووی بۆ بام. بەڵام عەلی ئاغا لە بامیش کەیف و سەفای خۆی پەیدا کردبوو: ژنان، عارەق، ژەهری شیرینی ئەفیون؛ ژیانی خۆی بەمانە بەخشیبوو.

لەو کاتەدا، واتە ساڵی ١٩٢٥، ئەوکات جەندرمەیەکی ناوچەیی بوو و پلەی سەربازیی ئەفسەر بوو. کاتێک بیابانی مەزنی دەشتی لووتم دەبڕی، بە دوای عەلی ئاغادا دەگەڕام؛ نامەیەکی والیی کرمانم سەبارەت بە ئەو پێ بوو - بنەمای نامەکەی ئەویش نامەیەکی ڕەزا خانی سەرۆک وەزیران و دیکتاتۆر بوو. عەلی ئاغام لەژێر باخێکی سێبەری دار پرتەقاڵ و ژاڵە و دارخورمادا دا دۆزییەوە. تاجی دارەکان ڕێیان لە تیشکی خۆرەکە دەگرت، بەڵام هێشتایش هەندێک لە تیشکەکان جێی دەرچوونیان دەدۆزییەوە. تیشێرتێکی لەبەردا بوو. فەرشێک داخرا بوو، لەسەر فەرشەکە قاپ و پاشماوەی خواردن هەبوو، هەروەها بتڵی نیوەبەتاڵی ئارەق بەدی دەکرا. عەلی ئاغا داوای لێبوردنی کرد، "لەم وێرانەیە مەی دەست ناکەوێت،" بۆیە زۆری لێ کردم ئارەقە ناوخۆییەکە بخۆمەوە: هێندە بێکەڵک بوو مێشکی شڵەقاندم. بە چاوە مەستەکانیەوە، چاوی خەڵکی باکووری فارس، سەیری نامەکەی کرمانی کرد و گوتی:

"نامەیشت نەهێنایە لەگەڵت دەهاتم بۆ دەشتی لووت. میوانی منیت. ناهێڵم بە تاقی تەنیا بیابانی بەلوچی ببڕیت."

کەسێکی نیمچەڕووت، کە تا ئەوکات لەژێر سێبەری درەختێکدا بوو، هێواش هەستایەوە: ژنێکی لاو بوو، پانتۆڵێکی کورتی شینی ئاوریشمی تا سەر ئەژنۆی لەبەردا بوو. ئەو ڕوخسارێکی ناسکی هەبوو، کە دەتگوت لە ناوەوە سووتابوویەوە، هەروەها لێوەکانی گەورە سور بوون، چاوەکانیشی جوان بوون، وەلێ بە شێوەیەکی سەیریش ناڕوون بوون؛ کلیشی لە چاوەکانی دابوو.

عەلی ئاغا بە فەڕەنسی چرپاندی بە گوێمدا: "نابینایە و گۆرانیبێژێکی چاکە."

مامەڵە بەڕێز و نەرمونیانەکەیم لەگەڵ کچە گۆرانیبێژەکەدا بەرز نرخاند، لە کاتێکدا کچانی گۆرانیبێژ زۆرجار وەکو بەرەڵا سەیر دەکران؛ مامەڵەکەی ئەوەندە جوان بوو، لەگەڵ هەر خانمێکی دیاری تارانییشدا مامەڵەی بکردایە لەوە زیاتر نەدەبوو.

هەرسێکیان لەسەر فەرشەکە دانیشتین. لە کاتێکدا عەلی ئاغا سەرقاڵی خواردنەوە و کێشانی ئەفیون بوو، من لەگەڵ کچە بەلوچییەکەدا دەدوام. گەرچی نابینا بوو، بەوپەڕی شادییەوە پێدەکەنی؛ هەروەها لەو نوکتە و قسەی زیرەکانانەی دەکرد کە ژنە خانومانەکان شەرمیان لێ دەکرد. کاتێک عەلی ئاغا لە کێشانی ئەفیون بوویەوە، دەستی کچەکەی گرت و گوتی:

"ئەم بێگانەیە نەمساییە، بێگومان حەزی لێ دەکات گوێی لە دەنگت بێت؛ پێ ناچێت هەرگیز گوێی لە گۆرانیی بەلوچی بووبیت."

کاتێک عودەکە لە عەلی ئاغا وەردەگرێت و پەنجە لە تاڵەکان دەدات، شادییەکی دوور لەسەر ڕوخسارە بێدیدەکەی دەردەکەوێت. بە دەنگێکی قوولّ گۆرانییەکی دەشتەکیی بەلوچی دەڵێتەوە، کە هەر دەڵێیت خودی ژیان لەسەر لێوە گەرمەکانی بەرجەستە دەبێت....

دەگەڕێمەوە بۆ نامەکە:

بڕا و دۆستی بەڕێزم، ڕۆژانی ڕابردووت بیرە؟ وەختێک پێکەوە دەشتی لووتمان تەی دەکرد؟ بیرتە چۆن بەرانبەر چەتە بەلوچییەکان بۆ گیانمان دەجەنگاین؟

بیرمە؟ بەو پرسیارە بێمانایەی عەلی ئاغا پێدەکەنم و خۆم لە دەشتی دوورەپەڕێزی لووتدا دەبینم، کە فراوانییەکەی لە بەلوچستانەوە تا دڵی ئێرانە. ئەو دەشتەم بۆ گەیشتن بە سیستان دەبڕی، واتە ڕۆژهەڵاتیترین ویلایەتی ئێران، تاکو لەوێیشەوە بچم بۆ ئەفغانستان؛ من لە کرمانەوە هاتبووم، بۆیە ڕێگەی ترم نەبوو.

لەگەڵ پاسەوانە بەلوچییەکاندا لەسەر مێرگێکی سەوزی لێواری بیابانەکە وەستاین، تاکو حوشتر بەکرێ بگرین و پێداویستیی گەشتە درێژەکەمان بکڕین. بارە کاتییەکەمان لە وێستگەی تەلەگرافی هندستان-ئەوروپا بوو. سەرۆکی

وێستگەکە، کە پیاوێکی بالاّبەرز و باریکەلە بوو، بۆ ساتێک چاوی لەسەر من هەڵنەدەگرت و هەڵیدەسەنگانم.

عەلی ئاغا چرپاندی بە گوێمدا، "وریای ئەم پیاوە بە. ئەمە چەتەیە. دەیناسم و دەزانێت دەیناسم. تا چەند ساڵێک لەمەوبەر چەتەی تەواو بوو، بەڵام ئێستا ئەوەندە پارەی کۆکردووەتەوە ژیانێکی بە ڕواڵەت بەڕێزانە بژی – هەروەها ئێستا پارەی زیاتر بە دابینکردنی چەک بۆ کۆنەهاوەڵەکانی پەیدا دەکات. بۆ هەڵێک دەگەڕێم بیخەمە پاقلەکەوە، بەڵام فێڵبازە و شتی لەسەر ساغ ناکرێتەوە. لەو ساتەوەی زانیویەتی تۆ نەمساییت خرۆشاوە. لە ماوەی جەنگی جیهانیدا هەندێک سیخوڕی نەمسایی و ئەڵمانی دەیانویست هۆزەکانی ئەم ناوچەیە دژی بەڕیتانییەکان هان بدەن؛ ئەوان کیسەی ئاڵتونیان پێ بوو: دیارە هاوڕێکەمان وا دەزانێت هەموو ئەڵمانی و نەمساییەک کیسەی ئاڵتونیان پێیە."

بەڵام سەرۆک وێستگە ساختەچییەکە سوودی بۆمان هەبوو، چونکە توانی دوو لە باشترین حوشترەکانی ناوچەکەم بۆ پەیدا بکات. بە درێژایی ڕۆژەکە مامەڵەی کوندە، پەت لە مووی حوشتر، کەرە و هەندێک پیداویستی ترمان کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر جوڵاین. عەلی ئاغا بڕیاری دا لەگەڵ چوار جەندرمەدا پێش بکەوێت، تاکو شوێنێک بۆ لادانی شەو بدۆزێتەوە. هەرزوو تارمایی حوشترەکانیان لە چاو ون بوو. ئەوانی ترمان – من، ئیبراهیم، هەروەها جەندرمەی پێنجەم – هێواشتر دەڕۆیشتین.

لەسەر حوشترە پەلباریکەکان دەلەرییەوە: سەرەتا بەسەر لمی زەرد و تێکەڵ بە گڕوگیای لێکدابڕاو، پاشتریش زیاتر و زیاتر چووینە دەشتاییەکەوە – دەشتێکی فراوان و بێدەنگ و تەخت و بۆش – کە هێندە چۆڵ بوو، دەتگوت لە ئاسۆدا ون دەبێت: دەی ئاخر چاوەکانت شتێکیان نەدەدۆزییەوە لەسەری جێگیر بن، نە تەپۆڵکەیەک، نە زەمینێک، نە بەردێک، نە پوشێک و نە گیایەک. دەنگی ئاژەڵ نەدەهات، جریوەی مەل و گیزەی مێروو بێدەنگییەکەیان

نەدەشکاند، هەروەها بایەکەیش هیچ بەربەستێکی لە بەردەمدا نەبوو، بۆیە بە بێدەنگی خۆی بە بۆشاییدا دەهات و دەچوو – بەڵکو چۆن بەردێک دەکەوێتە ناو چاڵێکی قووڵی بێبنەوە، بایەکەیش ئاوا دەکەوتە ناو بۆشاییەکەوە... ئەمێ بێدەنگیی مەرگ نەبوو، بەڵکو بێدەنگیی ئەو لەدایکنەبووە بوو کە هێشتا نەهاتووەتە ژیانەوە: بێدەنگیی پێش یەکەمین وشە.

پاشان بێدەنگییەکە شکێندرا. دەنگی مرۆڤێک بە نەرمی و جریوەئاسا خزایە هەواوە و تیایدا جێگیر بوو: هەستت دەکرد دەنگەکە نابیستیت، بەڵکو دەیبینیت، چونکە تەنها بوو، هیچ دەنگێکی تر هاوڕێیەتیی نەدەکرد. دەنگی سەربازە بەلوچییەکەمان بوو. ئەو گۆرانییەکی سەردەمی کۆچەریبوونی دەگوت، کە نیوەی بە ئاوازەوە بوو، نیوەیشی بە شیعرخوێندنەوە، هەروەها ڕیزبوونی کۆمەڵێک وشەی گەرم و نەرم بوون و هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم. دەنگی لە چەند تۆنێکی کەمدا، لەسەر یەک ئاست، بە جێگیرییەوەکەوە کە وردەوردە گەشەی دەکرد و دەبوو بە دەنگێکی گەرووپی، دەهات و دەچوو؛ هەروەها بە دووپاتکردنەوە و هەمەجۆرکردنی ئاوازەکە فراوانییەکی زۆری ئاوێتەی تۆنە تەختەکان کرد – تەخت و بێسنوور، هەروەکو ئەو خاکەی گۆرانییەکە تیایدا لەدایک بووبوو...

ئەو بەشەی لە بیابانەکە بڕیومانە پێی دەگوترێت "بیابانی زەنگی ئەحمەد." سااڵانێک لەمەوبەر، کاروانێک لەم بیابانەدا ون بوو؛ سەرقافڵەی کاروان ئەحمەدی ناو بوو؛ تەواوی کاروانەکە، هەموو پیاوەکان و حوشترەکان، لە تینواندا خنکان؛ دەگوترێت تا ئەمڕۆیش دەنگی زەنگی ملی حوشترەکانی ئەحمەد بەرگوێی ڕێبواران دەکەوێت – دەنگەیلێکی تارماییئاسا و شیوەنگێڕ، کە بێگوێکان ڕادەکێشن و سەردانی مەرگیان پێ دەکەن. لەبەر ئەمەیە پێی دەگوترێت بیابانی زەنگی ئەحمەد.

پاش تاوێک بە عەلی ئاغا و ئەوانی تر دەگەین و لای دەوەنەکانی کاهوردا –

تا چەند ڕۆژێکی تر نایبینینەوە- جێی خۆمان ئاماده دەکەین. هەندێکیان ئاگرێک بە چیلکەوچۆڵ دەکەنەوە و چا لێ دەنێن، عەلی ئاغایش خەریکی کێشانی ئەفیونە. حوشترەکان جۆیان بۆ دادەنرێت و لە دەوری ئێمە خڕ دەبنەوە. سیان لە جەندرمەکان لەسەر گردە لمینەکان چاودێری دەکەن، چونکە ئەو شوێنەی تیایدا گیرساوینەتەوە یاریگا و مەیدانی دێوەزمە ترسناکەکانی بیابانە؛ مەبەستم لە چەتە بەلوچییەکانی باشوورە.

عەلی ئاغا چا و ئەفیونەکەی تەواو دەکات و بە تەنیا خەریکی خواردنەوەی ئارەقە، چونکە من تاقەتم نەبوو لەگەڵیدا بم. لەو ساتەدا، دەنگی تەقەی تفەنگ بێدەنگیی شەوەکەی شڵەقاند. فیشەکێکی تریش بە دوایدا دێت و لە تاریکییەکەدا دەنگی هاوار دێت. ئیبراهیم، بە هزرە وریاکەیەوە، خێرا خۆڵ بەسەر ئاگرەکەدا دەکات. لە هەموو لایەکەوە دەنگی فیشەک دێت. چیتر پاسەوانەکانمان نابینرێن، بەڵام گوێمان لێیە بانگی یەکتری دەکەن. نەماندەزانی پەلامارەرەکان چەند کەس بوون، چونکە بێدەنگ بوون. جاروبار لەگەڵ تەقاندنی فیشەکێکدا، لولەی گڕینی تفەنگەکە شایەتیی لەسەر هەبوونی دەدا؛ یەک دووجاریش جوڵەی نەفەری سپیپۆشم لە تاریکییەکەدا دەبینی. چەند فیشەکێکی نزم بەسەر سەرماندا گیزەیان کرد، بەڵام کەسمان بەرنەکەوتین. پاش تاوێک ئاژاوەکە ڕەوییەوە و چەند فیشەکێکی تر تەقێندرا و شەو قوتی دان؛ پەلامارەرەکانیش، کە چاوەڕێیان نەکردبوو ئاوا هۆشیار بین، خۆیان ون کرد و دیار نەمان.

عەلی ئاغا پاسەوانەکانی بانگ کرد و گفتوگۆیەکی کورتمان کرد. سەرەتا بڕیارمان وابوو شەو لەوێ بمێنینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەماندەزانی لایەنی پەلامارەر چەند بەهێز بوو، هەروەها نەماندەزانی بە چەک و نەفەری تەرەوە دێنەوە یان نا، بڕیارمان دا خۆمان کۆبکەینەوە و بڕۆین.

تاریکیی شەوەکە ئەنگوستەچاو بوو؛ هەورە نزم و قورسەکان مانگ و

ئەستێرەکانیان داپۆشیبوو. بە گشتی، لە هاویناندا باشتر وایە بە شەو گەشت بکەیت؛ بەڵام گەر دۆخەکە ئاسایی بوایە، ئەو شەوە گەشتمان نەدەکرد، چونکە ترسی ونکردنی ڕێگە هەبوو، هۆی ئەو ترسەیش ئەوە بوو چەوەکەی دەشتی لوت شوێنپێی نەدەپاراست. لە ڕۆژانی کۆندا، پاشا ئێرانییەکان لە ڕێی کاروانەکانی ئەم بیابانانەدا نیشانەیان دادەنا، بەڵام وەکو زۆرێک لە شتە باشە کۆنەکان، ئەو نیشانانەیش نەماون. لە ڕاستیدا ئەو نیشانانە چیتر پێویست نەبوون: وایەری تەلەگرافی هندستان و ئەوروپا، کە لە سەرەتای سەدەکەدا لە لایەن بەڕیتانییەکانەوە لەسەر سنووری هندستان بە درێژایی دەشتی لووت تا کرمان دانراون، باشترین ڕێنیشاندەر بوون؛ بەڵام لە شەوێکی ئاوادا، وایەر و نیشانەکانی تەلەگرافەکە نەدەبینران.

دوای نیو کاتژمێر لە ڕێکردن ئەمەمان زانی، کاتێک ئەو جەندرمەیەی لە پێشمانەوەیە لە پڕێکدا بە داماوییەکەوە بە عەلی ئاغا دەڵێت:

"حەزرەت، وایەرەکە نابینم..."

تاوێک بێدەنگ دەمێنینەوە. دەمانزانی لەسەر ئەو ڕێیەی بە وایەرەکەدا دەناسرێتەوە بیر هەیە، بەڵام تەنانەت ئەو بیرانەیش لە یەکتری دوورن. ونکردنی ڕێگە لێرەدا یەکسان بوو بە ونبوونی کۆتایی، هەروەکو ونبوونی کاروانە ئەفسانەییەکەی ئەحمەد.

لەوێدا عەلی بە شێوەیەکی نائاسایی هاواری کرد؛ ئاشکرا بوو کاریگەریی ئارەق و ئەفیونەکەی لەسەرە. دەمانچەکەی دەرهێنا و نەڕاندی:

"کوا وایەرەکە؟ سەگی سەگبابینە بۆ ونتان کرد؟ ئەها، زانیم، ئێوە سەر بەو چەتانەن و دەتانەوێت سەرگەردانمان بکەن، تاکو تیا بچین و بە ئیسراحەت دزیمان لێ بکەن!"

سەرکۆنەکردنەکە ناحەق بوو، چونکە بەلوچییەکان هەرگیز ناپاکی لە

پیاوێک ناکەن نانیان لەگەڵدا خواردبێت. دیار بوو دڵی جەندرمەکان لەو تۆمەتانە شکا، بۆیە لە بێگوناهیی خۆیان دڵنیامان دەکەنەوە، بەڵام عەلی ئاغا دەست پێ دەکاتەوە:

"بێدەنگ! تا هەموتانم نەکوشتووە و ئاژداوم دەرنەکردوون خێرا وایەرەکان بدۆزنەوە."

لەبەر تاریکییەکە ڕوخساریانم نەدەبینی، بەڵام دەمزانی وەکو بەلوچیگەلێکی ئازاد چەندە بریندار بوون؛ چیتر وەڵامیان نەدایەوە. پاشان یەکێکیان – ئەوەیان کە تاوێک لەمەوبەر ڕێنیشاندەرمان بوو – خۆی لە کۆمەڵەکە دابڕی و لە حوشترەکەی دا و بەرەو تاریکییەکە غاری دا.

عەلی ئاغا هاواری کرد، "بۆ کوێ؟" ئەویش بە وشەگەلێکی ناڕوون وەڵامی دایەوە. تا چەند چرکەیەک دەنگی پێی حوشترەکە دەهات، بەڵام دواتر دەنگەکە لە شەوەکەدا ون بوو.

سەرەڕای قەناعەتەکەی چەند ساتێک لەوەوبەرم سەبارەت بە بێگوناهیی بەلوچییەکە، بیرێکی خێرا هات بە مێشکمدا: ئێستا دەچێت بۆ لای چەتەکان؛ عەلی ئاغا ڕاستی دەکرد... گوێم لێ بوو عەلی ئاغا سەلامەتیی سەر دەمانچەکەی لابرد، منیش هەمان کارم کرد. ئیبراهیم بە هێواشی تفەنگە لولەکورتەکەی دەرهێنا. بەبێ جوڵە لەسەر حوشترەکان خۆمان مەڵاس دابوو. یەکێک لە حوشترەکان بە نەرمی قرخاندی، قۆناغی تفەنگی جەندرمەیەک بەر زینەکە کەوت. چەند خولەکێکی درێژ تێپەڕین. بەبێ سەرنجێکی ئەوتۆ، گوێت لە هەناسەی هەموو پیاوەکان دەبوو. پاشان، هاوارێکی دوور هات. لە گوێی مندا وەکو ئەوە بوو کەسێک بڵێت، "ئۆۆۆۆ،" بەڵام بەلوچییەکان لێی تێگەیشتن و یەکێکیان دەستەکانی لەسەر دەمی خڕ کردەوە و بە زمانی براهویی هاوارێکی بۆ کردەوە. دیسانەوە هاوارێکی تر. یەکێک لە جەندرمەکان ڕووی کردە عەلی ئاغا و بە فارسی گوتی:

"وایەرەکە حەزرەت! وایەرەکەی دۆزیوەتەوە!"

گرژییەکە نەما. پاش هەڵکێشانی هەناسەیەک، شوێنی دەنگی ڕێنیشاندەرە نادیارەکەمان کەوتین. کاتێک بە ئەو گەیشتین، هەستایەوە و پەنجەی بۆ تاریکاییەکە ڕاکێشا:

"ئەوە وایەرەکەیە."

پاش کەمێک، خەریک بوو خۆمان بە عەمودی تەلەگرافەکەدا بکێشین.

یەکەم کاری عەلی ئاغا دوای ڕووداوەکە سیفەتێک بوو لە کەسایەتیی ئەو دەوەشایەوە. ئەو قایشی سەربازەکەی ڕاکێشا و هێنایە لای خۆیەوە، هەردوو ڕوومەتی ماچ کرد و گوتی:

"برا گیان، ئەوەی سەگە و کوڕی سەگە منم، نەک ئێوە. لێم ببورن..."

دواتر دەرکەوت بەلوچییەکە، ئەو پیاوەی ژیانی لە دەشتودەردا بەسەر بردبوو، بە شێوەی زیگزاگ حوشترەکەی ڕاندبوو، تا لە جێیەکدا گوێی لە گیزەی وایەرەکە بوو: گیزەیەک کە ئێستایش، لە کاتێکدا بە ژێر وایەرەکەدا دەڕۆیشتم، نەدەهاتە سنووری گوێچکە ئەوروپییەکانمەوە...

هێواش و وریایانە بە شەوە تاریکەکەدا ڕۆیشتین؛ لەم عەمودی تەلەگرافەوە بۆ ئەو عەمود؛ هەمیشە یەکێک لە جەندرمەکان لە پێشمانەوە دەڕۆیشت و وەختێک بە عەمودێکی نوێ دەگەیشت، هاوارێکی دەکرد. ڕێگەمان دۆزیبوویەوە و سور بووین لەسەر وننەکردنی.

لە خەیاڵەکەم دەردەچم و دەگەڕێمەوە لای نامەکەی عەلی ئاغا:

پاش کرانم بە ئەفسەری کۆڵۆنێڵ، ئێستا خراومەتە ناو ستافە سەربازییەوە؛ بۆ ئازیزم، ئەمەم پێ خۆشترە لە ژیانی سەربازگەیەکی ناوچەیەکی دوور...

بێگومان ئەم ژیانە نوێیەی لا خۆشترە؛ عەلی ئاغا هەمیشە حەزی بە ژیانی

پایتەخت و هەراوهوریاکانی بووە – بە تایبەتی هەراوهوریا سیاسییەکان. لە نامەکەیشیدا دەکەوێتە باسی کەشی سیاسیی تاران، سەبارەت بە مشتومڕە شاراوەکان دەدوێت، هەروەها باسی ئەو پڕۆژە و ڕێگانەی دەسەڵاتە بێگانەکان دەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ گرتنی یەخەی ئێران بەکاریان هێنابوو و نەیاندەهێشت نەتەوە سەیر و بەتواناکەن لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت.

ئێستا کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی بێزارمان دەکات؛ ئەوان فشار لە حکومەتەکەمان دەکەن پاشەکشەکانمان درێژ بکەینەوە و لەم کۆیلایەتییەدا بمێنینەوە. بازاڕەکان پڕن لە وتیوتی، تەنها خودایش دەزانێت ئاکامی ئەمە چییە...

بازاڕ هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بوو؛ ئەمە سەبارەت بە بازاڕی تاران ڕاستتر بوو، چونکە دڵی شاراوەی ئێران لەوێدا بە جۆرێک لێ دەدات نکوڵیی لە هەموو وێرانییە نەتەوەییەکان دەکات. لە نێوان دێڕەکانی عەلی ئاغادا، وێنەی بازاڕە گەورەکە، کە هەر دەڵێیت شارێکە، هەروەکو ئەوەی دوێنێ دیبێتم لەبەرچاومدا دروست دەبێت: هۆڵ و دەروازە و ڕاڕەوی زۆر و پێچاوپێچ و سەقفەوس. لە شەقامە سەرەکییەکەدا، لە پاڵ دیوە تاریک و بچووکە پڕ لە شتە هەرزانەکاندا، چەند هەیوانێکی داپۆشراوی کلاوڕۆژنەدار هەن؛ لەوێدا کۆمەڵێک دوکان هەن گرانترین ئاویشمی ئەوروپی و ئاسیایی دەفرۆشن؛ لە پاڵ دوکانی پەتفرۆشەکاندا، لە شووشەی دوکانی زیوگەرەکاندا مەلیلەکاریی زۆر ناسکت بەدی دەکرد؛ قوماشی ڕەنگاوڕەنگی بوخارا و هندستان لەگەڵ فەرشە دەگمەنە فارسییەکاندا ئاوێتە دەبن – فەرشگەلێکی ڕازاوە، بە وێنەی سوارچاک لەسەر ئەسپ، شێر، پڵنگ، تاوس و ئاسک؛ ملوانکەی مرواریی شوشەیی چەرخ لە تەنیشت مەکینەی دروومان؛ چەتری ڕەش و بۆر لە پاڵ ڕۆبی پێستەی مەڕ لە خۆراسانەوە: هەموو ئەمانە لەم هۆڵە درێژەدا خڕ بووبوونەوە.

لەسەر شۆستەکانی ئەم نمایشگای دەستکرد و بازرگانییە، دوکانەکان بەپێی جۆری بازرگانییەکە جیا کراونەتەوە. لێرە ڕیزێک درێژ زینساز و شارەزایانی چەرم خەریکی کارن، زۆرینەی چەرمەکانیش بە ڕەنگی سور بۆیە کراون و بۆنی تیژی چەرمەکەیش لە هەوادا بلاّو بووەتەوە. لێرەدا خەیاتەکان کار دەکەن: لە هەموو تاقێکەوە – زۆرینەی دوکانەکان تاقێکی بەرزیان تیادایە – گوێت لە دەنگی مەکینەکانی دروماں دەبێت؛ پۆشاکی درێژ بۆ فرۆشتن هەڵواسراوە؛ هەمیشە هەماں پۆشاک – جاری وا هەیە کە دەڕۆیت، ئەوەندە هەمانشت دەبینیتەوە، وا دەزانیت لە جێگەی خۆتدا وەستاویت. لە زۆر بەشی دیکەی بازارەکە هەماں ئەزموون دەکەیت؛ لەگەڵ ئەوەیشدا، دووبارەبوونەوەکە تاکتاوازی نییە؛ کەسی بێگانە مەست دەکات و لێوانلێو لە قایلبوونێکی قورسی دەکات. گەرچی بۆ جاری سەدەمِ سەردانی بازارەکە دەکەیت، هێشتا کەشەکەی دەوت هەمانشتە و نەگۆڕاوە – بەلاّم نەگۆڕیی شەپۆلی زەریایەک کە هەمیشە فۆرمەکانی دەگۆڕێت، بەلاّم کرۆکەکەی جێگیرە.

بازاڕی مزگەرەکان: کۆرسی زەنگە بڕۆنزەکان بریتییە لە گورزی چەکوشەکان لە شکلّە مسین و بڕۆنزەکان، گۆڕینی کانزا بێشکلّەکان بۆ کتری و جام و کاسە. ئەم چەکوشەشاندنە چ دڵنیاییەکی دەنگییە بە درێژایی بازارەکە – هەر پیاوێک بەپێی وەشاندنی ئەوەی تەنیشتی دەیوەشێنێت، تاکو گوێچکەی خەڵک ئەزموونی دەنگێکی نەشاز نەکات: سەد کەس لە تەنی جیاواز دەدەن – بەلاّم لە تەواوی بازارەکەدا یەک ئاواز هەیە... لەم ئارەزووە قوولّەدا کە تەنها مۆسیقی نییە، ئارەزووی ڕۆحی ئێرانی بۆ تەبایی و هاوئاهەنگی دەردەکەوێت.

بازاڕی عەتاران: کۆلاّنی بێدەنگی پڕ لە شەکر، تورەکەی برنج، بستە و بادام، سینی کە دارچین و بیبەر و زەعفەران و زەردەچەوەی لەسەر بوو، هەروەها قاپی تۆوی ڕازیانە، زیرە، ڤانێلا، تۆوی چالانچەقیلە، هەروەها مێخەک و ڕووەک و ڕەگی تر کە بۆنوبەرامەی قورسیان هەبوو. لە پشتی سینییە دەرەوشاوەکانەوە،

خاوەنەکانیان بە چوارمشقی، هەروەکو بودا، دانیشتبوون و جاروبار بە کزی مشتەرییەکانیان بانگ دەکرد. لێرە بەس بە چرپە قسە دەکرێت: لە جێیەکدا کە بڕێک شەکر پاش حسابکردنی دەخرێتە ناو پاکەتێکەوە، ناتوانیت ژاوەژاو بکەیت؛ لە جێیەکدا جاترە یان ڕازیانە دەکێشرێت، دەنگ هەڵناهێنرێت... ئێرانییەکان سیفەتی وەرگرتنی کەشی ماددەکەی بەردەمیانیان هەیە، هەر ئەمەیش وای کردووە لە خوریی هەمەڕەنگ – تاڵ بە تاڵ، ئینج بە ئینج - فەرشی شکۆمەند دروست بکەن، تاکو کەماڵێک لە دەستیاندا دەنەخشێت. سەیر نییە کە فەرشی فارسی لە جیهاندا هاوشانی نییە. لە چ جێگەیەکی تر تاک ئاوا لە کاری خۆیدا نوقم دەبێت؟ لە کوێی تر چاوەکان ئاوا لە کاری خۆیان ورد دەبنەوە و، تێپەڕینی کات لایان ئایەخە؟

هەندێک وێنەکێشی بێدەنگی مینیاچەر لە تاقەکاندا، کە تۆزێک لە تاقە ئاساییەکان گەورەترن، دانیشتوون. ئەوان خەریکی کێشانەوەی مینیاچەری کتێبە کۆنە دەستنووسەکانن، کە تیایاندا بە هێڵی باریک و ڕەنگ وێنەی شتە گەورەکانی ژیان کێشراوە: جەنگەکان و ڕاوەکان، خۆشەویستی و شادی و خەم. فڵچەکانیان چاک و باریکە؛ ڕەنگەکان ناخرێنە ناو جامێکی مردووەوە، بەڵکو لەسەر لەپی دەستی وێنەکێشەکە ئاوێتە دەکرێن و لەسەر پەنجەکان دابەش دەکرێن. مینیاچەرە کۆنەکان لەسەر لاپەڕە تازە سپییەکان ئەزموونی لەدایکبوونەوە دەکەن. لە پاڵ باگراوندی ئاڵتونیی وێنە ڕەسەنەکاندا، باگراوندی درەوشاوەی وێنە دروستکراوەوەکان دەردەکەوێت. دار پرتەقاڵە کاڵبووەوەکانی باخچەی پاشا لە بەهارێکی نوێدا پرتەقاڵ دەگرنەوە؛ نیگای ژنە ناسکە ئاوریشمپۆشەکان دەردەکەوێتەوە؛ تیشکی نوێی خۆر لە یاریزانانی یاریی کۆنی چەوگان دەداتەوە. فڵچە لە دوای فڵچە، ڕەنگ لە دوای ڕەنگ، پیاوە بێدەنگەکان شوێنی سەرکێشییە داهێنەرەکانی وێنەکێشێکی مردوو دەکەون؛ هەروەها وێنەکێشی مردوو لە کاتی وێنەکێشاندا چەندێک شاد بووە، ئەمانیش ئەوەندە پڕ

لە ئەوینن؛ بە بۆنەی ئەم ئەوینەوە، کەموکورتییەکانت لەبیر دەچێتەوە.

کات تێدەپەڕێت، وێنەکێشەکان بەسەر وێنەکانیاندا نوشتاونەتەوە و کات ناناسن. کات تێدەپەڕێت؛ کەلوپەلە ناحەزە ڕۆژئاواییەکان خۆیان لە بازاڕەکەدا دەنوێنن؛ چرای نەوتی شیکاگۆیی، قوماشی کەتانی نووسراوی مانچستەری و قۆریی چیکۆسلۆڤاکی زیاد دەکەن: بەڵام وێنەکێشانی مینیاچەر بە چوارمشقی لەسەر حەسیرەکانیان دانیشتوون و پەنجەکانیان و نیگاکانیان لەگەڵ ڕۆژانی شادی جاراندا ئاوێتە بووە، هەروەها بێداریی کێ نوێ بە ڕاوچی و ئەوێنداریەکانی ناو تابلۆکانیان دەدەن...

خەڵکی ناو بازاڕەکە زۆرن و ناژمێردرێن: پیاوانی یەخە ئەورووپی و زۆرجار عەبای عەرەبی بەسەر بەرگی ئەورووپی یان نیوەئەورووپیدا، خەڵکانی موحافزکار بە کەفتانی درێژ و پشتێنەی ئاوریشمەوە، جوتیار و پیشەسازان بە چاکەتی شین یان بێڕەنگەوە. دەروێشانی گۆرانیبێژ – سوالکەرە ئەرستۆکراتەکانی ئێران – بە بەرگی سپی و فشەوە، هەندێکجار بە پێستەی پڵنگ و قژی درێژەوە. ژنانی چینی ناوەڕاست، بەپێی توانا ئاوریشم یان کەتانیان پۆشیوە، بەڵام هەمیشە ئەوەی لەبەریاندایە ڕەشە و عەبا کورتە تارانییەکە بە شێوەیەکی تۆند لە ڕوویان دووەوە؛ ئەوانەیان کە هەژارترن پۆشاکی کەتانی ڕەنگکاڵی گوڵاوی دەپۆشن. مەلا دێرینەکان بە گوێدرێژی ڕازێندراوە دێن و دەچن و نیگایەکی دەرمارگیرانە بۆ بێگانەکە دەکەن، وەکو ئەوەی پێی بڵێن: "لێرە چی دەکەیت؟ یەکێکیت لەوانەی بۆ وێرانکردنی ئەم وڵاتە تێدەکۆشیت؟"

ئەزموونی درێژی ئێران لە فرتوفێڵەکانی ڕۆژئاوا خەڵکەکەی تووشی گومان کردووە. هیچ ئێرانییەک پێی وانییە فەرەنگییەک خێر بۆ وڵاتەکەی ئەو بهێنێت. بەڵام عەلی ئاغا لەڕادەبەدەر ڕەشبین نییە:

ئێران پیرە، بەڵام ئامادەی مەرگ نییە. زۆرجار ستەمان لێ کراوە. زۆر

نەتەوە پێشێلیان کردووین، هەموویشیان بەسەر چوون: بەڵام ئێمە زیندوو ماوینەتەوە. لە هەژاری و ستەمدا بووین، تاڵاوی نەفامی و تاریکیمان چەشتووە: بەڵام زیندوو ماوینەتەوە. هۆی ئەمە ئەوەیە ئێمەی ئێرانی هەمیشە لەسەر رێگەی خۆمان دەڕۆین. زیاد لە جارێک دەرەکییەکان هەوڵیان داوە شێوازی ژیانی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن، بەڵام هەمیشە شکستیان هێناوە. ئێمە بە تونـدوتیژی وەڵامی دەرەکییەکان نادەینەوە، بۆیە هەندێکجار وا دەردەکەوێت خۆمان بەدەستەوە داوە. بەڵام ئێمە لە هۆزی مۆریانەین، ئەو مێروو بچووک و بێبایەخەی لەژێر دیوارەکاندا دەژی. هاوڕێی ئازیز، دەبێت ئەو مەڵە قایموقۆڵانەت دیبێت لەپڕێکدا بەبێ هۆیەکی دیاریکراو دادەڕمێن. هۆکارەکە چییە؟ هیچ نییە، جگە لەو مۆریانە بچووکانەی بۆ ماوەی چەند ساڵ، بەبێ وەستان خەریکی کونکردنی بناغەکانی دیوارەکە بوون، هەمیشە بە ئەندازەی تاڵێک دیوارەکەیان کون کردووە، تاکو هێواش هێواش دیوارەکە فشەڵ دەبێت و دادەڕمێت. ئێمەی ئێرانی ئەو مێروانەین. ئێمە بە تونـدوتیژیی بێکەڵک و قەرەبالغ وەڵامی هێزەکانی جیهان نادەینەوە، بەڵکو بە هێواشی لە بناغەکانیان دەدەین، تاکو ڕۆژێک لەپڕێکدا ڕمانی بیناکەیان دەبینن...

بینیوتە کاتێک بەردێک هەڵدەدرێتە ئاوێکەوە چی ڕووەدات؟ بەردەکە نوقم دەبێت، کۆمەڵێک بازنە لەسەر ڕووی ئاوەکە دروست دەبن، بڵاو دەبنەوە و نامێنن، تا ئاوەکە وەکو سەرەتای لێ دێتەوە. ئێمەی ئێرانی وەکو ئەو ئاوەین.

شا، خوا تەمەنـی درێژ بکات، بارێکی قورسی لەسەر شانە، چونکە لە لایەکەوە باری ئینگلیزەکانی لەسەر شانە، لە لایەکی تریشەوە هی ڕوسییەکان. بەڵام ئێمە گومانمان نییە پشت بە خودا ڕێگەی ڕزگارکردنی ئێران دەدۆزینەوە...

لە ڕواڵەتدا، متمانەکەی عەلی ئاغا بە ڕەزا شا لە نابەجێ ناچێت. گومانی تیادا نییە ئەو یەکێکە لە زیندووترین کەسایەتییەکانی جیهانی ئیسلامی کە من بینیومن، هەروەها لەناو هەموو ئەو پاشایانەی بینیومن، تەنها ئیبن سعود لە شانیدایە.

چیرۆکی بوون به پاشای ڕەزا شا له خەیاڵ دەچێت، بەڵکو یەکێکە لەو چیرۆکانەی تەنها لە جیهانی ڕۆژهەڵات ڕوودەدات، کە هەندێکجار ئازایەتیی کەسی و ئیرادە کەسێک لە نەناسراوییەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات بەرز دەکەنەوە. کاتێک لە یەکەمین مانەوەمدا لە تاران، لە هاوینی ١٩٢٤دا بەو ئاشنا بووم، ئەو سەرۆک وەزیران و دەسەڵاتداری ڕەهای ئێران بوو؛ بەڵام خەڵکی هێشتا بەو دەرکەوتنە لە ناکاوەی و دەسەڵاتگرتنەدەستی ڕانەهاتبوون. هێشتا سەرسامیی کارمەندێکی ئێرانیم لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە تاران بیرە، وەختێک پێی گوتم: "دەزانیت دە ساڵێک لەمەوبەر ئەم سەرۆک وەزیرانەی ئێمە وەکو سەربازێکی ئاسایی لە بەردەم دەروازەی ئەم باڵیۆزخانەیەدا ڕادەوەستا؟ خودی خۆم جارووبار نامەم پێ دەدا تاکو بیبات بۆ وەزارەتی دەرەوە، هەروەها سەرکۆنەم دەکرد و دەمگوت: خێرا بڕۆ کوڕی سەگ، لە بازاڕ خۆت دوا نەخەیت..."

بەڵێ، ساڵانێکی زۆر بەسەر سەربازبوونی ڕەزا و ڕاوەستانی لە بەردەم باڵیۆزخانە و بیناکانی تردا تێنەپەڕیوە. دەمتوانی وێنای ڕاوەستانی ئەو بە بەرگێکی سەربازییەوە بکەم، خۆی دابێت بەسەر تفەنگەکەیدا و تەماشای جوڵەی شەقامەکانی دەوروبەری بکات. هەروەکو چۆن من تەماشام دەکرد، ئەویش تەماشای پیاسەی سێبەرئاسای خەوناویی فارسەکانی دەکرد، یان دانیشتنی دەمەوئێوارەی فێنکیان لای فوارەکاندا. وەختێک لەوێدا ڕادەوەستا و تەماشای خەڵکی دەکرد، لە بانکە ئینگلیزەکەی پشتەوەیەوە دەنگی تەقەی نووسین بە ئامێری نووسین و مامەڵەی هەراوهۆسەی خەڵک دەهات، هەروەها جیهانێکی پڕ لە هەرا خۆی دەنواند کە ئەوروپای دوور هێنابوویە ئەو بینا تارانیەوە. دیارە لەوێدا بۆ جاری یەکەم (کەس ئەمەی پێ نەگوتووم، خۆم وا هەست دەکەم) لە مێشکە نەمەکتەبێندراوەکەی ڕەزای سەربازدا پرسیارێک دروست بووبێت: "هەر دەبێت ئاوا بێت...؟ هەر دەبێت نەتەوەکانی تر کار بکەن و تێبکۆشن، نەتەوەکەی خۆشمان وەکو تارماییەک بێن و بچن؟"

ڕەنگە لەو ساتەدا بووبێت ئارەزووی گۆڕانکاری – بەدیهێنەری هەموو کارە چاکەکان، هەموو دۆزینەوە و شۆڕشەکان – لە مێشکیدا داگیرسابێت و بە بێدەنگی داوای دەربڕینی کردبێت...

دەکرێت هەندێک کاتی تر لە بەردەم دەروازەی باخچەداری یەکێک لە باڵیۆزخانەکانی ئەوروپادا ڕاوەستابێت. درەختەکان لەگەڵ بادا جوڵاون، ڕێگە وردەزیخەکانیش لە بنی پێی خزمەتکارە سپیپۆشەکاندا کرتەیان هاتووە. لەو ماڵەدا، لە ناوەڕاستی ئەو باخەدا، هێزێکی سەمەرە نیشتەجێ بووبوو؛ هەر ئێرانییەک بەوێدا بڕۆیشتایە دەترسا، هەروەها جلوبەرگەکەی چاک دەکرد و بە شێوەیەکی سەیر دەستەکانی دەجوڵاند. هەندێکجار سیاسییە ئێرانییەکان بە گالیسکەی نایاب دەهاتن. ڕەزای سەرباز زۆریانی بە بینین دەناسییەوە: ئەمە وەزیری دەرەوەیە، ئەمەیان وەزیری دارایییە. هەمیشە لە کاتی چوونەژوورەوەدا ڕوخساریکی جددییان هەبوو، بۆیە تەماشاکردنی ڕوخساریان لە کاتی هاتنەدەرەوەدا چێژبەخش بوو: هەندێکجار شاد و دڵخۆش بوون، وەکو ئەوەی خەڵاتێکی باش کرابن، یان هەواڵیکی خۆشیان وەرگرتبێت؛ هەندێکجار خەمین و شکاو بوون، وەکو ئەوەی سزای مەرگیان بەسەردا درابێت. ئەو کەسە سەیر و مەتەڵاوییانە بڕیارەکەیان دابوو. ڕەزای سەرباز دەیگوت: "هەر دەبێت ئاوا بێت...؟"

جاروبار کارمەندێکی ئێرانی بە ڕاکردن لەەو ئۆفیسەوە دەهات کە ڕەزا پاسەوانی بوو؛ نامەیەکی بە ڕەزا دەدا و دەیگوت: "خێرا ئەمە ببە بۆ فلان و فلان. خێرا بکە کوڕی سەگ، ئەگەرنا جەنابی باڵیۆز تووڕە دەبێت." ڕەزا ڕاهاتبوو ئاوا قسەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەفسەرەکانی خۆیشی زمانیان لەوە پاکتر نەبوو. بەڵام دەگونجێت – مسۆگەر نییە – دەربڕینی "کوڕی سەگ" ئەوی شکاندبێتەوە، چونکە دەیزانی کوڕی سەگ نییە، بەڵکو کوڕی نەتەوەیەکی مەزنە کەسانێکی مەزنی وەکو ڕۆستەم، داریوش، نەوشیوریان، کەیخوسرەو،

شا عەباس، هەروەها نادر شای بەرهەم هێناوە. بەڵام ئەوانەی ژووروەوە چییان سەبارەت بەوە دەزانی؟ ئەوان چییان لەو گورزانە دەزانی کە وەکو شەپۆلێکی ڕەش و تاریک سنگی سەربازێکی چل ساڵەیان دەبڕی و هەندێکجار هەڕەشەی شکاندنی پەراسووەکانیان لێ دەکرد، ناچاریان دەکرد لە نائومێدیدا قەپ بە مشتیدا بکات، "ئاخ، ئای ئەگەر دەمتوانی...؟"

هەندێکجار ئارەزووی خۆپشتڕاستکردنەوە کە لە ناخی هەموو ئێرانییەکدا هەیە، لە هەناوی ڕەزای سەربازدا بە شێوەیەکی ئازاربەخش و توندوتیژ هەڵدەستایەوە، هەروەها مێشکی ئەوی ڕۆشن دەکردەوە و وای لێ کرد درک بە شکڵێکی ئاشنای ناو هەموو ئەوەی دەیبینێت بکات...

جەنگە مەزنەکە کۆتایی هات. پاش شۆڕشی بۆڵشێڤیک، سوپای ڕوسیا، کە پێشتر باکووری ئێرانی گرتبوو، کشایەوە؛ بەڵام زۆری نەبرد یاخیبوونە چەپڕەوەکان لە پارێزگای گێلاّنی سەر دەریای قەزوین، بە سەرپەرشتیی کوچک خان و پاڵپشتیی یەکە سەربازییە زەمینی و دەریاییەکانی ڕوسیا، سەریان هەڵدا.حکومەت هێزی لە دژی یاخییەکان نارد، بەڵام سەبازە ئێرانییەکان، کە نە چەکی باشیان هەبوو، نە لێهاتوویش بووین، زیاد لە جارێک شکستیان هێنا؛ ئەو جەنگەیشی کە ڕەزای گرووبان تیایدا بەشدار بوو هەر شکست بوو. بەڵام جارێکیان، کاتێک یەکەکەی پاش بەرکەوتنێکی شکستخواردوو ویستیان ڕابکەن، ڕەزا چیتر خۆی پێ نەگیرا. ئەو لە یەکە پەرتەوازەکە دەرچوو و هاواری کرد: بۆچی ڕادەکەن، ئێوە ئێرانین! ئێوە ئێرانین!" دیارە هەمان هەستی چارلزی دوازدەیەمی سویدی هەبووە، کاتێک لە مەیدانی پۆڵتاڤادا بە بریندارییەکەوتبوو و سەربازەکانی هەڵدەهاتن، ئەویش بە دەنگێکی نائومێدەوە هاواری کرد: "بۆچی ڕادەکەن، ئێوە سویدین! سویدی." بەڵام جیاوازییەکە لەوەدا بوو شا چارلز لە خوێناوی خۆیدا خنکابوو و جیا لە دەنگی، هیچی تری پێ نەبوو، بەڵام ڕەزای سەرباز ساغ و سەلامەت بوو، هەروەها

دەمانچەیەکیشی پێ بوو – دەنگیشی بەهێز و ترسناک بوو کاتێک سەربازەکانی ئاگادار کردەوە: "هەرکەسێک ڕابکات دەیکوژم، جا خوای ئەکرد برای خۆم ئەبوو!"

ئەو هەڵچوونە بۆ سەربازە ئێرانییەکان نوێ بوو. سەرلێشێواو و سەرسام بوون. ئەوان لە خۆیانیان دەیانپرسی: ئەم کابرایە بیر لە چی دەکاتەوە؟ هەندێک ئەفسەر دژی وەستانەوە و گوتیان هیچ ئومێدێکی سەرکەوتن نییە؛ یەکێکیان بە تەشەڕەوە پێی گوت: "تۆ بەڕەو سەرکەوتنمان دەبەیت؟" ڕەنگە ڕەزا لەو ساتەدا ئەزموونی هەموو نائومێدییەکانی سالانی پێشووی بینیبێتەوە، هەروەها هەموو ئومێدە گێلانەکانی داگیرسابێتنەوە. ئەو کۆتایی پەتێکی جادوویی لە بەردەمیدا بینی و گرتی. ئەو هاواری کرد، "قبوولمە،" پاشان ڕووی کردە سەربازەکان: "ئێوە من بە سەرکردەی خۆتان قبوولّ دەکەن؟"

ئێرانییەکان زیاد لە هەموو نەتەوەیەکی تر کەسایەتیی پاڵەوانیان خۆش دەوێت؛ لێرەیشدا، ئەم پیاوە لە پاڵەوان دەچوو. سەربازەکان ترسەکەیان بیر چوویەوە و پێکەوە نەڕاندیان: "تۆ سەرکردەمانیت." ڕەزا وەڵامی دایەوە، "سەرکردەتانم. ڕێبەریتان دەکەم؛ هەرکەسێکیش ڕابکات، دەستبەجێ دەیکوژم!" بەڵام چیتر کەس بیری لە ڕاکردن نەدەکردەوە. هەموویان جانتاکانیان فرێ دا و تفەنگەکانیان ئامادە کرد: لەژێر سەرکردایەتیی ڕەزادا، شەڕەکە قوڵپ بوویەوە و ئێرانییەکان لە هێرشێکی چاوەڕواننەکراودا جبەخانەی ڕوسەکانیان گرت؛ پاشان یەکەی دیکەی ئێرانییان ڕاکێشا و دوژمنیان پێشێل کرد – پاش چەند کاتژمێرێک، شەڕەکە بە تەواوەتی بۆ ئێرانییەکان یەکلا بوویەوە.

پاش چەند ڕۆژێک، تەلەگرامێک لە تارانەوە هەواڵی بەرزبوونەوەی پلەی ڕەزای بۆ کاپتن گەیاند؛ ئێستا ئەو دەتوانی ناونیشانی خان بخاتە لای ناوەکەی.

دەستی بە کۆتایی پەتەکەوە گرتبوو و پێی سەرکەوت. ناوی ئەو بڵاو بوویەوە. بە خێرایی بوو بە سەرگورد و دواتر کۆڵۆنێڵ و پاشانیش سەرتیپ. لە

ساڵی ١٩٢١دا، شانبەشانی زیائەدینی ڕۆژنامەنووسی لاو و سێ ئەفسەری تر، کودەتایەکی کرد و کابینە گەندەڵەکەی دەستگیر کرد و بە هاوکاریی سەرتیپە وەفادارەکەی شا ئەحمەدی لاو و بێکەڵکی ناچار کرد کابینەیەکی نوێ ڕابگەیەنێت: زیائەدین بوو بە سەرۆک وەزیران، ڕەزا خانیش بە وەزیری جەنگ. نەیدەتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێت. بەڵام بە شێوەیەکی شێتانە شیفتەی دەسەڵات بوو. ئەو بووبوو بە نموونەیەکی باڵا بۆ سوپا و خەڵکی، چونکە پاش ئەو هەموو ساڵە پیاوێکیان لە بەردەم خۆیاندا بینی، بەڵێ، سەرکردەیەکیان بینی.

لە مێژووی سیاسیی ئێراندا دیمەنەکان خێرا دەگۆڕێن. زیائەدین لەسەر سەکۆی سیاسەت ون بوو و پاشان وەکو دووروڵاتێک لە ئەوروپاوە دەرکەوتەوە. ڕەزا خان مایەوە و بوو بە سەرۆک وەزیران. بەپێی وتیوتییەکانی ئەوکاتی تاران، زیائەدین و ڕەزا خان و بۆ بچووکی شا، واتە شازادەی جێنشین، پلانیان گێڕاوە شا لەسەر تەخت لابدەن؛ هەروەها گوترابوویش – تا ئەمڕۆ کەس نازانێت ڕاستە یان نا – لە دواساتدا ڕەزا خان ناپاکیی لە هاوەڵەکانی کردووە تاکو داهاتووی خۆی نەکات بە قوربانی چالاکییەکی نامسۆگەر. بەڵام ڕاست بێت یان نا، پاش ماوەیەکی کەم ڕەزا خانی سەرۆک وەزیران ئامۆژگاریی شا ئەحمەدی کرد گەشتێکی خۆشی بۆ ئەوروپا بکات. لە ڕێوڕەسمێکی ڕازاوەدا، بە ئۆتۆمبێل تاکو سەر سنووری ئێراق لەگەڵ شادا ڕۆیشت، هەروەها دەڵێن لەسەر سنوور بە شای گوتووە: "خاوەن شکۆ، ئەگەر تۆ پێت خستەوە ئێران، بە هەموان بڵێ ڕەزا خان هیچ لەم دونیایە حاڵی نەبووە."

چیتر ناچار نەبوو دەسەڵاتەکەی لەگەڵ کەسدا بەش بکات؛ ئیتر خۆی حاکمی ڕەهای ئێران بوو. وەکو گورگێکی برسی، دەستی بە کارکردن کرد. بڕیاری دا دەستکاری هەموو ئێران بکات. حوکمداریی شلەکە بەناوەندی کرا؛ سیستەمە کۆنەکەی پێدانی ناوچەیەکی تەواو بۆ جوتیاریی بەو کەسەی بەرزترین نرخ دەدات هەڵوەشاندەوە؛ چیتر پارێزگارەکان ساتراپ نەمان و کران

بە بەرپرسی حکومی. سوپا، ئەڵقەلەگوێی شا، خرایە سەر شێوازە ڕۆژئاواییەکان. ڕەزا خان دژایەتیی سەرۆکهۆزە سەرکەشەکانی کرد، چونکە زۆرجار خۆیان وەکو پاشایەکی بچووک دەبینی و گوێیان بە حکومەتی ئێران نەدەدا؛ مامەڵەیەکی توندی لەگەڵ چەتەکاندا کرد، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە ژیانیان لە ناوچە دوورەکان تێک دابوو. بە یارمەتیی ڕاوێژکارێکی ئەمریکی، لایەنی دارایی وڵات بڕێک ڕێک خرایەوە؛ باج جێگیر بوو. ئاژاوە نەما و جێگیری بەرپا کرا.

هەروەکو ئەوەی دەنگدانەوەی جوڵانەوە کەمالییەکەی تورکیا بێت، بیرۆکەی کۆمار لە ئێرانیش سەرەتا وەکو وتیوتی سەری هەڵدا، پاشان وەکو داواکارییەکی چینە پێشکەوتنخوازەکە – لە کۆتاییشدا وەکو داواکاریی کراوەی خودی دیکتاتۆر. بەڵام وا دەردەکەوێت ڕەزا خان لێرەدا هەڵەیەکی گەورەی کردبێت: ناڕەزاییەکی گەورە لەناو خەڵکی ئێراندا سەری هەڵدا.

ئەم دژایەتییە گشتییە بۆ مەیلە کۆمارییەکان بەهۆی ئەوەوە نەبوو خەڵک بنەماڵەی دەسەڵاتداریان خۆش بوێت، چونکە کەس لە ئێران خۆشەویستییەکی ئەوتۆی بۆ قاجارییەکان نەبوو، چونکە ڕیشەیان تورک بوو و هەمیشە وەکو بێگانە تەماشا کرابوون؛ لەبەر چاوە جوانەکانی شا ئەحمەدیش نیگەران نەبوون. بابەتەکە تەواو جیاواز بوو: خەڵکەکە دەترسان چۆن تورکەکان لەگەڵ شۆڕشەکەی ئەتاتورکدا ئایینەکەیان لەدەست داوە، ئەمانیش ئاوا ئایینەکەیان لەدەست بدەن. بەهۆی نەزانییەکەیانەوە، تێنەگەیشتن حوکمێکی کۆماری بەراورد بە حوکمێکی تاکنەفەری زیاتر لەگەڵ ئایینەکەیاندا دەگونجێت؛ بەهۆی نەزانیی سەرکردە ئایینییەکانیانەوە – ڕەنگە تا ڕادەیەکیش بەهۆی ترسێکی ڕەواوە لە سەرسامیی ڕەزا خان بە کەمال ئەتاتورک – ئێرانییەکان هەستیان کرد ئەو پێشنیارە هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسلام وەکو هێزی سالّی وڵاتەکە.

هەرایەکی گەورە لەسەر شەقام دروست بوو، بە تایبەتی لە تاران.

جەماوەرێکی تورە بە دار و بەردەوە لە بەردەم نووسینگەی ڕەزا خان کۆبوونەوە و جنێویان دەدا و هەڕەشەیان لەو دیکتاتۆرە دەکرد کە تا دوێنێ وەکو نیوەخودایەک دەیانبینی. ڕاوێژکارانی ڕەزا خان ئامۆژگارییان کرد تا کپبوونەوەی جەماوەرەکە نەچێتە دەر؛ بەڵام بە گوێی نەکردن و لەگەڵ یەک شۆفێری بێچەکدا بە سواری گالیسکەیەکی داخراو چووە دەر. هەر ئەوەندەی گالیسکەکە چووە دەر، خەڵکەکە جڵەوی ئەسپەکانیان گرت و گالیسکەکەیان وەستاند. هەندێک لە خەڵکەکە دەرگای گالیسکەکەیان شکاند و هاواریان کرد، "دەربکەنە دەر، فڕێی بدەنە سەر شەقام!" بەڵام ئەو بە پێی خۆی هاتە دەرەوە و لە ڕوخساری ئاگر دەبارێ، هەروەها بەربووە گیانی ئەوانەی لە خۆی و شۆفێرەکەی نزیک بووبونەوە: "کوڕی سەگینە، لێم دوور بکەنەوە! چۆن دەوێرن! من ڕەزا خانم! یەڵا بڕۆنەوە بۆ ژووری خەوەکانتان، بۆ لای ژنەکانتان!" جەماوەرە تورەکە، کە تا چەند خولەکێک لەوەوبەر هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد، لەژێر کاریگەریی بوێرییەکەیدا بێدەنگ بوون؛ هەموویان، یەک بە یەک، کشانە دواوە و لە کۆڵانەکاندا خۆیان ون کرد. جارێکی تر سەرکردەیەکی گەورە بۆ خەڵکەکەی دوا؛ بە تورەیی دوا و خەڵکەکە ترسان. ڕەنگە لەو ساتەدا بووبێت ڕقێک خۆی خزاندبێتە ناو خۆشەویستیی ڕەزا خانەوە بۆ خەڵکەکەی، پاشانیش مابێتەوە.

بەڵام سەرەڕای سەرکەوتنە شکۆمەندەکەی ڕەزا خان، کۆمارەکە دروست نەبوو. شکستی پلانەکە سەلماندی هێزی سەربازی بە تاقی تەنیا ناتوانێت "جوڵانەوەی ڕیفۆرم" بەرانبەر بەرهەڵستیی خەڵک دروست بکات. بابەتەکە ئەوە نەبوو ئێرانییەکان دژی ڕیفۆرمێکی وابن: بەڵام بە شێوەیەکی غەریزی دەیانزانی هێنانی تێزێکی سیاسیی ڕۆژئاوایی کۆتایی بە هەموو گەشەپێدانە تەندروستەکان لە سیاقی کلتور و ئایینی خۆیاندا دەهێنێت.

ڕەزا خان هەرگیز لەمە تێنەگەیشت، بۆیە لە خەڵکەکەی بێگانە بوو.

خۆشەویستیی خەڵک بۆ ڕەزا خان کپ بوویەوە و لە جێی ئەوە ڕقێکی ترساوی جێگیر بوو. ئەوان لە خۆیانیان دەپرسی: پاڵەوانەکە چ شتێکی بۆ ولاتەکە کردووە؟ ئەوان دەستکەوتەکانی ڕەزا خانیان دەژمارد: ڕێکخستنەوەی سوپا – بەڵام بە پارەیەکی زۆر، کە بەو هۆیەوە خەڵکە هەژارەکە نوقمی باج کران؛ کەپتکردنی یاخیبوونی هۆزەکان – بەڵام لەگەڵ ئەواندا، نیشتیمانپەروەرەکانیشی کەپت کرد؛ پەرەدان بە بیناسازی لە تاران – بەڵام دۆخی جوتیاران تا بێت خراپتر دەبیت. خەڵکی بیریان کەوتەوە پێش چەند ساڵێک ڕەزا خان تەنها سەربازێکی هەژار بووە، کەچی ئێستا دەوڵەمەندترین پیاوی ئێرانە و بێشوومار دۆنم زەویی هەیە. ئەو "ڕیفۆرمانەی" باسی دەکردن کوان؟ ئایا چەند بینایەکی درەوشاوە و کۆمەڵێک ئوتێلی شاهانە کە لێرە و لەوێ لەژێر کاریگەریی جەنابی دیکتاتۆردا هەڵتۆقیون، بەڵگەن لەسەر باشبوونی دۆخی خەڵک؟

لەم قۆناغەی ژیانی پیشەیی ڕەزا خاندا بوو ئەوم ناسی. قسەی زۆر سەبارەت بە خۆبەگەورەزانین و خۆپەسەندییەکەی دەگوترا، بەڵام هەر لە یەکەمین ساتدا کاتێک لە نووسینگەکەی لە وەزارەتی جەنگ میوانداریی کردم، درکم بە گەورەییەکەی کرد. نووسینگەکەی ئەوەندە سادە بوو، ڕەنگە هیچ سەرۆک وەزیرانێکی تر لە هیچ کات و شوێنێکدا نووسینگەکەی ئاوا سادە نەبووبێت: مێزێک، قەنەفەیەکی داپۆشراو بە قوماشێکی ڕەش، چەند کورسییەک، کتێبخانەیەکی بچووک فەرشێکی جوان بەڵام هەرزان لەسەر زەویی؛ پیاوێکی بالابەرز و کەڵەگەت لە ناوەڕاستی پەنجاکانیدا بە بەرگێکی خاکیی سەربازییەوە و بەبێ هیچ مەدالیا و قردێلەیەک و ئاماژەیەکی پلە و پێگە.

بالیۆزی ئەڵمانیا، کاونت ڤۆن شولنبێرگ (گەرچی خۆم نەمسایی بووم، نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیم دەکرد)، منی بە شا ناساند. هەر لە یەکەم گفتوگۆی فەرمیانەوە هەستم بە ئارەزووی جوڵە لە ڕەزا خاندا کرد. لەژێر برۆ ڕەساسی و بژەکەیدا دوو چاوی قاوەیی و تیژ هەبوون – ئەو چاوە فارسییانەی بە

گشتی لەژێر پێڵووی ئەستووردا بوون: تێکەڵەیەکی سەیری خەم و توندی. لە نێوان لوت و دەمیدا چرچی هەبوو، بەڵام ڕوخسارە ئێستقان ئەستووڕەکەی ئاماژەی خواستێکی هێزی نائاسایی تیادا بوو، کە لێوی ئەویان بە قەپاتی دەهێشتەوە و چەناگەیش بە گرژی. کاتێک گوێت لە دەنگە نزم و ڕێکەکەی دەگرت – دەنگی پیاوێک کە ڕاهاتبوو قسەی گرنگ بکات و پێش دەربڕینی هەموو وشەیەک هەڵیدەسەنگاند – هەستت دەکرد گوێ لە پیاوێک دەگریت سی ساڵ ئەزموونی پێگەی بەرزی هەبوو: قورس بوو باوەڕ بکەیت شەش ساڵ لەمەوبەر گرووبانێک بووە و تەنها سێ ساڵێک دەبێت فێری خوێندەواری و نووسین بوو.

وا دەردەکەوت هەستی بەوە کردبێت حەزم بە گفتوگۆی زیاترە – ڕەنگە زانیبێتیشی گەلەکەیم خۆش دەوێت – چونکە جەختی لەوە کردەوە دواهەمین گفتوگۆمان نەبێت، هەروەها داوای لە منیش و شوڵنبێرگیش کرد حەفتەی دابێت لە باخە هاوینەکەی لە شەمران، کە ناوچەیەکی خۆشە و چەند میلێک لە تاران دوورە، میوانداریی چامان بکات.

لەگەڵ شەڵنبێرگدا ڕێک کەوتم سەرەتا بچمە لای ئەو (ئەویش وەکو زۆرێک لە نوێنەرە بیانییەکان هاوینان لە شەمران دەمایەوە) و لەوێوە پێکەوە بچین بۆ لای سەرۆک وەزیران. بەڵام نەمتوانی لە کاتی خۆیدا بگەم. چەند ڕۆژێک لەوەوبەر گالیسکەیەکی ڕاو و دوو ئەسپی چالاکم کڕی. ئەوەی چەندە چالاک بوون لە دەرەوەی چەند میلێک لە تاران دەرکەوت، کاتێک لە پڕێکدا ڕاوەستان و لەسەر گەڕانەوە بۆ ماڵەوە سور بوون. بیست خولەک هەوڵم لەگەڵیاندا دا؛ پاش ئەوەی زانیم سوودی نییە، بە ئیبراهیمم گوت ئەسپەکان و گالیسکەکە بباتەوە و خۆیشم بە پێ بەڕێ کەوتم تا ڕێگەیەکی تری گواستنەوە پەیدا بکەم. پاش بڕینی دوو میل بە پێ، گالیسکەیەکم دەست کەوت، بەڵام کاتێک گەیشتم بە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا، کاتژمێر و نیوێک لە کاتی خۆی لایدابوو. شەڵنبێرگ بە

ژووره‌که‌یـــدا خێراخێـــرا ده‌هـــات و ده‌چـــوو و ئـــارامییه‌که‌ی نه‌مـــابوو: به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەستێکی پروسیایی و باڵێوزیی بۆ ڕێکوپێکی و سیستم هەبوو، ئەوەی من کردبووم وەکو کفر وابوو. کاتێک منی بینی تەقییەوە:

"تـۆ ناتوانیـت – ناتوانیـت کـارێکی وەها بەرانبەر بە سـەرۆک وەزیرانێـک بکەیت! بیـرت چـووەتەوە ڕەزا خـان دیکتـاتۆرە و وەکـو هەمـوو دیکتاتۆرەکـان هەستیارە؟"

تەنها توانیم بڵێم، "کۆنت (پلەیە) شـەڵنبێرگ، ئەسپەکانم ئەو خاڵە گرنگەیان لەبەرچـاو نەگـرت. خـۆ ئەگەر سـەردانەکە بـۆ لای ئیمپراتـۆری چینـیش بـوایە، هێشتا هەر نەمدەتوانی زووتر بگەم."

پاش ئەوە کۆنت شەڵنبێرگ کرایەوە و پێکەنی:

"سـوێند بە خـودا هەرگیـز شـتی وا بەسـەر منـدا نەهـاتووە! دەی بـا بـڕۆین و ئومێدوار بین دەرگاوانەکە دەرگامان لەسەر دانەخات..."

دەرگـای لەسـەر دانەخسـتین. کاتێـک گەیشـتین بە کۆشـکەکەی ڕەزا خـان، ئاهەنگی چاخواردنەوە تەواو بووبوو و هەمـوو میوانەکانیش ڕۆیشـتبوون، بەڵام دیکتـــاتۆرەکە لە ڕێساشـــکێنییەکەمان بێـــزار نەبـــوو. کاتێـــک هۆکـــاری دواکەوتنەکەم باس کرد، گوتی:

"چـاکە، وا باشـە ئەو ئەسـپانەتان ببینم! لەوەیە سـەر بە گـرۆی دوژمـن بـن. لەوەیە بیانخەینە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە خراپ نەبێت."

هەرچۆن بێت، ڕووداوەکەم بووە هۆی ئەوەی سـەرۆک وەزیرانە بەهێزەکە و ڕۆژنامەنووسـە لاوەکە پەیوەنـدییەکی ئاسـان و نافەرمییـان هەبێـت؛ دواتـریش بەهـۆی پەیوەنـدییەکەمەوە، دەمتـوانی زۆر ئاسـانتر لە هەر بێگـانەیەکی تـر بە ولاتەکەدا بگەڕێم.

بەڵام نامەکەی عەلی ئاغا باسی ئەو ڕۆژانەی سەرەتای ڕەزا خان ناکات، وەختێک بە سادەیی دەژیا و ئێرانی زۆر خۆش دەویست: بەڵکو باسی ڕەزا شای پەهلەوی دەکات، کە لە ساڵی ١٩٢٥دا لەسەر تەختی تاوس دانیشت؛ ئاماژەیە بەو پاشایەی هیچ نیشانەیەکی خۆبەکەمگریی تیادا نەمابوو و دەیویست لە خاکە ڕۆژهەڵاتییەکەدا دەوڵەتێکی شکۆداری ڕۆژئاوایی دروست بکات...

دەگەم بە کۆتایی نامەکە:

هاوەڵی ئازیزم، گەرچی تۆ ئێستا لە شاری پێغەمبەری ئازیزیت، باوەڕمان وایە هەرگیز ئەم دۆستە ناچیزەت و ئەم وڵاتە لەبیر نەکەیت...

ئای عەلی ئاغا، هاوەڵی ڕۆژانی لاویم – ڕوناکیی دڵم، وەکو خۆت دەتگوت – نامەکەت مەستی کردم بە یادەوەری: مەستی خاکی فارس بووم، کاتێک وڵاتەکەتم ناسی؛ ئەو گەوهەرە کاڵ و پیرەی لەسەر ئاڵتوون و مەڕمەڕ و خۆڵ و سێبەر نیشتەجێ بووە – سێبەری هەموو ڕۆژان و شەوانی خەمی وڵاتت، هەروەها تاریکایی چاوە خەونبینەکانی هاووڵاتانت...

هێشتا کرماشانم بیرە، ئەوەڵین شاری ئێرانی پاش ئەوەی چیاکانی کوردستانم بەجێ هێشت. کەشێکی لێڵ و سەیر و کپی هەبوو، بەڵام بە تەواوەتیش فەرامۆشکراو نەبوو. بێگومان لە هەموو شارێکی ڕۆژهەڵاتیدا هەژاری لە خەڵکەکە نزیکترە، بەڵکو لە چاو شارە ئەوروپییەکاندا زۆر دیارترە – بەڵام بەوە ڕاهاتبووم. تەنها هەژاریی ئابووری خۆی بۆ نەنواندم، بەڵکو پێم گوترابوو کرماشان لە ڕووی ئابوورییەوە لد دۆخێکی باشدایە. ئەوەی کاریگەریی لەسەرم هەبوو خەمۆکیی خەڵکەکە بوو، کە هەستت دەکرد هیچ پەیوەندیی بە دۆخی ئابوورییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە.

هەموو ئەو خەڵکە چاویان ڕەش و گەورە و برۆیان ڕەش و ئەستوور بوو، کە وەکو پەردەیەکی گەورە وابوون بەسەر ڕوویانەوە. زۆرینەی پیاوەکان باریکەڵە

بوون (نایەتە خەیاڵم پیاوێکی قەڵەوم لە ئێران دیبێت)؛ هەرگیز بە دەنگی بەرز پێنەدەکەنین، هەروەها بزە بێدەنگەکانیان زیاتر پەنهانکەر بوو تا پیشاندەر. جوڵەی گەورە لە ڕوخساریاندا نەبوو، لە دەست و ئاماژەیشیاندا بە هەمان شێوە، بەڵکو هەموو جوڵەکانیان ورد و بێدەنگ و هەژمارکراو بوو: دەتگوت ڕووپۆشیان پۆشیوە.

وەکو هەموو شارە ڕۆژهەڵاتییەکان، ژیانی شارەکە لە بازاڕەکەدا چڕ بووبووەوە. بازاڕەکە خۆی بۆ بێگانە دەنواند، وەکو تێکەڵەیەکی قاوەیی و ئاڵتوونی و سور، قاپی درەوشاوەی مس و تابلۆیەکی شینی مایۆلیکا لەسەر دەرگای کاروانسەراکە، کە سوارچاکی چاوڕەش و ئەژدیهای باڵداری دەنواند. ئەگەر جوان تێڕابمایتایە، هەموو ڕەنگەکانی جیهانت لەم بازاڕەدا دەبینی – بەڵام هیچ یەکێک لەو ڕەنگانە لە سێبەری تاقە گومەزییەکانی بازاڕەکەدا خۆیان نەدەنواند، بەڵکو هەموویان ڕەنگێکی تاریکیان وەردەگرت. قەوسی تاقە کەوانییەکان هەندێک درزی بۆ هاتنەناوەوەی تیشکی خۆر تیادا بوو. تیشکی خۆر لە ڕێگەی ئەو درزانەوە دەهاتە ژوورەوە؛ تیشکەکانی خۆر لە کەشی بۆنداری هۆڵەکەدا دەبوونە خاوەنی ناوەڕۆکێکی تر و وەکو پایەی لاری ڕۆشنایی دەردەکەوتن؛ وا دەرنەدەکەوت خەڵکەکە بە پایەکانی ڕۆشناییدا تێبپەڕن، بەڵکو دەتگوت پایەکانی ڕۆشنایی بە خەڵکە سێبەرئاساکەدا تێدەپەڕن.

خەڵکی بازاڕەکە نەرم و بێدەنگ بوون، هەروەکو سێبەر. ئەگەر فرۆشیارێک کەسێکی بانگ بکردایە، بە دەنگێکی کز وای دەکرد؛ بە پێچەوانەی بازاڕە عەرەبییەکانەوە، کەس بە گۆرانی و هۆنراوە وەسفی کاڵاکانی نەدەکرد. ژیان لێرە بە هێواشی دەڕۆیشتیت. خەڵکەکە شانشانێنیان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکرد. ئەوان زۆر بەماریفەت بوون – بە ماریفەتێک کە وات هەست دەکرد بەسەر تۆدا نوشتاونەتەوە، لە کاتێکدا مەودای قۆڵێکتان لە نێواندا بوو. ئەوان زیرەک بوون و لایان ئاسایی بوو گفتوگۆ لەگەڵ بێگانەدا بکەن – بەڵام

تەنها لێویان دەدوا. ڕۆحیان لە جێیەکی تر بوو، لەو پشتەوە، چاوەڕێی دەکرد، بەڵکو دوور بوو...

هەندێک پیاوی چینی کاسب لە چایخانەیەکدا لەسەر حەسیر لە دەوری تاسێکی پڕ لە خەڵوزی گەرم دانیشتبوون – پیشەساز و کرێکار و سواری کاروان. بە نۆرە نێرگەلەیان دەکێشا. بۆنی شیرینی ئەفیونەکە لە هەوادا بڵاو بووبوویەوە. ئەوان بە بێدەنگی خەریکی کێشان بوون؛ هەریەکێ لەوان چەند قومێکی لێ دەدا، ئەوجا دەیدا بەوەی تەنیشتی. پاشان لەوە ڕامام کە پێشتر سەرنجم نەدابوو: زۆرینەی خەڵکەکە خەریکی کێشانی ئەفیون بوون، هەندێکیان بە ئاشکرا، هەندێکیان شاراوەتر. پینەچییەکە لە تاقەکەیدا؛ تەمبەڵەکان لەژێر دەروازە قەوسەکەی کاروانسەراکەدا؛ مسگەرەکە لە دوکانەکەیدا، لە کاتێکدا دەرفەتێکی هەبوایە: هەموویان بە ڕوخسارێکی ماندوو و دوو چاوێکی مەستەوە، کە لە ناشوێن ڕادەمان، خەریکی کێشانی ئەفیون بوون.

چالانچەقیلەی نوێ و تازە لە بازاڕەکەدا دەفرۆشرا و هەر بەو شێوەیە، واتە چرۆی گوڵەکە، دەخورا – شێوازێکی نەرمتری خواردن یان مەسرەفکردنی ئەفیون. دوان یان سیانیان چێژەکەیان بەش دەکرد و بەبێ خۆپەرستییەکی منداڵانە بەشی یەکیان دەدا – بەڵام بەبێ چێژێکی منداڵانەیش. بەڵام چۆن دەکرا بە جۆرێکی تر بێت؟ لە سەردەمی منداڵییاندا، هەرکاتێک گریابێتن و دایک و باوکیان تۆزێک تۆوی چالانچەقیلەیان بۆ گرتونەتەوە و پێیان داون. وەختێک گەورە بوون و دەستیان بە گەڕان بە شەقامەکاندا کرد، سنووورەکانی بێدەنگی و ماندوویی و میهرەبانی تیایاندا لێڵ بووە.

ئەوکات زانیم بۆچی وەختێک بۆ ئەوەڵین جار چاوی خەمینی ئێرانییەکانم

بینی کاریگەر بووم: نیشانەی چارەنووسێکی خەمینیان تیادا بوو. هەستم دەکرد ئەفیون هی ئەوانە، هەروەکو چۆن بزەیەکی خەمگین مۆڵکی کەسی ئازارچێژە؛ هی نەرمونیانی و ماندوویەتییەکەی دەروونیانە؛ هی هەژارییەکەیانە. ئەفیون لە ناویاندا خراپ دەرناکەوێت، بەڵکو وەکو یارمەتیدەر دەردەکەوێت. یارمەتیی دژی چی؟ خاکی سەمەرەی پرسیارەکان...

خەیاڵم لای سەرنجەکانمە لەسەر کرماشان، ئەوەڵین شاری ئێرانی کە ناسیم، چونکە سەرنجەکان بۆ ماوەی ساڵ و نیوێکم لە ئێران بەردەوام بوون، بێگومان بە شکڵی جیاواز، بەڵام بە هەمان ناوەڕۆک. خەمێکی گەورە هەموو جێیەکی داپۆشیبوو. لە شارەکان و دێیەکاندا بەدی دەکرا، هەروەها لە کارەکانی ڕۆژانەیان و مەراسیمە ئایینییەکاندا. هەستە ئایینییەکەیان وەکو هی عەرەبەکان نەبوو و لێوانلێو بوو لە خەم و شیوەن: لای ئەوان، شیوەن بۆ ڕووداوگەلێکی کارەساتاویی سیازدە سەدە لەمەوبەر – شیوەن بۆ مەرگی عەلی و حەسەن و حوسەین – لەوە گرنگتر بوو ئیسلام بۆچی هاتووە و بە چ شێوەیەک ژیانی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات...

لە زۆرینەی شارۆچکەکان، زۆرینەی ئێوارەکان پیاوان و ژنان لەسەر شەقامەکە لە دەوری دەرویشێکی گەڕیدە کۆدەبنەوە، کە بریتییە لە دەرۆزەکەرێکی ئایینی سپیپۆش و پێستێکی پڵنگ بەسەر شانیەوەیەتی و تەورێکی کلکدرێژ لە دەستی ڕاستی و جامێکیش بۆ کۆکردنەوەی خێر لە دەستی چەپیدا. ئەو سرودێکی نیوەگۆرانی و نیوەوتاری سەبارەت بە گرفتەکانی خیلافەت پاش مەرگی پێغەمبەر دەچڕی – چیرۆکێکی خەمین سەبارەت بە ئیمان و خوێن و مەرگ؛ هەمیشەیش شتێکی ئاوا بوو:

گـوێ بگـرن خەڵکینە، گـوێ لەوە بگـرن کە بەسـەر پیـاوانی خـودادا هـات، هەروەها چۆن خۆینی نەوەکانی پێغەمبەر ڕژا.

پێغەمبەرێـک هەبـوو، خـودا چوانـدبووی بە شـاری مەعـریفە؛ دەرگـای شارەکەیش متمانەپێکراوترین و ئازاترین شوێنکەوتووی بوو، عەلیـی ئامۆزا و زاوای، ڕووناکیی جیهان، هاوبەشی پەیامی پێغەمبەری خودا، شێری خودا.

کاتێک پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد، شێری خودا جێنشینی ڕاستی بوو. بەڵام خراپەکاران بەشی شێریان خوارد و بە ناحەق کەسێکی تریان کرد بە جێنشین؛ پـاش مەرگـی یەکەم خراپەکـار، خراپەکـارێکی تـر جێـی گـرتەوە، دواتـریش خراپەکارێکی تر.

پاش مەرگی سێیەم خراپەکار، خواستی خودا دەرکەوت و شێری خودا بوو بە ئەمیری بڕوادارانِ.

بەڵام دوژمنـانی خـودا و عەلـی زۆر بـوون؛ ڕۆژێکیان، کاتێـک کرێوشـی بـۆ خـودا دەبـرد، بکوژێـک بە شمشـێرێک کوشـتی. زەوی لەو کـوفرە هـاواری کـرد، چیاکانیش گریان، داروبەردیش فرمێسکیان ڕشت.

خودا لە خراپەکاران خۆش نەبێت و سزایان بدات!

پاشـان خراپەکـارێکی تـر هـات و پشـکی حەسـەن و حوسـەینی خـوارد، واتە کـوڕانی شێری خودا، کـوڕانی فـاتیمەی زەهرا. حەسـەن ژەهرخوارد کـرا؛ کاتێـک حوسـەین بـۆ بەرگـری لە ئـیمان هەسـتا، ژیـانە ڕۆشـنەکەی لە دەشـتی کەربەلا کوژێندرایەوە، لە کاتێکدا بۆ شکاندنی تینوێتییەکەی لەسەر ئاوێک چەمایەوە.

خودا لە خراپەکاران خۆش نەبێت و سزایان بدات!

سەری حوسەین - ئەو سەرەی پێغەمبەر ماچی کردبوو - بڕدرا و لاشە بێسەرەکەی برایەوە بۆ ئەو خێمەیەی منداڵەکانی بە گریانەوە چاوەڕێی ئەویان تیادا دەکرد.

لەو کاتەوە، باوەڕداران نەفرەتیان لە خراپەکاران کردووە و بۆ عەلی و حەسەن و حوسەین گریاون؛ ئەی باوەڕدار، دەی تۆیش بۆ مەرگیان بگری و بناڵێنە - چونکە خودا لە گوناهی ئەوانە خۆش دەبێت کە بۆ پێغەمبەر دەگرین...

لەگەڵ شیوەن و نوحەگەرییەکەدا، ژنان لە خۆیان دەدا و دەگریان، فرمێسکیش بەبێ دەنگی لە چاوی پیاوانی ڕیشنەوە جۆگەلەی دەبەست...

ئەو شیوەنە زێدەڕۆیانە لە وێنە ڕاستەقینە و مێژوویی‌یەکەی ئەو ڕووداوانە دوور بوون کە کۆمەڵگەی ئیسلامییان دابەش کرد: لە لایەکەوە سوننەکان، کە جەخت لەوە دەکەنەوە ڕیزبەندیی جێنشینەکان دروست بووە، هەروەها شیعەکان، کە جەخت لەوە دەکەنەوە پێغەمبەر عەلیی زاوای خۆی کردووە بە جێنشینی. لە ڕاستیدا، پێغەمبەر بەبێ دیاریکردنی کەس کۆچی دوایی کرد، لە ئەنجامیشدا ئەبوبەکر، یەکێک لە کۆنترین و بەوەفاترین هاوەڵەکانی، بە بۆچوونی زۆرینە کرا بە خەلیفەی موسوڵمانان. دوای ئەبوبەکر عومەر هات و دوای ئەویش عوسمان؛ پاش مەرگی عوسمان عەلی بوو بە خەلیفە. هەر لە ڕۆژانی ئێرانمەوە چاک دەمزانی سێ خەلیفەی یەکەم بە هیچ جۆرێک خراپ نەبوون. بە پێچەوانەوە، لە باشترین و شکۆمەندترین کەسەکانی مێژووی ئیسلامن پاش پێغەمبەر، هەروەها سااڵنێکی زۆر هاوەڵی نزیک و گیانبەگیانیی بوون؛ ئەوان دەسەاڵتیان نەدزیوە، بەڵکو لە لایەن هاوەاڵنی ترەوە هەڵبژێردراون. هۆکاری شەڕەکانی دواتر لەسەر هێز، مەرگی عەلی، گۆڕانی فۆرمە کۆماریی‌یەکەی

دەوڵەتی ئیسلامی بۆ پاشایەتیی میراتی – لەسەر دەستی معاوییەی پێنجەم خەلیفە – و مەرگی حوسەین لە کەربەلا ئەوەوە نەبوو سێ خەلیفەی یەکەم دەسەڵاتیان زەوت کردبێت، بەڵکو ئەوە بوو عەلی و شوێنکەوتوانی بە تەواوەتی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قبوول نەکرد.

بەڵێ، پێش ئەوەی بچم بۆ ئێران ئەوانەم دەزانی؛ بەڵام لەوێ بەو هەست و گڕوتینە سەرسام بووم کە ڕووداوێکی سێزدە سەدە لەمەوبەر لە هەناوی خەڵکی ئێراندا دروستی دەکرد، بە تایبەتی کە ناوی عەلی، حەسەن، هەروەها حوسەین دەهێنرا. لە خۆمم پرسی: ئایا خەمگینیی سروشتیی ئێرانییەکان و هەستە دراماتیکییەکەیان بووەتە هۆی ئەوەی ببن بە شیعە؟ - یان ئەوەیە شیعەگەرێتی بووەتە هۆی ئەو خەمخۆشەویستییە تونەی لای ئێرانییەکان بەدی دەکرێت؟

لەگەڵ تێپەڕینی مانگەکاندا، هێواش هێواش وەڵامێک لە هزرمدا شکڵی گرت.

کاتێک سوپای عومەری کوڕی خەتاب، لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتدا، ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی گرت و ئیسلامی بڵاو کردەوە، زەردەشتییەت لە ئێران بەس تۆزکڵەکەی مابوویەوە و نەیدەتوانی بەرەنگاریی بیرۆکە زیندووەکەی عەرەبستان ببێتەوە. کاتێک عەرەبەکان گەیشتن، ئێران بە قۆناغێکی هەستیاری کۆمەڵایەتی و فکریدا تێدەپەڕی و بۆ زیندووبوونەوەیەکی نەتەوەیی دەگەڕا. هەڵمەتی عەرەبەکان ئەم ئومێدەی بە زیندوبوونەوە ناوەکی و سروشتییەکە تێک شکاند؛ ئێرانییەکان وازیان لە هێڵی مێژوویی گەشەکردنی خۆیان هێنا و لەگەڵ ئەو چەمکە کلتووری و ئەخلاقییانەدا خۆیان گونجاند کە لە دەرەوە هاتبوون.

هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، هەروەکو زۆر جێگەی تر، پێشکەوتنێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بوو؛ سیستمە کۆنە چینایەتییەکەی تێک شکاند و کۆمەڵگەیەکی نوێی ئازاد و یەکسانی دروست کرد؛ دەرگای بە ڕووی ئەو وزە کلتوورییانەدا کردەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نوستوو و دەرنەبڕدراو بوون: بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، نەوە بەخۆدانازەکانی داریوش و خەشایار پچڕانی لەناکاوی بەردەوامیی مێژوویی ژیانی نەتەوەیی خۆیانیان لەبیر نەدەکرد. گەلێک کە کەسایەتییەکەی قوڵایی ناخی خووی بە دوالیزمی ئایینی زەند و پەرستنی وەحدەتولوجودیانەی چوار توخمەکەوە – هەوا و ئاو و ئاگر و خاک – گرتبوو، ئێستا ڕووبەڕووی یەکتاپەرستیی قسەهەڵنەگری ئیسلام و گرنگیدانی بە خودای تاقانەوە دەبوویەوە. هەنگاوەکە زۆر توند و ئازاربەخش بوو، بۆیە ئێرانییەکانیان نەیانتوانی هۆشیارییەکەی خۆیان، کە پشتی بە نەتەوەگەرێتی بەستبوو، بە تەواوەتی فەرامۆش بکەن و بە چەمکی سەروونەتەوەیی ئیسلام جێی بگرنەوە. گەرچی خێرا و بە ویستی خۆیان ئیسلامیان قبوڵ کرد، لە نیمچەهۆشیاریاندا سەرکەوتنی ئیسلام یەکسان بوو بە شکستی ئێران؛ هەستکردن بە شکست و دارمانی میراتە دێرینە کلتوورییەکەیان – هەستێکی زۆر بەهێز، بەڵام نوستوو – بۆ ماوەی چەند سەدەیەک متمانەبەخۆبوونی نەتەوەییانی شکاند. بە پێچەوانەی نەتەوەکانی تر، کە قبوڵکردنی ئیسلام بۆ پێشکەوتنی کلتووری گەرمی کردنەوە، کاردانەوەی ئێرانییەکان شکانێکی قوڵ و زوییەکی کەپتکراو بوو.

دەبوو زوییەکە کەپت بکرێت و لە تاریکاییدا بشاردرێتەوە، چونکە ئیسلام بووبوو بە ئایینی ڕاستەقینەی ئێران. بەڵام ئێرانییەکان بەهۆی ڕقیانەوە لە فتوحاتە عەرەبییەکە، پەنایان بۆ ئەوە برد کە دەروونشیکارەکان ناویان ناوە

"زێـدەقەرەبووکردنەوە": ئەوان وایـان لێـک دایەوە ئەو ئـایینەی عەرەبەکـان هێناویـانە تەنهـا هـی خۆیـانە. بـۆ ئەم مەبەسـتە، تەقـوای ناباتینی و ئەقڵانیـی عەرەبەکانیان کرد بە دژەکەی: توندڕەویی مەعنەوی و هەستی قووڵ و تاریک. ئەو بـاوەڕەی لای عەرەبەکـان ئامـادەیی و حەقـیقەت و سـەرچاوەی ئـازادی بـوو، لای هـزری ئێرانـی بـوو بە شـەوقێکی تاریـک بـۆ هێڵاگەری و سەرووسروشت. بنەمـای ئیسـلامیی بـاڵایی سەرووتێگەیشـتنی خـودا کـرا بە تێـزی بـاتینیی بەرجەستەبوونی خودا (لە ئێرانی پێشئیسلامدا زۆر بوو) لە مرۆڤدا، بە تایبەت لەو کەسە هەڵبژێردراوانەدا کە ئەو کرۆکە ئیلاهییە بۆ نەوەکانیان دەگوێزنەوە. مەیلی شیعەگەرێتی دەروازەیەکی باش بوو بۆ گواستنەوەی ئەو مەیلە: چونکە گومـان لەوەدا نیـیە بەرزڕاگـرتن و بگـرە بەخـوداکردنی عەلـی و نەوەکـانی لای شـیعە لە کرۆکـدا وەکـو بیـرۆکەی بەرجەسـتەبوونی خـودا وایە لە مرۆڤـدا – بیرۆکەیەکی تەواو بێگانە بە ئیسلام، بەڵام ئاشنا بە دڵی ئێرانی.

ئەوەی کە پێغەمبەر بەبێ دیاریکردنی جێنشین کۆچی دوایی کرد، هەروەها کاتێک تاوێک پێش مەرگ یەکێک پێی گوت کەسێک دیاری بکات و دیاریی نەکـرد، ڕێـکەوت نەبـوو. بەم ڕەفتـارە، ئەو هەوڵـی دا بە شـوێنکەوتوانی بڵێـت سیفەتی مەعنەویی پێغەمبەرێتی شتێک نییە بە میراتی بگوازرێتەوە، هەروەها سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی موسوڵمانیش دەبێت بە هەڵبژاردنی ناو خۆیان بێت، نەک بە دیاریکردنی لە لایەن پێغەمبەرەوە: بەم شێوەیە پێغەمبەر ڕەتـی کردەوە هەڵبژاردنـی سـەرۆک بە شـێوازێکی نادونیـایی بێـت، یـان بە شـێوەی جێنشـینایەتییەکی حەواریـیانە بێـت. بەڵام تێـزی شـیعە ڕێـک ئەوەی دەویست. شیعە – بە پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامەوە – جەختی لە جێنشینایەتیی حەواریـیانە دەکـردەوە، بەڵکـو دەیشـیگوت جێنشـینایەتییەکە لە خـانەوادەی پێغەمـبەر دەرناچێت، واتە بۆ عەلی و نەوەکانیەتی.

ئەوە لەگەڵ مەیلە باتینییە ئێرانییەکاندا تەبا بوو. کاتێک ئێرانییەکان چوونە پاڵ ئەو کەسانەی کە دەیانگوت کرۆکی مەعنەویی موحەممەد لە عەلی و نەوەکانیدا بەرجەستە بووە، تەنها تینوێتییەکی باتینییان نەشکاند: هۆکارێکی دیکەی ناهۆشیار لە پشتەوەی بژاردەکەیانەوە بوو. ئەگەر عەلی جێنشینی ڕاستەقینەی پێغەمبەر بوایە، ئەوا سێ جێنشینەکەی تر دەبوو وەکو زەوتکەری دەسەڵات لەقەڵەم بدرێن – لە نێویشیاندا عومەر، ئەو کەسەی ئێرانی فەتح کرد! ئێستا ئیدی هەل ڕەخسابوو بۆ ئەوەی ڕقی نەتەوەیی لە شکێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی بکرێت بە ڕقێکی ئایینی – ئەو ئایینەی بووبوو بە ئایینی ئێران: عومەر عەلی و حەسەن و حوسەینی لەو مافە "بێبەش کرد" کە خودا بۆی دانابوون، واتە مافی جێنشینایەتی؛ بەم شێوەیەیش دژی ویستی خودا جوڵایەوە؛ لە ئەنجامدا، پاڵپشتیکردن لە لایەنگرانی عەلی گوێڕایەڵیکردنی خودا بوو. لە هەناوی ڕقێکی نەتەوەییەوە، تێزێکی ئایینی لەدایک بوو.

لە بەرزڕاگرتنی تێزی شیعەدا لای ئێران، درکم بە دژایەتییەکی بێدەنگ کرد بەرانبەر بە فتوحاتی عەرەبی. ئێستا تێگەیشتم بۆچی ئێرانییەکان بە ڕقێکی زیاترەوە نەفرەتیان لە عومەر دەکرد و بەراورد بەو ئەبوبەکر و عوسمانیان فەرامۆش دەکرد: لە ڕوانگەی بیروباوەڕەوە، دەبوو بەرانبەر ئەبوبەکر توندتر بوونایە، چونکە بە قسەی خۆیان ئەو یەکەم کەس بوو مافە ڕەواکەی لە عەلی زەوت کرد – بەڵام ئەوەی ئێرانی فەتح کرد عومەر بوو...

ئەمە هۆکاری ئەوە بوو بنەماڵەی عەلی بەو شێوەیە لە ئێران بەرز دەکرانەوە. ئەو مەزهەبە تۆڵەیەکی ئێرانی بوو لە ئیسلامی عەرەبی (ئەو ئیسلامەی بە هەموو شێوەیەک دژی بەخوداکردنی مرۆڤ بوو، تەنانەت با ئەو مرۆڤەیش خودی پێغەمبەر بێت). ڕاستە تێزی شیعە لە ئێران سەری هەڵنەدا؛ بەڵام لە هیچ

جێگەیەک وەکو ئێران دەستی بەسەر خەیاڵ و هەست و سۆزی خەڵکدا نەگرت. کاتێک ئێرانییەکان شیوەنیان بۆ عەلی و حەسەن و حوسەین دەکرد، تەنها بۆ شکانی خانەدانی عەلی نەدەگریان، بەڵکو بۆ خۆیان و ڕمانی شکۆمەندییە دێرینەکەیشیان دەگریان...

ئەوان گەلێکی خەمخۆشەویست بوون. خەمەکەیان لە دیمەنەکانی ئێرانیشدا بەرجەستە بووبوو – لە شیوە فراوانەکانیاندا، لە ڕێگە تەنهاکانی چیاکانیان و ڕێگە سەرەکییەکاندا، لە لادێ پەرشوبلاوە مااڵ قوڕینەکانیاندا، تەنانەت لە دیمەنی ڕانە مەڕەکانیاندا کاتێک لە ئێوارەی تاریکدا بەرەو لای بیرەکان دەبران. ژیانی شارەکان هێواش و کز بوو، بەبێ پیشەسازی و کەیفێکی ئاشکرا؛ دەتگوت لە دەوری هەمووشت پەردەیەکی خەونـاوی هەڵدراوە، هەروەها لە هەموو ڕوخسارێکدا هەستت بە چاوەڕوانییەکی تەمبەڵانە بەدی دەکرا. هەرگیز لەسەر شەقامەکان گوێت لە مۆسیقا نەدەبوو. ئەگەر دەمەوئێوارە تەتەرێکی چاودێری ئەسپ و ئاژەڵانی تر لە کاروانسەرایەکدا دەستی بە گۆرانیگوتن بکردایە، بەبێ ئەوەی خۆت بتەوێت گوێت بۆ هەڵدەخست. لە شوێنە گشتییەکاندا، تەنها دەرۆێشەکان گۆرانییان دەگوت؛ هەمیشەیش سەبارەت بە یەک بابەت گۆرانییان دەگوت: مەرگی عەلی و حەسەن و حوسەین. مەرگ و فرمێسک بە بەری ئەو گۆرانییانەدا چندرابوون و وەکو مەیی قورس سەری بیسەرانی قورس دەکرد. دەتگوت پەلامارێکی خەم، بەاڵم خەمێک کە خۆیان قبووڵیان کردبوو، بەسەر ئەم خەڵکانەدا دەڕوانی.

ئێوارانی هاوین لە تاران ژنان و پیاوانت دەبینی لە لێواری جۆگەکاندا دادەنیشتن، کە بە شەقامەکاندا و بە ژێر درەختەکانی نارۆندا دەڕۆیشتن. دادەنیشتن و سەیری ئاوەکەیان کرد. قسەیان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکرد. ئەوان

تەنها گوێیان لە خورپەی ئاو و گڤەی با بە درەختەکاندا دەگرت. هەرکاتێک دەمبینین، بیرم لە سرودەکەی داود دەکردەوە: *لای ڕوبارەکانی بابلدا، دانیشتین و گریاین و گریاین...*

وەکو پۆلێک مەلی گەورە و گێل و خەمگین لای جۆگەکاندا دادەنیشتن، لە جولّەی ئاوەکە ڕادەمان. ئایا بیریان لە بیرکردنەوەیەکی تەمەندرێژ دەکردەوە کە تەنها هی خۆیان بوو؟ چاوەڕوان بوون؟ بەڵام چاوەڕوانی چی؟

داود دەیچڕی: *چەنگەکانمان بە داربییەکاندا هەڵواسی...*

(٣)

"زەید، وەرە با بڕۆین." نامەکەی عەلی ئاغام قەد کرد و خستمە گیرفانم، مالّئاواییم لە شێخ زوغەیبی کرد. بەڵام ئەو سەری ڕاوەشاند:

"نا برام، با زەید لێرە بمێنێتەوە. مادام خۆت ئەوەندە ڕژدیت بۆم باس ناکەیت لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا چیت بەسەردا هاتووە، بهێڵە زەید چیرۆکتم بۆ بگێڕێتەوە. یان ئەوەیە پێت وایە چیتر دۆستەکانت گرنگی بەوە نادەن چیت بەسەردا دێت؟"

10
دەجال

(١)

دەچـمە نـاو کـۆڵانە پێچاوپێچەکـانی کـۆنترین بەشـی مەدیـنە: دیـوارە بەردینەکـانی ماڵەکـان لەگەڵ پەنـجەرە و بـاڵکۆنە دەرپەڕیوەکاندا، کە هێندە لە یەکـتری نـزیکن قورسـە دوو نەفەر پـێکەوە بە نێوانیانـدا بـڕۆن؛ خـۆم لە بەردەم کتێبخانەیەکی بەردینی ڕەساسیدا دەبینمەوە، کە سەد ساڵێک لەمەوبەر لە لایەن زانـایەکی تـورکەوە دروسـت کـراوە. لە حەوشـەکەیدا، لەودیـو دەروازە برۆنـزییەکەیەوە، بێـدەنگییەکی سـەرنجڕاکێش هەیە. حەوشـە بەردیـنەکە تێـدەپەڕێنم و بە لای درەختێکـدا دەڕۆم کە لقەکـانی نـاجوڵێن، هەروەهـا دەچـمە هـۆڵە قـوبەدارەکەوە و کتێبـی نـاو کەیسـە شوشـەکان دەبیـنم – هەزاران دەستنووس، کە هەندێکیان لە دەگمەنترین دەستنووسەکانی جیهانی ئیسلامین. کتێبەیلـی وەکـو ئەمـانە کلتـوریی ئیسـلامییان بەرز کردبـوویەوە: شـکۆیەکی تێپەڕیو، هەروەها ئەو بایەی دوێنی هات و ڕۆیشت.

کاتێک تەماشای ئەم کتێبە بەرگ چەرمانە دەکەم، پچرانی پەیوەندیی نێوان موسوڵمانی دوێنێ و ئەمڕۆ ئازارم دەدات...

"چی بێتاقەتی کردوویت کورم؟ بۆچی دەموچاوت داوە بە یەکدا؟"

ڕوو دەکەمە دەنـگەکە – هـاوەڵی دێـرین و خنجـیلەم شـێخ عەبـدوڵا ئیـبن بـوولەیهییە، لەسـەر فەرشـێک لە نێـوان پەنجەرەکانـدا دانیشـتووە و

دەستنووسێکیشی لە بەردەم خۆیدا داناوە. کاتێک سەری ماچ دەکەم و لایدا دادەنیشم سلاّوم لێ دەکات. ئەو گەورەترین زانایە لە هەموو نەجددا، سەرەڕای بڕێک تەسکبیرییشی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی وەهابییەت، ئەو یەکێکە لە زیرەکترین ئەو هزرانەی لە ولاّتانی موسوڵمان بەریان کەوتووم. یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردبوو ژیانم لە عەرەبستان ئاسان و خۆش بێت، هاوەڵێتیکردنی ئەو بوو، چونکە قسەی ئەو لە شانشینەکەی ئیبن سعوددا لە سەرووی قسەی هەموانەوە بوو، جگە لە خودی پاشا. کتێبەکەی داخست و منی نزیک کردەوە لە خۆی، تەماشای کردم.

گوتم، "شێخم، بیرم لەوە دەکردەوە ئێمەی موسوڵمان چەندە لەمانە دوور کەوتوونەتەوە – پەنجەی بۆ کتێبەکان ڕاکێشا – خۆمان تووشی نەگبەتی و وێرانی بردووە."

وەلاّمی دامەوە، "کوڕم، ئێمە ئەوە دەدورینەوە کە چاندومانە. ڕۆژێک لە ڕۆژان مەزن بووین؛ ئەوە ئیسلام بوو مەزنی کردبووین. ئێمە هەڵگری پەیامێک بووین. تا ئەو جێگەیەی بەرانبەر پەیامی ئیسلام وەفادار بووین، دلّ و هزرمان ڕۆشن بوو؛ بەلاّم هەر ئەوەندەی بیرمان چوو خودا بۆچی هەڵیبژاردووین، کەوتین. ئێمە لەمە دوور کەوتوونەتەوە" – شێخ پەنجەی بۆ کتێبەکان ڕاکێشا – "چونکە لەوە دوور کەوتوونەتەوە کە پێغەمبەرمان درودی خودای لەسەر بێت فێری کردووین..."

پاش بڕێک وەستان لێم دەپرسێت، "کارەکەت چۆن دەڕوات؟" ئەو دەزانێت من سەرقاڵی کۆمەڵێک توێژینەوەم لەسەر مێژووی سەرەتای ئیسلام.

"شێخ، دەبێت دانی پیادا بنێم باش ناڕوات. دڵم ئۆقرە ناگرێت و نایشزانم بۆ. خووم داوەتەوە گەڕانی بیابان."

ئیبن بولەیهی بە بزەیەکەوە تەماشام دەکات و دەستێک بە ڕیشە

خەنەکراوەکەیدا دەهێنێت: "هزر مافی هەیە و جەستەیش ماف... دەبێت ژن بهێنیت."

دەزانم لە نەجد هاوسەرگیری وەکو چارەسەری هەموو کێشەیەک دەبینرێت، بۆیە پێکەنینەکەی خۆمم بۆ ڕاناگیرێت:

"بەڵام شێخ، خۆت دەزانی دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەرگیریم کردووە، ئەمساڵیش کوڕێکم بووە."

شێخ بولەیهی شانەکانی هەڵدەتەکێنێت: "ئەگەر دڵی پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا ئارام بێت، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. تۆ ناکەویتە ماڵ... لەوەیش زیاتر، کەس لە هێنانی ژنی دووەم زەرەری نەکردووە." (خودی خۆی گەرچی حەفتا ساڵە، سێ ژنی هەیە و بیستوومە بچووکتریان شازدە ساڵە و چەند مانگێکە هێناوێتی."

"ڕەنگە قسەی تۆ بێت. بەڵام ئەی چی سەبارەت بە ژنی یەکەم؟ بریندار بوونی ئەو بابەت نییە؟"

"کوڕم: ئەگەر ژنێک دڵی پیاوێک داگیر بکات، ئەو پیاوە بیر لە هاوسەری تر ناکاتەوە و پێویستیشی نابێت. بەڵام ئەگەر دڵی بە تەواوەتی لای نەبێت – چی دەست دەکەوێت گەر ئەو پیاوە بۆ خۆی قۆرخ بکات؟"

وەڵامەکەی ئەو هی پرسیارەکەی من نییە. ئیسلام پێشنیاری هاوسەرگیریی یەکەم دەکات، ڕێگەیش بە پیاو دەدات لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا چوار ژن بهێنێت. ڕەنگە کەسێک بڵێت ئەی بۆچی هەمان ماف بە ژنیش نەدراوە: بەڵام وەڵامەکە سادەیە. گەر لە بابەتی ئەوینیش بگەڕێیت، هۆکارە بایلۆجییەکە ئەوەیە ئامانج لە ئارەزووی سێکسی لە هەردوو ڕەگەزەکەدا وەچەخستنەوەیە: ژن لە یەک کاتدا دەتوانێت لە یەک پیاو دووگیان ببێت و تا دووگیانبوونێکی تریش دەبێت نۆ مانگ چاوەڕێ بکات، بەڵام پیاو هەر جارێک چووە لای ئافرەتێک دەکرێت دووگیانی بکات. کەوایە، ئەگەر سروشت غەریزەی

فرەپیاویی لە ژندا دروست بکردایە، هیچ سوودێکی نەدەبوو، بەڵام غەریزەی فرەژنی لای پیاو پاڵپشتێکی بایلۆجیی هەیە. بێگومان فاکتەرە بایلۆجییەکە تاکە فاکتەر نییە، هەمیشەیش گرنگترین نییە: لەگەڵ ئەوەیشدا فاکتەرێکی سەرەتاییە و لە دامەزراوەی هاوسەرگیریدا یەکلاکەرەوەیە. شەریعەتی ئیسلامی داناییەکی هەیە هەمیشە تەواوی سروشتی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت، بۆیە ئەرکە کۆمەڵایەتی و بایلۆجییەکەی هاوسەگیری دەپارێزێت (کە پاراستنی وەچە لەخۆ دەگرێت) و ڕێگە بە پیاو دەدات زیاد لە ژنێک بهێنێت، بەڵام ڕێگە بە ژن نادات زیاد لە مێردێکی هەبێت؛ هەرچی پرسە مەعنەوییەکەیە، بۆ ژن و پیاوەکە بەجێ هێڵراوە. کاتێک خۆشەویستی پاک و کاملە، پرسی هاوسەرگیریی تر سەر هەڵنادات؛ کاتێک مێردەکە بە تەواوەتی دڵی لەسەر ژنەکەی نییە، بەڵام دڵیشی نایەت فەرامۆشی بکات، دەتوانێت ژنێکی تر بهێنێت، بەڵام بەو مەرجەی ژنی یەکەمی ئامادەی بەشکردنی خۆشەویستییەکە بێت؛ خۆ ئەگەر ژنەکە قایل نەبوو، دەتوانێت جیا ببێتەوە و بۆی هەیە هاوسەرگیری بکاتەوە. هەرچۆنێک بێت – بەو پێیەی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە نەک قودسییەتێکی دەستکارینەکراو – پەنابردن بۆ جیابوونەوە بژاردەی پیاوەکەیش و ژنەکەیشە، بۆیە ئەو پەنجەبۆڕاکێشانەی لە کۆمەڵگەکانی تردا بۆ ئەو کەسانە هەیە کە لە هاوسەر جیا بوونەتەوە، لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کزە یان هەر نییە (موسوڵمانانی هندیی لێ دەربکە، چونکە ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی چەندین سەدە بەرکەوتن لەگەڵ کۆمەڵگەی هیندودا، کە تیایدا تەلاق بە تەواوەتی قەدەغەیە).

ئەو ئازادییەی ئیسلام بۆ هاوسەرگیریکردن و جیابوونەوە بە ژن و پیاوی دەدات ڕوونی دەکاتەوە بۆچی لە ئیسلامدا زینا لە خراپترین تاوانەکانە: لە هەبوونی ئەو فراوانی و ئازادییەدا، هیچ تێکەڵاوییەکی هەستی و جەستەیی نابێت بە بیانوو بۆ زینا. ڕاستە لە ماوەی چەندین سەدەی داتەپینی جیهانی

ئیسلامیدا بۆ ژنان قورس بووە بەو ئازادییەی شەرعدانەر ویستوویەتی پیادەی مافی جیابوونەوە بکەن، بەڵام ئەوە لە ئەستۆی ئیسلام نییە، بەڵکو لە ئەستۆی دابونەریتە – هەروەکو چۆن دابونەریت بەرپرسن لەو گۆشەگیرکردنەی لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی دراوە بە ملی ژنانداا: چونکە نە قورئان و نە نموونەی ژیانی پێغەمبەریش ئاماژەیان بەو شێوازە مامەڵەیە تیادا نییە، بەڵکو ئەوە نەریتێکە لە ڕێگەی لە کۆمەڵگەی بێزەنتینییەوە هاتە ناو موسوڵمانانەوە.

شێخ بولەیهی بە تێگەیشتنەوە بیرکردنەوەکانم دەوەستێنێت: "کوڕم، پێویست ناکات لە بڕیاردانداا پەلە بکەیت. ئەوەی هی تۆیە، لە کاتی خۆیدا دێت."

(٢)

کتێبخانەکە بێدەنگە؛ من و شێخە پیرەکە تەنیاین لەوێ. دەنگی بانگی ئێوارە لە مزگەوتێکی نزیکەوە دێت؛ ساتێک دواتر لە پێنج مناڕەی مزگەوتی پێغەمبەریشەوە، کە لێمانەوە دیار نییە، دەنگی بانگ بەرز دەبێتەوە. بانگبێژی یەکێک لە مناڕەکان دەست بە بانگدان دەکات: الله اکبر... بە دەنگێکی قوولّ و دەنگی بەرز دەکاتەوە و نزمی دەکاتەوە. پێش ئەوەی یەکەم ڕستە تەواو بکات، بانگبێژی ئەو مناڕەیەی لە ئێمەوە نزیکترینە بە تۆنێکی بەرزتر دەست پێ دەکات: الله اکبر الله اکبر! کاتێک بانگبێژی مناڕەی سێیەم هێواش دەنگ هەڵدەبڕێت، بانگبێژی یەکەم ڕستەی یەکەمی تەواو کردووە و لە کاتێکدا مناڕەی چوارەم و پێنجەم ڕستەی یەکەم دەڵێنەوە، ئەم دەڵێت: اشهد ان لا اله الا الله. ئەوجا دەنگی مناڕەی دووەم و سێیەم بە هێواشی دەخزێن: اشهد ان محمدا رسول الله. بە هەمان شێوە، هەر دێڕێک دوو جار لە لایەن پێنج مناڕەکەوە دووپات دەکرێتەوە. پاشان بانگەکە دەگات بەوەی: حي علی الصلاة، حي علی الصلاة! حي علی الفلاح، حي علی الفلاح. دەڵێیت هەر دەنگێک یەکێکی تر بێدار دەکاتەوە و هەموان لە یەکتری نزیک دەکاتەوە، کەچی هەمان دەنگ لە

جێیەکی تردا دەخزێت و دەگات بە کۆتایی: الله اکبر الله اکبر، لا اله الا الله!

ئەم ئاوێتەبوون و جیابوونەوە دەنگانە وەکو هیچ ئاواز و بانگێکی تر نییە. کاتێک دڵم پڕ دەبێت لە خۆشەویستیی مەدینە و دەنگەکانی ناوی، هەست دەکەم هەموو گەڕانەکانم بۆ یەک مەبەست بوون: ئاشکراکردنی مانای بانگ.

شێخ بولەیهی بانگم دەکات، "دەی هەستە، با بڕۆین بۆ نوێژی ئێوارە."

مزگەوتی مەدینە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا وەکو ئێستەی لێ کراوە، بەڵام هەندێک لە بەشەکانی زۆر کۆنترن – هەندێکیان هی سەردەمی مەملوکەکانی میسڕ و بگرە زووتریشن. مەودای هۆڵە ناوەندییەکە، کە گۆڕی پێغەمبەری تیادایە، هەمان ئەو مەودایەیە کە لە سەردەمی خەلیفە عوسمانداوە دیاری کرا. لە سەریەوە قوببەیەکی سەوز هەیە، کە لە ناوەوە بە بۆیەی گوڵینی ڕەنگین ڕازێنراوەتەوە. چەند هێڵێک لە مەڕمەڕی قورس پاڵپشتی لە سەقفەکە دەکەن و بە شێوەیەکی تەبا ناوەوە دابەش دەکەن. زەمینە مەڕمەڕەکە بە فەرشی گران داپۆشراوە. سێ میحرابە چرای زەیتییان لەسەرە، تاقەکانیش ڕوویان لە مەککەیەوە و بە کاشیی شین و سپیی نەخشدار ڕازێنراونەتەوە: یەکێکیان شوێنی ئیمامە. لەسەر زنجیری درێژی مس سەدان گۆی کریستاڵ و شوشە هەن؛ شەوانە لە ناوەوە دادەگیرسێندرێن و بە زەیتی زەیتوون دەسوتێن، هەروەها ڕۆشنایی بەسەر هەموو نوێژخوێنانداوە بەڵاو دەکەنەوە. لە ڕۆژیشدا، تاریکوڕوونێکی سەوزباو تەواوی مزگەوتەکە دادەپۆشێت و وەکو بنەوەی دەریاچەیەک دەنوێنێت؛ وەکو ئەوەی کەسانێک بە پێی پەتی لە ئاوەکەدا و بەسەر فەرش و مەڕمەڕەکەدا بخزێن؛ لە کاتی نوێژدا، دەنگی ئیمامەکە بە کپی و بێ دەنگدانەوە دەگاتە کۆتایی هۆڵەکە، هەروەکو ئەوەی لەو نێوانەدا دیوارەیلێکی ئاوی هەبن.

گۆڕی پێغەمبەر نابینرێت، چونکە بە قوماشێکی نەخشین و میلێکی مسی

سپی داپۆشراوە، کە لە سەدەی پازدەدا لە لایەن قایتبەیی سوڵتانی مەملوکییەوە پێشکەش کراوە. لە ڕاستیدا، بنەڕەتی ئەو گۆڕە بەو شێوەیە نەبووە، چونکە پێغەمبەر خراوەتە ژێر خاکی ئەو ژوورەی ماڵە بچووکەکەیەوە کە تیایدا ژیاوە و کۆچی دوایی کردووە. لە سەردەمەکانی دواتردا دیوارێکی بێ دەرگای لە دەور دروست کراوە و لە جیهانی دەرەوە قەدەغە کراوە. لە ماوەی ژیانی پێغەمبەردا، مزگەوتەکە بە پاڵ ماڵی ئەوەوە بووە؛ بە تێپەڕینی چەندین سەدە، مزگەوتەکە فراوان کراوە و گۆڕەکە و زیاتریشی گرتووەتە خۆ.

چەندین ڕیزی درێژ کومبار داخراون لە ناوەوەی مزگەوتەکەدا داخراون؛ چەند ڕیز پیاو لەسەر کومبارەکان دانیشتوون و قورئان دەخوێنن، لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن، تێڕادەمێنن، یان هەر ئاوا دانیشتوون و چاوەڕێی نوێژی ئێوارە دەکەن. وا دەردەکەوێت ئیبن بولەیهی نوقمی نزایەکی بێوشە بووبێت.

وەکو هەمیشە پێش نوێژی ئێوارە، لە دووڕەوە دەنگی خوێندنی قورئان دێت. ئەمڕۆکە سورەتی عەلەقە، ئەوەڵین سورەتێک کە بۆ موحەممەد (درودی خودای لەسەر بێت) دابەزی: *بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت*... بانگی خودا بەم وشانە لە ئەشکەوتی حیرای نزیک مەککە بۆ موحەممەد دابەزی.

ئەو لەوێ، وەکو کارێک کە پێشتریش ئەنجامی دابوو، لە تەنهاییدا نزای دەکرد و داوای هیدایەت و حەقیقەت و ڕۆشنایی دەکرد؛ لەوێدا فریشتەیەک دەرکەوت و پێی گوت، "بخوێنە!" موحەممەدیش کە وەکو زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە نەخوێندەوار بوو، هەروەها نەیشیدەزانی دەبێت چی بخوێنێت، وەڵامی دایەوە: "من خوێندەوار نیم." فریشتەکە ئەوی گرت و گوشیی بە خۆیەوە، بە جۆرێک موحەممەد (درودی خودای لەسەر بێت) هەستی بە لاوازی کرد؛ پاشان لە خۆیی جودا کردەوە و فەرمانەکەی دووپات کردەوە: "بخوێنە!" موحەممەدیش دیسانەوە وەڵامی دایەوە: "من خوێندەوار نیم." ئەمجارەیان فریشتەکە ئەوی

گوشی تاکو پێغەمبەر هەستی کرد گیان دەسپێرێت؛ ئەمجارەیشیان پێی گوت: "بخوێنە!" کاتێکیش موحەممەد بە کزی گوتی، "خوێندەوار نیم..." فریشتەکە ئەوی بەردا و فەرمووی:

بخوێنە بە ناوی پەروەردگاری بەدیهێنەرت

کە ئادەمیزادی لە لە خانەیەکی هەڵواسراو بەدی هێناوە.

بخوێنە، پەروەردگارت بەخشندەترینە:

ئەو زاتەیە کە بە قەڵەم مرۆڤی فێر کردووە،

مرۆڤی فێری ئەوە کردووە کە نەیدەزانی...

بەم شێوەیە، بە ئاماژەدان بە هۆشیاریی مرۆڤ و ئەقڵ و مەعریفە، وەحیی قورئان دەستی پێ کرد و بە درێژایی بیستوسێ ساڵ، تاکو مەرگی پێغەمبەر لە مەدینە و لە تەمەنی شەستوسێ ساڵیدا، بەردەوام بوو.

بە جۆرێک لە جۆرەکان، چیرۆکی یەکەمین ئەزموونی وەحی دەمخاتەوە یادی زۆرانبازیکردنی یەعقوب لەگەڵ فریشتەکەدا، وەکو ئەوەی لە کتێبی بەدیهێنانداا (تەکوین) باس کراوە. بەڵام لە کاتێکدا یەعقوب بەرهەڵستیی کرد، موحەممەد بە سەرسامی و نیگەرانییەوە خۆی بۆ ئامێزی فریشتەکە شل کرد، تاکو هیچ هێزێکی تیادا نەما، هەموو ئەوەی مایەوە توانای گوێگرتن بوو کە چیتر نەدەزانرا لە ناوەوە دەهات یان دەرەوە. ئەوکات نەیدەزانی دەبێت لە هەمانکاتدا هەم پڕ بێت، هەم بەتاڵ: مرۆڤێکی لێوانلێو بێت لە ئارەزووە مرۆییەکان و هۆشیاری بە ژیانی خۆی، لە هەمانکاتدا وەرگرێکی ناچالاک و بەتاڵی پەیامەکەیش بیت. کتێبی غەیبیی حەقیقەتی نەمر – ئەو حەقیقەتەی مانا بە هەموو شت و ڕووداوە بەرهەستەکان دەدات – لەسەر دڵی دانرا و چاوەڕێ کرا تێبیگات؛ داوای لێ کرا لەسەر ئەو کتێبە بۆ جیهان بخوێنێتەوە، تاکو ئەوە بزانن "کە پێشتر نەیانزانیوە" و بەبێ یارمەتیی ئەو ناتوانن بیزانن.

دەرئەنجامە مەزنەکانی ئەو دیمەنە موحەممەدیان ماندوو کرد؛ ئەویش وەکو موسا لە کێوەکە، خۆی بە شایستەی مەقامی پێغەمبەرایەتی نەزانی و وەختێک بیری لەوە کردەوە خودا ئەوی هەڵبژاردووە، هەڵلەرزی. پێیان گوتراوە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و هاواری لە خەدیجەی هاوسەری کردووە: "دامبپۆشە، دامبپۆشە!" چونکە وەکو لقێک لە بەردەم کڕێوەدا هەڵدەلەرزی. ئەویش بەتانییەکی لە هاوسەرەکەی پێچا و بە تێپەڕینی کات لەرزینەکەی نەما. پاشان پێغەمبەر ڕووداوەکەی بۆ خەدیجە باس کرد و گوتی: "دەترسم." بەڵام خەدیجە، بە بەرچاوڕوونییەکەوە کە تەنها ئەوین بە مرۆڤی دەدا، زانیی ترسی هاوسەرەکەی لە مەزنی ئەرکەکەیەتی؛ لە وەڵامدا گوتی، "نەخێر، سوێند بە خودا هەرگیز بارێک ناخاتە سەر شانت نەتوانیت ئەنجامی بدەیت، هەرگیز سەرشۆڕت ناکات! تۆ پیاوێکی چاکیت، سیلەی ڕەحم بەجێ دەگەیەنیت، پشتی لاوازەکان دەگریت، بە دەم هەژارانەوەیت، ڕێزی میوان دەگریت، هەروەها یارمەتیی لێقەوماوان دەدەیت." بۆ ئەوەی ئاسوودەی بکات، بردی بۆ لای وەرەقەی ئامۆزای، کە سااڵنێک بوو مەسیحی بوو و دەیتوانی ئینجیل بە عەرەبی بخوێنێتەوە: ئەوکات تەمەنی زۆر بوو و چاوەکانیشی لەدەست دابوو. خەدیجە پێی گوت، "کوڕەمام، گوێ لەم خزمەت بگرە!" کاتێک موحەممەد ئەزموونەکەی خۆی گێڕایەوە، وەرەقە لە سەرسامیدا دەستەکانی هەڵبڕی و گوتی: "ئەوە فریشتەی وەحی بووە، هەمان ئەو فریشتەیەی خودا بۆ لای پێغەمبەرانی پێشتری ناردووە. خۆ ئەگەر لاو بوومایە، خۆ ئەگەر زیندوو بوومایە، لەو کاتەدا پشتم دەگرتیت کە خەڵکەکەت دەرت دەکەن!" لەوێدا موحەممەد بە سەرسامییەوە پرسیی: "بۆچی دەرم دەکەن؟" وەرەقەی ژیر وەڵامی دایەوە: "دەرت دەکەن، بەڵێ دەرت دەکەن. هەرگیز پیاوێک بە پەیامێکی وەکو ئەوەی تۆوە نەهاتووە بۆ لای گەلەکەی و ئەشکەنجە نەدرابێت."

بۆ ماوەی سیازدە ساڵ ئەشکەنجەیان دا، تا ئەوەی مەککەی بەجێ هێشت و چوو بۆ مەدینە. دەی مەککەییەکان هەمیشە دڵیان ڕەق بووە...

هەرچۆنێک بێت، ئایا هێندە قورسە لە دڵڕەقی مەککەییەکان تێبگەین

کاتێک بۆ جاری یەکەم گوێبیستی پەیامی پێغەمبەر بووون؟ ئەوان لە هەموو مەیلێکی مەعنەوی خاڵی بوون، تەنها کردە دونیاییەکانیان دەزانی: ئەوان وایاندەزانی فراوانکردنی دونیا تەنها لە فراوانکردنی ئاسوودەیی دەرەکیدایە. بیرۆکەی ملکەچبوون بۆ گوفتارێکی ئەخلاقی – دەی ئیسلام واتە ملکەچبوون بۆ خودا – بۆ کەسانێکی ئاوا بەرگەگیراو نەبوو. جیا لەوە، پەیامەکەی موحەممەد هەڕەشەی لەو سیستم و قەناعەتە هۆزەکییانە دەکرد کە مەککەییەکان بەرز ڕایاندەگرتن. کاتێک بانگەوازی یەکتایی خودای کرد و بتپەرستیی وەکو مەزنترین تاوان لەقەڵەم دا، ئەوان تەنها وەکو هەڕەشەیەک لە باوەڕە کۆنەکانیان وەریان نەگرت، بەڵکو زانییان هەوڵێکیشە بۆ سەراوژێرکردنی شێوازی ژیانیان. بە دیاریکراوی، حەزیان بە دەستێوەردانی ئیسلام لەوەدا نەبوو کە ناویان نابوو کاروبارە دونیاییەکانی دەرەوەی ئایین – ئابووری، پرسەکانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری خەڵک – چونکە دەستێوەردانەکەی ئیسلام لەگەڵ شێوازی بازرگانیی و هەوەسبازییان و بۆچوونە هۆزەکییەکانیاندا نەدەگونجا. ئایین لای ئەوان بابەتێکی کەسی بوو – مەیلێکی کەسی بوو نەوەکو شێوازی ڕەفتار.

ئەوەی لە هزری پێغەمبەری عەرەبیدا بوو بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕوانگەی ئەوان بوو. لای پێغەمبەر، ڕەفتار و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە خانەی ئایینداا بوون، خۆ ئەگەر کەسێکیش پێی بگوتایە ئایین شتێکی کەسییە و پەیوەندیی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە نییە، سەیری لێ دەهات. بتپەرستانی مەککە، زیاد لە هەموو تایبەتمەندییەکی تر، ڕقیان لەو تایبەتمەندییەی ئایینی ئیسلام بوو. خۆ ئەگەر ئیسلام دەستی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان وەرنەدایە، بێگومان هێندە توند دژی پێغەمبەر ڕانەدەوەستان. بێگومان بە ئیسلام بێزار دەبوون، چونکە بیروباوەری ئیسلامی و بیروباوەڕی خۆیان تێک دەگیرا؛ بەڵام پاش ماوەیەک لە بەرکەوتن لایان ئاسایی دەبوویەوە، هەروەکو چۆن بانگەوازی

جاروباری مەسیحیەتیان لا ئاسایی بووبوویەوە – بەو مەرجەی پێغەمبەر وەکو قەشە مەسیحییەکان تەنها جەختی لە خەڵک بکردایەتەوە باوەر بە خودا بهێنن و داوای ڕزگاری بکەن و ڕەفتاریان جوان بێت. بەڵام ئەو شوێنی نموونە مەسیحییەکە نەکەوت، هەروەها خۆی بە پرسەکانی عەقیدە و پەرستش و ئەخلاقیاتی کەسییەوە سنووردار نەکرد. چۆن دەکرا کارێکی وا بکات؟ مەگەر خودا فەرمانی پێ نەکردبوو نزا بکات: *پەروەردگارا، لەم دونیایەدا چاکە و لە دواڕۆژیشدا چاکە بهێنەرە ڕێگەمان*؟

لە داڕشتنی ئایەتەکەدا، "چاکەی ئەم دونیا" خراوەتە پێش "چاکەی دواڕۆژ"؛ چونکە ئێستا دەکەوێتە پێش پاشتر‌ەوە، هەروەها مرۆڤ دەبێت پێویستییە جەستەیی و دونایینەکان تێر بکات، ئەوجا دەتوانێت گوێ لە پەیامی ڕۆح بگرێت و بەرەو چاکەی دواڕۆژ هەنگاو بنێت. پەیامی موحەممەد مەعنەویەتی لە ژیانی جەستەیی دانەدەبڕی و بە دوژمنی یەکتری نەدەزانین: مەعنەویەتی ئەو پشتی بەو چەمکە بەستبوو کە دەڵێت ڕۆح و جەستە ڕەهەندی جیای هەمان حەقیقەتن – حەقیقەتی ژیانی مرۆڤ. نەدەکرا ئەو تەنها بە چاندنی ئەخلاقی کەسی قایل ببێت، بەڵکو ناچار بوو ئەخلاقەکە بکات بە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا هەموو تاکێک بتوانێت بگات بە لوتکەی سەرکەوتوویی ماددی و جەستەیی، تاکو دەرفەتی گەشەکردنی مەعنەوییش زیاتر ببێت.

لە سەرەتادا، بەوە دەستی پێ کرد بە خەڵکی بڵێت *کرداریش بەشێکی باوەڕە*: چونکە خودا تەنها گرنگی بە باوەڕی مرۆڤ نادات، بەڵکو گرنگی بە کردارەکانیشی دەدات – بە تایبەت ئەو کردارانەی هەم کاریگەری لەسەر خود دادەنێن، هەم لەسەر دەوروبەر. ئەو بە جوانترین دەربڕین، کە خودا پێی بەخشیبوو، دژی ستەمی بەهێزەکان لە لاوازەکان دوا. ئەو تێزێکی پێشترنەبیستراوی هێنا: پیاوان و ژنان لە بەردەم خودادا یەکسانن و هەموو ئەرک و ئومێدە ئایینییەکان بەسەر هەردوو لادا جێبەجێ دەبن؛ تەنانەت

زیاتریش هەنگاوی نا و جەختی لەوە کردەوە ئافرەت مرۆڤێکی سەربەخۆیە و مرۆڤبوونی ئەو بە دایکبوون، خوشکبوون، یان ژنبوون یان کچبوونی پیاوێکی تر‌ەوە نەبەستراوەتەوە، بۆیە مافی خاوەندارێتیی و بازرگانی و جیابوونەوەی لە هاوسەرگیری هەیە، ئەوەیش عەرەبە بتپەرستەکانی تۆقاند. ئەو سەرکۆنەی هەموو یارییە بەختەکان و هەموو مەستکەرەکانی کرد، چونکە بەپێی قورئان، ئەوانە *زیانی زۆر و هەندێک سوودیان هەیە، بەڵام زیانەکەیان زیاترە*. لە سەرووی هەموویەوە، دژی ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ وەستایەوە؛ دژی قەرزی سوودار، جا سووەکە هەرچەندێک بوایە؛ دژی قۆرخکاری؛ دژی قومارکردن لەسەر پێداویستییەکانی ئەوانی تر؛ دژی داوەریکردن بەپێی لایەنگیریی هۆز و خانەوادە – لە دەربڕینی هاوچەرخدا، بەپێی "نەتەوەپەرستی." بەڵێ، ئەو شەرعیەتی لە هەستوسۆزە هۆزەکییەکان سەندەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، تاکە هاندەری ڕەوای یەکگرتن – لە ڕووی ئەخلاقییەوە دروست – ڕێکەوتی لەدایکبوونی مرۆڤەکان نەبوو لە هەمان جێگەدا، بەڵکو قبووڵکردنی هۆشیارانە و ئازادی خەڵک بوو بۆ جیهانبینی و ئەخلاقیاتێکی هاوبەش.

لە ئەنجامدا، پێغەمبەر جەختی لە گۆڕینی زۆرینەی ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانە کردەوە کە تا ئەوکات بە نەگۆڕ دەزانران؛ بۆ تێگەیشتن و بەپێی دەربڕینی سەردەمی خۆمان، وەکو ئەوەبو بڵێت "با ئایین بێنینە ناو سیاسەتەوە": داهێنانێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو سەردەمە.

سەرۆکەکانی مەککەی بتپەرست، هەروەکو زۆرینەی خەڵکی زۆرینەی سەردەمەکان، باوەڕیان وابوو قەناعەتە کۆمەڵایەتییەکانیان، بیرکردنەوەکانیان، هەروەها دابونەریتەکانیان باشترینی هەموو سەردەمەکانن. بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی دژی ئەوە بوون پێغەمبەر ئایین بهێنێتە ناو سیاسەتەوە – واتە تەقوا بکات بە بناغەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی – و گوتیان ئەو بیرۆکەیە نائەخلاقی و یاخییە و دژی پایەکانی ڕاست و دروستییە. کاتێک دەرکەوت ئەو

خەونبینێکی خەیاڵپلاو نییە، بەڵکو پیاوێکە دەزانێت پیاوانی تر بۆ کردار هان بدات، ئیدی بەرگریکارانی سیستمی ئەوکات دەستیان بە پەلاماردانی خۆی و شوێنکەوتوانی کرد...

بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەموو پێغەمبەرەکان دژی "سیستمی" سەردەمی خۆیان وەستاونەتەوە؛ کەوایە بۆ سەرسام بین بەوەی لە لایەن ناسیاوەکانی خۆیشیانەوە سوکایەتییان پێ کراوە و ئەشکەنجە دراون؟ بۆ سەرسام بین کە دواهەمینی پێغەمبەرەبان، موحەممەد (درودی خودای لەسەر بێت)، تا ئەمڕۆیش لە ڕۆژئاوا سوکایەتیی پێ دەکرێت؟

(٣)

لەگەڵ تەواوبوونی نوێژی ئێوارە، دەشتەکییە نەجدییەکان و خەڵکی شارەکە لە دەوری شێخ بولەیهی کۆدەبنەوە تاکو سوود لە مەعریفەی وەربگرن؛ ئەمە لە کاتێکدا خودی شێخ حەزی بەوەیە گوێ لە ئەزموونی کەسانی تر و باسی گەشتە دوورەکانیان بگرێت. گەشتی دوور لەناو نەجدییەکاندا باوە؛ ئەوان بە خۆیان دەڵێن ئەهلی ڕیحال، واتە ئەهلی زینی حوشتر، هەروەها زۆرێکیان زیاتر بە زینی حوشترەکانیان ئاشنان تا پێخەفی ناو ماڵەکانیان. بێگومان ئەم قسەیە سەبارەت بەو لاوە دەشتەکییەی هۆزی حەرب ڕاستە، کە باسی ئەوە دەکات لە گەشتەکەی ئەم دواییەیدا بۆ ئێراق چی بەسەردا هاتووە، کە لەوێ بۆ ئەوەڵین جار لە ژیانیدا کەسانێکی فەرەنگیی بینیبوو – مەبەست لە فەرەنگی ئەوروپییەکانە، زاراوەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ فرانکەکان، کە عەرەب لە ماوەی جەنگی خاچپەرستاندا ڕووبەڕوویان بوونەوە).

"شێخ، پێم بڵێ بۆچی فەرەنگییەکان کلاوێک لەسەر دەکەن چاویان دادەپۆشێت؟ چۆن ئاسمان دەبینن؟"

شێخ چاوێک لە من دادەگرێت و دەڵێت، "ئەوان نایانەوێت ئاسمان ببینن. لەوەیە بترسن لەوەی ئاسمان بیانخاتەوە یادی خودا؛ هەروەها حەز ناکەن بکەونەوە یادی ڕۆژەکانی حەفتە..."

هەموومان پێدەکەنین، بەڵام دەشتەکییە لاوەکە سورە لەسەر دۆزینەوەی مەعریفە: "دەی کەوایە بۆچی خودا هێندە لەگەڵیاندا باشە و سامان بەوان دەدات و بە بێباوەڕانی نادات؟"

"ئەوە سادەیە کوڕم، ئەوان ئاڵتون دەپەرستن، بۆیە خوداکەیان لە گیرفانیاندایە... بەڵام ئەم هاوڕێیەی تەنیشتم," – دەست دەخاتە سەر ئەژنۆی من – "لە من باشتر فەرەنگییەکان دەناسێت، چونکە خۆی لەناو ئەوانەوە هاتووە: خودا ئەوی لە تاریکییەوە بەرەو ڕۆشنایی ئیسلام هیدایەت کردووە."

دەشتەکییە کنجکۆڵەکە دەپرسێت، "وایە برام؟ ڕاستە تۆ خۆت فەرەنگی بوویت؟" کاتێک دەڵێم بەڵێ، بە چرپە دەڵێت، "سوپاس و ستایش بۆ خودا، کە هەرکێی بوێت هیدایەتی دەدات... دەی برام، پێم بڵێ بۆچی فەرەنگییەکان هێندە لە خودا بێئاگان؟"

"ئەوە چیرۆکێکی درێژە و لێرەدا کورت ناکرێتەوە. لێرەدا تەنها دەتوانم بڵێم جیهانی فەرەنگییەکان بووە بە جیهانی دەجال. بیستووتە پێغەمبەر پێشبینیی کردووە لە ئاخر زەماندا زۆرینەی خەڵک شوێنی دەجال دەکەون و وا دەزانن خودایە؟"

لە کاتێکدا دەشتەکییەکە بە چاوانێکی پڕ لە پرسیارەوە تەماشای من دەکات، شێخ بولەیهییش قسەکانی بەدڵە، دەست دەکەم بە باسی دەرکەوتنی دەجال، کە چاوێکی نابینایە، بەڵام خودا هەندێک هێزی تایبەتی داوەتێ. ئەو لەمسەری دونیاوە گوێی لە قسەی ئەوسەری دونیا دەبێت، هەروەها بە تاقە چاوەکەی دوورترین جێگە دەبینێت؛ بە چەند ڕۆژێک بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، وا

دەکات گەنجینەی ئالتون و زیو لەژێر زەویدا دەربکەون، باران دەبارێنێت و گەشە بە ڕووەکەکان دەدات، هەروەها دەکوژێت و زیندوو دەکاتەوە: تاکو هەموو ئەوانەی ئیمانیان لاوازە وا باوەڕ بهێنن خودایە و کڕنوشی بۆ ببەن. بەڵام ئیماندارانی نووسراوەکەی ناوچاوانی دەخوێننەوە: کافر – بەم شێوەیە دەزانن ئەو فێڵبازێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئیمانی ئادەمیزاد.

لە کاتێکدا هاوەڵە دەشتەکییەکەمان واقی وڕماوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت، "پەنا بە خودا دەگرم،" من ڕوو دەکەمە ئیبن بولەیهی:

"شێخم، ئەمە وەسفێکی دروستی شارستانیەتی تەکنەلۆجیایی مۆدێرن نییە؟ یەک چاوی هەیە: تەنها سەیری یەک ڕەهەندی ژیان دەکات – پێشکەوتنی ماددی – و لە پێشکەوتنە مەعنەوییەکان بێخەبەرە. لە ڕێگەی سەرسوڕهێنەرە میکانیکییەکانیەوە دوور دەبینێت و دوور دەبیستێت، هەروەها لە ماوەیەکی کورتدا مەودایەکی فراوان دەبڕێت. مەعریفە زانستییەکەی باران دەبارێنێت بۆ ئەوەی ڕووەکەکان گەشە بکەن و لە ژێرزەویشدا گەنجینە دەدۆزێتەوە. پزیشکییەکەی ژیان بۆ ئەوانەی خەریکە دەرمەن دەگەڕێنێتەوە، جەنگ و تۆقێنەرە زانستییەکانیشی ژیان لەناو دەبەن. پێشکەوتنە ماددیەکەی ئەوەندە بەهێز و درەوشاوەیە ئیمان لاوازەکان وا دەزانن خودی خودایە؛ بەڵام ئەوانەی تەقوای خودایان لە دڵدایە، دەزانن پەرستنی دەجال کوفرە..."

ئیبن بولەیهی بە ئەژنۆمدا دەکێشێ و هاوار دەکات، "ڕاست دەکەیت موحەممەد، ڕاست دەکەیت! هەرگیز لەم ڕوانگەیەوە بیرم لە دەجال نەکردووەتەوە؛ بەڵام ڕاست دەکەیت. لەبری ئەوەی خەڵکی بیر لەوە بکەنەوە پێشکەوتنی زانستی و بەرەوپێشچوونەکانی مرۆڤ نیعمەتی خودان، زیاتر و زیاتر لە خودا دوور دەکەونەوە و خودی زانستەکە دەپەرستن."

لە دڵی خۆمدا بیر دەکەمەوە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ملکەچی پەرستنی دەجال بووە. دەمێکە پاکیزەیی خۆی و هەموو پەیوەندییەکی ناوەکیی لەگەڵ سروشتدا

لەدەست داوە. ژیان بووە بە مەتەڵ بۆی. گومانکارە، بۆیە لە براکەی دابڕاوە و تەنها کەوتووە. بۆ ئەوەیشی لە تەنهاییدا نەفەوتێت، ناچارە بە ڕێگەی دەرەکی بەسەر ژیاندا زاڵ ببێت. زیندوێتی چیتر ئاساییشی دەروونیی ناداتێ: هەمیشە دەبێت بە ئازارەوە، لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر، کۆشش بۆ ئاساییش بکات. بەهۆی لەدەستدانی هەموو ئاڕاستە مێتافیزیکییەکانەوە، ناچارە هاوەڵی میکانیکی دروست بکات: لە ئەنجامیشدا پاڵنەرێکی توند و داماوانەی بۆ تەکنیکەکەی هەیە. هەموو ڕۆژێک ئامێری نوێ دروست دەکات و بەشێک لە ڕۆحی بە هەریەکێکیان دەدات تاکو شەڕ بۆ بوون و مانەوەی بکات. ئامێرەکان ئەو نیازەی بۆ پڕ دەکەنەوە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێویستی و مەترسی و ترسی نوێی بۆ دروست دەکەن – تینوێتییەکی نەشکێندراو بۆ هاوەڵی دەستکردی نوێ. ڕۆحی لە ڕەوڕەوەی ئامێرە بەهێزە داهێنەرەکەدا ون دەبێت: ئامێرەکەیش ئامانجی سەرەکیی خۆی لەدەست دەدات و لەبری ئەوەی پارێزەر و دەوڵەمەندکەری ژیانی مرۆڤ بێت، دەبێت بە خودایەک. قەشە و بانگخوازەکانی ئەم خودا تێرنەبووە نازانن هۆکاری خێرایی پێشکەوتنی تەکنیکیی هاوچەرخ گەشەی ئەرێنیی مەعریفە نییە، بەڵکو زادەی نائومێدییەکی مەعنەوییە، هەروەها نازانن ئەو دەستکەوتە مەزنانەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەیانەوە جڵەوی سروشت دەکات لە بنەڕەتدا میکانیزمێکی بەرگرین و لە پشتیانەوە ترسێکی گەورە لە نەزانراو خۆی حەشار داوە.

شارستانیەتی ڕۆژئاوا نەیتوانیوە هاوسەنگی لە نێوان پێویستییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان و داواکارییە مەعنەوییەکاندا دروست بکات؛ وازی لە ئەخلاقیاتی ئایینیی ئایینەکان هێناوە، لە کاتێکدا خۆی پەرەی بە سیستمێکی ئەخلاقیی جێگرەوە نەداوە. سەرەڕای پێشکەوتنەکانی بواری پەروەردە، هێشتا خەڵکی بە هەموو دروشمێکی کەسە فریودەرەکان فریو دەخۆن. تەکنیکی "ڕێکخراوی" بۆ ئاستی هونەرێکی جوان بەرز کردووەتەوە، کەچی نەتەوەکانی

ڕۆژئاوا نازانن چۆن جلّەوی ئەو هێزانە بکەن کە زاناکان دروستیان کردوون، ئێستایش گەیشتوون بە خاڵێک پێشکەوتنە زانستییەکان و ئاژاوەی جیهانی پێکەوە هەنگاو دەنێن. بابای ڕۆژئاوایی هیچ مەیلێکی ئایینیی نییە، بۆیە ناتوانێت لە ڕووی ئەخلاقییەوە سوود لە ڕۆشنایی مەعریفیی زانستەکەی وەربگرێت. ئەم ئایەتەی قورئان بە جوانترین شێوە بەسەر بابای ڕۆژئاواییدا جێبەجێ دەبێت:

"وێنەیان وەکو کەسێک وایە لە شەوێکی تاریکدا ئاگرێن دابگیرسینێت، کە هەرئەوەندەی دەوروبەرەکەی ڕووناک کردەوە، خودا ڕووناکییەکەیان لێ بکۆژێنێتەوە و لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا بەجێیان بهێڵێت؛ کەڕوڵاڵ و کوێرن، بۆیە لە گومڕایی ناگەڕێنەوە."[1]

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، ڕۆژئاواییەکان هێندە خۆبەگەورەزانن نابینایەکەی خۆیان نابینن، بۆیە قەناعەتیان وایە شارستانیەتەکەی ئەوان ڕۆشنایی و شادی بۆ جیهان دەهێنێت... لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بیریان لە بلّاوکردنەوەی ئینجیل بە جیهاندا دەکردەوە؛ بەڵام ئێستا جۆشە ئایینییەکەیان نەماوە و ئایین وەکو مۆسیقایەکی پاشەکی دەزانن، کە بۆی هەیە هەبێت، بەڵام نابێت کاریگەریی لەسەر ژیان هەبێت، بۆیە ئەو ئینجیلەی ئێستا بلّاوی دەکەنەوە ئینجیلی ماددەگەرایی شێوازی ژیانی ڕۆژئاواییە: ئەو باوەڕەی وا دەزانێت هەموو گرفتەکانی مرۆڤ لە کارگە و تاقیگە و لەسەر مێزی ئامارزانەکان چارە دەکرێن.

بەم شێوەیە دەجال دەرکەوتووە...

---

[1] قورئان ٢: ١٧-١٨

(٤)

بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگی هەموو جێگەیەکی گرت. پاشان شێخ قسەی کرد: "کوڕم، تێگەیشتن لە مانای دەجال بەرەو ئیسلامی هێنایت؟"

"بە جۆرێک لە جۆرەکان بەڵێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەنگاوی کۆتایی بوو."

"هەنگاوی کۆتایی... بەڵێ: جارێکیان چیرۆکی موسوڵمانبوونی خۆتت پێ گوتم – بەڵام کەی و چۆن هەستت کرد ئیسلام ئامانجتە؟"

"کەی؟ با بیر بکەمەوە... پێم وابێت ڕۆژێکی زستان بوو لە ئەفغانستان، کاتێک ئەسپەکەم نالێکی لەدەست دا و دەبوو لە لادێیەکی سەر ڕێگەکەم بۆ ئاسنگەرێک بگەڕێم؛ لەوێدا پیاوێک پێی گوتم: 'تۆ موسوڵمانیت، بەڵام خۆت پێت نەزانیوە.' ئەوە هەشت مانگێک بەر لە موسوڵمانبوونم بوو... ئەوکات لە هەراتەوە بۆ کابوڵ دەچووم..."

لە هەراتەوە بۆ کابوڵ دەچووم و ئیبراهیم و سەربازێکی ئەفغانیم لەگەڵدا بوو. ئێمە بە چیا بەفرینەکانی هیندوکوشی ناوەڕاستی ئەفغانستاندا تێدەپەڕین. سارد بوو و بەفرەکە دەدرەوشایەوە و چیا لێژەکانیش ئەمدیودیویان گرتبووین.

ئەو ڕۆژە هەم خەمین بووم، هەم شاد. خەمین بووم، چونکە ئەو کەسانەی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لەگەڵیاندا ژیابووم بە پەردەگەلێکی لێڵی ڕۆشنایی و هێز و گەشەی ئیمانیان لە من جودا بوون؛ شاد بووم، چونکە هێز و گەشە و ڕۆشنایی ئەو ئیمانە لە بەردەم چاوەکانمدا بەرجەستە بووبوون – هەر دەتگوت دەتوانم دەستیان لێ بدەم.

ئەسپەکەم کەوتە شەلین و شتێک بەر سمی کەوت: نالێکیانی شل بووبوویەوە و تەنها بە دوو بزمار وەستابوو.

لە هـاوەڵە ئەفغانییەکەمـانم پرسـی، "هـیچ لادێیەکـی لێـیە ئاسـنگەری تیـادا بێت؟"

"لادێـی دەزەنگـی دوور نیـیە. لەوێ لێیەتـی و قەڵای حـاکمی هەزارسـتانیش لەوێیە."

بە هێواشی، بۆ ئەوەی ئەسپەکەم ماندوو نەبێت، بەسـەر بەفرەکەدا ڕۆیشتین تا بگەین بە دێی دەزەنگی.

حاکمەکە، یان پارێزگاری ناوچەکە، کوڕێکی لاوی باڵاکورت و ڕووخۆش بـوو – پیـاوێکی کـراوە کە پێـی خـۆش بـوو لە قەڵا گۆشـەگیر و ئاسـاییەکەیدا میوانێکی بێگانەی هەبێت. گەرچی خزمی نزیکی شا ئەمانوڵا بوو، یەکێک بوو لە خـۆبەکەمگرتینی ئەو پیـاوانەی لە ئەفغانسـتان بینـیم. ئەو ناچـاری کـردم دوو ڕۆژ لە قەڵاکەیدا بمێنمەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم بۆ خوانێکی شاهانە دانیشـتین، دوای ئەوەی پیـاوێکی لادێکە بە سێتارێکەوە گۆرانیی بۆ گـوتین. ئەو بە پوشتو گۆرانیی دەگـوت، کە زمانێـک بوو لێی تێنەدەگەیشـتم بەڵام ئەو وشـە فارسـییانەی بەکـاری دەهێنان لە کەشی ژووورە گەرم و فەرشدارەکەدا و بەرانبـەر هەوا سـاردە بەفراوییەکە کە لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە ژووورەوە، دەردەکەوتن. بیرمە گۆرانییەکەی سـەبارەت بە شـەڕی داود و جـالوت بـوو – شـەڕی ئـیمان و هێـز – گەرچـی لە وشـەکانیش تێنەدەگەیشـتم، ڕوون بـوو سـەرەتا بە خـۆبەکەمگری دەسـتی پـێ کـرد، دواتـر سەرکەوت بۆ جۆشێکی تۆندوتیژ، کۆتاییەکەیشی هاواری سەرکەوتن بوو.

کاتێـک تەواو بـوو، حـاکم گـوتی، "داود بچووک بـوو، بەڵام ئـیمانەکەی مەزن بوو..."

خۆم پێ نەگیرا و گوتم: "ئێوەیش زۆرن، بەڵام ئیمانەکەتان بچووکە."

خانەخوێیەکەم واقی وڕما و لە قسەکەم تەریق بوویەوە، منیش خێرا دەستم

کرد به ڕوونکردنەوەی قسەکەم. لە ڕاستیدا ڕوونکردنەوەکەم لێوانلێو بوو لە پرسیار:

"چۆن چۆنی ئێوەی موسوڵمان متمانەبەخۆبوونتان لەدەست داوە – ئەو متمانەبەخۆبوونەی ڕۆژێک لە ڕۆژان یارمەتیی دان لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا باوەڕەکەتان لە عەرەبستانەوە بەرەو ڕۆژئاوا تا زەریای ئەتلانتیک ببەن، لە ڕۆژهەلاتیشەوە تاکو لای چین – کەچی ئێستا بەو ئاسانییە مل بۆ بیر و دابونەریتەکانی ڕۆژئاوا کەچ دەکەن؟ باوباپیرانی ئێوە جیهانیان بە هونەر و زانست ڕۆشن کردەوە، لە کاتێکدا ئەوروپا نوقمی بەڕبەڕیەت و نەفامی بووبوو، دەی بۆچی ئێوە ناوێرن ڕوو لە باوەڕە ڕۆشن و پێشکەوتنخوازەکەتان بکەنەوە؟ چۆنە کەسێکی وەکو ئەتاتورک، ئەو دووڕووە بێنرخە کە ئیسلام بە خاوەنی هیچ بەهایەک نازانێت، لای ئێوە بووە بە هێمای زیندووکردنەوەی موسوڵمانان؟"

خانەخوێیەکەم هیچی نەگوت. لە دەرەوە بەفر دەباری. دیسانەوە لە ساتێکدا هەستم بەو شادی و خەمە کرد کە لە نزیکبوونەوەمدا لە دەزەنگی هەستم پێی کردبوو. هەستم بە شکۆی شارستانیەتێک کرد، لە هەمانکاتدا هەستم بە شەرمەزاریی کوڕانی ئەم شارستانیەتە گەورەیە کرد.

"پێم بڵێ – چۆنە باوەڕی پێغەمبەرەکەتان و سادەیی و ڕوونییەکەی بووە بەژێر گفتوگۆ وردەکەکانی زاناکانتانەوە؟ چۆنە شازادە و خاوەنزەوییەکانتان نوقمی خۆشگوزەرانی و سەروەت و سامان بوون، کەچی زۆرێک لە برا موسوڵمانەکانیان لە هەژاری و داماویدا دەتلێنەوە – ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەرەکەتان فێری کردوون *هیچ کەسێک بە خۆی نەڵێت ئیماندار، ئەگەر سکی خۆی تێر بوو و دراوسێکەی بە برسێتی نوست*؟ دەتوانیت تێمبگەیەنیت بۆچی ژنانتان خستووەتە کەنارەوە، لە کاتێکدا ژنانی دەوری پێغەمبەر و هاوەڵان بەشداریی زیندوویان لە ژیاندا هەبوو؟ چۆنە زۆرێک لە ئێوەی

موسـولّمان نەزانـن و کەمینەیەکتـان دەزانـن بنووسـن و بخـوێننەوە – ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەرەکەتان فێری کردوون *کۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی زانست ئەرکی سەر شانی هەموو موسوڵمانێکی نێر و مێیە، هەروەها فێری کردوون پلەی زانا بەسەر زاهیدەوە وەکو بەرزی پلەی مانگ وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکانی تردا*؟

هێشتا خانەخوێیەکەم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت سەیری دەکرد، منیش هەستم کـرد قسـەکانم ئازاریـان داوە. سـێتارژەنەکە کە لە فارسـی تێنەدەگەیشـت، بە سەرسامییەوە سەیری دەکردم و سەیری لەم بێگانەیە دەهات کە بەم خرۆشانەوە لەگەڵ حاکمدا دەدوێت. لە کۆتاییدا، حاکمەکە وەکو ئەوەی سەرمای بێت جبە زەردەکەی لە خۆی نزیک خستەوە و بە گوێمدا چرپاندی:

"بەڵام، تۆ موسوڵمانیت..."

پێکەنیم و گوتم، "نا، موسوڵمان نیم، بەڵام ئەوەندە جوانیم لە ئیسلامدا دیومە، بێتـاقەت دەبـم کاتێـک دەبـین ئـاوا بەفیـرۆی دەدەن... بمبەخشـە ئەگەر تونـد بووبێتم، بەڵام وەکو دۆستێک دەدوێم، نەوەکو دوژمن."

بەڵام خانەخوێیەکەم سەری ڕاوەشاند، "نا، وەکو گوتم: تۆ موسوڵمانیت، بەڵام خـۆت پێـت نەزانیـوە... بـۆچی لێـرەدا شـایەتومان ناهێنیـت و بەڕاسـتی ببیـت بە موسـوڵمان، هەر بەو شـێوەیەی دڵـت موسـوڵمانە؟ بیلّـێ بـرام، شـایەتومان بهێـنە و سبەینێ دەتبەم بـۆ لای ئەمیـر، بێگومـان وەکـو ئەوەی یەکێـک بیـت لە خۆمـان ئامێزت بۆ دەکاتەوە. ئەوجا مـاڵ و مـاڵات و باخت دەداتێ، هەموانیش خۆشیان دەوێیت. بیلّێ برام."

"ئەگەر شایەتومان بهێنم، لەبەر ماڵ و باخەکانی ئەمیر نایهێنم، بەڵکو لەبەر ئەوە دەیهێنم کە قەناعەتم هێناوە."

جەختـی لـێ کـردمەوە، "بەڵام تـۆ لە زۆرینەمـان شـارەزاتری بە ئیسـلام، چ شتێک هەیە هێشتا تێینەگەیشتبیت؟"

"بابەتەکە تێگەیشتن نییە، بەڵکو قەناعەتە: قەناعەت بەوەی قورئان وتەی خودایە و بەرهەمی هزری مەزنی مرۆڤێک نییە..."

بەڵام لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا قسەی هاوەڵە ئەفغانییەکەم لەبیر نەکرد.

لە کابوڵەوە بە درێژایی چەند حەفتە بە باشووری ئەفغانستاندا تێپەڕیم، بە شاری دێرینی غەزنەدا، کە هەزار ساڵێک لەمەوبەر سوڵتان مەحمودی مەزن لەوێوە دەستی بە فەتحی هندستان کرد؛ بە قەندەهاری سەرنجڕاکێشدا، کە دەتتوانی بە چاوەکانی خۆت بەهێزترین جەنگاوەرە هۆزەکییەکان ببینیت؛ بە درێژایی بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەفغانستان؛ هەروەها دیسانەوە بۆ هەرات، شوێنی سەرەتای گەشتەکەی ئەفغانستانم.

لە ساڵی ١٩٢٦دا، وەختێک زستان مانّاوایی دەکرد، هەراتم بەجێ هێشت تا بە گەشتێکی درێژ بگەڕێمەوە ماڵەوە: بە شەمەندەفەر لەسەر سنووری ئەفغانەوە تاکو مەرڤ لە تورکستانی ڕوسیا، بۆ سەمەرقەند، بوخارا، تاشکەند، هەروەها لە تەختاییەکانی تورکمانەوە بۆ ئورانّ و مۆسکۆ.

یەکەم و کاریگەرترین بەرکەوتنم لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت – لە هێڵی شەمەندەفەری مەرڤ – پۆستەڕێکی جوان و گەورە بوو کە پرۆلیتاریانێکی لاوی شینپۆش لە پیاوێکی ڕیشسپیی دزێوی دەدا، کە ڕۆبێکی فشی لەبەردا بوو؛ پیاوە ڕیشسپییەکە لە هەورەکانەوە دەکەوتە خوارەوە. ئەفسانە ڕووسییەکەی بن وێنەکە نووسرابوو: "بەم شێوەیە کرێکارەکانی یەکێتی سۆڤیەت خودایان لە ئاسمانەکەی خۆی دەرکردووە! دەستکردی ڕێکخراوی *بێزبۆژنیکیی* (بێخودا) سۆشیالیستە کۆمارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت."

ئەو جۆرە پڕوپاگەندە دژەدینانە، کە بە شێوەیەکی فەرمی ڕێگەیان پێ درابوو، لە هەموو جێیەک هەبوون: لە بینا گشتییەکانی سەرشەقامەکان و

زیاتریش له نزیکی شوێنەکانی پەرستش. شوێنەکانی پەرستش له تورکستان زیاتر مزگەوت بوون. نوێژی بەکۆمەڵ بە ئاشکرا قەدەغە نەکرابوو، بەڵام دەسەڵات هەمووشتێکی دەکرد بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لێی. پێیان گوتم له هەندێک لەو شوێنانە، بە تایبەت له تاشکەند و بوخارا، پۆلیس ناوی هەموو ئەوانە دەنووسێت کە دەچنە مزگەوتەوە؛ قورئان دەگیرا و دەفەوتێندرا؛ یەکێک له خولیا دڵخوازەکانی لاوانی بێباوەڕیش ئەوە بوو شەوان سەری بەراز هەڵبدەنە ناو مزگەوتەکانەوە.

پاش چەند حەفتە له گەشت بە ڕوسیای ئاسیایی و ئەورووپیدا، بڕینی سنووری پۆڵەندا ئاسوودەی کردم. ڕاستەوخۆ چووم بۆ فرانکفۆرت و چووم بۆ لای ناوەندی ڕۆژنامەکەم. هەرزوو بۆم دەرکەوت له نەبوونی خۆمدا بەناوبانگ بووم و وەکو یەکێک له باشترین نووسەرە دەرەکییەکانی ئەورووپای ناوەڕاست لەقەڵەم دەدرێم. هەندێک له وتارەکانم – بە تایبەتی ئەوانەی باسی سایکۆلۆجیای ئاڵۆزی ئایینیی ئێرانییەکانی دەکرد – کەوتبوونە بەرچاوی ڕۆژهەڵاتناسە گەورەکان و ستایش کرابوون. بەهۆی ئەو دەستکەوتەوە، بانگ کرام زنجیرە وتارێک له ئەکادیمیای جیۆپۆلەتیکی بەرلین بدەم – لەوێ پێم گوترا هەرگیز دەرفەتێکی ئاوا بە کەسێکی هاوتەمەنی من (ئەوکات نەگەیشتبوومە بیستوشەش) نەدراوە. وتارەکانی ترم بە مۆڵەتی فرانکفورتەر زیتەنگ له لایەن ڕۆژنامەکانی ترەوە چاپ کرابوونەوە؛ یەکێکیان زیاد له سی جار چاپ کرابوویەوە. بە گشتی، گەڕانەکانم بە ئێراندا بەرهەمدار بووبوون...

ئەوکات بوو هاوسەرگیریم لەگەڵ ئێڵسادا کرد. دوو ساڵ دووریم له ئەورووپا ئەوینەکەمانی لاواز نەکردبوو، بەڵکو بەهێزی کردبوو، هەروەها بە شادییەکی پێشتر هەستپێنەکراوەوە دڵەڕاوکێکانیم سەبارەت بە جیاوازیی تەمەنمان ڕەواندەوە.

ئەو گوتی، "بەڵام چۆن هاوسەرگیری لەگەڵ منداد دەکەیت؟ تۆ هێشتا

نەبوویت بە بیستوشەش ساڵ، منیش چلم تێپەڕاندووە. بیری لێ بکەرەوە: کاتێک تۆ دەبیت بە سی، من دەبم بە چلوپێنج؛ کاتێک تۆ دەبیت چل، من ئیدی ژنێکی بەتەمەنم..."

پێکەنیم: "کەی گرنگە؟ ناتوانم خەیاڵی داهاتوویەکی لە تۆ خاڵی بکەم."

لە کۆتاییدا قایل بوو.

زێدەڕۆییم نەکرد کاتێک گوتم خەیاڵی داهاتوویەکی بێ ئێڵسا ناکەم. جوانی و ئارامییە ناوەکییەکەی وەها سەرنجیان ڕاکێشابووم، نەمدەتوانی تەماشای هیچ ژنێکی تر بکەم؛ تێگەیشتنە هەستیارەکەیشی لەوەی من چیم لە ژیاندا دەویست، ئومێد و ئارەزووەکانی دەگەشاندمەوە و زۆر جوانتر لە بیرکردنەوەکانی خۆم شکڵی پێ دەبەخشین.

جارێکیان – پێم وابێت حەفتەیەک یان دوان لە هاوسەرگیریمان تێپەڕیبوو – پێی گوتم: "تۆ چەندێک سەیریت، لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا تۆ عیرفان لە ئایینداپەسەند ناکەیت... خودی خۆت وەختێک سەیری ئەو شتانە دەکەیت کە خەڵکی تر بە ئاساییان دەزانیت، عاریفانە تەماشا دەکەیت: بە نوکی پەنجەکانت دەوروبەرت دەپشکنیت، شکڵە عیرفانی و مەعنەوییەکان لەشتە ئاساییەکاندا دەبینیت... بەڵام کاتێک ڕوو لە ئایین دەکەیت، سەراپا ئەقڵیت. لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵک ڕێک پێچەوانەی ئەوەن..."

بەڵام ئێڵسا سەری لەوە نەسوڕمابوو. کاتێک باسی ئیسلامم دەکرد، ئەو دەیزانی بۆ چی دەگەڕێم؛ هەروەها گەرچی ئەو هەمان هەڵپەی منی بۆ بابەتەکە نەبوو، خۆشەویستییەکەی کردی بە هاوسەفەرم.

زۆرجار پێکەوە قورئانمان دەخوێندەوە و باسی بیرۆکەکانی ناویان دەکرد؛ ئێڵسایش، هەروەکو من، بە تەبایی وانە ئەخلاقییەکان و ڕێنماییە کردەییەکانی قورئان سەرسام بوو. بە گوێرەی قورئان، خودا ملکەچیی کوێرانەی لە مرۆڤ

ناوێت، بەڵکو دەیەوێت ئەقڵی بەکار بهێنێت؛ خودا لە چارەنووسی مرۆڤ دانەبڕابوو، بەڵکو لە شادەماری مل نزیکتر بوو؛ ئەو هێڵێکی جیاکەرەوەی لە نێوان باوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا دروست نەدەکرد؛ هەروەها، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بوو، خودا نەیدەگوت خاڵی سەرەتا ئەوەیە کە ناکۆکیی نێوان مادده و ڕۆح هەمووشتێکی بارگران کردووە و ڕێگەی ڕۆشنایی بریتییە لە ڕزگارکردنی ڕۆح لە زیندانی جەستە. پێغەمبەر هەموو فۆرمەکانی ڕەتکردنەوەی دونیا و خۆبێبەشکردنی سەرکۆنە کردبوو: ڕەهبانیەت لە ئیسلامدا نییە. ئیرادەی مرۆڤ بۆ ژیان هەر تەنها غەریزەیەکی بەرهەمدار و ئەرێنی نەبوو، بەڵکو ڕەوایەتیی دەستووری ئەخلاقییشی پێوە بەند بوو. لە ئەنجامدا، مرۆڤ فێری ئەوە بوو: بابەتەکە ئەوە نییە بۆت هەبێت بە پڕی بژیت، بەڵکو لەسەرت پێویستە پڕ بژیت.

وێنەیەکی گشتیی ئیسلامم بۆ دروست بوو، وێنەیەکی یەکلاکەرەوە کە هەرجارێک تەماشام دەکرد سەرسامی دەکردم. پرۆسەکە بە شێوەیەکی هێواش ڕوویدا، بەبێ ئەوەی من هەوڵێکی هۆشیارانە بدەم بۆ پێکەوەنانی پارچەکان و ڕێکخستنی ئەو وردەمەعریفانەی لە ماوەی چوار ساڵدا وەرمگرتبوون. ئەندازیارییەکی کاملّم لە بەردەم خۆمدا دەبینی؛ هەموو پارچەکانی بیناکە یەکترییان تەواو دەکرد، هیچی زیاد نەبوو، لە هیچی کەم نەبوو – هاوسەنگییەکی وەها لەگەڵ تەماشاکردنیدا هەستت دەکرد هەمووشتێکی ڕوانگەی ئیسلام "لە جێگەی خۆیدایەتی."

بەر لە هەزاروسێسەد ساڵ پیاوێک هەستایەوە و گوتی: "من هیچ نیم جگە لە مرۆڤێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت؛ بەڵام ئەوەی جیهانی بەدی هێناوە ڕایسپاردووم پەیامی خۆیتان پێ بگەیەنم. بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەکەی ئەو بژین، فەرمانی پێ کردووم ئەوتان یاد بخەمەوە، بیرتان بهێنمەوە دەسەڵات و زانینی ڕەها هی ئەوە، هەروەها بەرنامەیەکی کاملّی ژیانتان پیشان بدەم. ئەگەر

ئەم ئاگادارییە قبوولّ دەکەن، شوێنم بکەون." ئەوە کرۆکی پەیامی موحەممەد بوو.

ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتییەی پێشکەشی کرد ئەوەندە سادە بوو، تەنها لەگەڵ مەزنیدا هەڵدەکات. پێشگریانەی ئەوەڵی ئەوە بوو مرۆڤەکان بوونگەلێکی بایلۆجین و پێداویستیی بایلۆجییان هەیە، هەروەها بەدیهێنەر وای داناوە دەبێت پێکەوە بژین، بۆ ئەوەی پێداویستییە جەستەیی، ئەخلاقی، هەروەها فکرییەکانیان تێر بکەن: بە کورتی، مرۆڤەکان نیازیان بە یەکتر هەیە. گەشەی بەردەوامی لایەنی مەعنەویی تاکەکەسێک (ئامانجی هەموو ئایینێک) بەندە بەوەی لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە تا چ ڕادەیەک یارمەتیدەری ئەو تاکە دەدەن و هانی دەدەن و دەپارێزن – هەموو تاکەکانی دەوروبەریش هەمان پەیوەندییان هەیە. ئەم نیازمەندییە بە یەکتری نەیدەهێشت ئیسلام لە ئابووری و سیاسەت جیا بکرێتەوە. بە تێگەیشتنی ئیسلام، ئەرکی کۆمەڵگەی دروست ئەوەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک ڕێک بخات، هەموو تاکێک کەمترین بەربەست و زۆرترین هاندانی هەبێت بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی و لایەنی مەعنەویی. لەم ڕووەوە، مایەی سەرسامی نییە ئەو سیستەمەی پێغەمبەر موحەممەد لە ماوەی بیستوسێ ساڵدا چەسپاندی تەنها گرنگی بە لایەنی مەعنەوی نەدەدا، بەڵکو بواری بۆ چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسییش کردەوە. تەنها جەختی لە چەمکی چاکبوونی کەسی نەکردەوە، بەڵکو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادگەریش تێکۆشا تا چاکبوونە کەسییەکە بواری دەرکەوتنی هەبێت. بەرنامەی ئیسلام چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی دانا – تەنها چوارچێوە، چونکە وردەکارییەکانی پێداویستییە سیاسییەکان بەپێی سەردەم دەگۆڕێن – هەروەها مافە کەسی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیشی دەستەبەر کرد. بەرنامەی ئیسلام لە هەموو لایەکەوە ئامێزی بۆ ژیان کردەوە، هەر لە لایەنی ئەخلاقی و جەستەییەوە تاکو کەسی و گشتی؛ پرسەکانی جەستە و هزر،

سێکس و ئابووری، شانبەشانی پرسەکانی عەقیدە و پەرستش شوێنی گونجاویان لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەردا هەبوو، هەروەها هەرشتێک پەیوەندیی بە ژیانەوە هەبوایە بێبایەخ سەیر نەدەکرا و بە شایستەی ئەوە دەزانرا لە خولگەی هزری ئایینیدا تاوتوێ بکرێت – تەنانەت پرسە "دونیاییەکانی" وەکو بازرگانی و میرات و مافەکانی مووڵک و خاوەندارێتیی زەوییش.

هەموو بڕگەکانی شەریعەت بە جۆرێک داڕێژرابوون سوودی هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگەیان تیادا بوو، بەبێ جیاکاری لە لەدایکبوون، نەژاد، ڕەنگ، ڕەگەز، هەروەها هۆز و تیرە. هیچ سوودێکی تایبەت بۆ دامەزرێنەری کۆمەڵگەکە یان نەوەکانی جیا نەکرابوویەوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەرز و نزم لە ئارادا نەبوو؛ چەمکی چینیش بە هەمان شێوە. هەموو ماف و ئەرک و دەرفەتەکان بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو ئەوانەدا جێبەجێ دەبوون کە ئیمانیان هەبوو. پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا پێویستی بە کەسێک نەبوو لەو نێوەندەدا، چونکە *خودا دەزانێت چی لە دەستیاندایە و چی لە پشتەوە دەشارنەوە*. وەفادارییەک لەودیو وەفاداریەوە بۆ خودا و پێغەمبەر و دایک و باوک و ئەو ئۆممەتەی بۆ بەرپاکردنی شانشینی خودا لەسەر زەوی تێدەکۆشا، وەفادارییەکی تر نەبوو؛ ئەمە ئەو وەفادارییەی قەدەغە دەکرد کە دەیگوت، "لە ڕاست و هەڵەدا پشتی نەتەوە یان وڵاتەکەم دەگرم." پێغەمبەر، لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایەدا، زیاد لە جارێک دەرموویەتی: *ئەوەی بۆ هۆز بجەنگێت لە ئێمە نییە؛ لە ئێمە نییە ئەوەی بانگەشە بۆ هۆزپەرستی بکات؛ ئەوەی لە پێناو هۆزپەرستیدا دەمرێت لە ئێمە نییە*.

پێش ئیسلام، هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان – تەنانەت ئەوانەیش کە بناغەیەکی ئایینسالارانە یان نیوە ئایینسالارەیان هەبوو – هەر لە لایەن چەمکەکانی هۆز و یەکڕەنگیی هۆزەوە سنووردار کرابوون. پاشا خۆبەخودازانەکانی میسری دێرین بیریان لەودیو ئاسۆی دۆڵی نیل و

دانیشتوانه‌کانی نه‌ده‌کرده‌وه، هه‌روه‌ها ده‌وڵه‌تی ئایینسالاری عیبرییه‌کانیش که به حساب خودا حوکمی تیادا ده‌کرد، خوداکه‌یان ته‌نها هی به‌نی ئیسرائیل بوو. له پێکهاته‌ی هزری قورئانیدا حساب بۆ نه‌سه‌ب و هۆز نه‌ده‌کرا. ئیسلام کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی سیاسیی دروست کرد که هه‌موو به‌ربه‌سته باوه‌کانی هۆز و نه‌ژادی بڕی. له‌م ڕووه‌وه، ده‌کرێت بڵێین ئیسلام و مه‌سیحیه‌ت هه‌مان ئامانجیان هه‌بوو: هه‌ردووکیان لایه‌نگری کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی نێونه‌ته‌وه‌یین که خاڵی هاوبه‌شی خه‌ڵکه‌که‌ی ناوی به‌رنامه‌یه‌کی هاوبه‌شه؛ به‌ڵام له کاتێکدا مه‌سیحیه‌ت خۆی له پابه‌ندبوونێکی ئه‌خلاقیدا سنووردار کرد، هه‌روه‌ها به ئامۆژگاریکردنی شوێنکه‌وتوانی به‌وه‌ی "ئه‌وه‌ی هی قه‌یسه‌ڕه بۆ قه‌یسه‌ڕی به‌جی بهێڵن،" مه‌یله گه‌ردوونییه‌که‌ی خۆی له بواریکی مه‌عنه‌ویدا سنووردار کرد، ئیسلام وێنه‌ی دامه‌زراوه‌یه‌کی سیاسیی بۆ جیهان کێشا که تیایدا ته‌قوا جوڵێنه‌ری ڕه‌فتاری مرۆڤه و تاکه بناغه‌ی هه‌موو دامه‌زراوه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه. که‌وایه ئیسلام، به جێبه‌جێکردنی ئه‌وه‌ی مه‌سیحیه‌ت تیایدا شکستی هێنا، په‌ڕه‌یه‌کی نوێی له گه‌شه‌پێدانی مرۆڤدا هه‌ڵدایه‌وه: یه‌که‌مین نموونه‌ی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی کراوه و ئایدیۆلۆجیی پێچه‌وانه‌ی کۆمه‌ڵگه داخراوه‌کانی ڕابردوو، که هه‌میشه به جوگرافیا یان نه‌ژاده‌وه سنووردار بوون.

په‌یامی ئیسلام شارستانیه‌تێکی به ژیان ئاشنا کرد شوێنی نه‌بوو بۆ نه‌ته‌وه‌په‌رستی، چینایه‌تی، به‌رژه‌وه‌ندیی قۆرخکارانه، جیاکردنه‌وه‌ی چین، که‌نیسه و که‌هه‌نوت، شانازیکردن به نه‌سه‌به‌وه؛ له ڕاستیدا، نه‌سه‌ب هیچ ئه‌رکێکی نه‌بوو. ئامانجه‌که دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی ئایینسالاره، که په‌یوه‌ندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ تیایدا دیموکراسییانه بێت. گرنگترین سیفه‌تی شارستانیه‌ته نوێیه‌که – سیفه‌تێک له هه‌موو بزاڤه‌کانی تری مێژووی مرۆڤ جیای ده‌کاته‌وه‌وه – ئه‌وه بوو زاده‌ی ڕێککه‌وتنی دڵخوازانه‌ی به‌شدارانی ناوی بوو. لێره‌دا، وه‌کو کۆمه‌ڵگه و شارستانیه‌ته‌کانی تری مێژوو، پێشکه‌وتنی

کۆمەڵایەتی زادەی فشار و دژەفشاری بەرژوەوەندییە پێچەوانەکان نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە دەستوورە ڕەسەنەکە. بە زمانێکی تر، پەیانێکی ڕاستگۆیانەی کۆمەڵایەتی ڕیشەی شتەکان بوو: وەکو دەربڕینێکی تیۆری دەسەڵاتدارانی نەوەکانی دواتر نا بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکان، بەڵکو وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینە و مێژوویی شارستانیەتی ئیسلامی. خودا لە قورئاندا فەرموویەتی: *خودا گیان و سامانی ئیاندارانی لێیان کڕیوە تاکو بەهەشتیان پێ بدات... مژدەتان لێ بێت بۆ ئەو ڕێککەوتنەی کردووتانە، بەڕاستی ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە.*

دەمزانی ئەم "سەرکەوتنە مەزنە" – تاکە نموونەی پەیانێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی کە مێژوو تۆماری کردبێت – تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بەدی هات؛ یان با بڵێین، لە ماوەیەکی کورتدا هەوڵێکی فراوان بۆ بەدیهێنانی درا. پاش کەمتر لە سەدەیەک لە مەرگی پێغەمبەر، فۆرمە سیاسییەکەی ئیسلام شێوێندرا و لە سەدەکانی دواتردا بەرنامە ڕەسەنەکە خرایە پشتەوە. ململانێی هۆزەکی لە پێناو دەسەڵاتدا جێگەی ڕێککەوتنی ئازادانەی پیاوان و ژنانی ئازادی گرتەوە؛ پاشایەتیی پشتاوپشت، بیرۆکەیەکی پێچەوانەی لایەنی سیاسیی ئیسلام هەروەکو چۆن هاوەڵپەیداکردن پێچەوانەی لایەنە عەقیدەییەکەیەتی، هاتە ئاراوە – لەگەڵ ئەوەیشدا، ناکۆکی و ململانێ، لایەنگیری و ستەمی هۆزەکی، هەروەها دابەزاندنی باوی ئایین بۆ پێگەی خزمەتکردنی دەسەڵاتی سیاسی: بە کورتی، هەموو ئەو بەرژەوەندییە قۆرخکارانەی لە مێژوودا باون. بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، گەورە بیرمەندانی موسوڵمان هەوڵیان دا بیروباوەڕە ڕەسەنەکە بە پاکی بهێڵنەوە؛ بەڵام ئەوانەی دوو سێ سەدە دواتر هاتن زانستیان کەمتر بوو و خۆیشیان لاوازتر بوون، کەوتنە ناو گێژاوی دووپاتکردنەوە و چیتر خۆیان بیریان نەکردەوە، بەڵکو وتەی مردووی زانایانی نەوەکانی پێشتریان دووپات دەکردەوە – بیریان چوو بۆچوونی مرۆڤ بە کاتەوە بەندە و هەڵە هەڵدەگرێت و پێویستی بە نوێگەریی بەردەوامە. ئامانجی سەرەکیی ئیسلام، کە لە بنەڕەتدا فرە مەزن

بوو، بۆ ماوەیەک موسوڵمانانی هەڵگرت و تا لوتکە بردنی – لوتکەی زانست و ئەدەبیات و هونەر؛ ئەوەی مێژوونوسان بە سەردەمی زێرینی ئیسلام ناوی دەبەن؛ بەڵام لە ماوەی چەند سەدەیەکدا پاڵنەرەکە، بەهۆی نەبوونی تێرکردنی مەعنەویەوە، کۆژایەوە و شارستانیەتی ئیسلامی جێگیر بوو و لە توانای داهێنەرانە خاڵی بوویەوە.[1]

سەبارەت بە دۆخی ئێستای شتەکان لە جیهانی ئیسلامی تووشی هیچ خەیاڵ و وەهمێک نەبووبووم. ئەو چوار ساڵەی لە وڵاتانی ئیسلامی بەسەرم بردبوون بۆیان ڕوونکردمەوە گەرچی هێشتا ئیسلام چالاکە و جیهانبینیی شوێنکەوتەکانیەتی و لە بنەما ئەخلاقییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، موسوڵمانان وەکو کەسانی ئیفلیجیان لێ هاتووە، ناتوانن باوەڕەکانیان بکەن بە کرداری بەرهەمدار. بەڵام ئەوەی زیاتر لە بێتوانایی موسوڵمانان لە بەجێگەیاندنی بەرنامەی ئیسلامدا بێتاقەتی کردبووم، توانا و ئاسۆکانی خودی بەرنامەکە بوو. من ئەوەندەم بەس بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت، لە سەرەتای مێژووی ئیسلامیدا، هەوڵێکی سەرکەوتوو بۆ بەرجەستەکردنی پەیامەکە درابوو؛ ئەوەیش کە لە سەردەمێکدا ڕێنێچوو بێت، دەکرێت لە سەردەمێکی تریشدا هەر وا بێت. من بە خۆمم دەگوت کەی گرنگە کە موسوڵمانان لەسەر ڕێگە ڕەسەنەکە لایانداوە و چوونەتە دۆخی نەزانی و تەمبەڵییەوە؟ کەی گرنگە ئەگەر موسوڵمانان لە ئاستی ئەو ئایدیاڵەدا نەبووبن کە پێغەمبەری عەرەبی هەزاروسێسەد ساڵ لەمەوبەر پێشکەشی کردوون، لە کاتێکدا ئایدیاڵەکە تا ئێستایش بۆ هەرکەسێک بیەوێت بەردەستە؟

بیرم لەوە کردەوە بۆی هەیە ئێمەی درەنگکەوتوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر زیاتر

---

[1] لە پەراوێزێکی تریشدا ئاماژەم پێی دا، گێرانەوەکەی موحەممەد ئەسەد بۆ مێژووی ئیسلام گێرانەوەیەکە لەژێر کاریگەریی ڕۆژهەڵاتناسان و مۆدێرنیستەکانی سەدەی بیستدا. زۆرێک لەم بانگەشانەی لێرەدا دەیانکات لەگەڵ حەقیقەتدا یەک ناگرنەوە و سادەکردنەی زێدەڕۆن. (وەرگێڕ)

پێویستمان بەو پەیامە بێت. ئەوان لە ژینگەیەکی سادەتردا دەژیان، چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیشیان ئاسانتر بوو. ئەو جیهانەی منی تیادا دەژیام لاسەنگ بوو، چونکە هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوەی لە ڕووی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و ئابووریيەوە چی باشە و چی خراپە نەبوو. باوەڕم وا نەبوو تاک پێویستی بە "ڕزگاری" بێت؛ بەڵام باوەڕم بەوە هەبوو کۆمەڵگەی مۆدێرن پێویستیەتی. دڵنیا بووم زیاتر، ئەم سەردەمەی ئێمە، لە هەموو سەردەمێکی تر، پێویستی بە بناغەیەکی ئایدیۆلۆجی هەبوو بۆ پەیانێکی نوێی کۆمەڵایەتی: باوەڕێکی دەویست تێیبگەیاندینایە پێشکەوتنی ماددی لە پێناو پێشکەوتنی ماددیدا بەتاڵە و بەهای ڕاستەقینەی بە ژیان بدایە؛ ئەوە فێری دەکردین هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییە مەعنەوی و جەستەییەکانماندا ڕابگرین: بەم شێوەیە لەو کارەساتەی بەرەوپیریی دەچین دەپاراستین.

لەو ماوەیەی ژیانمدا گرفتی ئیسلام – لای من گرفت بوو – بە تەواوەتی مێشکی داگیر کردبووم. بەڵام نوقمبوونی ئەمجارەم قۆناغە سەرەتاییەکانی بڕیبوو، چونکە گرنگیدانی سەرەتام بە ئیسلام گرنگیدانم بوو بە ئایدیۆلۆجیا و کلتورێکی سەیر و سەرنجڕاکێش: ئیدی بابەتەکە گەڕان بوو بۆ حەقیقەت. کاتێک سەرکێشیی گەڕانی دوو ساڵی ڕابردووم بەم گەڕانە بۆ حەقیقەت بەراورد دەکرد، دەتگوت کارێکی سادە و بێبایەخ بە ئامانجێکی بەرز بەراورد دەکەم: بە جۆرێک وام لێ هاتبوو نووسینی ئەو کتێبەی سەرنووسەری *فرانکفورتەر زیتەنگ* داوای لێ کردبووم لەسەرم گران بوو.

دکتۆر سیمۆن لە سەرەتادا بێمەیلییەکەمی قبوڵ کرد. هەرچۆن بێت، تازە لە گەشتێکی درێژ هاتبوومەوە و شایەنی بڕێک پشوو بووم؛ هەروەها دەکرا هاوسەرگیرییەکەیشم وەکو هۆکارێک بۆ کەمنووسینم ببینرێت. بەڵام کاتێک مۆڵەت و پشوو لە سنووری خۆیان تێپەڕین، دکتۆر سیمۆن پێشنیاری کرد دابەزمەوە سەر زەوی.

کاتێک ئێستا بیری لێ دەکەمەوە وا دەردەکەوێت دکتۆر سیمۆن لەگەڵمدا فرە سینەفراوان و تێگەیشتوو بووبێت؛ بەڵام لە کاتی خۆیدا وا دەرنەدەکەوت. پرسوجۆ بەردەوامەکانی سەبارەت بە کتێبەکە کاریگەرییەکی پێچەوانەی ئەوەی دادەنا کە ئەو نیازی بوو: من هەستم دەکرد زۆرم لێ دەکرێت؛ وردەوردە وام لێ هات ڕقم لە هەمووشتێکی نووسینی کتێبەکە ببێتەوە. من خەمبی تێگەیشتنم بوو لەوەی تا ئەوکات باسم کردبوو.

لە کۆتاییدا، دکتۆر سیمۆن بە بێزارییەوە گوتی: "پێم وانییە هەرگیز ئەو کتێبە بنووسیت. پێم وایە تۆ لە ئێستادا بە دەست بێتوانایی نووسینی کتێبەوە دەنالێنیت."

کەمێک بێزار بووم و گوتم، "ڕەنگە نەخۆشییەکەی من لەوە خراپتر بێت. ڕەنگە بە دەست بێتوانایی نووسینەوە بنالێنم."

"دەی ئەگەر دەردەکەت ئەوەیە، پێت وایە *فرانکفورتەر زیتەنگ* شوێنێکی گونجاوە بۆ تۆ؟"

لە ئەو قسەیەک و لە من قسەیەک، مشتومڕێک لە نێوانماندا دروست بوو. لە هەمان ڕۆژدا دەستم لە کار کێشایەوە و دوای حەفتەیەک لەگەڵ ئێلسادا چووم بۆ بەرلین.

بێگومان نیازم وا نەبوو واز لە ڕۆژنامەگەری بهێنم، چونکە جیا لەوەی بژێوییەکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانیی بۆ دابین دەکردم (بێ لەو ماوەیە کە بەهۆی کتێبەکەوە دۆخەکە جیاواز بوو)، تاکە ڕێگەیشم بوو بۆ گەڕانەوەم بۆ جیهانی ئیسلامی؛ دەیشمویست هەرچۆن بووە بگەڕێمەوە بۆ جیهانی ئیسلامی. بەو ناوبانگەی لە ماوەی چوار ساڵی پێشوودا بەدەستم هێنابوو پەیداکردنی پەیوەندیی تری ڕۆژنامەگەری گران نەبوو. پاش ماوەیەکی کەم لە دابڕانم لە

فرانکفورت زیتەنگ، ڕێککەوتنی زۆرباشم لەگەڵ سێ ڕۆژنامەی تردا کرد: *نیو زورچەر زیتەنگی زیورخ*، *تەلەگرافی* ئەمستەردام، هەروەها *کۆلنیشە زیتەنگی* کـۆڵن. لەمەودوا وتارەکـانم سـەبارەت بە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەو سـێ ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەکرانەوە، کە ئەگەرچی بە فرانکفورتەر بەراورد نەدەکران، لە باشترینەکانی ئەوروپا بوون.

لەگەڵ ئێلسادا لە بەرلین نیشتەجێ بووین. نیازم وابوو زنجیرە وتارەکەم لە ئەکادیمیای جیۆپۆلەتیک تەواو بکەم و درێژە بە توێژینەوە ئیسلامییەکانم بدەم.

هاوڕێ دێرینە ئەدەبییەکانم بە بینینەوەم خۆشحاڵ بوون، بەڵام قورس بوو بەو شێوەیەی پێش چوونم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لێ بهێتەوە. ئێمە لە یەکتری بێگانە بووبووین؛ چیتر بە هەمان زمانی فکری نەدەدواین. بە دیاریکراوی، هیچ هاوڕێیەکم لە گرنگیدانەکەی من بە ئیسلام تێنەدەگەیشت. باسی ئیسلامم بۆ هەریەکێکیان دەکرد بە کینەیەکی کۆمەڵایەتی و فکرییەوە سەری لێم دەسوڕما، وەکو ئەوەی پێیان وابێت ئیسلام بە هەر بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیایەک بەراورد بکەیت، هەر ئەوی تر باشترە. گەرچی دەکرا جاروبار ڕوانینێکی ئیسلامی پەسەند بکەن، زۆرینەیان باوەڕیان وابوو ئایینە کۆنەکان تێپەڕیون و سەردەمی ئێمە داوای مامەڵەیەکی "مرۆڤگەرایانە" دەکات. بەڵام تەنانەت ئەوانەیش کە نکوڵییان لە ڕەوایەتیی هەموو ئایینە دامەزراوەییەکان نەدەکرد، دەستبەرداری ڕوانینە باوە ڕۆژئاواییەکە لەسەر ئیسلام نەدەبوون، کە پێی وابوو ئیسلام زیاتر گرنگی بە بابەتە دونیاییەکان دەدات و لەو مەعنەویەتە بێبەشە کە دەبێت لە ئایینداهەبێت.

لام سـەیر بـوو ئەو ڕەهەنـدەی لە ئیسـلامدا سـەرنجی منـی ڕاکێشـابوو –

جەختکردنەوە لە ئەقڵ و دابەشنەکردنی حەقیقەت بەسەر ڕەهەندی جەستە و مەعنەویدا – لای ئەو ڕۆشنبیرانە هیچ بایەخێکی نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا بەردەوام جەختیان لە ڕۆڵی بااڵی ئەقڵ دەکردەوە لە ژیاندا: لە بواری ئایینیدا ئامادە نەبوون ڕۆڵی گرنگ بۆ ئەقڵ و واقیعیبوون بڕیار بدەن. لەم ڕووەوە، هیچ جیاوازییەکم لە نێوان ئەو هاوڕێ کەمە ئایینداراندەم و ئەو هاوڕێ زۆرانەمدا نەدەبینی کە باوەڕیان وابوو ئایین قەناعەتێکی بەسەرچوو زیاتر هیچ نییە.

بە تێپەڕینی کات، لە سەرچاوەی کێشەکەیان تێگەیشتم. بۆم دەرکەوت لە چاوی ئەو کەسانەوە کە لە ژینگەی هزری مەسیحیەتدا گەورە بوون – کە بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە سەروسروشت کرۆکی هەموو ئەزموونێکی ئایینییە – ڕوانگەی ئەقڵانی لە بەهای مەعنەویی ئایین دەدات. ئەم ڕوانینەت تەنها لای مەسیحییە بڕواداەرکان دەست نەدەکەوت. بەهۆی مێژووی دوورودرێژی ئەوروپا لەگەڵ مەسیحیەتدا، تەنانەت ئەوروپیی گومانکاریش هەموو ئەزموونە ئایینییەکانی لە ڕوانگەی چەمکە مەسیحییەکانەوە دەبینی، هەروەها تەنها ئەوەی بە "ڕەوا" دەزانی سەرسامییەکی زێدەڕۆی بەرانبەر شتە شاراوە و سەروتێگەیشتنەکان تیادا بێت. ئیسلام ئەم مەرجەی بەجێ نەدەگەیاند: ئیسلام جەختی لە تەبایی دیوی جەستە و مەعنەویەت لەسەر ئاستێکی سروشتی دەکردەوە. لە ڕاستیدا، جیهانبینیی ئیسلامی ئەوەندە لەگەڵ جیهانبینیی مەسیحیدا ناتەبا بوو، کە زۆرێک لە ڕۆژئاوایش پشتیان بە مەسیحیەت بەستبوو، داننان بە ڕەوایەتیی یەکێک لەم دوو ئایینەدا، ناچاری دەکردیت دان بە ناڕەوایەتیی ئەوی تردا بنێیت.

خودی خۆم دڵنیا بووبوومەوە بەرەو ئیسلام کێش دەکرێم؛ بەڵام دڕدۆنگییەکی کۆتایی بڕیارە یەکلاکەرەوەکەمی دوا خست. بیرکردنەوە لە بوون

به موسوڵمان وەکو ئەوە وابوو بچیتە سەر پردێک کە ئەمسەری جیهانێک بێت و ئەوسەریشی یەکێکی تر، خوارەکەیشی تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو: پردێکی هێندە درێژ، وەختێک دەیشگەیشتیت بە خاڵێک چیتر گەڕانەوەی تیادا نەبێت، هێشتا ئەوسەرت لێ دیار نەدەکەوت. دەبوو خۆم لەو جیهانەی تیایدا گەورە بووم داببڕم. هیچ دەرئەنجامێکی تر نەبوو. نەدەکرا شوێنی بانگی موحەممەد بکەویت و هێشتایش پەیوەندیی ناوەکییت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا هەبێت پێچەوانەی پەیام و وانەکانی ئەو بێت. بەڵام – ئایا *ئیسلام پەیامی خودا بوو، یان دانایی پیاوێکی مەزن، بەڵام خاوەن هەڵە بوو؟*

ڕۆژێکیان – مانگی نۆی ١٩٢٦ – لەگەڵ ئێڵسادا لە شەمەندەفەری بەرلیندا بووین. لە کورسییەکانی ئاستی یەکەمدا بووین. چاوم کەوتە سەر پیاوێکی شیکپۆشی بەرانبەرم، کە وا دیار بوو بازرگانێکی سەرکەوتووە؛ جانتایەکی جوانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو و مستیلەیەکی ئەڵماسیشی لەدەستدا بوو. لای خۆم بیرم لەوە کردەوە شکڵی خرپڵەی ئەم پیاوە چەند جوان لەگەڵ گەشەی ئابووریی ئەوروپای ناوەڕاستدا دەگونجێت: گەشەیەک کە زەقتر بەرچاو دەکەوت، چونکە دوای سالاّنی هەڵئاوسان هاتبوو، ئەو ماوەیەی ژیانی ئابووری فرە پەشێو بوو. ئێستا زۆرینەی خەڵک خۆشگوزەران و خۆشپۆش و خۆشخۆراک بوون، ئەو پیاوەی بەرانبەریش هەڵاوێردان نەبوو. بەڵام کاتێک لە ڕوخساری ڕامام، لە ڕوخسارێکی شاد نەدەچوو. وا دەردەکەوت نیگەران بێت: تەنها نیگەران نا، بەڵکو ناشاد؛ چاوەکانی لەسەر پێشی خۆی ڕاگرتبوو و لە دیمەنی دەمیشیدا ئازار دیار بوو، بەڵام ئازاری جەستەیی نا. بۆ ئەوەی بێتاقەتی نەکەم، چاوم لەسەر ئەو لادا و سەیری ئەولاترم کرد؛ لە تەنیشتیدا خانمێکی جوانپۆش دانیشتبوو. ئەویش دەربڕینێکی خەمین لەسەر ڕوخساری هەبوو،

هەروەکـو ئەوەی بیـر لە یـادەوەرییەکی ئـازاربەخش بکـاتەوە، لێوەکانیشـی بزەیەکیان تیادا بوو، وەلێ بزەیەکی خووپێوەگیراو. پاشان سەیری ڕوخسارەکانی تری ناو شەمەندەفەرەکەم کرد: هەموویان جوانبێژ و خۆشخۆر و خرپن بوون، کەچـی لە ڕوخسـاری هەمووياندا ئـازارێکی شـاراوە هەبـوو، هێنـدە شـاراوە کە دەتگوت خاوەنی ڕوخسارەکە لێی بێخەبەرە.

سەیر بوو. هەرگیز ئەوەندە ڕوخساری خەمینم لە دەوری خۆم نەبینی بوو: یان ڕەنگە هەرگیز لەوەوبەر ئاوا تەماشام نەکردبن؟ سـەرنجەکە ئەوەندە بەهێز بـوو لای ئێلّسا باسم کرد؛ ئەویش بە نیگا وردەکانی وێنەکێشێکەوە، کە بە پشکنینی ڕوخسـاری مـرۆڤ ڕاهـاتبوو، لێیـان ورد بـوویەوە. پاشـان ڕووی کـردە مـن و بە سەرسامییەوە گوتی: "ڕاست دەکەیت. دەلّێیت هەموویان گیرۆدەی ئەشکەنجەی دۆزەخن... تۆ بلّێی خۆیان لەوە ئاگادار بن؟"

دەمزانی نازانن، خۆ ئەگەر بیانزابیبایە بەو شێوەیە ژیانی خۆیانیان بەبێ باوەڕ بە حەقـیقەتە یەکخەرەکـان، بەبـێ ئامانجێـک لە سـەرووی بەرزکـردنەوەی پێوەرەکانی ژیانەوە، بەبێ ئومێدێک جگە لە ئومێدی خۆشگوزەرانی ماددی و دەسەلّاتی زیاتر بەفیڕۆ نەدەدا.

کاتێـک گەڕاینەوە مـالەوە، نوسخەیەکی قورئانم لەسـەر مێزەکەم بینـی، کە پێشـتر دەمخوێنـدەوە. بە شـێوەیەکی سـەرپێیی هەلّمگـرت و وێسـتم بـێخەمە کتێبخـانەکە، بەلّام کاتێـک وێسـتم دایـبخەم، چـاوم کەوتە سـەر ئەو لاپەڕەیەی کرابوویەوە:

هەلّپەتان بۆ زیاتر و زیاتر سەرگەردانی کردوون،

تا ئەوکاتەی دەمرن و دەچنە ناو گۆڕەوە.

واز بهێنن، لەمەودوا دەزانن!

دووبارە واز بهێنن، لەمەودوا دەزانن!

واز بهێنن، ئەگەر مەعریفەی یەقینتان هەبوایە،

سوێند بە خودا دۆزەختتان دەبینی (ئەسەد ئاوا وەریگێڕاوە: ئەو دۆزەختان دەبینی کە تیایدان)

دووبارە سوێند بە خودا بە چاوی یەقین دەیبینن:

لەو ڕۆژەدا سەبارەت بە هەموو نیعمەتەکان لێتان دەرپرسرێتەوە.[1]

بۆ ساتێک واقم وڕما و وابزانم دەستە قورئانگیرەکەم دەلەرزی. پاشان دامە دەستی ئێلسا: "ئەوە بخوێنەرەوە. ئەوە وەلامی ئەوە نییە کە لە شەمەندەفەرەکەدا بینیمان؟"

وەلامێک بوو: وەلامێکی ئەوەندە یەکلاکەرەوە هەموو گومانەکانی سوتاند. لەوێدا دڵنیا بوومەوە ئەوە کتێبی خودایە لە دەستمدا، چونکە گەرچی هەزاروسێسەد ساڵ پێشکەشی مرۆڤایەتی کرابوو، باسی شتێکی دەکرد کە تەنها لەم سەردەمە ئاڵۆز و بەمیکانیکیبووە و سەرابئاسایەی ئێمەدا بە تەواوەتی بەرجەستە دەبوو.

خەڵکی هەموو سەردەمێک هەڵپەیان هەبووە و چڵێس بوون: بەڵام تەنها لە سەردەمی ئێمەدا چڵێسی لە غەریزەیەک بۆ کۆکردنەوەی سامان تێپەڕیوە و بووە بە خوویەک کە هەموو شتێکی تری شێواندووە؛ بووە بە تینوێتییەکی

---

[1] قورئانی پیرۆز ١٠٢

نەشکێندراو بۆ زیاتر و زیاتر – ئەمڕۆکە زیاتر لە دوێنێ، سبەی زیاتر لە ئەمڕۆ؛ بووە بە دەعبایەک بەسەر ملی پیاوانەوە و بە شەلاّق لە دڵیان دەدات، تاکو بەرەو ئامانجگەلێکی دوور بچن، هەرئەوەندەی بەو ئامانجانەیش گەیشتن پەیمانی ئامانجی تریان دەداتێ – ئامانجگەلێکی وروژێنەرتر لە ئاسۆدا، بەلاّم هەرئەوەندەی پێیان گەیشتیت دەتوێنەوە و نامێنن؛ ئەو تینوێتییە نەشکێندراوە بۆ ئامانجی زیاتر ڕۆحی مرۆڤ پەرێشان دەکات:

ئەگەر بتانزانیبایە ئەو دۆزەخەتان دەبینی کە تیایدا دەژین.

زانیم ئەوە تەنها حیکمەتێکی مرۆیی دێرینی پیاوێکی عەرەبستان نییە. ئەو هەرچەندە دانا بووبێت، نەیدەتوانی ئەشکەنجە و ئازاری مرۆڤی سەدەی بیست ببینێت. لە قورئاندا، دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی موحەممەد دەدوا...

(٥)

تاریکایی حەوشەی مزگەوتی پێغەمبەری گرت، تەنها لە چرا ڕۆنەکانەوە تۆزقاڵێک ڕۆشنایی بڵاو دەبوویەوە. شێخ عەبدوڵا ئیبن بولەیهی دانیشتووە و سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەتەوە، چاوەکانیشی داخراون. کەسێک نەیناسێت وا دەزانێت خەوی لێ کەوتووە؛ بەڵام دەزانم بە تێڕامانەوە گوێی لە گێڕانەوەکەم گرتووە و دەیەوێت لەگەڵ مەعریفەی فراوانی خۆی بە مرۆڤ و دڵی مرۆڤەکاندا ئاوێتەی بکات. پاش ماوەیەکی زۆر، سەری هەڵدەبڕێت و چاوەکانی دەکاتەوە:

"پاش ئەوە چی؟ ئەوجا چیت کرد؟"

"ڕوونە شێخم. بۆ هاوڕێیەکی موسوڵمانم گەڕام، کە لاوێکی هندی بوو و ئەوکات سەرۆکی کۆمەڵەیەکی بچووکی موسوڵمانان بوو لە بەرلین. کاتێک گەیشتمە لای، پێیم گوت دەمەوێت موسوڵمان بم. دەستی ڕاستی بۆ درێژ کردم و منیش دەستی ڕاستم خستە ناو دەستیەوە، پاشان بە ئامادەبوونی دوو شایەت گوتم: اشهد ان لا اله الا الله، واشهد ان محمدا رسول الله.[1]

پاش حەفتەیەک، هاوسەرەکەیشم موسوڵمان بوو"

"ئەی خەڵک و خانەوادەکەت چیان گوت؟"

"ئاشکرایە، بەدڵیان نەبوو. کاتێک بە باوکم گوت موسوڵمان بووم، وەڵامی نامەکەی نەدامەوە. پاش چەند مانگێک خوشکەکەم نامەی بۆ نووسیم و گوتی باوکمان من بە مردوو ئەزانێت... پاشان نامەیەکم بۆ نارد‌ەوە و گوتم موسوڵمانبوونم نابێتە هۆی ئەوەی کەمتر ئەوم خۆش بوێت یان ڕەفتارم بەرانبەری جیاواز بێت؛ بە پێچەوانەوە، ئیسلام جەخت لەوە دەکاتەوە زیاد لە

[1] هەموو ئەوەی کەسێک بۆ موسوڵمانبوون پێویستە بیکات ئەوەیە. (نووسەر)

هەموان ڕێز لە دایک و باوک بگرین... هەرچۆنێک بێت، ئەو نامەیەیشم بە وەڵامنەدراوەیی مایەوە."

"دیارە باوکت هۆگری ئایینەکەی خۆی بووە..."

"نا جەنابی شێخ، بەو شێوەیە نییە؛ ئەوە سەیرترین بەشی چیرۆکەکەیە. پێم وایە ئەو من بە هەڵگەڕاوە دەزانێت، بەڵام نەک لە ئایینەکەی (چونکە خۆی هەرگیز گرنگییەکی ئەوتۆی بە ئایینەکەی نەداوە)، بەڵکو لەو کۆمەڵگە و کلتورەی تیایدا گەورە بووە و پێوەی هۆگر بووە."

"لەو کاتەوە نەتدیوەتەوە؟"

"نەخێر. پاش ماوەیەکی کەم لە موسوڵمانبوونم، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ئەوروپامان بەجێ هێشت؛ چیتر بەرگەی مانەوەمان لەوێ نەدەگرت. منیش هەرگیز نەگەڕامەوە..."[1]

[1] پەیوەندییەکەمان لە ١٩٣٥وە دەستی پێ کردەوە، چون ئیدی لە هۆکارەکانی موسوڵمانبوونم تێگەیشتبوو و بگرە بەرزیشی دەنرخاندن. هەرگیز یەکمان نەبینییەوە، بڵام تا ساڵی ١٩٤٢ پەیوەندیمان بەردەوام بوو، واتە تا ئەوکاتەی نازییەکان ئەو و خوشکەکەمیان لە ڤیەننا دەرکرد و پاشان هەردووکیان لە کەمپی نازییەکاندا گیانیان سپارد. (نووسەر)

11 جیهاد

(١)

کاتێک مزگەوتی پێغەمبەر بەجێ دەهێڵم، دەستێک دەستم دەگرێت: وەختێک لا دەکەمەوە، چاوە میهرەبانەکانی سەیدی موحەممەد زواوی سەننوسی دەبینم.

"کوڕم، چەندە خۆشحاڵم پاش ئەو هەموو مانگە دەتبینمەوە. خودا بەرەکەت بخاتە هەنگاوەکانتەوە لەم شارە پیرۆزەی پێغەمبەر..."

دەست لەناو دەست پێکەوە بەسەر ئەو شەقامەدا دەڕۆین کە لە مزگەوتەکەوە دەچێت بۆ لای بازارە سەرەکییەکە. سەیدی موحەممەد، بە بورنوسە ئەفریقییەکەیەوە، کەسێکی ناسراوە لە مەدینە و سااڵنێکە تیایدا دەژی؛ لەسەر ڕێگە زووزوو خەڵکی ڕاماندەگرن تاکو ڕێزی خۆیانی پیشان بدەن، بەاڵم نەک تەنها لەبەرئەوەی حەفتا ساڵە، بەڵکو لەبەرئەوەی وەکو یەکێک لە سەرکردەکانی شەڕی لیبیا بۆ ئازادی ناسراوە.

"کوڕم، سەید ئەحمەد لە مەدینەیە. تەندروستیی باش نییە و بە سەردانت خۆشحاڵ دەبێت. تا کەی لێرە دەمێنیتەوە؟"

"دوو سبەی دەڕۆم. بەاڵم بەبێ سەردانیکردنی سەید ئەحمەد ئێرە جێ ناهێڵم. با ئێستا بچین."

لە هەموو عەرەبستاندا کەسم وەکو سەید ئەحمەد خۆش ناوێت، چونکە کەس ناناسم وەکو ئەو خۆنەویستانە خۆی بۆ پەیامێک کردبێت بە قوربانی. ئەو هەم

زانـایه هەم جەنگـاوەر، تەواوی ژیانیشـی بـۆ زینـدووکردنەوەی کـۆمەڵگەی ئیسـلامی و سـەربەخۆیی سیاسـی بەخت کـردووە، چـونکە زانیـویەتی ئەو دووە بەبێ یەکتری نابن.

باش یەکەمین دیداری خۆم و سەید ئەحمەدم لەبیرە؛ ئەوە پێش چەند ساڵێک بوو لە مەککە...

لە باکووری شارە پیرۆزەکەوە کێوی ئەبوقوبەیس هەیە، شوێنی زۆرێک لە ئەفسانە و کەلەپورە دێرینەکان. لەسەر لوتکەکەیەوە، کە مزگەوتێکی بچووکی سپیی دوومنارەیی هەیە، دیمەنی دۆڵی مەککە و چوارچێوەی کەعبە و خودی کەعبە لە خوارەوەی و دەرکەوتنی بازنەیی ماڵەکان لەسەر لێژگاییە بەردینەکان دڵـی دەبـرد. کەمێـک لە خـوارەوەی کێـوی ئەبـو قوبەیسـەوە، لەسـەر سـەکۆ چینچینەکـان کۆمەڵێـک بینـای بچـووکی بەردینـت دەبینـی، هەروەکـو هـێلانەی هەڵۆ: شوێنی تەرِیقەتی سەننوسی لە مەککە. ئەو پیـاوە بەتەمەنەی لەوێ بینیم – نەفیکراوێـک لە بـورقەی (سـیرینیکا) نیشـتیمانی پـاش سـی سـاڵ شـەرِکردن و حەوت ساڵ هاتوچۆ لە نێوان دەریای رِەش و چیاکانی یەمەندا – ناوێکی هەبوو لە سەراسـەری جیهانی عەرەبیدا ناسراو بوو: سـەید ئەحمەد، سەننوسـیی گەورە. هـیچ نـاوێکی تـر وەکـو ئەو چـاوی داگیرکەرانـی ئەفریقـای باشـووری لەخەو نەکردبـوو، تەنـانەت شـێخ عەبـدولقادر جەزائیریـی سـەدەی نـۆزدە و عەبـدولقادر مەغریبیـی بەهێـزیش کە بووبـوو بە چقڵـی چـاوی فەرِەنسـییەکان. ئەو نـاوانە، گەرچی لای موسوڵمانان مەزن و لەیادنەکراو بوون، تەنها کاریگەریی سیاسییان هەبـوو – لە کاتێکـدا سـەید ئەحـمەد و تەرِیـقەتەکەی بـۆ مـاوەی چەنـدین سـاڵ دەسەڵاتێکی گەورەی مەعنەوییش بوون.[1]

[1] ئەمیر عەبدولقادر جەزائیری (١٨٠٨-١٨٨٣): سەرکردەیەکی ئایینی و سەربازی بوو دژی داگیرکـارە فەرەنسـییەکانی جەزائیـر. جێـی باسـە، بە پـێچەوانەوەی وەسـفەکەی مـوحەممەد ئەسـەدەوە کە تەنهـا وەکـو سـەرکردەیەکی سـەربازی دەیناسـێنێت، ئەمیـر عەبـدولقادر زانـا و ←

حاجی ئاگۆس سەلیم، هاوڕێی جاوەییم (گەلێکی ئەندەنوسی)، بە ئەوی ناساندم. حاجی ئاگۆس لە سەرکردەکانی ئازادکردنی ئیندەنوسیا بوو و بۆ حەج هاتبوو بۆ مەککە. کاتێک سەید ئەحمەد زانیی من تازە موسوڵمان بووم، دەستی ڕاستی ڕاکێشا و بە نەرمی گوتی:

"بەخێر هاتی بۆ ناو براکانت، ئەی برای لاوم..."

لەسەر بڕۆی جوانی جەنگاوەرە ئیختیارەکەی ئیمان و ئازادی نیشانەی ئازار هەبوو. ڕوخساری، بە ڕیشە سپییەکەی و لێوە هەستیارە بریناوییەکەوە، ماندوو بوو؛ پێڵووەکانی کەوتبوونە سەر چاوی و ماندوو ئەویان دەردەخست؛ تۆنی دەنگی نەرم بوو، ئاوێزانی خەمیش بوو. بەڵام هەندێکجار دەنگی دەگڕا. چاوەکانی تیژییەکی درەوشاوەیان تێدەکەوت، دەنگیشی دەلەرییەوە، ئەوجا لە قۆڵێکی بورنوسە سپییەکەوە قۆڵێک بەرز دەبوویەوە، هەروەکو باڵی هەڵۆ.

ئەو میراتگری بیرۆکەیەک و ئەرکێک بوو، کە ئەگەر بگەیشتایەتە لوتکە، بۆی هەبوو ئیسلامی هاوچەرخ زیندوو بکاتەوە: پاڵەوانەکەی ئەفریقای باکوور، تەنانەت لە ڕۆژگاری پیری و نەخۆشیی و شکستی ئەرکە مەزنەکەشیدا، هێشتا هەر دەدرەوشایەوە. ئەو مافی خۆی بوو نائومێد نەبێت؛ ئەو دەیزانی کۆششی زیندووکردنەوەی سیاسی و ئایینی بە ڕۆحیەتی پاکی ئیسلامییەوە – کە ئەمە ئامانجی جوڵانەوە و تەڕیقەتی سەننوسی بوو – هەرگیز لە دڵی موسوڵمانانداندا نامرێت.

موحەممەد ئیبن عەلی سەننوسی[1] (بە ناوی هۆزەکەیەوە)، باپیرەی سەید

سۆفییەکی مەزنیش بوو.

موحەممەد عەبدولکەریم خەتابی (١٨٨٢-١٩٦٣) سەرکردەی سیاسی و سەربازیی مەغریبی و سەرۆکی کۆماری ڕیف.

[1] موحەممەد ئیبن عەلی سەننوسی (١٧٨٧-١٨٥٩) ناسراو بە ئیمامی سەننوسی: زانا و فەقیە ←

ئەحمەد و گەورەزانای جەزائیری، ئەو کەسە بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بیرۆکەی دانانی تەریقەتێکی ئیسلامیی بۆ هاتبوو تاکو ڕێگە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی ئیسلامی خۆش بکات. موحەممەد ئیبن عەلی سەنوسی سالانێک گەڕا و لە زۆرێک لە سەرزەمینە عەرەبییەکان زانستی وەرگرت، پاشان یەکەمین زاویەی تەریقەتی سەنوسیی لە کێوی ئەبوقوبەیس لە مەککە دانا و خێرا لەناو دەشتەکییەکانی حیجازدا شوێنکەوتەی زۆری کۆکردەوە. بەڵام لە مەککە نەمایەوە و گەڕایەوە بۆ ئەفریقای باکوور، تاکو لە جەغبوب نیشتەجێ بێت: مێرگێک لە بیابانی نێوان بورقە و میسڕدا. لەوێوە پەیامەکەی هەروەکو بروسکە بە هەموو لیبیا و دەرەوەی لیبیادا بڵاو بووییەوە. کاتێک لە ساڵی ١٨٥٩دا کۆچی دوایی کرد، سەنوسییەکان (واتە موریدەکانی تەریقەتەکە) دەوڵەتێکی گەورەیان لە بەردەستدا بوو، لە لێوارەکانی دەریای سپییەوە تاکو قوڵاییەکانی ئەفریقای کەمەرەیی و بەڵکو تا ولاتی تەواریقەکان لە بیابانی جەزائیر.

زاراوەی "دەوڵەت" وەسفێکی بەجێ نییە بۆ ئەو داهێنانە تاقانەیە، چونکە سەنوسیی مەزن نەیویستبوو حوکمێکی کەسی بۆ خۆی یان بۆ نەوەکانی دروست بکات: ئەو ویستبووی بناغەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ زیندووکردنەوەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئیسلام دابنێت. هەر لەبەر ئەم ئامانجە، هەرگیز دەستی لە پێکهاتەی هۆزەکیی ناوچەکە وەرنەدا، هەروەها بەربەرەکانێی لەگەڵ دەسەلاتی سوڵتانی تورکی – کە سەنوسی هەر بە خەلیفەی دەزانی – لە لیبیا نەکرد، بەڵکو هەموو کۆششێکی بۆ فێرکردنی بنەما و پایەکانی ئیسلام بوو

و عەقیدەناسی جەزائیری و دامەزرێنەری تەریقەتی سەنوسی لە ساڵی ١٨٣٧دا. کتێبەکانی ئیمامی سەنوسی لە عەقیدەدا لە گرنگترین کتێبەکانی عەقیدەی ئەشعەرین. ناوبراو نوێگەر بوو و لەگەڵ تەقلیددا نەبوو و ڕۆحیەتە شۆڕشگێڕەکەی لە سەردەمی خۆی و پاش خۆیشیدا کاریگەریی گەورەی لەسەر ناوچەکە دانا.

به دەشتەکییەکان، چونکە دەمێک بوو لەو بنەمایانە لایاندابوو؛ هەروەها سەننوسیی مەزن دەیویست تۆوی ئەو بیرایەتییە لە هەناوی خەڵکەکەیدا بچێنێتەوە کە ڕیشەکەی لە قورئاندا بوو، بەڵام بەهۆی چەندین سەدە شەڕی هۆزەکییەوە لێڵ و تاریک بووبوو. سەننوسییەکان، لە زاوییە سەننوسییەکانەوە کە لە هەموو گۆشەیەکی ئەفریقای باکووردا سەریان هەڵدابوو، پەیامەکەیان تا دوورترین هۆزەکان برد و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا گۆڕانکاریی مەزنیان لەناو عەرەب و بەربەرەکاندا (ئەمازیغی) دروست کرد. پەشێویی نێوان هۆزەکان کەم بوویەوە، ڕۆحیەتێکی پێشترنەبینراوی هاوکارییش لە جەنگاوەرە بێگوێیەکانی بیابانیشدا دەرکەوت. منداڵەکان لە زاوییەکاندا فێر دەکران، بەڵام نەک تەنها سەبارەت بە ئیسلام، بەڵکو سەبارەت بەو هونەر و پیشەسازییە کردەییانەی لەوەوبەر لە لایەن کۆچەرییە جەنگپەروەرەکانەوە فەرامۆش کرابوون. ئەوان دەستیان بە هەڵکەندنی بیری زیاتر و باشتر لەو ناوچانەی بۆ چەندین سەدە فەرامۆش کرابوون کرد، هەروەها بە ڕێنمایی سەننوسییەکان لە هەناوی بیاباندا کشتوکاڵ کرا. هانی بازرگانی درا، ئەو ئاشتییەیشی سەننوسییەکان بەرپایان کردبوو بووە هۆی ئەوەی کاروانەکان بە شوێنگەلێکدا بڕۆن تا سااڵنێک لەوەوبەر کەس نەیوێرابێت پیایندا بڕوات. بە کورتییەکەی، کاریگەریی تەڕیقەتەکە هاندەرێکی بەهێزی شارستانیەت و پێشکەوتن بوو، دەستگرتنی تۆندیشی بە ئیسلامەوە پێوەرە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگەکەی بە جۆرێک بەرز کردەوە، هەرگیز لەو جێگەیەدا ئەزموونی ئاوا نەکرابوو. هەموو پیاو و هۆز و سەرۆکهۆزەکان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە سەرکردایەتیی مەعنەویی سەننوسیی مەزنیان قبووڵ کرد؛ تەنانەت دەسەاڵتدارە تورکەکانی شارۆچکەکانی لیبیایش هەستیان کرد دەسەاڵتی ئەخلاقیی تەڕیقەتەکە بووەتە هۆی ئەوەی بتوانن ئاسانتر مامەڵە لەگەڵ هۆزە دەشتەکییە "سەختەکاندا" بکەن.

کەوایە، گەرچی کۆششی تەڕیقەتەکە بۆ پەروەردەکردنی خەڵکە ڕەسەنەکە

بوو، دواتر هێنده کاریگەر بوو وەکو حکومەتێکی لێ هات. ئەو هێزە لەوەدا بوو تەڕیقەتەکە توانییان دەشتەکییە سادەکان و تەواڕیقەکانی ئەفریقای باکوور لە دینداریی وشکە بێبەرهەمەکەیان دوور بخەنەوە و وایان لێ بکەن لە ناخەوە ئارەزووی ئەوە بکەن بەپێی ڕۆحیەتی ئیسلام بژین، هەروەها ئەو هەستەیان بدەنێ هەموویان کار بۆ ئازادی و شکۆی مرۆڤ و برایەتی دەکەن. لە سەردەمی پێغەمبەرەوە، هەرگیز لە هیچ جێگەیەکی جیهانی ئیسلامی بزاڤێکی وەکو سەننوسی فراوان و گەورە نەبووە نزیک بێت لەوەی شێوازی ژیانی ئیسلامی بەرپا بکاتەوە.[1]

ئەم سەردەمە ئارامە لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا شێوا، کاتێک فەرەنسییەکان لە جەزائیرەوە بە ئاڕاستەی باشوور بەرەو ئەفریقای کەمەرەیی هاتن و هەنگاو بە هەنگاو ئەو ناوچانەیان داگیر کرد کە لەژێر دەسەلاتی مەعنەویی تەڕیقەتەکەدا بوو. موحەممەد مەهدی، کوڕ و جێگرەوەی دانەری تەڕیقەتەکە، ناچار بوو بۆ بەرگریکردن لە ئازادی شمشێر هەڵبگرێت و هەرگیز داینەنێتەوە. ئەو کۆششە درێژە جیهادێکی ڕاستەقینەی ئیسلامی بوو – جەنگێکی بەرگری، کە لە قورئاندا بەم شێوەیە باس کراوە: *لە پێناوی خودادا بجەنگن بەرانبەر ئەوانەی دژتان دەجەنگن، هەروەها سنوور مەبەزێنن، بەڕاستی خودا سنووربەزێنانی خۆش ناوێت. لە هەر کوێیەکدا بینیتانن بیانکوژن، لەوێیش دەریان بکەن کە ئێوەیان دەرکرد. فیتنە لە کوشتن خراپترە. لای مزگەوتی حەرام دژیان مەجەنگن تا ئەوان نەجەنگن، خۆ ئەگەر ئەوان جەنگیان*

---

[1] سەرەڕای بەرزیی ئەرک و ئامانجی سەننوسییەکان، پێداهەڵدانەکەی ئەسەد بەوەی هەرگیز بزاڤێک نەبووە نزیک بێت شێوازی ژیانی ئیسلامی بەرپا بکاتەوە زیادەڕەوییە. سروشتی ئیسلام وایە بەردەوام پیاوچاکی تیادایە، پیاوچاکانیش لە سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ گێڕانەوەی خەڵکی بۆ لای ئیسلام تێدەکۆشن. بۆیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا کۆششی بەرزی هاوشێوەی ئەوەی ئیمامی سەننوسی هەبووە، لەگەڵ ئەوەیشدا بزاڤەکەی ئیمام لە سەردەمی هاوچەرخدا تاقانەیە و نزیکترە بۆ پەندلێوەرگرتن. (وەرگێڕ)

هەڵگیرساند، ئەوا ئێوەیش دژیان بجەنگن، ئەوە سزای کافرانە. خۆ ئەگەر وازیان هێنا، ئەوا خودا لێخۆشبوو و میهرەبانە. دژیان بجەنگن تاکو فیتنە نامێنێت و دین هەمووی بۆ خودا دەبێت، خۆ ئەگەر وازیان هێنا ئەوا دوژمنایەتی نامێنێت.[1]

بەڵام فەرەنسییەکان وازیان نەهێنا؛ تا دەهات ئاڵاڵ سێ ڕەنگەکەیان زیاتر و زیاتر دەبردە ناو خاکی موسوڵمانانەوە.

کاتێک موحەممەد مەهدی لە ساڵی ١٩٠٢دا کۆچی دوایی کرد، سەید ئەحمەدی برازای بوو بە ڕابەری تەریقەتەکە. هەر لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە، لە ماوەی ژیانی مامی و دواتریش کە خۆی بوو بە سەننوسیی مەزن، لە جەنگی دژ بە فراوانخوازیی فەرەنسییەکاندا بەشدار بوو کە ئیدی ئەفریقای کەمەرەیی بووبوو بە ئەفریقای کەمەرەیی فەرەنسی. کاتێک ئیتاڵییەکان لە ساڵی ١٩١١دا تەرابلوس و بورقەیان داگیر کرد، سەید ئەحمەد ناچار بوو لە دوو ئاڕاستەوە شەڕ بکات؛ فشارە نوێیەکە ناچاری کرد سەرنجی سەرەکی بخاتە سەر باکوور. سەید ئەحمەد و موجاهیدەکانی – ئەو جەنگاوەرانەی ئاشتی وایان بە خۆیان دەگوت - شانبەشانی تورکەکان، کە پشتی لیبیایان بەردابوو، دژی ئیتاڵییە داگیرکەرەکان جەنگان و سەرەڕای ئەوەی لەچاو ئیتاڵییەکاندا چەکێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو، سەرکەوتنێکی هێندە مەزنیان تۆمار کرد ئیتاڵییەکان تەنها چەند ناوچەیەکی دوورەدەستیان بە دەستەوە ما.

بەڕیتانییەکان، کە ئەوکات لە میسڕدا جێگیر بووبوون و نیگەرانییەکی ئەوتۆیان لە هاتنی ئیتاڵییەکان بۆ ئەفریقای باکوور نەبوو، دژی سەننوسییەکان نەبوون. مامەڵە بێلایەنەکەی ئەوان بۆ تەریقەتەکە زۆر گرنگ بوو، چونکە، چونکە موجاهیدەکان لە میسڕەوە چەکیان بۆ دەهات؛ هەموو خەڵکی میسڕ هاوسۆزی ئامانجەکەی سەننوسی بوون. بۆی هەبوو ئەو بێلایەنییەی بەڕیتانیا

---

[1] قورئان ٢: ١٨٩-١٩٣

ڕێگەی بە سەننوسییەکان بدایە ئیتاڵیا بە تەواوەتی لە بورقە دەربکەن. بەڵام لە ساڵی ١٩١٥دا تورکیا شانبەشانی ئەڵمانیا چووە ناو جەنگە مەزنەکەوە؛ سوڵتانی عوسمانی، وەکو خەلیفەی ئیسلام، داوای لە سەننوسیی مەزن کرد یارمەتیی تورکەکان بدات هێرش بکەنە سەر بەڕێتانییەکانی میسڕ. بەڕێتانییەکان ئەوکات خەمی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیانیان بوون لە میسڕ، بۆیە داوایان لە سەید ئەحمەد کرد خۆی لەو بابەتە نەدات و بێلایەن بمێنێتەوە. لە بەرانبەر بێلایەنمانەوەی ئەودا، ئامادە بوون بە شێوەیەکی سیاسی دان بە تەڕیقەتی سەننوسی لە لیبیا بنێن و بگرە هەندێک مێرگی میسڕیی بیابانی ڕۆژئاوایشی بخەنە سەر.

ئەگەر سەید ئەحمەد ئەم پێشنیارەی قبوڵ بکردایە، شوێنی ئەقڵی ساغ و سەلیم دەکەوت. ئەو بە هیچ جۆرێک قەرزاری تورکەکان نەبوو، چونکە ئەوان چەند ساڵێک لەوەوبەر لەسەر مێزی دانوستان لیبیایان بە ئیتاڵیا فرۆشتبوو و سەننوسییەکان ناچار بوون بە تەنها بجەنگن؛ بەڕێتانیایش هیچ دژایەتییەکی سەننوسیی نەکردبوو، بە پێچەوانەوە، ڕێگەی دابوون لە میسڕەوە چەک و سەرچاوەیان بۆ بچێت – تەنها ئەو سەرچاوەیەیشیان هەبوو. لەوەیش زیاتر، بەناو "جیهادەکەی" سوڵتانی عوسمانی جیهادێکی بەرلینی بوو و مەرجە قورئانییەکانی تیادا نەبوو: تورکەکان بەرگرییان نەدەکرد، بەڵکو شانبەشانی هێزێکی کافر جەنگێکی هێرشبەرانەیان دەکرد. بەم شێوەیە، وردبوونەوە سیاسی و ئایینییەکان یەک ڕێگەی دروستیان بۆ سەننوسیی مەزن دەهێشتەوە: بەشداری ئەو جەنگە نەکات. هەندێک لە کاریگەرترین سەرکردەکانی سەننوسی – لە نێویشیاندا سەیدی موحەممەد زواوی – ئامۆژگاریی سەید ئەحمەدیان کرد حەقی بەسەر ئەو شەرەوە نەبێت. بەڵام هەستی ناکردەیی و خەیاڵیی جوامێریی ئەو بەرانبەر بە خەلیفەی ئیسلام لە ئەقڵی بردەوە و بەرەو بڕیارە هەڵەکەی برد: خۆی دایە پاڵ تورکەکان و هێرشی کردە سەر بەڕێتانییەکانی بیابانی ڕۆژئاوا.

ئەم ناکۆکیی ویژدانە و دەرئەنجامەکەی خەمێنەرتر بوون، چونکە بابەتەکە

بـۆ سـەید ئەحـمەد سـوود و زیـانی کەسـی نەبـوو، بەڵکـو دەکـرا زیـانێکی یەکلاکەرەوە بەو ئامانجە مەزنە بگەیەنێت کە خۆی و دوو نەوە بەر لە خۆیشی ژیانیـان بـۆی دانـابوو. وەکـو ئەوەی مـن دەیناسم، هـیچ گومانێـک لەوەدا نیـیە هانـدەری بڕیـارەکەی ئەو خۆنەویستانەترین هانـدەر بـوو: ئـارەزووی پاراسـتنی یەکێتیـی جیهـانی ئیسـلامی؛ بەڵام گومـانم لەوەیـش نیـیە لە ڕوانگەیەکـی سیاسـییەوە، هەڵەتـرین بڕیـاری دا. بەڕپـاکردنی جەنـگ دژی بەڕیتانییەکـان یەکسان بوو بە قوربانیکردنی داهاتووی تەڕیقەتی سەننوسی.

لەو سـاتەوە ناچـار بـوو لە سـێ ئاڕاسـتەوە بجەنگێـت: لە بـاکوورەوە دژی ئیتاڵییەکـان، لە بـاکووری ڕۆژئـاواوە دژی فەڕەنسـییەکان، لە ڕۆژهەڵاتیشـەوە دژی بەڕیتانییەکـان. سـەرەتا ئەزمـوونی هەنـدێک سـەرکەوتنیان کـرد. بەڕیتانییەکـان، کە بەهـۆی پێشـکەوتنی ئەڵمانـی و تورکەکـان لای نۆکەنـدی سوێسـەوە دەسـتیان بەسـترابوو، مێرگەکەی بیابـانی ڕۆژئاوایـان بەجـێ هێشـت، سـەید ئەحمەدیش دەستبەجێ گرتـی. ئەوجا چەند ڕیزێـک سەننوسی بە سـواری حوشترەوە و بە ڕێبەرایەتی موحەممەد زواوی (کە بەهۆی دانایـیەکەوە دژی ئەو سەرکێشـییە بـوو) تـا نزیکـی قـاهیرە ڕۆیشـتن. بەڵام لەو سـاتەدا مێـزەکە هەڵگەڕایەوە: پێشکەوتنی نەرم و ئاسانی ئەڵمانی و تورکەکان لە نیمچەدورگەی سینا وەستێندرا و ئەوان کشانەوە. زۆری نەبرد بەڕیتانییەکان دەستیان کرایەوە و هێرشێکی هەڵگەڕاوەیان کردە سەر سەننوسبیەکانی بیابانی ڕۆژئاوا و مێرگ و بیرەکانی سنووریان گرتەوە، بەم شێوەیە سەرچاوەی سەرەکی و بگرە تاقانەی موجاهیدەکانیان بڕی. خودی بورقە نەیدەتوانی دانیشتوانێک تێر بکات کە لە شەڕی مانونەماندا بوون؛ ئەو چەند ژێردەریاییە ئەڵمانی و نەمساییەی بە نهێنی چەک و فیشەکیان دەهێنا یارمەتییەکی ئەوتۆیان دابین نەکرد.

تورکەکـان لە سـاڵی ١٩١٧دا داوایـان لە سـەید ئەحـمەد کـرد لە ڕێـگەی ژێردەریـاییەوە بچێت بـۆ ئیستەنبوڵ، تـاکو پاڵپشـتیی کـاراتر بەدەست بهێنێت.

پێش ئەوەی بڕوات، سەید موحەممەد ئیدریسی[1] ئامۆزای کرد بە ڕابەری تەڕیقەتەکە. سەید ئیدریس مەیلی ئاشتیخوازیی لە سەید ئەحمەد زیاتر بوو، بۆیە دەستبەجێ هەوڵی ئاشتیی لەگەڵ بەڕیتانی و ئیتاڵییەکاندا دا. بەڕیتانییەکان - کە هەر لە سەرەتاوە حەزیان بە ناکۆکی لەگەڵ سەنوسییەکاندا نەبوو - یەکسەر قایل بوون؛ زۆریان لە ئیتاڵییەکانیش کرد وا بکەن. زۆری نەبرد ئیتاڵییەکان بە شێوەیەکی فەرمی سەید ئیدریسیان وەکو "ئەمیری سەنوسی" ناساند. بورقە تا ساڵی ١٩٢٢ سەربەخۆ بوو، بەڵام وردەوردە دەرکەوت ئیتاڵییەکان پەیمانشکێنن و دەیانەوێت تەواوی وڵاتەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. کاتێک ئەمە ڕوون بوویەوە، سەید ئیدریس لە سەرەتای ١٩٢٣دا بۆ سکاڵا چوو بۆ میسر و ڕێبەرایەتیکردنی تەڕیقەتەکەی دایە دەست شوێنکەوتەیەکی بەتەمەن و متمانەپێکراوی تەڕیقەتەکە: عومەر موختار. زۆری نەبرد ئیتاڵییەکان بە ئاشکرا پەیمانەکەیان شکاند و شەری بورقە درێژەی کێشا.

لە هەمان کاتدا، سەید ئەحمەد لە تورکیا جار لە دوای جوار ئائومێدتر دەبوو. ئەو ویستبووی هەر ئەوەندەی کارەکەی کرد بگەڕێتەوە بۆ بورقە؛ بەڵام کارەکەی جێبەجێ نەبوو. کاتێک لە ئیستەنبوڵ بوو، بە هەندێک هۆکاری سەیر حەفتە بۆ حەفتە و مانگ بۆ مانگ دوایان خست. وا دەردەکەوت ئەڵقەی دەوری سوڵتان ئارەزووی شکستی سەنوسی بکەن. تورکەکان هەمیشە لەوە دەترسان ڕۆژێک لە ڕۆژان عەرەبەکان خەیاڵی سەردارێتیی جیهانی ئیسلامی بکەنەوە؛ سەرکەوتنی سەنوسییش ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش دەکرد و سەنوسیی مەزنی وەکو جێنشینی خیلافەت پیشان دەدا، چونکە ناوبانگێکی ئەفسانەیی لە جیهانی ئیسلامی و تەنانەت لە تورکیایشدا هەبوو. خودی سەید ئامانجێکی وای نەبوو، بەڵام ئەوە لای دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگ نەبوو؛ هەروەها گەرچی بەهۆی

---

[1] پاشای لیبیا تا ١٩٥٢ (نووسەر)

پێگە و ناوبانگەکەیەوە ڕێزێکی زۆری لێ گیرا، ڕاستییەکەی ئەوە بوو بە شێوەیەکی کردەیی، بەڵام بە ئەدەبەوە، لە تورکیا زیندانی یان ڕاگیراو بوو. شکستی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٨ و گیرانی ئیستەنبوڵ لە لایەن هاوپەیمانانەوە زەنگی کۆتایی ئومێدە نابەجێکانی بوو – لە هەمانکاتیشدا هەموو دەرگاکانی بە ڕووی گەڕانەوەی ئەودا بۆ بورقە داخست.

بەڵام پاڵنەری یەکێتیی موسوڵمانان نەیدەهێشت سەننوسیی مەزن ناچالاک دابنیشێت. کاتێک هێزە هاوپەیمانەکان لە ئیستەنبوڵ نیشتنەوە، ئەو ئەنادۆڵی بڕی تا بچێتە پاڵ کەمال ئەتاتورک – ئەوکات بە موستەفا کەمال ناسرابوو – کە تازە دەستی بە دروستکردنی بەرهەڵستییەکی تورکی لە ناوەوەی ئەنادۆڵ کردبوو.

دەبێت بیرمان بێت کۆششە پاڵەوانانەکەی ئەتاتورک لە سەرەتادا بە ناوی ئیسلامەوە بوو، هەروەها هەر بەهۆی جۆش و هەستی ئایینییەوە تورکەکان ئامادە بوون لەو ڕۆژانەی لاوازیدا دژی هێزی تۆقێنەری یۆنانییەکان بوەستنەوە، کە لە لایەن هاوپەیمانانەوە هەمووشتێکیان بۆ دابین کرابوو.

سەید ئەحمەد هێزە ئەخلاقی و مەعنەوییەکەی خۆی خستە خزمەتی ئامانجە تورکییەکەوە و ماندوونەناسانە شارۆچکە و لادێکانی ئەنادۆڵی دەکرد، تاکو خەڵک بۆ پاڵپشتیکردن لە موستەفا کەمال غازی، یان "بەرگریکاری ئایین،" بانگ بکات. کۆششەکانی سەننوسیی مەزن و ناوە درەوشاوەکەی هۆکارێکی سەرەکیی سەرکەوتنی جوڵانەوەی کەمالی بوون لەناو جوتیارە سادەکانی ئەنادۆڵدا. لای ئەو جوتیارانە، دروشمە نەتەوەپەرستییەکان هیچ نرخێکیان نەبوو، بەڵام لە دێرزەمانەوە گیانبەختکردنیان لە پێناو ئیسلامدا بە نیعمەتێکی گەورە زانیبوو.

بەڵام لێرەیشدا سەننوسیی مەزن داوەرییەکی هەڵەی کرد – سەبارەت بە خەڵکی تورکیا نا، کە جۆشە ئایینییەکان بووە هۆی ئەوەی دوژمنێکی زۆر

بەهێزتر بشکێنن، بەڵکو سەبارەت بە نیەتی سەرکردەی جوڵانەوەکە: چونکە هەرئەوەندەی یۆنانییەکان شکێندران، ئەتاتورک ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشان دا و دەرکەوت ئامانجەکانی لە ئامانجەکانی خەڵکەکە جیاوازن. ئەتاتورک، لەبەری پشتبەستن بە ئیسلامێکی زیندووکراوە بۆ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەی، بە یەکجاری وازی لە هێزی مەعنەویی ئایین هێنا (لە کاتێکدا هەر بەهۆی ئەوەیشەوە سەرکەوتبوو) و بە شێوەیەکی ناپێویست هەموو بەها ئیسلامییەکانی لە بناغەی ڕیفۆرمەکانی لابرد. کارەکەی تەنانەت لە ڕوانگەی خۆیشیەوە ناپێویست بوو: دەیتوانی زۆر بە ئاسانی جۆشی ئایینیی خەڵکەکەی وەکو پاڵنەرێکی ئەرێنیی پێشکەوتن بەکار بهێنێت و لەوە دایاننەبڕێنێت کە شکڵی بە کلتورەکەیان دابوو و ئەوانی کردبوو بە نەژادێکی خاوەن ناو.

سەید ئەحمەد لە ڕیفۆرمە دژەئیسلامەکانی ئەتاتورک نائومێد بوو، بۆیە وازی لە هەموو چالاکییەکی سیاسی هێنا لە تورکیا و لە ساڵی ١٩٢٣ چوو بۆ دیمەشق. لەوێ، سەرەڕای ناکۆکییەکانی لەگەڵ سیاسەتە ناوخۆییەکانی ئەتاتورک، هەوڵی دا لە پێناو یەکێتیی موسوڵمانداندا هانی سوریا بدات لەگەڵ تورکیادا ئاشت ببنەوە. حکومەتە فەرەنسییە ناچارییەکەی ئەوێ بە گومانەوە تەماشای ئەویان دەکرد، تاکو لە ساڵی ١٩٢٤دا هاوڕێکانی سەید ئەحمەد زانییان ئەگەر بمێنێتەوە دەگیرێت، بۆیە بە ئۆتۆمبێل بەرەو سنووری نەجد هەڵهات و لەوێوە چوو بۆ مەککە و، پاشا ئیبن سعود پێشوازییەکی گەرمی لێ کرد.

(٢)

ساڵێکە لە بورقە بێخەبەرم، بۆیە دەپرسم، "سەیدی موحەممەد، موجاهیدەکان چۆنن؟"

ڕوخسارە ڕیشسپی و خڕەکەی سەیدی موحەممەد زواوی ڕەش هەڵدەگەڕێت: "هەواڵەکان باش نین کوڕم. چەند مانگێکە شەڕ کۆتایی هاتووە. موجاهیدەکان شکاون؛ دواهەمین فیشەکیان تەقاندووە. ئێستا تەنها ڕەحمەتی خودا لە نێوان گەلی خەمینی ئێمە و تۆڵەی ستەمکارانداید..."

"ئەی هەواڵی سەید ئیدریس؟"

سەیدی موحەممەد بە ئاخێکەوە وەڵام دەداتەوە: "سەید ئیدریس. سەید ئیدریس هەر لە میسرە، بێدەسەڵاتە، چاوەڕێ دەکات، بەڵام چاوەڕێی چی دەکات؟ ئەو پیاوێکی باشە، خوا بیپارێزێت، بەڵام جەنگاوەر نییە. ئەو لەگەڵ کتێبەکانیدا دەژی، بەڵام شمشێر بۆ دەستی ئەو نەکراوە..."

"ئەی عومەر موختار – بێگومان ئەو خۆی بەدەستەوە نەداوە؟ ڕایکردووە بۆ میسر؟"

سەیدی موحەممەد دەحەپەسێت و تەماشام دەکات: "عومەر...؟ ئەوەیشت نەبیستووە؟"

"چیم نەبیستووە؟"

بە نەرمی دەڵێت، "کوڕم، سەیدی عومەر، خوای گەورە نوقمی ڕەحمەتی خۆیی بکای، نزیکەی ساڵێکە مردووە."

عومەر موختار مردووە؟ شێرەکەی بورقە، ئەو پیاوەی تەمەنی حەفتا ساڵییش ڕێگەی لێ نەگرت تا دواسات بۆ ئازادیی ولاتەکەی تێبکۆشێت: مردووە... دە

دانه سالّی تەواو ڕۆحی بەرخۆدانی گەلەکەی بوو دژی هەموشتێک، دژی سوپاکانی ئیتالّیا کە دەهێندەی سوپاکەی خۆی دەبوون، دژی سوپایەک کە چەکی هاوچەرخ، ئۆتۆمبێلی سەربازی، فڕۆکە و دەبابەیان هەبوو – لە کاتێکدا عومەر و موجاهیدە برسییەکانی تەنها تفەنگ و کۆمەڵێک ئەسپیان پێ بوو بۆ ئەوەی لە وڵاتێکدا کە ئیدی بووبوو بە زیندانێکی گەورە شەڕێکی پاڵەوانانە بکەن...

ناتوانم متمانە بە دەنگی خۆم بکەم کاتێک دەڵێم: "بۆ ماوەی سالّ و نیوێک، لەو کاتەوەی لە بورقەوە هاتمەوە، دەمزانی چارەنووسی خۆی و پیاوەکانی چییە. هەوڵم دا قەناعەتی پێ بکەم خۆی و موجاهیدەکانی بچن بۆ میسڕ، تا هیچ نەبێت زیندوو بمێننەوە... کەچی ئەو بەوپەڕی هێمنییەوە پێشنیارەکەمی ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا دەیزانی لە بورقە مەرگ چاوەڕێیەتی: ئێستایش، پاش سەد شەڕ و پێکدادان، مەرگی چاوەڕێ بەو ئەو گەیشت... بەڵام پێم بڵێ، چۆن کوژرا؟"

موحەممەد زواوی بە هێواشی سەری ڕادەوەشێنێت؛ کاتێک لە شەقامە تەسکەکەی بازارەکەوە دەچینە ناو مەیدانی کراوە و تاریکی مەنەخەوە، پێم دەڵێت:

"نەکوژرا. لە جەنگدا بریندار کرا و بە زیندوویی گیرا. پاشان ئیتالّییەکان کوشتیان... لەداریان دا، هەروەکو ئەوەی دزێک لەدار بدەن..."

دەنگ بەرز دەبێتەوە، "بەڵام چۆن شتێکی وا دەکەن؟ تەنانەت گرازیانییش ناوێرێت شتێکی وەها پیس بکات!"

بە بزەیەکی بێتاقەتەوە وەڵام دەداتەوە، "بەڵام کردی. خودی جەنەرالّ گرازیانی فەرمانی لەداردانی ئەوی دەرکرد. سەیدی عومەر و هەندێک لە پیاوەکانی لە ناوچەی حوکمی ئیتالّیدا بوون و نزیک بوون لە گۆڕی هاوەڵی بەڕێز سەیدی ڕافع، بۆیە چوون زیارەتی بکەن. بە جۆرێک لە جۆرەکان،

ئیتاڵییەکان زانییان ئەو لەوێیە و دۆڵەکەیان لە هەردوو لاوە بە ژمارەیەکی زۆر سەرباز گرت. ڕێی هەڵهاتن نەما. سەیدی عومەر و موجاهیدان بەرگرییان کرد، تاکو تەنها ئەو و دوو پیاوی تر مانەوە. لە کۆتاییدا فیشەکێک بەر ئەسپەکەی کەوت و دای بە زەویدا، بەڵام شێرە پیرەکە ئەوکاتیش خۆی بەدەستەوە نەدا و بە تفەنگەکەی بەرگریی کرد، تا ئەوەی فیشەکێک بەر دەستی کەوت؛ ئەوجا بە دەستەکەی تری شەڕی کرد تا فیشەکی پێ نەما. پاشان ئەویان گرت و بردیان بۆ سولوق. لەوێ بردیانە بەردەم جەنەراڵ گرازیانی. گرازیانی پێی گوت، "چی دەڵێیت ئەگەر حکومەتی ئیتاڵی، بەهۆی میهری فراوانیەوە، بهێڵێ بژیت؟ پەیمان دەدەیت ئەو سااڵنەی لە ژیانت ماوە بێدەنگ دابنیشیت؟ بەڵام سەیدی عومەر وەاڵمی دایەوە: "لە دژی ئێوە و خەڵکەکەتان دەجەنگم، تا ئەوکاتەی یان ئێوە ئێرە چۆڵ دەکەن، یان من دەمرم. سوێند بەو خودایەی زانایە بەوەی لە پەنهانگەی دڵەکاندا هەیە، ئەگەر ئێستا دەستم نەبەستراید، بەم پیری و بێتوانایییەمە بە دەستەکانم دژت دەجەنگام..." لەوێدا جەنەراڵ گرازیانی پێکەنی و فەرمانی دا سەیدی عومەر لە بازاڕی سولوقدا لەدار بدرێت. ئەوجا هەزاران ژن و پیاوی موسوڵمانانیان لە کەمپەکانەوە، کە تیایاندا زیندانی بوون، کۆکردەوە تاکو بە چاوی خۆیان لەداردانی سەرکردەکەیان ببینن..."[1]

(٣)

هێشتا دەستم لە دەستی موحەممەد زواویدایە و بەرەو زاویەی تەڕیقەتی سەننوسی دەچین. مەیدانەکە تاریک داهاتووە و هەرای بازاڕەکەیشمان تێپەڕاندووە. لەکە لەژێر نەعلەکانماندا کرتەی دێت. لێرە و لەوێ هەندێک حوشتری نوستوو بەدی دەکەین، هەروەها لێواری ماڵەکانیش لە کەناری

[1] ئەم "جوامێرییە" ئیتاڵییە لە ١٦ی ٩ی ١٩٣١دا ئەنجام درا.

مەیدانەکەوە لە بەردەم ئاسمانی هەوراویدا بە کاڵی دەردەکەون. ئەمە دەمخاتەوە یادی سنووری دارستانێکی دوور – وەکو دارستانە عەرعەرەکانی بورقە، ئەو جێیەی بۆ ئەوەڵین جار سەیدی عومەر موختارم لێ بینی؛ یادی ئەو گەشتە بێئاکامە و تاریکی و مەرگ و مەترسییەکەی دەروونم دەگرێت. ڕوخساری تاری عومەر موختار دەبینم بەسەر ئاگرێکی بچووکدا شۆڕ بووەتەوە، هەروەها دەنگە گڕ و سەنگینەکەی دەبیستم: "دەبێت شەڕ بۆ ئازادی و ئیمانمان بکەین، تا یان داگیرکەران دەردەکەین، یان خۆمان دەمرین... بژاردەی ترمان نییە..."

لە کۆتاییەکانی مانگی یەکی ١٩٣١دا، ئەرکێکی سەیر منی بەرەو بورقە برد. پێش چەند مانگێک – بە دیاریکراوی پاییزی ١٩٣٠ – سەننوسیی مەزن هات بۆ مەدینە. چەندین کاتژمێرم لەگەڵ ئەو و موحەممەد زواویدا بەسەر برد و باسی سەختییەکانی بەردەم عومەر موختار و موجاهیدانی بورقەمان کرد. ئاشکرا بوو ئەگەر یارمەتیی خێرا و کارایان فریا نەخرایە، نەیاندەتوانی زیاتر بەردەوام بن.

بارودۆخەکەی بورقە ئاوا بوو: هەموو شارۆچکە کەنارییەکان و چەند خاڵێکی باکووری جەبەل ئەخزەر – چیای سەوز لە ناوەڕاستی بورقە – بە دەست ئیتاڵییەکانەوە بوون. لە نێوان ئەو خاڵە پارێزراوانەدا، ئۆتۆمبێلی سەربازی و لەشکریان دەجوڵاند و هێزێکی ئاسمانییش پاڵپشتیی دەکردن و جاروبار بەسەر ناوچەکەدا دەفڕی. وەختێک دەشتەکییەکان (کە کرۆکی بەرخۆدانی سەننوسییەکان بوون) دەجوڵان، تێبینی دەکران و بۆمباران دەکران. جاری وا هەبوو لە ئاسمانەوە کەمپێکی دەدۆزرایەوە و هەواڵ بۆ نزیکترین پێگەی سەربازی دەنێردرا؛ لە کاتێکدا فیشەکی فڕۆکەکان ڕێگەی لە بلاّوەکردنی خەڵکەکە دەگرت، کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی سەربازی خۆیان دەکرد بەناو خێمە و خەڵک و حوشترەکاندا و کێیان دەست بکەوتایە دەیانکوشت – پیاو و ژن و منداڵ و مەڕومااڵت؛ هەر مرۆڤ و ئاژەڵێکیش ڕزگاری ببوایە، دەستبەسەر دەکرا و دەبرا بۆ باکوور و لە کەمپێکی تەلبەندکراودا زیندانی دەکرا. لەو

کـاتەدا، واتە کۆتاییەکـانی ١٩٣٠، نـزیکەی هەشـتاهەزار دەشـتەکی، لەگەڵ سەدانهەزار سەرمەڕدا، لە جێیەکدا ڕووبەرێکدا زیندانی کرابوون سەرچاوەی ژیانی بە ئەندازەی خەڵکەکە و ئاژەڵەکان لێ نەبوو؛ لە ئەنجامدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە و ئاژەڵەکـان مـردن. جیـا لەمە، ئیتاڵییەکـان بە تەلـی درکـاوی بەربەستێکیان بە دریژایـی سنووری میسـر لە باشوورەوە تـا جەغبوب دروست دەکـرد، تـاکو شۆڕشـگێڕەکان لە میسـرەوە هیچیـان بـۆ نەیەت. هـۆزی ئـازای مەغـاریبە بە سـەرکردایەتیی سـەرۆکهۆزە ڕامنەکراوەکەیـان، عەتـاویش – دەستەڕاستی عـومەر موختـار – هێشـتا ئازایانە بەرگرییـان لە ڕۆژئـاوای بـورقە دەکرد، بەڵام زۆرینەی هۆزەکانی تر بەهۆی زۆری ژمارەی ئیتاڵییەکانەوە سارد بووبوونەوە و شکابوون. لە باشووری دوورەوە، هۆزی زواویە، بە سەرکردایەتیی ئەبو کەریمی نەوەد ساڵ، سەرەڕای لەدەستدانی مێرگی جالوی ناوەندیان، هێشتا دەجەنگان. برسێتی و نەخۆشی ژمارەیەکی زۆر لە دەشتەکییەکانی ناوەڕاستی بورقەی لەناو دەبرد.

سەیدی عومەر نەیدەتوانی لە کاتێکی دیاریکراودا بە زیاد لە هەزار کەسەوە هێرش ببات. بەڵام ئەمە بەهۆی کەمی پیاوەوە نەبوو، بەڵکو ئەو شێوازە شـەرە گەریلاییەی موجاهیدەکان دەیانکرد بۆ ئەوە باش نەبوو زۆر بیت، بەڵکو زیاتر پشـتی بە خێرایـی و جـوڵەی کـۆمەڵەی بچـووک دەبەسـت، کە لەپڕێکـدا دەردەکەوتن و هێرشیان دەکردە سەر یەکەیەکی ئیتاڵی و چەکەکانیان لێ دەبردن و پاشـان بە دارسـتان و دۆڵەکانـدا بـڵاو دەبـوونەوە. سـەرەڕای ئەوەیـش، ئەو کـۆمەڵە بچووکـانە هەرچەنـد بەهێـز و بـوێر بوونـایە، نەیانـدەتوانی شـەڕێکی یەکلاکەرەوە لە دوژمنێـک ببەنەوە کە نە پیـاوی لێ دەبڕا نە چەک. پرسیارەکە ئەوە بوو چۆن موجاهیدان بەهێز بکرێن تا تەنها زیانی کاتی و لەناکاو لە دوژمن نەدەن، بەڵکو بتـوانن ناوچەکانیـان لێ بسـەننەوە و دواتریش کە هێرشیان کرایە سەر بتوانن بیانپارێزن.

بەهێزکردنی سەننوسییەکان لەسەر کۆمەڵێک خاڵ بەند بوو: هێنانی خواردن بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام لە میسڕەوە؛ هێنانی چەکگەلێک بۆ شەڕ دژی فڕۆکە و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی دوژمن بشێن – بە تایبەتی تفەنگی دژەتانک و بیکەیسی؛ کەسانێکی شارەزا لەو چەکانە تاکو ئەو چەکانە بەکار بهێنن و موجاهیدانیش فێر بکەن؛ لە کۆتاییشدا، دامەزراندنی پەیوەندیی بێتەل لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانی موجاهیدانی بورقە و کۆگای نهێنیی سەرچاوەکان لە میسڕ.

بۆ ماوەی حەفتەیەک، من و سەننوسیی مەزن و سەیدی موحەممەد ئێواران باسی ئەوەمان دەکرد چی بکەین. سەیدی موحەممەد ئاماژەی بەوە دا پاڵپشتیی پچڕاو و ناجێگیری موجاهیدانی بورقە هیچ کێشەیەک چارە ناکات. ئەو پێی وابوو پێویستە مێرگەکەی کوفرە، کە دەکەوتە باشووری بیابانی لیبیەوە و زاوییەیەکی سەننوسیی لێ بووە لە سەردەمی سەید ئەحمەددا، بکرێتەوە بە خاڵی سەرەکیی هەموو شەڕەکانی دواتر: چونکە کوفرە هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئیتاڵی بوو. ئەو مێرگە لەسەر ڕێگەی ڕاستەوخۆی (بەڵام دوور و سەخت) کاروان بوو بۆ مێرگەکانی بەحریە و فەرفەرە لە میسڕ، بۆیە لە هەموو جێیەکی تر باشتر سەرچاوەی پێ دەگەیەنرا. دەکرا بیشکرێت بە شوێنی کۆکردنەوەی ئەو هەزاران ئاوارە بورقەییەی لە کەمپەکانی میسڕدا دەژیان، لە ئەنجامیشدا ئەوان ببن بە یەدەگێک بۆ پیاوەکانی سەیدی عومەری لە باکوور. پاش بونیادنانی و دروستکردنی دیوار و بەربەست بۆی و دابینکردنی چەکی هاوچەرخ، کوفرە دەیتوانی بە کۆپتەری نزمفڕیو وەڵامی هێرشی بیکەیسی بداتەوە، خۆ ئەگەر لە بەرزاییشەوە بۆمباران بکرایە، زیانی چارەنووساز بە نیشتەجێگە فراوانانە نەدەگەیشت.

سەننوسیی مەزن گوتی ئەگەر شتێکی وا بکرێت، خودی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کوفرە و ڕاستەوخۆ کارەکە ئاڕاستە دەکات. من جەختم لەوە کردەوە

سەرکەوتنی پلانێکی وا پێویستی بەوەیە سەید ئەحمەد پەیوەندیی باش لەگەڵ بەڕێتانیادا دروست بکات، لە کاتێکدا پێشتر لە ساڵی ١٩١٥دا بە ناخۆشی و بەبێ هۆیەکی گونجاو هێرشی کردووەتە سەریان. ڕێککەوتنێکی ئاوا ئەستەم نەبوو، چونکە بەڕێتانیا بە مەیلە فراوانخوازییەکەی ئیتاڵیا دڵخۆش نەبوو، بە تایبەتی ئەوکات، چونکە مۆسۆلینی هاواری گێڕانەوەی "ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی"ی لە هەردوو کەناری دەریای سپییەوە دەکرد، هەروەها نیگاکانی بۆ میسڕیش باش نەبوون.

گرنگیدانی زۆرم بە چارەنووسی سەننوسی تەنها لەبەر ئەوە نەبوو پاڵەوانن و بۆ ئامانجێکی ڕاست تێدەکۆشن؛ ئەوەی لای من گرنگتر کاریگەرییەکانی سەرکەوتنی سەننوسی بوو لەسەر جیهانی عەرەبی. منیش وەکو ژمارەیەکی زۆر لە موسوڵمانان، ساڵانێک ئومێدم وابوو ئیبن سعود ببێت بە سەرکردەی زیندووکردنەوەی ئیسلامی؛ ئێستا کە ئومێدەکانمان پووچ دەرچوبوون، لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا بزاڤێکم دەبینی بەڕاستی و بەبێ گرێوگۆڵ بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باڵای ئیسلامی تێدەکۆشێت: بزاڤی سەننوسی، کە ئێستا لە گیانەڵادا بوو و بۆ مانەوەی دەجەنگا.

سەید ئەحمەد دەیزانی هەستی من سەبارەت بە بابەتەکە چەندە قووڵە، بۆیە ڕووی تێکردم و سەیری چاوەکانمی کرد و گوتی:

"موحەممەد، بۆچی تۆ لە نوێنەرایەتیی ئێمەوە ناچیت بۆ بورقە تا بزانیت دەکرێت چی بۆ موجاهیدان بکەین؟ ڕەنگە تۆ بتوانیت شتەکان زۆر ڕوونتر لە زۆرینەی خەڵک ببینیت..."

سەیری سەیدم کردەوە و بەبێ دەربڕینی تاقە وشەیەک سەری بەڵێم بۆ ڕاوەشاند. دەمزانی مەتمانەی زۆری پێمە، بۆیە زۆر سەرسام نەبووم بە پێشنیارەکەی، بەڵام هێشتایش بۆ ساتێک هەناسەی گرتم. وەختێک بیرم لەو سەرکێشییە مەزنە دەکردەوە، لە شادیدا هەڵدەلەرزیم؛ بەڵام ئەوەی زیاتر

دەیروژاندم بەشداریکردن بوو لە ئامانجێکدا کە دونیایەک پیاوی گەورەی گیانی خۆیان بۆی بەخت کردبوو.

سەید ئەحمەد دەستی بۆ کتێبخانەکەی لای سەریەوە برد و قورئانێکی لە قوماشێکی ئاوریشمدا دەرهێنا. قورئانەکەی خستە سەر ئەژنۆی و دەستی ڕاستمی خستە ناو دەستەکانی خۆیەوە و لەسەر قورئانەکە داینان:

"موحەممەد، سوێند بخۆ بەو خودایەی لە سینەی ئادەمی خەبەرداوە، هەمیشە لەگەڵ موجاهیداندا ڕاست بیت و باوەڕت پێیان هەبێت..."

سوێندەکەم خوارد؛ بە هەموو ژیانم وەکو ئەوەی لەوێدا سوێندم لەسەر خوارد، لەسەر هیچشتێک دڵنیا نەبووم.

ئەو ئەرکەی سەید ئەحمەد پێی سپاردبووم وای دەخواست نهێنیکارانە بجوڵێمەوە. پەیوەندییەکانی من لەگەڵ سەننوسیی مەزندا لای خەڵک زانراو بوون و بێگومان نوێنەری وڵاتەکانی تر لە جیددە لێی خەبەردار بوون، بۆیە باش نەبوو بە ئاشکرا بچم بۆ میسڕ و لەوێ شوێنپێم هەڵبگیرێت. ئەرکەکەی ئەم ڕابردووەم لە ئاشکرارکردنی پاڵپشتییەکانی فەیسەڵ دەویشدا بە هەمان شێوە بۆ پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێتانییەکاندا باش نەبوو، بۆیە ئەگەری هەبوو هەر ئەوەندەی پێم بخەمە سەر خاکی میسڕ دەست بە چاودێریم بکەن. بڕیارمان دا چوونم بۆ میسڕ لە تاریکیدا بهێڵرێتەوە. دەریای سورم بە یەکێک لە کەشتییە عەرەبییەکان دەبڕی و بەبێ پاسپۆرت یان ڤیزە لە جێیەکی چۆڵی کەناری سەرەوەی میسڕ دادەبەزیم. لە میسڕ، بە بەرگی حیجازییەکەوە بە ئازادی دەسوڕامەوە، چونکە ئەوکات مەککەیی و مەدینەیی زۆر بۆ بازرگانی و هێنانی حاجی دەچوون بۆ میسڕ، بۆیە بینینی حیجازی لە شارۆچکە و لادێکانی میسڕ دیمەنێکی ئاشنا بوو – منیش بە جوانترین شێوە بە لەهجەی حیجازی دەدوام و ئاسان بوو وەکو مەککەیی یان مەدینەیی تەماشا بکرێم.

ئاماده‌کارییه‌کان چه‌ند حه‌فته‌یه‌کیان ده‌ویست، پێش هه‌موویشی نامه له‌گەڵ سه‌یدی عومه‌ر و سه‌ننوسییه‌کانی میسڕدا گوازرایه‌وه؛ له حه‌فته‌ی یه‌که‌می مانگی یه‌کی ساڵی ١٩٣١دا، من و زه‌ید له له شاری که‌ناراویی یه‌نبوعی حیجازه‌وه چووین بۆ به‌شێکی قه‌ره‌باڵغی که‌ناره‌که. شه‌وێکی بێهانگ بوو، ڕێکردنیش به‌سه‌ر ڕێگه به‌رزونزمه‌که‌دا به نه‌عله‌وه تا بڵێیت ناخۆش بوو. له جێیه‌کدا قۆناغی ده‌مانچه‌که‌م که له‌ژێر که‌فتانه عه‌ره‌بییه‌که‌مدا قایمم کردبوو له پەراسووم گیر بوو؛ ئه‌وه دڵنیای کردمه‌وه ئه‌و سه‌رکێشییه‌ی له ڕێگه‌مدایه تا بڵێیت مه‌ترسیداره.

لێره‌وه ده‌چووم بۆ لای که‌شتیوانێکی ناڕوونی عه‌ره‌بی که بڕیار بوو به که‌شتییه‌که‌ی به ده‌ریادا بمبات و به نهێنی له جێیه‌کی که‌ناری میسڕدا دامبگرێت. هیچ ناسنامه و به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کم پێ نه‌بوو تا شووناسم ئاشکرا بکات، بۆیه ئه‌گه‌ر له میسڕیش بگیرامایه، به ئاسانی یه‌کلا نه‌ده‌کرایه‌وه کێم. به‌ڵام هێشتا مه‌ترسیی به‌سه‌ربردنی چه‌ند حه‌فته‌یه‌ک له زیندانێکی میسڕیدا به‌راورد به مه‌ترسییه‌که‌ی پێشتر هیچ نه‌بوو. ده‌بوو ته‌واوی بیابانی ڕۆژئاوا ببڕم، به‌بێ ئه‌وه‌ی فڕۆکه‌کانی ئیتاڵیا و ئۆتۆمبێله سه‌ربازییه‌کانیان به‌دیم بکه‌ن، تاکو بگه‌م به وڵاتێک که به زمانی چه‌ک ده‌دوێن. له خۆمم ده‌پرسی خه‌ریکی چیم؟

گه‌رچی به مه‌ترسی بێگانه نه‌بووم، له‌وه‌وبه‌ر له‌به‌ر وروژان هه‌رگیز بیرم لێی نه‌کردبوویه‌وه. هه‌رکاتێک پێم خستبێته مه‌ترسییه‌که‌وه، هه‌میشه وه‌ڵامی ئه‌و مه‌یله هۆشیار یان ناهۆشیارانه‌م داوه‌ته‌وه که به شێوازی ژیانمه‌وه په‌یوه‌ستن. ئه‌ی چی سه‌باره‌ت به‌م سه‌رکێشییه؟ هه‌ر به‌ڕاست باوه‌ڕم وابوو به‌شداریی من چاره‌نووسی موجاهیدان بۆ باشتر بگۆڕێت؟ ده‌مویست باوه‌ڕ بکه‌م؛ به‌ڵام له ناخی دڵمه‌وه ده‌مزانی ئه‌وه خه‌یاڵه. ده‌ی که‌وایه، له کاتێکدا ئومێدێکی وه‌های سه‌رکه‌وتن نه‌بوو، بۆچی ژیانی خۆمم ئاوا خستبوویه مه‌ترسییه‌وه؟

به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی پرسیاره‌که خۆی ئاماده بکات، وه‌ڵامه‌که ئاماده بوو.

کاتێک ئیسلامم ناسی و وەکو شێوازی ژیان قبوولّم کرد، وامزانی ئیتر هەموو پرسیار و وەلّامەکانم کۆتایی هاتوون. بەلّام بە تێپەڕینی کات بۆم دەرکەوت کۆتایی نییە: بەلای منەوە، قبوولّکردنی شێوازێکی ژیان و جێبەجێکردنی بەسەر خۆتدا بەوەوە بەستراوە لەگەلّ کەسانی هاوبیردا پیادەی بکەیت – نەدەکرا بە تاقی تەنیا پیادەی بکەیت و وابزانیت کارت تەواو بووە، چونکە بەرهەمە ڕاستەقینەکەی تەنها لە ئۆممەتدا دەردەکەوێت. لای من، ئیسلام ڕێگەیەک بوو نەوەکو کۆتاییەک – شۆڕشگێڕە بێپەناکانی عومەر موختاریش، هەروەکو هاوەلّانی پەیامبەر، بە ئومێدی تەیکردنی ڕێگەکە بە خوێنی خۆیان بۆ ئازادی دەجەنگان. بەبێ گوێدان بە دەرئەنجام، یارمەتیدانی ئەوان لەو دۆخە سەختەدا وەکو نوێژ و ڕۆژوو لام گرنگ بوو...

ئەوە کەنارەکە بوو. کاتێک جوڵەی نەرمی شەپۆلەکان بەر چەوەکانی کەنارەکە دەکەوت، بەلەمێکی سەوڵ لەنجەی دەکرد: ئەوەی بڕیار بوو ئێمە بەرەو دووریەکی تاریک ببات. کاتێک سەوڵەوانەکە ئێمەی بینی و هەستایە سەر پێ، ڕووم کردە زەید و پێم گوت:

"زەید، بۆ خۆشەویستم، ئاگاداریت ئەگەر هەموو ئیخوانی دەویش کۆبکەیتەوە، بە ئەندازەی ئەم سەرکێشییەمان مەترسیدار نییە؟ تاسەی ئاساییشی مەدینە و نزیکیی دۆستانت ناکەیت؟"

"مامە گیان، ڕێگەی تۆ ڕێگەی منە. دەی مەگەر خۆت نەتگوت ئەو ئاوەی دەوەستێت پیس دەبێت؟ با بڕۆین – بە ئومێدی ئەوەی ئاوەکە تا پاکبوونەوە نەوەستێت..."

کەشتییەکە یەکێک بوو لەو دەهووە گەورە و شلوشاوانەی کەناراوەکانی عەرەبستانیان گرتووە: سەراپای تەختەیە، بۆنی گیای دەریایی و ماسی وشککراوەی لێ دەهات، هەروەها دوو ستوونی چارۆکەدار و کابینەیەکی بچووک لە نێوانیاندا هەبوو. ئەو چاوە بچووک و وردانەی لە بنەوەی سەرپێچە

قـورس و فـرەڕەنگەکەیەوە تەماشـایان دەکـردم سەرکێشـی و مەترسـیی زۆریـان بینیبوو؛ خەنجەرە چەماوەکەی کەمەریشی تەنها بۆ جوانکاری نەبوو.

کاتێـک سـەرکەوتین هـاواری کـرد، "مەرحەبـا مەرحەبـا هاوڕێکـانم! خێروخۆشیتان هێنا!"

لە دڵی خۆمدا دەڵێم چەند جار ئەو بەخێرهاتنە جوانەی لەو حاجییە داماوانە کـردووە کە لە میسـڕەوە و بەبـێ گوێدان بە سـەلامەتییان بە نهێنـی هێنـاونی بـۆ حیجـاز، تـاکو ئەو بـاجە زۆرە نەدەن کە حکـومەتی سـعودیە لەسـەر حاجیـانی داناوە؟ هەروەها چەند جار هەمان قسـەی بە ڕووی بازرگانانی کوێلەدا کردووە، کە بە پێچەوانەی شـەریعەتی ئیسـلامەوە هەندێک داماوی ئەسـیوپی دەگرن و دەیـانکەن بە کـۆیلە و لە یەمەن دەیانفرۆشـن؟ بەڵام لەوێـدا بە خـۆمم گوتـت ئەو ئەزموونەی کاپتنەکەمـان لە مـاوەی ئەو سـاڵانەدا پەیـدای کـردووە – هەرچەنـدە گومانـاوی بێـت – هەر لە بەرژەوەنـدیی ئـێمەیە: چـونکە ئەو لە زۆریـنەی کاپتنەکـانی تـر شـارەزاتری دەریـای سـور بـوو، هەروەهـا مـتمانەی پـێ دەکـرا بە سەلامەتی بمانەگەیەنێت بە کەنار.

وایش بوو؛ پاش چوار شـەو، لە باکووری بەندەری قوسـەیر لە کەناری بەشی سـەرەوەی میسـڕ دایبەزانـدین. کاتێـک وێسـتمان پـارە بە کـاپتنەکە بـدەین، سەرسامی کردین و بە بزەیەکەوە ڕەتـی کردەوە: "گەورەکانم حەقی منیـان داوە. خوداتان لەگەڵ."

وەکو پێشبینیم کردبوو، ئاسان بوو کارێک بکەین لە قوسـەیر سـەرنجی کەس ڕانەکێشین، چونکە شارۆچکەکە بە دیتنی حیجازییەکان ڕاهاتبوون. بەرەبەیانی دوای دابەزینمان، بلیتی پاسێکی کۆنەمـان بڕی تا بچین بۆ سیوتی سـەر نیل؛ لە پاسـەکەدا پـان کرابـووینەوە، چـونکە لە لایەکـانەوە ژنێکـی قەڵەو هەبـوو، سـەبەتەیەکی پـڕ لە مریشـکی لەسـەر کۆشـە فـراوانەکەی دانـابوو، لە لاکەی تریشـەوە پیـاوێکی بەتەمەن بوو، کە هەرئەوەندەی سـەرنجی پۆشاکەکەمانی دا،

دەستی کرد بە باسی ئەو حەجەی دە ساڵ لەوەوبەر ئەنجامی دابوو؛ ئەمە سەرەتای گەشتە ئەفریقییەکەی من و زەید بوو.

هەمیشە وام بیر کردبوویەوە ئەو پیاوەی خەریکی کارێکی نهێنی و مەترسیدارە وا هەست دەکات هەموو کەسێک چاوی لەسەر ئەمە، هەروەها وا دەزانێت بە ئاسانی ڕووپۆشەکەی لادەبرێت. بەڵام مایەی سەرسامی بوو من هەستێکی وام نەبوو. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوومدا لە عەرەبستان، بە جۆرێک چووبوومە ناو ژیانی خەڵکەوە هەستم دەکرد یەکێکم لەوان. من حەزە بازرگانییەکانی خەڵکی مەککە و مەدینەم نەبوو، بەڵام ئێستا کە لە گفتوگۆکانی ناو پاسەکەدا ڕۆڵی دەڵاڵی حاجیم دەگێڕا هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد، تەنانەت گفتوگۆی "پیشەگەرانەم" لەگەڵ چەند سەرنشینێکی تریشدا سەبارەت بە گەورەیی ئەنجامدانی حەج کرد. زەیدیش خۆشحاڵانە قسەی دەکرد؛ بەم شێوەیە، کاتژمێرەکانی سەرەتای گەشتەکەمان پڕ بوو لە گفتوگۆ.

پاش سواربوونی شەمەندەفەرێک بۆ سیوت، گەیشتین بە شارۆچکەی بەنی سوێف و ڕاستەوخۆ چووین بۆ ماڵی ئەو سەننوسییەی پێیان گوترابوو، ئیسماعیل دیهبی: پیاوێکی بچووک و پتەو و ڕووخۆش، کە بە لەهجەی سەرەوەی میسڕ دەدوا. ئەو کوتاڵفرۆشێکی مامناوەند بوو، بۆیە ناوبانگێکی وەهای نەبوو؛ بەڵام زیاد لە جارێک وەفاداریی خۆیی بۆ تەڕیقەتی سەننوسی سەلماندبوو، هەروەها وەفادارییەکی تایبەتیشی بەرانبەر بە سەید ئەحمەد هەبوو، بۆیە بە تەواوەتی متمانەپێکراو بوو. گەرچی درەنگ گەیشتینە ماڵیان، خزمەتکارەکەی هەستاند تا خواردنمان بۆ ئامادە بکات، لە کاتێکیشدا چاوەڕێی ئامادەبوونی خواردنەکە بووین، باسی ئەو ئامادەکارییانەی کرد کە بۆ گەشتەکەی ئێمە ئەنجامی دابوون.

پێش هەموشتێک، لەگەڵ گەیشتنی نامەکەی سەید ئەحمەددا، پەیوەندیی بە ئەندامێکی ناسراوی خانەوادەی شاهانەی میسڕەوە کردبوو کە دەمێک بوو لایەنگیری سەننوسییەکان بوو. شازادەکە لە وردەکارییەکانی ئەرکەکەی من

ئاگادار کرابوویەوە؛ ئەو ئامادەیی دەربڕیبوو خەرجیی پێویستی گەشتەکە بکێشێت و ولاخ و دوو ڕێنیشاندەری متمانەپێکراویشمان بۆ دابین بکات، تاکو بە سەلامەتی بیابان بەرەو سنووری بورقە ببڕین. لەو ساتەدا، خانەخوێیەکەمان پێی گوتین ئەوان لە یەکێک لە باخەکانی دەرەوەی بەنی سوێف چاوەڕێمانن.

من و زەید پۆشاکی حیجازیمان لابرد، چونکە لە ڕێگەکانی بیابانی ڕۆژئاوادا سەرنج و کنجکۆلیی خەڵکی کێش دەکرد. لەبری ئەوە، پانتۆڵ و جبەی ئەفریقای باکووریان بۆ هێناین، لەگەڵ بورنوس بە ستایلی ڕۆژئاوای میسڕ و لیبیا. ئیسماعیل لەژێر زەمینی ماڵەکەیەوە دوو تفەنگی لولەکورتی شکڵ ئیتاڵیی هێنا: "فیشەکی ئەم جۆرە چەکەتان لای موجاهیدەکان ئاسانتر دەست دەکەوێت."

شەوی داهاتوو، خانەخوێیەکەمان ڕێنمایی کردین لە شارۆچکەکە دەربچین. دوو ڕێنیشاندەرەکەی تر دوو دەشتەکیی هۆزی ئەولاد عەلیی میسڕی بوون، کە ژمارەیەکی زۆریان پاڵپشتیکاری سەننوسی بوون؛ عەبدولاّ، یەکێک لە ڕێنیشاندەرەکان، لاوێکی بەجەرگ بوو و ساڵێک لەوەوبەر بەشداری شەڕی بورقەی کردبوو، بۆیە زانیاریی باشی سەبارەت بەوەی چی چاوەڕێمان دەکات پێ بوو. ئەوی تریان، کە ناوەکەیم بیر نەماوە، لاواز و ترشڕوو بوو، زۆر بە دەگمەن قسەی دەکرد، بەڵام ئەویش هەروەکو عەبدولاّی خاوەن کەسایەتی متمانەپێکراو بوو. چوار حوشتری بەهێز و خێرای بیشاریان پێ بوو، کە ئاشکرا بوو لەبەر چاکییەکەیان هەڵبژێردرابوون؛ زینەکانیان زۆر لەوانەی لە عەرەبستان پێیان ڕاهاتبووم جیاواز نەبوو. خێرا دەجوڵاین و وەستانی درێژمان نەبوو، بۆیە خواردنی لێنراو بژاردە نەبوو؛ بەو هۆیە، خۆراکمان سادە بوو: زەرفێکی گەورەی خورما و زەرفێکی بچووکتری پسکیتی شیرینکراوی لە ئارد و خورما دروستکراو؛ سیان لە حوشترەکانیش کوندەیان پیادا شۆڕ بووبوویەوە.

پێش نیوەشەو، ئیسماعیل ئێمەی لەئامێز گرت و دوعای بۆ کردین؛ پێوەی دیار بوو کاریگەر بووە. بە پێشەوایەتی عەبدولاّ باخەکەمان بەجێ هێشت و

زۆری نەبرد لەژێر ڕۆشنایی تریفەی مانگدا، بە خێرایی بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بیابانمان تەی کرد.

نەماندەویست هیچ جۆرە بەرکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیی سەرسنووری میسڕ هەبێت – دەمانزانی بۆی هەیە بە ئۆتۆمبێلەکانیان زووزوو بەم ناوەدا بێن و بچن – بۆیە تا توانیمان لە ڕێگەی سەرەکیی کاروان دوور بووین؛ بەڵام بە نزیکەیی هەموو ڕێگەکانی نێوان بەحریە و دۆڵی نیل بە فەیوومی باکووری دووردا تێدەپەڕین، بۆیە مەترسییەکە مەزن بوو.

شەوی یەکەم نزیکەی سی میلێکمان بڕی و ڕۆژەکەی لای کۆمەڵێک دارگەزدا خۆمان پەنا دا؛ شەوی دووەم و دواتر باشتر ڕۆیشتین، لە کازیوەی ڕۆژی چوارەمدا گەیشتین بەو قوڵاییەی مێرگی بەحریەی لێیە.

لە کاتێکدا لەودیو هەندێک بەردی دەرەوەی مێرگەکە – کە لە کۆمەڵێک نیشتەجێگە و کێڵگەی جودا پێک هاتبوو، دیارترینیشیان لادێی باویتی بوو - خۆمان پەنا دابوو، عەبدولاّ بە پێ دابەزییە پەنایەکەوە کە بە دارخورما داپۆشرابوو، تاکو ئەو پیاوەی لە باویتی چاوەڕێمان بوو بدۆزێتەوە. نەدەکرا پێش شەو بێتەوە، بۆیە لە سێبەری بەردەکاندا خەوتین: پشوویەکی باش دوای سەرما و ماندوویەیی چوار شەو حوشترسواریکردن. لەگەڵ ئەوەیشدا، من زۆر نەخەوتم، چونکە مێشکم زۆر سەرقاڵ بوو.

کاتێک بیرم لە بەرنامەکانمان کردەوە، وا تێگەیشتم دانانی هێڵێکی بەردەوامی پەیوەندی لە نێوان بەنی سوێف و بەحریەدا سەخت نەبێت؛ ئەگەر حساباتی باش بکرێت، تەنانەت کاروانە گەورەکانیش دەتوانن بەو ڕێگەیەدا تێبپەڕن. گەرچی وێستگەی سەرسنوور دەکەوتە باویتییەوە (لە پەناگەکەمانەوە بینا سپییەکانی سنوورمان دەبینی)، دەکرا گوێزەرەوەیەکی بێوایەری نهێنی لە لادێیەکی پەناتر و دوورتری بەحریەدا دابنرێت. دوای چەند کاتژمێرێک، عەبدولاّ و بەربەرە پیرەکە – هاوەڵە باویتییەکەمان – لەوە دڵنیایان

کـردمەوە. وا دەردەکەوت حکـومەت چـاودێرییەکی چـڕی مێـرگەکە نەکـات؛ لەوەیش گرنگتر ئەوە بوو زۆرینەی دانیشتوانەکە لایەنگیری سەننوسی بوون.

پێـنج شـەوی تـری حوشترسـواریکردنی بەردەوام: سـەرەتا بەسـەر وردەچەو و زەمینـی قڵیشـاودا، پاشـان بەسـەر خـۆڵ و دۆڵە لمینەکانـدا؛ بەلای مێرگـی چـۆڵی سیترە و دەریـاچە مردوو و تـاریکە سـوێرەکەی، لە لای قامیشـەڵان و دارخورمـا کێوییەکانـدا؛ بەسـەر کەنـداڵی عەرجـدا و بە لای بەردە تەباشـیرییەکانیدا، کە لەژێر تریفەی مانگدا دیمەنێکی نادونیایی و تارماییئاسایان هەبوو؛ هەروەها لە کۆتایی شەوی پێنجەمدا مێرگی سیوەمان لێ دەرکەوت.

سـاڵانێک بـوو ئـارەزووی سـەردانیکردنی ئەم مێرگە دوورەم هەبـوو، چونـک ڕۆژێـک لە ڕۆژان شـوێنی پەرسـتگەی ئـامون بـووە و یەکێکـیش لە شـوێنە دیارەکـانی پێشـبینیکردنی داهـاتوو بـووە لە جیهـانی دێرینـدا؛ بەڵام ئـاواتەکەم نەهـاتبوویە دی. ئەوەتـا، ئێسـتا لە کـازیوەدا خـۆیی بـۆ نمـایش دەکـردم: بـاخێکی فراوانـی خورمـا لە دەوری گردێکـی تاقـانە، کە ماڵەکـانی نـاوچەکە هەروەکـو ئەشکەوتی بەردیـن لەسـەری بە شـێوەیەکی قـادرمەیی ڕیـز بـوون، لە سـەرووی هەمووێشـیانەوە منـارەیەکی قـوچەکی و بەرز بەدی دەکرێـت. نیشـتەجێگەکە و ماڵەکان سـەیر بـوون، هەروەکـو ئەوەی لە خەونێکدا دەربـکەون... ئـارەزووم کرد بچـمە نـاو سـنووورەکەیەوە و بەو کۆڵانـانەدا بـڕۆم کە سـەردەمی فیرعەونەکانیـان دیبـوو، تـا پاشـماوەی ئەو پەرسـتگەیە ببینـم کە کرویـزس، شـای لیـدیا، گـوێی لە پێشـبینیکارەکە بـوو پێشـبینیی چارەنووسـی خراپـی ئەوی کـرد، هەروەهـا مژدەی گرتنی جیهان بە ئەسکەندەری مەقدۆنی درا.

بەڵام ئـارەزووەکەم بەدی نەهـات. شـارۆچکەی سـیوە نزیـک بـوو، بەڵام بە ڕوومدا نەکرایەوە. چوون بۆ جێگەیەکی هێندە دوور لە جیهانی دەرەوە، هەروەها جێـیەک تیایدا هەمـوو ڕوویەکـی بێگـانە خێـرا تێبینـی بکرێـت، کـارێکی ژیـرانە نەبوو: دەی ئـاخر سـیوە لە نزیـک سـنووری لیبیـا بـوو، بـۆیە چاودێرانی سـنوور بە

باشترین شێوە چاودێرییان دەکرد و بێگومان هەواڵهێنیشی بۆ ئیتاڵییەکان تیادا بوو. دڵی خۆمم بەوە دایەوە سیوە نسیبی ئەم گەشتەم نییە و لە بیری خۆم بردمەوە دەرەوە.

بە خولانەوەیەکی گەورە بەرەو باشوور خۆمان لە شارۆچکەکە لادا و لەژێر دارخورماکاندا وەستاین. ڕێی پشوومان بە خۆمان نەدا، چونکە نیازمان وا نەبوو لە نزیک سنوور هیچ کاتێکی زیادە بەسەر ببەین، بۆیە عەبدوڵا خێرا بەرەو گوندەکەی تەنیشتمان بەڕێ کەوت، تاکو ئەو پیاوە بدۆزێتەوە کە سەید ئەحمەد ڕایسپاردبوو ڕێنماییمان بکات. پاش چەند کاتژمێرێک، خۆی و دوو ڕێنیشاندەر و چوار حوشتری نوێی لەگەڵدا بوو. ڕێنیشاندەرەکانی دەشتەکیی بەرسەیی جەبەل ئەخزەر بوون، هەروەها پیاوی عومەر موختار بوون و هەر خۆیشی ئەوانی ناردبوو تاکو درزی نێوان مێرگی جەغبوب (لەژێر دەستی ئیتاڵیادا بوو) و جەلومان پێ ببڕن و بمانگەیەنن بە گردەکانی بورقە، ئەو جێیەی عومەرم لێ دەبینی.

عەبدوڵا و هاوڕێکەی ئێمەیان بەجێ هێشت تا بگەڕێنەوە بۆ میسر؛ بە ڕێنمایی دوو موجاهیدەکە، خەلیل و عەبدولڕەحمان، گەشتە حەفتەییەکەمان لەو بیابانە فراوانە بێئاوەدا دەست پێ کرد کە وردەوردە بەرەو جەبەل ئەخزەر بەرز دەبوویەوە. قورستترین گەشتی بیابان بوو کردبێتم. گەرچی ئەگەر لە ڕۆژدا خۆت بشاردایەتەوە و بە شەو گەشتت بکردایە مەترسیی چاودێرە ئیتاڵییەکان کەم دەبوویەوە، پێویستیی خۆڵادان لە بیرە قەرەباڵغەکان گەشتە درێژەکەمانی کردبوو بە مۆتەکە. تەنها یەکجار لە دۆڵی میرا حوشترەکانمان ئاو دا و کوندەکانمان پڕ کردەوە، لەو یەکجارەیشدا نزیک بوو سەری خۆمان دابنێین.

کاتی گەیشتنمان بە بیرەکە لەوەی چاوەڕێمان دەکرد درەنگتر بوو – لە ڕاستیدا، کاتێک دەستمان بە هەڵکێشانی ئاو بۆ حوشترەکانمان کرد تاریکوڕوونی بەیانی بوو، کاتێکیش تەواو بووین خۆر لە سەرووی ئاسۆوە

بوو. وەکو خەلیل پێی گوتین، هێشتا دوو کاتژمێر ڕێگەمان مابوو بۆ ئەوەی بگەین بە شوێنی خۆشاردنەوەمان بۆ ئەو ڕۆژە. بەڵام هەرئەوەندەی کەوتینە جوڵە، دەنگی ناخۆشی فڕۆکەیەک بێدەنگیی بیابانەکەی شکاند: پاش چەند خولەکێک، فڕۆکەیەکی دووبااڵ لە سەرمانەوە دەرکەوت و بە شێوەیەکی بازنەیی دەخولایەوە. شوێنی خۆشاردنەوە نەبوو، بۆیە لە حوشترەکانمان دابەزین و بڵاوەمان لێ کرد. لەو ساتەدا فڕۆکەوانەکە بە بیکەسییەکەی فیشەکی پێوە ناین.

هاوارم کرد، "هەموتان بکەونە سەر زەوی، خۆتان بکەن بە مردوو."

بەڵام دیار بوو خەلیل لە ماوەی سااڵنیدا لەگەڵ موجاهیدین ئەزموونی هاوشێوەی زۆری کردبێت، چونکە خۆی نەکرد بە مردوو. ئەو لەسەر پشت پاڵ کەوت و سەری لە بەردێک توند کرد، هەروەها تفەنگەکەی خستە سەر ئەژنۆ بەرزکراوەکەی و دەستی کرد بە فیشەکبارانکردنی فڕۆکەکە – بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نا، بەڵکو وەکو ئەوەی لە ڕاهێنانی نیشانەگرتنەوەدا بێت، بۆ تەقاندنی هەموو فیشەکێک بە جوانترین شێوە مشتی دەکردەوە. کارەکەی تا بڵێیت بوێرانە بوو، چونکە فڕۆکەکە ڕێک بەرەو ڕووی ئەو دەڕۆیشت و لەکەی فیشەکباران دەکرد. بەڵام وا دیار بوو یەکێک لە فیشەکەکانی خەلیل بەر فڕۆکەکە کەوتبێت، چونکە فڕۆکەکە ئاڕاستەی گۆڕی و بەرەو سەرەوە ڕۆیشت. ڕەنگە فڕۆکەکە هەستی کردبێت کوشتنی چوار پیاو شایستەی ئەوە نییە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە. یەک دوو جار بەسەرماندا سوڕایەوە و پاشان بە ئاڕاستەی ڕۆژهەاڵت، واتە جەغبوب، ڕۆیشت و ون بوو.

کاتێک ئێمە گوتمان، "ئەو ئیتاڵییانە حەز بە کوشتن دەکەن، بەڵام نایانەوێت خۆیان بکەونە مەترسییەوە،" خەلیل بە هێواشی گوتی، "ئەو ئیتاڵییە سەگبابانە ترسنۆکن."

کەسمان بریندار نەبووین، بەڵام حوشترەکەی عەبدولڕەحمان مردار

بووبوویەوە. زین و تورەکەکانیان خستە سەر ولاخەکەی زەید، بۆیە ئەویش لەگەڵ زەیددا سەرکەوت.

پاش سێ شەو، گەیشتین بە دارستانە عەرعەرەکانی جەبەل ئەخزەر و بە خۆشحاڵییەوە حوشترە ماندووەکانمان بە چەند ئەسپێک گۆڕییەوە، کە لە شوێنێکی پەنای ناوچەی کۆمەڵێکی لە موجاهیداندا بۆمان دانرابوون. لەمەودوا خەبەرێک لە بیابان نەبوو؛ ئەمجارەیان بەسەر دەشتە بەرزە گرداوی بەردینەکاندا دەڕۆیشتین و شوێن ڕووباری وشکبووی زۆرمان لە بەردەمدا بوو، هەروەها دارعەرعەری زۆریشیان لە ڕێگە بوو، کە لە هەندێک جێگەدا ئەوەندە چڕ بوون بە سەختی تێدەپەڕێندران. ئەم زەمینە کێوی و بێڕێگەیە، کە لە دڵی ناوچەی ئیتاڵییەکاندا بوو، ناوچەی ڕاوی موجاهیدان بوو.

پاش چوار شەوی تر گەیشتین بە وادی تەعبان (دۆڵی ماندووەکە) و ناوی خۆی بە خۆیەوە بوو؛ بڕیار بوو هەر لەوێ عومەر موختار ببینین. بە سەلامەتی لە ئاوکەندێکی چواردەور چڕدا پاڵیان دایەوە و ئەسپەکانیشیان لە پەنای بەردێکدا بەستەوە و چاوەڕێی هاتنی شێرەکەی جەبەل ئەخزەر بووین. شەوەکەی سارد و بێدەنگە و تۆراو لە ئەستێرە بوو.

هێشتا هاتنی سەیدی عومەر موختار چەند کاتژمێرێکی مابوو؛ لەگەڵ تاریکبوونی شەوەکەیشدا، دوو هاوەڵە بەرسەییەکەمان پێیان باش بوو کوندەکانمان لە بیرەکانی بوسفیە پڕ بکەینەوە، واتە چەند میلێک لە ڕۆژهەلاتەوە. لە مەودای نیومیلدا وێستگەیەکی تۆکمەی ئیتاڵی هەبوو، بەڵام خەلیل گوتی، "ئەو سەگانە لەم تاریکییەدا بۆ دەستبەئاوگەیاندنیش ناوێرن بیناکەیان بەجێ بهێڵن."

خەلیل و زەید بە سواری ئەسپ و دوو کوندەی بەتاڵەوە بەڕێ کەوتن، دوو پارچە پەڕۆیشیان لە سمی ئەسپەکان پێچا تاکو تەقە و ڕەقە دروست نەکەن. ئەوان لە تاریکییەکەدا ون بوون، من و عەبدولڕەحمانیش لە سەرمادا خۆمان گرمۆڵە کردبوو. داگیرساندنی ئاگری مەترسیدار بوو.

پاش کاتژمێرێک یان زیاتر یان کەمتر، لەناو عەرعەرەکانەوە دەنگی شکانی چیلکە هات؛ دەنگی بەرکەوتنی نەعلێک و بەردێک هات. هاوەڵەکەم دەستبەجێ ڕاست بوویەوە و بە تفەنگەکەی دەستیەوە تاوێک ڕاوەستا و لە تاریکاییەکە ڕامـا. دەنگێکـی کـز، وەکـو هـی لـورەی چەقەڵ، لەنـاو عەرعەرەکـانەوە هـات، عەبدوڵڕەحمانیش دەستەکانی لەسەر دەمی خڕ کرد و دەنگێکی هاوشێوەی دەکرد. تارمایی دوو پیاو دەرکەوت. ئەوان بە پێ دەهاتن و تفەنگیان پێ بوو. کاتێک نـزیکتر بـوونەوە، یەکێکیـان گـوتی، "ڕێـگەی خـودا،" عەبدوڵڕەحمانیش وەڵامـی دایەوە، "لاحول ولا قوة الا بالله" – دیار بوو ئەوە شفرەی نێوانیانە.

هەردوو پیاوەکە جەردی کۆنیان لەبەردا بوو، واتە پۆشاکی دەشتەکییەکانی لیبیا. یەکێک لەوان عەبدوڵڕەحمانی دەناسی، چونکە هەردوو دەستی ئەوی گرت و بە خۆشەویستییەوە سڵاوی لێ کرد. ئەو منـی بە دوو موجاهیدەکە ناساند و تەوقەمان کرد. یەکێکیان گوتیت:

"خودا یار و یاوەرتان بێت. سەیدی عومەر بەڕێوەیە."

دانیشـتین و گـوێمان دەگـرت. دە خـولەکی نەبـرد کـرتەی شـکانی چیلکەکـان هـاتەوە و سـێ پیـاوی تـر دەرکەوتـن، بەڵام هەریەکیـان لە ئاڕاسـتەیەکەوە و بە تفەنگـی ڕاکێشـراوەوە. کاتێـک دڵنیـا بـوونەوە ئـێمە ئەو کەسـانەین کە دەبێـت لەوێ بـین، بە ئاڕاسـتەی جیـاواز بە نـاو درەختەکانـدا بـڵاو بـوونەوە؛ دیـار بـوو پاسەوانیی سەیدی عومەریان دەکرد.

پاشان سەیدی عومەر بەسەر ئەسپێکی بچووکەوە، کە قوماش لە سمەکانی ئاڵێنـدرابوون، دەرکەوت. دوو پیـاو لەمـاڵاوای بـوون و چەنـد پیـاوێکیش بە شـوێنیەوە بـوون. کاتێـک گەیشـتە لای ئەو بەردەی ئـێمە لە پاڵێـدا چـاوەڕێمان دەکـرد، یەکێـک لە پیاوەکـانی یـارمەتیی دا دابەزێـت؛ لەوێـدا سـەرنجم دا بە نـاڕەحەتی بە ڕێـگەدا دەڕوات (دواتـر بـۆم دەرکەوت دە ڕۆژێـک لەوەوبەر لە شـەڕێکدا بریـندار بـووە). ئێسـتا ئیـدی لەژێـر تـریفەی مانگـدا بە جـوانی ئەوم

دەبینی؛ پیاوێکی قەبارە مامناوەند و ئێسقان پتەو؛ دوو چاوی قوولّ؛ ئەگەر سەرنجی چرچییەکانی دەوری چاویت بدایە، ڕەنگە بتگوتایە پێکەنیوە، بەلّام لە ئێستادا جیا لە تاریکی و ئازار و ئازایەتی هیچی دیکەیان تیادا نەبوو.

بەرەوپیریی چووم و هەستم بە سەنگینی دەستە قلّیشاوەکەی کرد.

"بەخێر بێیت کورِم" – لەگەلّ گوتنی ئەوەدا، لێم وردبوویەوە و بە چاوەکانی پشکنیمی و هەلّیسەنگاندم: دوو چاو کە مەترسی بۆیان نان و ئاوی ڕۆژانە بوو.

یەکێک لە پیاوەکانی بەتانییەکی لەسەر زەوییەکە بۆ ڕاخست و سەیدی عومەریش بە قورسی دانیشت. عەبدولڕەحمان چەمایەوە تاکو دەستەکانی ماچ بکات و پاش مۆلّەتوەرگرتن ئاگرێکی بچووکی لای بەردێکی لەژێر بەردێکی بنبۆشدا کردەوە. سەیدی عومەر لە بەردەم ڕۆشنایی کزی ئاگرەکەدا ئەو نامەیەی سەیدی عومەری خوێندەوە کە من هێنابووم. زۆر بە وریاییەوە خوێندییەوە، پاشان قەدی کرد و تاوێک خستیە سەر سەری – ئاماژەیەکی ڕێزگرتنن کە هەرگیز لە عەرەبستان نایبینی، بەلّام لە ئەفریقای باکوور باوە – پاشان بە بزەیەکەوە ڕووی کردە من:

"سەید ئەحمەد، خودا تەمەنی درێژ بکات، قسەی باش لەسەر تۆ دەکات. تۆ ئامادەیت یارمەتیمان بدەیت. بەلّام نازانم یارمەتی لەکوێوە دێت، مەگەر لای خودای بەخشندە و میهرەبانەوە. وا دیارە کات و سەردەمی ئێمە لە کۆتایی نزیکە."

"بەلّام ناکرێت ئەو پلانەی سەید ئەحمەد بکرێت بە سەرەتایەکی نوێ؟ ئەگەر پاڵپشتیی بەردەوام دابین بکرێت و کوفرە بکرێت بە بنکەی بەرنامەکانی دواتر، ناتوانین جلّەوی ئیتاڵییەکان بکەین؟"

سەیدی عومەر بە بزەیەکەوە وەلاّمی دامەوە، بەلّام بە هەموو ژیانم بزەی وەها تاڵ و نائومێدم نەبینیبوو: "کوفرە...؟ کوفرەمان لەدەست چوو. دوو حەفتەیەک لەمەوبەر ئیتاڵییەکان کوفرەیان گرت..."

هەواڵەکە تاساندمی. بە درێژایی چەند مانگی ڕابردوو، من و سەید ئەحمەد بەرنامەی ئەوەمان داڕشتبوو کوفرە بکرێت بە خاڵی سەرەکیی بەرخۆدان. ئێستا کە کوفرە لەدەست دەرچووبوو، سەننوسییەکان تەنها دەشتە بەرزەکە ماندووەکەی جەبەل ئەخزەریان مابوو – داگیرکردنی زیاتر لە لایەن ئیتاڵییەکانەوە، لەدەستدانی پێگە لە دوای پێگە، خنکانی هێواش...

"کوفرە چۆن کەوت؟"

سەیدی عومەر، بە ئاماژەیەکی ماندووەوە، بانگی یەکێک لە پیاوەکانی کرد: "با ئەم پیاوە چیرۆکەکەت بۆ بگێڕێتەوە. ئەو یەکێک بووە لە کەمینەیەی لە کوفرە دەربازیان بووە. دوێنێ هات بۆ لام."

کوفرەییەکە بە چیچکانەوە دانیشت و بورنوسە پینەدارەکەی دا بەسەر شانەکانیدا. هێواش دوا، هیچ ئاماژەیەک بۆ هەست و سۆز لە گێڕانەوەکەیدا نەبوو؛ بەڵام ڕوخسارە کزۆڵەکەی ئاوێنەی هەموو ئەو دیمەنە تۆقێنەرانە بوون کە بینیبوونی.

"بە سێ ڕێز و لە سێ لاوە هاتنە سەرمان، چەکی قورس و ئۆتۆمبێلی سەربازییشیان پێ بوو. فڕۆکەکانیان نزم دەفڕین وماڵ و مزگەوت و دارخورماکانیان بۆمباران دەکرد. تەنها چەند سەد پیاوێکی کەمان دەمانتوانی چەک هەڵبگرین؛ ئەوانی ترمان ژن و منداڵ و بەتەمەن بوون. ماڵ لە دوای ماڵ بەرگریمان کرد، بەڵام ئەوان زۆر بەهێزتر بوون و لە کۆتاییدا تەنها لادێی حەواریمان بۆ مایەوە. تفەنگەکانی ئێمە لەگەڵ چەک و ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی ئەواندا دەرنەدەچوون؛ ترساین. تەنها چەند دانەیەکمان توانیمان هەڵبێین. من خۆم لە باخە خورماکاندا شاردەوە و بۆ هەڵێک گەڕام هێڵە ئیتاڵییەکان ببڕم؛ هەروەها بە درێژایی شەو گوێم لە ناڵەی ژنان بوو کاتێک لە لایەن سەربازە ئیتاڵی و ئیریتریەکانەوە دەستدرێژییان دەکرایە سەر. ڕۆژی دواتر ژنێکی بەتەمەن هات بۆ حەشارگەکەم و نان و ئاوی بۆ هێنام. ئەو گوتی

جەنەرالّە ئیتالّییەکە هەموو زیندووەکانی لای گۆڕی سەید موحەممەد مەهدیدا کۆکردووەتەوە و قورئانێکی لەبەر چاویاندا دڕاندووە، فڕێی داوە و پێیەکانی پیادا ناوە، پاشان هاواری کردووە، 'با پێغەمبەرە دەشتەکییەکەتان فریاتان بکەوێت.' پاشان فەرمانی بە بڕینەوەی دارخورماکان و شێواندنی بیرەکان و سوتاننی کتێبخانەکەی سەید ئەحمەد داوە. ڕۆژی دواتر فەرمانی داوە بەتەمەنەکانمان و زاناکانمان بخرێنە ناو فڕۆکەیەکەوە – هەموویان لە بەرزییەوە فڕێ دراونەتە خوارەوە و مردوون... بە درێژایی شەوی دووەمیش گوێم لە گریان و نالّەی ژنەکانمان و پێکەنینی سەربازە ئیتالّییەکان و تەقەکردنیان بوو... لە کۆتاییدا، لە تاریکیی شەودا خزامە بیابانەوە و حوشترێکی ونبووم دەست کەوت و ئەوێم بەجێ هێشت..."

کاتێک پیاوە کوفرەییەکە لە چیرۆکە خەمینەکەی تەواو بوو، سەیدی عومەر بە نەرمی نزیکی من کەوتەوە و دووپاتی کردەوە: "کوڕم، وەکو دەبینیت کاتی ئێمە لە کۆتایی نزیکە." هەروەها، وەکو ئەوەی وەلّامی پرسیارە نەگوتراوەکەی چاوم بداتەوە، گوتی: "ئێمە دەجەنگین چونکە پێویستە بۆ ئیمان و ئازادی بجەنگین، تا ئەو کاتەی یان داگیرکەر دەردەکەین، یان خۆمان دەمرین. بژاردەی ترمان نییە. لای خوداوە هاتووین و بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە. ژن و منداڵەکانمان ناردووە بۆ میسڕ، تاکو خودا خواستی مردمان دەکات، نیگەرانی ئەوان نەبین."

دەنگی فڕۆکە بە کپی لە ناخی ئاسمانە تاریکەکەوە دێت. پیاوەکانی سەیدی عومەر خێرا خۆڵ بە ئاگرەکەدا دەکەن. شکڵی فڕۆکەکە لەبەر هەورەکانی بەردەم تریفەی مانگدا وەکو تارماییەک دەردەکەوێت. هەرچۆنێک بێت، نزم بەسەرماندا دەفڕێت و بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێت و وردەوردە دەنگی نامێنێت.

من گوتم، "بەڵام سەیدی عومەر، تا کاتێک ڕێگە هەیە، باشتر نییە تۆ و موجاهیدان بچن بۆ میسڕ؟ ڕەنگە لەوێ بتوانن ئاوارە زۆرەکانی بورقە کۆبکەنەوە و هێزێکی باشتر بونیاد بنێن. دەکرێت کۆششەکەی ئێرە تاوێک

ڕابگیرێت، تاکو خەڵکی بەهێز دەبنەوە... ئاگادارم بەڕێتانییەکان بە بەهێزبوونی ئیتاڵیا لەم باڵەوە ئاسوودە نین؛ خودا دەزانێت، ئەگەر وەکو دوژمن لەگەڵیاندا نەجوڵێیتەوە، ڕەنگە چاوپۆشی لە ئامادەکارییەکانت بکەن..."

"نا کوڕم، زۆر درەنگە بۆ ئەوە. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت پازدە شازدە ساڵێک لەمەوبەر دەگونجا، پێش ئەوەی سەید ئەحمەد، خودا تەمەنی درێژ بکات، بۆ یارمەتیدانی تورکەکان، کە یارمەتییان نەداین، هێرش بکاتە سەر بەڕێتانییەکان... زۆر درەنگە. بەڕێتانییەکان پەنجەیەک بۆ سووککردنی بارمان ناجوڵێنن؛ ئیتاڵییەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی لەناومان بەبەن و ئومێدی بەرخۆدانی داهاتوو بکوژن. گەر بچین بۆ میسڕ، بێگومان ناتوانین بگەڕێینەوە. جیا لەوە، چۆن گەلەکەم بەبێ سەرکردە بەجێ بهێڵم و لە دووڕەوە تەماشا بکەم دوژمن چۆن لەناویان دەبات؟"

"ئەی چی سەبارەت بە سەید ئیدریس؟ سەیدی عومەر ئەویش هاوڕاتە؟"

"سەید ئیدریس پیاوێکی باشە؛ کوڕێکی باشی پیاوێکی مەزنە. بەڵام خودا دڵی ئەوەی پێ نەداوە لەم کارانەدا بەشدار بێت..."

لە دەنگی سەیدی عومەدا خەمێکی قووڵ هەبوو، بەڵام نائومێدی نا. ئەو باسی دەرئەنجامی خۆلێلانەدراوی شۆڕشەکەی درێژەکەی خۆی کرد: دەیزانی مەرگ چاوەڕێیەتی. ئەو لە مەرگ نەدەترسا؛ بۆ مەرگ نەدەگەڕا، بەڵام لێیشی هەڵنەدەهات. دڵنیام ئەگەر بیشیزانیایە چۆن دەمرێت، لای گرنگ نەدەبوو و پشتی تێنەدەکرد. دەتگوت هەموو گەردیلەیەکی گیان و هزری لەوە دڵنیان هەموو مرۆڤێک چارەنووسی خۆیی هەڵگرتووە و بۆ هەرجێیەک بچێت و هەرچی بکات لەگەڵیدایە.

خشەخشێک لەناو پوشەکانەوە دەهات؛ خشەخشێکی هێندە بێدەنگ کە لە حاڵەتی ئاساییدا نەتدەبیست، بەڵام ئەوەی ئێمە حاڵەتی ئاسایی نەبوو.

گوێقـولاغی دەنـگەکە بـووم: تاوێـک وەسـتا و پاشـان دەسـتی پـێ کـردەوە. ئەوەندەمان زانی زەید و خەلیل و دوو پاسەوان دەرکەوتن؛ چەند کوندەیەکی پڕ لە ئاویان هێنابوویەوە. کاتێک خەلیل سەیدی عـومەری بینی، خێرا بەرەو لای چـوو و دەستەکانی مـاچ کـرد، منـیش زەیـدم بە سـەیدی عـومەر ناسـاند. چـاوە تیژەکـانی سـەیدی عـومەر بە خۆشەویستییەوە ڕوخسـار و جەسـتە بـاریکەکەی زەیدیان پشکنی؛ پاشان دەستی خستە سەر شانی زەید و گوتی:

"بەخێر بێیت، ئەی ئەو برایەی لە خاکی پێشینانمەوە هاتوویت. تۆ سەر بە چ هۆزێکیـت؟" – کاتێـک زەیـد پێـی گـوت سـەر بە هـۆزی شـەمەرە، عـومەر بە بـزەیەکەوە سـەری بـۆ ڕاوەشـاند: "ئەهـا، کەواتە تـۆ سـەر بە هـۆزەکەی حـاتەمی تائیت، بەخشندەترین پیاو..."[1]

یەکێـک لە پیاوەکـانی سـەیدی عـومەر چەنـد خورمـایەکی لە قوماشـێکی پێچراوە دەرهێنا و لە بەردەم ئێمەدا داینا؛ پاشان ئەو بۆ ئەو خوانە بانگی کردین. کاتێک لە خواردنی خورماکان بوونەوە، جەنگاوەرە پیرەکە هەستایەوە:

"برایان، دەبێت ئێرە چۆڵ بکەیـن. لە بنکەی ئیتاڵییەکـان لە بوسفیە نزیکین، بۆیە نابێت لە کاتی کازیوەدا لێرە بین."

شـوێنەواری خۆمانمـان لەوێ پـاک کـردەوە و لە دوای سـەیدی عـومەرەوە بە ئەسـپ ڕۆیشـتین، پیاوەکـانی دیکەیـش بە پـێ دەهـاتن. کاتێـک لە ئاوکەنـدەکە دەرچـووین، بـۆم دەرکەوت سـەیدی عـومەر زۆر زیـاتر لەوەی پێم وابـووە پیـاوی لەگەڵ خۆیدا هێناوە: یەک بە یەک، لە پشتەوەی بەرد و درەختەکانەوە تارمایی

---

[1] جەنگاوەر و شاعیرێکی پێش ئیسلام و ناسراو بە بەخشندەیی. ناوی ئەو بـووە بە هێمای چاکەکاری. هۆزی شەمەر، کە زەید سەر بەوان بوو، دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی تەی یاخود تائی، واتە هۆزەکەی حاتەم (نووسەر).

ڕەش دەردەکەوێت و دێتە ڕیزی ئێمەوە، هەندێک لە پیاوەکانیش لە دوورەوە لە لای ڕاست و چەپەانەوە ڕێ دەکەن. ئەگەر کەسێک بە شێوەیەکی سەرپێیی تەماشای بکردایە نەیدەزانی نزیکەی سی پیاومان لە دەورە، چونکە زۆر بە بێدەنگی ڕێ دەکەن.

پێش کازیوە دەگەین بە کەمپی سەرەکیی کۆمەڵە تایبەتەکەی عومەر موختار، کە ئەوکات دووسەد پیاوێک دەبوون. شوێنەکە لە تەنگەڵانێکی قووڵ و تەسکدا بوو؛ لە هەندێک جێگەدا لە پاڵ بەرد و تاوێری بنبۆشدا ئاگریان کردبوویەوە. هەندێک لە پیاوەکان لەسەر زەویەکە نوستبوون، هەندێکی تریشیان بە تەڵخی لە تاریکوڕوونی کازیوەدا دەردەکەوتن و خەریکی کاروباری جیاواز بوون: پاککردنەوەی چەکەکانیان، هێنانی ئاو، ئامادەکردنی خواردن، یان پێڕاگەیشتن بەو چەند ئەسپەی لێرە و لەوێ بە دەرەختێکەوە بەستراببوونەوە. بە نزیکەیی هەموویان جلوبەرگی پارچەپارچەیان لەبەردا بوو و تاقە جەرد یان بورنوسێکم نەبینی. زۆریان پێچراوییان پێوە بوو، ئەوەیش ئاماژە بوو بۆ بەرکەوتنی نوێ لەگەڵ دوژمناندا.

بە دیتنی دوو ژن – یەکیان پیر و ئەوی تر لاو – لە کەمپەکەدا سەرسام بووم؛ ئەوان نزیک ئاگرەکان دانیشتبوون و دیار بوو خەریکی دوورینەوەی زینێکی دڕاو بوون.

سەیدی عومەر وەڵامی سەرسامییە بێدەنگەکەمی دایەوە، "بۆ هەر شوێنێک بچین، ئەم دوو خوشکە لەگەڵماندا دێن. ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی تردا بچن بۆ میسڕ. دایک و کچن. هەموو پیاوەکانی خانەوادەکەیان لە جیهاددا شەهید بوون."

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و شەوێک – لە کاتێکدا کەمپەکە دەگوازرایەوە بۆ جێیەکی تری دارستانەکە – من و سەیدی عومەر تاوتوێی ڕێگە ڕێتێچووەکانی دابینکردنی پاڵپشتیمان بۆ موجاهیدان دەکرد. هێشتا لە میسرەوە کەمێک پاڵپشتی هەبوو. لەو کاتەوەی سەید ئیدریس لە ماوەی ئاگربەستی موجاهیدان و ئیتاڵیادا لەگەڵ بەڕێتانییەکاندا گەیشتبوو بە تێگەیشتن، وا دەردەکەوت بەڕێتانییەکان ڕێگە بە چالاکیی سەننوسییەکان بدەن لە میسر، بەو مەرجەی چالاکییەکان ناوخۆیی بن. بەڕێتانییەکان سەرنجێکی فەرمیی ئەو کۆمەڵە جەنگاوەرە کەمانەیان نەدەدا کە جاروبار هێڵەکانی ئیتاڵیایان دەبڕی و دەهاتن بۆ سەلوم، نزیکترین شاری میسڕی لە کەنارەکەوە، تاکو غەنیمەتی جەنگ بفرۆشن -زۆرینەی کات هێستری ئیتاڵییەکان - و خواردنی پێ بکڕن. بەڵام ئەو هەوڵانە بۆ موجاهیدان زۆر مەترسیدار بوون، بۆیە نەدەکرا زووزوو ئەنجام بدرێن، بە تایبەتی لەبەرئەوەی ئیتاڵییەکان بەربەستێکیان بە تەلی دڕکاوی دروست دەکرد تەواوی سنووری میسری دەگرت. سەیدی عومەر لەوەدا هاوڕام بوو دەکرێت ئەو ڕێگەیەی من پیایدا هاتووم بکرێت بە ڕێی دابینکردنی سەرچاوە و کۆگای نهێنی لە مێرگە میسرییەکانی بەحریە و فەرفەرە و سیوە دابنرێت؛ بەڵام بە ئەستەمی دەزانی ئەوە لە ئیتاڵییەکان بشاردرێتەوە.

(دەرکەوت دڕدۆنگییەکەی عومەر دروستە. پاش چەند مانگێک کاروانێک گەیەندرا بە موجاهیدان، بەڵام ئیتاڵییەکان لە نێوانی جەغبوب و جالودا کاروانەکەیان بینیبوو. پاش ماوەیەک، بنکەیەکی چاودێریی ئیتاڵی لە بیر تەرفاوی دانرا، کە دەکەوێتە نێوانی دوو مێرگەکەوە؛ جیا لەمە، ئۆتۆمبێلی ئیتاڵییەکان بەردەوام بەو ناوەدا دەگەڕان، بۆیە گەیاندنی کاروانی تر زۆر مەترسیدار بوو.)

دەبوو بیر لە گەڕانەوەم بکەمەوە. حەزم لێ نەبوو ئەو ڕێگە درێژەی گەشتی ڕوو لە ڕۆژئاوا بگرمەوە بەر، بۆیە سەبارەت بە ڕێگەیەکی کورتتر پرسیارم لە سەیدی عومەر کرد. ئەو ڕێگەیەکی تری باس کرد، بەڵام مەترسیدار بوو: لە ناوچە تەلبەندکراوەکانەوە، بەرەو سەلوم. لەو کاتەدا گرۆیەک لە موجاهیدان نیازیان وابوو ئەو ڕێیە تەی بکەن، چونکە دەیانویست لە سەلومەوە ئارد بهێنن؛ ئەگەر من بمویستایە، دەمتوانی لەگەڵیاندا بڕۆم. من و زەید مالئاواییمان لە عومەر موختار کرد و هەرگیز نەمانبینییەوە: پاش کەمتر لە هەشت مانگ، ئیتالییەکان دەستگیریان کرد و لەسێدارەیان دا.

پاش حەفتەیەک ڕێکردن – تەنها بە شەو – بەسەر زەمینە ڕەقەکەدا و بە نێوانی درەختە عەرعەرە چڕەکانی جەبەل ئەخزەردا، ئێمە – بیست پیاوێک بووین – گەیشتین بە سنووری میسڕ و بورقە و لەو خاڵەی دەمانویست لێوەی بچینە ژوورەوە نزیک بووینەوە. ئەو خاڵە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵنەبژێردرابوو. گەرچی بەربەستە تەلەکە بەشێکی فراوانی سنووری داپۆشیبوو، ئەوکات هێشتا تەواو نەکرابوو. لە هەندێک جێگەدا، وەکو جێگەکەی ئێمە، یەک ڕیز تەل بە بەرزیی هەشت پێ و فراوانیی چوار پێ دانرابوو، بەڵام لە هەندێک جێگەی تر سێ ڕیز تەل دانرابوون و بە باشی لە یەکتری ئاڵێندرابوون و بنی ستوونەکانیشیان پتەو بوو. ئەو خاڵەی هەڵمانبژاردبوو نیومیل لە بنکەیەکی ئیتالییەکانەوە دوور بوو، هەروەها ئۆتۆمبێلی سەربازییشی لێ بوو؛ بەڵام یان دەبوو ئەوێ هەڵبژێرین، یان جێیەکی تر کە وەکو بنکە و پاسەوانی ئەوتۆی لێ نەبوو، بەڵام تەلبەندەکەی دوانی و بگرە سیانی بوو.

بڕیار وابوو لەناو سنووری میسڕدا هەندێک لە پاڵپشتیکارانی سەننوسی ئاژەڵمان بۆ بهێنن. بۆیە پێویست نەبوو ئەسپەکانی خۆمان بخەینە مەترسییەوە؛

هەندێک لە موجاهیدەکان ئەسپەکانیان بردەوە، ئەوانی تریشیان – من و زەیدیش لە نێوانیاندا- پێش نیوەشەو بەرەو لای تەلبەندەکە بەڕێ کەوتین. تاریکی تاکە پارێزگارمان بوو، چونکە ئیتاڵییەکان هەموو دار و دەوەنەکانی نزیک سنووریان بڕیبوویەوە.

لە باکوور و باشوورەوە، بە دووریی چەند سەد مەترێک، پاسەوانمان هەبوو. شەش کەس لە پیاوەکانمان – دەستکێشی ئەستوور و پلایس و کەتەریان پێ بوو، کە لە هێرشێکی زووتردا دەستیان کەوتبوو – بە سنگەخشێ بەرەوپێش چوون؛ ئێمەیش بە تفەنگەکانمان چاودێریمان دەکردن. گوێقوڵاغی نزمترین دەنگ بووم، وەلێ تەنها خشانی پیاوەکان و دەنگی جاروباری مەلێک بەرگوێم دەکەوت. پاشان دەنگی قەپی وایەربڕەکە لە وایەرەکە دەهات – لە گوێی مندا وەکو دەنگی تەقینەوە بەرز بوو – پاشان دەنگی پچڕاندنی تەلەکە دەهات... زیاتر و زیاتریان دەبڕی و بەرەو ناوەوە دەچوون.

جریوەی مەلێکی تر بێدەنگییەکەی شکاند؛ بەڵام ئەمجارەیان مەل نەبوو، بەڵکو ئامانجێک بوو: ئامانجی مەترسیی لە پاسەوانێکمانەوە لە باکوورەوە... ڕێک لەو ساتەدا، یان تۆزقاڵێک دواتر، گوێمان لە دەنگی دەنگی مەکینەی ئۆتۆمبێلێک یان ماشێنێکی تر بوو کە بەرەو لای ئێمە دەهات. لایتێک داگیرسێندرا. هەروەکو ئەوەی هەموومان یەک جەستە بین، بە جارێک خۆمان دا بە زەویدا، بێگومان بێجگە لەوانەی خەریکی بڕینی تەلەکە بوون، کە چیتر گرنگییان بەوە نەدەدا بە هێمنی تەلەکە ببڕن، بەڵکو بە پەلەپەلێکی داماوانەوە، وەکو ئەوەی جن چووبێتە گیانیانەوە، بە قۆناغی تفەنگ و تەلبڕ پەلاماری تەلەکانیان دەدا. پاش چەند چرکەیەک فیشەکێک تەقێندرا: چاودێرەکەی باکوورمان بوو. دیار بوو کۆمەڵێک ئیتاڵیی بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە

گەڕابوون و ئەویان بینیبوو، چونکە ڕۆشنایی لایتەکەیان نزم بوویەوە و گوێیان لە دەنگی تەقەی بیکەیسی بوو. نەڕەی ئۆتۆمبێلەکەیان زیادی کرد و ڕۆشنایی لایتەکەیان کەوتە سەرمان. بە بیکەیسی تەقەیان لێ کردین؛ بەڵام دیار بوو نیشانەگرەکە بەرز نیشانەی گرتبێتەوە، چونکە گوێم لە گیزەی فیشەکەکان، وەختێک بەسەرماندا دەڕۆیشتن، دەبوو. ئێمە لەسەر سک کەوتبووین و بە تفەنگ وەڵامیان دەدانەوە.

یەکێک هاواری کرد، "لایتەکە، نیشانە لە لایتەکە بگرنەوە!" – هەرزوو لایتەکە کوژایەوە، دیار بوو یەکێک لە دەستڕێکەکانی ناومان پێکابووی. ئۆتۆمبێلەکە وەستا، بەڵام بیکەیسییەکە بە شێوەیەکی کوێرانە تەقەی دەکرد. لەو ساتەدا یەکێک بانگی کردین و هەواڵی دا بڕینی تەلەکە تەواو بووە: یەک بە یەک بە دەریچە تەسکەکەدا تێپەڕین و تەلە دڕکاوییەکە جلەکانمانی دڕاند و جەستەی بریندار کردین. دەنگی هەنگاوی تر هات – دوو کەسی جەردپۆش بە دەریچەکەدا هاتن: پاسەوانەکانمان بوون. دیار بوو ئیتاڵییەکان نەیاندەویست ئۆتۆمبێلەکەیان بەجێ بهێڵن و ڕووبەڕوو شەڕمان لەگەڵدا بکەن...

پاشان لەسەر زەویی میسڕ وەستاین – یان ڕاستت بڵێم، لە ڕاکردن بەردەوام بووین و ئیتاڵییەکانیش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فیشەکیان پێوە دەنااین، ئێمەیش لە پشت بەرد و لم و دەوەنەکانەوە خۆمان پەنا دەدا.

یەکێک لە موجاهیدە بریندارەکان دەڵێت، "خودا ڕەحمی پێ کردین. جاری وایە لە هەوڵێکی ئاوادا نیوەی موجاهیدە بەشدارەکانمان دەکوژرێن. بەڵام هەرچۆن بێت، کەسێک خودای باڵادەست مەرگی بۆ نەنووسیبێت نامرێت... جیا لەوەیش، مەگەر خودا نافەرموێت: *بەوانەی لە پێناو خودادا دەکوژرێن مەڵێن*

مردوو، چون ئەوان زیندووون لای پەروەردگار...؟"

پاش دوو حەفتە، من و زەید پاش تەیکردنی مەرسا مەترۆح و ئەسکەندەرییە بەرەو سەرەوەی میسڕ، بە دەهوویەک دەگەڕێینەوە بۆ یەنبوع و پاشان دێینەوە ناو مەدینە. تەواوی سەرکێشییەکە دوو مانگی خایاند، کەسیش هەستی بە نەبوونمان لە حیجاز نەکردووە...

کاتێک لەگەڵ سەیدی موحەممەد زواویدا پێ دەخەمە ناو زاویيە بچووکەکەی سەننوسی لە مەدینە، دەنگدانەوەکانی مەرگ و نائومێدی بەر هزرم دەکەون، هەروەها بۆنی عەرعەرەکانم بۆ دێتەوە، دەکەومەوە یادی تەنگبوونی دڵم لە کاتێکدا فیشەک بەسەر سەرمدا دەڕۆیشت، هەروەها ئازاری ئەرکە بێئاکامەکە هەموو بوونم دادەپۆشێت؛ پاشان یادەوەرییەکانی سەرکێشییەکەی بورقەم کاڵ دەبنەوە، بەڵام ئازارەکە دەمێنێتەوە.

(٤)

دیسانەوە لە بەردەم سەننوسیی مەزندا ڕادەوەستم و لە ڕوخساری ماندووی جەنگاوەرە پیرەکە ڕادەمێنم؛ دیسانەوە ماچی ئەو دەستانە دەکەم تەمەنێک شمشێریان هەڵگرتووە، بەڵام ئیدی ماندوو بوون و ناتوانن.

"خودا بەرەکەتدارت بکات کوڕم، هەروەها ڕێت سەلامەت بکات... سااڵێکە یەکمان نەبینیوە، هەر لەو ساڵەیشدا ئومێدەکانمان هەڵوەرین؛ بەڵام خودا هەرچی بڕیار بدات، ئێمە سوپاسی دەکەین."

ئاشکرایە ساڵێکی ناڕەحەت بووە بۆ سەید ئەحمەد: چرچەکانی دەوری دەمی قوواڵتر بوون، دەنگیشی بەحاڵ دەردێت. هەڵۆ پیرەکە ماندووە، تێک شکاوە. ئەو لەسەر فەرشێک دانیشتووە و وەکو ئەوەی زۆری سەرما بێت، بورنوسە سپییەکەی لەخۆی ئااڵندووە و چاوی لە دوورییەکی ناکۆتا بڕیوە.

بە چرپە دەڵێت، "ئەگەر بمانتوانیبایە عومەر موختار ڕزگار بکەین... ئەگەر قەناعەتمان پێ بکردایە بچێت بۆ میسڕ..."

دڵیم دایەوە، "کەس نەیدەتوانی سەیدی عومەر ڕزگار بکات. ئەو نەیدەویست ڕزگار بکرێت. لای ئەو تەنها بژاردەی سەرکەوتن و مەرگ هەبوو. سەیدی ئەحمەد گیان، کاتێک لەو جیا بوومەوە لەوە دڵنیا بووم."

سەید ئەحمەدیش بە قورسی سەر ڕادەوەشێنێت، "بەڵێ، منیش دەمزانی، منیش دەمزانی... زۆر درەنگ زانیم. هەندێکجار هەست دەکەم حەڤدە ساڵ لەمەوبەر هەڵەیەکی گەورەم کرد، کاتێک ئەو بانگەی ئیستەنبوڵم قبووڵ کرد... مەگەر ئەوە سەرەتای مەرگی هەموو سەننوسی، نەک تەنها عومەر موختار، نەبوو؟"

وەڵامم نەبوو، چونکە هەمیشە هەستم دەکرد بڕیارەکەی سەید ئەحمەد بۆ بەرپارکردنی جەنگێکی ناپێویست کوشندەترین هەڵەی ژیانی بووە.

سەید ئەحمەد بەردەوام دەبێت، "بەڵام، کاتێک خەلیفەی موسوڵمانان داوای لێ کردم، من چیم بکردایە؟ ڕاست بووم یان بڕیارێکی گێلانەم دا؟ کاتێک مرۆڤ دوای وێژدانی دەکەوێت، جیا لە خودا کێ دەتوانێت ڕاستی کردووە یان هەڵە؟"

کێ دەتوانێت؟

سەری سەننوسیی مەزن لە ئازاردا وەکو جۆلانە ئەمدیودیو دەکات. چاوەکانی لە پشت پێڵووە قورسەکانیەوە پەنهان بوون؛ لەوێدا دەگەم بە دڵنیاییەکی لەناکاو: هەرگیز جارێکی تر تروسکایی ئومێد ناکەوێتە سەر چاوەکانی سەننوسیی مەزن.[1]

[1] ساڵی دواتر (١٩٣٣)، سەننوسیی مەزن لە مەدینە کۆچی دوایی کرد. (نووسەر)

12
کۆتایی ڕێگەکە

(١)

درەنگانی شەو مەدینەمان بەجێ هێشت و ڕێگەی "ڕۆژهەڵات"مان گرتە بەر – ئەو ڕێگەیەی پێغەمبەر، چەند مانگێک بەر لە مردنی، بۆ جێبەجێکردنی حەجی مااڵئاوایی تەیی کرد.

بە درێژایی شەوەکە و تا نزیکی کازیوە ناوەستین. پاش وەستانمان بۆ نوێژی بەیانی، بەڕێ دەکەوینەوە و ڕۆژێکی هەورایییان بەسەردا دێت. پێشنیوەڕۆ باران دادەکات و هەموو گیانمان تەڕ دەبێت. لە کۆتاییدا، لای چەپەوە کەمپێکی بچووکی دەشتەکی بەدی دەکەین و بڕیار دەدەین لەژێر یەکێک لە خێمە ڕەشەکانیدا پشوو بدەین.

کەمپەکە بچووکە و هی دەشتەکییەکانی حەربە. ئەوان لەگەڵ بینینماندا پێشوازییان لی دەکەن، "خودا تەمەندرێژتان بکات ڕێبوارەکان؛ بەخێر هاتن." بەتانییەکەم دەدەم بەسەر ڕایەخی خێمەکەی شێخدا کە لە پێستی بزن دروست کراوە، هاوسەرەکەیشی – وەکو زۆرینەی خانمانی ئەم ناوچەیە بێپەچەیە – بەخێرهاتنە گەرموگوڕەکەی مێردەکەی دووبارە دەکاتەوە. شەو نەخەوتووم، بۆیە لەگەڵ ترپەی بەرکەوتنی باران و خێمەکەدا، خەو دەمباتەوە.

پاش چەند کاتژمێرێک بە دەنگی باران هەڵدەستمەوە. تاریکیی شەوم بەسەردا هاتووە – نا، شەو نییە، تاریکیی خێمەکەیە کە بۆنی خوریی تەڕی لێ

دێت. خۆم دەکێشمەوە و دەستم بەر ئەو زینەی پشتەوەم دەکەوێت. دەستدان لە سافیی تەختە کۆنەکەی چێژبەخشە؛ حەزی لێ دەکەیت پەنجەی لێ بدەیت و دەست لە دەسکەکەی گیر بکەیت، تا ئەوکاتەی دەستت ئەو پارچە ڕەقە تونـد دەبێت کە زینەکەی پێ پێکەوە بەستراوە. جیا لە من، کەس لە خێمەکەدا نییە.

پاش کەمێک، هەڵدەستم و دەچمە دەرەوەی خێمەکە. بارانەکە چاڵ لە لمەکەدا دروست دەکات – زنجیرەیەک چاڵی بچووک، کە لەپڕێکدا دەردەکەون و نامێنن، تاکو جێگە بۆ چاڵی نوێتر بکەنەوە – هەروەها دڵۆپەکانی باران دەکەوتنە سەر بەردە گرانیتە شینباوەکانی دەستە ڕاستم. کەس دیار نییە، چونکە لەم کاتەی ڕۆژدا پیاوان بۆ چاودێریکردنی حوشترەکانیان دەچنە دەرەوە؛ خێمە ڕەشەکانی نزیـک ئەکاسـیاکەیش خـوارەوەی نـاو دۆڵەکە لە بێـدەنگیی دوانیـوەڕۆ باراناوییەکەدا بێدەنگن. لە خێمەیەکەوە دوکەڵێکی ڕەساسی بەرز دەبێتەوە – ئامـاژەی خـوانی ئێـوارە؛ دوکەڵەکە زۆر لەوە لاوازتـر و خـۆبەکەمگرترە بەربەرەکانێ لەگەڵ بارانەکەدا بکات، بۆیە بەلادا دەکەوێت و هەروەکو پرچی خانمێـک لەبەر بـادا بەبـێ ویسـتی خـۆی دەلەرێـتەوە. لە پشـتەوەی پەردەی تەڕەگیاکانەوە گردەکە دەڵێیت دەجوڵێتەوە؛ هەواکە پڕە لە بۆنی ئاو و ئەکاسیای کێوی و خوریی تەڕی خێمە.

وردەوردە بـارانەکە خـۆش دەکـاتەوە و هەورەکـان لە بەردەم تیشـکی خـۆری دەمەوئێـوارەدا دەشـکێن. بەرەو یەکێـک تـاوێرە گرانیتەکـان دەڕۆم. درزێـک لە نێویـدا هەیە جێـی یەکێـک لەو تەبەقـانەی تیـا دەبێـتەوە کە لە ڕێوڕەسـمە تایبەتەکانـدا بـرنج و مەڕێکـی بـرژاو دەخەنە سـەری و پێشکەشـی میوانەکـانی دەکەن؛ ئێستا پڕە لە ئاو. ئاوەکەی گەرمە و کاتێـک دەستم دەخەمە ناوی، تاکو قۆڵم دەڕوات و ئاسوودەییم پێ دەبەخشێت؛ وەختێـک دەستم لە ناویدا دەجوڵێنم، وەکـو ئەوە وایە پێستەکەم ئاو بخواتەوە. ژنێـک لە خێمەیەکەوە دێتە دەرەوە و دەفرێکـی قـووڵی مسـی بە سـەرەوەیە و دیـارە دەچێـت لە حەوزی بەردێـک پڕی

دەکات لە ئاو؛ ئەو دەستەکانی بلاّو کردووەتەوە، یەکیان بۆ سەرەوە ئەوی تر بۆ تەنیشت، هەروەها بە یەکێکیان لێواری پۆشاکەکەی گرتووە و بە نەرمونیانی دەجوڵێت. بیر دەکەمەوە جوڵانی ئەو وەکو جوڵەی ئاو وایە؛ ئەو وەکو ئاو جوانە... لە دوورەوە دەنگی گەڕانەوەی حوشترەکان دێت: ئەوەتا، لەودیو بەردەکانەوە دەرکەوتن و بە خێرایی دەجوڵێنەوە. شوانەکان بە بانگی کورت و تیژ بەرەو ناوەڕاستی دۆڵەکە دەیانبەن، پاش ئاوار دەکەن "غررر.... غررر،" تاکو دایانبنیشێنن؛ لەوێدا زۆرێک لە حوشترەکان بە جوڵەیەکی شەپۆلاوی جێگیر دەبن. پیاوەکان، لە تاریکوڕوونی ئێوارەدا، قاچەکانی پێشەوەی حوشترەکان دەبەستنەوە و هەریەکەی بەرەو خێمەکەی خۆی بەڕێ دەکەوێت.

شەو هات و فێنکی و تاریکی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لە بەردەم زۆرینەی خێمەکاندا ئاگری داگیرساو هەیە؛ تەقەتەقی قاپ و قاچاخ و پێکەنینی ژنەکان لەگەڵ بانگی پیاوەکان و بۆنی قسەکانیان، کە با بۆمی دەهێنێت، تێکەڵ دەبێت. مەڕ و بزنەکان، کە دوای حوشترەکان هاتوونەتەوە، تاوێک دەبارێنن، جاروباریش سەگێک دەوەڕێت – هەروەکو چۆن بە درێژایی شەوەکان لە کەمپە خێمەکانی عەرەبستاندا دەوەڕێت.

زەید دیار نییە؛ دیارە لە یەکێک لە خێمەکاندا خەوتووە. من بە هێواشی بەرەو لای حوشترە ماندووەکان هەنگاو دەنێم. حوشترەکان بە لاشە گەورەکەیان شوێنی خۆیان لە لەکەدا چاڵ و خۆش کردووە، ئێستایش لێی کەوتوون هەندێکیان کاوێژ دەکەن، هەندێکیشیان ملیان لەسەر لەکە ڕاکێشاوە. کاتێک بەلایاندا دەڕۆم و جاروبار بۆ خۆشی گۆپارەیان دەگرم؛ هەندێکیان سەر بەرز دەکەنەوە و نرکەنرکێک دەکەن. جوانوویەک بە تۆندی خۆی بە دایکیەوە نووساندووە؛ کاتێک دەستی لێ دەدەم دەترسێت و هەڵدەستێتەوە، دایکەکەیش ڕوو بۆ لای من وەردەگێڕێت و بە دەمی کراوەوە بە هێواشی دەنەڕێنێت. ملی جوانووەکە دەگرم و ڕوخسارم لە پشتە گەرمە خوورییەکەی تۆند دەکەم؛

جوانووەکە خێرا هەڵدەستێتەوە و هەست دەکەیت هیچ ترسێکی نەماوە. گەرمیی لاشەی ئاژەڵە لاوەکە بە ڕوخسار و سینەمدا بلاّو دەبێتەوە؛ لەژێر لەپی دەستمدا هەست بە سووڕی خوێنی دەماری ملی دەکەم؛ هەست بە تێکەڵبوونی دەنگی جوڵەی خوێنی خۆم و ئەو دەکەم، لە ناخمدا هەستی نزیکبوون لە ژیان دروست دەبێت و ئارەزوو دەکەم بۆ هەمیشە خۆمی تیادا ون بکەم.

(٢)

دەڕۆین و دەڕۆین، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی حوشترەکاندا لە کۆتایی ڕێگەکەمان نزیکتر دەبینەوە. چەند ڕۆژێک بە تەختاییە ڕۆشنەکەدا دەڕۆین؛ شەوان لەژێر ئاسمانی ئەستێرەباراندا دەنووین و بەیانییان لە سەرمادا هەڵدەستین؛ بە هێواشی لە کۆتایی ڕێگەکەم نزیک دەبمەوە.

هیچ ڕێیەکی تر بۆ من نەبووە؛ هەرچی ساڵانێکی زۆر لێی بێخەبەر بووم، ئێستا دەزانم هەمیشە هەر مەککە ئامانجم بووە. بە دەنگێکی بەهێز بانگی کردم، لە کاتێکدا هێشتا لێی ئاگادار نەبووم: "شانشینی من لەم جیهانە و جیهانەکەی تردا؛ شانشینی من چاوەڕێی جەستە و ڕۆحی ئادەمی دەکات، هەروەها بە هەموو کردار و گوفتار و هەست و بیرکردنەوەکانیدا بلاّو دەبێتەوە، بەڵێ بە بازرگانی و نوێژ و سیاسەت و جێنوستنەکەشیدا؛ شانشینی من بە کۆتایی و سنوور بێگانەیە." کاتێک لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا ئەوەم بۆ دەرکەوت، دەمزانی ئەو شانشینە لە کوێدایە: دەمزانی لەو ساتەوەی لەدایک بووم، برایەتیی ئیسلام چاوەڕێی کردووم؛ بەم شێوەیە موسوڵمان بووم. ئارەزووەکەی سەرەتای لاوێتیم، ئەوەی دەمویست سەر بە خولگەیەکی باش پێناسەکراوی بیرۆکەکان بم، بەشێک بم لە کۆمەڵگەیەکی برایانە، بەدی هات.

مایەی سەرسامییە – مایەی سەرسامی نییە ئەگەر سەرنجی کرۆکی ئیسلام

بـدەیت – یەکەم ئەزمـوونی مـن وەکـو موسـوڵمانان لەنـاو موسـوڵمانانداا ئەزمـوونی برایەتی بوو.

لە ڕۆژەکـانی سـەرەتای مـانگی یەکـی سـاڵی ١٩٢٧دا، لەگەڵ ئێلسـا و کـوڕە بچووکەکەیدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێ کەوتین؛ هەستم کرد گەشتی ئەمجارەیان گەڕانەوەی نییە.

بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک بە دەریـای سـپیدا دەڕۆیشـتین و بریسـکانەوەی ئاسـمان و دەریامـان دەبینـی، جاروبـاریش لە دوورەوە کەنـارێکمان دەبینـی، هەندێکجاریش دوکەڵی کەشتییەکی بەوێدا تێپەڕیو سلاوی لێ دەکردین.

زووزوو کابینە ئاسوودەکەی خۆمانم بەجێ دەهێشت و دەچوومە خوارەوە، بۆ ڕیزی سەرنشینەکانی خوارەوە. کەشتییەکە بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور دەچوو، بۆیە زۆرینەی سەرنشینەکانی خوارەوە وەستا و بازرگانی چینی بوون پاش ساڵانێک لە کـاری قـورس لە ئەوروپـاوە بـۆ چـین دەگەڕانەوە. جیـا لەوان، کۆمەڵێـک یەمەنییشـی تیـادا بـوو، کە لە مارسـیلیا سـەرکەوتبوون. ئەوانـیش بـۆ نیشـتیمان دەگەڕانەوە. هەرا و بەرامەی بەندەرەکانی ڕۆژئاوا هێشتا لەگەڵیاندا بوو؛ ئەوان هێشـتا لە یـادەوەریی ئەو ڕۆژانەدا دەژیـان کە دەسـتە قاوەییەکانیـان خەڵـوزی دەکردە نـاو کەشـتییە ئینگلیزی، ئەمریکی، یـان هۆڵەندییەکانەوە؛ هێشـتا باسـی شارە بێگانە سەیرەکانیان دەکرد: نیویۆرک، بۆینس ئایرس، هامبۆرگ. ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئارەزووی نەزانراوی دڕەوشاوە یەخەی ئەوانی گرتبوو، بۆیە لە بەندەری عەدەن بووبوون بە تووندچی: بەڵام بە زوویی کەشتییەکە دەگەیشت بە عەدەن و ئەو یادەوەرییانەیش دەبوون بە ڕابردوو. ئەوان کڵاوە ڕۆژئاواییەکانیان لادەبرد و کـوفییەی عەربەییـان دەپۆشـی، دوێنێیـان لە یادەوەریـدا هەڵـدەگرت و هەریەکێکیـان دەگەڕایەوە بـۆ بـۆ لادێکەی خـۆی لە یەمەن. چـۆن هـاتبوون ئـاوا دەڕۆیشـتنەوە، یـان بە گـۆڕاوی دەگەڕانەوە؟ ڕۆژئـاوا ڕۆحیـانی گۆڕیبـوو، یـان تەنها بەر هەستەوەرەکانیان کەوتبوو؟

گرفتی ئەم پیاوانە لە هزری مندا قوولّتر بوویەوە.

سەرنجم دا، هەرگیز وەکو ئەمرۆ جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوا لە یەکتری نزیک نەبوونەتەوە. ئەو نزیکییە بەرکەوتنێکی ئاشکرا و شاراوە بوو. کاریگەریی کلتوریی ڕۆژئاوا هێواش هێواش ڕۆحی زۆرێک لە ژنان و پیاوانی موسوڵمان دەشێلێت. ئەوان خەریکە پشت دەکەنە باوەڕە کۆنەکەیان بەوەی پێویستە باشکردنی هەلومەرجەکانی ژیان خزمەتی بەرزکردنەوەی لایەنیی مەعنەویی مرۆڤدا بێت؛ ئێستا ئیدی دەخزانە ناو جۆرە نوێیەکەی بتپەرستییەوە: پەرستنی "پێشکەوتن،" ئەو بتپەرستییەی ڕۆژئاوا پاش پشتکردن لە ئایین و بچووکردنەوەی بۆ ئاوازێکی لاوەکی تێکەوت. ئەمە موسوڵمانان بچووک دەکاتەوە، چونکە لاساییکردنەوەی کلتوری پێچەوانەی داهێنەرییە و خەڵکی بچووک دەکاتەوە...

بابەتەکە ئەوە نەبوو موسوڵمانان ناتوانن و نابێت لە ڕۆژئاواوە فێر بن، بە تایبەتیش لە بابەتەکانی زانست و تەکنەلۆجیادا. بەڵام بەدەستهێنانی بیرۆکە و میتۆدی زانستی "لاساییکردنەوە" نییە: بێگومان ئەمە بۆ ئەو گەلە ڕاستترە کە ئایینەکەیان فەرمانی پێ کردوون لە هەرجێیەک مەعریفەیان بینی هەڵی بگرنەوە. زانست نە ڕۆژئاواییە نە ڕۆژهەڵاتی، چونکە هەموو دۆزینەوە زانستییەکان وەکو زنجیرەیەکی نەپچڕاوی چالاکیی فکریی مرۆڤایەتین. هەموو زانایەک پشت بەو بناغەیە دەبەستێت کە پێشینانی دایانناوە، جا ئیتر پێشینانی نەتەوەکەی خۆی بن یان هی یەکێکی تر؛ ئەم پرۆسەی بونیادنان، چاککردنەوە، هەروەها بەڕەوپێشبردنە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر، لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر، هەروەها لە شارستانیەتێکەوە بۆ یەکێکی تر بەردەوام دەبێت: بۆیە ناکرێت دەستکەوتە زانستییەکانی سەردەمێک بە ڕەهایی بدەیتە پاڵ ئەو سەردەم و شارستانیەتە. ڕاستە دەکرێت لە سەردەمێکی دیاریکراودا نەتەوەیەک لەوانی تر زیاتر سەرقاڵی زانست و مەعریفە بێت؛ بەڵام لەسەر ئاستی دوورمەودا پرۆسەکە هاوبەشە. ڕۆژێک لە ڕۆژان شارستانیەتی ئیسلامی لە

شارستانیەتی ئەوروپی چالاکتر بوو. داهێنانی مەزنی تەکنەلۆجیی زۆری بۆ ئەوروپا گواستەوە، بەڵکو لەوەیش زیاتر: بنەماکانی "بیردۆزی زانستی" کە زانست و شارستانیەتی هاوچەرخیان لەسەر بونیاد نراوە لای ئیسلامەوە سەریان هەڵدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، دۆزینەوە مەزن و بنەڕەتییەکانی جابری کوڕی حەییان کیمیایان نەکرد بە زانستێکی "عەرەبی"؛ نایشکرێت سێگۆشەزانی و جەبریش وەکو زانستی "ئیسلامی" لەقەڵەم بدەین، با خواریزمی و بەتتانییش، کە هەردووکیان موسوڵمان بوون، پەرەیان پێ دابێت: هەروەکو چۆن ناتوانیت بیردۆزی کێشکردن بە بیردۆزێکی "ئینگلیزی" بزانیت، با داڕێژەرەکەیشی ئینگلیز بووبێت. ئەو دەستکەوتانە مولکی هاوبەشی مرۆڤن. کەوایە ئەگەر موسوڵمانان میتۆدە هاوچەرخەکانی زانست و تەکنەلۆژیا هەڵبگرنەوە، هەر دەبێت وایش بکەن، سوودیان لەو غەریزە سروشتییە وەرگرتووە کە هانی مرۆڤ دەدات سوود لە ئەزموونی ئەوانی تر وەربگرێت. بەڵام ئەگەر شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی و ڕەفتار و چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان هەڵبگرنەوە، لە کاتێکدا پێویست نییە وا بکەن، هیچ بەدەست ناهێنن: چونکە ئەوەی لەم ڕەهەندەوە لە ڕۆژئاوای وەردەگرن لەوەی خۆیان هەیانە و لەوەی باوەڕەکەیان پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت بەرزتر نییە.

ئەگەر موسوڵمانان پێشکەوتن وەکو ڕێیەک وەربگرن نەوەکو ئامانجێک، هەم ئاساییشی دەروونی خۆیان دەپارێزن، هەم مرۆڤی ڕۆژئاواییش فێری ڕازی ونبووی شیرینیی ژیانیش دەکەنەوە...

لەناو یەمەنییەکانی سەر کەشتییەکەدا پیاوێکی کورت و لوتتیژ هەبوو، دەتگوت ڕوخساری لەسەر ئاگرە؛ بەڵام جولانەوەکانی کورت و هەژمارکراو بوون. کاتێک زانیی من تازە موسوڵمان بووم، گرنگییەکی تایبەتی پێ دام؛ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک پێکەوە دانیشتین و باسی لادێ شاخاوییەکەی خۆیانی بۆ کردم. ناوی موحەممەد سالح بوو.

ئێوارەیەکیان هاتمە خوارەوە و سەردانیم کرد. هاوڕێیەکی لەسەر تەختەکەی

پاڵ کەوتبوو و تایەکی بەهێزی هەبوو، هەروەها پێیان گوتم پزیشکی کەشتییەکە نایەتە ئەم ئاستەی کەشتییەکە و تەنها گرنگی بە سەرنشینە نمرەیەکەکان دەدات. وا دەردەکەوت مەلاریای هەبێت، بۆیە هەندێک کینینم پێی دا. لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەو بووم، یەمەنییەکانی تر لە گۆشەیەکدا لە دەوری موحەممەد سالح کۆبوونەوە و سەیری منیان دەکرد و چرپەچرپیان بوو. لە کۆتاییدا یەکێکیان هاتە پێش – پیاوێکی باڵابەرزی قاوەییڕەنگ و چاوڕەش – هەروەها هەندێک دراوی فرانکی پێشکەش کردم:

"لە نێوان خۆماندا ئەمەمان کۆکردووەتەوە. بەداخەوە زۆر نییە؛ گەورەیی بنوێنەوە و لێبانی قبوواڵ بکە."

سەرسام بووم و گەڕامە دواوە، هەروەها ڕوونم کردەوە لەبەر پارە دەرمانم بە هاوەڵە نەخۆشەکەیان نەداوە.

"نا، نا، ئێمە ئەوە دەزانین؛ بەڵام هەر دەبێت قبوواڵی بکەیت. ئەمە موچە و کرێ نییە، دیارییەک لە براکانتەوە. دڵخۆشین پێت، بۆیە پارەت دەدەینێ. تۆ موسوڵمانیت و برامانیت. تۆ لە ئێمە باشتریت، چونکە ئێمە بە موسوڵمانی لەدایک بووین و ئیسلامیان لە پێشینانەوە بۆ ماوەتەوە؛ بەڵام تۆ بە دڵی خۆت ئیسلامت ناسیوەتەوە... بۆ خاتری پێغەمبەر پارەکە قبوواڵ بکە."

بەڵام من هێشتا لە چوارچێوەی قەناعەتە ئەوروپییەکانمدا بووم، بۆیە بەرهەڵستیم کرد، "ناتوانم لە بەرانبەر خزمەتکردنی هاوەڵێکی نەخۆشدا پارە وەربگرم... جیا لەوە، پارەم پێیە؛ بێگومان ئێوە لە من زیاتر پێویستتان بە پارەیە. خۆ ئەگەر سوورن لەسەر بەخشینی، بە هەژارێکی ببەخشن."

یەمەنییەکە جەختی لە قسەکانی کردەوە، "نەخێر. دەبێت قبوواڵی بکەیت – خۆ ئەگەر خۆت هەڵی ناگریت، بە ناوی خۆتەوە بیدە بە هەژارێک."

فشاریان لێ کردم و لە ڕەتکردنەوەکەم نائومێد و خەمگین و بێدەنگ بوون،

هەروەکو ئەوەی پارەکەیانم پەت نەکردبێتەوە، بەڵکو دڵیانم پەت کردبێتەوە؛ لەوێدا بۆم دەرکەوت: لەو جێگەیەی منی لێوە هاتبووم خەڵکی ڕاهاتبوون دیوار لە نێوان من و تۆدا دروست بکەن: بەڵام ئەمە کۆمەڵگەیەکی بێدیوار بوو...

"براکانم، پارەکەم بدەنێ. قبوولّی دەکەم و سوپاسگوزارتانم."

(٣)

"گەر خودا بیەوێت سبەینێ لە مەککە دەبین. زەید، ئەو ئاگرەی دەیکەیتەوە دوا ئاگرمان دەبێت؛ گەشتەکەمان کۆتایی دێت."

"بەڵام مامە، ئاگری تریش دەکەینەوە، پێکەوە گەشتی دیکەیش دەکەین، مەگەر نا؟"

"ڕەنگە وابێت زەیدی برام، بەڵام هەست دەکەم گەشتەکانی تر لەم زەمینە نابن. ئەوەندە بە عەرەبستاندا گەڕاوم تێکەڵ بە خوێنم بووە؛ دەترسم ئەگەر ئێستە بەجێی نەهێڵم، هەرگیز نەتوانم بەجێی بهێڵم... بەڵام زەید، دەبێت بڕۆم: قسەی دەشتەکییە کوردەکەت لەیاد نییە، وەختێک دەیگوت ئاو بۆ ئەوەی بە پاکی بمێنێتەوە دەبێت بجوڵێت؟ تاکو گەنجم، دەمەوێت بزانم برایانی موسوڵمانی وڵاتانی تر – هندستان، چین، جاوە – چۆن دەژین..."

زەید بە سەرسامییەکەوە گوتی، "مامە، ناشێت چیتر ئەوینی عەرەبستان لە دڵتدا نەمابێت؟"

"نا زەید، ئێستا لە هەمووکات زیاتر عەرەبم خۆش دەوێت؛ بەڵکو ڕەنگە کەمێک زیاتر لەوەی پێویستە، چونکە کاتێک بیر لە داهاتووی دەکەمەوە، ئازار دەچێژم. بیستوومە پاشا نیازی وایە لەبەر پەیداکردنی پارە ئەم وڵاتە بە ڕووی فەرەنگییەکاندا بکاتەوە: ڕێگەیان دەدات لە ئەحسا بیری نەوت

هەڵبکەنن، هەروەها لە حیجاز بۆ ئاڵتون بگەڕێن – بەس خودا دەزانێت لەم نێوانەدا دەشتەکییەکان چیان بەسەردا دێت. ولاتەکەی جاران نامێنێت..."

لە هەناوی بێدەنگیی بیابانەوە، دەنگی پیی هەڵتیزاندنی حوشترێک دێت. سوارێکی تەنها لە تاریکییەوە دێتە لای ئاگرەکەمانەوە و زۆر بە خێرایی حوشتەکەی دەوەستێنێت، هەروەها بەبێ ئەوەی چاوەڕێی نوشتانەوەی حوشترەکەی بکات، خۆی لەسەر زینەکەوە فڕێ دەداتە خوارەوە. پاش سلاوێکی کورت، بەبێ درکاندنی وشەیەکی تر دەست بە داگرتنی زینی حوشتەکەی دەکات و کەلوپەلەکانی لای ئاگرەکەدا فڕێ دەدات، ئەوجا دادەنیشێت و ڕوومان تێناکات.

دیارە زەید بێگانەکە دەناسێت و دەڵێت، "خوا سەلامەتت بکات ئەبو سەعید. بەڵام بێگانەکە هیچ نالێت و زەیدیش ڕوو دەکاتە من، "ئەو یەکێکە لە پیاوانی ئیبن سعود، شەیتانێکە بۆ خۆی."

پێستی ئەبوسەعیدی بێجەو بۆر و تاریکە؛ لێوەکانی ئەستورن و پرچیشی لوول و درێژە، هەموو ئەمانەیش ئاماژەن بەوەی لە بنەڕەتدا ئەفریقییە. ئەو تا بڵێیت جوانپۆشە؛ خەنجەرێکی کێلان زێڕین لە کەمەریدایە – دیارە دیاریی پاشایە؛ حوشترەکەیشی هەنگوینڕەنگێکی سەرباریک و پەلباریکی نایابی باکووریيە و شانەکانی پتەون.

"ها چیتە ئەبوسەعید؟ بۆ لەگەڵ دۆستەکانتدا نادوێیت؟ جن دەستی لێ وەشاندوویت؟"

بە چرپە دەڵێت، "نورەیە..." پاش کەمێک، وەختێک قاوە گەرمەکە زمانی دەکاتەوە، باسی نورەمان بۆ دەکات، کچێکی نەجدیی شارۆچکەی ڕەئس (ناوی باوکی دەهێنێت و دەردەکەوێت باوکی دەناسم). کاتێک نورە لەگەڵ هەندێک ژنی تردا ئاوی هێناوە، ئەم بە دزییەوە لەسەر دیواری باخەکەوە تەماشای

کردووه: "هەستم کرد خەڵوزێکی گەرم کەوتووەتە سەر دڵم. خۆشم دەوێت، بەڵام باوکی، ئەو سەگی سەگبابە، ئەو سوالکەرە، کچەکەی نەدامێ، گوتیشی کچەکەی لێم دەترسێت! پێشنیاری پارەیەکی زۆرم بۆ کرد وەکو مارەیی، هەروەها پارچەیەک زەوییشم بۆ دانابوو؛ بەڵام نەیدامێ و دای بە ئامۆزاکەی؛ خودا خۆیشی و کچەکەیشی بە لەعنەت بکات."

لایەکی ڕوخسارە تاریکەکەی بە ئاگرەکە ڕۆشن بووبووەوە، ئەو سێبەرەیشی دەکەوتە سەری وەکو سێبەری ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ وابوو. نەیدەتوانی زۆر دابنیشێت؛ ئۆقرەی نەبوو، بازی دەدا و تاوێک خۆی بە زینەکەیەوە خەریک دەکرد، تاوێک دەهاتە لای ئاگرەکە، ئەوجا لەپڕێکدا بەرەو تاریکاییەکە دەچوو. بە دەوری ئاگرەکەماندا ڕای دەکرد و هاواری دەکرد:

"نورە، ئاگری نورە دەمسوتێنێت! ئاگری نورە لە سینەم بەربووە!" پاشان بە گریانەوە هاواری دەکرد: "نورە، نورە!"

دێتەوە لای ئاگرەکە و بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، کەفتانەکەیشی وەکو تارمایی مەلێک لە تاریکی و ڕۆشنایی ئاگرەکەدا دوای کەوتووە.

شێتە؟ باوەڕ ناکەم. دەکرێت لە چاڵە قوولەکانی ڕۆحیدا هەستگەلێکی سەرەتایی و کۆن سەریان هەڵدابێتەوە – یادەوەریی ئەفریقییە کۆنەکان، یادەوەریی ئەو کەسانەی لە دارستانەکاندا لەگەڵ عفریت و جنەکاندا دەژیان و شتی سەیر و سەمەرەیان لابوو، هی سەردەمانێکی نزیک لەو کاتەی هۆشیاریی خودایی ئاژەڵی کرد بە مرۆڤ؛ گرپچەکە هێشتا ئەوەندە بەهێز نییە مەیلە بێزنجیرەکان پێکەوە ببەستێتەوە و بیانکات بە هەستێکی باڵاتر... بۆ چرکەیەک وام هەست دەکرد دڵی ئەبوسەعید دەبینم: پارچە گۆشت و خوێنێک لە کاتی سوتانیدا بە سوتانی ئاگری ئیشق. بە جۆرێک لە جۆرەکان، گریان و ڕاکردنە شێتانەکەی، تا ئەوکاتەی حوشترە هەژارەکان دەترسن و لەسەر سێ پێیان ڕادەوەستن، لای من وەکو شتێکی سروشتی دەردەکەوتن....

پاشان هاتەوە لای ئێمە و خۆی بە زەویدا دا. لە ڕوخساری زەیددا بێزاریی‌یەکی زۆر دیار بوو بەرانبەر بەو دۆخە جڵەونەکراوەی ئەبوسەعید - چونکە لای مەیلی ئەریستۆکراتیی عەرەبی، هیچشتێک بە ئەندازەی بەرەڵاکردنێکی ئاوای هەستەکان ناشرین نییە. بەڵام هەرزوو دڵە باشەکەی زەید بەسەر بێزاریی‌یەکەیدا زاڵ دەبێت. ئەو قۆڵی کراسەکەی ئەبوسەعید دەگرێت و ئەویش لە زەید ڕادەمێنێت؛ زەید ئەو لە خۆی نزیک دەخاتەوە و دەڵێت:

"ئەبوسەعید، چۆن ئاوا خۆت فەرامۆش دەکەیت؟ تۆ جەنگاوەریت، لە جەنگدا پیاوت کوشتووە و نزیک بووە بکوژرێیت، کەچی ئێستا ژنێک ئاوا وێرانی کردوویت؟ خۆ ئەم جیهانە تەنها نورەی تیادا نییە، ژنی تریش هەن... ئەبوسەعید، تۆ جەنگاوەریت هەی گەمژە..."

کاتێک ئەفریقیی‌یەکە بە هێواشی دەگری و بە دەستەکانی دەموچاوی دادەپۆشێت، زەید بەردەوام دەبێت:

"بێدەنگ بە ئەبوسەعید... سەرت هەڵبڕە: ئەو ڕێڕەوە ڕۆشنە لە ئاسماندا نابینیت؟"

ئەبوسەعید بە سەرسامییەوە سەری هەڵدەبڕێت، منیش بەبێ ویستی خۆم شوێنی ئاماژەی پەنجەی زەید دەکەوم و چاوم دەکەوێتە سەر ڕێگەیەکی کاڵ و نارێک کە لەمسەری ئاسۆوە تا ئەوسەری ئاسۆ بە ئاسماندا ڕاکشاوە. تۆ بەوە دەڵێیت ڕێی کاکێشان: بەڵام دەشتەکییەکان بە خۆیان و حیکمەتە بیابانییەکەیانەوە ئەوە بە ڕێڕەوی ئەو بەرانە دەزانن کە خودا بۆ ئیبراهیمی نارد، کاتێک بە بێتاقەتی و لە گوێڕایەڵیی خودادا چەقۆی بۆ بڕینی ملی منداڵەکەی بەرز کردەوە. ڕێگەی بەرانەکە لە ئاسماندا جێگیر کرابوو، تا وەکو هێمای ڕەحمەت و میهرەبانی یادی خەڵکی بهێنێتەوە خودا ئاوا ئازاری دڵی ئیبراهیمی ڕەواندەوە - تاکو ببێت بە دڵنەوایی ئەوانەی دواتر: ئەوانەی تەنهان یان لە بیابانداوون، یان ئەوانەی بەهۆی سەختییەکانیانەوە دەگرین و هەست دەکەن بێپەنان.

ڕووی پەنجەی زەید لە ئاسمانەوە و لە هەمانکاتدا هەم بە سەنگینی دەدوێت، هەم بەوپەڕی خۆگری و بالادەستییەوە، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی تاکی عەرەبەکانە:

"ئەمە ڕێی ئەو بەرانەیە کە خودا بۆ گەورەمان ئیبراهیمی نارد، کاتێک نزیک بوو لەوەی کوڕەکەی بکوژێت؛ خودا بەم شێوەیە ڕەحمەتی خۆی پیشانی بەندەکەی دا... چییە، وا دەزانی تۆ فەرامۆش دەکات؟"

ڕوخساری تاریکی ئەبوسەعید، پاش قسە شیرینەکانی زەید، بە سەرسامییەکی منداڵانەوە نەرم دەبێتەوە و خۆیشی کڕ دەبێت؛ ئەوجا وەکو چۆن خوێندکارێک بە گوێی مامۆستاکەی دەکات، ئاوا سەیری ئاسمان دەکات و بە دوای وەڵامێکدا بۆ پەژارەکەی دەگەڕێت.

(٤)

ئیبراهیم و بەرانە ئاسمانییەکە: ئەو وێنانە لەم وڵاتە ئاسان دێنە هزرەوە. مایەی لێڕامانە وێنەی ئەو پێغەمبەرە دێرینە لە یادگەی عەرەبدا زۆر ڕوون و ڕەوانە – ڕەوانتر لە وێنەی یادگەی مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا وێنەسازیی ئایینیی مەسیحییەکان لە پەیمانی کۆنەوە وەردەگیرێت؛ لە هی جولەکەکانیش ڕەوانترە، لە کاتێکدا ئەمان پەیمانی کۆن بە سەرەتا و کۆتایی قسەی خودا لەگەڵ مرۆڤدا دەزانن. هەمیشە لە عەرەبستان و لە هەموو جیهانی ئیسلامیش هەست بە ئامادەیی مەعنەویی ئیبراهیم دەکرێت: هەم ژمارەیەکی دیار لە منداڵانی موسوڵمان ناویان ئیبراهیمە، هەم لە قورئان و نزا و سەلاواتدا ناوی دەهێنرێت، هەم وەکو یەکەمین بانگخوازی هۆشیار بۆ تاقانەیی خودا سەیر دەکرێت: ئەمە ڕوونکەرەوەی بایەخی حەجە بۆ مەککە لە ئیسلامدا، ئاشکرایە حەجیش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چیرۆکی ئیبراهیمەوە هەیە. بە پێچەوانەی

هەڵەتێگەیشتنی زۆرێک لە ڕۆژئاواییەکانەوە، ئیبراهیم وەکو هەوڵێکی موحەممەد بۆ "دزیکردن" لە ئایینی جولەکە نەهاتە ناو هزری عەرەبەوە: چونکە لە ڕووی مێژوورییەوە سەلماوە عەرەبەکان پێش ئیسلام ئیبراهیمیان دەناسی. هەموو ئاماژەکان بۆ ئیبراهیم لە قورئاندا بە جۆرێکن گومانمان لەوە نامێنێت عەرەب پێش هاتنی موحەممەد ئیبراهیمیان ناسیوە: کاتێک ناوی ئیبراهیم دەهێنرێت و باسی ژیانی دەکرێت، هیچ پێشەکی و ڕوونکردنەوەیەک لە ئارادا نییە – وەکو ئەوەی ئەوەڵین گوێگرانی قورئان ئیبراهیمیان ناسیبێت. لە سەردەمی پێش ئیسلامیشدا، ئیبراهیم پێگەیەکی گەورەی لە نەسەبی عەرەبدا هەبوو، چونکە عەرەبەکانی باکوور لە ڕێگەی ئیسماعیلی کوڕە هاجەرە خاتوونەوە دەگەیشتنەوە بە ئیبراهیم؛ ئەو کۆمەڵەیە ئێستا نیوەی زیاتری عەرەب لەخۆی دەگرێت، هۆزەکەی خودی موحەممەدیش، واتە قوڕەیش، سەر بەو کۆمەڵەیەیە.

لە پەیمانی کۆندا تەنها باسی سەرەتای چیرۆکی ئیسماعیل و دایکی کراوە، چونکە ڕووداوەکانی دواتر پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە نەتەوەی عیبرییەوە نییە، پەیمانی کۆنیش خۆی بۆ عیبرییەکان یەکلایی کردووەتەوە؛ بەڵام کەلەپوری پێشئیسلامیی عەرەبستان قسەی زۆری لەسەر بابەتەکە هەیە.

بەپێی ئەم کەلەپورە، هاجەر و ئیسماعیل لەو جێیەدا کە ئێستە مەککەیە بەجێ هێڵدران: ئەمە شتێکی ڕێتێنەچوو نییە، چونکە بۆ کەسێکی دەشتەکی، گەشتێکی سی ڕۆژە بە حوشتر شتێکی زۆر ئاسایی بووە و ئێستایش ئاساییە. هەرچۆنێک بێت، کەلەپوری عەرەبی دەڵێت ئیبراهیم هاجەر و ئیسماعیلی هێنا بۆ ئەو دۆڵە – ئەو چاڵاییەی نێوان گردەکان، کە لەژێر تیشکی خۆردا ڕووتەنی بوو، هەروەها بای گەرمی بیابان دەیسوتاند و تەنانەت باڵندە گۆشتخۆرەکانیش ڕوویان تێنەدەکرد. تەنانەت ئەمڕۆیش، کە دۆڵی مەککە پڕە لە ماڵ و شەقام و خەڵکی نەتەوە و زمانە جیاوازەکانی لێیە، بیابانە چۆڵەکە لە نێوان هەورازەکانی

دەوروبەریەوە هاوار دەکات، هەروەها لە سەرووی حاجییەکانەوە کە لە بەردەم کەعبەدا کڕنوش دەبەن، تارمایی هەزاران سالّ لە بێدەنگ و نەبوونی ژیان بەسەر دۆڵە بۆشەکەدا دەڕوانێت.

دۆخەکە وای دەخواست ئەو جاریە میسڕییەی کە کوڕێکی لە خاوەنەکەی بووبوو، هەروەها ژنی خاوەنەکەی بە جۆرێک ڕقی لێ هەڵگرتبوو کار گەیشتبوو بەوەی دوور بخرێنەوە، تووشی نائومێدی ببێت. دیارە ئیبراهیم بێتاقەت بووە کاتێک ناچار بووە لەبەر ئاشتکردنەوەی دڵی هاوسەرە ڕەنجاوەکەی ئەم کارە بکات؛ بەڵام دەبێت بیرمان بێت، ئەو زۆر لە خودا نزیک بوو و دەیزانی ڕەحمەتی خودا بێسنوورە. ئێمە لە کتێبی جێنەسیسدا (یەکەم کتێبی پەیمانی کۆن) پێمان گوتراوە خودا دڵنەوایی کرد: "لەبەر منداڵەکەت و جاریەکەت خەم مەخۆ... لە کوڕەکەی ئەوەوە ئوممەتێک دروست دەکەم، چونکە لە تۆوی تۆیە." بەم شێوەیە ئیبراهیم ژنە گریاوەکە و منداڵەکەی لە دۆڵەکەدا بەجێ هێشت و پێستەیەکی پڕ لە خورما و کوندەیەک ئاویشی بۆ بەجێ هێشتن؛ پاشان بەرەو باکوور چوو، تا لە مەدیەنەوە بگات بە کەنعان.

تاقانەدرەختێک لە دۆڵەکەدا بوو. هاجەر لەژێر سێبەری درەختەکەدا دانیشت و منداڵەکەیش لەسەر کۆشی بوو. لەو دەورە هیچ نەبوو، مەگەر شەپۆلی گەرمی و ڕۆشنایی بریسکاوە لەسەر خۆڵ و لێژگاییە بەردینەکان. سێبەری درەختەکە چەندە باش بوو... بەڵام بێدەنگییەکە، ئەو بێدەنگییە ناخۆشەی ڕێی بە هەناسەی هیچ بوونەوەرێک نەدەدا! لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژەکەدا، هاجەر بیرۆکەیەکی بۆ هات: ئەگەر شتێکی زیندوو بهاتایە، مەلێک، یان ئاژەڵێک، یان تەنانەت ئاژەڵێکی درندە بهاتایە چەندە خۆش دەبوو! بەڵام هیچ نەهات، شەو نەبێت؛ شەوێکی دڵنەوا، وەکو هەموو شەوەکانی بیابان، فێنکاییەکی تاریک و ئەستێرەباران، کە دڵی تەنگی دایکە تەنهاکەیان دەدایەوە. پاش ئەوە، هاجەر هەستی بە ئازایەتییەکی نوێ کرد. ئەو چەند خورمایەکی بە منداڵەکەی دا و هەردووکیان لە کوندەکەیان خواردەوە.

شەو تێپەڕی، ڕۆژێکی تر، ئەوجا شەوێکی تر. بەڵام کاتێک ڕۆژی سێیەم بە هەناسەیەکی گەرمەوە هات، کوندەکە ئاوی تیا نەمابوو، نائومێدی بەسەر ئومێددا زاڵ بوو، هەروەها ئومێد شکا. کاتێک منداڵەکە بە دەنگێکی لاوازەوە بۆ ئاو گریا، هاجەر هاواری لە پەروەردگاری کرد، بەڵام وەڵامی نەبینی. هاجەر لە خەمی ئازاری منداڵە نیوەمردووەکەیدا دەستەکانی بەرز کردەوە و بە دۆڵەکەدا ڕای دەکرد و لە نێوان تەپۆڵکەدا دەهات و دەچوو: ئێستا حاجیان حەوت جار لە نێوان ئەو دوو تەپۆڵکەیەدا دێن و دەچن و ئەو چۆن هاواری کرد، ئەمانیش هاوار دەکەن: "تۆ کەریمیت ئەی ڕەحیم! تۆ نەبیت کێ ڕەحمان پێ دەکات!"

پاشان وەڵام هات: کانییەک هەڵقوڵا و بەسەر لمەکەدا جۆگەلەی بەست. هاجەر لە خۆشیدا هاواری کرد و ئاوە ڕەوانەکەی برد بۆ منداڵەکەی؛ خۆیشی لێی خواردەوە و بەوپەڕی هەستەوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت، "زوممی، زوممی!" – ئەو وشەیە مانای نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی دەنگی هەڵقوڵانی ئاوەکەیە، وەکو ئەوەی بڵێت، "هەڵبقوڵێ، هەڵبقوڵێ." هاجەر، بۆ ئەوەی ئاوەکە بەفیڕۆ نەڕوات و لە زەویەکەدا بڵاو نەبێتەوە، بە لم دیوارێکی لە دەوری کانییەکە دروست کرد، بەم شێوەیە لە هەڵقوڵان وەستا و بوو بە بیر، کە تا ئێستایش ماوە و پێی دەگوترێت بیری زەمزەم.

دایک و منداڵەکە لە تینوێتی ڕزگاریان بوو و خورمایشیان پێ مابوو. پاش چەند ڕۆژێک، کۆمەڵێک دەشتەکی، کە لەگەڵ خانەوادە و مااڵتەکانیاندا نیشتیمانی خۆیان لە باشووری عەرەبستان بەجێ هێشتبوو و بۆ شوێنێک دەگەڕان لەوەڕی باش بێت، بەوێدا تێپەڕین. کاتێک پۆلێک مەلیان لەسەر دۆڵەکە بینی، پێیان وابوو ئاوی لێیە. هەندێک لە پیاوەکانیان هاتنە ناو دۆڵەکەوە و ژنێکی تەنیا و منداڵێکی بچووکیان لای بیرێکی بەرەکەتداردا بینی. ئەوان کەسانێکی ئاشتیخواز بوون، بۆیە داوایان لە هاجەر کرد مۆڵەتیان بداتێ لەوێ نیشتەجێ ببن. ئەو مۆڵەتی دانێ، بەڵام بەو مەرجەی زەمزەم وەکو مووڵکی ئیسماعیل و نەوەکانی بمێنێتەوە.

بەپێی گێڕانەوەکان، ئیبراهیم پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە دەبینێت هەروەکو ئەوەی خودا پەیمانی پێی داوە، هاجەر و کوڕەکەی زیندوون. لەو ساتەوە زووزوو سەردانیان دەکات و گەورەبوونی ئیسماعیل دەبینێت و کچی هۆزێکی باشووری عەرەبی بۆ دەهێنێت. پاش چەند ساڵێک ئیبراهیم لە خەودا فەرمانی پێ دەکرێت لە تەنیشت بیری زەمزەم جێیەک بۆ خواپەرستی دروست بکات؛ ئەویش لەگەڵ کوڕەکەیدا بناغەی ئەو ماڵە پیرۆزە دادەنێت کە ئێستا لە مەککەیە و بە کەعبە ناسراوە. کاتێک بەردەکانیان بۆ دروستکردنی ماڵەکە دەبڕی، ئیبراهیم ڕووی کردە خودا و گوتی، "لبیک اللهم لبیک،" هەربۆیە کاتێک حاجییان دەچن بۆ حەج پێکەوە دەڵێن، "لبیک اللهم لبیک."

(٥)

"لبیک اللهم لبیک..."

لە ماوەی پێنج حەجەکەمدا چەندجار گوێم لەو بانگە بووە. ئێستا کە لای زەید و ئەبوسەعیددا لە تەنیشت ئاگرەکەدام، هەست دەکەم گوێم لێیەتی.

چاوەکانم دادەخەم و ئەستێرەکان ون دەبن. قۆڵم دەخەمە سەر ڕوخسارم، بۆیە تەنانەت ڕۆشنایی ئاگرەکەیش بەر پێڵووم ناکەوێت؛ هەموو دەنگەکانی بیابانەکە کپ دەبن و، تەنها گوێم لە دەنگی *لەبەیکی* مێشکی خۆم و گیزە و تەپەتەپی خوێنی گوێچکەمە: دەنگەکە وەکو ئەوەیە شەپۆلێکی دەریا بەر لاشەی کەشتییەک بکەوێت، گیزەگیزەکەیش وەکو هی مەکینە وایە: گوێم لە گیزەی مەکینەکانە و هەست بە لەرزینی کەشتییەکەی ژێرم دەکەم و بۆنی ڕۆنی مەکینەکەیش سەردەکەوێت، هەروەها دەنگی "لبیک اللهم لبیک" لە گوێمدا وەکو ئەوەی سەدان کەس پێکەوە بیڵێنەوە دەرزنگێتەوە، هەروەکو ئەوەی لەو کەشتییەدا بم کە یەکەمجار لە میسرەوە پێی هاتم بۆ حەج؛ شەش

سالّ لەمەوبەر بوو، کاتێک بەسەر ئەو دەریایەدا دەڕۆیشتین کە پێی دەگوترێت سور و کەسیش نازانێت بۆ، سەدان کەس پێکەوە لەبەیکیان دەگوتەوە. تا بە کەنداوی سوێسدا ڕۆیشتین ئاوەکە ڕەساسی بوو، لە لای ڕاستیەوە چیاکانی کیشـــوەری ئەفریقـــا هەبـــوو، لە لای چەپیشـــەوە نـــیمچەدورگەی ســـینا – هەردووکیشیان گرد و تەپۆڵکەی بەردین بوون و سەوزاییان تیادا نەبوو، لەگەڵ پێشکەوتنماندا زیاتر لە یەکدی دوور دەکەوتنەوە و ئیدی لەبری بینین، هەستت بە هەبوونی خاکەکان دەکرد. کاتێکیش لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگدا خزاینە ناو دەریای سورەوە، ئاوەکەی وەکو دەریای سپی شین بوو.

کەشتییەکە تەنها حاجیی تیادا بوو؛ ئەوەندە زۆر بوون کەشتییەکە بە زۆر هەڵیگرتبوون. کۆمپانیای گواستنەوەکە چڵێس بوو زۆرترین کەڵک لە وەرزی کـورتی حەج وەربگرێـت، بـۆیە بەبـێ گوێـدان بە ئاسـوودەیی سەرنشـینەکان، کەشـتییەکەی پـڕ کردبـوو. لەسـەر لێوارەکـان، کابینەکـان، قادرمەکـان، لە ژووورەکـانی نـانخواردنی ئاسـتی یەکەم و دووەم و هەمـوو کـون و قـوژبنێکی کەشتییەکە پڕ بوو لە خەڵک. زۆرینەیان حاجیی میسڕی و ئەفریقای باکووری بـوون. بە خـۆبەکەمگرییەکی مەزنەوە و بە ئامـانجی گەیشـتن بە کەعـبەوە، بەرگەی ئەو سـەختییە زۆرەیـان دەگـرت. ژنـان و پیـاوان و منـداڵان بە سـەختی دانیشتبوون و زۆر بە نـارەحەتی خواردنیـان ئامـادە دەکـرد (کۆمپانیـاکە دابینـی نەکردبـوو)؛ زۆر بە نـارەحەتی هەوڵی بەدەسـتهێنانی ئاویـان لە قتـووی بچووکدا دەدا و هەموو جوڵەیەکیشیان سەختی و ئازار بوو؛ هەموو ڕۆژێک پێنج جار بە سەختی لە دەوری بەلوعەکان کۆدەبوونەوە تا دەستنوێژ بگرن؛ هەروەها بەرگەی بۆنی پیسی عەمباری کەشتییەکەیان دەگرت، کە پێشتر تەنها کا و شتی تری تیـادا بـار دەکـرا: هەرکەسـێک ئەو دیـمەنەی ببینیـایە، هەسـتی بە هێـزی ئیمانـی حاجییەکان دەکرد. ئەوان بە ڕادەیەک لە یادی مەککەدا ڕۆچووبوون، هەستیان بە ئـازار و پەرێشـانییەکەیان نەدەکـرد. تەنهـا باسـی حەجیـان دەکـرد، هەروەهـا

سەبارەت بە دیداری کەعبە دەدوان. زۆرجار ژنەکان پێکەوە گۆرانییان بۆ مەککە دەگوت، پاشان دەیانگوت: "لبیک اللهم لبیک."

لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمدا فیکەی کەشتییەکە لێی دا: ئاماژە بوو بۆ ئەوەی نزیکی ڕابیغ بووینەتەوە، کە بەندەرێکی بچووک بوو لە باکووری جیددە و لەوێ ئەو پیاوانەی لە باکوورەوە دەهاتن جلوبەرگیان لادەبرد و ئیحرامیان دەبەست. ئیحرام لە دوو پارچەی پێکەوەنەدووراوی کەتان یان خوری پێک دێت، یەکێکیان لای کەمەرەوە دەبەسترێت و تا خوار ئەژنۆ دەڕوات، ئەوی تریش لە شان دەئاڵێندرێت و سەر بە دانەپۆشراوی دەمێنێتەوە. مەبەست لەم پۆشاکە، کە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانێکی پێغەمبەر، ئەوەیە لە ماوەی حەجدا ئیهاندارانی وەکو یەک بن و هەستی جیاوازیی نەژاد و ڕەنگ و نەتەوە نەمێنێت، هەروەها دەوڵەمەند و هەژار وەکو یەک بن، تا هەموویان بزانن بران و لە بەردەم خودا و مرۆڤدا یەکسانن. هەرزوو هەمەڕەنگییەکەی سەر کەشتییەکەمان نەما. چیتر تەربوشە سورە تونسییەکانت نەدەبینی، بورنوسی مەغریبی و گەلابیەیە زەقەکانی جوتیارە میسرییەکانیش بە هەمان شێوە: هەموو جێیەکی دەورت بەرگێکی سپیی سادە بوو، بەبێ هیچ جواننکارییەک؛ بەڵام لە ناویدا ئاسوودە بوویت و دەکەوتیتە دۆخی حەجەوە. ئەگەر خانمان ئیحرامیان بپۆشیبایە جەستەیان دەردەکەوت، بۆیە ئەوان بەرگی خۆیانیان لانەبرد؛ بەڵام بەرگی ئەونا هەر یان ڕەش یان سپی بوو – عەبای ڕەشی میسرییەکان و عەبای سپیی ژنانی ئەفریقای باکوور – بۆیە هەمەڕەنگییەکی ئەوتۆیان دروست نەکردبوو.

لە کازیوەی ڕۆژی سێیەمدا کەشتییەکە لە کەناری عەرەبستان لەنگەری گرت. زۆرینەمان ڕاوەستابووین و سەیری ئەو سەرزەمینەمان دەکرد کە وردەوردە لە پشتی تەمی بەرەبەیانەوە دەردەکەوت.

لە هەموو لایەکەوە چوارچێوەی کەشتیی حاجییانی تر دیار بوو، لە نێوان کەشتی و وشکانییشدا ئاوەکە هەندێکجار سەوزی ڕوون و هەندێکجار زەردباو

خۆی دەنواند. لای ڕۆژهەڵاتەوە، شتێکی وەکو گردێکی نزم دەردەکەوت؛ بەڵام کاتێک خۆر لە پشتیەوە بەرز بوویەوە، دەرکەوت گرد نییە و شارۆچکەیەکە لای دەریاکەدا و لە لێوارەکەیەوە بەرز بووەتەوە و ماڵەکانی تا بێت بەرزتر دەبنەوە و لە بەردی ڕەساسیی زەردباو دروست کراون: شاری جیددەی کەناری بەندەر. گەر سەرنج بدەیت، دەتوانیت پەنجەرە هەڵکۆڵراوەکان و نەخشێندراوەکان و بەربەستی تەختەی باڵکۆنییەکان، کە بەهۆی هەوای شێدارەوە سەوزێکی ڕەساسیباو هەڵگەڕاوە، ببینیت. لە ناوەندەوە منارەیەکی سپی و ڕێک بەرز بووەتەوە.

دیسانەوە دەنگی "لبیک اللهم لبیک" بەرز بوویەوە – بانگی پڕچێژی خۆبەدەستەوەدان و خرۆشان کە لە هەناوی سپیپۆشانی سەر ڕاڕەوەکەوە بە ئاڕاستەی زەمینی ئومێدەکانیان بەرز دەبێتەوە.

ئومێدی ئەوان ئومێدی منیش بوو: دیمەنی کەناری عەرەبستان لوتکەی گەڕانێکی چەند ساڵە بوو. لە ئێلسای هاوسەرمم ڕوانی، کە لەو حەجەدا هاوەڵم بوو؛ هەمان هەستم لە چاوەکانی ئەویشدا خوێندەوە.

پاشان لە وشکانییەوە کۆمەڵێک باڵی سپی بەرەوپیریمان هاتن: بەلەمەکانی کەناری عەرەبی. بە خۆیان و چارۆکەکانیانەوە بەسەر دەریا تەختەکەدا دەهاتن و بە نێوان مەرجانە نەبینراوە ئاوییەکەدا ڕێیان دەبڕی؛ ئەو بەلەمانە یەکەم نێردراوی عەرەبستان بوون و ئامادە بوون بمانگرنە خۆیان. نزیکتر و نزیکتر بوونەوە، تا لە کۆتاییدا لای ستوونی جوڵاوی قەراغی کەشتییەوە بە کەشتییەکەوە نووسان، چارۆکەکانیان بە خێرایی یەک لەدوای یەک قەد بوون، هەروەها بە زنجیرەیەک هاوار و قیژە بێدەنگییەکەی پێشتر شکا: هاواری بەلەمەوانەکان بوو، کە لە بەلەمێکەوە بازیان بۆ یەکێکی تر دەدا و بۆ وەرگرتنی جانتای حاجییان پەلاماری پەیژەی کەشتییەکەیان دەدا؛ حاجییەکان هێندە بە دیتنی خاکە پیرۆزەکە شاد بوون، لایان گرنگ نەبوو چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بەلەمەکان قورس و فراوان بوون؛ شل و شاویی ڕواڵەتیان لەگەڵ جوانی و باریکیی کۆڵەکە و چارۆکەکانیاندا یەکیان نەدەگرتەوە. دیارە سیندیباری کۆنە دەریاوان لە بەلەمێکی ئاوادا، یان یەکێکی تۆزێک گەورەتر، سەرکێشییەکانی کردووە و چووەتە دورگەیەک کە دواتر بۆی دەرکەوتووە خاک نییە، بەڵکو پشتی نەهەنگە. هەروەها پێش سندیباد، فینیکییەکان لەم دەریای سورەدا بە بەلەمی ئاوا بەرەو باشوور چوون و بۆ بۆن و بەهارات و گەنجینەکانی ئۆفیر گەڕاون.

ئێمەیش ئێستا وەکو میراتگرانێکی بچووکی ئەو گەشتیارە پاڵەوانانە، دەریا و ڕێ مەرجانییەکانیمان بڕی: حاجییانی سپیپۆش، لە نێوان سندوق و تورەکەکاندا، بە دونیایەک چاوەڕوانییەوە.

منیش لێوانلێو بووم لە چاوەڕوانی. بەڵام کاتێک لە پێشەوەی بەلەمەکە دانیشتبووم و دەستی هاوسەرەکەم لە دەستمدا بوو، چۆن بمزانیبایە ئەو گەشتە سادەیەی حەج بە شێوەیەکی قوڵ و سەرتاسەری ژیانمان دەگۆڕێت؟ دیسانەوە ناچارم بیر لە سندیباد بکەمەوە. کاتێک کەناراوەکانی نیشتیمانەکەی خۆی بەجێ هێشت، ئەویش – وەکو من – نەیدەزانی داهاتوو چی پێیە بۆی. ئەو پێشبینیی ئەو هەموو سەرکێشییە سەیرانەی ڕێگەکەی نەدەکرد و ئارەزوویشی نەدەکرد، بەڵکو تەنها بازرگانی و پارەی دەویست؛ لە کاتێکدا من تەنها دەمویست حەج بکەم: بەڵام کاتێک ئەو ئەوەی بەسەردا هات کە بەسەریدا هات، منیش ئەوەم بەسەردا هات کە بەسەرمدا هات، ئیدی کەسمان نەمانتوانی بە هەمان چاوی ڕابردووەوە سەیری جیهان بکەینەوە.

ڕاستە، ئەو شتە سەیرانەی ڕووبەڕووی دەریاوانە بەسڕەییەکە بوونەوە، هەر لە جن و مەلی زەبەلاحی ڕوخ و پاکیزەکان، نەهاتنە سەر ڕێگەی من: بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، کاریگەریی یەکەم حەجم لەسەر ژیانم لە کاریگەریی هەموو گەشتەکانی ئەو مەزنتر بوو. ئەوەی چاوەڕێی ئێلسای دەکرد مەرگ بوو،

کەسیشمان پێشبینیمان نەدەکرد ئەوەندە نزیک بێت. ئەوەیشی چاوەڕێی منی دەکرد ئەوە بوو دەمزانی ڕۆژئاوام بەجێ هێشتووە تا لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بژیم؛ بەڵام نەمدەزانی تەواوی ڕابردووم بەجێ دەهێڵم. جیهانە کۆنەکەم بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک کۆتایی هات: جیهانی وێنە و هەست و بیرۆکە و کارە ڕۆژئاواییەکان. دەرگایەک بە هێواشی لە دوامەوە دادەخرا، ئەوەندە هێواش هەستم پێ نەدەکرد؛ وامزانی گەشتێکە وەکو هەموو گەشتەکانی تر، کاتێک کەسێک دەچێتە خاکێکی بێگانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی: بەڵام ڕۆژگاری من دەگۆڕا، لەگەڵ گۆڕانی ئەوانیشدا ئاڕاستەی ئارەزووم.

ئەوکات ولاتانێکی زۆری ڕۆژهەڵاتم بینیبوو. ئێران و میسڕم لە هەر ولاتێکی ئەوروپی باشتر دەناسی؛ کابوڵ چیتر بێگانە نەبوو؛ بازاڕەکانی دیمەشق و ئیسفەهانیش ئاشنا بوون. بۆیە کاتێک بە بازاڕی جیددەدا ڕۆیشتم هەستم بە هیچشتێکی تایبەت نەکرد، چونکە دووبارەبوونەوەیەکی بێڕۆحی هەموو ئەوە بوو کە لە شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵات ڕازاوەترن. وەکو پاریزگاریەک بەرانبەر تیشکی سوتێنەری خۆر، بازاڕەکەیان بە پەردە داپۆشیبوو؛ لە کون و کەلەبەرەکانەوە تیشکی ڕامکراوی خۆر دەهاتە ژوور. چێشتخانەی کراوە کە تیایدا کوڕانی ڕەشپێست گۆشتیان لەسەر خەڵووز دەبرژاند؛ قاوەخانەگەلێک کە لە قۆریی مسی پۆڵیشکراودا قاوەیان دەگێڕا و شوێنی دانیشتنەکانیشیان لە پەلکی خورما دروست کردبوو؛ دوکانی بێمانای پڕ لە شتی بێکەڵکی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی. لە هەموو جێیەک گەرما و بۆنی ماسی و تۆزە مەرجانییەکان بەدی دەکرا. هەموو جێگەیەک قەرەباڵغ بوو – حاجییانێکی زۆری سپیپۆش و خەڵکی هەمەڕەنگپۆشی جیددە، کە لە ڕوخسسار و پۆشاک و ڕەفتاریاندا هەموو ولاتانی ئیسلامیت دەبینی: ڕەنگە باوکێکی هندی، بەڵام باوکی دایکەکە – کە خۆی تێکەڵەی مالی و عەرەب بووبێت – هاوسەرگیری لەگەڵ داپیرەیەکدا

کردبێت که له لای باوکیەوە ئۆزبەکی بووبێت و له لای دایکیشیەوە سۆمالێ: شوێنەواری زیندووی سالانێک له حەج و ژینگەیەکی ئیسلامی که جیاوازیی ڕەنگ و نەژاد ناخوێنێتەوە. جیا لەو هەمەڕەنگییە حەجزادەیەوە، لەو ڕۆژانەدا (١٩٢٧) جیددە تاکە جێگەی حیجاز بوو ناموسوڵمان بۆی هەبوو تیایدا بمێنێتەوە. جاروبار نووسراوی دوکانێکت بە ئەوروپی دەبینی و سەرنجی جلوبەرگی ناوچە کەمەرەییەکان و کلاوی دژە خۆر و شەبقەت دەدا؛ لە کۆنسوڵخانەکانیش ئالای ولاتانی بێگانە هەڵدەدرا.

هەموو ئەمانە زیاتر هی دەریا بوون تاکو وشکانی: هی دەنگ و بۆنی بەندەرەکە بوون، مووڵکی کەشتییە لەنگەرگرتووەکان بوون، هی بەلەمە ماسیگرە چارۆکە سێگۆشەییەکان بوون – مووڵکی جیهانێکی هاوشەی دەریای سپی بوون. ماڵەکان بڕێک جیاواز بوون، بەڵام پەنجەرە ڕازێنراوە و هەڵکۆڵراوەکان و باڵکۆنییە داپۆشراوەکان، کە بەربەستی تەختەیی هێندە تەنک بوون ڕێیان بەوەی ژوورەوە دەدا دەرەوە ببینێت بەڵام بە پێچەوانەوە نا، بە ڕووی شنەدا کراوە بوون؛ تەختەکارییەکە وەکو تۆڕێکی سەوزی ڕەساسیباو وابوو بەسەر دیوارێکەوە کە لە بەردی شیلانی کاڵ دروست کرابوو؛ هەم ناسک بوو، هەم هەماهەنگ. ئەمەیان نە بۆنی دەریای سپیی لێ دەهات، نە بۆنی عەرەب؛ ئەمەیان هی جیهانی کەناراویی دەریای سور بوو، کە لە هەردوو لاکەیەوە ئەندازیاریی هاوشێوە هەبوو.

هەرچۆنێک بێت، عەرەبستان لە ئاسمانە ستیلییەکەدا، لە گردە ڕووت و بەردینەکاندا، لە تەپۆڵکە لمینەکانی ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها لەو هەناسەی مەزنی و فراوانییەدا کە بە هەمیشە شێوەیەکی سەیر ئاوێزانی دیمەنی عەرەبین، خۆی دەنواند.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر کاروانەکەمان بەرەو مەککە بەڕێ کەوت و بە نێوانی حاجییان، دەشتەکییەکان، حوشترانی کەژاوەدار و بێکەژاوە و گوێدرێژی

ڕازێندراوەدا تێپەڕین و ڕوومان لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شارەکە بوو. جاروبار ئۆتۆمبێلێک بە لامانداا تێدەپەڕین – ئەوەڵین ئۆتۆمبێلەکانی سعودییە – کە پڕ بوون لە حاجی و هۆڕنیان لێ دەدا. وا دەردەکەوت حوشترەکان هەست بکەن ئەو دڕندە نوێیانە دوژمنی ئەوانن، بۆیە هەرجارێک ئۆتۆمبێلێک دەردەکەوت، حوشترەکان دەچوونە کەنارەوە و شەرمیان دەکرد و بێدەرەتانانە ملیان شۆڕ دەکردەوە. سەردەمێکی نوێ هەڕەشەی لەو ئاژەڵە بەرز و خۆڕاگرانە دەکرد، هەروەها ترسێکی پێشترنەبینراوی پێ ئەزموون دەکردن.

پاش تاوێک دیوارە سپییەکانی شارەکەمان بەجێ هێشت و دیسانەوە خۆمان لە بیاباندا بینییەوە – دەشتێکی فراوانی قاوەیی ڕەساسیباو، تەنها، بێبەش لە سەوزایی مەگەر تۆزقاڵێک گیا و پوشوپەڵاشی دڕکاوی نەبێت، لە نێویدا گردی بچووکی گۆشەگیر، هەروەکو دورگەکانی کەناری دەریا، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تەپۆڵکەی بەرزتر و بەردین شینی ڕەساسیباو، کە دیسان ئەمانیش شوێنەواری ژیانیان لەسەر بەدی نەدەکرا. کاروانە یەک لەدوای یەکەکان – سەدان و هەزاران حوشتر - دەشتەکەیان داپۆشیبوو: ئاژەڵێک لە دووی یەکێکی تر بە یەک ڕیز دەڕۆیشت، هەر ئاژەڵیکیش حاجییەک و تورەکەی لەسەر بوو؛ هەندێکجار لە پشت گردەکانەوە ون دەبوون، پاشان دەردەکەوتنەوە. وردەوردە هەموو ڕێگاکانیان بوو بە یەک ڕێگەی خۆڵ، کە زادەی کاروانەکانی دیکە بوو بە درێژایی چەندین سەدە.

لە بێدەنگیی بیاباندا، کە لە بن پێی حوشترەکاندا تەپیبوو، جاروبار دەنگی سارەبانە دەشتەکییەکان بەرز دەبوویەوە، یان جاروبار گۆرانیچڕینی نزمی حاجییەک لێرە و یەکێک لەوێ بێدەنگییەکەیان دەشکاند، منیش بە هەستێکی سەیر ڕادەچڵەکام – هەستێکی ئەوەندە زاڵ، کە دەکرێت وەکو بینینی دیمەنێک باسی بکەم: خۆمم لەسەر پردێک بینی بەسەر قوواڵییەکی تاریک و نەبینراوا؛ پردێکی هێندە درێژ سەرەتاکەی لە تەمێکی دووردا ون بووبوو، کەچی

کۆتاییەکەی تازە بە تازە دەردەکەوت. لە ناوەڕاستدا بووم: کاتێک خۆمم لە نێوان ئەو دوو سەرە دوورەی پردەکەدا بینی – لە یەکەم دوور بووم و لە دووەمیش نزیک نەبووم - دڵم لە ترساندا سست بووبوو، هەروەها بۆ چەند چرکەیەک وام هەست کرد بۆ هەمیشە لەم نێوانەدا دەمێنمەوە...

... کاتێک ژنێکی میسڕی لەسەر حوشترەکەی بەردەمم هاواری کرد، "لبیک اللهم لبیک،" لە خەونەکەم بێدار بوومەوە.

لە هەموو لایەکەوە گوێت لە قسەکردن و گفتوگۆیە بە چەندین زمانی جیاواز. هەندێکجار حاجییەکان پێکەوە دەڵێت، "لبیک اللهم لبیک،" یان ژنە حاجییەکی میسڕی سرود بەسەر پێغەمبەردا دەڵێت، یەکێکی تریش لەو لاوە هەڵەهەڵە لێ دەدات، کە بریتییە لە دەنگێکی زیکن ژنان لە کاتی شادیدا دەریدەکەن: کاتی هاوسەرگیری، منداڵبوون، خەتەنەکردن، پرۆسە ئایینییەکان و لە ناویشیاندا حەج. لە ڕۆژانی ڕابردووی عەرەبستاندا، کچانی سەرۆکهۆزەکان لەگەڵ پیاواندا بۆ شەڕ دەردەچوون و وەکو هاندان هەلهەڵەیان لێ دەدا (ئەگەر پیاوێک ئەندامێکی مێینەی خانەوادەکەی بکوژرایە وەکو شکانی شکۆ لێکی دەدایەوە، خۆ ئەگەر یەکێکیان بەدیل بگیرایە خراپتر).

زۆرینەی حاجییەکان لە کەژاوەدا بوون – دوو دانە لەسەر حوشترێک – جوڵەی کەژاوەکان گێژی دەکردیت، چونکە بەرز و نزم و لەرینەوەی زۆر بوو. تاوێک بە ماندوویی سەرخەوێکت دەشکاند و دەستبەجێ لەترێک بێداری دەکردیتەوە، دەنوستیت و، بێدار بەدوویتەوە. جاروبار ئەو سارەبانانەی بە پێ لەگەڵ کاروانەکەدا دەڕۆیشتن بانگیان لە حوشترەکان دەکرد، هەروەها جاروبار لەگەڵ هەنگاوی ماندووی حوشترەکاندا گۆرانییان دەچڕی.

بەرەبەیان گەیشتینە بەحرە و کاروانەکە وەستا، چونکە گەرمییەکە ئەوەندە بەهێز بوو تەنها بە شەو گەشت دەکرا.

لادێکه – له ڕاستیدا هیچ نەبوو جگه له چەند کوخ و قاوەخانه و مزگەوتێکی بچووک – شوێنی باوی پشوودانی کاروانەکان بوو له جیددە و مەککەدا. دیمەنەکه هەروەکو ئەوە بوو که لەگەڵ جێهێشتنی کەنارەکه بینیمان: بیابانێک به کۆمەڵێک گردی ڕووتەنی لێرە و لەوێ، زنجیرەچیای شین له ڕۆژهەڵاتەوە که ناوچه کەناریيه نزمەکانیان له تەختایی ناوەڕاستی عەرەبستان جودا دەکردەوە. بەڵام ئێستا چواردەورمان بیابان بوو، ئەوەیش له کەمێکی فراوانی سەربازی دەچوو به دونیایەک خێمه، حوشتر، کەژاوە، تێکەڵاویی چەندین زمان – عەرەبی، هندی، مالایی، فارسی، سۆمالّی، تورکی، پەشتو، ئەمهەرە، هەروەها خودا دەزانێت چەندێکی تریش. ئەوە کۆبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی نەتەوەکان بوو؛ بەڵام هەموان ئیحرامیان پۆشیبوو و جیاوازی لە نێوان ڕەچەڵەکەکاندا هەستی پێ نەدەکرا و نەژادەکان بووبوون به یەک.

حاجییەکان پاش گەشتە درێژەکەی شەو ماندوو بوون، بەڵام کەمێکیان دەیانزانی سوود لەو کاتی پشووە وەربگرن؛ دیار بوو گەشتکردن بۆ زۆرینەیان نائاسایی و دەگمەن بوو، هەروەها زۆرینەیان یەکەم گەشتی ئاوایان بوو – چ گەشتێکیش، بەڕەو چ بەرزەئامانجێکیش! ئەوان بێئۆقرە بوون؛ دانەدەسەکین و دەجوڵان؛ دەستیان بۆ شتێک دەگەڕا ئەنجامی بدەن، تەنانەت ئەگەر کردنەوەو و دەستکاریکردنی جانتاکانیشیان بێت؛ ئەگەر وایان نەکردایە له جیهان ون دەبوون، هەروەها وەکو ئەوەی له دەریادا نوقم ببن، لەو شادییە ئاسمانییەدا نوقم دەبوون...

وا دیار بوو خانەوادەی خێمەکەی تەنیشت من، حاجیگەلێکی بەنگالی، وابووبن. ئەوان قسەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵدا نەکردم، بە چوارمشقی بەرانبەر ڕۆژهەڵات، ئاڕاستەی مەککە، دانیشتن و لەو بیابانە گەرمەیان دەڕوانی. له سیمایاندا ئارامییەکی دوورمەودا بەدی دەکرا: ئەوان هەر لەوێدا له بەردەمی مالّی خودا و له خزمەت خودادا بوون. پیاوەکانیان جوان بوون، باریکەله و پرچی

تا سەر شان و ڕیشی ڕەش. یەکێکیان لەسەر کومبارێک بە نەخۆشی پاڵ کەوتبوو؛ لە تەنیشتیدا دوو خانمی لاو ، بە جلوبەرگی شین و سورەوە، لە لایدا دانیشتبوون و زوڵفیشیان تا سەر پشتیان دەهات؛ لاوترینەکەیان ئەڵقەیەکی باریکی ئاڵتونی لە لوتدا بوو.

دوانیوەڕۆ پیاوە نەخۆشەکە کۆچی دوایی کرد. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆرجار لە ڕۆژگەڵات دەبینرێت، ژنەکان شیوەنیان نەگێڕا، چونکە ئەو پیاوە لە کاتی حەجدا، لەسەر ئەو خاکە پاکە کۆچی دوایی کردبوو، بۆیە مەرگەکەی بەرەکەتدار بوو. پیاوەکان شۆردیان و کفنیان لەبەر کرد. ئینجا یەکێک لەوان لە بەردەم خێمەکەدا ڕاوەستا و بانگی دا: "الله اکبر، الله اکبر، اشهد ان لا اله الا الله... خوا ڕەحمتان پێ بکات نوێژ لەسەر مردووەکە بکەن!" لە هەموو لایەکەوە پیاوانی ئیحرامپۆش کۆبوونەوە و وەکو سەربازانی سوپایەکی مەزن ڕیزیان بەست. کاتێک نوێژەکە تەواو بوو، گۆڕێکیان هەڵکەند، پیاوێکی بەتەمەن چەند ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە، پاشان خۆڵیان بەسەر مردووەکەدا، کە ڕووی کرابوویە قیبلە، کرد.

پێش کازیوەی بەیانیی دووەم دەشتە لمینەکە تەسک بوویەوە، گردەکان لە یەکتری نزیک بوونەوە؛ ئێمە بە تەنگەڵانێکدا تێپەڕین لە ڕۆشنایی کزی کازیوەدا ئەوەڵین بیناکانی مەککەمان بینی؛ پاشان لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا چووینە سەر شەقامەکانی شارە پیرۆزەکە.

شەقامەکانی مەککە لەوانەی جیددە دەچوون، چون پەنجەرەی هەڵکۆڵدراو و دەرپەڕیویان هەبوو؛ بەڵام ئەو بەردانەی پێیان دروست کرابوون قورستر و گەورەتر بوون لە بەردە شیلانە کاڵەکانی جیددە. سەرەتای بەیانی بوو، بەڵام کەشەکە گەرم بوو و تا دەهاتیش گەرمتر دەبوو. شەقامەکان تا دەهات باریکتر دەبوونەوە. حەج چەند ڕۆژێکی مابوو، بۆیە شەقامەکان تا بڵێیت قەرەباڵغ بوون. بێشومار حاجیی سپیپۆش، هەروەها چەندین حاجیی تر کە بە شێوەیەکی کاتی

جلوبەرگی خۆیانیان لەبەر کردبوویەوە – واتە جلوبەرگی وڵاتەکانی خۆیان؛ ئاوفرۆشەکان کوندەی قورسیان هەڵگرتبوو یان دوو قوتووی پترۆڵیان وەکو سەتڵ بەکار دەهێنا؛ گوێدرێژسوارەکان و گوێدرێژەکانت بەدی دەکرد، کە لە ملی دووەمیاندا زەنگ هەبوو و ڕازێندرابوویەوە؛ وەکو کاملەکەری سەرلێشێواوەنەکەیش، کۆمەڵێک حوشتر لە ئاڕاستەی بەرانبەرەوە بە کەژاوەی بەتاڵەوە دەهاتن و دەیانبۆڕاند. شەقامەکان ئەوەندە قەرەباڵغ بوون هەستت نەدەکرد بە درێژایی چەندین سەدە هەموو ساڵێک ئەنجام درابێت، بەڵکو ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوە و خەڵک خۆیان بۆی ئامادە نەکردووە. لە کۆتاییدا، کاروانەکانمان چیتر کاروان نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێک حوشتر و کەژاوە و حاجی و سارەبان و ژاوەژاوی سەربەخۆ بوون.

بڕیار بوو لە جیددە لە ماڵی ڕێنیشاندەرێکی بەناوبانگ بە ناوی حەسەن عەبید بمێنمەوە، بەڵام قورس دیار بوو لەو قەرەبالغییەدا خۆی یان ماڵەکەی بدۆزمەوە. بەڵام لە ناکاو کەسێک هاواری کرد، "حەسەن عەبید! کوان حاجییەکانی حەسەر عەبید؟" ئەوجا هەروەکو جنێک لە بتڵێک دەربچێت، پیاوێکی لاو لە بەردەمماندا قوت بوویەوە و سەری بۆ نوشتاندینەوە و داوای لێ کردین شوێنی بکەوین؛ ئەو لە لایەن حەسەن عەبیدەوە نێردرابوو تا بمانباتەوە بۆ ماڵەکەی.

پاش ئەوەی لە ماڵی ڕێنیشاندەرەکە نانێکی شاهانەی بەیانیمان خوارد، لەگەڵ لاوەکەدا چوومە دەرەوە و بەرەو لای مزگەوتە پیرۆزەکە بەڕێ کەوتم. بەلای شەقامە قەرەباڵغەکان و دوکانی سەربڕینخانەکاندا (قەساب) کە مەڕی پێستەکەندراویان هەڵواسیبوو تێپەڕین؛ بەلای سەوزەفرۆشەکان کە سەوزەکانیان لەسەر حەسیرێک دانابوو؛ لە ناوەندی مێشومەگەز و بۆنی سەوزەکاندا، لە ناوەندی تەپوتۆز و ئارەقکردنەوەدا؛ پاشان بە بازاڕێکی تەسک و سەرگیراو کە تەنها پۆشاکفرۆشان دوکانیان هەبوو: فیستیڤاڵی ڕەنگ.

هەروەکو بازارِەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و ئەفریقای باکوور، دوکانەکانی ئێرەیش تاقێک بوون کە مەترێک بەرز بوو، فرۆشیارەکانیش بە چوارمشقی دادەنیشتن و لە هەر چوار لایانەوە جلوبەرگ و پۆشاک هەبوو، لە سەریشیانەوە ڕیزێک جلوبەرگی نەتەوە موسوڵمانە جیاوازەکان هەبوو.

دیسانەوە، خەڵکی هەموو ڕەگەز و پۆشاک و دەربڕینە جیاوازەکانت بەدی دەکرد، هەندێک بە جامانە و کلاوەوە، هەندێک بە سەری ڕووتەوە؛ هەندێک بە بێدەنگی و سەری نزمکراوەوە دەڕۆیشتن، کە بۆی هەبوو تەسبیحێکیان بە دەستەوە بێت، هەندێکیش بەناو قەرەباڵغییەکەدا ڕایاندەکرد؛ لاشەی ڕِ و قاوەیی سۆماڵییەکان، وەکو مسێک لە نێوان پۆشاکەکانیاندا، کە لە پۆشاکی تۆگا دەچوو، دەدرەوشایەوە؛ عەرەبی ناوچە بەرزەکان، کە لەشباریک و ڕوخساریاریک بوون، هەروەها شانازییان بە نەسەبیانەوە دەکرد؛ ئۆزبەکە پانوپۆڕ و هەیکەلییەکانی بوخارا، کە تەنانەت لەم گەرمایەی مەککەیشدا کەفتانە دوو دیوەکانیان و پێڵاوە درێژە چەرمەکانیان لانەدابوو؛ کچانی جاوەیی سارۆنگپۆش بە ڕوخساری کراوە و چاوی بادەمئاساوە؛ مەغرِیبییەکان، بە خۆیان و هەنگاوە هێواشەکانیان و بورنوسە سپییەکانیانەوە؛ مەککەییەکان بە عەبا سپییەکانیانەوە سەریان بە تەپڵەیەکی بچووکی سپی داپۆشرابوو؛ جوتیارە میسرِییەکان بە ڕوخساری شادەوە؛ هندییە سپیپۆشەکان بە چاوی ڕەشەوە کە لەژێر جامانە ئەستووڕە سپییەکانیانەوە تەماشایان دەکرد، هەروەها ژنانی هندی کە بە جۆرێک خۆیان لە بورقە سپییە ئەستورەکانیان ئاڵاندبوو دەتگوت خێمەن و بە ڕێگادا دەڕۆن؛ ڕەشپێستە فولاتییە گەورەکانی تیمبوکتو و داهۆمی لە ڕۆبی شین و تەپڵەی سوردا؛ ئافرەتە باریکەڵە چینییەکان، هەروەکو پەپوڵەی ڕازێندراوە، بە پێیە بچووکەکانیان، کە دەتگوت پێی ئاسکە، هەنگاوی بچووکیان هەڵدەگرت. هاوار و ژاوەژاو لە هەموو لایەکەوە دەهات، بۆیە هەستت دەکرد لە ناوەندی شەپۆلێکدایت و دەتوانیت لێرە و لەوێ هەندێک وردەکاری

وەربگریت، بەڵام هەرگیز تەواوی وێنەکەت دەست نەدەکەوت. هەمووشتەکان لە ناوەندی زمانە بێشومارەکان و ئاماژەکاندا دەهات و دەچوو – تا لەپڕێکدا خۆمان لە بەردەم یەکێک لە دەروازەکانی حەڕەمدا بینییەوە.

دەروازەیەکی سێ چەماوەیی بوو و بە قادرمەی بەردین بۆی سەردەکەوتیت؛ سوانکەرێکی نیوەڕووتی هندی لە پەنایدا دانیشتبوو و دەستی بۆمان بەرز کردبوویەوە. پاشان بۆ جاری یەکەم لە ژیانمدا ناوەوەی حەڕەمم بینی، کە لە شەقامەکە نزمتر بوو، بۆیە وەکو دەفرێکی قوواڵ خۆی دەنواند: چوارلایەکی گەورە کە لە هەموو لایەکەوە بە دااڵنی پایەداری قەوس دەوری گیراوە، لە ناوەڕاستیشیدا شەشپاڵوویەک هەیە کە بەرزییەکەی چل پێیەکە، بە ڕەش داپۆشراوە و لای بەشی سەرەوەی بە ئاڵتون ئایەتی قورئانی پیرۆز نەخشێندراوە: کەعبە...

ئەوە کەعبە بوو، ئامانجی ملیۆنان کەس بە درێژایی چەندین سەدە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بێشومار حاجی بە درێژایی مێژوو قوربانیی گەورەیان دابوو؛ زۆرێک لە ڕێ مردبوون؛ زۆرێک پاش مەینەتیی زۆر گەیشتبوون؛ بۆ هەموویشیان، ئەم بینا چوارگۆشەیە بەرزترین ئاواتیان بوو، گەیشتین پێی گەیشتن بوو بە ئەوپەڕی شادی و کامەرانی.

ئەوە شەشپاڵوویەکی کاملّ بوو (وەکو لە ناوە عەرەبییەکەیشیەوە دیارە) و بە دێبایەکی ڕەش داپۆشرابوو، دورگەیەکی بێدەنگ بوو لە ناوەندی چوارلا فراوانەکەی مزگەوتەکەدا: بێدەنگتر لە هەر ئەندازیاریەکی تر لە جیهاندا. هەر دەتگوت ئەو کەسەی ئەوەڵین جار کەعبەی بونیاد ناوە – ئاخر پاش ئیبراهیم چەند جارێک بە هەمان شێوە بونیاد نراوەتەوە – ویستوویەتی وێنەی خۆبەکەمگری و زەلیلیی مرۆڤ لە بەردەم خودادا بکێشێت. بونیادنەرەکە زانیویەتی جوانیی هیچ ڕیتمێکی ئەندازەیی و هیچ خەتکێشییەکی کاملّ لە ئاستی بیرۆکەی خودادا نییە: بۆیە پەنای بردووە بۆ سادەترین فۆرمی سێ دووری – شەشپاڵوویەک لە بەرد.

مـزگەوتم لە زۆر وڵاتـی موسـوڵمان بینیـوە کە ئەنـدازیار و هونەرمەنـدە مەزنەکان هونەریان تیادا خوڵقاندووە، مزگەوتەکانی ئەفریقای باکوورم دیوە، کە بینـای سپی و درەوشـاوەی مەڕمەرن؛ قوبەتولسـەخرەی قـودس، کە گـومەزێکی کامـڵ و بەهێـزە و ژێرەکەیشـی بێکێشـییەکی تیـایە، بەم شـێوەیەیش خەونـی قورسـی و بێکێشـی بەبـێ دژیەکـی لە جێیەکـدا کـۆکراونەتەوە؛ هەروەهـا بینـا مەزنەکانی ئیستەنبوڵ، سولەیمانییە، مزگەوتی یەنی، هەروەها مزگەوتی بایەزید؛ هەروەها ئەوانەی بروسـا لە ئەنـادۆڵ؛ هەروەها مزگەوتە سـەفەوییەکانی ئێران – هەمـاهەنگیی شـاهانەی بەردیـن، کاشـیی نەخشـداری هەمەڕەنـگ، مۆزایـک، نەخشی تیژ لە سەرەوەی دەرگا زیوینەکان، منارەی باریک و مەڕمەڕ و باڵکۆنی شـین، حەوشـەی چـوارلای مەڕمەر کە فـوارە و ڕووەکـی پلانتەینیـان تیـادا بـوو؛ هەروەها شـوێنەواری مزگەوتەکانی تەیمورلەنگ لە سەمەرقەند، کە تەنانەت بە وێرانیش هەر شکۆدارن.

هەمـوو ئەوانەم بینیبـوو – بەڵام هەرگیـز وەکـو ئێسـتا کـاریگەر نەبـووم؛ لێم ڕوونە دەسـتەکانی بونیـادنەرەکەی لە گەیشـتن بە بیـرۆکە بـاڵا ئایینییەکەیـدا نزیک بوون. لەوپەڕی سادەیی شەشپاڵوویەکدا، لە ڕەتکردنەوەی ڕەهای هەمـوو جـوانییەکی هێـڵ و فۆرمـدا، ئەم هـزرە بە مـن دەگەیشـت: "ئەگەر دەسـتەکانی مـرۆڤ خۆیـان مانـدوو بـکەن و جـوانترین دەسـتکردیش دروسـت بـکەن، هێشـتا شایستەی خودا نییە؛ بۆیە ئەوەی لە هزری مرۆڤدا سادەترینە، بە جوانترین شێوە شکۆی خودا پیشـان دەدات." ڕەنگە هەستێکی هاوشێوە لە سادەیی ماتماتیکیی هەڕەمەکـانی میسـڕدا بەشـدار بووبێـت – لەگەڵ ئەوەیشـدا شـانازیبەخۆکردنی مرۆڤ لە دووڕییە فراوانەکانی هەڕەمەکاندا جێی خۆی کردووەتەوە. بەڵام لێرە، هەمووشـتێک ئامـاژەیە بـۆ خۆبەدەسـتەوەدان و ملکەچبـوونی مـرۆڤ؛ هەروەهـا تەنانەت خۆبەکەمگریی شکۆمەندی ئەم شەشپاڵووەیش لە جیهاندا هاوتای نییە.

کەعـــبە یەک دەروازەی هەیە – ئەویـــش دەرگـــایەکە لە بـــاکووری

ڕۆژهەڵاتەوەیە و بە زیو داپۆشراوە، بە نزیکەیی حەوت پێیەک لە ئاستی زەوی بەرزترە، بۆیە بۆ جوڵاندنی، لە چەند ڕۆژێکی کەمی ساڵەکەدا، پلیکانەیەکی جوڵاوی تەختە لە بەردەم دەرگاکەدا دادەنرێت. بەشی ناوەوەی، کە زۆرینەی کات داخراوە (ئەوجارە نەمدی، لە جارەکانی دواتردا بینیم)، زۆر سادەیە: زەمینێکی مەڕمەر و چەند فەرشێکی چرایەکی برۆنز و زیو لە سەقفێکەوە، کە بە چەند کاریتەیەکی تەختە ڕاگیر کراوە، شۆڕ کراوەتەوە. لە ڕاستیدا ناوەوە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی نییە، چونکە بەرزی و پیرۆزیی کەعبە لە کۆی بیناکەدایە، کە بریتییە لە قیبلەی هەموو موسوڵمانان. ملیۆنان موسوڵمان ڕۆژانە پێنج جار ڕوو دەکەنە ئەم هێمای تاقانەیی خودایە.

لە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی بیناکە و بە دانەپۆشراوی بەردێکی ڕەش هەیە و چوارچێوەیەکی زیوی هەیە، کە ئەوە بەردە ڕەشەکەیە و حاجییان ماچی دەکەن. ناموسوڵمانان لەم بارەیەوە تووشی هەڵەتێگەیشتنی زۆر بوون، چونکە وا دەزانن ئەوە دانوستان و پاشەکشەی موحەممەد بووە بۆ بتپەرستانی مەککە. ئەو قسەیە تۆزقاڵێک حەقیقەتی تیادا نییە. هەروەکو چۆن کەعبە ناپەرستێت، بەردە ڕەشەکەیش بە هەمان شێوە. بەڵکو وەکو تاکە شوێنەواری بینا ڕەسەنەکەی ئیبراهیم ڕێزی لێ دەگیرێت؛ هەروەها لێوەکانی پێغەمبەر لە حەجی ماڵئاواییدا ماچیان کردووە، بۆیە هەموو حاجییان لەو کاتەوە هەمان کاریان کردووە. پێغەمبەر دەیزانی هەموو شوێنکەوتوانی لە نەوەکانی دواتردا وەکو ئەو دەکەنەوە: هەروەها کاتێک ماچی بەردەکەی کرد، دەیزانی لێوی حاجییانی داهاتوو بەر یادی لێوی ئەو دەکەون، ئەمەیش ئامێزکردنەوەی پێغەمبەرە بۆ هەموو شوێنکەوتوانی، لە دەرەوەی کات و شوێن. کاتێک حاجییان ماچی بەردە ڕەشەکە دەکەن، هەست دەکەن پێغەمبەر و هەموو ئەو باوەڕدارانە دەگرنە ئامێز کە پێشتر لێرە بوون.

هیچ موسوڵمانێک نکوڵیی لە هەبوونی کەعبە پێش پێغەمبەر ناکات؛ لە

ڕاستیدا، بایەخی کەعبە لەوەدایە. پێغەمبەر خۆی بە دانەری ئایینێکی نوێ نەدەزانی. بە پێچەوانەوە: بە گوێرەی قورئان، ملکەچبوون بۆ خودا – ئیسلام – هەر لە کازیوەی مرۆڤایەتییەوە "مەیلی سروشتیی مرۆڤ" بووە؛ ئیبراهیم و موسا و عیسا و پێغەمبەرانی تر خەڵکیان بۆ هەمان پەیام بانگ کردووە – پەیامی قورئان دواهەمین وەحییە. هیچ موسوڵمانێک نکوڵی لەوە ناکات کەعبە پڕ بووە لە بت و پێغەمبەر موحەممەد شکاندونی، هەروەکو چۆن موسا لە سینا گوێرەکە ئاڵتونییەکەی شکاند: چونکە پێش ئەوەی بت بهێنرێتە ناو کەعبەوە، خودای تاقانەی تیادا پەرستراوە، بۆیە هەموو ئەوەی موحەممەد ئەنجامی دا گێڕانەوەی دۆخی سروشتی و ڕاستەقینەی شوێنەکە بوو.

لە بەردەم مزگەوتەکەی ئیبراهیمدا ڕاوەستام و بەبێ بیرکردنەوە (بیرکردنەوە و تێڕامەکان دواتر هاتن) لەو شکۆمەندییەم دەڕوانی، هەروەها لە جێیەکی پەنهان و شاراوەی سینەمدا، چرای ستایشێک یاخود سرودێکی سوپاسگوزاری هەڵکرا.

تەختە سافە مەڕمەڕییەکان زەویەکەی دەوری کەعبەیان داپۆشیبوو، تیشکدانەوەکانی خۆریش لەسەر ئەو مەڕمەڕەکان سەمایان دەکرد، هەروەها ژنان و پیاوانیش لە دەوری ماڵی خودا دەسوڕانەوە. هەندێک لە خەڵکەکە دەگریان، هەندێکیان بە دەنگی بەرز نزایان دەکرد، هەندێکیشیان نەیاندەتوانی فرمێسک بڕێژن و وشەیش لە ئاستی ئەوەی دەروونیاندا نەبوو، بۆیە بەبێ دەنگی و بە ملی کەچەوە هەنگاویان دەنا...

یەکێک لە بەشەکانی حەج ئەوەیە حەوت جار لە دەوری کەعبە بسوڕێیتەوە: تەنها بۆ ئەوە نا ڕێزی خۆت بەرانبەر بەو ماڵە پیرۆزە پیشان بدەیت، بەڵکو تا داواکارییە سەرەکییەکانی ژیانی ئیسلامیت بێتەوە یاد. کەعبە هێمای تاقانەیی خودایە؛ هەروەها جوڵە جەستەییەکانی دەوری دەربڕینێکی هێمایی چالاکیی مرۆڤن، ئاماژەن بۆ ئەوەی تەنها هەست و بیرکردنەوەکانمان نا – تەنها ئەوە نا کە پێی دەگوترێت ژیانی ناوەوە یان دەروونی – بەڵکو دەبێت ڕوالەت و ژیانی

چالاک و کرداره‌کانیشیان هەر لە پێناوی خودادا بن، هەروەها خودا ناوەندیان بێت.

هێواش هێواش هەنگاوم نا و بووم بە بەشێک لەوانەی بە دەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە. جاروبار هەستم بە هەبوونی پیاوێک یان ژنێک لە تەنیشتمەوە دەکرد؛ وێنە گۆشەگیر و دابڕاوەکان لەبەرچاوم دەردەکەوتن و ون دەبوون. ڕەشپێستێکی کەڵەگەتی ئیحرامپۆش بە لامدا تێپەڕی، کە تەسبیحێکی تەختەی لە دەوری مەچەکە ئەستوور و بەهێزەکەی ئالاندبوو. مالاییەکی بەتەمەن تاوێک لە تەنیشتمەوە بوو؛ دەستەکانی بە شێوەیەکی نارێک دەلەرینەوە و بەر سارۆنگەکەی دەکەوتن. چاوێکی ڕەساسی لەژێر چەتری برۆیەکی پڕدا – هی کێ بوون؟ - ئەوە لە قەرەباڵغییەکەدا ون بوو. لەناو ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی لای بەردە ڕەشەکە بوون، ژنێکی لاوی هندی بەدی دەکرا: ئاشکرا بوو نەخۆشە؛ لە ڕوخسارە باریک و نەرمەکەیدا خولیایەکی ڕوون بەدی دەکرا، هێندە ڕوون ئەو کەسەی سەیری دەکرد هەستی پێ دەکرد، هەروەکو چۆن تەماشاکەرێکی ورد جوڵەی ماسییەکانی خوارەوەی گۆمێکی قوواڵ، بەڵام ڕوون، بەدی دەکات.

بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن؛ وردەورده، هەموشتە بچووک و تاڵەکان مانی دڵمیان بەجێ هێشت و بووم بە بەشێک لە جوڵەیەکی بازنەیی – ئەها، ئەمە مانای کرداره‌کەمانە: هۆشیاربوونەوە لەوەی بەشێکی لە خولگەیەک؟ ئەمە کۆتایی سەرلێشێوانەکە بوو؟ خولەکەکان مانایان نەما، کات وەستا، ئەمەیش چەقی گەردوون بوو.

پاش نۆ ڕۆژ، ئێلسا کۆچی دوایی کرد.

پاش حەفتەیەک لەو نەخۆشییەی لە سەرەتادا وا دەردەکەوت هی ڕانەهاتن بێت بە گەرما و خواردنی عەرەبستان، بەڵام دواتر دەرکەوت نەخۆشییەکی ناڕوونی کەمەرەییە و پزیشکە سوورییەکانی نەخۆشخانەکەی مەککە بەرانبەری

دەستەوەستان بوون، کۆچی دوایی کرد. بووم بە ژێر تاریکی و نائومێدییەوە.

لە گۆڕستانە خۆڵەکەی مەککە نێژرا. کێلێک لە لای گۆڕەکەیدا دانرا. نەمویست هیچی لەسەر بنوسرێت؛ بیرکردنەوە لە نووسین وەکو بیرکردنەوە بوو لە داهاتوو: نەمدەتوانی بیر لە داهاتوو بکەمەوە.

ئەحمەد، کوڕە بچووکە دە ساڵانەکەی ئێلسا، سااڵێک لای من مایەوە و پێکەوە بەرەو ناوەوەی عەرەبستان گەشتمان کرد – هاوەڵێکی بزێو بوو. بەڵام پاش ماوەیەک ناچار بووم مااڵواییم لێ بکەم، چونکە خانەوادەکەی دایکی قەناعەتیان پێ کردم دەبێت لە خوێندنگەیەکی ئەوروپا بخوێنێت؛ پاش ڕۆیشتنی ئەو، بێ لە یادەوەری و بەردێک لە گۆڕستانێکی مەککەدا هیچم لە ئێلسا بۆ نەمایەوە؛ ڕاستییەکەی، شتێکی دیکەیشم بۆ مایەوە: تاریکییەک کە بۆ ماوەیەکی درێژ مایەوە و وێڵی نەکردم، بەڵکو پاش ماوەیەکی دوورودرێژ لەوەی خۆم خستە ئامێزی عەرەبستانەوە، سوکناییم بۆ هات.

(٦)

درەنگانی شەوە، بەڵام هێشتا لە دەوری ئاگرەکە دانیشتووین. ئەبوسەعید هێمن بووەتەوە؛ چاوەکانی خەمین و ماندوون؛ باسی نورا دەکات، هەروەکو ئەوەی باسی ئازیزێک بکات دەمێک بێت مردبێت:

"جوان نەبوو، بەڵام خۆشم دەویست..."

مانگ لە سەرمانەوەیە، پڕە هەروەکو مرۆڤێکی کاملّ. سەیر نییە عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی مانگیان بە یەکێک لە "کچانی خودا" دەزانی – لاتی زوڵف پەرێشان، خودای بەرەکەت و منداڵبوون، کە بە حساب هێزە مەتەڵاقییەکانی ژیانی نوێی بۆ زەوی دەگواستەوە، بەم شێوەیەیش ئاژەڵان و مرۆڤەکان وەچەیان دەخستەوە. ژنان و پیاوانی لاوی مەککە و تائیفیی دێرین، بە یادی لاتەوە،

شەوانی مانگی چواردەیان بە ئاهەنگی کراوە و سەرجێیی بێسنوور و شەڕەشیعر بەڕێ دەکرد. مەیی سور لە سوراحییە گڵینەکان و جامە چەرمەکاندا سەمای دەکرد؛ شاعیرانیش سوری و خرۆشانی مەیەکەیان بە خوێنی ژنان دەچواند. ئەم لاوە خرۆشاوە جۆشی خۆی دەکاتە کۆشی لاتەوە، "کە لە جوانیدا وەکو مانگی چواردە وایە، لە شکۆمەندی و جوانکرداریشدا وەکو شاهۆ ڕەشەکان وایە" – خودای مێینەی لاو و دێرین، کە لە باشووری عەرەبستانەوە لە شەقەی باڵی داوە و بەرەو باکوور هەڵفڕیوە، تا لە شکڵی لیتۆدا، واتە دایکی ئەپۆلۆ، گەیشتووە بە یۆنانی دوور.

لە پەرستشی نارووون و شێواوی لات و کۆمەڵێک خوداوەندی ترەوە بۆ چەمکی باڵای خودایەکی تاقانە لە قورئاندا: ئەوە گەشتێکی درێژ بوو بۆ عەرەبەکان. بەڵام هەرچۆن بێت، مرۆڤ هەمیشە حەزی بەوە بووە لە ڕێی ڕۆحدا گەشتی دوور بکات، لەمەیشدا عەرەب لە میلەتانی تر کەمتر نییە: عەرەب بە ڕادەیەک تامەزرۆ بووە، دەتوانین بڵێین هەموو مێژووی عەرەب گەڕانە بۆ باوەڕ.

لەم گەشتەدا، عەرەبەکان هەمیشە چاویان لە موتڵەق بووە. تەنانەت لە سەردەمە کۆنەکانیشدا، کاتێک خەیاڵیان پڕ بووە لە بت و خوداوەند و جن، هەر زانیویانە خودایەکی تاقانە لە سەرووی هەموو خوداکانی ترەوەیە – خاوەندەسەڵاتێکی ڕەها و سەروتێگەیشتن و نەبینراو – و هۆکاری نەمریی هەموو کاریگەرییەکانە. خودای لات و خوشکە خواییەکانی، واتە مەنات و عەزا، لە کچی خودا زیاتر نەبوون و ڕۆڵی نێوەندگیریان لە نێوان خودای باڵا و جیهانی بینراودا هەبوو، واتە هێمای هێزە بەدینەکراوەکانی منداڵێتیی مرۆڤ بوون: بەڵام لە قوواڵایی پاشخانی هزری عەرەبیدا، هەمیشە مەعریفە بە خودای تاقانە هەبوو و ئامادەیی ئەوەی تیادا بوو ببێت بە باوەڕێکی هۆشیارانە. هەر دەبوو وابێت. ئەوان کەسانێک بوون لە نێوان بێدەنگی و تەنهایی ئاسمان سەخت

و زەویی سەختدا گەورە بووبوون؛ ژیانیان لە نێوان بۆشاییە ناکۆتاکاندا سەخت بوو؛ بۆیە هەرچییان بکردایە، هەر ئارەزووی هێزێکیان دەکرد هەموو بوون بە ڕەحمەت و دادگەری و توندی و دادگەری دابڕۆشێت: خودای تاقانە و موتڵەق. ئەو لە ناکۆتادایە – بەڵام مادام تۆ بەشێکی لە دروستکراوەکانی، *لە شادەماری ملت لێتەوە نزیکترە.*

ئاگرەکە کوژابوویەوە. زەید و ئەبوسەعید خەوتبوون، سێ حوشترەکەیشیان لەو نزیکانە لەسەر لمەکە لێی کەوتبوون بە هێواشی کاوێژیان دەکرد و جاروبار دەوەستان. ئاژەڵی چاکن... هەندێکجار یەکێکیان ئەمدیودیوێکی دەگرت و سنگیی گەرمی لە زەوییەکە دەخشاند و وەکو ئەوەی بنالێنێت، دەیبڕاند. ئاژەڵی چاکن. ئەوان دەربڕینێکی ڕوونیان نییە وەکو ئەسپەکان، کە بەردەوام چوارچێوەیان ڕۆشنە، نین؛ بەڵێ، لەو ئاژەڵانەی دیکەیش کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت – هەروەکو چۆن نیشتیمانەکەیشیان، کە بریتییە لە تەختاییەکانی بیابان، لە هەموو دیمەن و بوارەکانی تر جیاوازە: بیابانیش دەربڕینێکی ڕوونی نییە، لە نێوان دژیەکییەکاندا ئەمدیودیو دەکات، مەزاجییە، لەگەڵ ئەوەیشدا تا بڵێیت خۆبەکەمگرە.

ناتوانم بنووم، بۆیە لە کەمپەکە دوور دەکەومەوە و بەسەر یەکێک لە تەپۆڵکە نزیکەکاندا سەردەکەوم. مانگ لە ئاسۆی ڕۆژئاواوە نزم و تەپۆڵکە نزم و بەردینەکان، کە وەکو تارمایی لە هەناوی بیابانە مردووەکەوە دەردەچن، ڕووناک دەکاتەوە. لەوێوە، نزماییە کەناراوییەکانی حیجاز بە شۆڕبوونەوەیەکی نەرم بەرەو ڕۆژئاوا دەخزێت: زنجیرەیەک دۆڵ کە شوێن ڕووبارە وشکبووەکان قاشی کردوون؛ دیمەنەکە خاڵییە لە ژیان و لادێ و مااڵ و درەخت – لەژێر تریفەی مانگدا بە تەواوەتی ڕووتە. کەچی هەر لەم ناوچە بێژیان و گۆشەگیرەوە، لە هەناوی ئەم دۆڵە لمین و گردە ڕوتانەوە، ژیاندۆستترین باوەڕ کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتبێت دەرکەوت...

شـەوەکە گەرمە، هەروەهـا بێـدەنگ. دووری و نیوەڕۆشـنایی گردەکانـت لەبەرچـاو دەلەرێننەوە. لەژێـر تـریفەی مانگـدا، درەوشـانوەیەکی شـین و کـاڵ دەلەرێتەوە، لەم شینایییەیشدا ئاماژە و یادی هەموو ڕەنگەکانی سەر زەوی هەیە؛ بەڵام ئەم شـینایییە نـازەمینییە هەموویـان دەخەوێنێـت، لە ئاسـۆدا دەتـوێتەوە، هەروەها وەکو بانگێک وایە بۆ شتە نەزانراو و سەروو تێگەیشتنەکان.

گەرچی ئێستا لە نێـوانی ئەم گرد و دۆڵە بێژیانانەدا لێمەوە دیار نییە، بەڵام عەرەفـات زۆر لێـرەوە دوور نیـیە: ئەو جێگەیەی حاجییـان بە یـادی دواهەمـین کۆبـوونەوە، ئەو کۆبـوونەوەیەی هەمـوو مرۆڤایەتی لە بەردەمـی بەدیهێنەریاندا دەوەسـتن و وەڵام دەدەنەوە، کـۆدەبنەوە. خـودی خـۆم چەند جار لەوێ بە سـەری تاشـراوەوە، لە نێـوان حـاجییە سپیپۆشـە سەرتاشـراوەکانی سـێ کیشـوەری جیـاوازەوە، ڕاوەسـتاوم و ڕووم کردووەتە چیـای ڕەحمـەت (جبـل الرحمـة)، کە لە دەشـتەکەوە بەرز بـووەتەوە: وەسـتاوە و دوانیـوەڕۆ چـاوەڕێ دەکـات و لە ڕۆژە خـۆلێلانەدراوەکە ڕادەمێنێـت: "پیشـانی بـدەن یـاخود بیشـارنەوە، خـودا لێپرسینەوەتان لەسەری لەگەڵدا دەکات."

کاتێـک لەسـەر تەپۆڵکەکە دەوەستم و سـەیری دەشـتی نەبینـراوی عەرەفـات دەکەم، ئەو دیمەنەی پێشتر بەهۆی تریفەی مانگەوە شینی دەنواند و نیوەمردوو بـوو، ژیـانی بەبەردا دێت، وێنەی هەمـوو ئەو مرۆڤانەی پیایدا تێپەڕیـون لەسـەر پەردەی شـانۆکەی دەردەکەوێـت، هەروەهـا دەنگـی سـەیری ئەو ملیۆنـان ژن و پیـاوەی بـۆ مـاوەی هەزاروسێسـەد سـاڵ نێـوانی عەرەفـات و مەککەیـان تەی کـردووە، دەبێـت بە دەنگـی شـەوەکە. دەنگـی ئەوان، هەنگاوەکانیـان، هەروەهـا دەنگ و هەنگاوی ئاژەڵەکانیان، تازەیە؛ لەبەرچاوی خۆمدا ڕێ دەکەن و سواری دەکەن و کـۆدەبنەوە – حاجییـانی سپیپۆشـی مەودای هەزاروسێسـەد سـاڵ: گـوێم لە دەنگی ڕۆژانی تێپەڕیویانە؛ باڵەکانی ئەو باوەڕەی ئەو هەمووەی پێکەوە لەم خـاکە خـۆڵ و بەردنشـین و مـردووەدا کـۆکردووەتەوە بە گەرمـی دەداتەوە لە

شەقەی باڵ، هەروەها دەمفڕێنێتە ناو ڕێڕەوەکەی خۆیەوە و ڕۆژانی ڕابردووم بۆ ئێستا دەگەڕێنێتەوە، پاشانیش خۆم لە کاتی سوارچاکیکردن بە بیابانەدا دەبینمەوە...

... بە غاردان بەسەر دەشتاییەکەدا، لە نێوانی هەزاران و هەزاران دەشتەکیی ئیحرامپۆشدا، کە لە عەرەفاتەوە بۆ مەککە دەگەڕێینەوە – پارچەیەکی بچووک لە نەڕە و زەمینلەرزاندنی و شەپۆلی حوشترە غاردەرەکان و مرۆڤەکان، کە ئاڵاڵ هەڵدراوەکانیان لە بەردەم بادا وەکو تەپڵی لێدراو وابوو، هەروەها هاوارە هۆزەکییەکانیشیان هەوای دەبڕی: "یا ڕەوگە، یا ڕەوگە!" مەبەستی پیاوانی عەتەیبە لەم هاوارە بەرزکردنەوەی ناوی پێشینی خۆیانە، لە وەڵامیشدا حەربییەکان هاوار دەکەن، "یا عەوف، یا عەوف!" لە قۆڵی ڕاستییشەوە هاواری "شەمەر یا شەمەر" بەرز دەبێتەوە.

دەڕۆین و بگرە بەسەر دەشتەکەدا دەفڕین، بەڵای منیشەوە وا دەردەکەوێت لەگەڵ بادا لە ئاسماندا بین و درابینە دەست شادییەکی بێسنوور... بایەکە لە خۆشیدا هاوار دەکات: " هەرگیز جارێکی تر ناوی بێگانە بە تۆوە نالکێت... تۆ ئیتر لەناو گەل و ماڵی خۆتدایت!"

براکانم لای ڕاستمەوەن، براکانم لای چەپمەوەن، کەسیان ناناسم، بەڵام کەسیشیان بێگانە نین: لە خۆشییە بێسنوورەکەماندا، هەموومان یەک جەستەین بۆ ئامانجێک تێدەکۆشین. زەوی لە بەردەمماندا فراوانە، دڵیشمان بەو ئاگرە دەگرێت کە لە سینەی یارانی پێغەمبەردا دەسوتا. براکانی ڕاست و چەپم دەزانن ئەوەمان نەکردووە کە چاوەڕێیان لێ دەکرات ئەنجامی بدەین، هەروەها بە تێپەڕینی سەدەکان بچووک بوونەتەوە: بەڵام هێشتایش پەیانی بەدیهاتن و بەئامانجگەیشتنمان لێ نەسەندراوەتەوە...

یەکێک لە قەرەبالّغییەکەوە لەبەر هاوارێکی ئیمانی واز لە هاواری هۆزەکی

دەهێنێت: "ئێمە براگەلێکین ملکەچی خودا بووین!" یەکێکی تر دەچێتە ڕیزەوە: "الله اکبر، الله اکبر، الله اکبر."

هەموو هۆزەکان دەچنە ڕیزەوە. ئەوان چیتر دەشتەکییەکی نەجدی نین لە شانازیی هۆزدا بتلێنەوە: ئەوان پیاوانێکن دەزانن ڕازی خودا چاوەڕێیانە... چاوەڕێیانە... لە ناوەندی جوڵەی هەزاران حوشتر و فڕینی هەزاران ئاڵاوە، هاوارەکانیان دەبێت بە بانگی سەرکەوتن: "الله اکبر!"

هاواری "الله اکبر" بەسەر سەری هەزاران سوارچاکدا دەفڕێت، بەسەر دەشتە فراوانەکەدا، تا بە هەموو جیهان بگرێت: "الله اکبر." ئەم پیاوانە ژیانە بچووک و سنووردارەکەی خۆیانیان تێپەڕاند، ئێستا ئیدی ئیمان هەنگاویان بەرەو ئاسۆگەلێکی تەینەکراو پێ دەنێت... چیتر ئارەزوو بچووک و شاراوە نییە؛ بەڵکو بێداریی دۆزیوەتەوە، خۆرهەڵاتی بەدیهاتن و قایلبوونی دۆزیوەتەوە. لەم بەدیهاتنی ئارەزووەدا، مرۆڤ بە بەرەکتی خوداوە هەنگاو دەنێت؛ بەڵکو ڕێکردنی شادییە، مەعریفەی ئازادییە، جیهانەکەیشی سنووری نییە.

بۆنی لاشەی حوشترەکان، هەناسەبڕکێکانیان، قرخە و لرخەکانیان، جوڵەی بروسکەئاسای پێیەکانیان؛ هاواری پیاوەکان، دەنگی بەرکەوتنی قۆناغی تفەنگەکان و زینەکان، تۆز و ئارەق و ڕوخسارە شاد و خرۆشاوەکانی دەوروبەرم؛ هەروەها، هێمنییەکی لەناکاو و شاد لە ناخی منداا.

ڕوو وەردەگێڕم و لە پشتی خۆمەوە شەپۆلدانی هەزاران سوارچاکی سپیپۆش دەبینم، لە پشتی ئەوانیشەوە ئەو پردەی کە تاوێک لەمەوبەر تەیم کرد: کۆتاییەکەی لە پشتمەوەیە، سەرەتاکەیشی لە تەمی دووریدا ون بووە.

ناوەرۆک

پێشەکی وەرگێڕ..... ٥

بەسەرهاتی بەسەرهاتێک..... ٧

01تینوێتی..... ١٩

02سەرەتای ڕێگەکە..... ٦٥

03 بـا ١٠٥

04 دەنگەکان..... ١٤٩

05 ڕۆح و جەستە..... ١٩٣

06 خەونەکان ٢٢٩

07 نیوەڕێ..... ٢٥٧

08 جنەکان..... ٣٠٥

09 نامەیەکی فارسی..... ٣٤٥

10 دەجال..... ٣٨٧

11 جیهاد ٤٢٧

12 کۆتایی ڕێگەکە ٤٧١

ناوەڕۆک ٥١١

MUHAMMAD ASAD

THE ROAD TO MECCA



ئەم کتێبەی بەردەستت گەشتێکی مەعنەوی و هزریی تاقانەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانێکی دەوڵەمەند و بیرێکی تیژە. لەم کتێبەدا، موحەممەد ئەسەد (لیۆپۆڵد ڤایس) وردو درشتی گەشتە مەعنەوی و هزرییەکەی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگێڕێتەوە، ئەو گەشتەی دوو ڕەهەندی کۆ کردووەتەوە کە بە دەگمەن لە گەشتنامەکاندا کۆ دەبنەوە: سەرکێشی و قوواڵبوونەوەی هزری. زۆرێک لە گەشتنامەکان پڕن لە سەرکێشی، لە خاڵێکی سەلامەتەوە دەست پێ دەکەن، بەڵام وردەوردە پاڵەوانەکە بە ئەژدیهاکان و دڕندەکان ئاشنا دەبێت و ناچارە بەسەر کۆسپە سەختەکاندا زاڵ ببێت.

گەشتنامەکەی موحەممەد ئەسەد بە شێوەیەکی پڕ هەردوو ڕەهەندەکە لەخۆ دەگرێت. پڕە لە قوواڵبوونەوەی هزری و مەعنەوی، هەر دەبێت وایش بێت، چونکە ئەو بە هزرە دیارەکانی سەردەمی خۆی ئاشنا بووە.

ئەم ئاوێتەبوونە دەگمەنە، شانبەشانی گێڕانەوە ئەدەبییەکەی ئەسەد، ئەم کتێبە لە گەشتنامەکانی تر جیا دەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، ئەوەی ڕێگەی مەککەی موحەممەد ئەسەد دەکات بە ڕێگەی مەککە هیچ یەکێک لەمانە نییە، بەڵکو ئیمان و گەڕانی بیرمەندێکە بۆ ئیمان، ئیمانێک کە هەم دڵ پڕ بکات، هەم هزر.

نرخی 12.000 دینار
9 789922 748269

نوسینگەی تەفسیر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری لەنیشت منارەی چوارچرا
+964 750 818 08 65
/TafseerOffice
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@gmail.com